# لەودیو
# شەپۆڵی ڕەشەباکانەوە

PDF4Kurd

# لەودیو
# شەپۆڵی رەشەباکانەوە

**ئیبراهیم مەلازادە**

دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی

## ● لەودیو شەپۆلی ڕەشەباکانەوە


- **نووسینی:** ئیبراهیم مەلازادە
- **بابەت:** ڕۆمان
- **نەخشەسازی ناوەوە:** گۆران جەمال ڕواندزی
- **بەرگ:** ئاسۆ مامزادە
- **چاپ:** یەکەم ٢٠٠٩
- **ژمارەی سپاردن:** ٩١٨
- **نرخ:** ٤٠٠٠
- **تیراژ:** ١٠٠٠ دانە
- **چاپخانە:** چاپخانەی خانی (دهۆک)

**زنجیرەی کتێب (٤٠٤)**


**هەموو مافێکی بۆ دەزگای موکریانی پارێزراوە**

ماڵپەڕ: www.mukiryani.com
ئیمەیل: info@mukiryani.com



**پێشکەشە:**

**به هەموو ئەوانەی لەخۆبووردوانە و بێبەرامبەر کار لەسەر کێسی جینوساید بەشێوەیەکی گشتی و جینوسایدی گەلی کورد بەتایبەتی، دەکەن.**

## سوپاس و پێزانین

گومان لەوەدا نابینم کە هیچ کەسێک بەتەنیا و بێ پشتیوانی کەسانی دەوروبەری ناتوانێت کارەکانی بەرێکوپێکی ئەنجام بدات، ئەگەر ئەنجامیشیان بدات بێ کەم و کوڕی نابن. تا توانیبێتم هەوڵم داوە ئەو بەرهەمە بێ کەم و کوڕی بکەوێتە بەردەستی خوێنەرانی هێژا. یەکێکیش لەوانەی کە بەردەوام و بەدرێژایی سەرقاڵیم بەنووسینی ئەو ڕۆمانە، لەپشتم وەستاوە و هانی داوم، هاوسەرەکەم بووە.

وێڕای ئەو، لێرەدا سوپاسی بێ پایانم بۆ هاوڕێی ئازیزم کاک ئیحسان وەڵزی/ مافپەروەر و نووسەر، کە ئەرکی پێداچوونەوەی زمانەوانی گرتە ئەستۆی خۆی. هەروەها سوپاس بۆ نوسەر و ڕەخنەگر مامۆستا عەتا قەرەداخی بۆ پێداچوونەوەی ڕۆمانەکە لەڕووی داڕشتن و ناوەڕۆکەوە. سوپاسی زۆرم بۆ هاوڕێی ئازیزم کاک ئومێد قەرەداغی نووسەر و ڕۆژنامەنووس، برای ئازیزم کاک هێمن مەلازادەی ڕۆژنامەنووس و مامۆستا عەبولڕەحمان خدر، کە کەم تا زۆرێک بۆ دۆزینەوەی چاپخانە و مشوری چاپکردن ماندووبوونیان کێشاوە. سوپاس و پێزانینم بۆ برای ئازیزم کاک موسڵیح ئێروانی نووسەر و لێکۆڵەر کە بۆدواجار ڕۆمانەکەی گەیاندە دەزگای موکریانی بەمەبەستی چاپکردنی.

لە کۆتاییدا سوپاس و پێزانینی زۆرم بۆ دەزگای موکریانی کە دوای پێداچوونەوەی ڕۆمانەکە بڕیاریاندا ئەرکی چاپکردنی بگرنە ئەستۆی خۆیان.

سوپاس بۆ هەموو ئەو بەڕێزانە و هەموو ئەوانەش کە کەم تا زۆر هاوکارم بوون و ئومێدی بەختەوەری هەمیشەییان بۆ دەخوازم.

خوێنەرانی ئازیزیش لەڕێی ئەو ئیمایلەوە دەتوانن بە ڕەخنە و تێبینییەکانیان دەوڵەمەندمان بکەن: bmalazada@gmail.com

ئیبراهیم مەلازادە

٤ ی گوڵانی ٢٧٠٩ بەرامبەر ٢٤ی ئەپریلی ٢٠٠٩

## بەشی یەکەم

دوای زنجیرە شەڕێکی سەخت و دژوار، لەمێژنەبوو شارۆچکەی ئاگری پیرۆز ئارام ببووەوە. ئەو شەوەی بەسەر بارەگاکانی بیابانییە داگیرکەرەکاندا درا شەوێکی بێوێنە بوو. یەکەمجار بوو داگیرکەران لەو شارۆچکەیە زەرەوزیانێکی هێندە سەخت بدەن، سەدان کوژراو، دەیان دیلی پلەدار و سەربازی ئاسایی، دەستبەسەرداگرتنی سەدان پارچە چەکی سووک و قورس. یەکەمجاریش بوو دوای ئەو رووداوە هێندە هێز لەو دەڤەرە کۆبکەنەوە. هێزەکان بە سەرباز و میلیشیاکانەوە وەکو مۆرانە بەسەر دۆڵ و بەرزاییەکاندا بڵاوەبوونەوە. لە رەفتارکردنیشیاندا لەگەڵ دانیشتوانی ئاگری پیرۆزدا بێ ڕێزییان بە هەموو کەسێک دەکرد. بە هەموو شێوەیەک خەڵکیان ریسوا دەکرد بۆ ئەوەی دەستبەرداری داخوازییەکانیان بن. هەموو ڕێگایەکیان دەگرتە بەر بۆ وەدەستهێنانی زانیاری، مەبەستیان بوو خەڵک نەک هەر لە سەنگەردا بەڵکو لە ناو ماڵ و مزگەوت و دێر و ئاتەشگا و تەنانەت لە ناخیشیاندا دووچاری بەزین بکەن. هەر زوو بڕیاریاندا ناوی ئاگری پیرۆز بگۆڕن، بەڵام دوای هەڵواسینی ناوە نوێیەکە لە دەروازەی شار، بە شەو کۆمەڵە لاوێکی شار بە نهێنی خۆیان گەیاندە تابلۆی ناوە نوێیەکە و هەڵیان تەکاند و فڕێیان دایە دۆڵی گڵاوان. ئینجا بڕیارێکیان دەرکرد بە گۆڕینی ناوی دۆڵی گڵاوان بۆ دۆڵی شەهیدان. بڕیاریشیان دا ئەوەی چیتر بڵێ دۆڵی گڵاوان رووبەڕووی پرسی یاسایی و گیران و ئازار و ئەشکەنجە ببێتەوە. بەڵام هەر دوای بڕیارەکە، شەوێک چوون بە گەورەیی لەسەر پانتایی شاخێکی دۆڵەکە نووسییان "دۆڵی گڵاوان". دوای ئەوە خەڵکیان ناچار کرد لەسەر دووکان و ماڵەکانیان ئاڵای بیابانییەکان هەڵدەن، عەبەی سەلجوقی بە هاوکاری تاقمێکی چەکدار دووکان بە دووکان و ماڵ بە ماڵ دەگەڕا، ناچار بوون خەڵکێکی زۆر بگرن و ئەشکەنجەیان بدەن، بڕیارەکەشیان هەر بۆ نەچووە سەر.



ئاگری پیرۆز یەکێکە لە شارۆچکە کۆنەکانی دەڤەری چیا، مێژووی دروستبوونی دەگەڕێتەوە بۆ سەدان ساڵ بەر لە لەدایکبوونی کریستۆس. ئێستاش لەو شارۆچکەیەدا بە سەدان و بە هەزاران پارچە کوپ و سەرەڕم و کۆنەدیوار و تونێلی بچووک و تاریک و شوێنەواری هەمە جۆر دەدۆزرێنەوە. لە کۆمەڵێک وێنە و هێمای هەمەجۆری سەر کوپەکان دەردەکەوێت کە دانیشتوانی ئاگری پیرۆز هەمیشە هەر شانازییان بە چیاوە کردووە، لە یەکێک لە تابلۆیەکان پاڵەوانێکی ئاگری پیرۆز بەر لەوەی بچێ بۆ جەنگ لە قەدپاڵی چیای دایاندا بەرامبەر شاخێک وەستاوە و ماچی دەکات، لە تابلۆیەکی تریشدا لە کاتی گەڕانەوەی لە جەنگ و بەدەستهێنانی سەرکەوتن لە هەمان شوێن بۆ چیای دایان چەماوەتەوە. ئاگری پیرۆز کەوتبووە نێوەندێکی شاخاوی زۆر سەخت و حاسێ، رووباری سەمای روونی پانوبۆڕ ناوەندی شارەدێی لەت دەکرد و لە کۆتایی شارۆچکەی ئاگری پیرۆزدا بەرەو لای باکوور رووبارەکە جەمسەری دەسووڕاندەوە و غلۆردەبووەوە خەرەندی هەزار بەهەزاری دامێنی ئاگری پیرۆز، لە هەردوولای رووبارەکەدا ریزە دووکان و بازاڕگای هەمەجۆر هەردوو دیوی دەڕازاندنەوە، پردی شاهانی گەورە و دوور و درێژ هەردوو دیوی ئاگری پیرۆزی بەیەکەوە دەبەستنەوە، ئەو پردەی کە تاکە پارچە دارێکیشی تێدا بەکار نەهێنرابوو، هەمووی هەر لە بەردی گەورە دروستکرابوو بە شێوەی چەماوەیەکی پڕ لە شکۆ. کۆتایی بەشی باشووری پردی شاهان راستەوخۆ لە بەردەم دەرگای مەزاری تەمەن دوو هەزار ساڵەی پیری چیاداد کۆتایی دەهات و کۆمەڵە داربییەکی بڵند و پانوپۆڕ بەسەر شانوباڵی گوومبەتەکەی پیری چیاداددا شۆڕببووبوونەوە، سامێکی زۆری بۆ شوێنەوارەکە دروستکردبوو، شوورەیەکی بەرز دەوری مەزارەکەی گرتبوو، قوتابخانەی دایانیش پشتی دابووە مەزارگەکە و رۆژانە بە سەدان فێرخواز روویان لەو قوتابخانەیە دەکرد. خەڵکی ئاگری پیرۆز هەموو رۆژانی یەکەمی بەهار سەرە بەرانی گەورەیان بۆ پیری چیاداد سەردەبڕی و لە بەردەم مەزارگەکەی ئەو و لێوارەکانی رووباری پانوبۆڕی سەمادا شایی و ئاهەنگیان دەگێڕا. دوو پردی بچووکی تریش لە سەرەتای شار و لە کۆتایی شاردا

ديمەنەکانیان جوانتر و ئاسانتر دەکردن بۆ ئاگری پیرۆز، خانووەکان پاڵیاندابووە یەکتر و ریز بەڕیزیش پشتی یەکتریان گرتبوو، یەک لەسەر ئەوی دی شێوە تابلۆیەکی ئەفسووناوییان دروست کردبوو، دیوێکی وەها پاڵی دابووە چیای دایان و خۆی پێوە گرساندبوو دەتگوت خوێن و گۆشتن تێکەڵبوون. دیوەکەی تریشی پانتاییەکی بڵندونەوی و زوورگاوی چڕ و تەندراو بوو بە سنۆبەر و دار چنار و داربەڕوو و درەختی تری هەمەچەشن، خانووەکانیش شێوەی خانووی گەورە و لەیەک دوور دروستکرابوون، زۆرێک لە دەوڵەمەند و پارەدارانی شارەکە لەو دیوەی شاردا دەژیان، چونکە زۆربەیان باخچەی گەورەیان هەبوو داری بەر و میوەجاتی هەمەجۆری تیادابوو وێڕای دار گوێزی گەورە و دار هەرمێ و دار ئەسپینداری گەورە و دارەبەن و داربەڕوو، ئەو دارانە هێندە بەرز و پان و بۆڕ بوون خانووەکان زۆربەیان لە دیوەکەی تردا لەبەر پان و بۆڕی داروبار نەدەبینران، قووڵاییەکەی ئاگری پیرۆز تا هەزار مەترێک درێژدەبووەوە، تا کۆتایی دەهات بە خەرەندێکی هەزار بە هەزاری. جەمسەری رۆژئاوای باشووری دەروازەیەکی رازاوەی بەرتەنگ بوو، بەسەر دەشتایی شارەکانی تری دەڤەری چیادا دەیڕوانی. جەمسەری رۆژهەڵاتی باکووریشی بەرەو قوڵایی دایاندا درێژ دەبووەوە و تەنها بە چیا کۆتایی دەهات، ئەو جەمسەرە رێگایەکی هێندە سەخت و دژواری لێ دەبووەوە هەر غەریبەیەک بەوێدا رەت بووبا ئەگەر چاوساغێکی لەگەڵدا نەبوایە بێگومان دەفەوتا و تەنانەت درندە و کێوییەکانی دایان لێکوپێکیان دەردەهێنا، دەیانگوت رێگا و دەروازەکانی ئاگری پیرۆز هەمیشە دوژمن و دۆستی دەناسێ و هەر لە دوورەوە بۆنیان بکردبا کەسێک بە مەبەستی خراپ بە یەکێک لەو دەروازانەدا تێپەڕ دەبێ، دووچاری سەرەدەردییەک دەهات، هەرهیچ نەبوایە درندەکانی ئەو دەروازە سەختانە دەربازیان نەدەکرد، خەڵکی ئاگری پیرۆز ئاوێتەی دەروازەکانی ئەو سروشتە ببوون و عەشقیان بە هەزاران پێ رووچووبووە ناخی دایان و زنجیرە چیاکانی ئەو دەڤەرە. سەختی چیای دایان و دارستانە پان و بۆڕەکانی دەڤەری ئاگری پیرۆز سەدان و هەزاران چیرۆکی هەمەجۆریان ئەفراندبوو و شەوانی بەرئاگردان خەڵکی لەو چیرۆکانە تێر



نەدەبوون، تا درەنگی شەوان دەمانەوە و هەر یەکێک لەوانە سەربردەکانی خۆیان لەگەڵ ئاژەڵە درندەکانی ئاگری پیرۆزدا دەگێڕانەوە. باسیان لە شتە نادیار و سەیروسەمەرەکانی ئەو دەڤەرە دەکرد. زۆرجار دەیان چیرۆکیان لەسەر قەبرستانی گەورەی ئاگری پیرۆز دەگێڕانەوە. دۆڵی گڵاوانیش هەمیشە ناوی دەهاتە ناو سەربردەکان.

یەکەم جار، سێزدە ساڵ بەر لە ئێستا کە بیابانییەکان هاتنەوە، رۆژێکی زۆر ماتەمین بوو، چیاییەکان شەڕێکی زۆریان کرد، بەرگرییەکی بێوێنەیان پیشان دا. لە دەروازەی رۆژئاوای باشوور، لە تاکەڕێی دەروازەی ئاگری پیرۆزدا کە بە دەیان کۆسپ و دەروازەی لێدەبوونەوە هێرشیان هێنابوو، تەنها لەو تاکەڕێیەدا بیابانییەکان دەیانتوانی زەفەر بە بەرگریکاران ببەن. تانک و تۆپ و زرێپۆش بێجگە لەو رێیە رێیەکی تریان گومان نەدەبرد. سی و هەشت ساڵ لەمەوبەر سەدان سەربازیان لێکوژرابوو تا توانیبوویان رێگایەکە وا لێبکەن ماشێن و زرێپۆش بتوانن پێیدا سەر بکەون. سەربازە بیابانییەکانیش بە پیادەڕێدا نەیاندەتوانی بێنە پێشەوە. دوای ئەوەی دانوستاندن سەری نەگرت بیابانییەکان بۆ ماوەی یەک هەفتە بە زرێپۆش و تانک و تۆپ ئەو دەڤەرەیان کوتا، بست بە بست، پێ بە پێ دەیان سووتاند و بەسەر یەکتریدا خاپووریان دەکرد و دەیان روخاند، هەرچی زیندەوەر و گیانلەبەری ئەو شوێنە هەبوو بێ سێ و دوو پانووپرووچ دەبوونەوە و هەپرون بە هەپرون دەبوون. ئەو سەنگەرەی پاڵەوان دێوانە شارناسی تێدابوو، هێمای شانازی و گەورەیی بوو بۆ هەموو دانیشتوانی دەڤەری چیا، هەموو چیاییەکان شانازییان پێوە دەکرد و ئومێدی ساغی و سەلامەتییان بۆ دێوانە دەخواست. دێوانە پیاوێکی باڵابەرزی دەموچاو پانی چوارشانە بوو، زۆربەی خەڵک نەیاندەزانی دێوانە خەڵکی کوێیە و ماڵی لە کوێیە. لە ژیانیدا ژنی نەهێنابوو، لەگەڵ هیچ ژنێکیشا دڵداری و هاوسۆزی گرێنەدابوو، زۆریش رقی لە باسوخواسی ژن هێنان بوو. نەک لەبەر ئەوەی ژن بەکەم بزانێ بەڵکو پێیوابوو ئەوان چارەنووسیان لە مەترسی دایە و پێویستە فریای خۆیان بکەون، ئەو باسە بەلای ئەو، جەنگاوەر بێغیرەت و دڕدۆنگ دەکات. سەری زمان و بنی زمانی دێوانە شارناس، پیری چیاداد بوو، ئەو

پیاوچاکەی ناوی بە ئاگری پیرۆزەوە لکابوو و بە مەزارگە دڵفرێنەکەشی ناوەندی ئاگری پیرۆزی شکۆدار دەکرد و سەدان چیرۆک و سەربردەی پشت بە پشت و وەچە لە دوای وەچە لێ دەگێڕدرانەوە، هەندێک دەیانگوت قوتابی و هەڤاڵ و هاوڕێی یەکێک لە پەیامبەرەکانی دەڤەری چیا بووە، هەندێکیش دەیانگوت هەر خۆی پەیامبەر بووە و هەڵگری حیکمەت و وشەی پیرۆزی ئاهورا بووە. هەندێکی تریش دەیانگوت ئەو هێمای حیکمەت و سێبەری ئاهورایە لە دەڤەری چیا و تا هەتایە پشتیوان و هانای لێقەوماوانە لە چۆڵ و ساتە ناخۆشەکاندا. فەلسەفەی دێوانە شاڕناس هەر لە زوهدی سۆفییە بەناوبانگەکانی زوو دەچوو، هێندە لە دیوەخانی زانا و پیاوماقوڵاندا گوێگری کردبوو زۆر شت فێر بووبوو، قسەی فەیلەسووفە بە ناوبانگەکانی دەزانین و دەیگوتنەوە، زۆرجار نموونەی هەمەجۆری بە وتەکانی پیری چیاداد و شیعرە پڕ لە حیکمەتەکانی پیر مەحوی و باباتاهیر و ئاغای خەیام دەهێنانەوە. بەڵام ئەو سۆفیش نەبوو، ئەو خۆی بە زاهیدێکی شۆڕشگێڕی چیایی دادەنا و بە شورەیی دەزانی بێگانە بێتە سەر چیاکان و ڕۆڵەکانیشی خەریکی ماڵدانان و هاوسەرگیری بن. ئەو خاوەنی بیروبۆچوونێکی ڕێزپەڕ بوو، بیروبۆچوونێکی ڕێزپەڕ لە هزر و بیری خەڵک، چونکە ئەو زۆر لە پێش خەڵک بوو، بۆیە کەس لەگەڵ بیروبۆچوونی ئەودا کۆک نەبوو، لەگەڵ ئەوەش هەموو کەس ڕێزیان لە بیروبۆچوونەکانی دەگرت و لێی تورە نەدەبوون. دێوانە لە کاتی ئاشتیدا دانا و هێمن و ئارام بوو، لە پێشنیارەکانیدا دووربین و وڵاتپارێز و بە ئاگا بوو، هەرگیز دوژمنان نەیاندەتوانی فێڵی لێبکەن، هەرگیز بە ڕوویاندا پێنەدەکەنی، ئەو دەیگوت:

– دوژمن دوژمنە نابێ بەڕوویدا پێبکەنین و لەگەڵیان دابنیشین قوزەڵقورت نۆش بکەین، جەنگاوەرانیش لەگەڵ سەربازانی داگیرکەر لە بەرەکاندا ڕووبەڕوو بن، دەبێ کەرامەتمان هەبێ و بە ئەقڵی جەنگاوەرانمان پێنەکەنین، تا ئەو کاتەی دوژمن دان بە هەموو تاوانەکانی خۆیدا دەنێت و وڵاتمان بەجێدێڵێ، ئەوساش دەبێ هەر وریابین تا دوایی پەیمانی ئاشتییان لەگەڵدا گرێ دەدەین.



بەڵام لە کاتی شەڕدا ڕق ئەستوور و تورە و زمانی زۆر زبر بوو، ئەگەر جنێوی نەدابان دڵی دانەدەکاسا و وای دەزانی شەڕی نەکردووە، جارێکیان هەندێک لە هاوەڵانی لەبەر هەندێک جنێوی خراپ لێی سڵەمیبوونەوە و گوتبوویان ئەگەر واز لەو جنێوانە نەهێنێت ئێمە ڕازی نابین. ئەو گوتبووی:

– کوڕم بۆ هەر کوێ نەچوون بڕۆن. دێوانە لە شەڕدا فرچکی بە جنێودان گرتووە، دێوانە لە کاتی ئارامیدا زۆر پیاوە، ڕووگەی جنێودان نازانێ لە کوێیە، چونکە لە دوژمن دوورە، هەست بە نزیکییان ناکا، لە کاتی ئارامیشدا جنێودان پیشەی بێدەسەڵاتانە. بەڵام کە نزیکدەکەونەوە، شەڕ دەستپێدەکات و نەڕەی شێران جەرگی دوژمنان دەهەژێنێ، چۆن گوللەکانم دوژمنان هەڵدەپاچن، زمانیشم ڕووتیان دەکاتەوە، هەر خۆیان نا مێژووەکەشیان، سەرکردەکانیشیان، کە پڕ بە دڵم لەگەڵ ژنی سەرکردەکانیان یەکلا دەبمەوە، دڵم دادەکەوێ، ئەوان هەزاران ژن و کچی ئێمەیان بە کەنیزەک بردووە، بۆیە بێغیرەتییە ئەگەر جوێن نەدەین، جوێنی من هی بێدەسەڵاتان نییە، چونکە من تەنها لە لوتکەی دەسەڵاتمدا جوێن دەدەم، تەنها کە چەکم لە دەستدا دەبێ، کە لە گەرمەی ڕووبەڕووبوونەوەدا دەبم، تەنها لە شەڕ.

پاڵەوانییەتی دێوانە شاڕناس دۆست و دوژمن شایەدی بۆ دەدا. بەتەنیا بەرامبەر یەک لەشکری بیابانییەکان دەوەستا. ڕازیش نەدەبوو کەسێک لە پەنا و دەوروبەریەوە بێ، پێیوابوو مرۆڤ بەتەنێ نەبێ ترسنۆک دەبێ بێجگە لەوەی سەرقاڵیش دەبێ.

باپیرەم دەیگوت:

– جارێکیان هێرشی بۆ زرێپۆشێک بردبوو، کاپتنی زرێپۆش و هاوڕێیەکەی بە زیندوویی ڕاپێچی دەرەوە کردبوون و هەر یەکەو تفەنگێکی بە یەک گوولەوە دابوونە دەست، گوتوبووی: دەست وەکەن بیابانییە خوێڕییەکان، دوو بەرامبەر بە یەک، ئەوە تفەنگی منیش ئەوەش تەنها یەک گوللە، کێمان زووتر گوللە دەخاتە سەر تفەنگ و گۆڕی بابی ئەوی دی دەسووتێنێ ئەوە لە بابی خۆی کەوێ، ئەگەر ئێوە زووتر منتان لە خۆڵێدا گەوزاند ئەوە داوا لە پێشمەرگەکانی ئاگری پیرۆز دەکەم ئازادتان بکەن.

دەڵێن کاپتنەکە لە ترسان هەڵدەلەرزی و خودا و شێخ و پیرەکانی ئاگری پیرۆزی هەموو هێنابوونە تکا و نزا. یەکێک لەو سەربازانەی لەگەڵیشیدا دەبێت بەگوڕ فرمێسکی دێنە خوار، دێوانە شارناسیش هەر لێیان ورد دەبێتەوە و پێکەنینی پێ دێن، تفەنگەکانی لەدەستن و ماوەماوە تەماشایان دەکات. پاشان دێتەوە قسە و پێیان دەڵێت:

– کوڕم خودا ئەو دەڤەرەی پشتگوێ خستووە، ئەگینا خوێڕی وەکو ئێوە نەدەهاتن بەئاگر و ئاسن بمانسووتێنن.

لەگەڵ ئەو قسانەشی چەکەکەیان بۆ هەڵدەدات، بەڵام ئەوان نایگرنەوە، پاشان کاپتنەکە هاتبووە قسە و، گوتبووی:

– بمانکوژە دێوانە، کەس نییە ناوی تۆی نەبیستبێت. تۆ دێوانەیت و بەرگری لە خاک و خۆڵی نەتەوەکەت دەکەیت و شۆڕشگێڕیت، ئێمەش دوژمنکار و داگیرکەر، لەگەڵ ئەوەش هەموو سەربازەکانمان شایەتحاڵی ئازایەتی ئێوەن، دەزانم ئەگەر بمکوژی دەڵێن بەدەستی دێوانە شارناس کوژرا، ئەوەش گەورەترین مەدالیایە بۆمن، چونکە بەدەستی ترسنۆکێک ناکوژرێم، چونکە من خوێڕی نیم، بیابانییەکان هەموویان خوێڕی نین، هەمووشیان حەز لە شەڕ و ئاژاوە ناکەن، بەڵام خوێڕییەکان دەیانبەن بەڕێوە، ساڵەهایە خوێڕییەکان ڕۆح و ئیرادەیان لە هەموومان سەندووە. ئەگەر بمبەخشی بەڵێنت پێدەدەم جارێکی تر تخونی دەڤەری ئێوە ناکەومەوە، پێنج منداڵی وردم هەن و بیکە بە خاتری ئاگری پیرۆز مەمکوژە و با من و تۆ دەستمان بە خوێنی یەکتر نەبێ، من یەکێکم لەوانەی کە هیچ بیروباوەڕێکم بە دوژمنکاری و زەوتکردنی ماڵ و موڵکی خەڵک و کوشتن و بڕین نییە، تا ئێستاش گوللەیەکم بە ئاوەدانییەوە نەناوە، هاتنم بۆ ئەو شەڕە هەڵەیەکی مێژووییە کە کردوومە و دەزانم لێرە بکوژرێم تا هەتایە تف و نەفرەت لە گڵکۆکەم دەکرێت، لەوەش گرنگتر، زەمەنێک دێتە پێشەوە منداڵەکانم راستی ڕەوایەتی خەباتی ئێوە تێدەگەن و دەبمە مایەی شەرمەزاری بۆ ئەوانیش. بمبوورە دێوانەگیان تا نەهاتم بۆ ئێرە راستی پرسەکان بە ڕۆشنی تێنەدەگەیەشتم، تا نەهاتم بۆ ئێرە نەمدەزانی ئێوە گەلێکی جیاوازن، حەزەکانتان لە حەزەکانی ئێمە و ڕەنگتان لە ڕەنگی ئێمە ناکات،



خواستەکانتان پێچەوانەی خواستەکانی ئێمەن، خەونەکانتان فڕینی تیایە چونکە لەسەر چیاسەرکەشەکان ڕوودەدەن، نەمدەزانی لێتان حاڵی نابم و زمانێکی ترتان هەیە و تایبەتمەندی گەورەی خۆتان هەیە، تا نەهاتم بۆ ئێرە، نەمدەزانی ڕەگوڕیشەی ئێوە دەم و قافی خۆی لە روکنەکانی بەهەشت گیر کردووە، تا لەگەڵتان نەکەوتمە شەڕ نەمدەزادی هێزێک نییە لەسەر زەوی بتوانێ ئێوە و چیاکان لەیەکتر بترازێنێ، هەروەکو هێزێکیش نییە بتوانێ تا هەتایە چیاکان لە ژێر چەپۆکی بیابان بیڵێتەوە. من بۆ خوێنی خۆم ناپاڕێمەوە کاتێک لەسەر ڕەوایەتی پرسێک ڕووبەڕوو ببمەوە، بەڵام لێرە دەزانم بە نارەوایی شەڕ دەکەم، بەرگری لە رق و قینی بێشەڕەفەکان دەکەم، ئەوانەی کە نوێنەرایەتی مێژوویەکی ناڕەوا دەکەن یەزید هەوێنییەتی، بەڵام من ئەو نوێنەرایەتییە بە شانازی نازانم، من ئەو رەگەم کە تەنها بە ئاوی پاک پەروەردە بووم، من بەشێکی پاکم لە زۆرێکی ناپاک، منیش کەسوکارم لە خۆڵی زوڵمی یەزیدەکان گەوزاون، منیش قوربانیم و وا تێمەگە ئێمە هەموومان یەک ڕەنگ و یەک دەنگین، وا تێمەگە هەموومان رازین لەو شەڕە بۆگەنەی کە یەزیدەکان هەڵیانگیرساندووە. بڕوام پێبکە چارەم هەبوایە دوای یەکەم ڕۆژی هاتنم بۆ ئێرە و دوای تەقاندنی یەکەم گوللە و دوای زانینی ئەو هەموو راستییانە رامدەکرد ئەگەر باسی ترسنۆکیم لە تەختەی پارێزراوی ئاسمانەکاندا بنووسرابایە، بەڵام بۆ هەر کوێیەک بچووبام گەمارۆ درابووم، سەگەوانانی ڕەمیکردن لەدوامەوە بوون، تەنانەت ئاوڕیشم بدابایەوە کەللەیان هەڵدەپاچیم، ئیتر ئێوە باش دەیانناسن پێویست ناکا باسیان بکەم، ئەوە سۆز و بەزەیی خودایە بۆ ئێمە کە کەوتووینەتە دەست ئێوە و لەو چەپەڵانە رزگارمان بووە. ئەگەر ئازادمان بکەی و ڕێنیشاندەرمان بیت ئەوا بەرەو سنوور دەکشێین و ئیتر ناگەڕێینەوە، چونکە گەڕانەوەمان مانای، ریسوابوون و لەناوچوونە.

دێوانە شارناسیش دەڵێ:

– چیتر مەپاڕێوە، تێدەگەم چ دەڵێی، چەکەکانتان دانێن و زرێپۆشەکەشتان بێنن بۆ سەر ئەو لوتکە بەرزەی دەبەین، ئینجا دەتوانن بچنە هەر کوێیەکی مەبەستتان بێ، گرنگ ئەوەیە جارێکی تر وەکو شەڕکەر و داگیرکەر تخونی

دەڤەری چیاکان نەکەونەوە، نزیکی وڵاتی رۆژ نەبنەوە ئەگینا ئاگرەکەی دەتان سووتێنێت.

ئەو کاپتنە دوو سەربازەکەی تریش لەگەڵ خۆی دەبات و شارەدێی ئاگری پیرۆز بەخێریان دێنن، نەک وەکو دیل بەڵکو وەکو میوان مامەڵەیان لەگەڵدا دەکەن. بۆ ماوەی چەند رۆژێک لە مزگەوتی گەورە دەمێننەوە و دواتر لە لایەن دێوانەوە بەرێدەکرێن. بە بڕیاری دێوانە زرێپۆشەکە لە دەروازەی ئاگرپیرۆزە دادەنێن، دەیبەنە سەر بەرزترین لوتکەی ئەو دەروازەیە کە لە لایەکی پاڵی دەدایە دایان و لایەکەی تریشی بەسەر خەرەند و دۆڵی گلاواندا دەیڕوانی. تا دوا راپەڕینی چیاکان زرێپۆشەکە هەرمابوو، ئەو لوتکەیەش نێونراوە لوتکەی دێوانە شارناس. هەر یەکێک بەوێدا تێپەڕ دەبوو سەرسامی دەیگرت و لە نهێنی ئەو زرێپۆشەی دەپێچایەوە. هەموو جارێ کە بەوێدا تێپەڕ دەبووین زرێپۆشەکە قسەی دەکرد، هەموو گیانی سەمای دەکرد و لەبەر چاوی هەموو خەڵکی لولە و سینگی بادەدان و سەڵەواتی لە دێوانە شارناس دەدان. هەموومان دێوانەمان لەسەر پشتی زرێپۆشەکە دەبینی چۆن ملی کاپتنە بیابانییەکەی دەگرت و بەرزی دەکردەوە و تێیهەڵدەدایە دیوی دەرەوەی زرێپۆش. هەموومان سەری دێوانەمان دەبینی کە لەناو هەورەکاندا وندەبوو و سروودی بۆ چیاکان دەگوت، هاواری پیری چیادادی دەکرد. هەموو جارێ دەیگوت:

– ئەوەی سەری وەکو سەری چیاکان بڵند نەبێ، مخابنە پێی بڵێین چیایی. ئەوەی بەرگری لە پاکی و پیرۆزی چیاکان نەکات رۆڵەی ئاگری پیرۆز نییە. ئەوەش خیانەت بکات، دەبێ لە چیاکان فڕێ بدرێتە خوارێ. لێخۆشبوون لە خیانەتکاران نیشانەی بێ غیرەتی چیاییەکانە، ئەوان ناشیرینترین و گلاوترین و خوێڕیترین کەسن لەسەر ئەو زەوییەدا، ئەوەی خیانەت بکات، ئابڕووی نییە، رەوشتی نییە، لوتکەی گەندەڵی و بێ رەوشتی لە هەموو یاسا ئاسمانی و زەمینییەکاندا و لە سەرجەم کولتوورەکانی دونیاشدا خیانەتە. کەس پشتی چیاییەکانی نەشکاندووە خیانەت نەبێ.

چیرۆکی شەهیدبوونی دێوانە تا هەنووکەش ئاڵۆزە، تا هەنووکەش گۆڕی دێوانە دیار نییە. لە هێرشێکی توندوتیژی بیابانییەکان و بەرگریکردنی دوو شەو



و دوو رۆژی دێوانە دەنگی دابووەوە، سەرکردەی دوژمنە هێرش هێنەرەکان لە هەر کاتژمێرێک دا زیاتر لە هەزار سەربازی بەرەو لوتکەی شەهید رەوانە کردبوو، لاشەی سەربازەکان هێندە لەو دامێنانەدا کەوتبوون، رێگا نەمابوون پێیدا تێپەڕ ببن، تا هەنووکەش ئێسقانی ئەو سەربازانە بە باوەش لەو تەلان و بەرۆکانەدا کەوتوون. شەڕەکە هێندە دژوار دەبێ کەس ناتوانێ هانا بۆ دێوانە بنێرێ، قەلەباشکەکان لە بەیانی رۆژی سێیەمدا بەسەر ئاگری پیرۆزدا دەچوون و دەهاتن، دەیانخوێند و خەبەرێکی خوێناوی و گەورەیان بە دانیشتوان رادەگەیاند، لەگەڵ خوێندن و قارەقاڕی ئەوان خەڵکی هەموو دڵیان داخورپابوو، هێندە لە هاتنی بیابانییەکان نەدەترسان هێندەی گومانیان بۆ کارەساتی گەورەتر دەچوو. تا دەرەنجام دێوانە بە چەکی سپی لەگەڵ سەربازانی بیابان دەستەویەخە دەبێ و بۆیان دەردەچێ و بانگ دەکات:

– هۆ پیری چیاداد، پیری لەپزێڕین، پیری نەمر و پیری پیران، ناهێڵم سەرتان شۆڕ بێ، خوێنی خۆم دەکەم بە قوربانی چیاکان، بە قوربانی ناوی ئێوە، ئەمڕۆ رۆژی منە، رۆژی جیابوونەوەیە، رۆژی ئاوێتەبوونە لەگەڵ دەنکە خۆڵە پیرۆزە خوێناوییەکانی ئەو خاکە. وەرنە پێش حیزداکینە، شتاقتان لێناهێڵم، چیتان داوە لە زێدی ئێمە، تاکەی فریوی سەگەکانتان دەخۆن.

بەڵام دەرەنجام دێوانە لە هەموو لایەکەوە گەمارۆ دەدرێ و تا شلوکوت دەبێ بیابانییە هێرشهێنەرەکان دەکوژێ، تا لە ئاکامدا زەفەری پێ دەبەن و لە خوێنی دەگەوزێنن، لە هەموولایەکەوە لەگەڵی دەستەویەخە دەبن، لە هەر چوار لاوە، بە دەیان و بە سەدان سەرباز بە چەکی هەمەجۆر رووبەڕووی دەبنەوە، لەدواوە بەسەرە قەمەیەکی سەر لولەی تفەنگ لە نێو هەردوو ملەکانی دەدەن، لەو ساتەی کە لە پێشەوە لەگەڵ چەند سەربازی تر شەڕی دەکرد. کە لێی درا بۆ چەند ساتێک وەستا، پاشان بە شمشێرەکەی کەوتەوە جوڵە، سەربازەکان ئەوەندە زەندەقیان لە دێوانە چووبوو، وەکو شێت دایانە بەر گوللە، هێندەیان گوللە لێدابوون، هەموو جەستەی وەکو سەرەد هاڕدرابوو، لەگەڵ ئەوەش هەر بەرنابێتەوە، بەڵکو لەناو سەنگەرەکەی پاڵ دەداتە یەکێک لە سیلەکانی چاڵەکە و بە سەربازەکان دەڵێ:

– ئای داگیرکەران کە خوێڕی و ترسنۆکن.

ئینجا بە ئارامی چاو دەنێتە سەر یەک. دەڵێن ئەو ئەفسەرەی دێتە شوێنی شەڕەکە و کە بۆی دەردەکەوێ ئەو شەڕە دوور و درێژەی ئەو قۆڵە تەنها بە شان و ملی ئەو پاڵەوانە کراوە، دەستی بۆ بەرز دەکاتەوە و سڵاوی لێدەکات و دەڵێ:

– پیاوی وەکو تۆ حەیفە بکوژرێ. ئەگەر لە ترسی لێپرسینەوەی سەربازییش نەبوایە ئا لێرەدا گڵکۆیەکی نەبەردیم بۆ دەکردی و وام دەکرد تا هەتایە بە نەمری بمێنیتەوە، بەڵام بۆ ئەوەی دووچاری لێپرسینەوە نەبم و تۆش نەبیتە مەزارگەی خۆفرۆشان دەبێ گڵکۆکەت شوێنبزر بکرێت.

لە ئاکامدا لاشەکەی شوێن بزر دەکەن، بەڵام ئاوایی ئاگری پیرۆز هەر لە شوێنی شەهیدبوونی گڵکۆیەکی نەمری جوان و قەبەیان بۆ دروستکرد، لەسەر کێلە بەردەکەشیان نووسی "پیری دێوانان فەرموویەتی: ئای داگیرکەران کە خوێڕی و ترسنۆکن" پاشان داگیرکەران ئەویشیان تەقاندەوە. کە تەقاندیانەوە دووبارە ئاگری پیرۆز پرسەی دانایەوە، هەموو خەڵکی پێیان وابوو دێوانە تازە کۆچی کردووە. ئێستاش عاشقان دەچنە شوێنی نەبەردییەکەی و مراز و داخوازییەکانیان لەو دەخوازن. زۆر خەڵک خدری زیندەیان لە هەیکەلی ئەو بینیوە. بۆیە دەیانگوت:

– دێوانە هەر خۆی پیری چیاداد بووە، لە شێوەی خدری زیندە هاتۆتەوە شار و ویستوویەتی بەرگری فێری چیاییەکان بکات. هەندێکیش دەیانگوت:

– ئیتر دێوانە لەگەڵ پیری چیاداد ئاوێتە دەبێت و تێکەڵی یەکتر دەبنەوە، بۆیە لە دوای شەهیدبوونی دێوانە بە جووتە خۆیان لە جەستەی نەرمونیانی خدری زیندە پیشان دەدەنەوە، ئیتر خدری زیندە هەر یەک ئامادەبوو نییە، دوانن، دوو دڵی گەورە، دوو سەری بەرز، دوو هانا بۆ دەڤەری چیاکان. باپیرەم دەیگوت:

– ئەو پاڵەوانە بێجگە لە پیرۆزیی، تەمەنیشی بە خەباتی ئێمە بەخشی. هەموو خەڵکی ئاگری پیرۆز بڕوای وایە دێوانە شارناس لوتکەی دێوانە. هەموو بەیانییەک رۆژ لەوێوە لە پەنا لوتکەی دێوان کەزییەکانی خۆی بەسەر شان و



ملی ئاگری پیرۆزدا بەر دەداتەوە، ساڵانێک لەمەوبەر لە یەکێک لە شەڕەکاندا گوللە تۆپێکی بیابانییەکان لوتکەی دێوانی پێکابوو، لەگەڵ تەقینەوەی گوللە تۆپ، لوتکەی دێوان رۆحی هاتبووە بەر و لە شێوەی مرۆڤێکی ئاسایی بەرەو سەنگەرەکانی شەڕ کشابوو. بۆیە کەس بڕوا بەوە ناهێنێ کە دێوانە مرۆڤ بووبێ، هەموو پێیان وایە ئەو رۆحی هەموو ئەو قوربانییانە بوو کە لە ماوەی سەدان ساڵ لەو دەڤەرەدا بەدەستی بیابانییەکان گیانیان لەدەست دابوو. دێوانە مرۆڤێکی ئاسایی نەبوو، منیش شایەتمانی دەدەم، دێوانە رۆحی چیا بوو، بەشێک بوو لە چیا. رابواردن و حەوانەوە و خواردنیشی هەر لە چیا بوو، هەر بۆیەش زەوقی بۆ هاوسەرگیری و دڵداری و ماڵ دانان نەدەچوو. ئێستاش زۆرێک لە خەڵکی ئاگری پیرۆز بڕوا بە مردنی دێوانە ناکەن، دەڵێن: رۆحی ئەو رۆحی دێوانەیەکی ترە لە مێژووی دووری بەرگریکارانی زێدەکەمان. ناوەکەیشی هەر ناوی هەمان پاڵەوانە، بۆیەش هەموو خەڵک دڵنیایە کە ئەو هەر دێتەوە، جارێکی تر ئاگری پیرۆز لەدەست بیابانییەکان دەردێنێتەوە.

## بەشی دووەم

هزرەکان خۆزگەیان بە دێوانە شارناسێکی تر دەخواست، ئەمڕۆ شارناس خۆی نەماوە بەڵام هزرەکانی ئەو لە جاران گەرموگوڕ ترن. دەڤەری چیا پیرۆزیی خۆی لەدەست نەداوە، ئەوەی کە هەنووکەش هەر جێگای داخە هەندێک لە چیاییەکانن، ئەوانن بەر لە بیبابانییەکان چیاکان بێڕێز دەکەن. باپیرەم دەیگوت:

– فریشتەیەک لە نێوان زەوی و ئاسمان وەستاوە، بەیانی و ئێواران بانگ دەکات و نەفرەت بۆ خۆفرۆشان دەنێرێ، ئەوانەی چیاکان بێڕێز دەکەن، ئەوانەی ڕێگای گەیشتن بە خۆر بە تاریکی دەگرن.

لەسەر یەکێک لە کێلەکانی گڵکۆی پیری چیاداد بە نەخش نووسرابوو: "پیری چیاداد وتوویەتی: گڵاوترین ڕەفتار خۆفرۆشتنە بە داگیرکەر، ئەو چیاییەی بە وشەیەکیش پشتیوانی لە داگیرکەر بکات زۆڵە".

عەولاغا یەکێک بوو لەو خۆفرۆشانە، ئەو یەکەم کەس بوو عەبەی سەلجوقیی بۆ ئێرە هێنا، هەر کچێکی جوانی ئاگری پیرۆز هەبوایە ئەو هەوڵی دەدا بە زۆر دەستی بەسەردا بگرێ و بۆ پیاوەکانی خۆی ببات، چەند جارێکیش ئەوەی بۆ چووبووە سەر. کەس نییە چیرۆکی بەهەشتی کوێخا قابیلی نەبیستبێ، کوێخا قابیل یەکێک بوو لە نۆکەرە دەستەڕاستەکانی عەولاغا، بەهەشت زۆر هەوڵی لەگەڵ دەدا کە دەست لە خیانەتی ئاگری پیرۆز هەڵگرێ. چیتر چەکی دژایەتی کردنی چیاییەکان نەکاتە شانی. چیتر نۆکەرایەتی بۆ عەولاغا قەبووڵ نەکات. دوای ئەوەی بەهەشت دەبیستێ کە کوێخا قابیل بەشداری کردووە لە ڕفاندنی کچێکی ئاگری پیرۆز، لە ئێوارەی ئەوڕۆژەدا کە کوێخا قابیل دەگەڕێتەوە ماڵ سەروسۆراغی ئەو هەواڵەی لێ دەپرسێ. کوێخاش بە فیز و ڕۆحێکی پیسەوە ڕوو لە بەهەشت دەکات و دەڵێ:

– بەهەشتخان، گوڵە نازدارەکەم ئەگەر تۆش کچی کوێخا قابیلی ئاگری پیرۆز نەبوای ڕەفیق سەید عەببودی کوڕی سەید زین ئەلعابیدین لەڕێی



عەولاغای گەورەمان فرمانی بە کەنیزەککردنی تۆشی دەردەکرد. بەڵام خەم مەخۆ تۆ لە کیژەکانی ئاگری پیرۆز جیای. تۆ لایەقی هەموو شتێکی باش و جوان و بەنرخی، بۆیە من تۆم کردووە بە دیاری بۆ عەولاغای بچووک. تۆ هەر لایەقی ئەوی. تۆ مەگەر کچی کوێخا قابیل نیت؟

بەڵام بەهەشت بەدوای باوکیدا دەڕوات بۆ ژووری خەوتنی و پێی دەڵێت:

– ئاخر باوکە ئەمە خۆفرۆشییە ئەوەی تۆ دەیکەیت، تۆ بە چ حەقێک کچی خەڵکی دەرفێنێ بۆ ئەو زۆڵە بکووژانە؟

کوێخا قسەکانی دایکی بەهەشتی هاتنەوە بیر و زۆر بە تووڕەییەوە ڕووی لە بەهەشت کرد:

– کچە تیو واز نەهێنی سەرت دەبڕم. تۆش هەمان کچی ئەو دایکە بەد فەڕەی. چیتان داوە لە من. بۆ ژیانی من تاڵ دەکەن. بۆ لە من و خۆشتان تێک دەدەن؟

بەهەشتیش لەو قسانەی باوکی زۆر بێتاقەت دەبێ و ترسی لێ دەنیشێ. بەهەر شێوەیەک بێ بیر لە خۆ ڕزگار کردن دەکاتەوە. تێدەگات کە باوکی لە گەمەیەکی دژوار و قڕێژدا بەشدارە. لەدوای ئەو قسانەی باوکی خەوی ڕۆیشتبوو و هەمیشە دڵ تەنگ و ناڕەحەت بوو. بەردەوام بیری لە چارەسەرێکی گونجاو دەکردەوە. زۆر جاران لە خەو ڕادەچڵەکی و دەستی بە دەم و چاوی خۆی دادەهێنا و دەیگوت:

– ئاخر چۆن باوەڕ بکەم ئەو کارەی کردووە؟

دەخەوتەوە و هەمان کابووسی لە خەودا دەبینییەوە، شەوێکیان لە خەو ڕاچڵەکی و لەبەرخۆیدا دەیگوت:

– پیری چیاداد، ئاخر من بێتاوانم. لەسەر چی لەو شاخە فڕێم دەدەنە خوارەوە؟ من نەبووم ئاوای بەسەر باوکم هێنا، ئەوە خۆی بوو لە داب و نەریتی چیاییەکان لایدابوو، ئەوە خۆی بوو لە گەمەیەکی قێزەونی ناشیریندا تێوەگلابوو، ئەوە خۆی بوو سەری لێشێوابوو، بەر لەوەی بە دەستی خۆی ئابرووی خۆی ببات و تا هەتایە ببێتە هێمای ناشیرینی ئەو دەڤەرە، یا ئاگری پیرۆز لەکەدار بکات دەبوایە کۆتایی بە ژیانی ئەو بێ. چونکە مانەوەی ئەو

هۆکارێکی گرنگ و ترسناک بوو بۆ لەدەست دانی ژیانی زۆران و ئابڕووچوونی خەڵکێکی زۆریش. نەمانی ئەو چارەسەرێک بوو بۆ مانەوەی ئاگری پیرۆز بە پاکی و ئارامی. نەمانی ئەو ڕێگایەک بوو بۆ ترس خستنە دڵی داگیرکەر و سەرەتایەک بوو بۆ دەرپەڕاندنیان.

هەم دیسان شەوێکی تر لەخەو ڕاپەڕی و لە چریکەیەکی زۆر گەورەی دا. بە خێراییەکی زۆر لەسەر جێگای هەستا و دەرگای ژووری خۆی کردەوە و بەرەو دەرگای ماڵەوە چوو بیکاتەوە. باوکی لێی وەئاگا هات. کوێخا قابیل پەلاماری دایە و توندی گرت. پێی گوت:

– کچم ئەوە چییە بۆ ئاوا ئارەقەت کردووە و بەرەو دەرەوە ڕا دەکەیت؟

بەهەشت وەڵامی نەبوو. چاوەکانی سوور هەڵگەڕابوون و فرمێسکەکانی بە بێ دەنگی دەهاتنە خوارەوە. قژی ئاڵۆز بووبوو. هەندێک لەو داوە قژانەی لەگەڵ فرمێسکەکانی بە ڕوویەوە نوسابوون و بە بێدەنگی لە دەموچاوی باوکی ورد دەبووەوە. لە پڕ پێی گوت:

– پێم بڵێ کێ دایکی منی تێفرێدایە دۆڵی گڵاوان؟ تاوانی دایکم چی بوو. پێم بڵێ؟

لەگەڵ پرمەی گریان، بە هەردوو دەستەکانی لە شانی باوکی دا و بەر لەوەی بکەوێتە خوارەوە باوکی زانی دەکەوێ، بۆیە گرتی و باوەشی پیادا کرد و بردیەوە سەر جێگای.

کوێخا قابیل دەیزانی چەند ڕۆژێکە بەهەشت بێتاقەتە. بەڵام هەرگیز لێی نەپرسیبوو ئەو بێتاقەتییەی لە چییەوەیە. لەبەر خۆیدا دەیگوت:

– لەوانەیە قسەکانی کاری تێکردبێت. باشە بۆ یەکەم جارە دایکی دێتە بیر و باس لە مردنی دەکات؟

کوێخا دەستی بە ڕووەکانی، بە ڕیشە تەنک و باریکەکەی دادەهێنا و دەبەر خۆیدا دەیڕوانی و بیری دەکردەوە. هەم دیسان لەبەر خۆیدا دەیگوت:

– باشە دەبێ کەسێک چیرۆکی مردنی دایکی بۆ گێڕابێتەوە؟ خۆ لە خۆم و خۆی بەدەر کەسێک لەو شوێنەدا نەبوو. دونیا تاریک و ئەنگوستە چاو بوو!

کەمێک ڕادەما و دیسان دەیگوت:



– خۆ دایکی ژنێکی ئاسایی نەبوو. دەبوایە بەو چارەنووسەی بگات! ئەو ئابڕووی منی دەبرد ئەگەر زوو چارەم نەکردبا. هیچ ڕێگایەکی لەبەردەمی مندا نەهێشتبوویەوە. ئەو ئیشی نەبوو ڕۆژ تا ئێوارە وشەی (تۆ خۆفرۆشی) لەسەر دەمی لانەدەکەوت. لە جیاتی ئەو ماڵە گەرم و ڕووناک ڕابگرێت و خزمەتی مێردی خۆی بکات. هەڕەشەی بە قسەکانی پیری چیاداد لە من دەکرد و دەیگوت تۆ بە قەد بەڕی خۆت پێت ڕاناکێشی. تۆ بەقەد ئەهریمەن بەدکاریت!

دەچووەوە سەر جێگای خۆی و ڕادەکشا بەڵام ڕاکشانێکی بە ترس و لەرز. دەیان پرسیار لە مێشکی دەچوون و دەهاتن. دیسان لەبەر خۆیدا دەیگوت:

– ئەو کچەتیوە شتێکی لە بن سەریدا نەبێ. دەبێ بەیانی قسەی لەگەڵ بکەم، ئەگینا دوایی بۆگەن دەبێ. دەبێ هەر زوو بچێتە ڕێگا و جێگای خۆی. عەوڵاغا چاوەڕێی وەڵامی من دەکات. دەبێ زوو وەڵامی بدەمەوە، بەهەشت هەر قابیلی ئەوە، بۆخۆشم پلەیەکی دەچمە پێشەوە و دەبمە ئەهلولبەیت. ئینجا لە قاقای دەدا و دەچووەوە ژوورەکەی خۆی. خەو کوێخای دەبردەوە و دونیا کش و مات دەبوو تا ڕۆژهەڵات. کە کوێخا قابیل لە خەو ڕاپەڕی بەهەشت خەریکی چێشت ئامادە کردن بوو. زۆری نەبرد چایەکی هێنا و لەبەر دەم باوکی دانا. ویستی بڕواتە دەرەوە. کوێخا گوتی:

– بەهەشت گیان زۆر تەواو ناتبینم، دوێنێ شەو چیت لێ قەومابوو؟

بەهەشت ئاوڕێکی لە باوکی دایەوە و بێ ئەوەی وەڵامی بداتەوە بۆ ژووری چێشت ئامادەکردن گەڕایەوە. کوێخا ئەمەی زۆر لە دڵ گران بوو. یەکسەر بڵند بوو و ڕووی لە بەهەشت کرد و گوتی:

– کچە تیو منت نەبوایە سەگ دەیانخواردی. ئێستا دەڕۆمە دەرەوە ئێوارە ئیشم پێتە.

بەهەشت لە کێشەیەکی دەروونی زۆر ئاڵۆزدا دەژیا. بیری لە هەموو شتێک دەکردەوە. کۆمەڵێک ڕێگا چارەی لەبەر دەمی خۆی دانابوون ئەگەر کار گەیشتە ئەوەی بە داری زۆر بدرێت بە شوو. یەکێک لەو ڕێگایانەش ملی چیاکان بگرێت و ببێتە پێشمەرگە. ئێوارە باوکی گەڕایەوە هیچی باس نەکرد. ڕووی خۆش بوو و بانگی بەهەشتی کرد:

– کچم چ خواردنێکت ئامادە کردووە؟ باوەڕت بێ زۆرم برسییە.

ئەو ئێوارەیە بە بێ دەنگی و بێ ئەوەی هیچیان قسە بکەن، شێویان خوارد و کوێخا بە بێ دەنگی چوو بۆ دەرەوە. کوێخا لە نێوان دوو ڕێگادا چەقی بوو. یان ئەوەتا کچەکەی ناچار بکات بیدات بە عەولاغا، یان کۆتایی بە ژیانی بێنێت و نهێنییەکانیش لەگەڵ خۆی بباتە ژێر گڵ. هەموو حەز و هێزی بۆ ڕێگای دووەم دەڕۆییشت. نەیدەزانی بۆ. بیری لەوەش دەکردەوە ئەگەر بەهەشت ببێتە ژنی عەولاغا ئەوا پلە و پایەی ئەو لە ئاگرییپیرۆز پتەو تر و قایم تر دەبن. بەڵام دەترسا ڕۆژێک بێت و ئەو کێشەیە بکەوێتە سەر زمانی خەڵک و هەموو ژیانی ئاڵۆز بکات، دەیزانی ئەگەر خاڵەکانی بەهەشت بچووکترین گوومان بکەن کە خوشکیان لەناو براوە بۆ ساتێکیش نایەڵن چاوەکانی کوێخا قابیل لەسەر دونیا بمێنن، بێجگە لەوەش گوومانی هەبوو کە خاڵەکانی بەهەشت بێڵن بەهەشت ببێتە ژنی عەولاغا. خاڵەکانی بەهەشت سەر بە خێڵێکی گەورەی دەڤەری چیا بوون، بۆ ماوەی زیاتر لە کاتژمێرێک بە ئۆتۆمبێل دوور بوون لە ئاگری پیرۆز. وایان زانیبوو کە خوشکییان بە ڕووداوێک هەڵدێراوە و مردووە. بۆ زیاتر لە دوو ڕۆژ کوێخا لەو جەنگە دەروونییەدا بوو و بە دوای خۆ ڕزگارکردندا دەگەڕا.

بۆیە لە دوا جاردا خۆی یەکلایی کردوەوە. بەهەشتی بە فێڵی پیاسەکردن هەڵنا بۆ هەمان ئەو شوێنەی کە دایکی بەهەشتی تێدا فەوتاندبوو. بە نیاز بوو بە هەمان شێواز بەهەشتیش بخاتە ئەو گەلێیە پڕ لە هات و نەهاتە. بەهەشت دەترسا، بۆیە بەردەوام سێ تا چوار پێیەک لە دوای باوکی دەڕۆییشت. هەرچەند کوێخا قسەی خۆشی بۆ دەکردن و وەسفی عەولاغای بۆ دەکرد و پێی دەگوت:

– کچەکەم عەولاغا پارەی زۆری هەن. باوەڕت بێت دەتکاتە شاژنی ئەو ئاگری پیرۆزە! دڵ لە دڵ مەدە، باوک ڕێگای خراپ بۆ کچەکەی دانانێ.

بەڵام کوێخا بە قەد ترس و بیمی بەهەشت دەترسا و ئاوڕی بە هەموو لایەکدا دەدانەوە. بەهەشتیش لە دڵی خۆیدا دەیگوت:



– دەڵێی ئەوەی لە خەونم بینیوە هەمووی ڕاستە، باوکم چۆن لەخەودا بینی کە دایکمی بەرەو ئەو گەلییە دەبرد، منیش ئاوا دەبات.

بەهەشت زیاتر خۆی قورستر دەکرد لە ڕۆییشتن. ئەوان تەواو لەسەر ئەو لێوارە هەڵدێرە بوون کە هەزاری بە هەزار بوو. لە هەمان ئەو شوێنە بوون کە دایکی بەهەشتی تێدا هەڵدێرا بوو. شەو درەنگ بوو و مانگە شەوێکی زۆر ڕۆشن بوو. کوێخا قابیل چاوی کوێر بووبوون و مێشکی جام بووبوو، هەر سوور بوو لەسەر جێبەجێکردنی پلانە دژوارەکەی خۆی. کە لە پڕ ئاوڕی دایەوە و ویستی پیلی بەهەشت بگرێ هەڵی داتە خوارەوە، بەهەشت توزێک دوور بوو. پێی گوت:

– کچم دەڵێی لێم دەترسی بۆ نارۆیت؟ ئەگەر حەز دەکەیت با بگەڕێینەوە!

بەهەشت وەڵامی نەبوو. زمانی لە قسەکردن شکا بوو. بە تەواوی ترسی لێ نیشتبوو و لەوە دڵنیا بوو کە مەبەستی باوکی گڵاوە. لەسەر قسەی باوکی بەرەو ماڵ ڕوویان وەرگێڕا. ئەو شوێنەی کە لێی سووڕانەوە کۆمەڵێک تەڕاش و بنە ئەسپینداری لێ ڕوابوون، هاشەی ڕووباری سەما گوێی کاس دەکرد، لەگەڵ هاشەی ڕووباریش لوورە لووری سەگ دەهاتە گوێ. کە لە پڕ کوێخا پیلی بەهەشتی گرت، بەهەشتیش توند پشتدێنی کوێخای گرت. کوێخا قابیل بە دوو چاوی زۆر توڕە و ئاڵۆز لە ناوەندی چاوەکانی بەهەشتی ڕوانی. بێ ئەوەی هەست بکات بەهەشت پشتێنی ئەوی گرتووە، زۆر بە قایمی بەرەو هەڵدێری گەلی هەزار بەهەزار پاڵی دا. لەگەڵ پاڵدان، بەهەشت بە دەستەکەی تری پەلاماری بنە ئەسپینداریکی دا و پشتدێنی کوێخاشی هەر بەرنەدا. بۆیە کوێخا لەگەڵ بەهەشت بە یەکەوە کەوتنە بەر قەراخ ڕێگا. کوێخا هێندە بە ناهەش بەر بووەوە بە هیچ جۆرێک چاوەڕێی ئەو ڕاکێشانە لە پرەی نەدەکرد. هەر کە پیلی بەهەشتی بە مەبەستی فڕێدان گرت و بەرەو گەلی پاڵی نا، یەکسەر دەستیشی لە پیلی بەهەشت بەردابوون. هەر کە بەهەشتیش دەستێکی بە بنە ئەسپیندارەکەوە گرتبوو، دەستەکەی دیکەشی لە پشتدێنی کوێخا بەردابوو. لە چاوچووقانێکا هەموو شتەکان تەواو بوون. لە یەک دەمی کت و پڕدا کوێخا کەوتە گەوزگەوزانێ.

کوێخا قابیل هەوڵی دەدا خۆی بگرێتەوە بێهوودە بوو. هەندێ جار تەقڵەی خێرای دەکردن و هەندێک جاریش هێندە بە سستی وەردەگەڕا بەهەشت وایدەزانی ئیتر تەواو رزگاری دەبێ و خۆی بۆ دەگیرێتەوە. لە هەموو تەقلە خواردنێکیشیدا چاوی لە بەهەشت وەرنەدەگێڕان بێ ئەوەی هیچ دەنگێکی لێدەربچێ. پەیتا پەیتا کەوتە گەوز و تا گەیشتە قووڵایی خەرەندی هەزار بە هەزاری دۆڵی گڵاوان. بەهەشتیش بە دڵێکی گوشراو و بە هەڵوەرینی فرمێسکەکانی چاوەکانی لەسەر لاشەی غلۆربووەوەی باوکی هەڵنەدەگرت، ئەو لاشە گەورەیەی لە شێوەی تۆپە لاستیکێک بڵند دەبوو، بەڵام زۆر بە قورسی بە شاخێکی تر دەکەوتەوە و هەرچی دەنگ و نوزە هەبوو لەبەر ئەو لاشەیەدا نەمابوو. لەو کاتەی کە بەهەشت هەوڵی دەدا خۆی راست بکاتەوە و بێتەوە سەر رێگا. لە بەدبەختی ئەو یەکێک لە پیاوانی عەولاغا رووداوەکە دەبینێ و بە پێچەوانەوە رووداوەکە دەگێڕێتەوە. بۆیە هەر زوو بەهەشتیان بنچاو کرد و لە ژوورێکی تەویلەی ولاخەکانی عەولاغایان قایم کرد. دوای راوێژ کردن بڕیاریاندا لە هەمان شوێن فڕێی بدەنە خوارەوە. عەولاغا و عەبەی سەلجوقی خۆیان ئامادەی تێفڕێدانی بەهەشت دەبن. مەلا عەبدولباری قولئەعوزیش دێنن. هەندێ خەڵکی بە تەمەن و ژن و منداڵیش بە زۆری ئامادەی ئەو شوێنە دەکەن. مەلا عەبدولباری دەست بە قسەکردن دەکات بۆ ئامادەکراوان، پێیان دەڵێت:

– سزای هەموو ئەوانەی کە رۆحێک بە ئەنقەست دەکوژن بێگوومان کوشتنەوەیە. ئەمەش ئەمری باری تەعالایە، بە تایبەتیش ئەگەر یەکێک دەستی بچێتە خوێنی مەحاریمەکانی.

بەڵام بەهەشت کە دەموچاوی رەش و شین ببوون لەژێر لێدان و ئەشکەنجەدان. هێشتا کلی چاوەکانی بەتەواوی نەشۆرابوو. بۆیە کل و فرمێسکەکانی تێکەڵ بووبوون. بۆ دوو رۆژ دەچوو قژی دانەهێنابوو. هەندێکیش لە تاڵە مووەکانی بەسەر دەموچاودا هاتبوونە خوارەوە. بێهێز و بێناز دەهاتە بەرچاو و هەردوو دەستیشیان لە دواوە بە پارچە پەڕۆکێک بەستبوون، بەر لە کوشتنی روو لە مەلا عەبدولباری و عەولاغا دەکات و بە دەنگێکی بەرز و بێ شلەژان دەڵێ:



– بە کوشتنی من ئاگری پیرۆز خەفە نابێ. شێرەکچانی ئاگری پیرۆزیش دوابڕ نابن. چیتر بە تەنها بەرخی نێر بۆ سەربڕین نییە، لەمەودوا ئێمەی ژنیش خوێنی خۆمان دەبەخشینە چرای رووناکی ئەم شارە. لەمەودوا کچێکی ئەم شارەتان بە کەنیزەک بۆ نابردرێ. ئەگەر بشیانبەن تەنها لاشەی بێ گیان دەبەن. من شانازی ئەوەم پێبڕا کە کولتووری بەکەنیزەک بردنی کچی چیایی کۆتایی پێبێنم. ئێوە خۆفرۆش و بکوژن. ئێوە رەشەبای تاریکین. ئێمەش رووناکی ئاگری پیرۆز. تف لە خۆتان و داگیرکەرانیش. من بکوژ نیم. ئێمە بەرگری لە خۆمان دەکەین. ئێمە لەگەڵ ئێوەی خۆفرۆش و داگیرکەران لە حاڵەتی شەڕی ئەبەدی داین، بۆیە نە بەزەییتان پێدەکەین و نە بەزەییشمان پێ بکەن. نەمریش هەر بۆ ئاگری پیرۆز دەبێ.

دەڵێن: ئەو شەوەی بەهەشتیان کوشت، رەشەبایەکی زۆر سامناک و توند و تیژ ئەو دەڤەرەی گرتەوە. رەشەبایەک وەکو خوێن سوور بوو، هەموو ئاسمانی ئەو شارەی سوور هەڵگەڕاند. ئەو شەوە خەڵک نەخەوتن. مزگەوت و دێر و ئاتەشگەکان دەستیان کرد بە بانگدان و زەنگلێدان. پاشان لەناو یەکە یەکەی کۆڵانەکانی ئاگری پیرۆز بانگیان دەکرد:

– ئەوەی رۆڵەی ئاگری پیرۆز بێ نابێ بهێڵێت تا بەیانی تەرمی بەهەشت لە دۆڵی گڵاوان بمێنێتەوە. هەر ئێستا هەموو ئاوایی ئاگری پیرۆز بەرەو پردی شاهان بکشێن. بۆ ئەوەی بەهەشت بێنینەوە مزگەوت و رێوڕەسمێکی شکۆداری پرسەی بۆ بکەین. دایکم دەیگوت:

– هێشتا بانگەکە کۆتایی پێنەهاتبوو، بە سەدان کەس رووی لە پردی گەورە کرد. بەسەدان کەس ئارەقەی شەرمیان دەسڕییەوە و بە گەورەترین شورەییان دەزانی بەهەشت لەبەر چاوی ئەوان کوژرابێت و کەسیش نقەی لێوە نەهاتبێت. بۆ ماوەیەکی کەم هەموو خەڵکی ئاوایی مومیان هەڵگرت و بەرەو پردی شاهان کشان. خەڵک بە شەپۆڵ بەرەو دۆڵی گڵاوان دەڕۆیشتن و نەمری بۆ بەهەشتیان دەگوتەوە. بەڵام بیابانییەکان هێزێکی زۆریان کۆکردەوە و پێشیان لەخەڵکی رقئەستوور گرت. بۆیە بوو بە شەڕە بۆکس و شەڕە چەقۆ و شەڕەدار و بەرد لە نێوان بیابانییە سەربازەکان و دانیشتوانی ئاگری پیرۆز.

خەڵکێکی زۆریان بە گوللەی زیندوو شەهید و بریندار کرد. خەڵکێکی زۆریشیان ڕاپێچی زیندانەکان کرد. لە ئاکامدا نەیانهێشت دەستی خەڵک بگاتە لاشەی بەهەشت، بەڵام شەوی دووەم دوو کەس خۆبەخشانە بە نهێنی دەچن بۆ دۆڵی گڵاوان و لاشەی بەهەشتیان هێنایەوە. بەر لە دەرچوونی ڕۆژ بردیان بۆ گۆڕستانی شەهیدان و سەربەرزانە ناشتیان. ئەمەش دوا چارەسەری نیشتنەوەی رق و تورەیی خەڵک بوو بۆیە لە دواجار بیابانییەکانیش دەرکیان بەو شتە کردبوو چیتر هەوڵی بەرگرتنیان نەدابوو لە ناشتنی بەهەشت.

بیابانییەکانیش باش دەیانزانی عەولاغا نەبێ نەخشە و پلانەکانیان سەرناگرن. یەکێکیش لەو نەخشە و پلانانە خواستنی کچی چیاییەکان بوو بە دۆستایەتی و بە پارەیەکی زۆر. بۆیە زۆربەی ئەفسەرەکان بۆ ئەو ماوەیەی کە لە دەڤەری چیا دەمانەوە هەوڵیان دەدا ژنێکی چیایی بێنن و تێکەڵی چیاییەکان بن. بەمەش دوو ئامانجیان دەپێکا، بە درێژایی ئەو کاتەی لە بیابان و ماڵ و حاڵی خۆیان دوور دەبوون، لەگەڵ کچە چیاییەک رایان دەبوارد و تێنووەتی سێکسی خۆیان لەگەڵ ئەو کچە چیاییانە دەشکاند و وەکو کەنیزەک رەفتاریان لەگەڵ ئەو چیاییانەدا دەکرد. لە لایەکی تریشەوە لە باربردنی شیرازەی کۆمەڵایەتی و رەگەزپاکی چیاییەکان بوو. ئیتر بەو شێوازە گیانی بەرگری و وڵاتپارێزی چیاییەکانیان کۆتایی پێدەهێنا. هاوسەرگیری باشترین و نزیکترین رێگا بوو بۆ تاواندنەوە و هەڵوەشاندنەوەی هەر تۆرێکی کۆمەڵایەتی. لە باکووری چیاکانیشدا هەر ئەو شێوازەی تاواندنەوەی چیاییەکانیان گرتۆتە بەر، بۆیە چیاییەکان زۆرێک لە رووخسارەکانی چیاییبوونی خۆیان لەدەست داون. زمانی دایکیان شەپرێو بووە و بە کولتووری داگیرکەران فرچک دەگرن. باپیرەم دەیگوت:

– هاوسەرگیری پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتییە. هەندێک خەڵک ژن لە بری خوێن دەبەخشن، ئەمانە دەبەنگ و دەغەڵن، بەهای مرۆڤیان لا نییە و تاوانێکی گەورە دەرهەق بە دۆتەکانمان دەکەن. هەندێکیش بەلایانەوە ئاساییە دۆتەکانیان بدەن بە بێگانەی داگیرکەر. ئەمانەش ئەگەر بە هۆشیارییەوە بیکەن هەڵگەراوەی چەپەڵن. درزی ترسناکی دیواری کۆمەڵگای چیانشینن. ئەمانە مەترسین بۆ سەر



بوون و مانی چیاییەکان. دەستم دامێنتان فریو نەخۆن. بەدەستی خۆتان دۆتەکانتان نەفرۆشن بە داگیرکەران. تا هەتایە سەرشۆڕیان نەکەن. تا هەتایە لەبەر باوەشی چیاکان هەڵیان نەگرن و بیانکەن بە کەنیزەک. کەی وەک یەکی هاتە کایەوە. کەی ئەوان رێزیان لە سەروەری ماف و زەوی ئێمە گرت و بە چاوی میوان و کۆیلە تەماشای ئێمەیان نەکرد. کەی کۆتایی بەو داگیرکاری و ستەمکارییە هات و دانیان بە هەڵە و تاوانەکانی خۆیاندا نا، ئەوکات ژنیان لێ دەخوازین و ژنیشیان پێ دەبەخشین. هاوکاریان دەبین و هاوکارییان وەردگرین. بەڵام ئەمرۆ باری ئێمە لاسەنگە و ئێمە بندەست و ئەوان سەردەست. هەرچی بکەین ئەوان براوەن، بۆیە نەکەن بچنە ژێر داخوازییەکانی ئەوانەوە.

بەڵام عەولاغا ئەو پلانەی بۆ بیابانییەکان رادەپەڕاند، ئەوانیش لە بەرامبەردا زۆر گرنگییان پێدەدا. تەنها بە فرۆکەی تایبەت هاتووچۆی پێدەکرا. هیچ داواکارییەکی رەت نەدەکرایەوە. ماڵی ئەو دیوەخانی گەورە داگیرکەرانی بیابان بوو. هەریەکێک هاتبایە دەڤەری چیا یەکسەر بۆ ماڵی ئەو دەرۆیشت و ئەویش بە جوانترین شێوە رێزی لێ دەنا و خزمەتی دەکرد و داواکارییەکانی بەجێدەهێنا.

کە عەبەی سەلجوقی و تاریق ئەلمەجید ئەلسەدیمی هاتن بۆ ئاگری پیرۆز، هەموو کوچە و کۆڵانەکانی ئاگری پیرۆزی بە جاشەکان تەنیبوو. کەسێک نەیدەتوانی بەو رێگایەشدا بڕوا کە عەولاغا و گەورە ئەفسەرەکانی تر بەوێدا تێپەر دەبوون. عەبەی سەلجوقی یەکێک بوو لە گەورە بەرپرسەکانی هەواڵگری بیابان و بەرپرس لە پرۆسەی بە بیابانیکردنی دەڤەری چیا. ئەو زۆر جاران بە ئاشکرا گوتبووی:

– بەڵێن بێ دوایی بەو ئەفسانەیە بێنم کە دەڵێن چیا بەشێک نییە لە بیابان. بەڵێن بێ هەر یەکێک نەیەتە ژێر باری فەرمانەکانم بە زیندوویی دۆزەخی پیشان بدەم. هەر یەکێک باسی ئازادی بکات بیکەم بە کۆیلەی تا هەتایە. هەر یەکێک باسی بێگانەبوونی ئێمە بکات، لە فەلاقەی بدەم و خۆی لێ ببێ بە بێگانە.

ئەلسەدیمیش یەکێک بوو لە ئەفسەرە گەورە بەرپرسەکانی سەقامگیرکردنی دەڤەری چیا و نوێنەری تایبەتی سەرۆکی بیابانییەکان. ئەو لەمێژ بوو گوتووبووی:

– هەموو ئەو کورتە باڵایانەی ئێمە بە داگیرکەر دەزانن دەیاننێرم بۆ دۆزەخ. ئەوانە نەوەی جنۆکەن نابێ لەناو ئێمەدا بژین.

ئەو نیوەڕۆیە کۆڵان بە کۆڵان و بازاڕ بە بازاڕ بەناو ئاگری پیرۆزدا دەسوڕانەوە. ئەو رۆژە بۆ دانیشتوانی ئاگرپیرۆز رۆژێکی قورس و درێژ بوو و هەر کۆتایی نەدەهات. بۆ پەروانەی کچی شوانۆش نیوەڕۆیەکی شووم بوو. هەمووشیان دەیانزانی عەولاغا و گەورەداگیرکەران ئامانجی گلاویان هەیە لە هاتووچۆ و پیاسەکانیان بەناو بازاڕی ئاگری پیرۆزدا. تاریق ئەلمەجید ئەلسەدیمی چاوی بە پەروانە کەوت، دەستی دانایە سەر ملی عەولاغا و هەموانی وەستاند. هەموویان بینییان تاریق چاوی لەسەر پەروانەیە. هەموو ئەوانەی لەگەڵی دابوون روویان کردە پەروانە. هەموویان سەرسام بوون بە بینینی پەروانە. خەڵکی دووکاندار و رێبوار و هاتووچۆکەریش زانییان لەو چرکەساتەدا ئەو ئەفسەرە داگیرکەرە لەگەڵ بینینی پەروانە شتێکی چرپاندە گوێی عەولاغا. تەنانەت پەروانە خۆیشی هەستی پێکرد، بۆیە زۆر بە خێرایی دزەی کردە ناو قەڵەباڵغی و بەرەو ماڵەوە رۆیشتەوە. هەر کە گەیشتەوە ماڵیش ئەو رووداوەی بۆ باوکی گێڕایەوە. ترس لە دڵی هەموویان نیشت، چونکە دەیانزانی نیازی بیابانییە داگیرکەرەکان تێکەڵبوونە و داگیرکردنە بە شێوازێکی دی. بە تێکەڵبوونی کۆمەڵایەتی. شوانۆ بە خاتوونە پیرۆزەی خێزانی گوت:

– ئەزموونمان زۆرە لەگەڵ ئەو جۆرە داوایانە. ئیتر ژیانمان تاڵتر دەکەن. تازە پەیوەندی ئێمە لەگەڵ داگیرکەر لەسەر محەکە. یان ئێمە نابین یان ئەوان. پرۆسەکە بۆ کەسێکی دامێن شڕی وەکو عەولاغا ئاسانە، داخوازییەکە و دەبڕێتەوە، بەڵام بۆ ئێمە کەرامەتە و پەیوەندی بە وەچەکانی داهاتووەوە هەیە. تف لەمن کە رێگابدەم نەوەم لە داگیرکەران و بکوژانی نەتەوەکەم ببن. دەبێ لە ئێستاوە چاوەڕێی رووداوە جەرگبڕەکان بین، بۆیە کەوتە بیرکردنەوە و راوێژ.



هەر ئەو ئێوارەیە تاریق ئەلسەدیمی داوای لە عەولاغا کرد بچێت و بەوپەڕی دۆستایەتی و برادەرایەتی داوای پەروانەی بۆ بکات.  عەولاغای خۆفرۆش دەیزانی شوانۆ پیاوێکی ئاسان و گێل نییە. هەر ئاوا بە دوو قسەی خۆش دەستەمۆ نابێت. لەو کەسانەش نییە بترسێت و بە ئاسانی خۆی بداتە دەست. دەیزانی شوانۆ شێوە خەباتێک دەکات لە شێوە خەباتی پێشمەرگەکان ترسناک ترە. دەیزانی شوانۆ نانی زۆرێک لەو خێزانانە دەدات کە پیاوەکانیان لە شاخن و بەرگری لە ئاگری پیرۆز دەکەن. ئەگەرچی بەلایەوە کارێکی ئاسان نەبوو بەڵام بڕیاریدا بچێتە ماڵی شوانۆ و داخوازی پەروانە بکات بۆ ئەفسەری ناودار رەفیق تاریق ئەلمەجید ئەلسەدیمی. سەرەتا پێشەکییەکی دوورودرێژی گوت. باسی لە پیاوەتی و رەسەنایەتی شوانۆ  دەکرد. دانی بەوەدا دەنا کە شوانۆ یەکێکە لەو پیاوە بەوەجانەی کە بێی ئەو ئاگری پیرۆز وەکو ئاشێکی ئاولێبڕای لێدێت. خەڵکێکی زۆر تووشی نەداری و برسییەتی دەبێ. بەڵام لەگەڵ ئەوەش باسی لە بارودۆخی نوێی ئاگری پیرۆز دەکرد. باسی لەو شەڕانە دەکرد کە کۆتاییان بە بەرگریکاران هێناوە و سەردەمی نوێ سەردەمێکی گەش و داهاتوویەکی رووناک دەبێ بۆ ئاگری پیرۆز. ئینجا ئەو بارودۆخەی دەکردە هۆیەکی هەڕەشەئامێز بۆ هەموو ئەوانەش کە لە دژی دەوڵەتی داگیرکەر و بەرژەوەندی بیابانییەکان جموجۆڵ دەکەن. ئەوەشی بە بیر شوانۆ دەهێنایەوە کە ئەوان دەزانن کێ یارمەتی خێزانی یاخیبووەکان دەدات و کێ خەڵکی رژد دەکات لەسەر کۆڵنەدان و ئازادی ئاگری پیرۆز. ئینجا زۆر بێ شەرمانە بە شوانۆی گوت:

– بڕواوبێ کاکە شوانۆ رۆژ رۆژی ئێوەیە. هەرچی دەتانەوێ لە ماڵ و موڵک، لە دەسەڵات و پارە داوای بکەن. قسەم پێیە، بەڵێنیان پێداوم هەرچی داوای بکەن بۆتانی جێبەجێ بکەم. ئیتر تەمەنیش چەند ماوە، زۆر رەنجتان کێشا، ئێوە شایستەی زیاتریشن. ئێوە هەرچی وەربیگرن هەرکەمە. شایستەی هەموو شتێکن. ئێوە و باب و باپیرانتان هەمیشە شانازین بۆ ئاگری پیرۆز، کەسێک نییە خەباتی باوکی بەڕێزتانی لەبەرچاو نەبێ.

زۆرجاران شوانۆ دەیویست قسەی پێ ببڕێ و داوای لێبکات داخۆ چیدەوێ، بەڵام عەولاغا هەموو جارێ ماوەی نەدەدا و درێژەی بە ترساندن و هاندان دەدا. تا دواجار عەولاغای ناچار کرد داواکارییەکەی بخاتە ڕوو. پێویست بەو هەموو پێشەکییە ناکات. ئەگەرچی شوانۆ زۆر باش دەیزانی ئامانجی عەولاغا لەو هەموو زۆربلێییە چییە و ڕق و قین ناو دڵی دەخواردەوە. جگەرە لەسەر جگەرەی پێدەکرد و قومی وا قووڵی لە جگەرەکان دەدا ئەو ژوورەی تاریک هەڵگەڕاندبوو. شوانۆ کە گوێی لە داواکارییەکە بوو هەڵسایە سەر چۆک و بە عەولاغای گوت:

– جەنابی عەولاغا بەخێرهاتی، بەڵام ئەو کارە ئاوا بە سادەیی نابێت. خۆ تۆ خۆت دەزانی چیاییەکان ئوسولیان هەیە بۆ ژن و ژنخوازی. دەبێ ڕەفیقی بەڕێز خۆی بێت، جەنابیشت خۆت لەگەڵیان وەرە، چونکە بێی تۆ ئەوان بە هیچ نازانم. تۆ هاوشاری ئێمەیت و بێی تۆ نابێ شتی ئاوا بکرێت. مادام خۆتان تەشریفتان هاتووە کچەکەی من بە قوربانی تۆ بێت. جا کچ چییە، هەر زوو بتگوتبایە، ڕێزی تۆ لای ئێمە زۆرە. حەز دەکەن هەر بەیانی ئێوارە وەرن، بەڵام چەند ئەفسەر و پیاوی حیزبیشتان با لەگەڵدا بن، ئەگەر چی لەبەر خاتری تۆیە پێشکەشی دەکەم، دڵنیاش بە ئێمە هیچمان ناوێ و هاتنی تۆ بەسە بۆ ئێمە.

عەولاغا ئەم هەڵوێستەی زۆر پێ سەیر بوو، پێی گوت:

– شوانۆ مەبەستت چییە لە هێنانی چەند ئەفسەر و پیاوی حیزبی لەگەڵ خۆمان؟

ئەویش لە وەڵامدا گوتی:

– تۆ کولتووری چیاییەکان دەناسیت، حەز ناکەن کچ بە داگیرکەر بدەن. ئەگەر ئێوە چەند ئەفسەرێکی گەورە و پیاوی حیزبی گەورەتان لەگەڵدابن ئەوا قسەم دەڕوا و زمانیشم لەناو خەڵکی ئاگری پیرۆز درێژ دەبێت. شوانۆ هێندە بە سۆز و بە ورەبەرزییەوە قسەی دەکرد هەرزوو عەولاغا باوەڕی کرد. ئەگەر چی هەرگیز ئەو هەڵوێستەی لە شوانۆ چاوەڕێ نەدەکرد. دەنگودۆڵی ئەو هەواڵە گڕی لە ئاگری پیرۆز بەردابوو. خەڵکی هەموو تاساندبوو. زۆرێک لە خەڵکی ئاگری پیرۆز ئەو دەنگوباسەیان بە مەلا ڕەسووڵی باڵابەرز ڕادەگەیاند و سەرسووڕمانی خۆیان دەردەبڕی. ئەویش زۆر بە دڵنیاییەوە دەیگوت:



– بمرن باشترە نەک ئەو پڕوپاگەندانە لەسەر شوانۆ بڵاوبکەنەوە. شوانۆ کوڕی لایەقبەگی قوبادبەگی کەشکەشانە. سەری خۆیشی دابنێ ڕیشی باپیرانی خۆی پیس ناکات. ڕووی چیاییەکان ڕەشناکات. شتی ئاوا ڕووی نەداوە و ڕووش نادات. ئەگەر واش بێ شوانۆ پیاوێکی ئاقڵە و دیارە بەرژەوندی گشتی لە کارێکی ئاوادا دەبینێت.

ئاخر مەلا ڕەسووڵی باڵابەرز هەموو نهێنییەکانی شوانۆی دەزانین. بۆیە هەموو ئەو قسانەی بە پڕوپاگەندە دادەنا. تەنانەت ئامادە نەبوو بەدواشیدا بنێرێ. بۆیە ترسی خەڵکی لە کارێکی ئاوا دامرکایەوە. بەڵام شوانۆ سەرانی باوەڕپێکراوی هێزی بەرگری ناوخۆی ئاگری پیرۆزی ئاگادار کردبووەوە کە لەم شەوەدا خۆیان و چەکەکانیان ئامادە بن و خاوی نەکەن لە بەدواداچوونی هەر ڕووداوێک. بێجگە لەوەش پلانێکی مەحکەمیان دانابوو. شوانۆ بۆخۆی لەماڵ دەرنەدەچوو، هەموو کارەکانی بە پەروانە ئەنجام دەدان. ئێوارەی پێش پلانەکەش مەلا ڕەسووڵی باڵابەرز لە جێبەجێکردن و کاتی ڕاپەڕاندن ئاگادار کرایەوە. مەلا ڕەسووڵی کوڕی کوێخا حەبیبی باڵابەرز یەکێکە لەو مەلایانەی کە وەکو قەڵایەک وابوو بۆ ئاگری پیرۆز. بیروباوەڕی ئەو بە چیا و بە چیاییەکان لە ڕەگوڕیشەی خودی چیاکان پتەوتر بوو، بۆیە فەقێیەکانیشی لەسەر وڵاتپارێزی و جوانڕاگرتنی دەڤەری چیا ڕاهێنابوون. کە ئەو هەواڵەی زانی هەڵسایە سەر پێ و گوتی:

– دەزانم ئەو کارە زۆر قورسە و خوێنێکی زۆری چیاییەکان دەڕژێت، بەڵام مردن لە ژیانێکی بێنرخ بەهادارترە، پێناچێت ڕێگای تریشمان لەبەردەمدا هەبن. هەرچۆنێک بێ، ئەم زەبرە زەبرێکی جەرگبڕ و کوشندە دەبێ بۆ داگیرکەر. خودا و ڕۆحی پیری چیاداد لەگەڵماندایە و سەربەرزیش هەر بۆ چیاکان دەمێنێت. بە شوانۆ بڵێن دەستی خودا لەگەڵ دەستی ئەو دایە و دڵی ئێمەش لەگەڵ دڵی ئەو دایە، با دوودڵ نەبێ لە گوللەبارانکردنی داگیرکەران.

دوای یەک هەفتە، عەولاغا خۆی ئاگاداری شوانۆی کردەوە کە ئێوارەی ڕۆژی هەینی دێنە داخوازی پەروانە بۆ تاریق ئەلسەدیمی. کۆمەڵێک ئەفسەر و پیاوی حیزبی لەگەڵ عەولاغا بەرەو ماڵی شوانۆ بەڕێ کەوتن. ئەو ڕۆژە عەبەی سەلجوقی نەیتوانی بچێ، بەسەفەر چووبوو بۆ دەرەوەی ئاگری پیرۆز. کە گەیشتنە

بەر ماڵی شوانۆ خۆی و خێزانی لەبەر دەرگا بەخێرهاتنی هەموویانی کرد. کاتەکە ئێوارەی رۆژی هەینی بوو و تازە خۆر ئاوادەبوو و خەڵکی بەرەو ماڵ دەگەڕانەوە. هیچ دیاردەیەکی نامۆ نە لە دەموچاوی شوانۆ و نە لە دەموچاوی خاتوونە پیرۆزەی خێزانیشی بەدی نەدەکرا بێجگە لە زەردەخەنە و چاک و خۆشی و بەخێرهێنان. زوو زوو بە عەولاغای دەگوت:

– بەداخەوە زمانی بیابانیش نازانین تا بە زمانی ئەوان بەخێریان بێنین.

هەموویان دانیشتن، بێجگە لە گاردییەکانیان. گاردییەکان کەسیان نەهاتە ژوورەوە. دوای بەخێرهێنانێکی زۆر خاتوونە پیروز روخسەتی خواست و بەرەو ژووری چێشتلێنان رۆیشت و دوای کەمێکیش شوانۆ بۆ یەک چرکەسات ئیزنی لێخواستن. هەڵسا و بەرەو ژوورێکی بچکۆڵەی تەنیشت ژووری دیوەخان رۆیشت. ئەو ژوورەیان وەکو کۆگا بەکار دەهێنا. هەموو هەنگاوەکان پلانیان بۆ داڕێژرابوو. دەرەوەی ماڵی شوانۆ زرمەی دەهات لە گاردی و لە چەکدارەکانی عەولاغا. سەربان و سەرەڕێکانی ئەو دەڤەرەش پڕ بوون لە مناڵ و گەورە و بچووک، تەماشای دیمەنی گاردییەکانیان دەکرد. سەرکەوتنی ئەو پرۆسەیە بۆ عەولاغا گەورەترین سەرکەوتن بوو. ئیتر ئاگری پیرۆز دەبووە مۆڵگەی عەولاغا و داگیرکەران. جارێکی دی ئاسان نەبوو باس لە ئازادی و سەربەخۆیی ئاگری پیرۆز بکرێتەوە. عەولاغا و ئەفسەر و پیاوەکانی بیابان لەوپەڕی دڵخۆشی دابوون. هەندێکیان شەربەتیان دەخواردەوە و هەندێکی تریشیان پڕ بەدەمی خۆیان لە قاقای پێکەنینیان دەدا. رەفیق تاریقیش زوو زوو بە تیلە چاوێک تەماشای دیوی دەرگای ژوورەکانی دیکەی دەکرد بەڵکو لە کەلێنێکڕا پەروانە ببینێ و چاوتروکانێکی لێبکات، لەگەڵ چاو سوڕاندنیش دەستی بە سمێڵەکانی دادەهێنا. ئەو ژوورەی کە شوانۆ بۆی چوو بەرکەنار بوو کەسیان روویان لەوێ نەبوو. کە شوانۆ بە خۆی و چەکەکەی هاتە دەرەوە هەموویان سەرقاڵی مەستی ئەو رووداوە خۆشە بوون، رووداوی شیرینی و داخوازی پەروانە. پەروانە لە خوێندندا زۆر زیرەک بوو، دوا ساڵی ئامادەیی بوو. ئیتر ساڵی داهاتوو دەچوو بۆ زانستگا. پلانی ئەوە بوو ببێ بە پارەێزەر و بەرگری لە رەشوڕووتی دەڤەری چیا بکات. هەرچەندە شوانۆی باوکی حەزی دەکرد ببێ بە پزیشک و سوودی ببێ بۆ نەخۆش و بریندارانی خەڵکی چیا.



دایکیشی بە هەموو شتێک رازی بوو، بەلای ئەوەوە گرنگ هەوڵدان بوو، ئیتر هەر چ بخوێنێ دەتوانێ خزمەتی چیاییەکانی پێبکات. لە دەرفەتێکی گونجاودا شوانۆ بۆیان هاتە دەست. لەگەڵ یەکەم تەقە خاتوونەی پیرۆزیش لە چێشتخانەکەی ماڵەوەیانڕا بۆیان هاتوو لە هەردوو لا گەورەپیاوانی داگیرکەرانیان دایە بەردەستڕێژی گوللـە. ئەو دەستڕێژییەی لە داگیرکەران کرا، یەکەم دەستڕێژ و دوا دەستڕێژ بوو. هەموویان بۆ دواجار هەپرون بە هەپرون بوون. نۆ گەورەئەفسەری بیابانی، لەگەڵ پێنچ گەورە حیزبی بیابانییەکان لەوێدا کوژران و کەلوکۆم کران. لەو لایەشەوە پەروانە لە پەنا تیلەی دەرگاوە دەستی کرد بە تەقە و نەیهێشت کەس بێتە ژوورەوە. کە شوانۆ دڵنیا بوو لە کوژرانی هەموو بیابانییەکان، بەرەو تەرمی عەولاغا چوو، پێی راستەی لەسەر سینەی دانا و پەنجەی راستەیشی بە سمێڵەکانی داهێنان. بانگی خاتوونە پیرۆز و پەروانەی کچی کرد و رێوشوێنی گونجاوی گرتە بەر بۆ شەرێکی دەستەویەخە و پاڵەوانانە. شوانۆی پاڵەوان، بە هاوکاری خاتوونە پیرۆزەی خێزانی و پەروانەی کچی، هەر یەک لە دەلاقەیەکەوە بۆ بۆدیگاردییەکانی عەولاغا و ئەفسەرەکان دانیشتن و تا شەویان بەسەرداهات پشوویان نەدا و شەڕی هات و نەهاتیان دەکرد. ئەو شەوە هەموو خەڵکی ئاگری پیرۆز لە سەنگەردا بوون. لە هەموو کون و کەلەبەرێکی ئەو شارەدا گوللە دەردەچوون. هەموو سەرە شەقامەکان گیرابوون. بە جارێ دەیان و سەدان پارچە چەک لە ژێر زەوی هێنرانە دەرەوە. نەیاندەهێشت تەنانەت سەربازێک و تاکە جاشێکیش بگاتە شوێنی رووداوەکە. بێجگە لەوەی شوانۆ بە هاوکاری خێزانی و کچەکەی کۆمەڵێک بۆدیگاردیش دەکوژن هێزی بەرگری ئاگری پیرۆزیش کۆمەڵێکی زۆر لە داگیرکەران قڕ دەکەن. ئەو شەوە داستانێکی زۆر گەورە تۆمار دەکەن.

باپیرەم دەیگوت:

– ئەو شەوە خەڵک بە چاوی خۆیان نووریان بینی بوو قەدپاڵی چیاکان و بەرۆکەکانی دایان و دەڤەری شارۆچکەی ئاگری پیرۆزی رووناک کردبووەوە، بە چاوی خۆیان بینیبوویان چیای دایان سەمای دەکرد، لوتکەی کێوان سوژدەی گەورەیی بۆ پێشمەرگەکان دەبرد. دەنگی بەهەشتیش لە هەموو شوێنێک دەبیسرا. زۆر کەس دەستخۆشی دەنگی بەهەشتی بیستبوو.

شەڕ تا بەیانی لە هەر چوار لای ئاگری پیرۆز بەردەوام دەبێ. بەیانی هێزێکی داگیرکەر بە تانک و زرێپۆشێکی زۆرەوە بەرەو ئاگری پیرۆز بەڕێ دەکەون. هێزی بەرگری زۆر بە خێرایی  چەکەکانیان دووبارە دەبەنەوە ژێر گڵ. ئەو لاشانەی لە کۆڵانەکان کەوتبوون بەر لە رۆژ دەرچوون بەرەو دۆڵی گلاوانیان بردن. ئەو دۆڵەی شان بەشانی رووباری سەما شۆڕ دەبووەوە و کۆتاییەکانی لە باوەشی خەرەند کۆتایی دەهات. هێندەی لاشە تێکرابوون لە بن نەدەهاتن. ئەو جارە و هەموو جارێکیش لاشەکانی دوژمن بۆ ئەو دۆڵە بەڕێدەکران، بۆیە ئەو ناوە بەسەر دۆڵەکەدا براوە، تا ئەمڕۆش بە دۆڵی گلاوان بە ناوبانگە. بەر لەوەی رۆژیش دەربچێت هەندێک لە کوژراو و بریندارەکانی خۆیان کۆکردنەوە، بەڵام هەر نەگەیشتەنە دەردۆری ماڵی شوانۆ، چونکە لەوێ شەڕ هەر بەردەوام بوو.

پاشان دوژمن بە چەند کەرەتێک هەندێ لە لاشەکانی بەرەو بیابان بردنەوە. هەر لەو کاتانەشدا هێزێکی زۆر بەرەو ماڵی شوانۆ دەچن و گەمارۆیەکەی بە هێزتر دەکەن. شوانۆ و پەروانەی کچەکەی و خاتوونە پیرۆزی شوانە شەڕی هات و نەهات دەکەن. زۆری تریش دەکوژن، تا گوللـەیان لا دەمێنێ شەڕ دەکەن. پاشان پەروانە خۆی بە یەک گوللە دەکوژێ بۆ ئەوەی نەکەوێتە دەست بیابانییەکان. شوانۆش لە شەڕدا دەکوژرێ، گوللـەیەکی بێ ویژدان نێو هەردوو چاوەکانی دەبڕێ، چەکی لە دەستێکی بووە و پەنجەی لەسەر پەلاپیتکەی چەکەکەی بووە، دەستەکەی تریشی لەسەر برینەکەی بووە بۆ ئەوەی فیچقەی خوێن رابگرێ. دەڵێن بە لاشەی عەولاغا و چەند ئەفسەرێک سەنگەری بۆ خۆی دروست کردبوو، هەرسێیان چیاییانە شەڕی هات و نەهاتیان کردبوو، زیانێکی نەقۆڵای گیانی زۆر گەورەیان لە دوژمن دابوو. پاشان خانووەکەیان بەسەردا دەڕووخێنن. شەوی دووەم لەگەڵ ئەوەی هەموو ئاگری پیرۆز لە ژێر کۆنترۆڵ و چاودێری بیابانییەکاندا دەینالاند بەڵام هەر ئەو شەوە کۆمەڵێک جاش و خۆفرۆشی تر دەکوژرێن. دواتر دوای ئەوەی لاشەی شوانۆ و پەروانەی جوانەمەرگ دەبیننەوە لاشەی خاتوونە پیرۆز نادۆزنەوە. هەموو ژێر خانووە بەسەریەکدارماوەکەی بۆ دەگەڕێن، شۆفەڵ دێنن، خاتوونە هەر نادۆزنەوە. دوایی لەسەر دەمی خەڵکی دەزاننەوە کە ژنی شوانۆ دوای ئەوەی مەرگی هاوسەرەکەی و کچەکەی بە چاوی



خۆی دەبینێ. بە شەو لە شوێنێکدا خۆی حەشار دابووە تا دەرفەت دەبینێ و پاشان رزگاری دەبێ و دێتە دەرەوە. بێ ئەوەی بشڵەژێ و بشێوێ ئاگری پیرۆز بەجێناهێڵێ و تەنها دەست بە جاش کوشتن دەکات. تا ماوەیەکی دوور و درێژ دەبێ بە پێشمەرگە و هەر شوێنێک جاشی لێبوایە ئەو بەسەریدا دەدان و لە ناوی دەبردن. ناوی خاتوونە پیرۆزی شوانۆ دەبێتە ئەفسانە و تا هەنووکەش لەبەر ئاگردانان باسی دەکەن. لە هەر شوێنێک ناوی خاتوون هاتبایە جاشە خۆفرۆشەکان زەندەقیان دەچوو. چەند جار کەلاشی جاشەکانی لە پاڵ یەکتر کۆدەکردنەوە و مستێک جۆی لە ناو دەمولیچیان دەپەست و کای بۆ روو دەکردن. ئەو شەڕانەی شوانۆ و خێزانی و کچەکەی مایەی خەوزڕانی هەمیشەیی بیابانییەکان بوون. دەڵێن زورجار شوانۆ لە تەک نێوی پیری چیاداد هاواری دێوانە شارناسیشی دەکرد، ناوی دەهێنا، بۆیە هەندێک پێیان وابوو ئەوە رۆحی دێوانە شارناسە لە جەستەی شوانۆدا پەیدابۆتەوە و بیابانییەکان هەڵدەپاچێ.

لەگەڵ هەموو ئەو هزرانەی کە خۆیان لە دەیان هێرشی هەمەجۆری بیابانییەکاندا دەنواند و کۆتاییان بە خۆڕاگری شەڕی پیرۆزی شوانۆ و پەروانە و خاتوونە پیرۆزی شوانۆ و شارناسی پاڵەوان دەهێنا، لێرەش خۆڕاگرییەکان کز دەبوون و جارێکی تر کۆمەڵێک لە گەنجانی ئاگری پیرۆز دەبوونە پێشمەرگە و بەرەو سنوورەکان دەکشان. کە بیابانییەکان بە هێزێکی زۆر بەرەو ئاگری پیرۆز دەکشان هەمان ئەو رۆژانەیان وەبیر چیاییەکان دەهێنایەوە کە لە دوای دێوانە شارناس بیابانییەکان، چیاکان و دانیشتوانیشیان بێ رێز دەکردنەوە، بە دەیان و سەدانی لێدەکوشتن و لێدەگرتن، جارێکی تر جاشەکان بێ شەرمانە دەهاتنەوە و چاوساغییان بۆ بیابانییە دڵڕەشەکان دەکردەوە.

* * *

ئەو بەیانییەی کە بیابانییەکان بە شەقام و کۆڵانەکانی شاریان وەرکرد، خەڵکی لە ماڵی خۆیان دەرنەچوبوون، بازاڕ داخرابوو تاکە دووکانێکیش نەکرابووەوە، ئەوەش کە دەهاتە دەرەوە تەنها ژن و پیر و پەککەوتە بە دوای کار و پێویستییەکانیاندا دەچوون، ئەو گەنجانەش کە مابوونەوە لە شار دەترسان و

پەنجەی خۆیان دەگەست. دوژمن هاتووچۆی قەدەغەکرد و کەوتە پشکنینی ماڵەکان و عەبەی سەلجوقی بیابان و چەندین سیخوری دی بە چاوساغی عەولاغای کوڕ دەسنیشانی ماڵە جەنگاوەرەکانیان دەکرد. کە چووبوونە ماڵی ئێمە هەرچی کتێب و شتوومەکی ژوورەکەی من هەبوو سەراوبنیان کردبوو، دایکی بەستەزمانمیان بەستبووە و لەگەڵ قۆنداغی تفەنک دەموچاویان ڕەش و شین کردبوون. سەروسۆراغی پێشمەرگەکان و کەسوکاریان دەپرسی، ئەوان ئازاری داروبەردیشیان دەدا. سەروسۆراغی هەموو ئەو نەبەردانەیان دەپرسی کە بەرەو ئەشکەوت و بناری چیاکان تێکشابوون و چاوەڕێی دەرفەتی تازەی ڕاوە بیابانییان دەکرد.

هەر لە هەمان شەودا دەستەیەکیان دابەزیبوونەوە ناو شار و تا بەرەبەری بەیانی شەڕوپێکدادان بەردەوام بوو. بەیانی دوای تەواوبوونی شەڕ هەر گەنجێک کە لە شار مابووەوە گیرابوو، نەهری ڕۆحسووکیش هەر ئەو شەوە دەگیرێ، کۆمەڵێک بەڵگەنامە و کتێب و دەستنووسیشی لێ دەگیرێن، بەڵام ئەم جارەیان هەرلەوێ ڕزگاری دەبێ، یەکێک لەو ئەفسەرانەی برادەری باوکی دەیبینێ و لێناگەڕێ لەگەڵ خۆیان بیبەن، دوایی ئازادی دەکات.

هەر بەو شەوەش خەڵکێکی زۆری دی خۆی گەیاندبووە پێشمەرگەکان. ئێستاش نازانم باوکم چۆن بەو شەوە توانیبووی بگاتە ئەوێ. بۆ یەک مانگ دەچوو ئێمە نەمانتوانی بگەڕێینەوە ئاگری پیرۆز. ئەوەی دایکم باسی دەکرد دەربارەی باوکم باوەڕنەدەکرا. ئەو شەڕەی باوکم و چەند کەسێکی دیکەی ئاگری پیرۆز کردبوویان هاوشێوەی شەڕی شوانۆی شەهید بووە. لەیەک ژووردا شەڕ دەکەن، دەیان هێرشی هێرشهێنەرە بیابانییەکان تێکدەشکێنن. لاشەی سەربازەکان هێندە لەسەر یەک دەکەون هەموو ئەوانەی دواتر دێن سامگرتوو دەبن، ئارامیان لەبەر هەڵدەگیرێ. پێشەوەی ئەو خانووەی کە شەڕی تێدا دەکەن هەمووی بەسەریەکدا دەڕمێ، پاشان پێشمەرگەکان لە ئەنگووستەچاوی شەودا دواوەی لە دواوە رادەکەن و بەرەو چیا هەڵدەگەڕێن.

ئێمە کە گەڕاینەوە ئاگری پیرۆز هیچ شتێک وەکو خۆی نەمابوو. هەردوو دیوی ریزەخانووەکانی ماڵی شوانۆی قارەمان لەگەڵ زەوی تەخت کرابوون. ئەو



خانوانەش کە لە ڕۆژهەڵاتی ئاگری پیرۆز شەڕیان تیاکرابوو هەموویان تەخت کرابوون. سەرتاپای بازاڕی ئاگری پیرۆز داخرابوو. عەولاغای کوڕ و ڕەفیق عەبوودی سەلجوقی و کۆمەڵێک جاش و ئەفسەری بیابانی بڕیاری یەکلاییکەرەوەیان دابوو لەگەڵ ژن و منداڵ و پەککەوتەکانی ئاگری پیرۆز. کەسێک نەمابوو ڕاپێچی لێپرسینەوەی نەکەن و ئازار و ئاشکەنجەی نەدەن.

دەیانگوت تەنانەت مەلا عەبدولباری قولئەعوزیش ڕاپێچی بنکەیەکی ترس کرابوو، پێیان گوتبوو:

– تۆ بەچ حاڵ مەلای گەورەی ئەو شارەی، تا هەنووکە ئاگات لە هیچ نهێنی و دەنگوباسی هەڵسوکەوتی تێکدەران نییە، تۆ لایەقی ئەوە نیت بکرێی بە پێشەوا و نوێژخوێنی مزگەوتی گەورەی ئەو شارە.

ئینجا ویستبووی قسە بکا، عەبەی سەلجوقی یەک زللەی لێدابوو. عەولاغای کوڕ نەیهێشتبوو زیاتر ئەزیەتی بدەن ئەگینا هەموو ڕقی خۆیان بە مەلا عەبدولباری نەزان دەرڕشت. ئینجا عەولاغا بە عەبەی سەلجوقی دەڵێ:

– گەورەم ئەو بەستەزمانە هیچی لەدەست نایەت. خەڵکی ئاگری پیرۆز هەموویان ڕقیان لێدەبێتەوە، تەنها لەبەر ئەوەی کە دۆستایەتی ئێمە دەکات. مەلا عەبدولباری خانەدان و گەورەی ئەو شارەیە، پێویستە خەڵات بکرێ نەک بێڕێز.

دوای ئەوە عەبەی سەلجوقی پۆزشی بۆ دێنێتەوە و هەندێک پارەی دەدەنێ و بە سەرشۆڕی بنکەی سیخوڕەکان بەجێ دێڵێ. ڕەفتاری بیابانییەکان وابوو کە لوتیان بە خوێن دەبوو، چیاییە خۆفرۆشەکانیش لە تف و نەفرەتی ئەوان ڕزگاریان نەدەبوو. ئەو چەند ڕۆژانەی بەسەر ئاگری پیرۆزدا تێپەڕ دەبن ڕۆژانێکی ڕەش دەبن. تەنانەت گیانلەبەریش لە زوڵم و زۆری داگیرکەر ڕزگاری نەدەبوو. هەموو دار و بەردی ئەو شارە خوێنی لێ دەچۆڕایەوە. بەرلەوەی بگەڕێینەوە باسکرابوو کە لە ئاگری پیرۆز شەڕ بووە بەڵام نەمان دەزانی بیابانییەکان سیاسەتی کۆمەڵکوژی لەو شارە بەڕێوە دەبەن. هەر ئەو ڕۆژەی ئێمە گەڕاینەوە پێنج گەنجیان لەبەردەم مزگەوتی گەورەی شار ڕەمی کردبوون. لەو پێنجانەش کچێکی ١٦ ساڵیان لەگەڵدا بوو.

هەر کە گەیشتمەوە ماڵ زۆری نەبرد هێزێکی چەکدار وەژوورکەوت. منیان گرت و دەست و چاویان بەستم و بۆ یەکێک لە بنکە داگیرکراوەکانیان بردم. کە چوومە ژوورەوە دەست و چاویان کردمەوە، عەبەی سەلجوقی دارێکی لەدەستدا بوو بە هێواشی بڵندی دەکرد و لە پانایی دەستی خۆی دەدا و نێوچاوانیشی پڕ کردبوون لە کوریشک. زیاتر لە ١٥ خوێندکاری تری زانستگای لێبوون، کە زۆربەیانم دەناسین ریز کرابوون و دەستیان لە پشتی سەریان دانابوو. منیشیان بردە ریزی ئەوان و داوایان لێکردم کە دەستم لە پشتی سەرم دابنێم. بۆ ماوەی چەند دەمژمێرێک گیریان کردین بێ ئەوەی هیچ قسەیەکمان لەگەڵدا بکەن، ماوە ماوە خوێندکارێکیان دەهێنا، تا لە ئاکامدا بووین بە بیست خوێندکار. زۆری نەبرد عەولاغای کوڕیش هاتە ژوورەوە و دەستی بە جنێودان کرد.

– وا تێنەگەن ئێمە ئاگامان لە هیچ نییە، ئا ئەو شارە ناپیرۆزە پانوپڕوچ دەکەمەوە. بەڵێن بێ هەمووتان هەڵدەواسم. با دوایی خودای مەلا رەسووڵ بێ رزگارتان بکات هەی خوێڕینە.

لەگەڵ جنێوەکانی بەدەوروبەرماندا دەسوڕایەوە و بە ویستی خۆی هەر یەکەو بە شێوەیەک بە شاپ و قوتە داری دەستی دایدەگرتین. عەبەی سەلجوقیش لەسەر تیلەیەکی مێزە ئاسنینەکەی ژوورەکەدا پاڵیدابووەوە و لەگەڵ دیمەنەکاندا زەوقی دەهات و پێدەکەنی. عەولاغای کوڕ لە باوکی خۆی زۆر دڵسۆزتر و بێ ویژدان تر بوو بۆ بیابانییەکان. کەسێکی ساویلکە و بێ ئەزموون بوو. ئەڵقە لەگوێیەکی بێ ئیرادە بوو لەبەردەم بەرپرسەکانیدا.

زۆری نەبرد لاپەڕەیەکی سۆزدانیان بە هەندێک لە ئێمە ئیمزا کرد و بەرێیان کردین. داواشیان لێکردین لەماڵ دەرنەچین. هەر یەکێ تا هەفتەیەک لەماڵ دەربچێ و بگیرێ جارێکی تر دەرەوە بەچاوی خۆی نابینێتەوە. هەندێکی تریش هەر مانەوە و شوێن بزر کران. تا هەنووکەش کەسوکاریان نازانن چیان بەسەر هاتووە. دەیانگوت:

– ئەوەی کەسێکی رای کردبێ ئازاد نەکراوە. بەڵام تا هەنووکەش نەیانزانیبوو کە باوکم رای کردووە. چونکە بەر لەوەی ئەو شەڕە رووبدات ئەو لە ناو شار بڵاوی کردبۆوە کە بۆ دوو هەفتە سەفەر دەکات، وا دیارە مەبەستیشی بووە سەفەر بکات یا پلانەکەیان بەو جۆرە بووە. ئێوارە لەبەرچاوی خەڵک بە



ماشێنەکەی دەیبینن دەڕوات. گوایە دەچێت بۆ پێتەخت و لەوێ دەنگوباسی هێرشی بیابانییەکانی گوێ لێدەبێ، بۆیە بە تەکسییەک بە درەنگی شەو دەگەڕێتەوە. بەڵام لە دووری ئاگری پیرۆز رێگای هاتنە ژووری لێدەگرن و دەیگێڕنەوە، پاشان بە ناوچە شاخاوییەکاندا هەڵدەگەڕێت و زۆربەی رێگایەکە بە پێ دەبڕێت. هەر لەو شەوەشدا بەشداری لە شەڕەکەدا دەکات، دواییش پاشەکشێی لێدەکەن و کەسیش نازانێ زێندینی هەوران بەشداری شەڕی کردووە.

کە ئێمە ئازادکراین دەنگۆی باسوخواسی دێوانە شارناس لەناو خەڵکیدا بڵاوبووبۆوە. بە قسەی ئەوان گوێیان لە دێوانە بووە گوتوویەتی:

– نەترسن و دەست لە کار و کاسبی خۆتان شل مەکەن، ژیان دەبێ بەردەوام بێ. بۆیە خەڵکی دووکانەکانیان کردبوونەوە و بازاڕیان گەرم کردبوو.

دەشیانگوت خاتوونە پیرۆزیان بە شەو بینیوە لە کۆڵانەکانی ئاگری پیرۆز سوڕاوەتەوە گوتوویەتی:

– مامەڵە لەگەڵ بیابانییەکاندا نەکەن، بەڕوویاندا پێنەکەنن، ئەوانەی چاوساغیشیان بۆ کردوون دەرفەتیان لێ ببینن و لەناویان بەرن.

لە دوای ئەو قسەیە لە ماوەی یەک شەودا دە تەرمی جاشەکان دۆزرانەوە. پێنج جاشیان هەر لەو شوێنە کوشتبوون کە دێوانە لە کاتی خۆیدا شەڕی تێدا کردبوو. ئەو گڕەی لە ئاگری پیرۆز هەڵدەستا دامرکاندنەوەی بۆ نەبوو، خەڵک هەمووی دەکوڵا، هەموویان مردنیان دەویست بەڵام سەرشۆڕییان بۆ قەبووڵ نەدەکرا. سەیر لەوەدا بوو داگیرکەر بە کوشتنی جاشەکان نقەی لێوە نەدەهات، ئەگەر بیابانییەکیش بکوژرابایە تێکڕای دەڤەری رووداوەکەی خاپور دەکرد. تا دەشهات هێزیان زیاتر دەکرد، زیاتر چڕنوکی خۆیان لە دەروازەکانی شار گیر دەکرد، لەشکریان بە شەقام و کۆڵانەکاندا بڵاوە پێدەکرد.

کە ئێمە گەڕاینەوە بۆ ئاگری پیرۆز هێشتا زۆر تەرم لە ژێر دار و دەوەن و بەردەکاندا مابوون. کە زرێپۆشە تێکشکێنراوەکانمان بینین سەرمان سوڕما، چۆن ئەو هێندە زرێپۆشە تێکشکێنراون، بەڵام سەربازی دوژمنیش هێندە زۆر بوون داروبەردیان داپۆشیبوو، وەک هەناری سەرلێڕا بوون، دەمبەخوێن و دڕندە پەلاماری هەموو شێتک و هەموو کەسێکیشیان دەدا.

## بەشی سێیەم

ئەو رۆژەی کە رێیان بە خەڵکدا لە ماڵ دەربچن تا دوای نیوەڕۆ من هەر لە ماڵ دەرنەچووم و هۆگری دەنگ و باسی رادیۆ بووم. دایکیشم دەیویست بەرەو چیاکان بکشێ بۆ سەروسۆراخێکی باوکم، بەڵام من نەمدەهێشت، دەمزانی باوکم بە ئاسانی خۆی لە ناخۆشییەکان قوتار دەکات و دوژمن بە ئاسانی ناتوانێ زەفەری پێببات. پاشان ئەو بەتەنیا نییە، دەیان کەسی ئازا و چاونەترسی ئاگری پیرۆزی لەگەڵدان. چییەکیشی لێبێ ئەوە لە پێناو ئاگری پیرۆزە و خەمخواردنی ناوێ. هەرگیز دایکم ئاوا دڵتەنگ و نائارام نەبینیبوو. دەیگوت:

– خەپە گیان ئەوە یەکەم جارە لە باوکت دوور بکەومەوە، باوکت ئەو لوتکە چیا سەرکەشەیە کە ئەوە دەیان ساڵە من خۆم لە پەنایدا حەشار داوە، باوکت هەر هاوسەرم نەبووە، برادەرێکی بە وەفا و راستگۆش بووە، بۆیە تازە دەزانم بێی ئەو هەڵناکەم. ئەگەر لەبەر تۆ نەبوایە منی بەجێ نەدەهێشت، خۆ منیش توانای هەڵگەڕان  بە شاخان و بازدان بەسەر بازگەکان و رۆیشتن بە کویرکەڕێیەکان و خۆدەربازکردنم هەیە، توانای ئەوەم هەیە بەشداری شەڕ بکەم و بیر لە برسییەتی و تینوێتی نەکەمەوە. منیش هەم، لە بیرت نەچێ دایکت گوڵچینی شێرەچیای پێدەڵێن. ئەو شەوەی کە لە حزووری لوتکەچیای دایاندا بووم باوکت لەگەڵ مشتومڕی ململانێی من و ورچەڕەشەی دۆڵی دایاندا بە ئاگاهاتبووەوە. کەس نەمابوو چیرۆکێک لەسەر ئەو ورچە رەشە نەگێڕێتەوە. شوانکارەیەک نەمابوو بەدوای ئەو ورچەڕەشەدا نەگەڕێ، ماڵدارێک نەبوو لەدەست ورچەڕەشە زەڕوزیانێکی پێنەکەوێ. ئەو شەوەی کە من لە خەڵوەتی دایاندا لە حزووری رۆحی پیری چیاداد فێری حیکمەت دەبووم، ورچەڕەشە پەلاماری دام. ئەوەندە ئازایەتی کرد رووبەڕوو بۆم هات. بەرلەوەی هیچ کاردانەوەیەکی هەبێت لاچەپ پەلاماری ملیمدا، پەلاماردانێک بۆخۆی چاوەڕێی نەدەکرد. دەستەکانم وەها لە ملی ئاڵاندن هەرچەند هاواری کرد و لە بۆڕەیدا و



خۆی هەڵتەکاند بەرم نەدان، دەتگوت پوشکەم لەچاو هێزی ئەو. هەر چەند بەسەر ملی خۆیدا ئاودیوی دەکردم و لە زەوی قایم دەکردم من هەر شلم نەکرد، هەرزوو واملێکرد ئەژنۆی بلەرزن، هەناسەی تەنگ بێ، ئەو چەند منی بادەدا قورگی ئەویش زیاتر بۆ یەکتر دەهاتەوە. یەکترمان بۆ ماوەی زیاتر لە نیو کاتژمێرێک گەوزاند. لەبەر نەڕەی ورچەڕەشە و هاڕەوهۆیهای دایکت سەرتاپای ئاگری پیرۆز بە ئاگاهاتبوونەوە. زۆر هەوڵی خۆ قوتارکردنی دا بەڵام بێهودە نەیتوانی خۆی قوتار بکات. دەیان گەوزمان بەیەکتری کرد و خۆی لە داروبەرد دەدا، دوای زیاتر لە نیو سەعاتێک گەوزین و ئارەق بەیەکتر کردن، ورچەڕەشە لە جموجۆڵ وەستا و تەنگە نەفەسم کرد، هەتا چاوی سپی نەبوون بەرەڵام نەکرد. ئەوسا بە پشدێنەکەم هەرچوار پەلەکانیم لەو داربەڕووەی ئەوێ بەستنەوە کە لە ژێریا خەڵوەتم دەگرت. منیش زۆر ماندوو بووبووم، باوەڕناکەم بەبارتەقای سەرەدەرزییەک لە لەشمدا مابووبێت بریندار نەبووبێت یا ئازاری نەچەشتبێت، باسکەکانم لە جموجۆڵ وەستابوون، بەزەحمەت توانیم بیبەستمەوە. بەڵام تەکانم دایە خۆم و بەر لەوەی بتوانێ کاردانەوەی تر بنوێنێ سندمم کرد. زۆری نەبرد خەڵک گەیشتە ئەوێ، هەندێک هاتن و خۆیان ئازا دەکرد و دەیانویست سەری ببڕن. بەڵام نەمهێشت. زۆر هەوڵیاندا لێی نزیک ببنەوە ماوەم نەدان. ئەو ورچەڕەشە بەستەزمانە چاوی  لێوەرنەدەبڕیم، پەشیمانیم لە نێوچاوانیا دەخوێندەوە، وەکو چێڵ دەیبۆڕاند، چاوی لەسەر چاوەکانی من وەرنەدەگێڕان، هێدی هێدی ئەسرینی دەباراندن. هەستم بە پەشیمانی ئەو بەستەزمانە دەکرد. لەبەر ئەوە بڕیارمدا ئازادی بکەم، ئەی چۆن دەهێڵم رۆحێکی زیندوو لە بەر باوەشی ئاگرپیرۆز هەڵبگیرێ، ئەو بێجگە لەوەی کە گیانلەبەرێک بوو هاوڕێیەکی هەمیشەی لوتکەی سەرکەشی دایان بوو. ئەو بووبووە هۆی ئەوەی کە بیابانییەکان هەرگیز نەوێرن بە ئاسوودەیی لەسەر لوتکەی دایاندا بسوڕێنەوە و نەگریسی بکەن. ئەو بۆخۆی چیرۆکێکی پڕ هەیبەت بوو، بەڵام دایکت کۆتایی بە هەیبەتی ئەو چیرۆکە هێنا، چیرۆکی ورچێک کە چیایی و بیابانی لەیەکتر جیا نەدەکردنەوە. چیرۆکێک مایەی ئازاردان بوو بۆ چیاییەکان و ئارامی لەبەر دانیشتوانی هەڵگرتبوو. بۆیە بەزاندم،

تێکمشکاند و چوار پەلەکانیم لە داربەڕووەکە بەستنەوە. بەڵام نەدەکرا لەوە زیاتری بەسەر بێنم. گرنگ ئەوەبوو تەمبێم کرد، فێرم کرد کە چیاییەکان دوژمنی ئەو نین. ئەویش دەبێ ئەوەی لەبەر چاو بێ. بڕیاریدا لەمەولا ببێتە سەرچاوەی ترس و تۆقاندن بۆ بیابانییەکان. سەرەڕای ئەوەش کە جوانییەکی بێوێنەی دایان بوو، بۆیە بڕیارمدا ئازادی بکەم. ئەو شەوە مەلا رەسووڵی باڵابەرز دەیگوت:

– ژنی وەکو گوڵچین خان دەگمەنن، بەڵام پێویست ناکا ژیانی خۆی بخاتە مەترسی، پێویست ناکا بەشەو بچێتە خەڵوەت. ژیانی ئەو گرنگ ترە لە خەڵوەت.

ئەو وایدەزانی خەڵوەتی من هەمان خەڵوەتی ئەو سۆفییانەیە کە بازنەیەک دروست دەکەن و سەریان بادەدەن بێئەوەی لە مەبەستی سەربادانەکەیان شتێک حاڵی بووبن، یا شتێک بۆ داهاتووی خۆیان و چیاییەکان وەدەست بێنن. ئەو نازانێ خەڵوەتی من لە حزووری رۆحی پیری چیادادە، گەڕانە بەدوای دۆزینەوەی خۆ، ناسینی چیاکان. گەڕان بە دوای رقی پیرۆز، ئەگەر چی دەزانم رق هەر رقە، رقی پیرۆز یا رقی ناڕەسەن بوونێکی ئەزەلییان نییە، چونکە لە کوێ مرۆڤ بووبێ رقیش بووە، لە کوێ خەبات و تێکۆشان بووبێ رقی پیرۆزیش بووە، لە کوێش داگیرکاری و سووتاندن و خاپوورکردن بووبێ رقی گڵاویش بووە. ئەوەش دەزانم هەندێ جار مرۆڤ پێویستی بە رقە بۆ ئەوەی خۆشەویستی پێ بناسێت، ئەگەر ئێمە داگیرکراو نەبووینایە بە دوای ئازادیدا نەدەگەڕاین. ئەگەر نەکەوتباینە بەر هێرشی رق بە دوای خۆشەویستیشدا نەدەگەڕاین. ئەو رقەیە پێی دەڵێن رقی پیرۆز، رقێک کە هانمان دەدا بە دوای خۆشەویستیدا بگەڕێین، رقێک بۆ ئەوەی رقی پێ لە ناوبەرین.

ئەو قسانەی دایکم دەیکردن، زۆر جار گوێم لێبووبوون بەڵام تام و بۆی قسەکانی ئەمجارەی بێوێنە بوون. هەرگیز هێندە بە توندی لە رۆحمدا شوێنی خۆیان نەکردبووەوە. هەرگیز هێندە مانادار و کاریگەرم نەبینیبوون. ئەو جارە لە دونیای عیرفاندا مەلەوانی دەکرد. عیرفانی گەڕان بە دوای باوکم. بۆ یەکەم جار تامی خۆشەویستی لە دڵ و دەروونندا نوێ بووبووەوە بۆ ئەو هاوسەرەی کە هەرگیز بەجێی نەهێشتبوو. هەرگیز کێشەیەکی گەورەم لێنەبیستوون. بۆیە



هەرچەندە باسم لە بێجەدوایی بە دواداچوونی ئەو دەکرد، دایکم سوورتر دەبوو لەسەر رۆچوون بۆ دونیای باوکمدا.

سەروبەری دوای نیوەڕۆ بوو لەسەر داوای دایکم بەرەو سەربانی مزگەوتی دایان کشام، مزگەوتی دایان جیاواز بوو لە مزگەوتی گەورەی ئاگری پیرۆز، چونکە مزگەوتەکە پاڵی دابوویە چیای دایان هەر ناوی دایانی بەسەردا بڕابوو. مزگەوتەکە رووی دەکردە بەری باکووری دایان و بەسەر ماڵەکانی دایاندا دەیڕوانی. منارەی مزگەوتی گەورەی دایان زۆر بەرز و جوان دیار بوو لەسەر بانی مزگەوتی دایان. بەڵام دواوەی مزگەوتی دایان تا چاو بڕی دەکرد بەرزایی و دار و دەوەن بوو، تا چاو بڕی دەکرد هێمنی و ئارامی بوو. لە تەنیشتی لای راستیشیدا لە نزیکەوە دێرێک باڵای خۆی بە قەد باڵای مزگەوتی دایان هەڵدەکێشا و هەر بە دێری دایان ناونرابوو. لە هێمنی و جوانییدا هەردووک بیناکان وەکو جمک دەبینران. کە هەر جارەی تەماشای دێرەکەم دەکرد هەستم دەکرد دەڵێ "باڵای منیش بەقەد باڵای چیای دایان بەرزە، دایان هەر مزگەوتی نییە دێریشی هەیە". لەو لایەشیەوە پەرستگایەک و منارەیەکی بەژنکورتی رەنگاوڕەنگی شێوە بیناسازییەکی تایبەت بە دەڤەری چیا، باڵای خۆی ئاراییشت دەدا و بەسەر باشووری رۆژئاوای دایاندا نازی لێدەدا و لەناو ئاپۆرەیەکی دارئەسپیندار و دارگوێزەوە سەری دەرهێنابوو. ئەویش لەبیری نەدەچوو بە هەموو ئەوانەی کە لە دەرەوەڕا دێن پێیان بڵێ "ئێمەش هەر ماوین، ئێمە بەر لە هەموان لێرەبووین و لێرەشدا دەمینێین، ئێمە سەرەتای ئێرەین کۆتاییشی نابین".

لە ئاگری پیرۆزدا ببووە نەریتێک هەموو دوای نیوەڕۆیان زۆرێک لە خەڵکی ئاوایی بە هەموو ئایین و ئایینزا و بیروبۆچوونە جیاوازەکانەوە لەوێ لەسەر بانی ئەو مزگەوتەدا کۆ دەبوونەوە، کەس نەدەچوو بۆ سەر بانی مزگەوتی گەورە، هەموو خەڵکی دەهاتن بۆ سەربانی مزگەوتی دایان. سەربانەکە هێندە پان و بەرین بوو جێگەی هەموو خەڵکی تیا دەبووە. لە لایەک منداڵان ماتانێیان دەکرد، لە پەنا پەنجەرەی حوجرەکەدا مامۆستا رەسووڵی باڵابەرز دەرسی بە فەقێیەکانی دەگوت. لە سوچێکی تری بانەکەشدا کۆمەڵێک پیرەمێرد کۆدەبوونەوە و باسی هەموو جۆرە یادگاری و خۆشی و ناخۆشییەکانی ئاگری

پیرۆز و پاڵەوانییەتی دێوانە شارناس و شوانۆ و خاتوونە پیرۆزە و پێشمەرگەکانی تریان دەکرد. لەبیریشیان نەدەچوو باسی شەڕی لەشکرەکانی ئیمپراتۆرییە کۆن و نوێکان بکەن، ئەو لەشکرانەی وەکو کوللە و مێروولە رۆژێک لە رۆژان بەسەر چیاکاندا هاتوونەتە ناو دەشت و دۆڵ و پێدەشتەکانییەوە، باسی هەموو هێرشهێنەرەکانیان دەکرد، هەشیان بوو دەیگوت، ئاگری پیرۆز هەموویانی بەڕێ کرد و بۆخۆشی هەر بە سەربەرزی ماوەتەوە، هەرگیز یادگارییەکیش بێ ستایشی قەڵای خۆڕاگری چیاکان تێپەڕنەدەبوو، بێی داستانی شوانە و خاتوونە پیروز و پەروانەی پاڵەوان هیچ دانیشتنێک تام و چێژی نەدەبوو. لە سووچێکی تریشدا گەنج و لاوانی ئاگری پیرۆز قسەیان لە هەموو جۆرە بابەتێک دەکرد. باسیان لە ئەڤین و دڵداری و سەربردەکانی دەکرد، چیرۆکی پاڵەوانەکانی پێشینانیان دەهێنانەوە بیر و بێستوونیان لە هزری خۆیاندا وێنا دەکرد. قسەیان لە پیرۆزی رووبەڕووبوونەوەی بیابانییەکان دەکرد. باسی دڕندەیی جاشەکانیان لە بیرنەدەچوو، کە چۆن شوانێکی چیاییان لەبەر چاوی دایک و باوکی لەدەروازەی شار لە سێدارە دەدا. سیخوڕەکانی بیابانییەکانیش بێی ئێرە ئۆقرەیان نەدەگرت، هەمیشە لە ناو خەڵکەکەدا دەچوون و دەهاتن، هەندێ جاریش عەبەی سەلجوقی بۆ خۆی دەهات. گەنجەکان بە جیا دادەنیشتن و باسی کچی جوان و قەیرە کچەکانی ئاگری پیرۆزیان دەکرد. ئەگەر نەهری رۆحسووک لەوێبوایە رێی نەدەدا ناوی کەس بهێنرێ، هەمیشە دەیگوت:

– برادەران خۆپەرست و چاوچنۆک مەبن، ئەوەی ناوی کەسێک بێنێ دەبێ بڕوای بەوەش هەبێ کە کەسێکیش هەر دەبێ ناوی ئەو بێنێ و ناشیرینی بکات. ئێمە لە قۆناغی پیرۆزکردنی چیاکانداین هەروەکو لە قۆناغی خۆدروستکردنداین، لە قۆناغی ئازادکردنی چیاکانین هەروەکو لە قۆناغی خۆئازادکردنین، باسی ئاوا دڵمان رەق و ناتەباییمان بۆ دروست دەکا. ئەوە خۆشەویستی پێ ناڵێن، ئەوە بێڕێزکردنی خۆشەویستی پێدەڵێن.

ئەگەر چی نەهری رۆحسووک لە تەمەنیدا نزیک بوو لە ئێمە، بەڵام چونکە زۆری دەخوێندەوە و هەمیشە سەرقاڵی بیروبۆچوونی هەمەجۆر بوو بۆیە



کەسێکی سادە نەبوو، دووربینانە بیری دەکردەوە. دۆستایەتی لەگەڵ مەلا رەسووڵی باڵابەرز و فەقێکان و زۆرێک لە خەڵکی ئاگری پیرۆز خۆش بوو. خەڵک حەزیان لە هاوڕێیەتی و قسەکانی نەهری رۆحسووک دەکرد، ئەویش حەزی لە خزمەت و هاوکاری ئەو خەڵکە دەکرد.

فەقێ ئامانج پشتی دابووە دیوارەکە و گوێی بۆ مامۆستای باڵابەرز قۆرخ کردبوون، جارناجاریش وەڵامی دەدایەوە و رەخنەی دەگرت. کە لێیان نزیک بوومەوە، بابەتێکی زانستی مەنتیقیان دەخوێند. منیش بۆ ماوەیەک گوێم لێگرتن، شێوەی قسەکردن و وەڵامدانەوەی فەقێ ئامانج منی گێڕایەوە بۆ گفتوگۆیەکی ئێوارە دانیشتنێکی بنار چیای دایان، فەقێ ئامانج لە وەڵامی پرسیارێکی هەمیشەی من سەبارەت بە جەدوای خوێندنی حوجرەدا دەیگوت:

– خەپەی برا بۆ خۆشم زۆر لە هەندێ لەو زانستانە تێناگەم. بۆ نموونە بەشێک لە کتێبەکانی مەنتیق لەسەر دروستکردنی گومان قسەیان دەکرد، دوایی لە ناکاو دەکەوتینە رەواندنەوەی گوومان. ئەو زانستە فێری بیرکردنەوەمان دەکات، بەڵام زۆرێک لە مەلاکان پێناچێ سوودیان لەو زانستە و لە هیچ زانستێکی تر وەرگرتبێ. ئەوان ناتوانن بیر بکەنەوە، یان ناوێرن، بۆیەشە دواتر تەنها فێری نەقل کردن و گێڕانەوەی سەنەد و مەتنەکان دەبن. هەندێکیان هەن فێری ئەویش نابن. زوو کەڵە پیاوی بەوەج و وڵاتپارێزیشیان لێهەڵکەوتوون. توانیویانە سوود لە زانستەکەیان ببینن، خزمەتی وڵات و نەتەوەی خۆیانی پێ بکەن، کەسی شۆڕشگێڕ بوون، بەڵام دواتر هاوکێشەکان دەگۆڕێن، ئەوانە نەک هەر سوود لە زانستە دینییەکان وەرناگرن بەڵکو خۆشیان دەبنە مشەخۆر و بارقورسی لەسەر وڵات و نەتەوەکەیان. دەزانم تۆ زۆر لە قسەکانم حاڵی نابیت چونکە دونیای خوێندنی تۆ لەگەڵ دونیای خوێندنی من جیاوازە، تۆ ئەو شتانە ناناسیت کە ئێمە ئیشی لەسەر دەکەین. بەداخەوە سۆز و سادەیی ئێمە ئەو پانتاییەن کە ئەقڵ و فیکر و هۆش بەنج دەکەن و ئیتر هەموو ئەندامەکانی لەش لەسەر کوێری رادەهێنرێن، بۆیە ئەقڵ و فیکر و هۆشیش کوێر دەبن، کە ئەوانیش کوێر بوون ئیتر کوێی ئەو کەسە و ئەو سیستمە بەسوود دەبن بۆ چیاکان و چیانشینەکان. ئەو کەسانە ئیتر لە ناوەڕۆک و لە رواڵەتیشەوە کەسی

نامۆ و ناجوور دەبن لەگەڵ هەموو شتێکی دەقەری چیادا، بەداخەوە ئەو سیستمە تازە رەگوڕیشەی داکوتاوە، سیستمی باشتر و پێشکەوتوو تر تەنها بە کەسانی باشتر و پێشکەوتووتر دروست دەبێ. بەهەرحاڵ ئەوەی زۆر گرنگە ئامانجی خوێندنەکەیە. ئەو ئامانجەش کە بەرنامەی خوێندنی حوجرەی بۆ دانراوە زۆر ئاڵۆزە، رێژەیەکی زۆری ئەو بەرنامەیە پەیوەندی بە خودی دینەوە نییە بەڵکو ئیش لەسەر فێرکردنی زمانی بیابان دەکات، ئیش لەسەر جوانکردنی زاستی ئەو زمانە دەکات، یا ئەوەتا خودی زانستەکانی ئەو ئایینە زۆر ئاڵۆزن و لەگەڵ دەقەری ئێمە دەستلەملان نابن یا داڕشتنی بەرنامەکە بۆ مەبەستی تر بوون، چونکە چیاییەکان دایان نەناوە، کێش دایناوە ئەوە پرسیارێکە و چاوەڕێی وەڵام دەکات. کەی ئێمەش سەروەریمان بۆ دەقەری چیا بەدەستهێنا، ئەو کاتە پێویست دەکات لێکۆڵەر و راڤەوانان پنت لەسەر پیتەکان دابنێن و کۆتایی بەو شێوە سیستمە نامۆیە بێنن. ئەو شێوە سیستمە تەنها لە دەقەری ئێمەدا بوونی هەیە، مامۆستا رەسوول تا ئاستێکی زۆر بەرچاو جیاوازی هەیە لەگەڵ مەلاکانی دیکەوە. جیاوازی مەلای باڵابەرز لەوەدایە، کەسێکە بە ئارەقەی نێوچاوانی خۆی دەژیت، پوڵێک لەکەس قەبووڵ ناکات. جێگۆڕکێی سەر سفرەی ئەم و ئەو بە پەسەند نازانێ. کەسێکە خۆی خزمەتی خۆی دەکات و رێزی خۆی سەپاندووە بەسەر هەموان، لەهەمووش گرنگتر لەسەر کتێبفرۆشییەکەی بەڕێوە دەچێت، تا ئێستا پولێکی مووچەکەی نەبردۆتەوە ماڵ، هەر دوای دەرچوونی دەیدایە لیژنەی کۆمەکی و دەچووە جێگای خۆی. ئەو دەڵێت لەدەستم بێت مووچەکان ناهێڵم. خزمەتکردنی ئایین بە فەرمانبەری نابێت، ئەوانە خزمەت ناکەن، بەڵکو فەرمانبەرن، هەر بۆیەشە پێشناکەون و بە ئەنجامدانی ئەرکی فەرمانبەرییەکە وازیان هێناوە.

جیاوازی ئەو لەگەڵ مەلا عەبدولباری قولئەعوز جیاوازی نێوان زیندوو و مردووە، چونکە مامۆستای باڵابەرز بە کۆششی خۆی و بە فیکر و هۆشی کراوەی خۆی توانیویەتی خۆی هەڵوەشێنێتەوە و هەندێک لەو وەهمەی کە مەلاکان سەری لێدەرناکەن ئەو بڕی کردووە و گرێکوێرەکانی کردوونەتەوە. بۆیە ئەگەر نێیتە ناو ئەو دونیا بەرتەسک و یەک دیدە، ئاڵۆزی ئەو پانتاییەت بۆ



دەرناکەوێ و گرێکوێرەکانت بۆ لێکناکرێنەوە. تا ئەو کاتە تێناگەی بۆ مەلا عەبدولباری قولئەعوز دروست دەبێ. رۆڵی ئەو مەلا عەبدولبارییە بۆ کۆمەڵگای چیا چییە؟ چیمان پێدەبەخشێ، بوونی ئەو جۆرە کەسانە چ کارەساتێکی بەردەوامە؟ بۆچی ئەوانە مشەخۆر و زەغەل و زەمتەن و تەنها چاویان لەو پاروە نانەیە کە خەڵک پێیان دەبەخشێ، سەرەڕای ئەوەی کە مووچەشیان هەیە! خواخوایانە لە شوێنێک کۆبوونەوەیەک یا بۆنەیەکی ئایینی یا خۆشییەک ببێ تا زوو لێی هەڵکشێنە لای سەرەوە! بێجگە لەوەش هەر کێ لەو دەقەرەدا دەسەڵاتدارە ئەوان هەر خێرا پشتیان پێ دەبەستن و چاوەڕێی پاروەنانێک و چڵکاوێکی بێگانەن. کێشەکە لە پێکهاتەی سیستمی فیکری و پەروەردەیی ئەو کەسانە دایە. رەفتاری ئەوان رەنگدانەوەی پێکهاتەی عەقڵی ئەوانە. تەنانەت جلوبەرگەکانیشیان رەنگدانەوەی بیرکردنەوەیانە، درێژبوونەوەی ئەو هەناسە نامۆیانەیە کە سەدان ساڵ بەر لەمڕۆ لەگەڵ داگیرکەر هاتوون.

ئەوەی منی سەرسام دەکرد جیاوازی ئەو کەسە خاوەن جلوبەرگ و رەفتارە تایبەتییانە بوو لە باوکم و سەرتاپای خەڵکی شارەکەی ئێمە. هەرگیزیش لەو نهێنییە حاڵی نەدەبووم داخۆ بۆ خەڵکی ئەو دەقەرە هێندە بەڕێز دەیانروانییە ئەو جۆرە مشەخۆرانە، هەرگیز زۆرێک لە رەفتاری رێزپەڕی ئەو کەسانەیان نەدەبینین. تەنانەت زۆر لەگەڵ باوکیشم دەکەوتمە گفتوگۆ و ئەو پرسانەم دەوروژاندن. بەڵام ئەو هەر هێندەی دەگوت:

– خەپە گیان رۆژێک دێ خۆت تێبگەی، لە راوبۆچوونەکانی من گەڕێ.

تا رۆژێک فەقێ ئامانج پێی گوتم:

– خەپە گیان ئەوانە هیچ هونەرێک نەزانن، هونەری قسەکردن و چوونە ژێر باڵی خەڵک و سڕکردنیان دەزانن. ئەوانە رۆڵی سڕکردنی ئەقڵ و بەخشینی هیوا پڕ لە وەهمەکان دەبینن. هێندەی خەڵکی سادە و نەخوێندەوار گوێ لەو جۆرە کەسانە دەگرن ئێمە چارەکی ئەوانەشمان بۆ کۆ نابنەوە تا گوێمان لێبگرن. ئەوان بە زمانێک قسە دەکەن زمانی ئەو قالبە دروستکراوانەیە کە هەر لە منالییەوە دڵۆپ دڵۆپ ئێمەی تێدا دەتاوێننەوە تا لاشەیەکی شێواوی ترسنۆک و

زمانێکی کورتی براو و دڵێکی لەرزۆک و عەقڵێکی بچکۆڵە و پووچی لێ دەربچێ، ئەمەش کارەساتە و پێویستی بە چارەسەر هەیە.

فەقێ ئامانج لە ژێر کاریگەری باوکی کەوتبووە لای مەلا ڕەسوول بەڵام زۆر جاران دەیگوت:

– خەپە گیان لەم خوێندنەم پەشیمان نیم، ڕاستە من نابمە دەرچووی خوێندنگا تا لە دوا ساتدا تاقی کردنەوەی پۆلی شەش نەکەم، بەڵام لە بیریشت نەچێ بەو خوێندنەم دەتوانم خزمەتی زۆر بە کاروانی پاراستنی چیاییەکان بگەیەنم. ئەوەی نەخوێنێ چاکە و خراپەکانی هیچ شتێک نازانێ. ئەوەش ئەو زانستانە نەخوێنێ ناتوانێ بەر لە هەموو ئەو خاڵە نێگەتیفانە بگرێ کە قورگی ئێمەیان گرتووە، هەر لە دووتوێی ئەو زاستانە فێر بووین کە شەڕ بناسین بۆ ئەوەی بەر لە کاولکارییەکانی بگرین. فێربووم کە زۆرێک لە هەناسەی ئەو کتێبانە نامۆن، بەقەد نامۆیی داگیرکەران، بۆیە غەریب نییە کە پیاوی وەکو مەلا عەبدولباری قولئەعوزیش لێرە لە دەڤەری چیا پێدەگەن و کارایی خۆیان دادەنێن.

فەقێ ئامانج کوڕێکی چاونەترس و ئازا بوو، ڕۆحی ئەو وەکو هەر ڕۆحێکی چیانشینەکان لە چەند ڕۆژێکدا جارێک بە چیاکاندا هەڵنەگەڕابایە ئاسوودە نەدەبوو. لە ڕێکخستنیشدا بە جل و بەرگەکەی خۆی گەورەترین خزمەتی بە پێشمەرگە و هاووڵاتیان دەکرد. باوکی فەقێ ئامانجیش وا ناسرابوو کە سۆفییەکی نەخوێندەوارە، ریشەکەی زیاتر لە بستێک درێژ بوو، کە لە پڕ هاواری پیری چیادادی دەکرد، کێی لێوە نزیکبوایە زەندەقی دەبرد. وێڕای ئەوەش زۆر ڕقی لە داگیرکەران بوو، هەندێ جاریش بە نیوەی شەو دەفێکی هەڵدەگرت و خەوی ئەو خەڵکەی دەزڕاند. ڕۆژێک دایکم نهێنی ئەو دەفلێدانەی بۆ ڕوون کردمەوە. دەیگوت کوڕم:

– ئەگەر دەف لێدرا بزانە شتێک بۆ بەیانی لەو شارە ڕوو دەدات. کە پێشمەرگەکان بیانویستبایە هێرشێک بەرن، بەویان دەگوت و کۆڵانەکەیان بۆ دەسنیشان دەکرد بچێ بە شەو دەفلێبدات، ئەوانیش دەچوون لە کۆڵانێکی نزیک ئەو چالاکییەکانیان ئەنجام دەدا. خەڵکی کۆڵانەکان کە گوێیان لە دەف دەبوو



دەرگاکانیان دەکردنەوە، بۆ ئەوەی پێشمەرگە بە خێرایی بتوانن خۆیان لە ماڵان پەنا بدەن ئەگەر هاتوو ڕێگایان لێگیرا، یان گەمارۆ دران.

* * *

خۆشەوی کوڕی وەسمانی مجێور، کەموابوو بێتە ناو گەنجەکان و گفتوگۆبکات. ئەو ئێوارەیە هاتبوو، لە نزیک ئێمە شانی دابووە دیوارێک و تەسبێحەکەی یەک لە دوای یەک دەژماردن. خۆشەوی کوڕێکی ڕاژیلەی باریکە بوو، لە زانکۆش کەم وابوو دەربکەوێ. ریشێکی تەنکی بەردابووەوە، سمێڵەکانیشی تەنکتەراش دەکردن. زۆر جار وەسمانی مجێور لای مامۆستای باڵابەرز گلەیی لێدەکردن و داوای لێدەکرد کە ئامۆژگاری بکات. ئەو بەرامبەر باوکی زۆر دڵڕەق بوو، چەند داوای لێکردبوو واز لە خزمەتکردنی مزگەوت بێنێ. بەڵام بۆ وەسمانی مجێور مزگەوت ژیان بوو، بۆ ساتێکیش نەیدەتوانی واز لە مزگەوت بێنێ. هەروەکو بۆ ساتێکیش نەیدەتوانی لە مەلا ڕەسووڵی باڵابەرز دووربکەوێتەوە. ڕۆژێکیان دەیگوت:

– ئەوەی لە خۆشەوی گوێبیست دەبم، لە هیچ مەلایەک گوێبیست نەبووم، من تەمەنم شەست و هەندێک ساڵە و لە ژیانمدا بۆ چەند کاتژمێرێک ئاگری پیرۆزم بەجێ نەهێشتووە، بێجگە لەو ڕۆژانەی کە پێشمەرگە بووم. بۆ چەند سەعاتێکیش نەمتوانیوە لە چیاکان دوور کەوم. ئەوەی خۆشەوی باسی دەکا بە من نامۆیە. ئەوەی ئەو هەمیشە دەیوروژێنێ هەناسەیەکی دوورە، هەر لە هەناسەی بێگانە دەچێ، هەناسەیەکی گەرمە چیاییەکان تەنگە نەفەس دەکا. ئەو ڕواڵەتانەی ئەو کاریان لەسەر دەکات چیاکان ئەزیەت دەدا، هەستی من دەڵێت پێگە و جێگەی بیابانییەکان لە دەڤەری ئێمە بە هێز دەکات.

جارێکیان خۆشەوی لەگەڵ نەهری ڕۆحسووک کەوتبوونە گفتوگۆ، بە نەهری گوتبوو:

– ئەو خۆشەویستییەی ئێوە باسی دەکەن بۆ چیاکان مەترسی زۆرە لەسەر هەموومان، ئێوە چیاکانتان خۆش ناوێ، بەڵکو دەیانپەرستن، چیاکان پیرۆز نین،

تەنها خودا پیرۆزە، تەنها خودا مافی پەرستنی هەیە، ئەوەی ئێوە بڕواتان پێی هەیە بۆگەنە، لەسەر لێواری رمانە. وەرن با خودای بە هەق بناسین و هەمووان بە هەق بیپەرستین، ئەگینا هەمووتان دەکات بە مەیموون و بەراز.

نەهریش پێدەکەنێ و پێی دەڵێ:

– زۆر لەمێژە گوێمان لەو قەوانە دەبێ. ئازیزم تۆ کێی تا ئەو شەرعییەتە بدەیتە خۆت و خودای بەهەقت دۆزیبێتەوە، دڵنیابە تۆ زیاتر لەمن خولیای خودای بە هەق نیت، زیاتر لەمن وێڵی بینینی ئەو خودایە نیت، بەڵام ئەو مافە نادەم بەخۆم ئاوا بەکەس بڵێم. من ئەگەر وێنایەک بۆ قەناعەتی خۆم دروست بکەم لەسەر خودایەک، ئەوە بە قەناعەتی من دەبێتە خودای بەهەق، بەڵام لە هەمان سات و کاتدا لەوانەیە لای یەکێکی تر وێنایەکی تر بێ. ئەو پێناسەی تۆ بۆ خودایەکی دەکەی بەپێی کتێبێک کە خۆت باوەڕت پێهێناوە لەوانەیە بە باوەڕی کەسێکی تر و بە پێی پێوەرەکانی کتێبی ئەو، خودای بەهەق وێنایەکی زۆر جیاواز بێ. خۆ هەر لە ئاگری پیرۆزدا چوار تا پێنج ئایینی جیاواز پێڕەو دەکرێن، بێجگە لە چەند ئایینزایەک، کەواتە ئەمانە هەموویان خوا بە جۆرێکی جیاواز دەبینن. ئازیزم تۆم خۆش دەوێ بۆیە وات پێدەڵێم. کاکە خۆشەوی، خەتای ئێمە نییە کە چیایین، چیا و مرۆڤ بێی یەک نابن، هەرهیچ نەبێ چیاکانی ئێمە، بۆ ساتێکیش بێ چیاییەکان هەڵناکەن. تۆ گوێت لە گریانیان نابێ چونکە چیتر بۆ تۆ دایک نین. ئێمە نایان پەرستین، بەڵام ناتوانین بۆ ساتێکیش دەستیان لێ هەڵبگرین، ئێمە چیایین بە مانای وشە چیایین، تا مردنیش لەگەڵ چیاکاندا دەستلەملانین. ئێمە وەکو گوڵچینی شێرەچیا ناتوانین هەمیشە لەگەڵ چیاکاندا لەخەڵوەتی ئەبەدیدا بین ئەگینا وەکو ئەو دەبین. ئێمەی چیایی لەوێ خوا دەبینین، توانای ئەو هەست پێدەکەین، لەوێ دەبینین چۆن خۆشەویستی دەبارێ، چیاکان وەبن شەپۆلی خۆی دەدا. هەر جارەی دەچمە ئەوێ خاتوونە پیرۆز دەبینم، لەوێ لە باوەشی چیاکان بە دوای رۆحی پەروانەی کچیدا دەگەڕێ. ئەو هێندەی ئاشقی چیاکانە هێندەش بە هەژمەتی یەک ساتی دیتنەوەی کچە تاقانەکەیەتی. ئەو تا هەنووکەش پێی وایە رفێنراوە، کراوە بە کەنیزەک. بۆیە خۆشەوی گیان تۆ ناتوانی خۆشەویستی چیاکان لە دڵی چیاییەکان



دەربێنی. چیاکان و چیاییەکان ئاوێتەن، یەک رۆحیان هەیە. هەروەکو یەک خۆشەویستیش سەرتاپای جەستەیان بەیەکەوە گرێ دەدات. دڵنیابە ئەوەی ئێمە بڕوامان پێ هەیە، چیرۆکێکی ئەبەدی خۆشەویستییە، رۆحێکی لەبن نەهاتووی ئەبەدی زیندووە، مرۆڤەکان فرچکیان پێوە گرتووە، هەر بیر و باوەڕێک ئاوێتەی خۆشەویستی زێد و پەناگەی ژیانی خۆی نەبێ زڕە و ترسنۆکە و مانەوەی بێگوومان کاتییە. عیشقی ئێمە ئاوێتەی سەمایە و لەگەڵ ئەویش دەڕوات و دێتەوە. ئەوەی تۆ دەیڵێیت دیدێکی کۆنی نوێیە، چەند جاری تریش هەوڵی چاندنی دراوە بەڵام دڵنیابە ئەو دیدە زڕە و لێرە پانتاییەک نادۆزێتەوە بۆ روان. ئەوەی تۆ هەڵت گرتووە هی چیاییەکان نییە تۆ لە دوورەوە بۆت هێنراوە، بەڵام تۆش نازانی چۆن و کێ هێناویەتی. ئێمە هەموومان لەناو کەشتییەک داین وا خەریکە نقوومی ئاو دەبێ، تۆش ئەگەر هاوکاری ئەو کەسانەش نەبیت کە خەریکی کون کردنین، پێشی ئێمە دەگری ناهێڵی بچینە پێش و نەهێڵین کەشتییەکە کون بکەن. دەرەنجامیش بە کۆتایی هاتنی هەموومان تەواو دەبێ.

لە پڕ خۆشەوی کەوتەوە گفتوگۆ، شتێکی دەگوت کەسمان لێی حاڵی نەدەبووین، رووی لە ئێمە لە هەموان کرد و گوتی:

– ئێوە لەسەر رێی تاریکین، یا سۆفین یا ئەشعەری. ئێوە نامۆن بە ویستی خوا، چاوەڕێی عەزابێکی گەورە بکەن ئەگەر بۆ خوا نەسوڵحێن.

مامۆستا رەسووڵ لەگەڵ ئەو قسانەدا هەڵی دایە:

– کوڕی خۆم تۆ لە حیکمەتی خودا تێناگەیت، تۆ لە کوێ فێری ئەو قسانە بوویت، ئەوانەی ئەو قسانە فێری تۆ دەکەن، چیایی نین، نامۆن بە نیشتمانی ئێمە، گوێیان لێمەگرە، ئەوان بەو قسانە بناغە دادەنێن بۆ ئەوەی چیاکانمان بە شێوازێکی تازە وێران بکەن و دواتریش بتوانن بە ئاسانی ئێمە راو بکەن و کچەکانیشمان بە کەنیزەک ببەن، ئەوان فرچکیان بەم خووە گرتووە، رقی ئەوان رقێکی ئەبەدییە بۆ چیا و چیانشینان، ئەو رقەی ئەوان لە دژی ئێمە بووە بە کولتوور. ئەوان دڵنیا بوون کە چیاکان رام ناکرێن، چیاییەکان دەستەمۆ نابن، کوشتن و برین و وێرانکردن کۆتاییان پێناهێنێ، بەڵام ئێوە ئەو پردەن کە دەیانەوێ بەکارتان بێنن بۆ ئەوەی بۆ دواجار نوزەمان ببڕن، بۆ دواجار لە

زیکر و فیکری چیاکان غافڵمان بکەن و لەبەر باوەشی هەڵمان بگرن، بۆ دواجار زمانی چیا قەدەغە بکەن و رووباری سەماش لە سەماکردنی ئەبەدی خۆی بخەن. ئازیزم خودا رق نییە، بەڵکو خۆشەویستییەکی ئەبەدییە، رووناکی ئەم بوونەوەرەیە. بۆخۆت کەسەبێکی دیکە بکەی باشترە لەوەی بە ناهەق و بەبێ زانست باس لە خودا بکەیت. ئێمە ناڵێین با بیرکردنەوەی خۆت نەبێت، بەڵام ئەو شێوازەت لەمامەڵەکردن لەگەڵ خەڵک و هاورێکانت و باوکت بگۆڕە.

مام وەسمانی مجێوریش بە خۆی و پەستەکە مەرەزەکەیەوە نزیک دەکەوتەوە. خەفەت و ناڕەحەتی بەسەر رووەوە دیار بوو. دەیگوت:

– مامۆستا بە قوربانت بم من هیچ لەو شتانە حاڵی نیم کە خۆی و برادەرانی باسی دەکەن. چیاییەکیشم نەبینیوە ئەو شتانە باس بکات، ئەوە دەیان ساڵە من خزمەتی ئەو مزگەوتە دەکەم، گەسکی دەدەم، سەرئاوەکانی پاک دەکەمەوە، خزمەتی میوانەکانی دەکەم، مەگەر ئەوە ماڵی خۆمان نییە؟ مەگەر من مجێوری ماڵی خوا نیم، من چ کارم بە ئەشعەرییە و ئەکبەرییە دایە، من دیندارم، هەروەکو خواپەرستم ئاواش عاشقی چیاکانم، ئەو دینەی لە تۆ و لە مامۆستای بەرێزی تر فێری بووم، پاراستنی پەیوەندیمە لەگەڵ خودا و تاوانەوەمە لە عیشقی چیاکاندا، ئەو چیایانەی کە دەزانم بێی ئەوان ژیانم نابێت.

مەلا رەسووڵی باڵابەرز هەموو جارێ چیرۆکی ماموەسمانی بۆ ئێمە باس دەکرد، هەر جارە و لایەنێکی ژیانی ئەوی بۆ ئێمە روون دەکردەوە و دەیگوت "مام وەسمان یەکێک بووە لە پاڵەوانانی چیا، هەرگیز لە شەرێکدا چۆکی نەداوە و پاشەکشێی نەکردووە، تا گەنج بووە و توانای شەری بووە شەری کردووە. هەڤاڵێکی شەرکەری دەیگێڕاوە کاتێ کە لە لادێیەکی دوور لە ئاگری پیرۆز گەمارۆ دەدرێن، بە هەڤاڵەکانی دەڵێ "با پەیمان ببەستین تا دوا هەناسەمان شەڕ بکەین و خۆمان بەدەستەوە نەدەین. دوای چەند شەو و رۆژێک خۆڕاگری، کە دەزانێ گوللە و خۆراکی شەڕیان کەم دەبێ، دەڵێ: – کێ لەگەڵم دێ خۆفیداکارانە لە سەنگەرەکەمان دەربچین؟ دوو رێگامان لە بەردەمدایە، یەکەمیان دەرچوون و رزگار بوون، دووەمیشیان گەیشتن بە کاروانی رۆحشادان، ئەوانەی هەرگیز ئامادە نەبوون لوتکەی شاخەکانمان بە پۆستاڵی



بیابانییەکان نەگریس بێ، خۆ ئەم رێگایەش لە هەردوو حاڵەتدا روودانیان نزیکە، بەڵام ئەگەر لێرە بمێنینەوە نزیکترە، بۆیە باشترە لێرە چاوەڕێی مەرگ نەکەین.

پاشان رەختەی گوللەکانی دەخاتە سەر شان و بە لێزمەی رشاندنی گوللەوە لە سەنگەرەکەی هەڵدەقەنێ و بەرەو ئاراستەی بەرزاییەکانی چیا ملی رێ دەگرێ. ئەو هەڤاڵەی کە بۆمنی گێڕایەوە گوتی: "من رازی بووم لەگەڵی بچم لەگەڵ هەڤاڵێکی ترمان، پاشان پلانەکەی ئاوا بوو هەرسێمان پشت بدەینە یەکتر و بە تەققەوە لە سەنگەر دەربچین تا دەگەینە دەرەوەی دەسەڵاتی دوژمن. کە دەرچووین. زۆر بە شینگەوە دەستمان بە تەقە کرد، دوژمن زراوی چوو، هەرچی بەرەورووومان هات لەتوپەتمان کرد، مام وەسمان وەکو شێر دەینەڕاند، ئێمەش لەگەڵ ئەو دەمان نەڕاند، هەرچی بجوڵابایە دەکەوتە بەر گڕی ئاگری ئێمە، پێمان شل نەکردن، کۆڵمان نەدا تا دەرچووین. بەڵام بەداخەوە ئەوانی تر کە بە هیممەت نەبوون نەهاتنە دوو راوێژی مام وەسمان، هەموویان گیران و پاشان لە سێدارە دران".

تا هەنووکەش مام وەسمان کەسێکی بە هەیبەت بوو، سەروسیمای پاڵەوانییەتی هەر مابوون، بەڵام کورەکەی بە چۆکیدا هێنابوو. دەیگوت:

– مامۆستا هەموو شتێک تەنها چیا نا، ئێمە بە چیاکانەوە ماوین، قەڵای ئێمە زنجیرە چیای دایان بووە، ئەو هەناسەیەی کورم هەڵی دەکێشێ بارگاوی بووە بە هەناسەیەکی نامۆ، هەر لە هەناسەی بیابان دەچێ، قوربان هیچ گوللـەیەکی بیابانییەکان نەیانتوانیوە جەستەی من ببڕن، بەڵام قسەکانی ئەو کار لە جەرگ و دڵیشم دەکەن، قسەکانی ئەو هەر لە قسەکانی مەلا عەبدولباری قولئەعوز دەچن، ئەویش وایە، هەر ناوی چیاکان بێنین دەڵێ "ئەعوزوبیللا".

لەگەڵ ئەو قسانەدا خۆشەوی سوور هەڵدەگەڕا و لەگەڵ خوێندنی "ئەعوزوبیللا" سەری دادەخست و لای ئێمەی بەجێدەهێشت، هەژمەتیش دڵی مام ئۆمەری دەخواردەوە.

باپیرەم دەیگوت:

– تا ئێمە لە ژێر دەستی بیابانییەکان بین هیچ شتێکمان ئاسوودە نابێ، لە هیچ شتێکی خۆمان دڵنیا نابین، هەر رۆژە و بەندوباڵۆرەیەکمان بۆ لێدەدەن، هەر

جارەی بێنەوە ئاگری پیرۆز فیلێکی تر دێنن و مێشک  و دڵی خەڵکی پێوە غافڵ دەکەن. دەیگوت:

– داگیرکەر میهرەبانیش بێ هەر دوژمنە و هەناسەی ژەهراوییە، روو لەهەر دەڤەرێک بکات هەوڵی کاولکردنی دەدات، ئەگەر چیاکانیش نەڕووخێنێ، دڵەکان وێران دەکات، ئامان و سەد ئامان فریوی داگیرکەر نەخۆن، ئەوان لەو ساتەوەختەی کە باسی ئاشتبوونەوەتان لەگەڵدا دەکەن، لە ناخەوە نەفرەتتان لێدەکەن، لەو ساتانەی کە پێتان دەڵێن ئێمە براین ئەوان تەڵەی تریان بۆ داناونەتەوە بۆ ئەوەی راوتان بکەن، خەوشی گەورەی ئێمە هەر لە دێرزەمانەوە ساویلکەیی بووە، ساویلکەییش نەخۆشییەکە دەبێ چارەسەری بکەین.

دایکیشم ئەو شتانە باش دەزانێ، رۆژێکیان بە مام دارۆی دراوسێمانی دەگوت:

– مام دارۆ لە بیابانییەکان وریا بە بەقسەی لوس هەڵتنەخەڵەتێنن. هەرجارەی هاتبنەوە چەند رۆڵەیەکیان لە چیاکان هەڵگێڕاوەتەوە.

ئەو ئێوارەیە دەبوایە خەڵکی زوو بەرەو ماڵ بگەڕابانەوە، کەس نەیدەتوانی تا دوای بانگی ئێوارە لە دەرەوە بمێنێتەوە، زیڕەی زنجیری تانک و گڕەی ماشێنە سەربازییەکان هەموو دانیشتوانی ئاگری پیرۆزی هەراسان کردبوو، جار نا جاریش لێرە و لەوێ دەنگی گوللەیەک یا گوللە تۆپێک دەهاتە گوێ، گەرمای هاوین و هەناسەی گوللە و بارووت تێکەڵی یەکتر دەبوون و لەیەکتر جیا نەدەکرانەوە، سێبەری فڕۆکە جەنگییەکان ئارامی لەبەر داروبەردیش هەڵدەگرت. کە گەڕامەوە دایکم لە ماڵ نەبوو. دەرفەتی ئەوەش نەمابوو بتوانم بەدوایدا بڕۆم، زۆر نارەحەت بووم،  بەڵام هیچ دەسەڵاتێکم نەبوو.

لەو ساتانەدا بەرەو بناری شاخی دایان کشام، گومانی ئەوەم هەبوو کە دایکم لەوێ لە خەڵوەتدا بێ. کە چووم هەموو ئەو پەنایانە گەڕام کە دایکم بۆ ماوەی درێژ بێ دەنگ تیایاندا دادەنیشت، بەڵام لەوێ نەبوو. سەر زەوی هاتبوو تاریک بێ، ئەو کەپرەی دایکم بۆ خەڵوەتگرتنی دروستی کردبوو بەسەریەکدا رمابوو، لەگەڵ بینینی ئەو دیمەنە دڵم کەوتە راچڵەکین، بۆ یەکەم جارە لە ژیانم هەست بە نامۆیی ئەو دەڤەرە بکەم. هەستم بە سامناکی چۆڵی ئەو دامێنە کشوماتە دەکرد. نەشدەکرا لەبەر قەدەغەکردنی هاتووچۆ زیاتر لەو ناو داروبارە بمێنمەوە. زۆربەی



ئەو دارانەی لێرە چێنراون، خەڵکی لە بیرەوەری لەدایکبووندا چاندوویانن. هەرکەسێ یادی لە دایکبوونی بکردایەوە سەرەتا دەهاتە دامێنی چیای دایان و نەمامێکی دەچەقاند. لە دەوری نەمامەکەشدا بازنەیان دەبەست و گۆرانییان بۆ دەچڕین. هەر کەس ریزە نەمام و پاوانی خۆی دیار بوو، کەس تخونی پاوانی کەس نەدەکەوت. زۆرجاران خەڵک لە بێزارییان دەهاتن بیری یادگارییەکانیان دەکردەوە، بیری ئەو ساتانەی کە لە ئاهەنگی لەدایکبوون و دارچاندن مەشقیان دەکرد، مەشقی پێشبرکێی ئەسپ، سوارچاکەکانی ئاگری پیرۆز رۆڵەی جەنگ و پاڵەوانی ئاشتی بوون. ئەوان مرۆڤی ئاسایی نەبوون، ئێش و ئازاری نەتەوەیەکیان لە کۆڵ بوو، ئەوان ئاشق بوون، ئاشقی ئازادی و رزگاری.  گەڕامەوە ماڵ دایکم هەر نەدۆزییەوە. رێگاوبان چۆڵ و هۆڵ بوون، دونیا تا دەهات تاریک تر و کش و مات تر خۆی دەنواند. بەر لەوەی بگەمەوە ماڵ مەلا عەبدولباری قولئەعوزم بینی، کە خۆی بادەدا تەژگ و دامەنەکانی بریسکەیان لێهەڵدەستا. تەسبیحێکی بە هەردوو دەستەوە بوو یەک یەک دانەکانی دەژماردن و جارناجاریش تەماشایەکی دەکردن. لەگەڵ ژماردنی هەر دەنکە تەسبیحێکیش دەمی دەجوڵاند و تەماشایەکی دەوروبەری خۆیشی دەکرد. مەندیلەکەی هێندە لەسەر سەری دانەدەنا، هێندەی کە بە دواوەی خۆیدا بەریدەدایەوە. لەسەر جوبەکەیەوە پەڕۆکێکی سەوزی دەبەست و زنجیری کاتژمێرەکەی بەسەر گیرفانی جوببەکەیدا دەهاتە خوارەوە و لەگەڵ هەر هەنگاوێکدا زنجیرەکە بڵند دەبوو و بە سینگی دەکەوتەوە.  فەقێ ئامانج دەیگوت لە کتێبە مێژووییەکاندا خوێندوومەتەوە کە ئەو جۆرە مەندیل بەستنە هی میرە بیابانییەکانی زوو بووە، دەڵێن ئەوان دەهاتنە ناو خەڵک و دامەنیان مەترێک بەدواوە دەخشا، کلکی مەندیلەکەشیان تاسەر پاشپانییەکانیان دەهات، لەگەڵ رۆیشتنیان تۆز بەرز دەبووەوە. کە گەیشتە لام گوتی:

– کاکە بەختەوەر، ئەوە لە کوێوە بۆ کوێ، بارودۆخ خراپە، باش نییە دەرکەوی.

ئەو پیاوە وەکو نوسرکە وابوو، کە یەکێکی لە کاتێکی ناوەختدا ببینیبا، دەبوایە نهێنی ئەو ناوەختییەی بزانیبوایە. بۆیە لە بەرامبەر مندا چەقی، وەکو ئەوەی کە نەیەوێ زیاتر هەنگاوی تر باوێژم. دووبارە بە زەردەخەنەیەکی تێکەڵ بە سەرسوڕمانییەوە، دەستی دانایە سەر شانم و پرسی:

– ها بەختەوەر بۆ وەڵام نادەیت. دەڵێی خەمبار دیاری. پێم بڵێ دەنگ و باسی باوکت هیچ نییە؟ باوکت کەسێکی سەرەڕۆیە، بۆی نەبوو ئاوا بە جێتان بێڵێ و بتانخاتە بەر تەوژمی مەترسییەکانی زەمانە. هەموو باوکێک بەرپرسە لە ژیانی خێزان و منداڵەکانی. نازانم هەندێ کەس بۆ لە خوا ناترسن و بەزەییان بە خێزان و منداڵەکانیاندا نایەتەوە.

لەگەڵ قسەکانی قولئەعوز کێم و خوێن دەهاتە دەرەوە، دیوی ژوورەوەی قسەکانیم دەبینی. قسەیەکی باپیرەم دەهاتە بیر کە دەیگوت:

– عالم واتە عالەم، ئەوان سەروچاوەن، کە شێلو و ئاڵۆز دەبن هەموو شتێک ئاڵۆز دەبێ. چونکە ئەوان جێی متمانەی خەڵکن، ئەوان بە زانینەوە فێڵ لە خەڵکی دەکەن، لە خشتەیان دەبەن، ئەو جۆرە ناعالیمانە بێجگە لەوەی کە خوا ناناسن، فیتنەشن، دەبێ خۆیان لێ بپارێزن.

قولئەعوز درێژەی بە قسەکانی دا، ئەمجارەیان بێدەنگی منی قۆستەوە و سەرێکی راوەشاند و دیسانەوە بە ئەعوزوبیللا دەستی پێکردەوە:

– بەخیتار تۆ گەنجێکی هێمن و ئاقڵیت، لەو دایک و باوکە ناچیت چونکە دایکیشت ژنێکی زۆر سەرشێتە، پێم وایە کەم لە ماڵ دادەنیشێ. پێشینان دەڵێن "ژن گەڕا دڕا"، حەق نییە تۆ ئاوا بێناز بێڵنەوە. ژن لە ماڵەوە ئیشی زۆری هەیە، چ پێویست بە خەڵوەت و پیاوانە جولانەوە دەکات. دابنیشێت باشتر نییە؟.

لەو ساتانەدا گوڵمێک ئاگر بەری هەردوو چاوەکانی دەگرتم، مەلا عەبدولباریم وەکو دێوێک دەهاتە بەرچاو. ئەو پیاوە لە حوشترالوکە ئاساییەکانی بیابان نەدەچوو، ئەو حوشترالوکێکی گەنی زڕ بوو، چێنرا بوو، بەڵام وشتریش ئەو جۆرە رووەکەی بۆ قووت نادرێ، ئەو پیاوە لە زەرنەقووت دەچوو، تۆپەڵە دڕکێک بوو لە قورگی چیاییەکاندا، هەناسەیەک بوو ئەوانی تری دەتاواندنەوە، کە سەرم هەڵبڕی تەماشای سەروسیماییم کرد وەکو دێوێک وابوو، وام زانی خۆی هەڵدەداتە سەر سەرم، دیسان کورتە بێدەنگییەکەی شکاندەوە و گوتی:

– بەختەوەر من ناسیحێکی ئەمینم بۆ خەڵکی ئاگری پیرۆز. ئەوەی لە قسەی من دەرنەچێ زەرەر ناکات. کاتەکەش درەنگە و لەوانەیە وەستانمان لێرە مەترسیدار بێ، بە دایکت بڵێ "ئەم شوێنەی ئەمرۆ پێیدا دەڕۆیشت بە تەنیا بۆ حورمە باش



نییە، قسەی لەسەر دەکرێ، بە تایبەتیش کە مێردی غائیب بێ، کە بارودۆخ ئاوا ئاڵۆز بێ، بۆ ملی شاخان دەگرێ، بەرەو کوێ دەڕوا؟

بێ ئەوەی وەڵامی قولئەعوز بدەمەوە، بە بێزارییەوە دەستی ئەوم لەسەر شانم لادا و بەجێم هێشت. قسەکانی ئەو پیاوە هەورێکی رەشن بەری دڵی مرۆڤ دەگرن، لە جیاتی باران فیتنەیان لێ دەبارێت. باپیرەم زۆری لە مزگەوت خوێندبوو و ئەو جۆرە کەسانەشی زۆر دەناسین. ئەو پێی وابوو هێزێک نییە رۆحی ویسایەت لە دڵی ئەو جۆرە کەسانەوە بەسەر ئەوانی دیدا کەم بکات. ئەوانە هەمیشە هەر پێیان وایە ئەوان راستن و خەڵکیش گومڕا. ئەوان لە جیاتی خودا قسە دەکەن و خۆیان بە دەمڕاستی ئەو دەزانن. کە خوداش نەیەتە وەڵام و نەڵێ "ئەوانە نوێنەری من نین" ئیتر هێزێک نییە رووبەڕوویان بێتەوە، چونکە ئەوان شەرعییەتی دینداری زۆرینە هەڵدەگرن، زۆرینەیەک کە لە ئاستی ئەوانەدا تەنها "ئم" دەزانێ، ناتوانێ بیر بکاتەوە، لە نهێنییەکانی پیرۆزی چیاکان تێناگەن. لە پیرۆزی پاوانەکاندا شتێک نازانن. نیشتمان پاوانی خاوەنەکەیەتی، کە ئەوان رێز بۆ پیرۆزی ئەو پاوانە دانەنێن دەبێتە کاروانسەرا، لەو حاڵەتەشدا یەکێک لە نیشانە دێرینەکانی خودا دەکەوێتە بەر مەترسی لەپێدەرچوونی مرۆڤە نارەسەنەکانەوە.

ئەم شەوە تا بەیانی تەنیاییم دەپەرست. ناوبەناویش تەقەیەک لەوێ و بۆمبێک لە لایێکی دیکە و هەندێ جاریش گمەی سۆخۆیەکان بێدەنگی و ئاسوودەیی ئاگری پیرۆزی هەلاهەلا دەکرد، لەگەڵ هەر تەقەیەکدا رادەچڵەکیم و نوزەی ئینسانێکم دەبیست. ناڵینی ئاگری پیرۆز تەسبیحی ئەبەدی ئەو شارەیە، هاوارێکی نەبیسراوی دونیای بێدەرەتانانە. شەوەزەنگێکە تا هەتایە بێ رووناکی دەمێنێتەوە. ئەوە نەستی هەمیشەیی هەموو هاووڵاتیانی چیانشینی ئاگری پیرۆز بوو. بیابانییەکان کابووسێکی نامۆی ناشیرین بوون لەسەر سینەی ئاگری پیرۆز. جاشەکانیش دیاردەیەکی دزێوی کڵۆڵی چیانشینەکانن، ئەوان بەزیوەکانن، ئەوانەی رۆح و ئیرادەیان لە دەستی ترس و چاوچنۆکی و بێئەقڵی دایە. عەولاغا تا هەتایە سیمبۆڵی ناشیرینی ئەو جاشانەیە، خاتوونە پیرۆزەش سیمبۆڵی قڕانهێنانە بۆ ئەوان، هەر کە وشەی جاش بیسترا، خاتوونەش دێتە بەر چاوان.

## بەشی چوارەم

ئەو شەوە تا بەیانی خەو نەچووە چاوانم، لە لایەک گوڵچینی شێرەچیا هەر نەگەڕایەوە، لە لایەکی تر تا بەیانی لوولەی تفەنگی داگیرکەران تەقە و رەقەی دەهات. چەندین داڵغەی هەمەجۆر بەرەو چەندین باوەش و شێوەی هەمەجۆری پڕ لە بیرکردنەوەیان دەبردم. بیرکردنەوە لە باوکم و لەو دونیا پڕمەترسییەی کە ئەوی تیادا دەژی. لە پڕ ونبوونی دایکم و ئەو بارودۆخە شڵەژاوەش کە تەنها لەسەر گومان بۆی هەبوو هەر کەسێک، ژن، پیاو، پیر یا منداڵ شوێن بزر بکرێن و تا هەتایە نەبینرێنەوە. تا بەرەبەری بەیانی نەمتوانی بخەوم. نەرمێش دەیزانی بارودۆخەکە ئاسایی نییە. زۆر جاران تا ناو بێڵایی دەچوو و دەگەڕایەوە، دەمزانی بەدوای دایکمدا وێڵە. زۆر جار هەردوو پەلەکانی پێشەوەی دەخستە سەر کتێبەکە و دەستی منی دەلێستنەوە، لەگەڵ تەماشاکردنێکی پڕ لە سۆز و چەند جارێکیش میاواندن جارێکی دی دەڕۆیشتە دەرەوە و هەمدیسان دەگەڕایەوە، ئەوە حاڵی ئەو پشیلە بەستەزمانە بوو تا لە هۆش خۆم چووبووم و نوستبووم. منیش بە ناچاری جارناجار دەستێکم بە پشتی دادەهێنا و تەماشایەکی دیکەی دەکردم و هەندێ جار بە راکردن دەڕۆیشتەوە. منیش دووبارە خۆم خەریک دەکردەوە بە خوێندنەوە. بەڵام زۆرکەم وابوو دوو وشە لە کتێبەکە حاڵی ببم، بۆیە زۆربەی جاران لەسەرەتای لاپەڕەکە تێهەڵدەچوومەوە. پاشان لەبەر ماندووبوون و بێ شینگی، لە هۆش خۆم چووبووم و خەوم لێکەوتبوو، چوبوومە خەوێکی قووڵ، کە دایکم گەڕابووەوە بە ئاگای نەهێنابوومەوە، خەوەکەم هێندە قووڵ دەبێ لەگەڵ پێقوست و تەقەورەقەی ئیشوکارەکانی دایکم بە ئاگا نەهاتبوومەوە. کە لێفەکەی لەسەر پشتم لادا زۆر بە توندی راچڵەکیم. لاتەنیشتی روومەتم بەسەر ئەو کتێبەدا کەوتبوو کە دەمخوێندەوە. لاپەڕەیەکی کتێبەکەم نوشتاندبووەوە، هەندێ لیکی دەمم رژابوویە سەری. هەر بە پەلە بە دەستەسڕەکەم خاوێنم کردەوە، کە سەرم بەرزکردەوە دایکم پەرداخە ئاوێکی لەدەستی چەپەی بوو، لەسەر سەرم



وەستا بوو. لەگەڵ بینینی واقم وڕما، یەکسەر دانیشتم و رووم کردە دایکم و بە تامەزرۆوە پێم گوت:

– ها دایە خۆ من لە دوێنێ ئێوارەوە دڵم تەقی، ئەوە لە کوێ بووی ماڵتە؟

دایکم زوو زوو دەنگ و باسی دەرەوەی بۆ دەهێنام. لە کۆڵانەکەمان و لە دەڤەرە جیاوازەکانی چیاکاندا هەرشتێکی ببیستبایە هەر خێرا دەهاتە لام و بۆی دەگێڕامەوە. قەتیش پەرداخە ئاوێکی لە بیر نەدەچوو. ئەو دایکەم وەکو زۆرێک لە دایکی برادەرەکانم دەرفەتی خوێندنی بۆ نەڕەخسابوو، خۆ داگیرکەرە بیابانییەکانیش بە ئەنقەست هەوڵیان دەدا خەڵک فێری خوێندەواریی نەبێ، دەرفەتیان بە کەسێک نەدەدا. ئەوان دەیانگوت ناوچە چیاییەکان دوورەدەستن و ئەستەمە خزمەتگوزاری پێبگات. دەمزانی ئەو قسانەیان زەمینە خۆشکردن بوو بۆ خاپوورکردنی ئاوەدانی دوا پانتایی هەرێمی چیا، بۆ رێگەگرتن لە هەموو ئەو بەرهەڵستکارانەی کە پشتیان داوەتە چیا و لە بەبیابانکردنی چیاکان بەرگری دەکەن. دایکم ئەگەرچی لە قوتابخانەشی نەخوێندبوو بێجگە لەو دەرسانەی کە بە منالی لای باوکی فێریان بوو بوو، باوکی خۆی فێری خوێندنەوە و نووسینی کردبوو، فێری خوێندنەوە و تێگەییشتنی شیعری شاعیرە گەورەکانی دەڤەری چیای کردبوو، بۆیە هەر کاتێک هەلی بۆ بڕەخسابا درێغی لە خوێندنەوە نەدەکرد، بەڵام خوێندنەوەی ئەو سەرپێیی نەبوو، زۆر بە قووڵی دەیخوێندەوە، کاتی تایبەتی بۆ تەرخان دەکرد. کە لە حزووری دیوانی شاعیرێکی گەورەدا دادەنیشت هەستت نەدەکرد بە تەنیایە، لەسەر هەردوو چۆکی دادەنیشت و لەگەڵ خوێندنەوەدا چاوی دەخستنە سەر یەک و ئاوێتەی خۆشییە رۆحییەکانی خۆی، دەریای عیشقی شاردراوەی نێوان بەیتە شیعرەکان دەبوو، هەموو شیعرەکانی لەبەر بوون. لەگەڵ ئەوەش هەرگیز بێی کردنەوەی دیوانەکان دانەدەنیشت. گوڵچینی شێرە چیا ژنێکی زۆر بە ئاگا بوو، هیچ داوە موێکی سەری بە هەوەنتە سپی نەکردبوون. دڵسۆزی ئەو بۆ ئەو چیایانە هەمیشە وای لێدەکرد رقی لە هەموو ئەو بیابانییانە ببێتەوە کە فراوانخواز و ئاژاوە گێڕ و داگیرکارن و هەموو توانای خۆی بەکار دەهێنا بۆ وەدەرنانیان، بەڵام ئەوەندە رقی لەوشەی رق دەبووەوە بە بیستنی هەراسان دەبوو. ئاقڵ و دانایی ئەو وای

لێکردبوو  ئامۆژگاری خەڵکی بکات و هانی دەدان بۆ خزمەتکردنی چیاکان، خاپوورنەکردنیان و ئازارنەدانیان، دەیگوت:

– چیاکان وەکو ئێمە ئازار دەچێژن و بەختەوەریش دەبن.

هەرگیز لە بیری نەدەچوو هۆشداری بداتە چیاییەکان و پێیان بڵێ:

– مانەوەی داگیرکەر وەکو بوونی مۆرانە وایە لە جەستەی مرۆڤ. نەک هەر جەستە دەڕزێننەوە، ئەوان رۆحیش بە خوێندا دێنن و بۆگەنی دەکەن. ئەگەر ئاوا بارودۆخ بۆ داگیرکەر بچێتە سەر رۆژێک دێ ئەخلاقی ئەوان هەڵدەگرین و بۆ خۆمان خوێنی خۆمان دەخۆینەوە، بۆ خۆمان دەبینەوە بە جەللادی خۆمان. کەستان وەکو من ئەو رۆژە نابینن، کەسیشتان وەکو من هەست بە مەترسی ئەو رۆژە ناکەن!

ئاخر کێ هەبوو وەکو ئەو ئاوا بە ڕێکی هەموو بەیانی و ئێواران بەرەو بناری چیای دایان بکشێت و لەوێ ئەگەر بۆ کەمێکیش بوایە بکەوێتە خەڵوەت، خەڵوەتی ئەو لە نوێژی دیندارە سۆفییەکان دەچوو، رەهەندێکی دیوە نادیارەکانی ژیان بوو، جارێکیان بەپەلە چووم بانگی بکەم، لەبەر لوتکە بڵندەکەی دایاندا وەستابوو دەمی دەجولا، تا دەستم لەسەر ملی دانەنا و دەستیم نەگرت، ئاوڕی نەدایەوە.

هەموو جارێ دەیگوتەوە، هەروەکو هەرگیز نەیگوتبێ:

– کوڕەکەم ئەو چیایانە پشتیوانی ئێمەن، ئێمەش دەبێ وەفاداربین بۆیان.
ئەو چیایانە چەتری ئێمەن، ئێمەش دەبێ ئەو دەستە بین کەڕامەتیان رابگرین.

زانیم ئەم جارەش دەنگ و باسێکی پێیە. هەموو جارێکیش بەرلەوەی قسەکانی دەست پێبکات دەیگوت:

– کوڕم زۆر دڵم خۆشە کە بەردەوام سەرقاڵی بەخوێندنەوە، بەڵام دەبێ زۆر ئاگات لەخۆت بێت، لە چاوەکانت، لە تەندروستیت، دەبێ جارناجار بجولێیت، چاوت لەسەر کتێبەکە بگۆڕی بۆ ئەوەی چاوەکانت لەسەر یەک پانتایی نەمێننەوە، زۆر کەم دەتبینم بچیتە بنار دایان، ئەوێش شوێنی خۆشی لێیە بۆ خوێندنەوە، ئاخر سێبەری چیا بۆ ئێمەی چیایی وەکو ئاوی زەمزەم وایە بۆ بیابانییەکان، سێبەری چیا دەمار و ماسوولکەکان ئارام دەکاتەوە،



نەخۆشییەکانیش لادەبا، ئەوەی رۆژێ جارێک بە چیایەکدا هەڵنەگەڕێت رەنگی جیایە لەگەڵ ئەوانی دی، لەگەڵ شاخەوانەکان، لەگەڵ نێچیرڤانەکان، لەگەڵ پێشمەرگەکان. باپیرەت هەمیشە دەیگوت:

– کە چیا دەبینم هەست بە هێز دەکەم، کە لێیان دووردەکەومەوە ترسم لێ دەنیشێ و ئەژنۆم دەلەرزن.

پاشان دوای کەمێک دامان، گوتی:

– ئەگەرچی رۆڵەکەم لەو رۆژانەدا بیابانییەکان ئەو سێبەرەشیان لێ وەزەحمەت هێناوین، ئارامی ئەو دەڤەرەیان وەها شێواندووە، پێم وابێ لێناگەڕێن بە ئاسوودەیی بژین.

پاشان هەر لە ناکاو گوتی:

دەزانی بەناو بازاڕدا گەڕامەوە! بەڵام هەموو کون و کەلەبەرەکانی بازاڕ تەنراوون؟ چەکدارە بیابانییەکان لە هەموو سەرەشەقامێک وەستاون، زۆرێک لە لوتکە بەرزەکانی ناو بازاڕیان گرتووە، دەتگوت بەرەی شەڕە. هەگیز هێندە هەستم بە ترس نەکردووە. کوڕە گەنجێکی سەر بە کڵاوگۆریان گرتبوو لە دوای ئۆتومبێلەکە دانیشتبوو، سەری دەبەر خۆ نابوو، بیابانییەکیش بە تفەنگەکەیەوە بەسەریەوە وەستابوو، هەرکە چاوم پێی کەوت وامزانی تۆیت، زۆر خراپ راچڵەکیم. من هەر لێرەدا قسەکەم پێ بڕی و گوتم:

– جا دایە من و ئەو کوڕە چ جیاوازییەکمان هەیە؟ ئەویش هەر چیانشینە و خەڵکی ئاگری پیرۆزە، لەئاکامدا هەر مرۆڤە، دڵنیام لەسەر هۆکاری خراپ نەگیراوە، ئەوانە بە هۆ و بە بێ هۆ ئەزیەتی چیانشینەکان دەدەن، راپێچی بەندیخانەکانی بیابانییان دەکەن.

لە وەڵامدا گوتی:

– کوڕم تۆ خراپ لێم حاڵی مەبە، هەر چیانشینێک بگیرێ وادەزانم تۆی، تازەش مەبەستم هەر وابوو، وێنەی تۆ لە هەموو کوڕەکانی ئەو شارە و ئەو وڵاتە شاخاوییەدا دەبینم، من بە تەنیا دایکی تۆ نیم. هەموو هەست و سۆزێکم وادەڵێ. کە ئەو کوڕەم لە دواوەی زیلەکە بینی  چاوم تاریک بوون. ئەگەر هۆی گیرانی هەرچەند سادەش بێت بێ گومانم کە ئەزیەت دەدرێ، دایکێکی هەیە

چاوەڕێی دەکات. ئەمشەو خەوی خێزانێک دەزڕێت. ئاسوودەیی لەبەر کۆلانێکی ئەم دەڤەرە هەڵدەگیرێت. چاوم کوێر بێ بۆ هەموو ئەو گەنجانەی لە گرتووخانەی بیابانییە دڵڕەشە داگیرکەرەکان ژیان بەسەر دەبەن. بۆ هەموو ئەو دایکانەی ئێوارە و بەیانیان لە چاوەڕوانیدا شەو بەڕێ دەکەن و پێشوازی لە بەیانییەکی تازە دەکەن.

خەپەگیان دوا هەواڵیش مقۆمقۆی ئەوە هەبوو دەیانگوت بیابانییەکان بە فڕۆکە و موشەک و تانک شارۆچکەی (کوپەشکاو)یان ژەهرباران کردووە، دەڵێن بە هەزاران چیانشین بوونەتە قوربانی دڕندەیی بێویژدانە لە بیابان هاتووەکان.

لەگەڵ ئەو قسانەدا سەری بەردایەوە و دەستی کرد بە داهێنانی قژی سەری نەرمێ، ئەو نەرمێیەی بۆ ساتێکیش یەخەی گوڵچینی شێرەچیای بەرنەدەدا. تا چاوی پڕ دەبوون لە فرمێسک، بێدەنگی دەنواند و بە هەناسەیەکی قووڵ و درێژەوە پەرداخەکەی گرتە دەست و ویستی بەسەر بکەوێتەوە، بەڵام پێم گوت:

– وەرە دایە ئەوە بۆ پێم ناڵێی لە کوێ بووی، بۆ شەو نەگەڕایتەوە، بابەت بینی یان نا؟

زۆر بە هێمنی تەماشای کردم، ئاخێکی هەڵکێشا و زەردەخەنەیەکی هاتە سەر روو، گوتی:

– وام زانی بە لاتەوە گرنگ نییە شەو نەگەڕاومەتەوە، پاشان چۆن زانیت چووم بۆ لای باوکت؟

– چۆن نازانم، بۆ تۆ لەوەتی زێندینی گوڵچینی شێرەچیا لە شار ونبووە، ئارامت گرتووە؟ بۆ بەلاتەوە ئاساییە تا هەنووکەش دایکم نەناسم؟ مەگەر تۆ نەبوویی، ئەگینا دڵنیام ئەمشەو ژوانت لەگەڵی هەبووە.

– نا خەپە گیان "چاوم کوێر بێ" نەمتوانی بیبینم، زۆر هەوڵمدا بێسوود بوو. لەگەڵ چەند هاوڕێیەکی دی بە چالاکی دەرچووبوون و لە شوێنی خۆی نەمابوو. بەڵام هەموویان دەیانگوت "ساغ و سەلامەتە"، دەیانگوت "هەمیشە باسی تۆ دەکات و چیرۆکی ورچەکەیان بۆ دەگێڕێتەوە". خەپە گیان هەر مەراقم بوو لە نزیکەوە بیبینم، مەراقم بوو لە سەنگەرێکدا بیبینم، دەمویست بچم، بەڵام



گوتیان "رێگا بەترسە، بە تەنها بۆ کەسێک ئەو رێگایە نابێ"، خۆ ئەگەر تۆ لە ماڵ نەبوای هەر دەچووم، بەڵام با بۆ دەرفەتێکی دیکە بێ.

ئیتر قورگی تەژی گریان بوو، ویستی بەسەر کەوێتەوە، گەڕایەوە و گوتی:

– خەپە گیان حاجی برایمی شێردڵم بینی و گوتی:

"شێرەچیا دەزانم لە کوێ دەگەڕێیتەوە، مقۆ مقۆ بوو لەناو خەڵک، بارودۆخ زۆر ئاڵۆزە، واچاکە ئاگاتان لەخۆتان بێ. راستە خەڵک واحاڵی بوون کە زێندین چووە بۆ سەفەر بۆ هەفتەیەک، بەڵام ئەی دوای ئەو هەفتەیە؟ بۆیە بڵاوم کردۆتەوە کە زێندین "خوانەخواستە" نەماوە، شەهید بووە، چونکە ئەگەر وا نەبێ بۆی هەیە ئێوە یان هەر هیچ نەبێ بەختەوەر ئەزیەت بدەن، یان بتانگرن. خۆت دەزانی ئاگری پیرۆز خوێنی لێ دەبارێت. هەرگیز ئاوای بەسەر نەهاتووە، تۆش جلە رەشەکانت دامەکەنە و هەرکێ وای گوت تۆش بۆیان پشتڕاست بکەوە. ئاوا باشترە".

ئینجا بە بارینی فرمێسکە جوانەکانی گوتی:

– لەگەڵ قسەی حاجی برایمی شێر دڵ، دڵم زۆر پڕ بووە. حەز دەکەم جارێکی تریش بەرەو گەروو و بەندەنەکانی دایان بڕۆم. بەڵکو خوا رەحم بکات لە باوەشێک، لە پەنا لوتکەیەک، لە سەنگەرێک زێندینی هەوران ببینم.

چۆن باوکم لە قسەکانی حاجی برایم دەرنەدەچوو، زۆربەی خەڵکی ئاگری پیرۆزیش هەر ئاوا بوون. حاجی برایمی شێردڵ یەکێک بوو لە دەمڕاست و پیاوماقوڵانی ئاگری پیرۆز. پیاوێکی بەهەیبەت و بەوەجی شارەکەمان بوو، ئەو یەکێک بوو لەو کۆڵەکانەی کە ئاگری پیرۆزی پێوە پتەو و سەربەرز بوو. بۆیە قسەکانی حاجی برایمم بەلاوە گرنگ و بە سوود بوون، بەدایکم گوت:

– شێرەچیا خەفەت مەخۆ، هەر ئاواش بە برادەرەکانم دەڵێم. ئەگەر کەسیش پرسیاری کرد بۆ پرسەتان دانەناوە، دەڵێم، بارودۆخ نالەبارە و ئاسایی نییە، بۆیە پێویست بەوە ناکات.

کەسێک نەیدەزانی ئەو بارودۆخە نائاساییە تا چەند پەرە دەستێنێ، تا کەی ئاگری پیرۆز لەژێر پێی پۆستاڵ پانە نەگریسەکان دەمێنێتەوە. داهاتوو زۆر

رەش بوو. کەس نەیدەزانی دوای تاقیکردنەوەکان چارەنووسمان بە کوێ دەگات. لەمێژ نەبوو بیابانییەک ببووە دراوسێمان. قالە تەنەکە ژوورێکی پێ بەخشیبوو، دەیگوت "غەریبەیە، بۆیە پارەی لێوەرناگرم". منیش جارێکیان پێم گوت، "ئەگەر ئەو غەریبەیە چیایی بوایە پارەت لێ وەرنەدەگرت؟" وەڵامی نەدایەوە، دەیزانی من چی دەڵێم، ئەو دراوسێ بیابانییە کەسێکی بێ دەنگ و نادیار بوو، کوردییەکی بێ سەروبن فێر بووبوو و قسەی پێدەکرد و هەمیشە شوێن دەنگوباسی من و گەنجە چیانشینەکانی دەڤەرەکەمان دەکەوت. ڕۆژێکیان بە دایکمی گوتبوو:

– ئێوە ترس نەبێ، من جیرانم، کە خەپە تەواو لە خوێندن، تو بڵێ بە من ناهێڵم بۆ بیابان عەسکەری بکا.

دایکم هێندە سادە نەبوو بەو قسانەی ئەو فریو بخوات و ڕاستییەکانی بۆ باس بکات. بۆیە پێی گوتبوو:

– باشە ئەگەر تەواو بوو پێی دەڵێم سەرێکت لێ بدات، ئەو هێشتا ماوەیەتی خوێندنی تەواو بێ. بۆیە کە دەنگۆی شەهیدبوونی باوکمی بیستبوو هات لە دەرگای دا، سەرەخۆشی لێ کردین، بەڵام پێمان نەگوت وەرە دانیشە، نەماندەویست سەرەپەتی پەیوەندی لەگەڵ ئەو جۆرە کەسە ئاڵۆزانە بکەینەوە. چیاییەکان باوەشیان بۆ خەڵکی ئاسایی بێگانە دەگرتەوە، میوان دۆست و ناندەرن، بەڵام خەڵکێک کە لە دژی چیاییەکان ڕەفتار بکات، دەبوایە ئێمەش هەڵوێستمان دیار بێت و وەکو قالە تەنەکە فێڵ لە خۆمان نەکەین.

حەممادی، هاتووچۆی بەردەوامی عەبەی سەلجوقی و ماڵی عەولاغای کوڕی دەکرد. بەڵام هەمیشە وەکو کەسێکی ئاسایی. جاشەکان پێیان دەگوت: "ئەبو سەمرە" هەروەکو چۆن ناوێکی گەورەشیان بۆ عەبەی سەلجوقی دانابوو و پێیان دەگوت: ڕەفیق سەید عەببودی کوڕی سەید زین ئەلعابیدین، بەڵام لای چیاییەکان بە عەبۆی پاشۆڵپیس ناوی دەرکردبوو، هەندێکیش پێیان دەگوت عەبۆی سەلجوقی. ئەگەر چی کەس نەیدەزانی بۆ ئەو ناوەی وەدوا کەوتووە. عەبەی سەلجوقی خێزاندار بوو شەش منداڵیشی هەبوون، بەڵام کەسمان منداڵەکانیمان نەبینیبوون، چونکە تێکەڵی خەڵک نەدەبوون و لە قوتابخانەی



تایبەتیش دەیانخوێند. عەبەی سەلجوقی ئەوەی بیویستبایە بۆی دەچووە سەر، هیچ کەسێک نهێنییەکانی ئەوی نەدەزانی! لە کوێ هاتووە! چی خوێندووە! پلەی حیزبی چییە! زۆری نەبرد لە بارودۆخێکی تەماویدا دەستی بەسەر کچەکەی مام دارۆدا گرت. خەڵکێکی زۆر لە ترسان یا لە لاوازی خۆیان کەوتبوونە داوی ئەو پیاوە نامۆیە. ئێستاش کەس نازانێت عەولاغا چۆن هێنایی و کردی بە خەڵکی ئاگری پیرۆز.

عەبۆی سەلجوقی پێش ئەوەی بۆ دووەم جار مام دارۆ لەبەردەم سیخوڕخانەی پێتەختی بیابانییەکاندا ببینێ، پێشتر لەبەردەم بەڕێوەبەرایەتی ڕەگەزنامەی باری شارستانی بینی بووی.

زانیبووی مام دارۆ سەرقاڵی دەرهێنانی ڕەگەزنامەیە بۆ کچەکەی بۆ چوونی بۆ زانکۆ. ڕاستەوخۆ دۆکومێنتەکانی لێ وەردەگرێت و لە ماوەیەکی کەمدا کارەکانی بۆ تەواو دەکات. بۆیە کە دووەم جار لەبەردەم سیخوڕخانەی بینی بە پیریەوە چوو و بە خۆپێشخستنێکی زۆرەوە لێی پرسیبوو:

– ئەوە بۆ لێرە وەستاوی مام دارۆ؟ ئەویش دەڵێ:

– ئەوە چەند ڕۆژە کوڕەکەم گیراوە، سەرو سۆراغی نییە، تەنانەت هۆی گرتنەکەشی نازانم، ئەو تا هەنووکە لە شاخ و داخ بەدەر دەڤەرێکی تری نەبینیوە، بێ زەڕ بووە و زۆر بە هێمنی سەرقاڵی خوێندنی خۆی بوو، تێناگەم بۆ گیراوە!

عەبەی سەلجوقی ئەو شانازیکردنەی چیانشینەکانی بە چیا و دار و بەرد بەلاوە ڕەفتارێکی سەیر بوو، زۆر جار لای خەڵک باسی دەکرد، هەرگیز لێی حاڵی نەدەبوو، ئەو پێی وابوو چیاکان خەڵک ناژیەنن، چیاکان ڕووت و ڕەجاڵ و وشک و بریشکن، دەرنەچوون بۆ دەرەوەی چیاکان بە مانای دونیا نەدیتن دێت، بۆیە لە مەبەستی مام دارۆ حاڵی نەبوو، نەیزانی مەبەستی ئەو پاکی و خۆڕاگری دیدارە. لای چیانشینەکان ئەوەی لە چیاکان بەدەر شوێنی تری نەبینیێ ئەوا ئەو کەسە هەر بە پاکی ماوەتەوە و گەردی بیابان و ساختەی باژێرەکان و بێوەفایی دوژمنانی نەبینیوە. عەبود لە سەنگەر دابوو بۆ بینینی مام دارۆ، ئەو دەرفەتەی لێرەی بۆ دەڕەخسا لە هاوشارییەتی بۆی نەدەڕەخسا،

چونکە کەم وابوو مام دارۆ ببینێ و بەدوای بەهانەیەکدا دەگەڕا بۆ ناسین و تێکەڵبوونی، بەلایەوە گرنگ بوو ئەو دەرفەتە لەدەست نەدا، هەویەکەی دیداری لێ وەردەگرێ و بەهاری بۆ دێنێتە چۆکان. تەنانەت پێی دەڵێ:

– ئەگەر پێت باش بێ بەیانی ئێوارە دێمە ماڵتان و دیداریشم لەگەڵدا دەبێ!

مام دارۆ پیاوێکی سادەی کرێکار بوو، ڕۆژی لە ڕۆژ گرێدەدان بۆ ئەوەی نانی خۆی و منداڵەکانی پەیدا بکات. لە خانووێکی کرێی یەک ژووری ماڵنج نەکراودا بوون، ئەوەتا لە سەرما و باران پاراستبوونی. شەدەیەکی دەکردە سەری و کورتەک و شەلوارێکی پینەکراوی لەبەر دەکرد، بەڵام ئەو جلانەی ڕەنگ و ڕواڵەتێکی جوان و بە هەیبەتی پێدەبەخشین، هەمیشە بێدەنگ بوو، کەم وابوو قسە بکات. شێوەی قسەکردنیشی لە شێوە زاراوەی ڕۆژهەڵاتی چیاکان دەچوو، لەوێ خێزانی بەیەکەوە نابوو، کوڕ و کچێکی هەبوون، نەمدەزانی بۆ کەوتبووە ڕۆژهەڵات و بۆ گەڕابووەوە بۆ ئاگری پیرۆز.

عەبەی سەلجوقی پیاوێکی ڕەشتاڵەی کورتەخڕەی سکگەورەی لێو ئەستوور بوو، لووتێکی درێژی گەورەی فشی پنک پنکی هەبوو بەسەر سمێڵە فشەکانیدا شۆڕ بووبووەوە. کە دەئاخافت سمێڵەکانی لەبار یەک دەچوون و درێژ دەبوونەوە ناو دەمی، لەگەڵ هەر خواردنەوەیەکدا داوە مووی سمێڵەکانی تەڕ دەبوون و بەلێوەکانی تەڕاییەکەی دەمژتەوە، دووکەڵی جگەرەش ڕەنگێکی زەردی تڵخی ناشیرینی پێ بەخشی بوو. یەکێک بوو لە دڕندەترین سیخوڕەکانی ئاگری پیرۆز. زۆر هەوڵی دابوو زمانی چیاییەکان فێر بێ بەڵام دوای زیاتر لە هەشت ساڵ کە قسەی دەکرد زۆر لێی حاڵی نەدەبووین. نەیدەتوانی ڕستەیەکی بێ هەڵە بڵێ. پیاوێکی زمان لوس و فێڵ باز و داخراو بوو. بە ئاسانی پەیوەندی لەگەڵ خەڵکی گرێ دەدا. سەرەتا وەکو فریشتەیەک دەچووە پێش تا هەڵێکی بۆ هەڵدەکەوت و وەکو مار قدقدۆکی قوربانییەکانی خۆی دەگرت. ئەو یەکێک بوو لەو بیابانییانەی بۆ مەبەستێکی گڵاو دەیەویست ببێ بە چیانشین. هەرگیز بیرم لە پانایی پێیەکانی نەکردبووەوە، تا جارێک باسیان کرد کە پێڵاوەکانی بەڕادان دەدا، ئەگینا هیچ پێڵاوێک بۆ پێی ئەو نەدەبوو و لەدوور دیار بوو کە ئاسایی نییە. لەبەر گەورەیی کرشەکەیشی کەم وابوو پانتۆڵ بکاتە بەر، هەندێک جار



جلی جیاییەکانی دەپۆشی و دەیانگوت زۆر بەو جلانە ئاسوودە دەبێت، بەڵام من هەمیشە بە جلی بیابانەوە دەمدیت. زۆر ئێواران بە کراسە درێژەکەیەوە لە ماڵ دەردەچوو و دەهاتە سەربانی مزگەوت، لەوێ لەگەڵ حەممادی و چەند کەسێکی دیکە کاتیان بەسەر دەبرد و پستەپستیان دەکرد. خۆیان لە خەڵکی نزیک دەکردەوە، تا ماوەیەک ئەوە ڕەفتاری بوو. هەمیشە جگەرەیەکی بە لێوانەوە بوو، هەندێ جار قەتماغەی دەکرد و لای نەدەدا. سەرەتا کەس هەستی نەدەکرد کە حەممادی سەر بەخۆیانە، کەسێکی کپوکڕ بوو، خۆی واپیشاندەدا کە تەنها فەرمانبەرێکە و هیچی دی، بەڵام کە بارودۆخی شارەکە تەواو ئاڵۆز بوو ئۆتۆمبیلێکی بەدوادا دەهات و چەکێکی ئۆتۆماتیکی ڕەشی بێ قۆنداغی دەکردە شانی، من هەرگیز شتی لەو شێوەیەم نەبینیبوو.

عەبەی سەلجوقی بۆ ماوەیەکی زۆر هاتووچۆی ماڵی مام دارۆی کردبوو. بێ ئەوەی بتوانێ یان بیەوێ سەروسۆراخێکی کوڕەکەیان ئاشکرا بکات. لە بارودۆخێکی ناساز و ترسناکدا مام دارۆ دەکەوێتە ژێر کاریگەرییەکی زۆری عەولاغای کوڕ و مەلا عەبدولباری، تا بۆ دوا جار مام دارۆ ڕازی دەکەن کچەکەی بدا بە عەبەی سەلجوقی.

ئەو ڕۆژە کە نازدار ئەو دەنگۆیە دەزانێ ڕاستەوخۆ پەنا بۆ ماڵی ئێمە دێنێ. ئەو ساڵی دووەمی زانکۆ بوو، ئێمەش چوارەم ساڵمان بوو. لەسەرەتادا جاروبار لە ڕێی زانکۆ یا لە هاتنەژوور و چوونەدەری زانکۆدا سڵاوم لێ دەکرد، هەرگیز گوێم لەوەڵامی نەدەبوو، بەڵام هەمیشە بە زەردەخەنەیەکەوە تەماشای دەکردم و سەری بۆ سڵاوەکەم دەلەقاند. لە برادەرانی بەشی خوێندنی ئەو دەمبیست کە کچێکی زۆر زیرەک و پارێزکارە. کچێکە هەمیشە سەرقاڵی خوێندن و وانەکانییەتی و هێمنی چیاکانی پێوە دیارە، لە کچێکی هاوڕێی بەدەر لەگەڵ کەس هەڵس و کەوت ناکات. زۆر کەم وایە بچێتە چێشتخانەی زانکۆ. بۆ ئاهەنگ و بۆنەکانیش هەوڵی دەدا هەر خێرا خۆی بدزێتەوە و بەرەو ماڵ بڕواتەوە. ئەم ڕەفتارە لە خۆیدا جوانییەکی پێدەبەخشی، بەڵام دەشبێ هەندێ جار هێمای شتی تر بن، وەکو هەڕەشە و پاڵەپەستۆی ئەوانی دی، ترس، بڕوا بەخۆ نەبوون، شێوەیەک لە شێوەکانی لاوازی.

رۆژێکیان لە وێستگەی پاسەکاندا چاوەڕێی هاتنی پاسم دەکرد و داڵغەیەکی قوڵم لێدابوو، لە ناکاو هەستم کرد کە تارماییەک هاتە بەردەمم وەستا، وەستان و درکاندنی یەکەم وشەی یەکبوون، منیش بێدەستی خۆم تۆزێک ترسام و ئەویش هەستی پێکرد، بۆیە زەردەخەنەیەکی زۆر جوانی هاتە سەر لێوان، کەمێ وەستا و داوای بووردنی کرد. هەرگیز ئاوا نزیک نەم بینیبوو، ئەگەرچی ماڵمان لەیەکەوە نزیک بوون و تەنها چەند خانوویێک لە نێوان ماڵی ئێمە و ئەواندا هەبوو، بەڵام بەدەگمەنیش دەرفەتی ئاوا رێک نەدەکەوت. ئەمجارەیان دەرفەتێک بوو بۆ ناسینی، بۆ زانینی خەون و ئارەزووەکانی، بۆ ترسەکانی. لەگەڵ ئەو هاتنە پێش و خۆ ناساندنەی هەموو ئەو گومانانەم رەوینەوە کە پێشتر هەمبوون. لە قسەکانیدا بەدەرکەوت کە ئەو کەسایەتییەکی نەک هەر بێ هێز نییە، بەڵکو بەهێزیشە و زۆریش بڕوای بەخۆی هەیە وێڕای هەموو ئەوەش رۆشنبیر و وڵاتپارێز بوو.

کە سواری پاسەکە بووین هەردووکمان بێدەنگ بووین، هەرگیز لەو باوەڕەدا نەبووم شەرمی لێبکەم، هەرچەند هزر و بیرەکانم دەبردن و دەهێنان بەهانەیەکم نەدەدیتەوە تا قسەی لێبکەم. پاس دەڕۆیشت و ئێمەش هەردووکمان کڕوکپ بێدەنگ دەمانڕوانییە دیمەنەکانی دەرەوە. کۆنترۆڵی بیابانییەکانمان بڕی، دوای چەند دەقەیەک شوفێر رادیۆکەی کردەوە و ئاوازێکی کلاسیکی وەیزاڵمی لەسەر بوو، لەگەڵ یەکەم نیگام بەرەو رووی ئەو زەردەخەنەیەکی نەرم هاتە سەر لێوەکانی، بەڵام من هێندە ئازا نەبووم بە زەردەخەنەیەکی باشتر وەڵامی بدەمەوە، زەردەخەنەی من زۆر کورتتر و شەرمنانە تر بوو، بێجگە لەوەی کە چاوەکانیشم ترسنۆک بوون و هەر زوو چاوەکانم وەرگێڕان بەرەو ئەو دیمەنە جوانانەی بنار زنجیرە چیای دایان، لەو ساتەدا لەگەڵ دەنگی قاسپەی کەو چاوم بەرزکردنەوە پۆلە کەوێکم بینین لەو بنارە دەیانخوێند، هێندە ئازایەتیم تێدا مابوو بڵێم ئای کە جوانن. نازدار رووی بەرەو دەرەوە و بەرەو ئەو دیمەنە جوانانە وەرگێڕان، دوای کەمێک رامان گوتی:

– راستە جوانن بەڵام جوانی چی پێدەکرێ کاتێک کە لەژێر قورسایی کابووسی داگیرکردندا هەنسک بدەن. ئومێد دەکەم ئەم تێڕامانە هەر رواڵەت



نەبێ، تێگەیشتن لە جوانی بەشێکە لە تێڕامان، نەک هەر جوانی سروشت یا جوانی ئافرەتێک یاخود جوانی گوڵێک یا منداڵێک، کە هەر یەکەیان جوانی تایبەت بەخۆیان هەیە، بەڵکو دەربارەی خودی جوانی، راستترین ناوەڕۆکی جوانی ئازادییە. ئەگەر لە هەموو ئەو دیمەنانە وردبینەوە دەیانبینین بێ جوانی نین، بە کەوەکانیشەوە، جوانی دیوی دەرەوەیان بێ سنوورە، دەم لە وەسفکردن و پێداهەڵدانی دەوەستێ، بەڵام ئەوەی ئێمە بە چاو دەیبینین هەر ئەوە نییە، هەموو ئەو جوانییانە ناوەڕۆکێکی پڕ بەهایان هەیە، ناوەڕۆکێک تا نەمانبێ هەست بە گەورەیی و شیرینی و گرنگی ئەو ناوەڕۆکە ناکەین، ئەویش لە هەموو حاڵەتەکاندا هەر ئازادییە. بێی ئازادی هیچ جوانییەک نرخی نییە، جوانییەکان لە نەبوونی ئازادیدا بەهای راستەقینەی خۆیان لەدەست دەدەن.

کە ئەو ئەو قسانەی دەکردن هەناسەم لە خۆ بڕیبوو، تەنانەت بە غەڵبە غەڵبی خەڵکیش سەخڵەت دەبووم. بە گڕەگڕی ماشێنی ئۆتۆمبێل، بە هەموو سوڕانەوە و هەژانەکان. باوەڕم نەدەکرد ئەمەی لە تەنیشتم دانیشتووە کچی مام دارۆ بێ. تەماشایەکم کرد و ئەم جارە زەردەخەنەیەکی درێژدادڕم هاتە سەر لێو، زەردەخەنەی دۆزینەوەی مرۆڤێک کە بێجگە لە کڕی و بێدەنگی شتێکی تر هێمای ئەوەی نەدەدا کە ئەو فەیلەسووف بێ، بۆیە هاتمە قسە و پێم گوت:

– لە راستیدا قسەم لەسەر قسەکانت نییە، دەڵێی ساڵانێکە هەوڵت داوە ئەم وشانە هەڵبژێری. ئەمەی گوتت رۆحی رواڵەتەکانە. ئێمەش بۆ ئەو رۆحە تێدەکۆشین، رۆحێک لەژێر سەرپەرشتی و وەسایەتی هیچ بێگانەیەکدا نەبێت. رۆحێک کۆمان بکاتەوە و هێزمان پێ ببەخشێ، رۆحێک سیمای لەمێژینەی لە دەستچوومان بۆ بگێڕێتەوە. رۆحێک بە راستی زیندوومان بکاتەوە و نرخی ئەو ئازادییەش بزانین کە لە مێژە نەمانبینیوە، لە مێژە هەوڵی قەڵاچۆکردن و ناشیرین کردنی دەدرێ. لە مێژە هەوڵ دەدەن رامان بێنن لەسەر کۆیلەتی و ژێر دەستی. بەداخەوە بۆی هەیە تا ئاستێکی زۆر ئەو خواستە نەگریسەی داگیرکەر سەرکەوتنی بەدەست هێنابێ. بەڵام پێویستە لەسەر ئێمەی چیایی مل کەچ نەکەین و لە جوانییەکان دوور نەکەوینەوە. پێویستە وریای ئەودیو

ڕەشەبایەکان بین و بە کتوپڕیە نەبینراوەکان ناهەش نەبین و شۆک نەمان گرێ. دڵنیابە چیاییەکان کۆشش دەکەن بۆ گێڕانەوەی مانا بۆ ناوەڕۆکی جوانییەکان، بۆ دروستبوون. ئێمە نەتەوەیەکی کلۆڵین، چیاکان جوانیان کردووین، چیاکان بەهایان پێبەخشیوین، چیاکان بەربەست بوون لەوەی کە نەتاوێینەوە، بەڵام نابێ لە خۆبایی بین، چونکە زۆرشتمان دۆڕاندووە، نابێ لە بیرمان بچێ ئێمە داگیرکراوین، داگیرکران لە نەخۆشی شێرپەنجە کوشندە تر و درمی ترە، دەبێ دان بەوەدا بنێین کە ئێمە نەخۆشین، پێویستە بەدوای چارەسەردا بگەڕێین. نابێ لە بیرمان بچێ داگیرکەران لەناو ئێمەدا پێگەیان دۆزیوەتەوە، کەسانێکی زۆری چیایی باوەشیان بۆ کردوونەتەوە، کەسانێکیش هەن هەر دیاردەیان بەلاوە ئاسایی بووە. ئەمەش نەخۆشییە، ئەوان نەبن بیابانییەکانیش ئەستەمە بتوانن خۆ ڕاگرن، ئەستەمە بەبێ پشتیوانی ئەو چیاییە هاوکارانە بتوانن چیاییەکانی دی ئەزیەت بدەن. بەهەشت نموونەیەکی جوانی ڕەدکردنەوەی داگیرکەر و هاوکارانییەتی ئەگەر هاوکارەکان باوک و کەسوکاری نزیکیش بن.

هەر ئەم جارە نەبوو قسە لەزۆر شت بکەین، دوای ئەو جارە زۆر جاری دی و زۆر دەرفەتی تری ئاوامان بۆ ڕەخسا، بە یەکەوە ڕوو دەچووینە ناخی هەموو پرسە هەنووکەیی و داهاتووەکان. زۆر جار باسی باوکی خۆی دەکرد، بەزەیی پێدا دەهاتەوە، بە شەکەت و ماندووی دەزانی و هیوادار بوو کە زوو خوێندن تەواو بکات و هاوکاری خێزانەکەی بکات. دیگوت:

باوک، بەستنەوەیە بەڕابردوو، بەڵام ڕابردوویێکی بێ بەزەیی، دایکیش بەردەامییە بە ڕەهەندی ڕابردووشەوە بەڵام کێشەی دایک بێدەستەڵاتییە، ئەگەر چی ئەمە جوانی کردووە، لێ بێهێزیشی کردووە.

کە باسی ئاگری پیرۆزیشی دەکرد، دەیگوت:

– ئەگەر چی من لێرە لە دایک نەبووم، بەڵام ئاگری پیرۆز ئەو زێدەیە کە هەموو چیاییەک خەونی پێوە دەبینێ، ئاگری پیرۆز ئەو پانتاییە پیرۆز و جوانەیە کە یەزدانی پاک بەر لە هەموو دونیا دروستی کردووە، هەر لە ڕۆژی دروست بوونیشیەوە کلیلی ئاوەدانکردنەوەی داوەتە دەست چیاییەکان و لە



هەموو کەسێکی تری حەرام کردووە، بۆیە کە بیابانییەکان دێنە ئاگری پیرۆز هەموو شتێک، چیاکان، ڕێگاوبان، مرۆڤ و ئاژەڵ و تەنانەت ئاژەڵە کێوییەکانیش دەکەونە ڕامان و دڵەڕاوکێ، گژوگیا لە جیاتی گەڵا دڕک دەردەکەن و ئامادەی ڕووبەڕووبوونەوە دەبن، دێوەکان دێنە ناو باژێڕ و سەنگەر دەگرن، ئاگری پیرۆز شتێکی تایبەت و جیاوازە لەگەڵ هەموو ئاوەدانییەکانی سەر زەوی، چەندە غەریب دۆستە هێندەش ڕقئەستوورە بەرامبەر هاتووە نامۆ دوژمنکارە داگیرکەرەکان، خۆ ئەگەر عەولاغای خۆفرۆش نەبوایە کەسێک زاتی ئەوەی نەدەکرد سڵاو لە بیابانییەکان بکات، تا لە ژیاندا بوو زۆر فەرخەی نامۆی لێرە وەبەرهێنان، عەبۆی پاشۆڵپیسی دڵڕەشی هێنا و کردیە کابووسی ئەو شارە، ئەو دڵڕەشە هێندە بە وریایی و بە ئاگاییەوە دەجوڵێتەوە ئەستەمە زەفەری پێ ببردرێ، وەکو جیوە وایە، کە بیابانییەکان دەستیان لە ئاگری پیرۆز بەردەبێ ئەویش وندەبێ، لەگەڵ هاتنەوەشیان وەکو جنۆکە بەدەردەکەوێتەوە.

خولیا بوونمان بۆ یەکتر بەسترابووەوە بە گەڕانەوە بۆ ئاگری پیرۆز، ئەم گەڕانەوەیە تاکە دەرفەت بوو بۆ دیدار و ئاخافتن. ئاخر ئەمە هەر ویستی دوو کەس نەبوو، ئەمە هەر گەڕانەوەیەکی ئاسایی بێ ناوەڕۆک نەبوو، دیدارێکی بێ قوڵایی نەبوو، دیدارێک پەیوەست بێ بە گەڕانەوە بۆ باوەشی ئاگری پیرۆز گەورەترین جوانی بەو دیدارە دەبەخشێ. بۆ جارێکیش هەڵنەکەوت بەیەکەوە لە ئاگری پیرۆز دەربچین، بەڵام دوای ئەوەی بەیەکتر ئاشنا بووین بواری هیچ گەڕانەوەیەکمان نەدەدا بێی دیدار و ئاخافتن تێپەڕبێ. لەو دیدارانەشدا ئەو زیاتر دەئاخافت، منیش زیاتر حەزم دەکرد گوێم لەو بێ. تۆنی دەنگە ناسکەکەی لە دەروازە تێنووەکانی گوێچکەکانم بەرەو ناخی هەزار بە هەزارەم غلۆردەبوونەوە. هەرجارێک ئەو قسەی دەکرد من زیاتر خولیای ئەو هەژارزادە ئاگری پیرۆزپەرستە دەبووم. ڕۆشنبیری ئەو مرۆڤە خۆڕسک بوو، هێندەی شار و باژێری بینیبوون خەڵکی دەناسی، دڵی دەخوێندنەوە، ڕۆژێکیان بەڕاشکاوی پێیگوتم:

– کاک بەختەوەر واپێدەچێ شێرانی چیا نەتوانن زەفەر بە عەبۆی سەلجوقی ببەن، خاتوونی پیرۆزیش ماوەیەکە دەنگ و باسی نییە، ماوەیەکە کەسم نەبینیوە ئەویان دیبێت، ماوەیەکە کەس باسی ناکا، ماوەیەکە تەرمی خۆفرۆشێکیش فڕێنەدراوە. واپێدەچێ عەبوود سەری هەمووومان بخوات، ئەوە چەند لە مێژە لە باوکم نزیک دەکەوێتەوە، بەڵێنی ئازادکردنی دیداری بە باوکم دابوو بەڵام ڕۆژبەڕۆژ ناڕاستی قسەکانی بەدەردەکەوێ، ئەو تەنها درۆ دەکا، ئامانجی گڵاوە کاک بەختەوەر، هەرچەندە ئامۆژگاری باوکم دەکەم بە قسەم ناکا، ونبوونی دیدار باوکمی کوێر کردووە، عەبوودیش ئەوە باش دەزانێ، بۆیە دیدار دەکات بە بیانوویەک بۆ زیاتر هاتنە ژوورەوە، ئەو کتومت لە کابووس دەچێ. بەڵام وا پێدەچێ هەستی پێناکەن، هەست دەکەم لەوەتی ئاگری پیرۆز داگیرکراوەتەوە خەڵکی ترسنۆک بووبن، هەرگیز ئێرەم ئاوا نەبینیوە، لێرە چاوم کردۆتەوە، لێرە خۆم ناسیوە، بەڵام قەت وەکو ئێستا نەترساوم، قەتیش بیابانییەکان وەکو هەنووکە چرنوکیان لە ئاگری پیرۆز گیر نەکردووە، بەختەوەر زۆر دەترسم، دەترسم ئاگری پیرۆز لە کەسایەتی مندا هەتک بکەن، لە کەسایەتی مندا زیندەبەچاڵ بکەن، دڵنیابە بەختەوەری بەڕێز من بڕفێنن ئاگری پیرۆزیش خۆشی بە خۆیەوە نابینێتەوە، ڕۆشتنی من کارەسات دەبێ بۆ ئاگری پیرۆز، ڕۆشتنی من دوا لێدانی دڵی ئاگری پیرۆز دەبێ، ئەمەت بە قەرز پێدەڵێم، دوایی فرمێسک ڕشتن بۆ هیچ شتێک داد نادات، دەشزانم کەس هیچی بۆ ناکرێ، بۆخۆشم سەرم لێشێواوە، وەکو کەنیزەکێکی ونبووی ناو بیابان وام، دەیانەوێ ئەڵقەی دیلیەتی بخەنە گوێم بۆ ئەوەی بناسرێمەوە، کە ونبووم بۆ بیابانم ببەنەوە، بەختەوەری بەڕێز کار لەکار ترازاوە، باوکم مێشکی لای خۆی نەماوە، باوکیشم لەژێر کاریگەری سۆز و ئیشقی بۆ ڕۆحێکی نێرینە دەیەوێ ڕۆحێکی مێیینە بسووتێنێ، باوکم بێ ئەوەی بزانێ ڕۆڵی عەولاغا دەبینێ، بەڵکو ڕۆڵی عەولاغا لەگەڵ مردنی کز بوو، بەڵام ڕۆڵی باوکم بە هێز دەبێ، چونکە سەرەتایەکە بۆ سڕینەوەی سیما جوانە پاکەکانی ئاگری پیرۆز. دڵنیابە باوکی من یەک نموونەی بچکۆڵەیە بۆ ئەو داڕووخان و داڕزانە گەورەیەی کە خەڵکی ئاگری پیرۆز تێی کەوتوون.



ویستم قسە بکەم، بەڵام هەستم کرد قسەکانم بێهوودەن، ویستم کۆمەڵێک بەڵێنی پێبدەم و پێی بڵێم ئەو پیلانە دژوارە و ناشێ و ناکرێ سەربگرێ، وەکو ئەو پەستبوونی منی خوێندبێتەوە بە ڕاشکاوی پێی گوتم:

– بەختەوەری بەڕێز دەزانم تۆش دەسووتێی، هەموو ئاگری پیرۆزیش دەسووتێ، بەڵام ئەوەی ڕوودەدات لە دەستەڵاتی کەسدا نییە، من هیچ نیم بێجگە لەسەرەتایەک، من یەکەم ئەڵقەم لە پرۆسەیەکی ترسناک، من بە زیندوویی دەبەن، ئەگەر چی نامکوژن بەڵام تا دەمێنم ڕیسوام دەکەن، کە ئاگری پیرۆز دەبەن من ڕیسوا کراوم، ئاگری پیرۆزیش هەناسەی لە قورگ گیر دەبێ و وەکو کۆترێکی باڵکراو دەیخەنە قەفەس و دەیسووتێنن.

ئەم لێدوانانەی نازدار دایانڕژاندبووم، چەند ڕۆژێک بوو بیرم لە چارەسەر دەکردەوە، بیرم لە قسەکانی دەکردەوە و زۆر قسەی بۆ من نادیار بوون و هەر لە مەتەڵ دەچوون.

پێنجشەممەکان کە زانکۆ تەواو دەبوو بۆ بەشی ناوخۆ نەدەگەڕامەوە، ئەمجارەشیان کەلوپەلەکانم پێبوون و بەتەمای ئەوەبووم لەگەڵ نازدار یەکتر بگرینەوە و بەیەکەوە بۆ ئاگری پیرۆز بگەڕێینەوە، بەڵام هاوڕێ داوای لێکردم کە بچم بۆ ماڵیان و چەند سەعاتێک بمێنمەوە، بۆیە دەرفەتی دوا بینینی نازدارم لەدەست چوو، ترس و دڵەڕاوکێکانی نازدارم بۆ هاوڕێ گێڕانەوە، داوام لێکرد کە چارەسەرێک بۆ ئەو کێشەیە دابنێین، ئەو بەڵێنی پێ دام کە بیری لێبکاتەوە، بەڵام ئەو لەسەر هیچ جۆرە چارەسەرێک گەرم نەبوو، ئەو مەترسی پرۆسەکەی وەکو ئێمە دەرک نەدەکرد. ئەو دوا قسەی بۆ من ئەوەبوو کە چیاییەکان نابێ بە سادەیی بیر بکەنەوە. پێی وابوو چونکە دڵم بەنازدارەوەیە، بۆیە هێندە بە گەرمی باس لەو کێشەیە دەکەم و زەقی دەکەمەوە، ئەمەش هەرگیز بەو شێوەیە نەبوو، چونکە ئەو هەستی بەو مەترسییە نەدەکرد کە دانیشتوانی ئاگری پیرۆز هەستیان پێدەکرد، بۆیە هەڵوێستی ئەو زۆر لە دەمارەکانی منی خاو کردەوە، بە تەواوی نائومێدی کردم.

ئێوارەیەکی درەنگ بوو کە گەیشتمەوە ماڵ، نازدارم لە ماڵی خۆمان بینی سەری لەسەر سینگی دایکم بوو دەگریا. منیش داحەپەسام، پرسیم دەبێ چ شتێک

رووی دابێ؟ ئەم بەپەلە هەوڵیدا چاوەکانی بسڕێتەوە. دایکم چیرۆکەکەی بۆ گێڕامەوە، تا قسەکانی تەواو کرد ئەویش دەبەر خورینگەوە دەچوو و خۆی بۆ ڕانەدەگیرا. لەو کت و پڕییەدا ئەوەندەم بۆکرا بڵێم:

– جا خۆ دونیا بێ یاسا نییە.

هەر لە هەمان کاتدا بیرم لە قسەی زلی خۆم دەکردەوە، بەو قسەیەم خۆم وەکو هەرزەکارێک دەهاتە بەر چاو، لەگەڵ ئەوەشدا زیاترم هەڵدایە و بە حەماسەتێکی بێ ناوەڕۆک دەستم بۆ قژم دەبرد و خۆم دەسوڕاند و رووم لە دایکم دەکردەوە:

– چۆن دێڵین ببێ بە هی بیابانییەکی خوێڕی، لە تەمەنی باوکی خۆیدا بێ، خاوەن کۆمەڵێک منداڵ بێ، پاشان ئەو تا ئێستاش قوتابییە، نازانم باوکی چۆن بە کاری ئاوا رازی دەبێ؟

لەو قسانەمدا وەکو ترسنۆکێک خۆم دەهاتە بەرچاو، نەمدەوێرا پێی بڵێم "ئاخر دەبێ بەربەرەکانی باوکیشت بکەی ئەگەر ملی بۆ ئەو بیابانییە دڵڕەشە کەچ کرد. ئەو قسەی زیاتری نەکرد، ئەو باش دەیزانی لەو چرکە ساتەدا نەک هەر من بەڵکو هەموو ئاگری پیرۆز بێدەسەڵاتە. هەمووومان تا گوێ لەداگیرکراندا نقوم بووین. ئەو بێجگە لەوەش کە زۆر بە ئاگا و رۆشنبیر بوو، شەرمنیش بوو، رووی لە دایکم کرد و گوتی: دایە گوڵ دەبێ بڕۆم. ویستم شتی تری پێ بڵێم، زیاتر دڵی خۆمی بۆ بکەمەوە، دەمم هەڵێنا بیدوێنم دایکم هەستی پێکرد و بە دەستی هێمای بۆ کردم بۆ ئەوەی وازی لێبێنم بڕواتەوە.

بەڵام بەر لەوەی بڕوات سەرنجێکی دام و بەچاوی بەگریانەوە گوتی:

– یاسا کۆمەڵایەتییەکان لە من و تۆ و هەموو ئاگری پیرۆز بەهێزترن، مخابنە ملکەچی کۆمەڵێک یاسا بین کۆیلەتی بەرهەمبێنێ، بەڵێ ئیتر کۆیلەتی جوانترین سیمای ئەو شارەیە، ئیتر نە من و نە کەسیشمان ناتوانین کۆیلە نەبین، ساڵەهایە ئەو کولتوورە ئیشی لەسەرکراوە، ئاوا لە خۆوە لە شەو و رۆژێکدا دروست نەبووە، ئێمەش بە ویست و بێ ویست، بە ئاگا و بێ ئاگا نەک هەر پێی رازی بووین بەڵکو زۆرێک لە ئێمە لە دروستکردنیشیدا بەشدار بووین، هەندێکمان



چارمان نییە، بە ناچاری دەچینە بن ئەو نیرە، هەندێکیشمان بێی ئەو یاسا ئابڕوبەرە ناژین. هەڤاڵ، کۆیلەتی ئیتر بە بەهاترین ناوەڕۆکی جوانییە.

قسەکانی تەواو کردن، بەڵام بە گریانەوە، دەهێندەی پیتە بریندارە بێ هاوار و بانگەکانی فرمێسکی هەڵوەراندن، گوڵچینی ئاگری پیرۆزیش دەگریا و منیش دەگریام. تا بەر لەوەی بجوڵێ گوتی:

– ئیتر بێ هۆ نەگوتراوە فرمێسک بەهێزترین چەکی ژنە، ژنیش هێمای بێدەستەڵاتییە. لەو بێدەسەڵاتانەی کە وەکو ئاژەڵ لە کۆمەڵگای ئێمەدا مامەڵەیان پێدەکرێ، بەڵام ئەوانەی لەدەرەوەی ئەو یاسایەن نازانم بۆ دەگرین؟

راستی گوت، تا هەنووکەش کەسێک ئەو قسەی پێ نەگوتووم. لە من بێدەسەڵات تر نییە و نەشبووە، هەردووکمان بێ ئەوەی رۆژێک وشەی خۆشەویستی بێتە سەر زارمان باش دەمانزانی کە پەیوەندی ئێمە پەیوەندییەکی بەهێز و پیرۆزە. کەسمان نەمان دەتوانی هەست و نەستی خۆمان بشارینەوە، هەموو لەشمان، هەموو ویست و رەفتارەکانیشمان هەر وایان دەگوت، بەڵام وا پێدەچوو هەردووکمان گەیشتبووینە ئەو راستییەی کە ئیشق بە درکاندنی بێ رێز دەبێ و لە ماناکانی بەتاڵ دەبێتەوە. ئەو رۆژە تا ئێوارە هەستم بە شەرمەزاری دەکرد. رقم لە خۆم و لە هەموو ئەو دونیایە هەڵدەستا. دەستم دەلەرزین و رەنگم سوور هەڵگەڕابوو، هەستم دەکرد لە چیانشینەکان ناکەم، چیانشینەکان بڕیار دەدەن و هەنگاوی بۆ دەهاوێن، ئەوان بە جەرگن. دایکم هەوڵی دەدا ئارامم بکاتەوە بێ هودە بوو، خۆم بۆ نەدەگیرا. جوێنم بە هەموو شتێک بە هەموو کەسێک دەدا. دەمگوت:

– من شایستەی ئەوەنیم کە چیایی بم، واباشە چیابەدەر بکرێم، حاشا من خەڵکی ئاگری پیرۆز نیم.

دایکم دەرگای لەسەر دانەخستبامایە لە دەرەوە کەتنێکم دەکرد. تا تاریکی خۆی کوتایە کۆڵان و ماڵەکانمان من هەر گریام، هەرگیز هێندە خۆم بێدەسەڵات نەبینیبوو.

دایکم لەبەر خۆیدا برمەبرمی بوو، دەیگوت:

– باشه خۆ ئەگەر شتێکی گەورەش رووی دابێ ئەوەندە ناهێنێ پیاو ئەو هەموو فرمێسکانەی بۆ بەربداتەوە. فرمێسک بۆ مرۆڤی بەجەرگ نەهاتووە، هەمیشە ئارەقەی نێوچاوان لە فرمێسکی چاوان گرنگتر و بە نرخ ترە.

ئینجا رووی لەمن کرد و گوتی:

– کورم گریان پیشەی بێدەسەڵاتانە، چیاییەکان تەنها بۆ بەدبەختی خۆیان دەگرین. ئێمە بەرپرسی راستەوخۆی ئەو کچە نین، باوکی خۆی لێی بەرپرسە. راستە ئەو کەنیزەک نییە، بەڵام بە شەو و رۆژێک ئێمەش ناتوانین ئەو یاسا درندانە بگۆڕین. ئەو یەکەم قوربانی ئەو کولتوورە نامۆیە نییە، دوا قوربانیش نابێ. ئێمە هەموومان قوربانین، ئێمە هەندێ جار شایەنی هەرێمی چیا نین، سەیرە ئێمە ساڵەهایە لەناو ئەو شاخوداخانەدا دەژین، کەچی هێشتا رەنگی چیاکانمان نەگرتووە، هێشتا چیا ئاسا بەجەرگ و سەربەرز نین.

پاشان لەبەر خۆیدا دەیگوت:

– دوێنێ شوانەمان هەبوو ئەمڕۆش دارۆ، دوێنێ بەهەشت و ئەمڕۆش نازدار.

دەمزانی دایکم چ دەڵێ، باش لێی حاڵی دەبووم، بەقەد ئەوەی بەراوردکردن لە نێوان شوانە و دارۆ گووناهە، دەبێ ئەو بەراوردکردنەش لە نێوان زێندینی هەوران و کورەکەی گووناه بێ، ئەی دەبێ ئەو بەراوردکردنە لەنێوان بەهەشت و نازداریش گووناه نەبێ؟؟ راستە دارۆ شوانە نییە، داواشی لێناکەین ببێ بە شوانە، بەڵام دەبوایە لانی کەمی خۆڕاگری هەڵبژاردبوایە بەرامبەر ئەو دڵڕەشانە، وا پێدەچێ نازدار بەرامبەر ئەو هەموو ئاڵۆزی و گرژییە هیچی بۆ ئەنجام نادرێ، ئاخر بەهەشت کارێکی کرد بەرامبەر ئەو باوکەی کە بە بێ هۆ خۆفرۆشی دەکرد، داوێنپیسی بۆ بیابانییەکان دەکرد، بەڵام دارۆ لەوانە نییە، دارۆ پیاوێکی بێ چارەسەرە، لە هەژاری و بێ دەسەڵاتیدا نقوم دەبێ، نازداریش ئەگەر کچی دارۆ نەبوایە رۆژ لە سوچێکی تری ئەو دەڤەرە هەڵدەهات، نازدار کەمی پێ نییە، ترسنۆکیش نییە، هەموو سەنگەرەکانیش گەمارۆ دراون. نە لە کۆمەڵگای ئێمە و نە لە هی تریش، گیروگرفتی کچێکی ئاوا بەرپرسیارێتی راستەوخۆی یەک کەس نییە. لە ئاکامدا منیش تاوانبارم لەو جۆرە رووداوە دڵتەزێنانەی کە یەخەی خەڵکی بێتاوانی ئەو وڵاتە دەگرێت. ئەو قەهرەی من پێیەوە دەناڵێنم هەزاران هاووڵاتی



چیانشین دووچاری سیل و وەرەم و شێرپەنجە دەکات، راستە من ئومێدێکی زۆر گەورەم بە نازدار هەیە، هەرگیز ئاڵۆزم نەدەکرد نەبادا کاریگەری لەسەر خوێندن هەبێ، نەبادا لێم حاڵی نەبێ، نەبادا باوکی بزانێت و ئیتر نەیەڵێ خوێندنەکەی تەواو بکات. بەڵام بۆچوونەکانم هەڵە بوون، دەبوایە رازی دڵی خۆمم بۆ ئاشکرا بکردبایە چونکە خۆشەویستی راستەقینە هێزە بۆ مرۆڤ، خۆشەویستی راستەقینە ئاگرێکی بە تینە هیچ سڕوساردییەک خۆی لە بەرامبەردا ڕاناگرێت. ئەو ئیشقەش کە هەویەیەکی نەبێ دەمرێ.

هەر بەو ئێوارەیە جارێکی تر چوومەوە بۆ هەوران، هەوران ئەو شارەی کە لە یادەوەری چیاییەکاندا قورساییەکی گەورە و بێ سنووری هەیە، ئەو شارەی کە شوێنی لە دایک بوونی زێندینی هەورانە. لە دەروازەی شار لەسەر پانتایی گردۆڵکەیەکی بەردین نووسرابوو: "بەخێر بێیت بۆ هەوران، لە بیرت نەچێ رێگای ئاشتی بێرەدا تێپەڕ دەبێت" نووسینەکەیان ناشیرین کردبوو، هەوڵی سڕینەوەیان دابوو، بەڵام چونکە لەسەر بەرد نەخش کرابوو ئەستەم بوو ئاوا بە ئاسانی لاببرێ. زۆریی نەدەبرد لە دوای ئەو گردۆڵکەیە دەگەیشتینە بازگەی داگیرکەر، لەوێ لە پەنا ریزە گردۆڵکەیەکی بەردین، لەسەر پەڕۆیەکی دوو مەتری لاکێشە وێنەی سەرۆکی بیابانییەکان هەڵواسرابوو و لە ژێرەوەشی نووسرابوو "بوونی ئێمە لێرە رەسەنایەتی و خاوەندارێتی ئێمە دەگەیەنێ بۆ ئەو خاک و بەردە" ، ئەو شارە وەکو مافوورێک بەسەر دەشتاییەکی گەورە و پان و بۆڕدا راخسترابوو. هەر دیوارێکی هێمایەک بوو بۆ مێژوویەکی کۆن و کۆمەڵێک سەربردەی جیاواز، ناوەندی شار پڕ بوو لە کۆڵانی بەرتەسک و دیواری پڕ لە وێنە و رازاوەی جیاواز. سیاسەتی داگیرکەریش هەمیشە بە ئاراستەی کۆنتر کردنی کۆن و لە باربردنی یەکە یەکەی سیما جوانەکانی ئەو شارە بوو. دووری نێوان هەوران و ئاگری پیرۆز دوو کاتژمێرێک دەبوو. بەڵام هەستم دەکرد ئەو رێگایە درێژ تر بووە لە جاران. کە گەیشتمە لای هاورێ کات درەنگ بووبوو. ئەو بابەتەم دووبارە بۆ هاورێی حاجی ساڵح باسکردەوە. زۆر قسە و گفتوگۆمان لەسەر ئەو رووداوە کرد. بە راشکاوی پێم گوت:

– ئەگەر ئێمە نەتوانین کێشەیەکی ئاوا سیاسی چارەسەر بکەین، چیتر ئامادە نیم لەو ڕێکخراوەدا کار بکەم. ئێمە چین، بێجگە لە کەسانێکی مشەخۆری بێ دەسەڵات، تا ئێستا چیمان بۆ ئەو کۆمەڵگا بەستەزمانە داگیرکراوە کردووە؟

زۆرم گوت، لەدەوری خۆمدا وڕێنەم دەکرد، ئەو تا دوا وشەم گوێی لێ ڕاگرتم، کە تەواو بووم، بەزەردەخەنەیەکەوە هەناسەیەکی هەڵکێشا و گوتی:

– خەپە گیان تۆ ئەزانی، ئێمە ئامادەنین ژیانی چیانشینان بخەینە مەترسی بۆ کەسێک. ئەوەی تۆ دەیڵێیت هەمووی ڕاستە، بەڵام ئامانجی ئێمە زۆر لەو وردە گیروگرفتانە گەورە ترە. ئەگەر بەوە بکەین دەبێ واز لە خەبات بێنین و تیمێکی کوشتن دروست بکەین کاری نەبێ بێجگە لە چارەسەرکردنی ئەو کێشە کۆمەڵایەتییانە. ئێمە بزووتنەوەیەکی ئەخلاقی نین، ئێمە سیاسەت دەکەین، دەبێ سیاسییانە بیربکەینەوە. زەمەنی شۆڕشەکان هەموو شتێک ڕوودەدا، نابێ سۆزدار بیت ئەگینا شۆڕشت پێ ئەنجام نادرێت. لێم ببوورە ئەگەر پێت بڵێم تۆ کەسێکی سیاسی نیت. نەخێر خەپە گیان تۆ سیاسی نیت.

– من سیاسی نیم، یان ئێوە ژیانی مرۆڤێکتان بەلاوە کەمە. گوێم لێ بگرە هاوڕێ گیان، چەند قسەیەکت بە قەرز پێ دەڵێم. پێشینان دەڵێن: "ئەوەی نرخی کەمی لا نەبێ هی زۆریشی لانابێ". منیش دەڵێم "ئەوەی نرخی مرۆڤێکی خۆی لا نەبێ نرخی نەتەوەیەکیشی لا نابێ. تۆ ئەخلاق و سیاسەت لەیەکتر جیا دەکەیتەوە، ئەوەش سەرەتایەکی زۆر مەترسیدارە. من دەڵێم بە پێچەوانەوە ئەگەر ئێوە بڕواتان بەو هاوکێشەیە نەبێ ئەوا سەرەتایەکی خراپە و دەرەنجامی کارەساتئامێزیش چاوەڕێی چیاییەکان دەکەن. چەندین شەڕی گەورە لە مێژوودا لە پێناو تاکە کەسێک هەڵگیرساون. من دەڕۆم، بەڵام ئەوە بزانە من و تۆ و هەموو چیاییەکانیش لە دەمی حەزیا دان.

من ئەو کێشەیەم بەلاوە کێشەیەکی کۆمەڵایەتی نەبوو. بۆیە بەو قسانەی زیاتر هەڵدەچووم و بێ توانا و هیوابڕی دەکردم، هێندە بە دڵنیاییەوە قسەی دەکرد زانیم هیچم بۆ ناکرێ، دوایی بە نائومێدی و بە تووڕەبوونێکی زۆر ئەوم بەجێهێشت.

کەوتمە کۆڵانە تەنگ و دوور و درێژەکانی هەوران، دونیا هێندە کپ و بێدەنگ بوو وام هەست دەکرد کە ئاسمان گوێی لە تەپەی پێڵاوەکانمە. هێندە پەرپوت بووم



هەرچەند هەوڵم دەدا خۆم بۆ کۆ نەدەکرایەوە. تەنانەت هزر و بیرکردنەوەشم هەر بەشەی لە دووڕیانی زۆر دوور لە ململانێی دەستەویەخەدا لەگەڵ کەسی نادیاردا، لەگەڵ شتی نادیاردا دەجەنگان. پێیەکانم لەگەڵم ڕاستگۆ نەبوون، بەدوامدا نەدەهاتن، کە ئاوڕم لە دەوروبەری خۆم دەدایەوە تارمایی سەیر سەیرم دەبینین، تارمایی گەورە لە ڕۆح و ترس پێکهاتبوون. هەندێک لەو تارماییانە لە شێوەی هاوڕێی هاوڕێم خۆیان دەنواند، بۆیە هزرەکانم بە گوڕوتینێکی زۆرەوە خۆیان بە ژوورەکەی ئەودا دەدا، بەرامبەری دەوەستام و ترسنۆکیم پێوە دەبینی، پێمدەگوت: "مخابن تۆ خوێندەواری، چۆن بابەتێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی تێکەڵ دەکەی، کێشەی ئێمە کێشەیەکی ئەخلاقییە بەر لەوەی سیاسی بێت. ئێمە کێشەی گەیشتنە دەسەڵاتمان نییە، ئێمە کێشەی بوونمان هەیە. بوونمان لەبەردەم ئەگەرەکاندا واڵایە. ئەمەی ڕوودەدا مشتێکە لە خەروانێک، سیخوڕەکان دەیان پرسی کۆمەڵگای ئێمە دەکەنە بەهانە بۆ هاتنە ژوورەوە لەکۆمەڵگا، بۆ سڕینەوەی تایبەتییەکی کۆمەڵگای چیا، ئەوەعەبوودی سەلجوقی داگیرکەرە گیراوێکی بێتاوان دەکاتە بروبیانۆ بۆ چوونە ژوور لەو خێزانە و بەزۆر بردنی کچەکەیان". بێمانایەکی گەورەم لە زەردەخەنەکانی سەر ڕووی هاوڕێ دەبینین. مەگەر ئێمە خەبات بۆ مرۆڤ ناکەین، مەگەر مرۆڤ ناوەندی داخوازییەکانی هەموو بزاڤێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئایدیولۆژی و ئایینی و هی دی و هی دیکەش نییە؟ مەگەر ئەوەی ڕوو دەدا هاتنە ژوورەوەی دڕندەیەک نییە لەو درزە کۆمەڵایەتییانەی کە دواتر بە شکستی هەموو بوارەکانی دیکەش تەواو دەبێ؟ بێ ئەوەی هەست بە ڕێگا بکەم خۆم لەبەرامبەر دەرگای گەراجی ئاگری پیرۆزدا بینییەوە. قورسایی ئەو ئێوارەیە لەسەر دڵ و دەروونم یەکجار گەورە و بێ ڕەزا بوو، چۆن یەکێک لە وێستگەیەکی چاوەڕوانیدا دەبێت و دواتریش پێیدەڵێن ببوورە ئیتر وادەی هاتنی شەمەندەفەر نەماوە، تفم لە فارگۆنە درێژەکانی دەکرد، درێژی ئەو فارگۆنانەم بێتام و بێمانا دەبینی، فارگۆنی هێندە گەورە و ڕەزاقورسی شەمەندەفەرم بۆچییە کە جێگای کچێکی ئاوا بەستەزمانی تێدا نەبێتەوە. شۆڕشێکم بۆ چییە ئەگەر چارەسەری کێشەی مرۆڤێکی پێ نەبێ! یاخی بوونێکمان بۆ چییە چیانشینەکانی بۆ نەپارێزرێ. خوێندنێکمان بۆ چییە ئەگەر نەتوانین ڕەش و سپی پێ لەیەکتر بکەینەوە. لەو سات و کاتانەدا بە

تەواوی خۆم بە بەزیو دەبینی. وەکو ئەو سەربازەی کە سەرشۆڕی و رووڕەشی بەزین بە دوای خۆیدا رادەکێشێ. منیش نائومێدی و بێدەسەڵاتیم رادەکێشا و لە لوتکەی بێ تواناییمدا دەژیام. نەدەکرا لەو سات و کاتەدا ملی چیا بگرم و یاخی ببم. نەدەکرا، هیچ نەدەکرا، ئەوە نییە هاوڕێش دەڵێ هیچ ناکرێ!

نازدار یەکەمجاری بوو بێتە ماڵمان، یەکەمجاریش بوو ئاوا رووخاو و ئاواش پەڕوباڵ شکاو ببینم، وەکو ئەو کۆترە وابوو کە لە تاقی ئاسماندا لە سەرگەرمی شەقەی باڵەکانی دەدا، لەو سات و کاتانەی کە شانازی بەسەر هەموو زەوی و ئاوەدانی و شار و لادێکاندا دەکرد، لەو کاتانەدا گوللەی راوکەرێکی ناوەخت و بێ ویژدان پەڕوباڵی دەپێکێ و لەو بەرزاییەدا بەرەو بیشەلانی نەگبەتی مردن سەرەو خواری دەکات، وای زانیبوو ماڵی ئێمە ئەو پەناگە بزر و ئارامەیە دەستی هیچ کەسێکی پێناگات. نا ئێرە میرنشینێکی پڕشکۆی خانزادە و سیخوڕێکی ئاوا بەخەونیش رێی بەو دەڤەرەدا ناکەوێ! یا ماڵی میری باعەدرە و هەموو خێڵەکەی لەسەر ئەو بە کوشت دەدات و نایداتە دەست دوژمن! هەر کە گوێی لە قسە قەڵەوەکانی من بوو خۆی بۆ رانەگیرا، کە خۆم بڕوام بە قسەکانی خۆم نەبێ ئەو چۆن بڕوای دەبێ. دەتگوت زۆر لە ناکاوی پێیان گوت:

– بڕۆ، چارەنووسی رەشی تۆ لەوێیە، لەژێر ئەو چادرە رەشە قەڵەباڵغەیە کە خەڵکی لە بیابان بۆ پرسە و سەرەخۆشی هەڵی دەدەن. بڕۆ تۆ نە یەکەم کەنیزەکیت و نە دوا کەنیزەکیش دەبی، بڕۆ تۆ وادەزانی زێندینی هەوران لێرەماوە، زێندین کوڕی لەدوای خۆی بەجێ نەداون.

هەموو شتێک داوای خۆبەدەستەوەدانیان لێدەکرد، هەرگیز ئەو شارەم هێندە چاوشۆڕ نەبینیبوو. چاوە مۆن و پوتەکانی کوڕە ئازاکانی ئەو شارەم لە پانایی ئاسماندا دەبینی و ئارەقەی شەرمەزارییان دەسڕییەوە. دێوانە شارناس باری کردبوو، هەموو هەستێکم دەیگوت: چیدی دێوانە خۆی بە خەڵکی ئاگری پیرۆز نازانێ، جاران دێوانە پێیەکی لە زەوی بدابایە سەدان کەسی لێ کۆدەبوونەوە، دوژمن زەندەقی دەچوو، غەریبەش هەزار و پێنجسەد حیسابی بۆ خۆی دەکرد.

بەر لە پشووی تاقیکردنەوەکانی کۆتایی ساڵ و وەرگرتنەوەی نمرە و گەڕانەوەی قوتابییانی دەرەوەی شار بۆ زێد و هەوارگەی خۆیان، زۆر لەدیار



دەرگا و گۆڕەپانی کۆلێژی ئەودا چاوەڕوان بووم. هەرگیز هێندە زوو ملی رێگای زانستگام نەگرتبوو، تا ساتێکی درەنگ لەوێ وەستام، زۆرێک لە برادەران پرسیاری هۆی وەستانی منیان دەکرد لەو سەرە رێیە، زۆر لە خوێندکاران پەیتا پەیتا بەرەو ماڵ دەکشان. تا هێندەمزانی ئەو دەڤەرە کپ و بێدەنگ بوو، خوێندکاران بە ویستێکی وا ناهەش و بێئاگا بوونێکی هێندە گێژ هەر یەکە بەرەو رووگەیەک دەکشا، لەدەرەوەی ئەو کۆلێژە گوێم لە پڕۆتەستۆی کەسێکیان نەدەبوو، تاقە مامۆستایەک نەدەهاتە دەرەوە و بپرسێ ئەی کوا نازدار بۆ هێندە لەمێژە شوێنەکەی چۆڵە. مەگەر بۆ تاقیکردنەوەکانی سەریساڵیش نایەت؟ دەبێ هێندە نەساغ و نارەحەت بێ توانای هاتنی زانستگەی نەبێ؟ ئەو رێگا و باریکە رێیانەی بەردەم زانستگە قسەیان دەکرد. دەرگای کۆلێژەکە چاوەڕێی هاتنە ژوورەوەیەکی کت و پڕی نازداری دەکرد، پێنەدەچوو خوێندکارێکی تر لەو رۆژە چارەنووسسازەدا رووبەڕووی ئەو هەڵوەشاندنەوە لە ناکاو و دزرانی ئێستا و داهاتووی ببێتەوە. مام دارۆی گێژ تا ئەو چرکە ساتانەش هەر تێنەدەگەیشت، چۆن کوڕەکەی چوو کچەکەشی هەروا دەچێ، چۆن خێزانەکەی هەڵوەشایەوە ناوە جوانەکەیشی لەکەدار بوو. کەسێک کە ئێستای نەبێ داهاتووشی خراپتر دەبێ. نازدار لە ژیانی مندا بوو بە تراژیدیایەک. لە نێوان یاسا و رێسا کولتووری و کۆمەڵایەتییە ژەنگهەڵهێنەکان و لەبەردەم شمشێرە ژەهراوییەکانی داگیرکەردا ئاسمانیش سامالّی بەخۆیەوە نەدەبینی، زەویش ئیتر نەخشەی چوار وەرزەکانی تێکەڵ دەبێت و زستان لە بەهار و پاییز لە هاویندا سەردانی کتوپڕمان دەکەن. ئیتر کەسایەتی ئێمە نەک هەر دروست نابێ بەڵکو زیاتریش هەڵدەوەشێتەوە و نامۆ دەبێ، زیاتر بەزیو و بێ ئیرادە دەبێ. کاتێک کە دەسپێشخەری لە هەر بوارێک لە بوارەکاندا نەما، کەوتە دەست داگیرکەر ئیتر لە هەر سات و کاتێکدا دەبێ چاوەڕوانی رفاندنی نازدارەکان بین و لاوەکانیشمان چیتر چیاکان بە دایک نەزانن.

## بەشی پێنجەم

ئەو ئێوارەیەی کە دەنگوباسی کیمیابارانکردنی کوپەشکاو بە ئاگری پیرۆزدا بڵاودەبوویەوە، هەر ئەو ئێوارەیەش بڕیاربوو نازدار مارە بکرێ، ئێمەش بە شێوەیەکی سەرشێتانە سەرقاڵی خوێندن بووین.

ئەم ئێوارەیە بوو وەکو هیچ ئێوارەیەکی تر نەبوو، دەنگ و باسەکان هێندە خێرا و توند دەهاتن و تێپەڕ دەبوون، نەدەهاتنە باوەڕ کردن. حاجی برایمی شێردڵیش لەگەڵ هەندێ لە دراوسێکانی دیکەدا دەمەقاڵێی بوو، داوەتیان کردبوو بۆ مارەبڕینەکە و بە وەستا دارۆی دەگوت:

– تۆ چۆن داوەتی ئێمە دەکەی، بە چ چاو و ڕوویێکەوە! تۆ خۆت دەفرۆشی، کچەکەشت دەکەیتە کەنیزەک، داوەتی ئێمەش دەکەیت؟ تێناگەم بۆ لەوانە دەترسی؟ عەولاغای بچووک چیت لێدەکا؟ عەبەی سەلجوقی چی پێدەکرێ؟ من ئامادەم تا دوا دڵۆپەی خوێنم بەرگری لە خۆت و کچەکەشت بکەم بەس پیاو بە و سەری ئاگری پیرۆز شۆڕ مەکە، با دەیەکی غیرەتی شەهید شوانەت تێدا بێت، تەماشاکە هێشتا خوێنی کەفەنیان وشک نەبووە! با کوڕەکەی تۆش یەکێک بێت لە کاروانی ئەو دەیان هەزار زیندانییەی داگیرکەر. ئەو لەپێناو ئازادیدا گیراوە، ئەوەش مەدالیایەکە بۆتۆ و بۆ ئەویش بۆ ئێمەش.

مەلا عبەبدولباری قولئەعوز، هەڵی دەدایە و بە تووڕەیی ڕووی لە حاجی برایمی شێردڵ دەکرد:

– مام حاجی برایم، ئەوە قسە نین تۆ دەیانکەی، ئەوەی دەستی لەناو ئاگردابێت جیایە لەوەی دەستی لەناو ئاویسارددا بێت. پێغەمبەری خوا دەفەرمووێ" ئەوەی هاتە داخوازی کچتان لە دین و ئەخلاقی ڕازی بوون کچی پێ بدەن"، ئاخر تۆ بۆ ئیشەکە ئاڵۆز دەکەی؟

حاجی برایمی شێردڵ بە خەفەتێکی زۆرەوە وەڵامی مەلا قولئەعوزی دەدایەوە:



– مەلا عەبدولباری، ڕاست دەکەی، بۆیە منیش وا دەڵێم، ئەخلاقی چیاکان جیاوازە لەگەڵ ئەخلاقی ئەو بیابانییە دڵڕەشە داگیرکەرانە، ئەخلاقی ئاگری پیرۆز جیاوازە لەگەڵ ئەخلاقی داگیرکەران و نۆکەرەکانیان. ئەوەی وەستا دارۆ دەیەوێت بیکات و بڕیاری بۆ داوە ڕاکردنە بە دوای تراویلکەدا، نرخ دانەنانە بۆ ئەخلاق، خۆ تۆ پێت دەڵێن مەلا، بەلامەوە غەریبە بەرگری لە بێئەخلاقی دەکەی، بەڵام دڵنیام ئێوەن سەری مار، ئێوەن شەرعییەت بە هاتنی بێگانە دەدەن، حاشا ئێوە کوڕی ئەو چیایانە نین، حاشا ئێوە کوڕی ئاگری پیرۆز نین، خۆزگە دەمردم و ئاگری پیرۆزم ئاوا سەرشۆڕ نەدەبینی، خۆزگە شوێن پێی زێندینی پاڵەوانم هەڵدەگرت، خۆ ئەو لەمن بەتەمەنتر بوو.

زۆر بە دەمی یەکتر هەڵچوون، زۆر قسەیان کرد و وەستا دارۆ بڕیاری خۆی دابوو، بۆیە لەوەدا نەبوو لەو ساتە ناوەختانەدا پەشیمان بێتەوە، هەرچەند وەستا دارۆ هەستی بە گوناهی خۆی دەکرد، بەڵام جەرگیشی بۆ کوڕەکەی دەسووتا، وەکو بە ئاوداچوویێک دەست بۆ زلەپوشێکیش دەبا بۆ ئەوەی خۆی قورتار بکات. وەستا دارۆش لە زمانی ئەو سیخوڕانەدا نەدەگەیشت مەگەر عەولاغا نەیخستبایەتە ناو تۆڕی بیابانییەک، مەگەر عەولاغا یارمەتی نەدابایە و ڕێی بۆ خۆش نەکردبایە، ئەوە پیلانی عەولاغایە، بەو جۆرە خۆی خۆشەویست دەکات، بەو جۆرە لەسەر حیسابی کەرامەت و بەرژەوەندی نەتەوە و هاووچیاییانی خۆی، خۆی دەباتە پێش و بەرژەوەندییەکانی خۆی دەپارێزێ.

ئەو ئێوارەیە غەزەب لە لێوارەکانی ئاسمان دەچۆڕایەوە. کە تەماشای ڕۆژئاوای خوارووی شارۆچکەکەمانم دەکرد، هەزاران شتی سەیر و سەمەرە لە قەدپاڵی ئاسۆی نەگبەتی ئەو شارەدا هەستی پێ دەکرا، گێژەڵووکەیەک بوو پڕی پاشۆڵی نەفرەت و دووکەڵی مەرگ بوو. هەموو نەفرەتەکان لە بیابانەوە بەرزدەبوونەوە و دوایی دەنیشتنەوە و چاوەڕێی هەڵکردنی گونجاویان دەکرد، هەرچی هەستی بەو بڵندبوون و دابەزینانە بکردبایە قەناعەتی تەواوی دەهات کە بیابان لە مەشق کردن دایە و چاوەڕێی فرمانەکانی قابیل دەکات بۆ باراندنی دوا نەگبەتییەکانی. باپیرەم دەیگوت: "کە هەستتان کرد سروشت تووڕەیە لەبەر

خوا بپاڕێنەوە، خۆتان ئامادە بکەن بۆ بەرگری لەخۆ کردن". لەسەر یەکێک لە کێلە بەردەکانی قەبرستانی گەورەی ئاگری پیرۆز نووسرابوو: "دامێن شڕی و خۆ بەدەستەوەدان، سەرچاوەی تووڕەبوونی گەردوونن. کەی بینیتان مرۆڤەکان لە دامێن پیسی ناسڵەمنەوە و لە خۆ بەدەستەوەدانیش تەریق نابنەوە ئیتر هێزێک نییە سروشت هێدی بکاتەوە". بەڵام وا پێدەچوو زۆر کەم خەڵکی هەستیان بەو تووڕەییە کردبێ. هێشتا کاتژمێرێک بەسەر ئەو دەمەقاڵێیەدا تێنەپەڕیبوو کە گەلەکۆمەیەک سیخور و چەکداری بیابانی بەسەر ماڵی حاجی برایمیان دادا، حاجی برایم زانیبووی لەدوای ئەو قسانەی ئەو کێشەکان وا بەئاسانی تێپەڕ نابن، بۆیە لەماڵ دەرچووبوو، هەموو ماڵەکەیان سەراوبن کرد، هیچیان نەدۆزییەوە. جەندرمەکان، حاجی خانمی شێردڵیان بە قژ ڕاکێشایە سەر جادە و چۆن خراپە ئیهانەیان کرد، ئاگاداریشیان کردەوە کە ئەگەر پیاوەکەی نەگەڕێتەوە و خۆی ئاشنا نەکات بە موختار، ئەو لە جیاتی وی دەبەن. ئەو بەستەزمانە لە پەنا دیوار کەوتبوو دەگریا کە سیخوڕەکان سواری ماشێنەکانیان بوونەوە و ڕۆیشتن. هیچێک لە برادەرانی مەلا عەبدولباری نقەیان لێوە نەدەهات. ئەوانە هەموویان بەشداربوون لە تووڕەکردنی سروشت، بەشداربوون لە سڕینەوەی دوا نیشانە سەربەرزەکانی ئاگری پیرۆز، ئەوەنییە مەلا عەبدولباری قولئەعوز نەک هەر هەست بە تووڕەبوونی سروشت ناکات، بەڵکو بەشداریشە لەو تووڕەکردنەدا! ئەوە نییە دەیەوێ نیشانەکانی خوا تێکەڵ بکات، بۆ ئەوەی سیماکانیان نەناسرێنەوە! ئەو ئێوارەیە زۆر شت قەوما. ڕووداوی سەیر لە پڕ خۆیان بە دونیای هێمنی ئێمەدا دەدان و هەموو کون و کەلەبەرەکانی ئاگری پیرۆزیان دەهەژاند. ماشێنی سیخوڕەکان بانگەوازی بڕیاری بەخشینی بۆ هەموو ئەو کەسانە دەدا کە بێ یاسایی ژیان بەسەر دەبەن یا لە خزمەتی سەربازی دواکەوتوون، ئەو دەمانە لەبەر دەرگای عەتاریاتی فەقێ سەدیقدا، مەلا عەبدولباری لەگەڵ مام دارۆ و قالە تەنەکەی موختار و خدر سەپان لە دامە کردنی خۆیان هەر نەدەکەوتن، کە مەلا عەبدولباری قولئەعوز گوێی لە بانگەوازەکە بوو، دەیگوت:



– دەی مام فەقێ سەدیق ڕۆژمان هاتۆتەوە، بۆیە ئەو بەردەشت دەدەمێ، دە بیخۆ، با پیری ئاخیر شەڕیش هەر ژەهر بخواتەوە. گرنگ ئەوەیە چیتر شەڕ نەمێنێ. ئەوەنییە دەوڵەتیش بەخشندەیە و ئیشالله کوڕەکەشت بەوزوانە دەگەڕێتەوە.

لەو سات و کاتانەشدا هاوڕێی حاجی ساڵح لەگەڵ دینۆ دەنگ گەورە و فەقێ ئامانج وردە وردە شۆڕ بوونەوە لای ماڵی ئێمە، ئەو سەرشەقامە زۆر قەڵەباڵغ بوو و زرمەی دەهات لە گالیسکە و ئۆتۆمبێلی هەمەجۆر و پیادە و پاسکیل و منداڵ و هەتا دوایی ئەو کەسانەی بە دوای کەسابەتێکەوە دەگەڕان. ئەو فڕنی نانکردنەوەی لە خوار ماڵی ئێمە بوو، خەڵکێکی زۆر سەرەیان گرتبوو و هەرگێز ئاوا قەڵەباڵغم نەبینیبوو. دەنگە دەنگی دوو کەس لە فرنەکە بەرز دەبووەوە و لەسەر نان بە کێشە دەهاتن. بەرلەوەی بچینە ژوورەوە ئاگام لێبوو کە مەلا عەبدولباری قسەی دەکرد و دەیگوت:

– بە قەبری حەزرەتی ڕەسووڵ ئەو خەڵکە گرانی لە چاویاندا دیارە! پێم ناڵێن ئەو کێشەیە بۆ دەکەن؟ دوای ئەوەی سەرکەوتنمان بەدەست هێنا و پیری ئاخیر شەڕ ناچار بوو ژەهر بخواتەوە، تازە تەنگاوی بەسەر چوو، پێویست بەو کێشە و قەڵەباڵغییە ناکات. وانییە مام قادر؟

مام قادری ناسراو بە قالە تەنەکە، دەیگوت:

– وەخوا مامۆستا ئەگەر خەڵکیش ئاوا گێل و ساویلکە نەبن ئێمەش بازاڕمان ناسووڕێ. دە لێیگەڕێ با بازاڕەکە ڕاماڵن و ئێمەش بەیانی پڕی دەکەینەوە.

ئەوەی زۆر سەیر بوو ئەو پیاوە بە خۆی و تەژگ و دامەنەکانی هەرگیز تەریق نەدەبووەوە ئەگەر بە درێژایی ڕۆژ لەبەردەم ئەو دووکانە دابنیشتبایە و لەگەڵ ئەو پیرە نەخوێندەوارانەدا دامەی بکردبایە. کە بانگیش دەدرا لەگەڵ پیرەکان یەکسەر بڵند دەبوون و دووکان دادەخرا و دەڕۆیشتن بۆ مزگەوتی گەورە.

لەو لاوەش ئاگام لێبوو کە گوڵچینی شێرە چیا سەرقاڵی حاجی خانمی شێردڵ بوو و هەوڵی لەگەڵ دەدا بیباتەوە ژوور و چەند ژن و منداڵی دەوروبەرمان دەورەیان لێدابوو و هەندێکیان دڵیان دەدایەوە و هەندێکیشیان

بەدوای سەر و سۆراغی ڕووداوەکەدا دەکەوتن. ئەمەی ئەو ئێوارەیە لێرە ڕوویدا زۆرجاران لێرە و لەوێ دیمەنی ئاوا یا خراپتریش دووبارە دەبوونەوە، لەوەتی بیابانییەکان لە دوا شەڕدا سەرکەوتوون هیچ سۆز و بەزەیییەکیان لەگەڵ خۆ نەهێناوە، هەرگیز لە مێژووی نوێدا ئاوا دەم بەخوێن نەبوون.

لە لایەکی دیدا هەرچی ئەو خەڵکە هەبوو هەوڵی دەدا زوو کارەکانی تەواو بکات و بەخێرایی بەرەو ماڵ بگەڕێنەوە. هەموان هەستیان بە جموجۆڵی نائاسایی ئەو ئێوارەیە دەکرد، شتێک کە ئارامی پێوە دیار بوو تەنها قەدپاڵی چیاکان بوو، کە لە دوورەوە تەماشام دەکرد تازە زەردەپەڕ لە قەدپاڵەکان کاڵبووبووەوە و سێبەری درەختەکان چیتر هەستی پێنەدەکرا، دایکیشم چیدی وەکو پێشان دەرفەتی ئەوەی نەبوو بچێتەوە خەڵوەت، بیابانییەکان ئەو خێرەشیان بڕیوە، ئەرکی سەرەکی ئەوان قەڵاچۆکردنی ئارامی و ئاسوودەیی چیانشینەکانە. مەلا عەبدولباری کە ئێمەی دەبینی لە قاقای پێکەنینی دەدا و دەیگوت:

– دەی مام دارۆ ئەمشەو شیرینی دابەش دەکرێ، ئەو بەردەشت دەدەمێ بیخۆ، دەبێ بیخۆی، ئەوەی دونیای تێکداوە سەرکۆت و ملڕووتەکانن، بیخۆ باوکم ئەو دارەش بخۆ.

هەر لەو دەمانەدا عەبۆی پاشۆڵشڕ بە ماشێنێکی دوا مۆدێل لای ئێمە وەستا، حەممادی و کوڕێکی ڕەشتاڵەی باریکەی دەموچاو بچکۆلەی مۆنی لەگەڵ دابوو، پێدەچوو یەکێک لە بیابانییە تازە هاتووەکان بێ. عەبود ڕووی لە ئێمە کرد و، گوتی:

– کاکە خەپە، بۆ تورە دیارن، ئەمڕۆ ڕۆژی خۆشییە، منیش دەبمە یەکێک لە ئێوە، دەتوانن بێن شایی بکەن.

حەممادی هەڵی دایە و گوتی:

– گەورەم ئەوان سەرقاڵی تاقیکردنەوەکانن، وازیان لێبێنە با بخوێنن، ئەوان ئومێدی ئێمەن بۆ دوارۆژ.

خدر سەپانی برادەری مام دارۆش ڕووی لە ئێمە کرد و گوتی:



– کوڕە بەو شەوە هیچ ڕوونادا نا، بەڕێز عەبوودیش ڕاست دەکات، شتەکان بە زەحمەت وەرمەگرن، ژیان هەروا بووە، نانی گەوری بخۆ و سەڵەواتان لە گەوری بدە!

چەند ئەو دیمەنانەم دەبینین دڵم دادەڕزایەوە، ئەو دیمەنانە هەژاری بێئینتیمایی ئەو خەڵکەیان دووپات دەکردەوە. ئەوە ئەوان نین قسە دەکەن، بەڵکو ئەو نەستەیە کە تۆقاندن و کۆیلاندن دروستی کردووە، ئەو هەستەیە کە بێ خاوەنی دووپات دەکاتەوە. ئەو وێنانەی بەردەممان لە سەرلێشێوان و ڕەشبوونەوە شتێکی تر ناگەیەنن. ئەو وەچە بەساڵاچوانە لە چرکە ساتێکدا دەژین چرکەساتی بەرگریکردنە لە بیر و ئایدیا و دیدە وشک هەڵاتووەکانی خۆیان، لەو جۆرە چرکەساتانەدا هەموو شتەکان لە ماناکانیان بەتاڵ دەکرێنەوە، هیچ کەسێک ڕۆڵی ڕاستەقینەی خۆی نابینێ. لەو چرکە ساتانەدا نان پەیداکردن دەبێتە تاکە مەبەستی ژیان، ئەو ژیانەی کە لێوالێو نقومی عەبەسییەتە، نقومی بێمانایی و ئاڵۆزی و ڕق و تۆڵە بووە. لە مێژ بوو باوەڕم بەوە هێنابوو کە ئەو کۆمەڵگایە لە مەترسییەکی گەورە و سامناکدا دەژی. سیستمێک بەڕێوەی دەبا تەواو دەزانێ چ دەکا، تەواو هوشیارە بە گۆڕینی کۆد و دووبارە دامەزراندنەوەیان بە پێی بەرژەوەندی و ئارەزووەکانی خۆی، ئەو سیستمە تایتڵی هەموو شتێک لادەبات و دەیەوێ هەموو بوون و قەوارەکان بێ ناونیشان و بێ هەموو هێمایەکی ناسینەوە بن، دەیەوێ هەموو ڕەنگەکان تێکەڵ بکات، بۆ ئەوەی جارێکی تر تەنها ئەو ڕەنگانە بەرهەم بێنێتەوە کە خۆی مەبەستیەتی، بۆ ئەوەی شتێکی ناشیرینی لێ دەربچێ، شتێک بێ لە ترس و تۆقاندن بەو لاوە مانایەکی تر بەدەستەوە نەدات. دەزگا کۆمەڵایەتییەکانیش نابووت بوون، لە هەمان ئاڕاستەدا بۆ هەمان مەبەستی گڵاو لە جموجۆڵدان، ڕۆڵی مەلا عەبدولباری کە خۆی بە خوێندەوار و نوێنەری دین دەزانێ ڕۆڵێکی چەواشەکار و گڵاوە، ئەو و جلوبەرگەکانی و هەموو شتە پیرۆزەکانیشی دەخاتە قسە و هەموویان بەیەکەوە شایەتمانی بۆ عەبوود و بیابانییەکان دەدەن. مەلای قولئەعوز لە تاکە شتێکدا زۆر زیرەک و وریایە، زۆر بە ئاگایی جموجۆڵ دەکات، ئەوەندە بە سادەیی و هێمنی ڕەفتار دەکات دڵنەوایی و ئاسوودەیی لە

دڵی زۆربەی خەڵکی سادە و ساکاری ئەو دەڤەرە دروست دەکات. کار لەسەر خەفەکردن و دامرکاندنەوەی رق و قینی گڵپەسەندوو دەکات و هەمیشە وانەی ئارامبەخشین دەڵێتەوە. وتارەکانی ئێوارانی تا هەنووکەش لە گوێکانمدا دەزرنگێنەوە، ئەو هەمیشە دەیگوت:

– دەبێ لەسەر موسیبەت و کارەساتەکاندا ئارامگر و دانبەخۆداگر بین، قەزاوقەدەرەکان لای خوداوەن، نێوچاوانی هەموومان بەدەست ئەوە. رزق و رۆزی هەموومان لەدەست ئەو دایە. هەر ئەو ئێستا و داهاتوو چارەنووسمان دەزانێ، هەموو شتەکانمان لای ئەو نووسراون، ئەگەر لە ماڵەوەش دابنیشین ئەو رزقمان دەدات. خۆ ماندووکردن و خۆ سەخڵەتکردن بێ هودەیە. ئەگەر لە ناو قەڵایەکی پۆڵابەندیشدا بین دەستی مەرگمان هەر دەگاتێ. بۆیە پێویستە لێی بترسین و گوێڕایەڵی بین، دڵنیا بن ناتوانین لەبەری رابکەین. ئارامگرتن کلیلی هەموو دەرگایەکانە، هەر ئەویش دەتوانێ تەنگاوییەکانمان لەسەر لا ببات، بێجگە لەو کەسێک نییە، کەسێک ناتوانێ ئێش و ئازارمان کەمکاتەوە، ئەگەر ئەو هێمنی و ئاسوودەییمان پێنەبەخشێ، چیا کێن، چیاکان زەڕ و قازانجیان بۆخۆیان نییە تا بۆ ئێمەی کڵۆڵ و فێڵ لێکراویان هەبێ.

بەوشێوازە و ئەم جۆرە وتارە گەورەترین رۆڵی دەبینی لە دامرکاندنەوەی رق و قینی لەبن نەهاتووی خەڵک، ئەم جۆرە وتارە وای دەکرد خەڵک زیاتر بنیشنە سەر زەوی و سەرقاڵی نان پەیداکردن بن، نانیش هەر ئەوەیە کە هەیە، هەمووی لە ژێر دەستی سیخورەکانی بیاباندایە. ئەوان جێگای ئەو خودایەیان گرتۆتەوە کە مەلا عەبدولباری باسی دەکات، چونکە رزق و رۆزی هەموومان لەبەر دەستی ئەوان دایە. کلیلەکەی لەدەست ئەوانە. بۆیە بەڕای ئەو دەبێ دەست بەکڵاوی خۆمانەوە بگرین با نەیبا، وەکو برادەرەکەی مام دارۆ گوتی "نانی گەوری بخۆین، سەڵەواتێ لەگەوری بدەین". مەلا عەبدولباری یەکێکە لەو ئەمەوییانەی کە مژدەدەری عەقیدەی جەبرییەیە و رەنگی ئەو کتێبانەیە کە هەوادارانی ئەمەوی نووسیویانە. ئەو دوا سەربازی ئاغا ئاخیر شەڕەکانە و ژیانی چیاکان بنکۆڵ دەکات. ئەو و



زۆرێک لە وەڵداشەکانی خەون بە بیابانیبوونی دەڤەرەکەمانەوە دەبینن. ئەوانەی بەردەکانی بیابانییان لا پیرۆزە، هەرگیز پیرۆزی بە شاخ و داخەکانی خۆیان نادەن. ئەوان هەمیشە لەوێ ئاسوودە دەبن، تەژگ و دامەنەکانیان بە چیانشینەکان دەڵێ:

– عەقڵی ئەو تەرزە مرۆڤانە بە رۆحی هاتوو ئاودراوە، رۆحی بیابان. ئەوان لەگەڵ چیاکاندا دانوویان ناکوڵێ، چونکە لە پێداهەڵگەڕانی بەرۆک و بەندەنەکانی دۆڵ و شیو و بەرز و نزمییەکانی هەرێمی چیا دەترسن. ئەوان حەز لە ئازادی ناکەن، ئەوان دەترسن بۆیە بیابان بە پیرۆز دەزانن.

دەمزانی بیابان بۆ خەڵکی بیابان پیرۆزە، هەروەکو ئێمەش چیاکان بە پیرۆز دەزانین. باپیرەم دەیگوت:

– ئەوەی درەختێک یا گوڵێک لە قەدپاڵی چیاکان نەچەقێنێ، هەرگیز دڵی چیا بۆ خۆی راناکێشێ. پێشان لە یادەوەری لهدایکبووندا لە جیاتی مووم داگیرساندندا هەموو ساڵێک و لە هەموو یادەوەرییەکی لەدایکبووندا درەختێکیان دەڕواند. هەر چیاییەک لە یادەوەری لەدایکبوونیدا درەختێکی نەڕواندبا بە نامۆ تەماشای دەکرا. بۆیە چیاییەکان هەمیشە دڵیان بە چیاکانەوە نوساوە چونکە رەگ و ریشەی خۆیان لێرەوە لەو چیایانەدا دەبیننەوە، چونکە یادەوەرییەکانیان لەگەڵ ئەو رووەکانەدا رەگ دادەکوتن و رەنگی شاخەکان هەڵدەگرن.

هەرچەند مەلا رەسووڵی باڵابەرز بوو کە هیچ هێمایەکی پێوە نەبوو لە هاوشارییەکانی جیاوازی بکاتەوە بێجگە لە نەرم و نیانی و ئەو بەخشندەییەی کە بەشی هەموو دەڤەری چیاکانی دەکرد، زۆر ئێواران دەمبینی لە دامێنی چیای دایاندا هێور هێور شۆڕ دەبووەوە، کە رێبوارێک پێی بگوتبا ماندوونەبی مامۆستا، ئەو هەرزوو دەیگوت:

– جا کێ هەیە لەو دامانە پیرۆزەی دایاندا ماندوو بێ، ئەوەی چیاکان نەناسێ ناشزانێ چێژیان لێوەربگرێ و لێیان حاڵی بێ. هەموو جارێکیش بە بۆنە و بە بێ بۆنە، دەیگوت:

– چیاکان تەنها لە باوەشی چیاییەکاندا بەرز و پیرۆزن، چیاییەکانیش تەنها لە باوەشی چیاکاندا بەڕێزن.

لەو سات و کاتانەی ئەو ئێوارە ئالۆزەدا هەموو شتێک قسەی دەکرد، هەموو شتێک تووڕە بوو، هەموو شتێک بێ دەسەڵات بوو، دەنگی سەما هەرگیز هێندە تووڕە و بەرز نەبووە. ئەو کۆڵانەی ئێمە فرمسێکی بێدەسەڵاتی دەباراندن. هەموو شتێک لە سەرسامیدا دەتاوایەوە. چیتر خەڵکی چاوەڕێ نەبوون، دەتگوت هەموو خەڵکی تازە قەناعەتیان بە قسەی مەلا عەبدولباری هاتووە کە ئارامگربن و ئیتر پەشێوی نەنێنەوە. نائومێدی ئەو تارماییە بوو هەموو گەورە و بچووکێکی ئەو دەڤەرەی دەتۆقاند. لە جیاتی نازدارێک دەیان هەزار نازدار دەکرانە کەنیزەک و لەبیر دەکران، بیابان نەهەنگ ئاسا هەموو شتێکی قووت دەدا و زۆر ئازایانە شوێنەوارەکانیشی ون دەکردن. ئەو هەناسە گەرمەی کە بەو ئێوارە چاوشۆرە قیڕی بەردەرگاکەمانی تاواندبووەوە پاشماوەی ئەو هەناسە پیسانە بوو کە لەوێوەڕا دەهات و دەبارییە سەر دیمەنە جوانەکانی دەڤەری ئێمە. ئەو ئێوارەیە هەر مەلا عەبدولباری نییە دەچێت و شەرعییەت بە کەنیزەکبوون و بە کۆیلەبوون دەبەخشێ، بەڵکو پڕۆسەی گەورەتر ها بەڕێوەیە و هەناوی گەرمی بیابان برسییەتی و داڵە ڕەشەکانی وەک خۆڵ و مێروستان بەر دەبنە سەر دەشت و پێدەشت و کوێستانەکانەوە. نەک هەر پیاوانی یەزید سەری حوسێن لە بیابانێکی بێ هاوار و بانگدا دەبڕن و بەرەو کۆشکی یەزیدی دەبەن، ئەوە شمشێری یەزیدییەکانە تا هەنووکەش لە سەربڕین نەکەوتووە و جارێکی دیش پانایی و قووڵایی بیابان دەکەنەوە بە قەسابخانە و بانگی شەڕی پیرۆز رادەگەیەنن. لە قووڵایی ئەو بێمانابوون و کپبوون و داماوییەماندا عەبوود بەر لەوەی لەگەڵ مەلا عەبدلباری بەرەو ماڵی مام دارۆ بەڕێبکەون دوای ئەوەی رووی لە هەموو ئەوانە کرد کە لەوێبوون بە پێکەنینەوە گوتی:



– من دەبم زاواتان، ناهێڵم شتێک زەڕ بۆتان هەبێت، من دەبم بە کوڕی ئاگری پیرۆز، من لە ئێوە دەبم یەکێک، هەر حاجەتتان هەبوو وەرن، لەبەر خاتری مام دارۆ من دەکەم خزمەتتان.

ئەو خەڵکەش هەموویان دەیاندا قاقای پێکەنین، وەکو نەبایان دیبێ نە باران.

مەلای قولئەعوزیش بە فیز و لوتبەرزییەکی بێ مانا هەڵیدەدایە و دەیگوت:

– باوکم کوڕی حەڵاڵ دیارە. کوڕی باوکی خۆیەتی. قەسەم بە خودای تەعالا ئەوەی بەو خێرە دڵی خۆش نەبێ گوومان لە دین و ئیمانی بکەن. ئەو کارە جەمعی شەمل دەکات، نەک تەفریق، دەبێ ئێمەش بێگوومان هەر لەگەڵ جەمعی شەمل دابین، سەروەریشمان دەفەرمووێ: ئەوەی بیەوێ ریزەکانی ئەو ئوممەتە دابەش بکات هەرکێیەک بێ بە شمشێر لە گەردەنی بدەن.

دوای ئەو قسە ژەهراوییانەی دەیگوت:

– دەی جەماعەت و رەحمەت، با لەسەر بەرەکەتی خوا بڕۆین.

ئەوان دەڕۆیشتن و ئاگری پیرۆزیش بە هەموو برینەکانییەوە بەجێدەما. لە رۆژێکی ئاوادا ئاگری پیرۆز مۆڵگای خوێن و خەم بوو، لەو باوەشە پاکەدا ناپاکی ئەنجام دەدران. لەو باوەشە گەرمەدا خوێنی گەرم سارد دەکرانەوە. لەو دەڤەرە پڕ لە ژیانەدا، ژیان ریشەکێش دەکرا و ئێمەش چاومان بەردەدانەوە. کەسێکمان زادەی جموجۆڵێکی بچکۆڵەشمان نەبوو. بیابانییەکان رنووکی مەرگیان لە گەردەن و بەندەنی هەموو مرۆڤێک و هەموو دامەنێکی چیاکاندا گیر کردبوو. هەموو سەرە رێ و سەرە کۆڵانەکانیان بە جاش و سەرباز تەنی بوون. زەمەنێک لەمەوبەر لە رۆژانێکی ئاوادا خاتوونە پیرۆزەی شوانۆ مەرگی جاشەکانی دەڕنی و چڵکاوخۆرەکانی قەڵاچۆ دەکردن، بەڵام ئیتر نە خاتوونە ماوە و نە کەسێکی تریش ئامادەیە ناڕازیبوونێک دەرببڕێت.

دوای ئەوەی چووینە ژووەرەوە هاوڕێ گوتی:

– هاوڕێیان من ناتوانم دابنیشم. من دەبێ بڕۆم و بگەڕێمەوە هەوران. چاوەڕێی دوا ڕێنوێنی دەکەین بۆ ڕێکخستنەکان، پێمان راگەیاندراوە کەسێک سەربەخۆ جموجۆڵ نەکات. سەرەڕۆیی بۆی هەیە کێشەکان گەورەتر بکات و ژیانی هاوولاتیان بخاتە مەترسییەوە، بۆیە دان بەخۆتاندا بگرن و بەو ئومێدەی ئەو بارودۆخە هەورێک بێت و تێپەڕ ببێت!

لەگەڵ ئەو قسانەی کرتەی پێکەنینم کرد، ئەویش تەماشایەکی کردم و گوتی:

– هاوڕێ بەختەوەر واپێدەچێ گاڵتەت بە قسەکان بێت؟

– گاڵتەم پێ نایەت هاوڕێ گیان، خۆت دەزانی من گاڵتە بە هیچ شتێک ناکەم، بەڵکو بەزەییم بە قسەکاندا دێتەوە. نازانم بۆ بۆخۆت ناچیت خەریکی خوێندنەکەت بیت و واز لەو بەند و باڵۆرانە ناهێنیت. ئەوانە کێن ڕێنوێنیمان دەکەن؟ کەسێک پاشۆڵی بۆش و بەتاڵ بێت چی پێیە بۆ ئەوانی دی! هاوڕێ گیان تۆ باسی ژیانی هاوولاتییانمان بۆ دەکەی؟ کاکی خۆم کار لە کار ترازاوە، بڕۆ گوێ لە شایەدحاڵەکانی دەڤەری کووپە شکاو بگرە، با باسی ژیانی هاوولاتییانت بۆ بکات. هاوڕێ "ئەوەی لەسۆرە چوو لە کلکەندوو ناگەڕێتەوە" ئێمە هەر هێندەمان بۆ ماوە فریای خۆمان بکەوین. تۆش بڕۆ فریای خۆت بکەوە، ئیتر شۆڕشگێڕەکانمان هەموویان شەهید کران، ئەوەی شەهیدیش نەکرابێت، لە سووچێکی ئەو دونیایە دانیشتووە و خوێنی خۆی دەخواتەوە.

هاوڕێ ورتەیەکیشی لە دەمەوە دەر نەهات، بەڵام دینۆ دەستێکی بە سەروسیمای داهێنا و بە پەنجەکانی قژی داماڵی و هەڵی دایە:

– پێم وابێت هەردووکتان ماندوو دیارن، با قسەکان بۆ کاتێکی تر دوا بخەین.

لەو دەمانەشدا گوڵچینی شێرە چیا گەڕایەوە ژوورەوە، تۆزێک هیلاک و داماو دیار بوو، نەختێک لە ئێمە راما، وەکو بڵێی هەستی بە ناڕەحەتی ئێمە کردبێت و گوتی:



– سەیرە داماو دیارن، ئەوە بۆ دانەنیشتوون؟ بارودۆختان ئاسایی نییە، شتێکی نوێ هەیە؟

کەسمان توانای وەڵامی پرسیاری ئەوی نەبوو، تەنها دینۆ نەبێ، گوتی:

– دایە گیان ببوورە هیچ شتێکی تازە نییە، هەر لە خۆمانەوە بەو بارودۆخە بێتاقەتین.

رووی لە هاوڕێ کرد و گوتی:

– هاوڕێ گیان مانەوەی ئێمە لێرە بێ سوودە. بەختەوەر ڕاست دەکات با بڕۆین، باشتر وایە بڕۆین و بە دوای کاروباری خۆمان بکەوین، زۆریشمان لێرە نەماوە، ئێمەش دێینەوە بۆ هەوران، لە بیرت نەچێ تاقیکردنەوەمان لە پێشە. ئەوکات ئەوەی پێویست بێ دەتوانین قسەی لێبکەین.

هاوڕێ سەری بەرز کردەوە و هەناسەیەکی هەڵکێشا و گوتی:

– ڕاست دەکەیت با بڕۆین.

ئیتر ماڵئاواییان کرد و ڕۆیشتن.

* * *

## بەشی شەشەم

که لەخەو هەڵسام بیرم لە چرکەساتەکانی خەوتنم دەکردەوە، بیرم لەو چرکەساتانە دەکردەوە کە دوێنێ ئاگری پیرۆزی لە خەم و شین نابوو. چەند جار ئاگری پیرۆز بە دەیەها رۆڵەی لەڕووبەڕووبوونەوەی شکۆمەندیدا بە خاک سپاردوون و لە زەردەخەنەش نەکەوتووە و خم و خۆڵیشی نەناسیوە. کە بڵند بووم هەستم بە بێهێزی ئەژنۆ و بە شەکەتی پشتم دەکرد. جەستەیەک بووم هەڵگری رۆحێکی بەتەمەنداچووی شەکەت و پەککەوتوو. رۆحێک بووم خاوەنی دڵێکی پڕ لە ئازار و بریندار. وێڵێکی هەموو ئەو سەرەڕێیانە بووم کە بە جوانی و بۆن و سێبەری کەسێک دەڕازانەوە، دوێنێ پێیان دەگوت نازدار. دوێنێ گەورەترین وەرچەرخان بوو لە مێژووی ئاگری پیرۆز. دەتگوت ئەو شارۆچکەیە هەرگیز خوێنی لێ نەڕژاوە، داگیرنەکراوە، زۆرێک لە خەڵکی ئەو کۆڵانە هەرگیز هێندە دڵخۆش نەبوون، دڵخۆشبوونێک لەسەر حیسابی مەرگی رۆڵەکانیان. تاکە مرۆڤێکی کۆڵانی ئێمە کە سەری بەرزی نەوی نەکرد و ملی بۆ حەزە ژەهراوییەکان کەچ نەکرد حاجی برایمی شێردڵ بوو. حاجی برایم لەگەڵ ئەوەش نەخوێندەوار و بەتەمەنیش بوو بەڵام بەئاگا و وریا و وڵاتپارێز بوو. دەبێ ئەو شەوە چەند قورس بووبێ لە ژیانی ئەو شێردڵە.

بەهیچ شێوەیەک نەمدەتوانی خۆم لە هەناسەی گەرمی نازدار دەرباز بکەم و وێنە ناشیرینەکانی خەڵکی ئەو کۆڵانە لەبەر چاوی خۆم لابەرم. باوەڕ ناکەم کەسێک هەبێ هێندەی نازدار هەناسە سارد و تاسەدار بێ، هێندەی منیش بێ هەڵوێست و بێ دەسەڵات بێ. مامۆستای باڵابەرزیش حەپەساو و سەرسام بوو لەناو دەرزەنی کێشەکان پشتی کۆم بووبوو. رێکخستنیش کۆلەوار و بێ پلان و لەرزۆک، ئەوەی هەیشبوو هەرگیز بەرەو ئاڕاستەی بەرژەوەندی دروستکردنی تاکەکان نەبوو، وردە وردە هەستم دەکرد، لە نەستەکانمەوە هێزێک دەجوڵا و بە ئاگای دەهێنام و دەیگوت، "تاکە پلانی رێکخستن دەستەمۆ بوونە، پاشەکشێکردنە بۆ ناو دونیای قۆزاخە". بە هیچ جۆرێک رازی نەبوو هەڵوێست



وەربگرین، هەر جووڵەیەکی لەو سات و کاتانەدا ئەنجام بدرابایە بە سەرەڕۆیی لە قەڵەم دەدرا. خەیاڵەکان دەرفەتیان نەدەدام بڕیارێک بدەم، بەلایەکدا بڕۆم، لەپڕ پەلاماری ژووری دایکم دا و پرسی سەروسۆراغی دەرەنجامەکانی دوێنێشەوم لێ پرسی. ئەو بەرهەڵبێنەیەکی لە بەرۆکی خۆی قایم کردبوو و خەریکی شێلانی هەویر بوو، قورسایی خستبووە سەرچۆکەکانی و بە گرێ ناسکەکانی پشتی دەستی بارستایی هەویرەکەی دەشێلا و لابەلای دەکرد، کە چاوی بەمن کەوت راستبووەوە سەر پاژنۆی پێیەکانی و تەماشایەکی کردم، پاشان گوتی:

– دەزانی دوێنێ شەو شەوێکی زۆر ترسناک بوو، دوێنێ بازنەیەکی تر لە بازنەکانی بە کەنیزەکبوونی کچە چیاییەک ئەنجام  درا و زۆرێک لە پیاوە چیاییەکانیش بەشداری ئەو تاوانە بوون. ئەوەی دوێنێ شەو روویدا زۆر جیاوازی نەبوو لەگەڵ زەمەنەکانی زووتر، ئەو زەمەنانەی کە ئێمە بە چیاکان دەناسراین، نەک چیا بەئێمە. کوڕم هەرگیز هێندەی ئەمڕۆ هەستم بە مەترسی نەکردووە، کە دوێنێ عەولاغامان لێ پەیدا بوو شوانۆیەکیشمان هەبوو کە قەلاچۆی ئەو نەخۆشییە بکات، بەڵام ئەوە عەولاغا کوڕی هەیە، رۆڵی باوکی دەبینێت و بە قەد درێژی و پانی رێگا شان بادەدا، بەڵام شوانۆ وەجاخ کوێرە، بۆیە هەرگیز هێندەی ئەو رۆژانە نەترساوم.

لەگەڵ وشەی وەجاغکوێر، لەبەر خۆمدا ئارەقەی شەرمەزاریم لێ دەچۆڕایەوە و پێکەنینم بە کارەکانی خۆمان دەهات. ئێمە بە پێی ئەو پێوەرانەی دایکم یاریمان دەکرد، رێکخستن و بەرگرتن لە پیلانی داگیرکەر بێجگە لە یارییەکی دۆڕاو هیچی تر نەبوو. دوای بێدەنگبوونێک دەیگوت:

– نامانەوێ هیچ سەرەداوێکمان لەگەڵ ئەواندا یەکبگرێتەوە. نە نەوەی ئەوانمان دەوێت و نەدەشمانەوێ نەوەمان لەوان هەبێ. ئەمە رەگەزپەرستی نییە، ئەمە بەرگرتنە لە بە بیابانیکردن، لە پیلانی تاواندنەوەی نەتەوەیەک، ئاسانترین پەرچە کردارێکە لە دژی داگیرکەر، ئێمە داگیرکراوین و مافی خۆمانە بەرگری لە مانەوەی خۆمان بکەین. عەبەی سەلجوق وەکو داگیرکەرێک گۆڵێکی گەورەی لێکردین، دڵنیاشم لە هاتنی ئەو رۆژەی کە گۆڵیان لێدەکەینەوە، بەڵام

لەوە دڵنیا نیم داخۆ لە ڕۆژێکی ئاوادا ئێمەش سزا نادرێین چونکە رازی بووین بە بەکەنیزەک کردنی نازدار.

هەموو جارێ بەیانییان لە دەنگی تۆپ و گمەگمی فڕۆکە و رمبەی بۆمبەکان و قرمەقرمی گوللـە بە ئاگا دەهاتینەوە، بەڵام ئەمڕۆ بە پێچەوانەی هەموو جارەکان لەبەر کپی و بێدەنگی ئەو بەیانییە بە ئاگاهاتمەوە، بەیانییەکی زۆر سامناک بوو، کڕ و کپی دوای تاوانێک و لەوانەشە هی پێش هاتنی رەشەبا بێ، هەموو شتێک قنیاتی لێبڕابوو، کە دەرچوومە دەرەوە بۆنی هەرەسم دەکرد. هەموو جارێ کە چیاییەکان بەسەر مۆڵگایەکی بێگانەکانیاندا دەدا و زەڕ و زیانێکی ماڵی و گیانی زۆریان پێدەگەیاندن ئاسوودەییەکی زۆر باڵی خۆی بەسەر دەڤەرەکەدا دەکێشا و بیابانییەکانیش تاویان لەبەر هەڵدەگیرا. نەک هەر من، هەموو چیانشینەکان هەستیان دەکرد کە چیاکان لەگەڵ ئەو هێرشە جەرگبڕانەی شێرەکان گۆرانی دەڵێن. چیاکان لە جیاتی قەدپاڵێک سەدان قەدپاڵیان لێدەبووەوە و باوەشیان بۆ هەزاران کەس دەکردەوە. ئەو باوەشانە دەبوون بە گەورەترین حەشارگە بۆ هەموو چیاییەکان. بەڵام ئەمڕۆ هەموو شتەکان بۆنێکی تریان لێدێ، هەموو شتەکان رەنگیان رەنگێکی ترە، ئەو رەنگانە لە هەموو شتێک دەچن بەڵام لە رەنگی چیاکان ناچن، تێکڕای چیاییەکان ئارەقەی شەرمەزاری لە نێوچاوانیانەوە دەبارێ، نازدار ئەمڕۆ و تا هەتایەش دەبێتە تارماییەک، هەموو ڕۆحە نەخۆشەکان راو دەنێ.

ئەمڕۆ چیاکانم دەبینین لە ژێر پێی بیابانییەکان شەکەت بوون و زیڕەیان دێ. ئەمڕۆ ڕۆژێکی سەیر بوو بە هەموو پێوەرەکان، چونکە ئەمڕۆ کەس هەوڵی بەرەو چیا چوونی نەدەدا، بەڵکو هەموان دەیانەویست دەستەمۆ بن یا بخەون و چاوەڕوانی دەرفەتێک و قۆناغێکی تری رووبەڕووبوونەوە بکەن. ئەمڕۆ زۆر شت لە چیاکان چاوەڕێ نەدەکرا. باپیرم دەیگوت:

– ڕۆژێک دێ ناتوانی لە ئەشکەوت خۆت پەنا بدەیت. چونکە هەوای ئەشکەوتیش ژەهراوی دەکەن، بەڵام راستی کرد. ئەگەر ئەشکەوت لە گوللـە و بۆمبی خاپوورکار بمانپارێزێ، ئەی ئەگەر هەوا ژەهراوی بوو خۆ خۆی دەخزێنێتە هەموو کون و کەلەبەرێکی چیا، هەموو رووبەرێکی ئەم وڵاتە چۆڵ و



هۆڵ دەبێ، ئەو کاتە بیابانییەکان دەتوانن بێن رەشماڵی لێ هەڵدەن و مۆرکی بیابانی لێبدەن. چیاییەکان قڕ دەکرێن و بیابانییەکان لەزەت لە دار و بەردەکانی ئەو دەڤەرە دەکەن، ئەو کاتە خەونی چوونە بەهەشتیان بۆ جێبەجێ دەبێ.

تا ژەهر بەسەر هەندێ لە دەڤەراکانمان نەباراندرا، راستی ئەو قسەی باپیرەم بۆ نەسەلما. هەر ئەو راستییەشە شاخ و داخەکانی چۆل و هۆل کردووە. هەر ئەو راستییەشە خەڵکی دەستەمۆ کردووە، ئەوەی دەستەمۆش نەبێ چاوەڕێی دەرفەت دەکات، چاوەڕێی ژیانەوەیەکی تازەی چیاییەکان دەکات. چاوەڕێ دەکات بەهاربێتەوە و کاریگەری ژەهراویکردنی کانی و رووبارەکان کەمبێتەوە و خەڵکی بتوانێ بە ئاسانی ژیانی خۆی دەست پێبکاتەوە.

کە لەبەر دەرگەی ماڵەوە سەرنجی بازاڕم دەدا، هیچ شتێکی نائاساییم نەدەبینی. خەڵک وەکو جاران دووکان و بازاڕەکانیان کردۆتەوە و جموجۆڵی خەڵک هیچ پەلەپەل و خاوی و نا ئاساییبوونەکی پێوە دیار نەبوو. لەدوورەوە هەندێک منداڵم دەبینین بەو بەیانییە تۆپانێیان دەکرد. هەندێکیش دەورەیان دابوون و دەنگی سافیرەکەیان دەگەیشتە لای ماڵی ئێمە. تیشکی ڕۆژیش لەنێو گەڵای دارەکانەوە خۆی بەردەدایەوە سەر بان و ناو ماڵان و کەش و هەواش هیچ هێمایەکی نامۆی پێوە دیار نەبوو.

* * *

ئەو بەیانییەی کە دەبوایە کۆببینەوە و دوا دەنگ و باسی پەرەسەندنەکان بزانین، بەرەو هەوران بەڕێکەوتم و لە کاتی دیاریکراودا و بۆ شوێنی دیاریکراو رۆیشتم. دینۆ لەوێ بوو، دوای چارەکێک دواکەوتن، فەقێ ئامانج بە جلوبەرگی هەمیشەی فەقێیانەی خۆی بەدەرکەوت، ئەمجارەیان مەندیلێکی سپیشی کردبووە سەری و کتێبێکی ئەستووری شێوە کۆنی لە ژێر باڵی دانابوو، تەسبیحێکیشی لەدەستدا بوو لە کاتێکدا گەورەترین رقی لە تەسبیح بوو و دژایەتی هەڵگرتنیشی دەکرد. بەڵام ئەمجارەیان وەکو هیچ جارێک نەبوو، فەقێ ئامانج هێندە قسە خۆش و نوکتە چی بوو مردووی دەخستە پێکەنین. زۆر

پەشۆکاو دیاربوو. تەسبیحەکەی دەستاودەست دەکرد و قەتیش هێندە شەلینم پێوە نەدیبوو. بێئەوەی دابنیشێ و سڵاوێک بکات، گوتی:

– دیارە ئێوە لەو دونیایەی خۆماندا ناژین، وا بێخەم پاڵتان داوەتەوە، نە باتان دێ نەباران؟

منیش بە قەڵسی و ناهەمواریيەکی زۆرەوە رووم تێکرد و گوتم:

– ها فەقێ ئامانج چی نوێ هەیە. ئەوەتا لە سات و کاتی دیاریکراودا ئامادەی ئێرەین و هاورێش دیارنییە و تۆش رادەبوێری؟

ئەو هەر هێندەی پێما پەلە لە قسەکانیدا بکات دوای سەرنجدانێکی لای راست و چەپ، گوتی:

– بە هەرحاڵ هاورێ رۆیشت، لێرە بەدواوە هەموو چالاکییەکان بە شێوەیەکی کاتی رادەگیرێن، هەمووتان ئاگاداری خۆتان بن، زۆرێک لەو دۆکۆمێنت و نهێنی و ناوانەی رێکخستن کەوتوونەتە دەست هێرشبەرە بیابانییەکان و بارودۆخ لەوپەڕی گرژی و نائومێدی دایە، بە دەیان هەزار کەس بەرەو شوێنی نادیار راپێچ کراون و زۆرێک لە گوند و شارۆچکەکان خاپوور کراون و ئاگر دراون. هەموو سنوورەکان تەلبەند کراون و مێشوولەش ناتوانێ ئاودیو بێ، ئۆپەراسیۆنەکان زۆر بە گوڕ بەرێوەن. ئەوەش مانای ئەوە نییە کە ورە بەر بدەین و ئیتر وابزانین کۆتایی مێژووە، بەڵام پەیوەندیتان کەم بکەنەوە و لەوپەڕی ئامادەباشی دابن بۆ هەر پەرەسەندن و ناکاوییەک. هەر شتێکی تازەش رووبدات من بە شێوازی خۆم ئاگادارتان دەکەمەوە، ئەوەی لە ماڵیشتانە لە وەرەقە و نووسینی چیانشینەکان بیفەوتێنن، ئاسایشی ئێوە لە وەرەقە و نووسینەکان گرنگترە. ئومێدی سەرکەوتن و ئارامی بۆ هەمووتان دەخوازم.

* * *

بەر لەوەی بگەڕێیمەوە لەگەڵ دینۆ هەندێک بەناو بازاڕدا سوڕاینەوە، کە سەرنجمدا هەستمکرد فەقێ ئامانج راست دەکات و ئێمە زۆر ئاگامان لە رووداوەکان نەبوو. رووداوی مارەبڕینی نازدار لە هەموو شتێکی تری



دوورخستبووینەوە، هەردووکمان دەڕۆیشتین و نقەمان لێوە نەدەهات. هەستمان کرد چوار دەوری ئەو شارە دەکوڵێ، بەدەیان تراکتۆر و پیکاب و لۆری لە کۆڵانەکاندا دەسوڕانەوە و کۆمەکیان بۆ ئاوارەکان کۆدەکردەوە. بە هەزاران چیایی بەرەو دەشت و پێدەشتەکان سەریان هەڵدەگرت و بەدوای پەنایەکدا دەگەڕان. چیاییەکان هێندە کتوپڕ ناچاری ماڵ و حاڵ بە جێهێشتن بوون نەیاندەتوانی بوخچەیەک جلوبەرگیش لەگەڵ خۆیان ببەن. پارووە نانێک بخەنە گیرفانەکانیان، یا مەمە پلاستیکەکانیان تەژی شیر بکەن بۆ ساتە بێئارامەکانی منداڵەکانیان. بە دەیان و بەسەدان ژن و منداڵمان دەبینی کە نەیانتوانیبوو پێڵاو بکەنە پێیان. خەڵکی دووکاندار و کڕیارەکان پستەپستیان دەکرد و لە سەروسۆراغی رووداوەکانیان دەپێچیایەوە، یەکێک پاڵی دابووە سیلەی دیواری دووکانێک و شەدەیەکی رەشی ریشی درێژی کردبووە سەری و تەسبیحێکی رەشی لە پەنجەکانی ئاڵاندبوو و بە خاوەن دووکانەکەی دەگوت: کۆمەڵێکی بێژماری ژن و منداڵ و پیر و پەککەوتە لە دەشتێکی دەرەوەی شار لەناو قوڕ و لیتەی ئاوی زێراب فڕێدراوون و کۆمەڵێک سیخوڕ و کرێکارانی شارەوانی بە بلدۆزەر سەرقاڵی تەلبەندکردنی ئەو گۆڕەپانەن و بە سەدان سینگ و بە هەزاران تۆپە تەلدڕیش لە نزیک ئەوێ فڕێدراوون. کە سەرنجی ئاسمانمدا هەورێکی رەش بەری رۆژی گرتبوو و کەم وابووە ئەو دەمانە کەشوهەوا ئاڵۆز ببێ. کابرای دوکاندار هەڵی دەدایە و دەیگوت:

– هێز نییە بەرامبەر گازی ژەهراوی و نوکی ئەو بلدۆزەرە بێناموسانە خۆ رابگرێ. کۆمەڵکوژی چیاییەکان بوو بە راستییەکی بەڵگە نەویست و دەبێ چاوەڕێی ئەو چرکە ساتانەش بکەین کە نۆرەی شارەکانیش دێت و بە هەزارانمان لێ دەبەن و لە نووگرەکانی بیابان زیندەبەچاڵمان دەکەن.

کابرای شەدەبەسەر هەڵی دەدایە و دەیگوت:

– کۆمەڵێک گەنج لەگەڵ ئەو ژن و منداڵانەدا بوون، بەڵام بیابانییەکان بەپەلە پیل بەستیان کردن و بەرەو شوێنی نادیار راپێچیان کردن، سەرەتا ماوەی کەسیان نەدەدا چادر و کەلوپەل و پێداویستییەکانیان بۆ ببەن. لەو دەشتاییە پڕ قوڕوچڵپاوەدا کۆمەڵێک منداڵ و پیر و پەککەوتە لە برسان و لە گەرمان گیانیان

سپارد و بە نائومێدی سەریان نایەوە. گەرمای ئەو سەرەتای هاوینە هێشتا هێندە دژوار نەبووبوو لەگەڵ ئەوەش یەکێک لە هۆیە سەرەکییەکان بوو کە خەڵکێکی زۆر هەناسە تەنگ بێ و ببێتە قوربانی مێش و مەگەز و رشانەوە و سکچوون و جارێکی تر چاوی بە ئۆخەی ژیان نەکەوێتەوە. گرتن و راپێچکردن یەکێک لەو دیاردە ترسناکانە بوو کە تەنها چیاییبوون یا بچووکترین گومان بەس بوو بۆ ئەوەی شوێن بزر بکرێین. لەگەڵ دینۆ بەرەو نزیکی خیوەتگاکە رۆیشتین، بەڵام بەر لەوەی بگەین ئاگادارکراینەوە بگەڕێینەوە، ئەگینا دەگیرێین. بۆیە بە ناچاری و تێکشکاوی گەڕاینەوە. دیمەنی زۆر نائاسایی و رێزپەڕمان دەبینین، ئەو دیمەنانەی لەو رۆژەدا دەبینران چەوساندنەوەی مرۆڤ بوو لە لایەن مرۆڤ! چەوساندنەوەی ویستێکی ئازادیخواز بوو لە لایەن ویستێکی فراوانخواز! شەڕی بیابان بوو لە دژی چیاکان. شەڕێکی رەش بوو دژی ئازادی. بە گوناهزانینی خۆشەویستییەکانی ئێمە بوو، کوشتنی دوا ئاوات بوو لە ناخی هەموو ئەو چیاییانەی کە ئاواتەخواز بوون، هەپرون بە هەپرونکردنی هەموو ئەو ئومێدانە بوون کە چیاییەکان ئامادە نەبوون بە هیچ نرخێک و لە هیچ بارودۆخێکدا دایانبنێن. دەیانگوت دەکرێ دەستیان بە جەستەمان رابگات و بمانخەنە گرتووخانەکانیان، دەکرێ بە کۆمەڵ راپێچمان بکەن و لە زێدی خۆمان دوورمان بخەنەوە، دەکرێ هەموو پێشمەرگەکان قڕ بکەن و ئێمەش بخەنە ژێر رکێفی زەبروزەنگی خۆیان، زۆر شت دەکرێت ئەوان بیکەن، تا هەنووکەش درێغیان لە هیچ کارێک نەکردووە ئەزیەتمان بدات. ئەوان ئەو شتانە و لەوانەیە زۆر شتی تریشیان بۆ ئەنجام بدرێ، بەڵام ناتوانن هیوا و ئاواتەکانمان لە بەین ببەن. ئەوان هەوڵی لەبەینچوونی ئەو هیوا و ئاواتانە دەدەن، هیوا و ئاواتەکان دوا سەنگەرن، بەڵام لەبەینچوونی ئەو هیوا و ئاواتانە بە نەمانی یەکە یەکەی منداڵەکانی ئەو دەڤەرە تەواو دەبن. بە تێکشکاندن و ژێرپێ خستن و بۆگە کردنی هەموو گوڵ و گیا و دارودرەختەکانی دەشت و پێدەشت و باوەشە چڕ و حاسێکانی ئەو چیایانەن. ئەوان گێلن، بە هەموو ماناکانی گێلییەتی، ئەوەی ئەوان دەیکەن سووربوونی لێ شین دەبێت، تەنها سووربوون. کۆڵنەدان،



چاونەترسان. بە ئومێد گەیشتنی ئێمە و بە ریسوابوونی ئەوان. باپیرەم هەمیشە ئەوەی دووبارە دەکردەوە، دەیگوت:

– قەبرەکان هەموو شاهیدی ئەوەن کە ئەوان خەڵکی چیانشینیان بۆ دەستەمۆ ناکرێت. قەبری بیابانییەکان شاهیدن کە ئەوان سەدان ساڵە دێن و هەوڵدەدەن بمانتاوێننەوە. چیاییەکانیش ملی چیا دەگرن و یاخی دەبنەوە، دەکوژن و دەکوژرێن. گرنگ ئەوە نییە، ئەوە گرنگە نەئەوان واز دێنن و نە چیاییەکانیش دەستەمۆ دەبن. ئەوەش کە گرێکوێرەیە، فێرنەبوونی چیاییەکانە لەو رووداوانە، کە لە چیا حاسێ دەبن، بیابانییەکان فێڵبازن و دەزانن بەشەڕ چییان بۆ ناکرێ، دەڵێن "وەرنەوە، ئێمە هیچتان لێ ناکەین، هیچمان لێتان ناوێ، ئێمە براین. بەو جۆرە خەڵک دەستەمۆ دەکەن. دوایی لێمان دەگرن و لێمان دەکوژن. جارێکی تر دەچینەوە چیا. بازنەیەکی بێ پسانەوەیە".

دەمگوت دەبێ ئەمجارە هێندە گێل بین و دەرس لەو ئەتککرتنە وەرنەگرین؟. دوایی هەر بەخۆم دەکەوتمەوە ناو کۆمەڵێک هیوا و گومان و بڕوا بە خۆبوون و ورە لەدەستدان و رووخان و هەڵسانەوە. ئەو رۆژە رۆژی پۆلەمردبارین بوو، دەموچاوی چیاییەکان رووچرمساو و تۆزاوی هەڵگەڕا بوون. هەر لە رۆژی هەستانەوە دەچوو. قەت هێندە هەستم نەکردووە چیاکان وا چۆڵ بن. هەرگیز هێندە هەستم بە بێ پشتیوانی نەکردووە. هەرگیز هێندەش دڵم رەق نەبووە و چاوم هێندە وشک نەبوون. رۆژێک بوو هەموو خەڵکی چیا پەڕاگەندە و ون بوون، بەڵام کەس بەدوای خۆیدا نەدەگەڕا. دەڵێن رۆژی ژیانەوە کەس ئاگای لەکەس نابێت و هەر کەس هەوڵی فریاکەوتنی خۆی دەدات بەڵام ئەمرۆژە هەرچی دەتبینی بەدوای یەکێکی تردا دەگەڕا. داخەکەم کەسیش کەسێکی نەدەدیتەوە. گەڕان و سوڕانێک بەچوارچێوەیەکی داخراودا. هەموو خەڵکی گەدەیان بەتاڵ و دڵیان پڕبوو. هەستم دەکرد خەڵکی خۆ ئامادە دەکەن بۆ قۆناغێکی تازە، قۆناغێک دوور لە چیاکان، دوور لە رەشبەڵەکی بەهاران و زبارەی دوورینەوەی گەنم و جۆ و دەخڵ و دان و گاوانی بە نۆرەی خەڵکی شارۆچکەکەمان. ئای لە قۆناغێکی تاڵی زەرنەقوتی. بەرلەوەی بگەڕێمەوە ماڵ هەستم کرد وێڵم، هەستم کرد لە تونێلێکی زۆر درێژی پڕی دووکەڵ

گەمارۆدراوم و توانای دەرچوونم نییە و دەخنکام. لە دوورەوە، لە ئاسۆوە تەماشای چیای دایانم دەکرد، ئاسمانی سەر دایان زۆر نزیک کەوتبووەوە، هەوری رەشی زستانی بە هەموو لایەکدا گێرەی دەکرد، لە ناو زگی خۆیدا پێچی دەکردەوە، دەمبینی دووکەڵی لێ بەرزدەبێتەوە، دەمزانی ئاگری پیرۆزیش نۆرەی دێ، بەڵام نەمدەزانی کەی.

کە بە بەردەم خانەی شارەوانیدا رەت بووم بینیم قەڵەباڵغییەکی زۆرە، خەڵکێک وەستا بوون نۆبەتیان گرتبوو. کە پرسیم بۆ ئاوا وەستاون، یەکێکیان وتی:

– بابە ئێمە ئاوارەین، گوندەکانمان خاپوور و وێران کراون، دەڵێن لێرە چادرمان دەدەنێ، بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی کاتی هەڵیدەین.

لەو کاتانەی بەزەییم پێیاندا دەهاتەوە، گریانیشم بۆ گێلییان دەهات. هەر هێندەم پێما پێی بڵێم:

– چادری ناوێ، خەمتان نەبێ نۆبەتی ئێرەش دێت، دەبێ لێرەش هەڵقەنێین، بەڵام کەی ئەوە نازانم. نەک هەر لێرە، ئەوان مەبەستیانە هەموو چیاکان لە دانیشتوان خاڵی بکەن و چۆڵ و هۆڵی بکەن، وای لێبکەن بوولبوولێکیشی تێدا نەخوێنێت. ئەوە ئامانجی بیابانییەکانە.

کابرا هەڵی دایە و گوتی:

– کوڕە بابە دەبڕۆ جێمان بێڵە، ئەوە تۆ دەتەوێ سەرمان ببەیتە بەر قوڕ، ئێمە چ کارمان بەو قسانە دایە.

رێگای خۆم گرتەبەر. زانیم قسەکانم لە دیدی ئەواندا بێمانان. تەماشایەکی دایانم کردەوە نقومی هەوری رەش بووبوو، ئاسمانی ئاگری پیرۆز چارشێوی رەشی تاریکی پۆشیبوو.

ئێوارەیەکی درەنگ بوو کە گەڕامەوە بۆ ئاگری پیرۆز، بە درێژایی ئەو رێگایە تانک و زرێپۆش ملیان دابووە یەک و لە جوڵە وەستابوون، هەموو بازگەکان توندوتیژانە رەفتاریان دەکرد. کە گەیشتمەوە ئاگری پیرۆز هەموو شتێک هەر کپ و بێدەنگ خۆی دەنواند، لەو ساتانەی ئەو ئێوارەیەدا ترس دەستەڵاتدار بوو، بە بێئەوەی دەم بکەینەوە ترس خۆی دەکوتایە ناو سینە و



سییەکانی مرۆڤ و ئەژنۆی لە جوڵە دەخستن. خەڵک بڕوایان بە بەردەوامی ژیان هەبوو، ئەگینا نەدەبوایە بژین. گەیشتمەوە ماڵ و گوڵچینی شێرەچیاش بڕوای وانەبوو کە ئەمجارەش دەمبینێتەوە. کە منی بینی گرتمیە باوەش و توند منی گوشی. بە قورگی پڕ لە گریانەوە، گوتی:

– رۆڵە نەدەبوایە بگەڕێیتەوە.

ناحەقی نەبوو چونکە ئاگر لەو رێگاوبانانە دەباری، خەڵک بە هۆ یا بەبێ هۆ دەگیران و شوێن بزر دەکران، دەبوایە بەیانیش بگەڕابامەوە بۆ هەوران بۆ ئەنجامدانی تاقیکردنەوەکان.

دووبارە رووم لە دایکم کرد، بەلامەوە سەیر بوو بە دواکەوتنی من هێندە تەنگەتاو بووە، خۆمن یەکەم جارم نییە ئاوا دوا دەکەوم، یەکەم جاریش نییە ئاگری پیرۆز ئاوا شێواوە و ئاشووبی تێکەوتووە. دووبارە لێم پرسی:

– دایە بۆ وا هێندە بێشینگ دیاری، هیچ بووە خوانەخواستە من نەمزانیبێ؟ هیچ دەنگوباسێکی زێندینی شێرەچیا هەیە؟

دایکم بە دڵێکی پڕ لە تاسان رووی تێکردم و پانتایی دەستی لە پانتایی سینگم قایم کرد و گوتی:

– ئەیرۆ خەپە گیان چۆن دڵت دێ شتی وا بڵێی؟ تۆ دیارە دەنگوباسی تازەت نەزانیوە؟ نازدار رۆیشتووە و لە بەیانییەوە کەس نازانێ لە کوێ خۆی حەشار داوە. ئەمڕۆ دوو جار ماڵی ئێمەیان پشکنیوە. عەبوودی نەفرەت پەنجەی لێ رادەوەشاندم، دەیگوت:

– تۆ ئاگری بن کای، کوڕەکەشت سەری مار. بۆیە بەیانی زوو بڕۆ، بڕۆوە بۆ خوێندنگا و تا ماوەیەکی باش مەیەوە، دوای تاقیکردنەوەکانیش من دێم بۆ ئەوێ، سەرت لێدەدەم. تۆ نەیەیتەوە تا سەروسۆراغێکی منت پێنەگات. تۆ خەمی منت نەبێت من مشووری خۆم دەخۆم. ئەگەر بۆمان گونجا هەر لەوێ لە هەوران ژوورە خانووێک دەگرین و تاماوەیەک بزانین چ روودەدات. گرنگ ئەوەیە تۆ خەمی منت نەبێت، چونکە کەس کاری بەسەر منەوەدا نییە.

دایکم قسەی دەکردن، منیش دەکەوتمە دالغە بێ کۆتاییەکانم. دەیان پرسیار بە مێشکمدا گوزەریان دەکرد. دەبێ نازدار لە کوێ خۆی حەشار دابێ. دەبێ

مابێ؟ دەبێ پلانی کێ بێ هێندە ورد و نایاب بۆ پەنادانی نازدار؟ ئەو هەنگاوەی نازدار زۆر دڵی خۆش دەکردم. بە هەنگاوێکی بوێرانە و شێرانەم دەزانی. هەڵپەی ئەوەم بوو بمزانیبایە لە کوێیە بۆ ئەوەی ئەگەر پێویستی بە یارمەتی بێ بتوانم یارمەتی بدەم. بەڵام بێ هوودە بوو، دایکم دەیگوت "هیچ شتێکی لێ نازانم".

* * *

بەر لەوەی فەقێ ئامانج لە دەرگا بدات گوێم لە دوا راگەیاندنی رادیۆی شەڕخوازە بیابانییەکان بوو. هاواری دەکرد و دەینەڕاند، هێشتا هەر مژدە بوو بۆ نەتەوەی بیابان، مژدەیەک سەرفرازی بۆ هەموو بیابان دەهێنێ، بەکرێگیراوەکان بۆ تا هەتایە بە دۆزەخ شاد دەکات. دەستی پۆلایینی کوڕە ئازاکانی بیابان هەموو لوتکە و دامێنی چیاکانی لە هەڵگەڕاوە و لە دوورهاتووە بێگانەکان پاک کردۆتەوە، سەر و جامانەی بۆگەنیان خراوەتە ژێر پۆستاڵی رەشی رۆڵە ئازاکان، ئەو رۆڵانەی بە خوێنی گەشی خۆیان مێژووی هەموو بیابان دەنووسنەوە. ژیارێکی تازە بۆ رۆڵە ئازاکانی خێر لەخۆ نەدیو، کورکوژراو بەدەستی کڵاوگۆرەوییەکان بینا دەکەن. هاواری دەکرد، مژدەی بە رۆژهەڵات و رۆژئاوای بیابان رادەگەیاند، مژدەی سەرکەوتنی سەربازانی بە ئەنجام گەیاندنی ئۆپەراسیۆنی ئەنفال. هاواری دەکرد، ئەنفالە، ژیاندنەوەی ئەو کولتوورە نەمرەیە کە باب و باپیرانی بیابانییەکان دایانهێناوە و شەرعییەت بە بیابان دەدا بۆ ئەوەی هەمیشە سەرچاوەی ژیار و خێر و بەرەکەت بێ بۆ سەرتاسەری جیهان. هەروەکو رژانی نەفرەت و زەقنەبوتیشە بۆ هەموو هەڵگەڕاوە ئاژاوەگێرەکان، بۆ هەموو پێ بە ساق و خڕیلەکان، هەموو ئەوانەی بیر لە ئازادی و سەرفرازی دەکەنەوە.

ئەو قسە و راگەیاندنانەی رادیۆی بیابان لە زیهنییەتی مندا شتێکی تازە نەبوون، دەتگوت سەدان ساڵە گوێچکەکانی چیانشینەکان کاس دەکات، بەڵام کەس لێیان حاڵی نابێت. هەستم دەکرد ئەو هەستەم هەر هی ئێستا نییە، هەستێکی کۆنە، بەڵام هەرگیز هێندەی ئەو بەیانییە خۆی بەسەر شان و ملمدا



شۆڕنەکردبووەوە، هەستێک بوو دەیگوت ئەو شەڕە زۆر لە مێژە بەردەوامە، هەر دە ساڵێک پەنجا ساڵێک نییە. ئەو شەڕە سەدان ساڵە لە ژێر کۆمەڵێک دروشمدا بەردەوامە. رەگ و ریشەی ئەو شەڕە درێژ دەبێتەوە بۆ قووڵایی مێژوو، بەقەد قووڵایی چیاکان قووڵدەبێتەوە. چیاکانیش هەروا دەڵێن. شاڵاوی ئەنفالیش شاڵاوێکی درێژکراوەی بێ ئەمانە، هەر شاڵاوی کوشتن و گرتن و تاڵانکردن نییە، بەڵکو شاڵاوی ئەتک کردن و ناشیرین کردن و دوابڕینی متمانە و دڵنیا بوونە بە خۆ و بە داهاتوو. هەستم بە شەرمەزاری هەموو خەڵکی سەر زەوی دەکرد. هەموو ئەوانەی ساڵەهایە گوێیان لە لورەی ئەنفالە و بێدەنگن. ئەوانەی لافی نەهێشتنی جیاوازی و یەکسانی بەهاکانی مرۆڤ لێدەدەن و بێدەنگیشن لەو پرۆسەی قڕکردنە، لەو پرۆسە دۆزەخییەی دەیەوێ بمانباتەوە سەدە رەشەکانی زوو، سەدە رەشەکانی تاکدەسەڵاتی بیابان.

باپیرەم دەیگوت: کوڕم کوشتن هەر کوشتنە. داگیرکردنی پیرۆز و ناپیرۆز بوونی نییە. هیچ بڕوبیانۆیەک بۆ داگیرکردن و کوشتن جێی قەبوولکردن نییە. ئەمڕۆ زەمەنی ئیمپراتۆرییەتەکانیش نییە، چەند میللەتێک لەسایەی یەک ئیمپراتۆرییەتدا بژین و توانای خۆرزگارکردنیان نەبێت. بەڵام ئەمانە لە وەهمدا دەژین و دەیانەوێت ئێتر ئێمەش ببین بەوان یان قڕمان بکەن. هیچ هۆکارێک نابینم بۆ داگیرکردن. بێجگە لە دڕندەیی داگیرکەران و ئەهریمەنیبوونی هزر و خواستەکانیان. ئەوە چەندسەدە ساڵێکە باس لە کوشتنە بەکۆمەڵەکانی هۆلاکۆ دەکرێت، مەگەر ئەوسا ئەو کوشتارە روویداوە؟

کە فەقێ ئامانج هاتە ژوورەوە، رادیۆ هاواری دەکرد، ئەنفالە ئەنفال. ئەو زۆر تاساو بوو، ئەو لەو ساتەوەی لەیەک دابڕابووین بڕیاری دابوو بۆ خزمەتی سەربازی بڕوا، دینۆش کە هەر جارێک گوێی لە وشەی خزمەت دەبوو، دەیشیڕاند. زۆر ناڕازی بوو لەسەر بەکارهێنانی هەندێ وشە، پێیوابوو ئەوە خۆڕاهێنانە بۆ ملکەچی. بەکارهێنانی ئەو وشەیە، ئەو هەوێنە پیسەیە کە شەرعییەت بۆ ئەو کارە نالەبارە دروست دەکات، بۆیە ئەو ئامادە نەبوو بیریش لە چوون بۆ سەربازی بکاتەوە. فەقێ ئامانجیش پێیوابوو بارودۆخ هی ئەوە نییە لە ماڵەوە خۆمان پەنا بدەین و بە سۆزداری بیربکەینەوە. خزمەت بێ یان

نا ئەوە هەنگاوێکە دەبێ بۆی بچین. بەڕای ئەو دانایی ئەو قۆناغە خۆ دوورخستنەوەیە لە عەنتەرییات و گاڵتەکردن بە هێزی دوژمن. هەروەکو سنوورەکانیش هەموو بوون بە ئاگر، بۆیە بۆ ئەوەی ناخۆشی و نەگبەتی لە کەس و کارمان دووربخەینەوە پێویستە بڕۆین بۆ سەربازی. بەڵام من نەمدەزانی بەلای کێ دادەکەوم، ئەگەر چی هیچ ئەلتەرناتیڤێکم بۆ نەچوون نەبوو. فەقێ ئامانج قوتابی مزگەوت بوو، لەوێ دەیخوێند، وەکو زۆرێکی تر لە چیانشینەکان، هەر لە زووەوە باوکی وای پێچاکبووە نەزری بکات بۆ خوا، بۆ وتەکانی خوا، بۆ گەیاندنی ئەو پەیامانەی کە خوا بۆ مرۆڤایەتی ناردوون، بۆ گەیاندنی خۆشەویستی و سۆز و هێز بە ئادەمیزاد. هەر بۆیەش هەمیشە دژی ئەوەبوو کە خوێندن بە جێبێڵێ، دەیگوت:

– ئەگەر ئامانج کوڕی منە، دەبێ خوێندنی شەرعی تەواو بکات، دەبێ وەکو حەوارییەکانی مەسیح مژدەدەری وتەکانی خوا بێ، تیشکەکان لەباوەش بگرێت و چیاکانی پێڕۆشن بکاتەوە.

فەقێ ئامانج تاقانەی ئەو دایک و بابەی بوو، ئەویش بە هەموو شێوەیەک هەوڵی دەدا دڵیان رابگرێ، هەر لەو پێناوەشدا ئەو خوێندنەی کە ئەوان مەبەستیانە ئەو بە ئاکامی بگەیەنێ. لەگەڵ ئەوەش تێگەیشتنی زۆر جیاوازبوو لەگەڵ تێگەیشتنی مەلا رەسووڵی بالآبەرز، بەڵام زۆر بە هێمنی و لێزانی گفتوگۆی لەگەڵ مامۆستاکەیدا دەکرد، هەرگیز وای نەدەکرد مامۆستاکەی واتێبگا کە تێگەیشتنی ئەو بۆ هەموو ئەو شتانەی کە دەیانخوێنێ جیاوازە لەگەڵ تێگەیشتنی دایک و باوکی و مامۆستاکەی. ئەو بە گوڕ دەیخوێند، بەڵام بەچاوێکی پڕ لە رەخنە لە دەرسەکان و دەقەکان ورد دەبووەوە. ئەو رەفتاری باوکی بە لاوە بە کۆیلە کردن بوو، بەڵام هێندە ئارامگر بوو لەسەر داخوازییەکانی باوکی رۆژێک هەستی بریندار نەدەکرد. ئەو بەو خوێندنە و بەو جلانەی فەقێیاتی زیاتر و ئازایانەتر دەیتوانی کاری رێکخستن بکات. گومان لە زۆر خەڵک بکرابایە گومان لەو نەدەکرا. فەقێ ئامانج مرۆڤێکی پڕ بوو، لە ناو هەموان زیاتر هەستم بە چایێبوونی ئەو دەکرد، هێندە ژیر بوو هۆشیاری لەسەر و ملی دەچۆڕایەوە. لە حوجرەی مزگەوتی دایاندا دەیخوێند، بەڵام



پێیەکیشی هەمیشە لە کتێبخانەی گەورەی شار بوو کۆمەڵە کتێبێکی وەردەگرتن و بە گەرمی دەیخوێندنەوە. لە دەروونناسیدا خۆی کردبوو بە دەریا. ناوی هەموو زانا دەروونناسەکان و تیۆرییەکانی دەزانی. تێزەکانی فرۆیدی وەکو هەڵبەست دەزانین و هەمیشە ئۆدیبی دەفەلسەفاند. ئاگام لێبوو ماوەیەکی باشیش بە شەڕەفنامەوە خەریک بوو، جارناجاریش بە مامۆستاکەی بالآبەرزی دەگوت:

– مامۆستا لە مێژە پێشەکییەکەی ئیبن خەلدونم لە کتێبخانەکەت بینیوە، بەڵام هەست ناکەم خوێندبێتتەوە. من خوێندوومەتەوە، ئەو راوبۆچوونی زۆر جیاوازی هەن لە هەندێ راوبۆچوونەکانی بەڕێزتان.

هانی مامۆستاکەی دەدا بیخوێنێتەوە. ئەویش ئەو قسانەی لە دڵ گران دەبوون و دەیگوت:

– کوڕم تۆ من فێر دەکەی! دوو جارم خوێندووتەوە لە زۆر شتیش لەگەڵیدا جوورم.

ئەو خەسڵەتێکی هەبوو زۆرێک لە مامۆستاکان نەیانبوو. بە فیز و لووت بەرز نەبوو. زۆرێک لە پیاوانی ئایینی ملیان بۆ راوبۆچوونەکانی فەقێکانیان یان خەڵکی تر کەچ نەدەکرد. بەڵام مامۆستاکەی، رەسووڵی بالآبەرز وانەبوو. ئەو زیاتر لەسەر رێچکەی سۆفییە گەورەکان دەڕۆیشت و هەمیشە قسە و گفتەکانی ئەوانی هەر لەسەر دەم بوو. هێندەی ئێمە باسی بیابانییەکانمان بکردایە ئەو دەیگوت خەتا لەوان نییە، خەتا لە ئێمەیە. پیری پیرانیش لە رەچەتەکەیدا بۆ چایییەکان نووسیویەتی، "سێ نەخۆشی کووشندەمان هەن، تا بمێنن نابووتمان دەکەن، نەخوێندەواری و برسییەتی و دووبەرەکی". ئەوەش راستییەکی حاشا هەڵنەگر بوو، ئێمە کۆمەڵێک نەخۆشیمان تێدایە و دەبێ چارەسەریان بکەین، ئەو کات نەخۆشی تر ناتوانن یەخەمان بگرن. بیابانییەکان دێن و نەخۆشی دێنن، ئێمەش زەمینەیەکی سازین بۆ نەخۆشییەکانی ئەوان، رۆمییەکان دێن و دەممان دەبەستن، ئێمەش دەستخۆشییان لێدەکەین، ئێمە کاتێک دەتوانین بەرگری لە خۆمان بکەین، کەی یەکڕیز و خوێندەوار و تەندروست بووین". هەر ئەو را و بۆچوونانەش وای لێکردبوو زۆر حەزی لە هێز و رووبەڕووبوونەوە و

دروستکردنی گیروگرفت نەبوو. بەڵام دەشیگوت کە شەڕ هاتە بەردەرگات دەبێت خۆی بۆ ئامادەکەیت. ئەوەی لەبەردەرگای خۆی خۆی لەشەڕ بدزێتەوە لەچیاییبونی دەکەومە گومان. لەنێو ناکۆکی دوو لایەنی چیاییشدا هەمیشە خۆی بێ لایەن پیشان دەدا. زۆرجارانیش کە من لەگەڵ فەقێ ئامانج چووبامە لای دەیگوت:

– بەختەوەر بۆ نایەیت دەرسی شەرعی بخوێنی؟ ئەو ئێوارانەی لە ماڵ دەبیت دەتوانی بێیت و من ئامادەم دەرست پێبڵێم. ماوەیەکی زۆر نابا تۆ خوێندنی دین و دونیا فێردەبیت و دەبیتە زانایەکی موعتەبەر. بۆ چیاییەکان ئەو زانستانەش پێویستن، ئەو زانستانە مێشکت دەکەنەوە و لە کۆڕ و کۆبۆنەوەکاندا باشتر دەتوانی قسە بکەی، بێجگە لەوەش کە هەر زانستێک چەکێکی دوو لایەنەیە، بە دوو لایەنەش دەتوانی سوودی لێ ببینی. کەسانێکی زۆرمان هەن سوود لە لایەنە نێگەتیفەکانی ئەو زانستانە وەردەگرن بۆ بە کۆیلەکردنی چیاییەکان، تۆش بە وشیاری خۆت دەتوانی بیکەیتەوە بە چەکی دژە و سوودی لێ ببینی.

ئەوەی کە جێی تێڕوانین بوو فەقێ ئامانج بوو کە زۆربەی فەقێکانی هێنابووە سەر را و بۆچوونەکانی خۆی و لە ژێر کاریگەری ئەودا بوون. بۆیە هەندەک جاران مامۆستا دەیگوت:

فەقێ ئامانج بنکۆڵە، شتان دەکات لەدواوەی من. باسی سیاسەت دەکات، بەڵام من هاوڕا نیم لەگەڵی. خوێندن گرنگترە لە سیاسەت. کەی خوێندنی تەواوکرد ئەوکات سیاسەتێکی زانستییانە و بە ئاگایانە پێڕەو دەکات.

لەسەر دیواری کتێبخانە گشتییەکەی ئاگری پیرۆزیش بە خەتێکی مام ناوەنجی رازاوە نووسرابوو:

"تا گەورە نەبی سیاسەت مەکە، تا نەتوانی گوێ رابگری سیاسەت مەکە، تا ئامادە نەبی بۆ مردن سیاسەت مەکە".

لەکێلی سەر قەبری شوانەش نووسرابوو:

"ئەو گەورەش بوو نزیکی سیاسەت نەکەوت، تا دوا رۆژی تەمەنی هەر گوێی رادەگرت و کەمدوو بوو، ئەو کاتەش کە ئامادە بوو بۆ مردن زیرەکانە



سیاسەتی کرد، بە وەرگرتنی یەک هەڵوێستی سیاسییانە ئاگری لە جەرگی دوژمن بەردا".

بێجگە لەوەش فەقێ ئامانج ماوەیەکی درێژە دڵی کچی مامۆستاکەی گرتووە. هەموو جارێ پێم دەڵێ: خەپە گیان ئەو کچە عەیاری پاکی چیاییە، گەردی بیابانی نەگرتووە، لەبەر ئەوە نازانم چۆن راستی دڵی خۆمی پێبگەیەنم و پێی بڵێم. بەڵام تاکە پەیامی ئەو ئێوارەی ئەو رۆیشتن بوو بۆ سەربازی. دینۆش تا ئەو ساتانەی کە لای ئێمە دەرچوو باسی لە دەرچوون دەکرد و دەیگوت نابێ تەسلیمی ئەو بیابانییانە بین. ئەو دەیگوت:

– چیاکانی ئێمە پشتیوانی ئێمەن. هێز نییە بتوانێ لە بنمان بێنێ.

قسەکانی دینۆ لەڕووی رواڵەتەوە راست بوون. بەڵام لە ناوەڕۆکەوە ناواقیعی بوون و لە خۆباییبوونێکی نا واقیعییان پێوە دیار بوو. هیچ پلانێکی لا نەبوو بێجگە لە ملنان بۆ چیاکان. چیاکان چۆل ببوون، ئەوانەی کە ساڵەهایە باوەشیان لە چیاکان گرتووە و نان و شێویان لەگەڵ ئەو چۆلانەدا بەش دەکرد و بێی چیاکان نەدەژیان و بێی ئەوانیش نەدەخەوتن و بێی ئەوانیش مانەوەیان نەبوو، ئەمڕۆ وا چیاکانیان بەجێهێشتووە و پەنایان بۆ دیوێکی تری سامناکتر بردووە. ئەوان نەیانتوانی بمێننەوە، هێزی بیابان هێندە درندە و نامرۆڤانە بوو، تەنانەت بەزەییان بە ئاژەڵەکانیشدا نەدەهاتەوە. هەموو شتێکیان سووتاند. لە هەمووش ناخۆشتر ئەو چەکدارە خۆفرۆشانە بوون کە رێنوێنی بیابانییەکانیان دەکرد. جاشەکان ئەوانەی کە بۆ پارە زێدی خۆیان ئاگر دەدا، ناڵەیان دەهێنایە چیاکان. هەستم دەکرد چیاکان هێندە بە نامۆیەکان قەڵس نین هێندەی بەو هەڵگەڕاوە خۆفرۆشانە قەڵسن.

ڕۆژێک بینیم چەندین کڵاوگۆڕییان لە ئۆتۆمبیلێک بارکردبوون، ئەمانە هەموو هی چیاییەکان بوون، ئەوانەی کە بۆ چرکە ساتێکیش ئامادە نەبوون دەست بۆ بیابانییەک درێژ بکەن، هەموو کڵاوگۆڕییەکان قسەیان دەکرد، بە بیابانییەکان پێدەکەنین، بەڵام لە من بەدەر کەس گوێی لێیان نەدەبوو، کەس زەردەخەنەکانیان نەدەبینین. بیابانییەکان و خۆفرۆشەکانیش قسەیان دەکرد،

بەڵام هەموو خەڵک خۆیان لێ لادەدان و گوێی لێ نەدەگرتن، من بەتەنیا گوێم دەگرت و لە قسەکانیان ورد دەبوومەوە. ئەوان دەیانگوت:

ئەوەیە چارەنووسی هەڵگەڕاوەکان. هەموومان بۆ دۆزەخ ناردن. دەبێ هەموو خەڵکی دەرس لەو هەڵگەڕاوانە وەربگرێت.

لەو ساتانەدا بیرمان لە وشەی هەڵگەڕاوە دەکردەوە. دەبێ کێ هەڵگەڕاوە بێ؟ ئەوانەی دۆست و هاوڕێی چیاکانن و بێی چیا بۆ ساتێک ناتوانن بژین، یا ئەوانەی حورمەتی چیا پێشێل دەکەن؟ باغ و رەزەکانی چیاکان ئاگر دەدەن و چاوساغی بۆ بیابانییەکان دەکەن؟

زۆر جاران فەقێ ئامانج لەسەر وشەی یاخیبوو رەخنەی لێ دەگرتم. بەڵام من شانازیم بەو وشەیە دەکرد. بەلای منەوە یاخی بوون شانازی بوو، یاخی خۆ بەدەستەوەنەدانی دەگەیاند. من بە شێوەیەکی پۆزەتیف لێکم دەدایەوە، بیابانییەکانیش بە نێگەتیف دەیانگوت یاخییەکان. یاخیبوون ئەو پەرچە کردارە بوو کە تاکە رێگا بوو بۆ ناڕەزایی دەربڕین لەو رێزپەڕییەی کە هەرێمی چیاکان دووچاری بۆتەوە. ئەگەر چیانشینەکان یاخی نەبووبان، ئێستا چیایەکی سەرکەشیشمان نەدەبینی. ئەگەر گیان لەسەر دەستیشمان نەبووبان، زەردەخەنەی سەر رووی چیاکانیشمان نەدەبینین، ئەگەر ئەوانمان نەبووبان ئەمڕۆ چیاکانت دەبینین هەموویان دەبوونە حوشترالوک و شوێنەواری گوێنی و بلاڵوک و گێوژ و بەڕو و ماز و چنار و ئەسپیندار و هەرمێ و هەنجیر و هەنار و ترێ و توو و قەلەندۆر و شیرشیرۆک و تاڵیشک و گوڵەڕەز و رەیحانە و شلێر و هێرۆ و قارچک و رێواس و کەنگر و کەنگرۆشک و پیفۆک و سلێرک و کاردیمان نەدەبینی.

ئەوان یاخی بوون، بەڵام یاخی راستەقینە. ئەوان یاخیبوون لەپێناو نەهێشتنی یاخیبوون. ئەوان یاخیبوون بۆ ئەوەی ببنەوە بە مرۆڤ. ئەوان یاخیبوون بۆ ئەوەی وەکیەکی بژییەننەوە.



## بەشی حەوتەم

ئەو بەیانییەی کە بۆ سێیەم تاقیکردنەوە خۆمان ئامادە کردبوو، هێشتا بەشی ناوخۆمان بەجێنەهێشتبوو. هێشتا خەریکی چێشتخواردن و خۆئامادەکردن بووین و تاقیکردنەوەکان تۆزێک درەنگ دەستیان پێ دەکرد. بەیانییان دەنگی ئۆتۆمبێل و گرەی ماشێن و هاواری فرۆشیارەکان تێکەڵ دەبوو، چێژمان لەو دیمەنە تێکچڕژاوە دەبینی. ئەو بەیانییە دینۆ کرینی ماست و نانی گرتە ئەستۆی خۆی و گوتی تا دێمەوە چایەکە دێم بکە. هەر بە بێجامەوە دەرچوو، فرۆشگا و فڕن راستەوخۆ لەژێر بینایەکەی ئێمەوە بوون. گۆڕەپانی وەستانی تەکسییەکانیش لەبەرامبەر بینایەکەی ئێمەوە بوو، هەرلەوێشەوە تەکسی گەشتیان بۆ ئاگری پیرۆز رێکدەخست و دەچوون و دەهاتن. زوو زوو دەنگوباسی ئەوێمان دەبیست و دەمانزانی بەدووڕۆژ دوای دەرچوونی ئێمە ئاگری پیرۆز گەمارۆدراوە و لێهاتن و بۆچوونی لێ قەدەغەکرابوو. گوێمان هەمیشە کراوەبوون بۆ نوچەیەک و دەنگوباسێک. خەریکی چا دێمکردن بووم کە گوێم لە شەپەشەپی قادرمەکان و هاتوهاوار بوو. دەنگی دینۆم ناسییەوە کە هاواری دەکرد و بانگی منی دەکرد. بەهەناسە سوارییەوە، بێ ئەوەی رستەیەکی بەسوود بڵێت وەکو لاڵێک دەیگوت "ئاگری پیرۆز، ئەنفال". چۆن چایەدانەکەم لەدەستدابوو ئاوا لەدەستم کەوت و بەسەر کتێبەکەمدا رژا. نەمزانی چیبکەم و پەلاماری دینۆم دا. کورە تۆ ئاگات لەدەمتە چ دەڵێی؟ ئەنفالی چی! ئاگری پیرۆز و ئەنفال؟ خوێندکارانی ژوورەکانی دیکەش هەموو هاتن و کۆبوونەوە، بووە غەڵبەغەڵبێکی زۆر. کە دایکی خۆم هاتەوە بیر چاوم تاریکبوون و وەکو شێتێک هاوارم کرد:

– گوڵچیییییییییییییییییین

لەگەڵ شوومی ئەو نوچەیە بەسەر دەممدا کەوتم و بێ هۆش بووم. کە بە ئاگا هاتمەوە، خۆم لە خەستەخانەدا بینییەوە، دینۆ دەستی گرتبووم و

نێوچاوانی بە پەڕۆیەک بۆ تەڕ دەکردم و وردە وردە فرمێسکی دەباراندن. بۆ جارێکی تر کە دەنگوباسەکەم هاتەوە بیر دووبارە لە چریکەم دایەوە، دووبارە بۆ جارێکی تر لە هۆش خۆم چوومەوە. کە ئەمجارەیان بە ئاگا هاتمەوە شەو بوو، لەگەڵ خۆ جولاندنم دینۆ بە پیرمەوە هات و دەستی گرتم، دەستێکیشی خستە سەر نێوچاوانم. رووم تێکرد و پێم گوت:

– دینۆ گیان واتە گوڵچینی شێرەچپاش ئەنفالکراوە؟

دینۆ دەستی نایە سەر دەمم و گوتی:

– خەپە گیان هیچ دەنگوباسێکی ئاگری پیرۆزمان نییە، هەموو رێگاکان داخراون، هەوڵمدا بچم، بەڵام بێهوودە بوو، تا هەنووکەش کەس نەبینراوە بەرەو بیابان ببرێت. ئەم بەیانییە زوو فڕۆکەی جەنگییان بینیون کە ئاگری پیرۆزی بۆردوومان کردووە، بەڵام کەس نازانێ بەچی بۆردوومان کراون، تەنها ئەم دوای نیوەڕۆیە فڕۆکەی بارهەڵگریان بینیوە چەند جارێک بە ئاراستەی ئاگری پیرۆز رۆیشتوون و گەڕاونەتەوە. دەبێ لە هەڵومەرجێکی ئاوادا دان بەخۆداگر و ئارامگر بین تا بتوانین بە ئێواشی بیر بکەینەوە، تا بتوانین بڕیارێکی راست بدەین بۆ رەفتاری دوای ئانفالکرانی ئاگری پیرۆز.

هەر بەو شەوە دوکتۆر پێی راگەیاندم کە دەتوانم بڕۆم، بەڵام بیر نەکەمەوە و ئاگام لە خۆم بێ. پێکەنینم بەو قسەیە دەهات. ئێمە ماڵمان کاول بووە و دەبێ ئاگاشمان لەخۆمان بێ و بیر نەکەینەوە. بەدەنگێکی بەرز پێم گوت:

– دکتۆر ئەنفال کراوین ئەنفال. من نەبوام دەبوا ئێستا خۆم هەڵواسیبوایە، بۆ نازانی گوڵچینی شێرەچپاش لەوێیە؟ ناوی گوڵچینی شێرەچپات نەبیستووە؟

دینۆ دەستی گرتم و منی لەوێ دوورخستەوە، هەر کە ناوی گوڵچینی شێرەچپام هێنا گریانێکی زۆر بە خرووک دای گرتم، لە دەرگای خەستەخانە لەگەڵ دینۆ لەسەر کۆسپەی دەرگاکە دانیشتین و هەردووکمان دەستمان کرد بەگریان. هەردووکمان وەکو مناڵ دەگریاین.

پاشان بە گریانەوە دینۆ گوتی:

– خەپەی برا تا ئەو چرکە ساتەش زۆر هەستم بە گەورەیی و بێ رەزایی ئەو تاوانە گەورەیە نەکردووە، خەمی تۆ ئەوانی لەبیر بردبوومەوە. خۆ منیش



باوک و دایک و چوار برا و سێ خوشکم لەوێن. خەمێکی زۆر گەورەیە. با هەستین بڕۆین. بەرەو ماڵی مامەم بچین داخۆ دەنگوباس چییە.

* * *

لە گەرمەی تاقیکردنەوەکانی سەری ساڵدا ئاگری پیرۆز کەوتە بەر شالاوی ئەنفال، نازانم کام ژمارەی شالاوی ئەنفال بوو، گرنگ ئەوە بوو یەکێک بوو لە زنجیرە شالاوەکانی بەدی ئەنفال. لەگەڵ ئەو شالاوە نەگبەتییە شوومەدا، زۆرێک لە خەڵکی شارۆچکەکەمان ئەوانەی دەستی رەشی ئەنفالیان پێنەگەیشتبوو، یان رەشەبای مەرگ نەیتوانیبوو زەفەریان پێ ببا، روویان لە هەوران و هەندێکیان لە ئۆردوگای زۆرەملێ و هەندێکیش لە شار و شارۆچکەکانی دیکە نیشتنەوە، کۆمەڵێکی زۆر لەوانە بریندار بوون. ئەو رۆژەی کە دەبوایە بخوێنم و خۆم بۆ تاقیکردنەوەکان ئامادە بکەم وێڵی سەروسۆراغی دایکم بووم. بۆ هەر کوێیەک بچوومایە تراژیدیایەک خۆی دەنواند و کارەساتێک دەکەوتە ئاخافتن. کۆمەڵێک دەنگوباسی بێ سەروبنم دەست کەوتن، بەڵام هیچیان بە ئامانجی نەگەیاندم. هەموو خەستەخانەکان دەگەڕام، بەڵام داخەکەم بریندارەکان هەر ئەو رۆژ لابران و شوێن بزرکران، دوایی نهێنییەکانمان زانین، دوایی زانیمان داگیرکەر نەیویستووە کەس بە شوێنەواری گازی ژەهراوی بزانێ، نەیویستووە هیچ بەڵگەیەک بدات بەدەستەوە، بۆیە ئەوانەی کە رزگاریشیان بووبوو، بۆ جارێکی دی کەوتنەوە داوی داگیرکەر و راپێچکرابوون بۆ باوەشی مەرگ. هیچ کوێیەک نەما نەگەڕێم، هیچ کەندوکۆسپێک نەما نەیانپشکنم، هیچ ناوەندێکی پۆلیس نەما پرسیاریان لێنەکەم، کۆڵانێکی ئەو شارە نەما پێیدا نەڕۆم. کەسێک، سەرۆک جاشێک نەما پەنای بۆ نەبەم و سەروسۆراغی شێرەچپایان لێنەپرسم. لەو شار بۆ ئەو شار لەو گوند بۆ ئەو گوند وێڵ دەبووم و ناهەشی زۆربەی هەست و نەستەکانمی بەنج کردبوون. ئەو رۆژانە هی گریان نەبوون، بەڵام دەبوایە بگرین بۆ ئەوەی لە ئازارەکانمان کەم بکەینەوە. هێدی هێدی گەورەیی و مەترسی کارەساتەکەم دەبیست، بۆ

یەکەم جارە دوو حەفتە لەسەر یەک نەگەڕێمەوە ماڵەوە، سەرەتا ئومێدێکی زۆر گەورەم هەبوو بۆ تەواوکردنی تاقیکردنەوەکان و یەکەمجار هێندە سووربم لەسەر ئەوەی لە بەشی ناوخۆ بمێنمەوە بۆ ئەوەی نمرەیەکی باش بەدەست بێنم. هیواکانمان هێندە گەورە و مەزن بوون نەمدەزانی بە شەو و ڕۆژێک هەپرون بە هەپرون دەبن و بۆ دواجار لە قوڕی داگیرکەر دەچەقن. بۆ دواجار هەموو زەردەخەنە و خۆشییەکانمان زیندەبەچاڵ دەکرێن.

زەینم بۆ عەبەی سەلجوقی دەچوو، خۆ ناکرێ ئەویش ئەنفال نەکرابێ. دەبێ ئەو بەناو نۆ زاوایە بۆ کوێ چووبێ! دەبێ چی بەسەر نازدار هێنابێ؟ خۆ تا دوا سات ئاگادار بووین کە هەر ونە و نەدۆزراوەتەوە. دەبێ ماڵە خەزوریشی دەرباز نەکردبێ و لەگەڵ خۆی بەرەو هەوارێکی تازەی سەرشۆڕی ڕانەگواستبن. هەموو شتێک نرخی هەیە، ئەمڕۆ ئەوان بە هاوکاری عەبوود لەوانەیە لە ئەنفالبوون رزگاریان ببێ، بەڵام ئەی دوایی! کۆتایی چیرۆکێکی ئاوا بە چی و چۆن کۆتایی دێت؟

ئەو کەمپەی لە قەراغ شار ئومێدی تازە ژیانێکی کوێرەوەری بە هەندێک دەبەخشی، ئەوان خەڵکی دەڤەری ئێمە نەبوون، لە جلوبەرگیانرا دیاربوو کە خەڵکی باکووری ڕۆژئاوای ئاگری پیرۆزن، ئەوان هێندە کۆڵەوار و نارەحەت بوون لە باسکردن نایەت، بەڵام چونکە ڕۆح شیرینە وایان دەزانی تازە لەدایک بوون کە دڵنیا بوون دوا مەنزڵیان ژیان بەسەربردنە لەو خەراباتە.

دەگەڕام و سکی زەویم لەت دەکرد و بست بەبست بەدوای سەروسۆراغێکدا دەگەڕام، پەنام بۆ ئاسمان دەبرد و تولە زیوینەکانی مانگم ڕادەکێشان و قیڕەم لێ بەرز دەکردەوە، دامەنی عیزرائیلم دەگرت و بە سەرە پێنێک لموزی لە خوێن دەگەوزاندم و بێ ئەوەی ئاوڕم لێبداتەوە خۆی ڕادەپچکوڕاند و لەو چۆڵەوارە بەجێی دەهێشتم، بەرەو بارەگای خودا دەچووم و لەوێش کەس لێم حاڵی نەدەبوو و وەدەریان دەنام و جارێکی تر دەگەڕامەوە. بۆ ماوەی چەند هەفتەیەک گەڕان و پشکنین و بێ سەروسۆراغی دایک، زیاتر بەرەو ونبوونی دەبردم. نەک هەر ئەوەندە بەڵکو تاکە کەسێکی ئاگری پیرۆزم نەدەدۆزییەوە. کوا فەقێ ئامانج، کوا مامۆستای هەواداری سۆفیگەری و رابەری ئارامی و



خۆشەویستی بۆ مرۆڤایەتی. ئەکوان ڕەفیقانی مەلای قولئەعوز و تەشکودامەنە پان و بۆڕەکانی مەلای قولئەعوز؟ ئەکوان ئەو هەزاران دانیشتوانەی ئاگری پیرۆز، ئەکوا مام دارۆ و مناڵەکانی؟ ئەو ڕۆژانە هێندە ڕەش بوون چیاکان بە گەورەیی و مەزنی خۆیان لە پرۆسەی تاواندنەوەدا بچووک ببوونەوە. پیاوەتی و مرۆڤایەتی و هاریکاری لەسەر جێگای نەخۆشی ئاوزینگیان دەدا.

دوای گەڕانێکی زۆر و ماندووبوونێکی بێ ئاکام، دوای ئەوەی تاقی کردنەوەکان بەسەرچوون و بەرهەمی ماندووبوونەکەمان لە چرکە ساتێکدا وەبەر شالاوی ئەنفال کەوت. ئەنفال هەر ڕۆحەکانی بۆ خۆ نەچڕین، بەڵکو کەرامەتی دەیان ملیۆن مرۆڤی خستە ژێر پرسیار، هەوڵ و کۆششی هەزاران کەس، هەر لە خوێندکار تا دەگاتە کاسبکار و کرێکار و مامۆستای خستە بەردەم باهۆزی فەوتان و نەگبەتی. ڕۆحەکان چوون و ورە و ئارامی گەلێکیش کەوتە هەڵدێر. سەدان هەزار ڕۆح بەرەو بیابان باروبارگەیان پێچایەوە، سەدان هەزاری دیش کەوتنە بەر سێڵاوی نائومێدی و ئیتر بیر لە ژیان ناکەنەوە. ژیان مانای نەمابوو، سەدان هەزاریش خۆزگەی بە میوانە تازەکانی بیابان دەخواست. خۆ بە دەیان هەزاریش دەبوایە بەرەو ئەو سەربازگانە بڕۆیشتبان، کە هیچ پەیوەندییەکی بە ستراتیژ و ئێستا و سبەیانەوە نییە. ئەو ڕۆژانە نەک هەر گەرما دەباری، نەگبەتیش نێوچاوانی هەموو چیاییەکانی گرتبوو. باپیرەم باسی ئەو جۆرە ڕۆژانەی دەکرد، دەیگوت:

– کە زۆرت بۆهات دەبێ هەوڵی خۆپاراستن بدەی، بەرەو دواوە نەگەڕێیەوە، خۆ پەناکردن و ڕاکردن لەو جۆرە ڕۆژانە گەورەترین ئازایەتییە. ئەمڕۆ خۆت دەپارێزی بۆ ئەوەی بەیانی بتوانی بە گوڕتر تێی هەڵچیتەوە، ئەمڕۆ وزە و تواناکانت دەپارێزی بۆ ئەوەی بەیانی بیانخەیتەوە گەڕ.

فەقێ ئامانجیش وای دەگوت، بەڵام دەبێ لەو چرکە ساتەدا لەکوێ بێ. دەبێ لەژێر قامچی چ بیابانییەکی بێویژدان ئاوزینگ بدات. دەبێ لە چ زیندانێکی بیاباندا لەگەڵ مامۆستاکەی باس لە ئارامگری و وتە پیرۆزەکانی پیری چیاداد بکەن. دەبێ ئەو مامۆستا بەڕێزە ڕۆژێ چەند جار بچێتە بەر دەرگای عەرش و مۆڵەتی بینینی پیری چیاداد بخوازێ و فریشتەکان لە زمانی حاڵی نەبن، چونکە

زمانی ئەو زمانی چیاکانە، زمانی بەردە، زمانی هەموو ئەو گژوگیا و دار و دەوەنانەیە کە بە شنەبای کوێستانان خشەیان دەهات و کرنوشیان بۆ یاخی بووەکان دەبرد. پیری چیادادیش ها لەو ساتانەدا لە خەڵوەتی ئەبەدی دایە، فرمێسکی پەشیمانی بۆ ئەو ڕۆژانە دەڕێژێ کە زمانی خواپەرستی چیاکان تا هەتایە قەدەغەکرا، پیری پیران لە خەڵوەتدا تەلقینی هەناسەی چیاییە ئەنفالکراوەکان دەدا، پێشوازییان لێدەکات،  وەکو پزیشکێک ڕەچەتەیەکی دایە دەست چیاییەکان و پێی گوتن:

"ئەوە نەخۆشییەکانتانن: نەخوێندەواری، برسییەتی، دووبەرەکی"، بەڵام نەیتوانی لەگەڵیان بەڕێدا بڕوات، لەگەڵیان بچێت دەرمانەکەشیان بۆ ئامادە بکات، لەگەڵ شێخی پیرانیش هاوڕا و هاوبیر نەبوو بۆ ئەوەی هەردووک تواناکانیان یەکخەن و ڕیشی خۆیان نەدەنە دەست وەهم، نەدەنە دەست ئەو مێژووەی کە ئێمەی وەکو خۆخۆر لە قالب داوین، ئەو مێژووەی بڵندمان دەکات، بەرزمان دەکاتەوە تا پاشان پشتاوپشت لە زەویمان قایم دەکاتەوە. ئەو مێژووەی متمانەی لێ سەندووین، ئەو مێژووەی کە ئێمەی چیایی هەرگیزا و هەرگیز دەرکی ناکەین. پیری پیران نەیدەزانی برایەتی بۆ دواجار وشەیەکە ناوەڕۆکەکەی تەنها لە شوعاعەکاندا بوونی هەیە، بەڵام لای چەکبەدەستە سەربازە ڕۆمییە داگیرکەرەکان هیچ مانایەکی نەبووە و نابێ، لای ئەوان دەبوایە پیری پیران و هەموو چیانشینەکان ئەوان بن، لەوان بن، لە پێناو سۆزەکانی ئەوانیشدا بمرن، ئەگینا مافی ژیانیشیان نەبوو. بۆ دواجار ئەوانەی پیری پیران ڕەچەتەی بۆ نووسین، خرانە قالبی کێوییە چیاییەکان، دەبێ بە هەڵگرتنی زمان و کولتووری ئەوان ببن بە مرۆڤ نەک بە ڕەچەتەکەی ئەو پیرە.

کە تەماشای ئاسمانم دەکرد فەقێ ئامانجم دەبینی دەیگوت "مامۆستا شوعاعەکان چیتر ڕووناکی نادەن، چیتر پەیامی برایەتی هەڵناگرن، چیتر سەربازەکان پەیامی برایەتییان پێنییە، موودەتێکە سەربازەکان داگیرکەرن، ئەو کاتیش هەر هەو بوون، بەڵام شوعاعەکانی تۆ وایان نەدەگوت، شوعاعەکانی تۆ بۆ ئێمە نەبوون، ئێمەیان دەسووتاند. خۆت چەند پاک و بەرز بووی هێندەش ئەو پاکی و بەرزییە دەکرایە تۆڕی مەرگ و وزەی سێدارەکانی بەگوڕ و تین تر



دەکرد. ڕۆمییە هەتیوچەکان و بیابانییە بێباوەڕە دوو ڕووەکان، سەرکردە زۆڵەکانی دوژمن هێندە دڕندە و نامەرد و بێشەرەف بوون بوونی خۆیان لە نەبوونی ئێمەدا دەدیت، بەڵام چی لە پاکی تۆ بکەم کە فەرسەخێک بڕەو نەکات و شوعاعەکانیش ماڵە تاریکەکەی ئێمە ڕووناک نەکەنەوە؟ ناپاکی ئەوانیش هێندە کاریگەر و بێچاوڕوو بوو هەوای چیایەکانی لێ پیس و ژەهراوی کردین. پیری پیران شوعاعەکان چیتر هەڵگری دانایی و حیکمەت نین، لە ئاستی بێ حیکمەتی و دڕندەیی بیابانییەکان؟ ئەو دەیگوت:

– ئارامدەگرین بۆ ئەوەی جارێکی تر تێی هەڵچینەوە. ئێستا ملکەچ دەبین بۆ ئەوەی گورزەکانمان بەهێزتر بین. بۆ ئەوەی زەبری تۆڵەمان جەرگبڕ و نوزەبڕ تر بێ.

یەکێک لەو مەلایانەی کە زۆر دۆستی مەلا ڕەسووڵی باڵابەرز بوو، برادەری مامەی دینۆش بوو، مەلا یەزدانشیری کوپەشکاو بوو، هەر بۆ سەروسۆراغ چووم بۆ ئەو مزگەوتەی کە بەشێوەیەکی کاتی لێی دەمایەوە. کە لای دانیشتم و خۆم پێناساند، زانیاری تەواوی هەبوو لەسەر ئاگری پیرۆز و لەسەر زێندینی شێرەچیاش. زۆر شتمان باس کرد، باسی شوعاعەکانی پیری پیرانیشمان کرد. ئەو گوتی:

– بەختەوەری بەڕێز، پیری پیران لە ئاسمانەوە نەهاتبوو، ئەو دڵنەوایی لەو وشانە وەردەگرت کە پێی وابوو لە ئاسمانەوە هاتوون. شوعاعەکانیشی دەرهاوێشتەی هەمان ئەو وشانە بوون، بەڵام کەسمان نەیدەزانی شوعاعەکان ماڵی تاریکی ئێمە ڕووناک ناکەنەوە، کەس نەیدەزانی تیشکە وەنەوشەییەکانی شوعاعەکان لە چوارچێوەی دیوارە بە ڕق دروستکراوەکانی ڕۆمیە کەڵب بە خوێنەکان و بیابانییە شمشێرکۆڵەکان لە پیرۆزی بەتاڵ دەکرێنەوە و ڕەشماڵێکی گەورەیان بۆ بێئەخلاقی ئەوان لێدروست دەکرێ. دڵنیام پیری پیران لە گۆڕەکەیدا بە ئازارە و لە شوعاعەکانی پەشیمانە. دڵنیام هەنووکە لەگەڵ پیری چیاداد و شێخی پیران، لە حوزوور یەزداندا مانیان گرتووە و فریشتەکانیش بەرگەی ڕاگرتنی ئەو ڕووبارە ناگرن کە لە ئەسرینەکانی ئەو پیرانە دروست بووە.  بەختەوەری بەڕێز ئیتر نەدەمم دەگرێ وشەکانی ئەنفال بخوێنمەوە، نە

چاوەکانیشم بەو وشانە هەڵدێن. ئەو وشانە لە کاتەلۆگی کتێبخانەی مندا فڕێدراون، لاپەڕەکانم لێکردوونەتەوە. لەگەڵ هەر ژمارەیەکی ئەنفال لاپەڕەیەکم سووتاندووە. لە ڕاستیدا من نەمسووتاندن، خۆیان سووتاندیان. ئەو لاپەڕانە چیتر بۆ ئێمە نین، ئەو لاپەڕانە ئیتر لەسەر ئێمەن، لە دژی ئێمەن، بۆیە نە ئەقڵ و نە ویژدانیش ڕێگام پێدەدەن بیانهێڵمەوە. دڵنیام پیری کۆچکردووش هەڵبستێتەوە و کوپەشکاو و ئاگری پیرۆز ببینێ، دەزانێ ئیتر شوعاعەکان و وتە بەرزەکانی چیتر بۆ ئێمە نین، لەسەر ئێمەن، لە دژی چیاکانن. تازە ئەو پەیوەندییە ئەوان بۆگە و بۆگەنیان کرد، هەڵیانگلۆفاند و دواتر لەبار یەکیان برد و هەلابەهەلایان کرد، بۆیە بە ئاسانی دروست نابێتەوە. ئەوان ئەو پیرۆزییەیان بۆ خۆ و بۆ مەبەستەکانیان گل دایەوە، ئیتر بۆ ئێمە هەوری ڕەشن، لە شێوەی ژەهر دابارینە سەر دۆڵ و شێوەکانی دەڤەری چیا. ئیتر ئێمە بە دوای ئاسمانێکی تردا دەگەڕێین لەگەڵی بدوێین و باسی پیرۆزی لەگەڵدا بکەین، بەدوای شەوێکی تردا دەگەڕێین پەنامان بدات و باسی مەرجەکانی خەڵوەتی لەگەڵدا بکەین. بەدوای خۆرێکی تردا دەگەڕێین وزەمان پێ ببەخشێت و بواری ئیشکردنمان بدات، ئیتر ئەو ڕۆژە بێ چاووڕوو بووە، تیشکەکانی بەرپێی ئەنفالچییەکان ڕووناک دەکاتەوە، بۆ ئێمە مەنجەنیقە، دەماسووتێنێ، ئاگرمان بەسەردا دەبارێنێ. ئیتر ئێمە دەبێ بەدوای برادەری تردا بگەڕێین، کەس برای ئێمە نییە، ئەمڕۆ برایەکانی ئێمە داگیرکەری ئێمەن، ئەو برایانە پەیامی ئەنفالیان بۆ هێناین، پەیامی خاپوورکردنی ماڵەکانمان، بڕینی دارودرەختەکانمان، سووتاندنی زەویوزار و بێستان و دەغڵودانەکانمان، پەیامی مەرگی سەدان هەزار ئازیز و دۆست و خۆشەویست. ئاخر بۆ نەیاندەزانی بولبوولێکیش بێ لانە نابێ؟ ئەی چۆن ئێمە بێ لانە کراین؟ ئەمانە پرسن ئازیزم، ئیتر دەبێ ئێمە ئەو پرسیارانە لە خۆمان بکەین، ڕووبەڕووی داگیرکەریشی بکەینەوە. ئەگینا چارەنووس بۆ ئێمە و بۆ ئەوانیش شووم دەبێ. بڕۆ کۆڵ مەدە گوڵچینی شێرەچیا ها لەوێ، لە ناو دڵی بیابان دایە، هەروەکو هاوسەرەکەی منیش ها لەوێ، ئەو هاوسەرەی پێنج دانە ساڵ منی خۆشویست، تاکە مرۆڤێک نەیدەزانی لەخۆم بەدەر. پێنج دانە ساڵ ئارامی گرت تا خوێندنم تەواو کرد. پێنج دانە ساڵ



نانی ئەوانم دەخوارد و چەندین فەقێی تریش لەو نانەیان دەخوارد و ڕۆژێک، ساتێک لێمان پەست و ماندوو نەبوون. لەکوێی دونیا بووە خەڵک قوتابیانی زانست نان بدات، لەکوێی دونیا بووە هەژارەکان قوتی ڕۆژانەیان لەگەڵ قوتابیانی زانست بەش بکەن و ببێتە مایەی ئاسوودەییشیان. هاوسەرەکەی منیش ها لەوێ لە پانتاییەکی تاریکی بیاباندا، خۆی و ئەو کۆرپەلەی کە تەمەنی تەنها چوار مانگ بوو. بردیان و منیش لێرە قوڕ دەپێوم، چریکە تیژە بێ هاوار و بێ شینگەکانی هەموو سات و کاتێک لە پەنا گوێم کاسم دەکەن و دەمورووژێنن.  پەلە ناسک و جوانەکانی کۆرپەکەمان وا لەبەر چاومن چۆن دەیانجوڵێنێ و پەنجەکانی بۆ دەمی دەبات.

که گوێم لە پەیڤەکانی مەلا یەزدانشیری کوپەشکاو بوو، زانیم ئەو لە لوتکەی نائومێدی دایە. ئەو خۆشەویستە هاوسەرەکەی بە خۆی و کۆرپەیەکی نەبینرا و ئەنفال کراوە. ئەو ڕۆژێک بەر لەو نەگبەتییە مەرگهێنەدا بە ئیشوکار دێتە شار و ئیتر ناتوانێ بگەڕێتەوە. ئیتر نە کوپەشکاو و نە هاوسەرەکەیشی نابینێتەوە. بۆیە دوای گوێگرتنم بۆ ئازارەکانی ڕۆیشتم، زانیم سەروسۆراغی گوڵچینی شێرەچیا لای ئەو نییە، ئەویش وەکو من پەڕوباڵ شکاوە و لەو پەنایە کەوتووە وەکو دەیان هەزاری تر کە هەر یەکێک لە پەنایەک خۆیان مەڵاس داوە و چاوەڕێی مەرگی تر لە جۆری تر دەکەن. چاوەڕێی شوعاعێکی تری پیرێکی ترە، شوعاعێک ماڵە تاریکەکەمان ڕووناک بکاتەوە.

* * *

ئیتر وێڵ بووم، سەرچاوەیەکی ترم گومان نەدەبرد بۆ ئەوەی پەنای بۆ ببەم، بیرم لە گوڵچینی شێرەچیا دەکردەوە. دەبێ ئەو پیرەدایکەم چۆن سێبووری دڵی بێ، بێ ئەوەی لەمەودوا ئێوارەیەک نەچێتە بنار شاخەکان و لەوێ کڕنوشێکی ئارامی و سوپاسگوزار بۆ هەیبەتی چیاکان ببات. دەبێ چ شەپۆلێکی هەناسە بۆگەن بیخاتە بەر پاڵەپەستۆ و نەفرەت لە چاونەترسی و بەتەنگەوەچوونی بۆ ئەوانی دی  بکات. دەبێ زێندینی چیا لە چ کونە شاخێک

سەری خستبێتە سەر لولەی تفەنگەکەیەوە و خەو بە دایکمەوە ببینێ و هەزاران نەفرەتیش بۆ رۆحی بیابانییە ئەنفالچییەکان بنێرێ. دەبێ مەلا رەسووڵی باڵابەرز هەنووکە چۆن نوێژ بکات و چۆن دەستنوێژ هەڵبگرێ؟ ئەو سەعاتێک لەبەرامبەر شێرەی ئاو دەمایەوە، هەرگیز بە کەمێک ئاو دڵی ئاوی نەدەخواردەوە، ئەگەر نەچووبایە بۆ سەر کانی و تا چۆکەکانی نەخستبانەتە ناو ئاوەکە ئۆقرەی نەدەگرت و دەیگوت ئەمڕۆ کە نوێژم نەکردبێ وایە. کە نوێژیشی دەکرد بێتاقەت دەبووین لە چاوەڕوانیدا و ئەو هەر تەواو نەدەبوو، کە قسەشمان لەگەڵ دەکرد تا قسەکەمان تەواو نەبووبایە قسەکەی پێنەدەبڕین. ئەو هەرگیز نەیدەزانی بڵێ نا، هەرچیمان لێ داوابکردایە هەوڵی دەدا بەخێرایی جێبەجێی بکات. ئێستاش مەڕاقی ئەو هزر و بیر و بۆچوونانەم کە لە دوای ئەنفالدا باڵابەرز هەڵی گرتوون، ئاخر پیاوی وەکو باڵابەرز نابێ لە گوڵ کاڵتری پێبگوترێ، پیاوی وەکو ئەو هەڵگری پیرۆزییەکی تایبەتە بە چیاکان، دونیایەکە لە خۆشەویستی و ئارامی و برایەتی. ئاخر تاوانی باڵابەرز چییە بێجگە لە چیایی بوون؟

دەبێ منداڵە چاوگەشەکانی شارۆچکەکەمان پەلەدارەکان لەکوێ بێنن بۆ ئەوەی سواریان بن و بەدوای یەک بکەون و دیدانێ بکەن و رێگای بەردەم مزگەوت لە خۆڵ و تۆز وەربدەن. دێتە بیرم کە وەستا جانگوڵی دارتاش رەوڕەوەی دروست دەکردن و بە بەلاش لە هەموو جەژنێکی تازەدا بە دیاری بە منداڵانی شارۆچکەکەمانی دەبەخشین، رەوڕەوەکان وەکو سێگۆشە وابوون و منداڵێک لەسەر دادەنیشت و یەکێکیش پاڵی دەدا، بە نۆبەت رۆژ تا ئێوارە خەریکی ئەو رەوڕەوانێیە دەبوون. دەبێ فەقێکانمان لە چ کونجێکی بیابان بتوانن لەمەودوا خواردن کۆبکەنەوە و "راتبە رەحمەت و لێبێ" بە بن گوێی کابانەکانی ئاوەدانیدا بچرپێنن. فەقێ ئامانج راتبەی نەدەکرد، خواردنی راتبەیشی نەدەخوارد، ئەگەر رۆژێک لای فەقێکان بمابایەوە دەچوو لە ماڵەوە خواردنی دەبرد و فەقێیەکانیش لەو رۆژەدا لە گەڕانی کوچە و کۆڵانەکانی ئاوایی دەحەسانەوە و ئاسوودە بوون. ئێمە هەموومان راهاتبووین بە دەنگ و سەدای "راتبە رەحمەت و لێبێ"، ئەگەر ئێوارەیەک نەهاتبان، دایکم نارەحەت دەبوو و



چەندین جار دەیناردم بۆ حوجرە و سەروسۆراغێک لە فەقێیەکان هەڵکەم. بوونی ئەوان هەمیشە دڵنەوایی و گەرم و گوڕیی بوو بۆ ئاوایی. کەسێک بە بوونیان سەخڵەت نەدەبوو. هەموو ماڵێک بەشی ئەوانیشیان لێدەنا. هەندێ جاریش ئەگەر فەقێیەک زۆری لا بوایە و نەیتوانیبایە خواردنی تر لەگەڵ خۆی ببا، دایکم هاواری لێدەکردم و داوای دەکرد خواردن بۆ حوجرە بەرم.

نازانم لەمەودوا چۆن بۆ مردوو کۆدەبنەوە و سەرەخۆشی لەیەکتر دەکەن. کە یەکێک لە ئاوایی ئێمە کۆچی دوایی دەکرد، کەس و کاری هەرگیز نارەحەت نەدەبوون و هەستیان بەتەنیایی نەدەکرد. بە شەو و بە رۆژ خەڵکیان لادەبوو، هەموو خزمەکانیشان لێ کۆدەبوونەوە. هەر سێ ژەمەکانیش بەتایبەتی ژەمی ئێوارە بە دەیان سفرە ریز دەکران و چەندین خواردنی هەمەجۆر سفرەکانیان دەڕازاندەوە. خاوەنشینیان لەنێوخۆدا دەگرت و خۆی لەبیردەکرد. هەموو خەڵک چۆکیان وەچۆکی یەکتردەدا و مامۆستای باڵابەرز لەنێوەندیاندا قسەی خۆشی بۆ دەکردن. ئەی مجێوری خزمەتکار لەمەودوا لە کێ چێشتەکەی پێبگات. کە پرسەیەک یا شایییەک دەبوو، پاشماوەی سەر سفرەکان لە مەنجەڵێکی گەورە بۆ مجێور کۆدەکرایەوە و بۆ چەند رۆژێک ئەوە خواردنی ماڵی مجێور دەبوو. لە دیوەخانی ژنانیش هەمان بەزم دەبوو، بەڵام لەوێ گوڵچینی شێرەچیا رۆڵی باڵابەرزی دەبینی و هەموو گوێیان بۆ قۆرخ دەکرد. زۆرجار وا رێکدەکەوت خۆم سفرەی بۆ ببەم. هەموو جارێک دوو سفرە یەکێک بۆ زێندینی هەوران و یەکێکیش بۆ گوڵچینی شێرەچیا. باسی کوێی ئاواییەکەم بکەم! باسی کام لە کوچە و کۆڵانە پڕ لە یادەوەرییەکانم بکەم. ئاخر راستە من بە جەستە ئەنفال نەکراوم، بەڵام یادگارییەکانم ئەنفال کراون. ئاخ یادگارییەکانم دەبێ لەکام گۆڕ بە کۆمەڵ نێژرابن؟ دەبێ کام بیابان لەسەر سفرەی زەردەخەنەکانتان بلەوەڕێ. دەبێ رۆحە ئەنفالکراوە پیرۆزەکان بەکام ئاسمان و بە کام زەوی هەوڵی خۆدزینەوە بدەن بۆ گەڕانەوە. ئاخ دایە گیان دەزانم ئێستا لە هەر کوێیەک بیت خەمی خۆت و ئەو هەموو حەشاماتەت نییە، بەڵکو خەمی منتە و هەر تۆ بووی بۆ ساتێکیش ئۆقرەت نەدەگرت ئەگەر بەدرەنگی گەڕابامەوە ماڵ. ئاخر دەبێ جەرگت بۆ کوێ بفڕێ و لەسەر کام لوتکەی شاخە سەرکەشەکان بە دوای مندا بگەڕێ. کچێ دایە ئەوە

هەر تۆ نیت بەدوای مندا دەگەڕێی ئەوە منیشم هەست بە نامۆیی و بێئینتیمایی دەکەم. هەست بە رزانەوە و بێ دەسەڵاتی دەکەم. ئاخ چەند سەختە کە هەست بە بێدەسەڵاتی دەکەین. چەند سەختە کە یادگارییەکانمان دەرفێنرێن و ئێمەش دەستەوەسان دادەنیشین و هیچمان بۆ ناکرێ. چەند سەختە کە چیاکان چۆڵ دەبن و لەبەر نووزە و شین و واوەیلایان خەو ناچێتە چاومان. ئەوەی لە زمانی چیاکان بگات گوێی لە گریان و نزاکانیشیان دەبێ. ئەو خوێنەش دەبینێ کە رۆژانە لەبەریان دەڕوا. خوێنی چیاکان لە هی هەوادارانی سوورترە، ئەوەی باوەڕ نەکا بابێت من پیشانی دەدەم. خوێنی ئەوان هێندە گەرمە و ساردبوونەوەشی نییە، خوێنی چیاکان شەپۆڵ دەکات و هێندە تورە دەبێ دار و بەردیش لەگەڵ خۆی رادەماڵێ. یەکێ چیاکان نەناسێ گرانی و سەختی کارەساتی ئەنفالیش تێناگا. ئەوە من نەمدەووت، چیاکان دەیانگوت و ئاسمانیش شایەدمانی دەدا.

رۆژی راگواستن هەورەکان یەکە یەکە دەهاتن و بەرامبەر بێدەنگی و ناڵەی چیاکان کڕنوشێکیان دەبرد و سەرەخۆشییان لێدەکردن و دەڕۆیشتن. رەشەبا لەو رۆژەدا وادەی خۆی نەبوو هەڵبکات و بێت، بەڵام بڕیاریدا هەموو سۆز و وادەکانی تری هەڵوەشێنێتەوە، هات و هەڵیکرد، هەڵکردنێکی ئاسایی نەبوو، خاپوورکردنی وەخۆ هەڵگرتبوو، هات بۆ ئەوەی بیابانییە ئەنفالچییەکان راماڵێ و لە بیبابانیشدا دەرفەتی خۆ دۆزینەوەیان نەبێ، بەڵام هات و بەسەر خاپووری شار و دێهاتەکاندا کەوت، بە شین و پاپۆڕە و گریان و لە خۆدان بەرەو مۆڵگاکەی گەڕایەوە. شنەباکان بەڵێنیان دابوو ئەوێ بەجێ نەهێڵن. ئاژەڵەکان لە پاڵ دار و درەخت و قەدپاڵی شاخەکاندا لەرزەیان بوو لەگەڵ چیاکان شینیان دەگێڕا. دیمەنەکان دیمەنی ئەو سەدەیە نەبوون، هی سەدەیەک بوون نە چیاکان و نە دانیشتوانەکانیشی ناوی بیابانییەکانیان بەرگوێ کەوتبوون. ناویان و رەفتاریان بەو رۆژگارە نامۆ بوو، بۆیە ئاژەڵەکانیش داحەپەسابوون و هیچ شتێکیان بۆ شێ نەدەکرایەوە. هەموو ئەو شوێنانەی بەڵێنی دڵداری تێدا ئاڵوگۆڕکرابوون کەفیان کەوتبووە سەر لێوان و چاوەکانیان وەک جۆگەلە زابوونەوە و پشتیان کووڕ بووبووەوە. لە تیلەچاوێکدا بەرەو چیاکان هەڵدەگەڕان و بەڵێنەکانیان لە یادەوەری ئەشکەوتەکاندا پاوان دەکرد و بە ئومێدێکی ترەوە، بە ئومێدی رۆژانێکی تازەوە



سەریان دەنایەوە. کەلاوەی مزگەوت و دێر و ئاتەشگاکان دەستلەملان دەبوون و بڕیاریان دەدا دەرگاکانیان تاهەتایە دابخەن و مان بگرن، بیری ئەو ساتانەیان دەکردەوە کە دەمی شۆفەڵەکان دیوارەکانیان هەڵدەپاچی و قورئان و ئینجیل و ئاڤێستا و شوعاعە پیرۆزەکان ژێر گڵ دەبوون و خوداش ئاوڕی لێنەدەدانەوە. دوورەدەستی و لاپەڕگەیی شوێنە ژەهرکراوەکان بە دەیان رۆژ نوزەی ژانەسکیان دەهات و چاوەڕێی شوعاعێک، ئایەتێک، گاتایەک، سروودێک، وتارێک هەناسەیەک، پاڕانەوەیەک، هەموو شتەکان و هەوڵەکان لەو رۆژانەدا بێ هودە و بێ توانا و بێ دەسەڵات بوون.

لەناو ئەو هەموو دیمەنە پڕ وێرانانەدا رووم لە فەقێ ئامانج دەکردەوە، رۆحی فەقێ ئامانج بڕۆ تۆش کۆڵ بدەی من کۆڵ نادەم. فەقێ ئامانج دێم بەدواتا تا هەڵپەڕکێیەکی گەرم، لەوێ لە بیابان و لە شارە تازەکەتان بۆ تۆ و بۆ دڵدارەکەت سازنەکەم تک نادەم، ئۆقرە ناگرم. فەقێ ئامانج بڕۆ لای دایکم و پێی بڵێ راستە خەپە خۆی نەهاتووە، بەڵام یادگارییەکانی هەموو لێرەن. بەڵێ یادگارییەکانم هەموو لەوێن، ئیتر من کوڕی ئێرە نیم کوڕی ئەوێم، کوڕی حەقیقەتەکانم، حەقیقەتی بێ کەسی ئێمە، حەقیقەتی بێ نازی ئێمە، حەقیقەتی شەهیدبوونی ئێمە، حەقیقەتی ئەنفال کردنمان، حەقیقەتی بە کەنیزەکبوونی فریشتەکانمان، تا ماوم لەگەڵ ئێوەم، لەگەڵ ئێوە رەنج دەدەم، لەگەڵ ئێوە گەرمای بیابان هەڵدەمژم، دێم بەرەو لاتان، بێی ئێوە ناگەڕێمەوە، بێی ئێوە چیتر چیایی نیم، بێی ئێوە چیتر ئازاد نیم، دێم بەڵێن بێ بێم و کۆڵی خەمەکانتان، کۆڵی زامە ژەهراوییەکانتان لەگەڵ خۆمدا هەڵبگرم و هاوکارتان دەبم، بۆ منداڵەکانیشم باسی یادگارییەکانم دەکەم و باسی ئەوەش دەکەم چۆن ئەنفالیان کردن. باس دەکەم چۆن ئێوەیان لە قافڵەی درێژ بەرەو بیابان بەڕێکرد بۆ ئەوەی کۆتایی بە چیرۆکەکەتان بێ، بەڵام نەیاندەزانی چیرۆکەکەی ئێوە تازە دەست پێدەکات، چیرۆکی ئێوە لە خەیاڵەوە دەبێت بە حەقیقەت، ئێوەش ئەو ئەکتەرەن کە گوڕ و تینێکی تازە بۆ بەجێماوەکان دێنن. ئێوە دەبنە ئەو دەنگەی مێشکی بۆگەنی جەللادەکانتان کاس دەکەن. نەیاندەزانی کاریگەری چیرۆکەکەتان دەبێتە مۆرانە و ئومێدی جەللادە داگیرکەرەکان هەڵدەکۆڵن، دەیانڕزێننەوە.

چەند جار هەوڵمدا بەرەو ئاگری پیرۆز برۆم، نەمتوانی، دەرگایەکان هەموویان تەلبەند و خەتەرناک بوون. ئەوانەی لەوێ هاتبوون دەیانگوت: لەگەڵ راگواستنی چیاییەکانی ئاگری پیرۆز، رووباری سەما شێلو هەڵگەڕا و شەپۆلەکانی بەرەو ئاسمان دەچوون و تووڕەبوونیی دەبووە هەورێکی تاریک و بارانێکی زۆر توند و خوێناوی دەباراندە سەر ئەو دەڤەرە. سەربازەکان ئەو رووداوەیان بە چاوی خۆیان بینیبوو، هەموویان زەندەقیان چووبوو، زۆرێکیان لەوێ پاشەکشێیان کردبوو پاشان دووچاری سزادان هاتبوون. هەموو خەڵک بەچاوی خۆیان ئاژەڵەکانیان بینیبوون بە رەوە بەرەو باشووری ئاگری پیرۆز خزیبوون و کەس نەیتوانیبوو بیانگەڕێنێتەوە. دەیانگوت هەر یەکێک لەو ئاژەڵانە بە شێوازی خۆی و بە دەنگی تایبەتی خۆی دەیبۆڕاند و پێکۆڵەی دەکرد و دەلورایەوە. چ جاران ئاژەڵەکان ئاوا بەیەکەوە ملی رێیان نەگرتووە. چ جاران ئاوا بە ئاشتی شان بە شانی یەک رەوەیان پێکنەدەهێنا. بەڵام ئیدی چیتر لە ئاگری پیرۆز ئۆقرەیان نابێت و رێیان پێنادرێت. ئیدی ئەوانیش ئەنفالن و بەسەر بیابانییەکاندا دابەش دەکرێن.

دوای ئەوەی چۆڵکردن و بەتاڵکردنی ئاگری پیرۆز دەبێ بە حەقیقەت و لە ژەهر خنکێنرا، دەیانگوت: هەنووکە رووباری سەما چیتر سەما ناکات، ئەویش مانی گرتووە و وشک هەڵگەڕاوە، بڕیاری داوە جارێکی تر بەو دەڤەرەدا تێپەڕ نەبێتەوە، ئیتر ئەویش بە دەڤەرێکی چۆڵکراودا ناڕوات، بڕیاری داوە چیتر سەرچاوەی تێنووەتی شکاندنی داگیرکەران نەبێ، ئێستا هاشە و هوورەی سەما چیتر نایەتە گوێ. هەنووکە دەنگی بولبول و ئاژەڵە کێوییەکان نابیسترێ، چیتر هوورەی ورچە رەشە، دڵە لاوازەکان داناخورپێنێ. چیتر بانگەکانی مام وەسمانی مجێور بە دروود و پاڕانەوە کۆتاییان نایەت، ئیتر ئاگری پیرۆز بۆ هەناسەدان دەستنادات. چیتر چاوەڕێی بەیانییەکی تازە ناکا، تا چیاییەکانی نەیەنەوە.

چیای دایانم دەبینی پیرەژن ئاسا پشتی کووڕ هەڵگەڕابوو، دڵی ناسک بووبوو، ئیتر لە جموجۆڵ وەستابوو، زەرتک لە رووی دابوو، پاییزێکی ناوەخت رووی تێکردبوو.

نازداریش یەکێک بوو لە لوتکە بەرزەکانی دایان، سەرووپرچی هەموو دەرهێنابوو دەیویست بەدوای قافڵەی ئەنفالکراواندا بڕوات، بەڵام لە دواوەڕا قژی



رادەکێشرا و ماوەی رۆیشتنی نەدەدرا، دەمبینی هێندەی بگرییێت و شین بگێڕێ، چاوی دەرپەڕیبوون و سوور هەڵگەڕابوون، یاخەی هەڵدڕابوو و چاوەڕێی ئەردهەژێنێکی دەکرد لە رەگوڕیشەوە دەریبێنێ. خۆ کەسیش پیرەژنەکەی لەبیر نەچۆتەوە، لەناو هەموو خەڵک بڵاو بووەوە کە چۆن پیرەژنێکی بەتەمەن لەوێ ئەفسەرێک نەیهێشتبوو سواری فڕۆکە و ئۆتۆمبێلی بکەن و گوتبووی ئاژەڵەکانی ئێرەش پێویستیان بە ژەمێک هەیە، فڕێیدەن و با لێرە سەگ بیخوات داخۆ چەند خائینی پێگەیاندوون. پیرەژنێکی پشتکووڕی لەرزۆک لەو سەرەڕێیەی پردی شاهان و لەنزیک مەزارگەی پیریچیادا فڕێی دەدەن، لەژێر بنەدارێک پاڵدەداتە بەردێک و بەسەر تەنیشتیدا دەکەوێت، دەنوزێتەوە و بە ئاستەم دەنگی دەردەچێت، هەر سەربازێکی بیابانی بدیتبا دەیگوت:

– ئەیرۆ رۆڵە، چما ئێوەش دایکتان نییە؟ قەت نەمدەزانی مرۆڤی هێندە دڵڕەق هەبن و بەزەییان بە پیرەژنێکی وەکو مندا نەیەتەوە.

کە ئاوەدانی چۆڵ کرا و خەڵک هەموو بە ئیڤا و بە کۆپتەری بێدەنگ راگوێزران و شار و باژێڕیان هەموو وێران و خاپوورکرد، وردە وردە سەربازەکانیش ناو وێرانەکەیان بەجێ دەهێشت، هەندێکیش بەرەو بنکەی سەرچیاکان دەکشان و بە تەنیشت پیرەژندا تێپەڕ دەبوون و ئەویش دەیگوت:

– ئەیرۆ رۆڵە بەجێم مەهێڵن، لەجیاتی خواردنم بۆ بێنن، ئەمشەو دەبمە خواردنی دڕندەکان.

سەربازەکان دەڕۆیشتن و گوێیان بە نوزانەوەی پیرەژنی داماو نەدەدا، لە پەنایەکدا کەوتبوو کەس گوێی پێنەدەدا. ئەو نە لە نوزانەوە دەکەوت و نە لە قسەش، هێشتا دەیگوت:

– هەموومان ئەنفال کراین، هەر یەکێک بە شێوەیەک. با منیش ببینن، منیش ئاوا ئەنفالکرام، لێرە لەو چاڵە فڕێدرام، قاڵچەیان شکاندم، لەو پەنایە زیندەبەچاڵ کرام، فەرقی چییە، مردنی من هەر چەند رۆژێک بەر لە مردنی ئەوانەیە کە بە ئیڤا بردراون. فەرقی چییە، هەموومان هەتک کراین، بەڵام جارێ برینمان گەرمە هەستی پێناکەین.

دووبارە هاواری دەکردەوە و دەنوزایەوە:

– هاوارە هاوار

کەس گوێی لێنەدەبوو، گوێی لە تەپەی پێی سەربازەکان دەبوو و دەڕۆن و ئاوڕ نادەنەوە، دەیگوت:

– لە خۆم بێکەسی، لەخۆم نەگبەتی.

جارنا جاریش لەگەڵ دووکەڵی کەلاوە سووتاوەکان، کۆخەیەکی قایم دەیگرت، کۆخە بەری نەدەدا تا دوا کۆخەی لە قووڵایی سکیەوە هەڵدەقووڵا و مشێتک بەڵغەمی فڕێ دەدایە تەنیشت خۆی. هێندە لاواز بوو، ئێسکی ژێرچەناگەی وەکو چەقۆ لە ژێر پێستیدا دیاربوو. لێوەکانی بەسەر ددانەکانیدا ئاوەژوو بووبوون و چووبوونە ژوورەوە. کراسێکی رەشی لەبەردابوو و بە پشتێنێک سکی خۆی قایم بەستبوو. پیرەژنێکی بە هێز و بە گووڕ و بەتوانا بوو بەڵام لەگەڵ فڕێدانی بۆ ئەو بەرجادەیە قاچی شکابوو و نەیدەتوانی لە شوێنی خۆی بجوڵێ.

ئێوارە نزیک دەبووەوە و ئەویش نائومێد نەدەبوو. سەر زەوی بۆرەکە دەبوو و زەردەپەڕەکان تاریک دەبوون و شەو باڵی خۆی بەسەر هەموو ئەو دەڤەرەدا دەکێشا و سەربازەکان دەکشانەوە بۆ سەربازگەکان و بنکەکانیان، ئاوایی بێجگە لە پشیلە سەرلێشێواوەکان و سەگە بەجێماوەکان جوڵەیەکی تری تێدا نەمابوو، چەندێک لەو پشیلانە لە دەوری پیرەژن کۆدەبوونەوە و خۆیان تێهەڵدەسووت و دەیان میاواند. وردە وردە تاریک دادەهات و لورەی سەگەکان زیادی دەکرد. پیرەژنیش هاواری خودای دەکرد و ئاواییش بە تاریکی و دووکەڵ دادەپۆشرا، بۆ زەمەنێک دیمەنەکان لەبەر چاوان وندەبوون، دیمەنەکان لە پشت دووکەڵەکان دەشاردرانەوە، بۆ ئەوەی تراژیدیای مردنی مرۆڤێک لەگەڵ خۆیدا بشارێتەوە، تراژیدیای سەگەبرسی و گورگە کێوییەکان و هێرشبردنیان بۆ سەر پیرەژنی بێ دەسەڵات. پشیلەکان لەوێ دەڕەوینەوە و دەیان میاواند و ئەو دیمەنانەیان بۆ قەبووڵ نەدەکران. ئاخر ئەوان ئولفەتیان بە مرۆڤەوە گرتبوو، نەیاندەزانی لەو شارۆچکەیەدا چ روو دەدا، خانوو دەسووتێن، دیوار دەڕمێن، مرۆڤ دەبردرێن، مرۆڤ دەکەونە ژێر پێ و بۆ بەزەیی شەوێکی تاریکی دووکەڵاوی بەجێ دەهێڵدرێن. پشیلەکان پەڕاگەندە دەبوون و بەرەو شوێنی نادیار دەڕۆیشتن، بەڵام نەرمێ لەوێ نەبوو، چاوی نەرمێ لە هیچ شوێنێک دیار نەبوون، ئاخۆ گوڵچینی



شێرەچیا لەگەڵ خۆی بردبێت؟ کەس نازانێ. بەڵام نەرمێ بەشێک بوو لە رۆحی دایکم، ئەوەندە خولیای ئەوبوو، لەسەر دامەنی کراسی ئەو نەبوایە خەوی لێنەدەکەوت. بەو جۆرە دیمەنی ئاگری پیرۆز داپۆشرا، بە تاریکی و بە دووکەڵ و تۆز و غوبار داپۆشرا بۆ ئەوەی تاهەتایە پەردە لەسەر جەستەی پیرەژنێکی لەڕ و لاوازدا بداتەوە و کۆتایی بە هەموو چیرۆکەکانی ژیانی ئێرە بێنێ، ژیانی سەدان ساڵی پڕ لە چالاکی و خۆشەویستی و ئەڤین و زەدەخەنە و فرمێسک، تا هەتایە کۆتایی پێ بێ.

لە دونیای هەزاران خەیاڵ و ترس و دڵە کوتێ و فرمێسکدا بەناو ئەو دیمەنە ترسناکانەدا دەگەڕام، کەسێکی ئەو شارۆچکەیەم لەبەر چاو ون نەدەبوو، بەڵام کەسێکیان بۆ من جێگا و سێبەری گوڵچینی شێرەچیای داگیرنەدەکرد. هەموو کون و کەلەبەرەکانی خەیاڵ دەگەڕام، سات بەسات و چرکە بە چرکە لەگەڵ گوڵچینی شێرەچیادا دەژییام، هەر لەو ساتەی لەدەرگایان دەدا، دەرگا نەدەکرایەوە. پۆستاڵ رەشە دڕندەکان بە پێ شکاوەکانیان دەرگایان دەدایە بەر شاپ و بە زمانی بیابان دەیانشیڕاند، "وەرنە دەرەوە حیزداکینە، ئەگینا ئەو کاولەتان بەسەردا دەڕووخێنین" دوو سەرباز بەیەکەوە رووی تفەنگیان دەکردە ژوورەوە و لێی وەژوور دەکەوتن، دوانی تریش بەدوای ئەواندا، دوانیش لەبەر دەرگا دەوەستان، چەندێکیش لەسەر بان و کۆمەڵێکیش لە کۆڵان و لەو دەوروبەرە چاوێکیان دەکردە سەد چاو، دوای ماوەیەک دوو سەرباز هەر یەکەو پیلێکی گوڵچینی شێرەچیایان گرتبوو، دەیان هێنایە دەرەوە. هیچ جوڵەیەکی نەدەکرد، زۆر ئارام بوو، کفتی و ماندووبوون لەسەر دەموچاویدا پەنگی خواردبووەوە، بسکەکانی لەگەڵ قژی گرێدابوون و بە دەسماڵێکی تەنکی سەوزباو سەری داپۆشیبوو، بەڵام سەری بەرز بوو، بەسەربەرزی خۆی لەدەستی سەربازەکان راتەکاند و وەپێشیان کەوت بۆ ناو ئیڤایەکە، لە گەرمەی سەرقاڵی سەربازەکاندا نەرمێم بینی خۆی فڕێدایە ناو ئیڤایەکە و لە پەنا دایکم خۆی شاردەوە، کەس هەستی پێنەکرد. بەقەد ئەوەی گوڵچینی شێرەچیا دڵی تەنگ بوو، هێندەش ئەو دڵی خۆش بوو، چونکە توانی خۆی بگەیەنێتە ناو ئیڤاکە و بەتەنیا لەوێ بەجێ نەمێنێ. دایکم سەری بەسەرخۆیدا دەگرت و هیچ

جوڵەیەکی نەدەکرد، بەڵام کە حاجی خانمی شێردڵیان هێنا و ویستیان سواری ئیڤاکەی بکەن، پێی خلیسکی برد و دەمی بە ئاسنێکی دەرگای ئیڤایەکە کەوت و خوێن فیچقەی کرد. شێرەچیا سەری بڵند کرد، بینی خانمی شێردڵ ناتوانێ بەسەر بکەوێت و سەربازێکیش بە قۆنداغی تفەنگەکەی پاڵی دەدات و دەیەوێ بەسەری بخاتە سەر ئیڤایەکە، گوڵچینی شێرەچیا بڵند بوو بەرزی بکاتەوە، بەڵام سەربازی نەگبەت رووی لوولەی تفەنگەکەی کردە گوڵچین و تێی خوڕی لە شوێنی خۆی نەجوڵێ، بەڵام ئەو گوێی پێنەدا و دەستی خانمی شێردڵی گرت و بەرزی کردەوە. ئەو دەوروبەرەش پڕ بووبوو لە دووکەڵ و تۆز و غوبار، نەڕەی بلدۆزەر و تانک و تۆپ تێکەڵ بە چریکە و هاتوهاواری خەڵکی ئەو شارۆچکەیە دەبوو. ویژدانەکان لەو رۆژەدا ئارەقەی شەرمەزارییان لێ دەچۆڕایەوە، مرۆڤایەتی ئاوزینگی دەدا، تەنها چاوانێک کە نەدەگریان، چاوی گوڵچینی شێرەچیا بوون. لەناو ئاپۆرەی ئیڤا سەربازییە ملهوڕەکان دایکی خۆم ون دەکرد، کە ئەوم ون دەکرد خەیاڵەکانیش بۆ جارێکی تر پەراگەندە دەبوونەوە. کۆتایی بە مەستبوونی ناو خەیاڵەکانم دەهات و دەگەڕامەوە دونیای راستەقینە، دونیای حەقیقەت، حەقیقەتی ئەنفال، حەقیقەتی هەتککردنی دەڤەری چیا، حەقیقەتی سووتاندن و هەڵتەکاندنی تا هەتایەی ئاگری پیرۆز، حەقیقەتی زیندەبەچاڵکردنی گوڵچینی شێرەچیا.

چۆن خەیاڵم لە گەڕان و پشکنین نەدەکەوت، قاچەکانیشم بۆ ساتێک ئاسوودە نەدەبوون، سەرم بە زۆر شوێندا کرد ئەنجامی نەبوو، زیندوو یان مردوو، کەسێک نەبوو باسی گوڵچینی شێرەچیام بۆ بکات، دەمزانی ئەو گوڵچینە هێندە بەجەرگە، لە هیچ کوێیەک چۆکی نالەرزن، لە هەر کوێیەک فڕێ بدرێ خێری دەبێ، دەزانم ئێستا هەر خەمی خۆی نییە، خەمی هەموو ئەوانەیەتی کە لەگەڵیدان. رۆژانێکی زۆر هەر وێڵ بووم، وێڵی هزر و وێڵی جەستە، هەرگیز چاوم وشک نەدەبوونەوە. سەرەتا چەند رۆژێک لە ماڵی مامەی دینۆ دەمامەوە، بەڵام ئەوانیشم هەراسان کردبوو، بۆیە بڕیارم دا چیتر لەوێ نەخەوم، چووم بۆ تەکیەیەک، داوام لێکردن بۆ ماوەیەک شوێنم بکەنەوە، دواتر زانیم هەر من نیم لێقەوماو، زۆری تریش لەوێ کەوتوون و لێقەوماون، هەریەکێکیش هەڵگری



چیرۆکێک و بەسەرهاتێکە. دینۆش هەروا بۆ ماوەیەکی زۆر لە ماڵی مامەی دەرنەدەچوو. زۆری نەبرد ناوی هەردووکمان بۆ سەربازی بانگ کرا. ئیتر قوتابی نین، دەرەنجامیشمان بەدەست نەهێنا. هەموو دەیانزانی ئێمە لەبەر ئەو بارودۆخە تاڵە نەمانتوانیوە تاقیکردنەوەکان ئەنجام بدەین. ئیتر زەوق و رەوقی خوێندنیشمان نەما، وێڵی بەردەوامی یەک هەواڵی دایکم بووم. ئیتر ناچاربووم بە هیوای دۆزینەوەی ئەو، سەربازیش قەبووڵ بکەم. بۆ کوێیان بردبام دەبوا بڕۆم، کۆڵی گەیشتنەوە بە دایکم کۆڵێکی ئەبەدی بێ، تا نەیدۆزمەوە بەرەو هیچ کوێیەک نەڕۆم، تا نەیدۆزمەوە ئۆقرە نەگرم و بست بە بستی بیابان بپشکنم.

هیچ ماڵێک نەمابوو رووی تێنەکەم، برادەرەکانم یەکەیەکەیان بەرەو بیابان برددران یان سەریان هەڵگرت و بەرەو رۆژهەڵات رۆیشتن. هەرگیز بەدرێژایی ژیانم بەو سەختییە مانای ونبوون حاڵی نەبووبووم، ئێستا وێڵبوونی من بۆ هەندێک کەس بەخشیشە و بۆ منیش سەختترین وێستگەی ژیان. گوڵچینی شێرەچیا رفێنراوە و بیابانییەکان ئەنفالیان کردووە، زێندینی پاڵەوان نازانم لە چ سوچێکی چیاکاندا چاوەڕێی یەک ساتی دیداری دایکم دەکات، دەزانم ئێش و ئازاری ئەو لە هی زۆران سەخت ترە بەڵام چیتر بواری گەڕانەوەی ئاگری پیرۆزی نییە و چیتریش گوڵچین نادۆزێتەوە، هاوارم بۆ یەک هەواڵی ئەو دەبرد بێ هوودە بوو. منیش وێڵی ناو کۆڵانە رەشپۆشەکانی ناوشار بووم و خەڵک نەیدەوێرا بە راشکاوی بدوێ، کەس قسەی نەدەکرد، کەسێکت نەدەدۆزییەوە باسی بەهی و شینوپۆڕەی چیاکان بکات، هەر کەس کڵاوی خۆی دەگرت و بێ ئاوڕدانەوە بەرەو ماڵ و حاڵیان دەکشان. نەمدەزانی مرۆڤی بێ ماڵ و حاڵ هێندە سەرگەردان دەبێ، رۆژ بە رۆژ باشترم بۆ ئاشکرا دەبوو و دەمزانی بیابانییەکان بۆ وایان لێکردین، ئەو جارە زانیمان جیابوونەوەمان لە چیاکان واتە دابڕانمان لە رەگوڕیشەکانمان، مرۆڤی بێ رەگوڕیشەش وەکو پنجە رووەکێکی سەر ئاو وایە هەموو شەپۆلێکی بچکۆڵەش دەتوانێ بەرەو لای مەبەستی خۆی بیبات. هێندە وێڵ بووین توانای بیرکردنەوەشمان نەمابوو، هێندە هەناسە سارد و نائومێد بووین، هەرگیز چیاییەکان ئاوا داماو نەبوون.

## بەشی هەشتەم

دوو ساڵی رەبەق لەو بیابانە مامەوە بۆ مەشقی سەربازی. دوو ساڵی رەبەق لە رزانەوە و خۆخواردنەوە. دوو ساڵ تەنها لەناو بیرەوەرییەکانی دایکم دەژیام و بۆ ساتێکیش فەقێ ئامانجم لێ دانەبڕاوە. نازانم بیابانییەکان چ کارێکیان بەمندا هەبوو بۆ ئەوەی بۆ ئەو هەموو ئێش و ئازارە بمێنمەوە. دوو ساڵی رێک لە ئیهانە قەبووڵکردن و راهاتن لەسەر کۆیلایەتی. راهاتن لەسەر هەڵوەشانەوە و بوون بە ئامێر. دوو ساڵ لە حیزبوون و خوێڕیبوون. دووساڵ لە قەبووڵکردنی تف و شەق و جنێوپێدران. دوو ساڵ درێژەیان دەبێ تا دوا رۆژی تەمەنم و بەدوامەوە دەبن، دوو ساڵ لە گۆرانی گوتن بە رۆحی بیابان و سڵاوات لێدان بە رۆڵە دلێرەکانی. دوو ساڵ لە نەسرەوتن و ماندووبوونی بەردەوام بۆ ئامانجێک کە نە هی چیاکانە و نە گوێشیان لەو ئامانجە بووە. دوو ساڵ لە هەڵمژینی بۆن و بەرامی بیابان، چ بۆن و بەرامێک، بۆنی تۆز و هەڵمژینی وردیلە تێکەڵەکانی بە سەدان وردیلەی تری سەیر و سەمەرە، جۆرەها بەکتریای ژەهراوی، ئەو بایانەی دەگەڕێن تا بەسەر لاشە وشکبووەوەکاندا هەڵدەنیشنەوە، تا بۆ دوا جار شاپەڕە پیس و پۆخنە پڕ لە هەناسە گەرمە هەڵپڕوزێنەرەکانی بەسەر بیڵدینگ و چینکۆ و چادرە کاتییە خاکییەکان و هەموو ئەو سەربازانەش کە لەو پانتاییە کراوانەدا مەشقیان پێدەکرا، بەردەدایەوە. دوو ساڵ لە چۆنییەتی ملکەچکردن بۆ رەشەبای بیابان. لە نامۆیی و نەدیتەیی و هیچبوون. لە تووڕەکردن و سڵکردنی ئەنفالەکان. دووربوون لە سۆزی دایکێک کە نەمدەزانی ئەوەی بەسەری هاتووە خەونە یان راستی. هیچ ساتێک بڕوام نەکردووە دڵی گەورە و پڕ لە بوێری لە لێدان کەوتبێ، هیچ ساتێک نەبووە بەسەرما تێپەڕیبێت و یادی ئەو هەوێنی هەموو یادەکان و بیرکردنەوەکان نەبووبێ. هیچ پارووەنانێکم بە گیاندا نەڕۆیشتووە کە یادی ئەوم نەکردبێ و خواردنیش بۆ چەند چرکەیەک لەنگەری نەگرتبێ و چرنوکی بە هەموو جەستەدا نەهێنابم و ئەو پارووە نانەگەرم و نەرمانەی ئەو



بە خێرایی بەبەر دەم بیلبیلەی چاوەکاندا تێپەڕ نەبووبن. جار هەبووە لەناو کۆمەڵێک سەربازدا لە پڕ قیڕاندوومە و گوتوومە "کوڕە ئاخر دایکمە دایک، دەزانن دایک مانای چی؟"، هەندێک جاریش پڕ بە قوڕگم هاوارم دەکرد:

– گوڵچییییییییییییییییییییییییییییییییییییییییییییییییییین.

چەند لێکۆڵینەوەم لەگەڵ کراون، داوام لێکراوە واز لەو خۆشێتکردنەم بێنم. ئەوان پێیان وابوو مەبەستم لەو بەسەرداهاتنە تەنها ئاڵۆزکردن و جوڵاندنی هەست و سۆزی ئەوانی دیکەیە، دەی کە واش نەبوو. من لە سۆزی دایکێکدا دەژیام، لە عیشقی دایکێکدا دەتاوامەوە، کە ئەنفالکراوە. ئەوان لەو رستەیە نەک هەر حاڵی نەدەبوون، نەیاندەویست حاڵیش ببن، مافی ئەو هەڵچوونەشیان پێنەدەدام. بۆیە هەموو جارێ سزا دەدرام، جار هەبوو بۆ دە رۆژ یا بۆ مانگێک دەخرامە ژوورێک و نەیاندەهێشت تێکەڵی هیچ سەربازێک ببم.

دوای ئەوەی بۆ دوو ساڵ لە رۆژئاوای بیابان راهێنانمان ئەنجامدا، هەردووکمان "من و دینۆی دەنگ گەورە" راهێنانی سەربازی بە زۆریمان تەواوکرد و ئیتر مۆڵەتمان پێدرا بگەڕێینەوە زێدی خۆمان. تامەزرۆی ئەوە بووم سەروسۆراغی نەهری رۆحسووکیش بزانم. دوو ساڵ بوو بە نەفەسێکی درێژ چاوەڕێی نەهری رۆحسووکمان دەکرد، دوو ساڵ بوو لە چاوەڕوانی دایکە بێنازەکەمدا بووم. کە یەکەمجار گەڕامەوە، دوای ئەوەی تازە دەستم بە مەشقی سەربازی کردبوو هەست و ویستم بۆ جارێکی تر پاڵی دەنام بەرەو شارۆچکە ئەنفالکراوەکەم بڕۆمەوە. شوێنێکم نەبوو رووی تێبکەم، دینۆش وەکو من دایک و باوک و کەس و کاری ئەنفال کرابوون، بێجگە لە مامەی، بۆیە داوای لێکردم بەیەکەوە بەرەو ماڵی مامەی بڕۆین. کە دایکی مرۆڤ چاوی ون دەبن ئینتیماش بۆ زێد و نیشتمان دەکەوێتە مەترسی، ئەوان دایکەکانیان بردن بۆ ئەوەی رۆحی ئێمەش ببەن. ئەوان رۆحی ئێمەشیان ئەنفال کردبوو، ئیرادەی ئێمەشیان ئەنفال کردبوو، ئەوە نییە چیاکانیان لە

هەموو نەبەردیەک بەتاڵکردوونەتەوە. ئەوە نییە بوون بە چۆڵەوار و کەسێک نەماوە شایەدی خۆڕاگری شاخەکان بێ و بە قەد درێژایی رووبارەکان باوەش بۆ ئاوازی بولبولەکان بکاتەوە. ئەنفال کردن پڕۆسەیەک بوو بۆ قەلاچۆکردنی ئاوازی چیاکان، بولبوولەکانیش لەگەڵ ڕۆیشتنی مرۆڤەکان کۆچیان کرد، بۆ کوێ ڕۆیشتن، نازانم، گرنگ ئەوەیە ئێستا گوێت لە ئاوازێکی بولبوولەکان نابێ، گورگەکان لە نێوان دوورکەوتنەوە و ئێرەی نزیک و ئەوێی دووردا پەلەقاژێیان دەکرد. زادەی ئەوەیان نییە پەلاماری سوپای بیابان بدەن، مەگەر جارناجار دێتە گوێمان "جەندرمەیەکی بیاباننشین گورگ یا ورچ پەلاماری داوە"، بەڵام زۆر کەم بوو. تەنها ئاژەڵەکان نەبێ، هەموویان بوون بە ژەمی راوە گورگ. سەگەکانیش توانای پاسەوانییان نەمابوو. ئەوانیش کە بێ خودان مانەوە، هەژار بوون، هەژاریش هەمیشە نەگبەت و سەرلێشێواوە. باپیرەم دەیگوت:

– کورم کەس بێ خاوەن نەبێ، ئەوەی بێ خاوەن بوو هەژاریش دەبێ، ئەوەی هەژاریش بوو ریسوا دەبێ و دواییش بوونی دەکەوێتە مەترسی، بۆیە بوونی ئێمەش هەمیشە لە مەترسی دایە.

مامۆستا زولکیفلی مامەی دینۆ کە لە بنەڕەتەوە لە باکووری چیاکانەوە بەرەو باشوور هاتبوون، مامۆستای قوتابخانە بوو، بۆ ماوەیەک لە ئاگری پیرۆز دەرسی گوتبووەوە، بۆیە دایک و باوکی منیشی باش دەناسین، خەڵکێکی زۆری ئاواییەکەی دەناسی، تەنانەت عەبەی سەلجوقیشی دەناسی، ئەو دەنگ و باسی عەبەی بە ئێمە رادەگەیاند. باسی دەکرد کە چ ڕۆڵێکی بۆگەنی دەگێڕا لە یەکێک لە کۆڵانەکانی هەوران. لای خەڵک باسی کردبوو، چۆن مامەڵە لەگەڵ ژنە چیاییەکەیدا دەکات. ئەو لە کەسایەتی ژنە چیاییەکەیدا هەموو چیاییەکی ریسوا دەکرد، لە هەموو شوێنێک بە ناشیرینی باسی رەفتارەکانی دەکرد، گوتبووی:

– ئەگەر من نەبوام ئەویش وەکو باوک و دایکی ئەنفال دەکرا، دەبێ هەموو رۆژێ نانێک بخوات و دوانیش بکاتە خێر و دەبێ هەر خزمەتی من بکات، من ئەوم لە مردن رزگارکردووە، لە دەست مردنم رزگار کردووە، لە



مردن، بەڵێ لە مردن، ئەو لە کۆیلەیەک بەدەر شتێکی تر نییە، ئەو موڵکی منە بەڵام هیچ رۆژێک ئەو نرخەی ناکاتەوە کە من بۆم بژاردووە، بۆیە چۆن مامەڵەی لەگەڵدا بکەم کەسێک مافی لێپێچینەوەی نییە.

کەچی چارەنووسی دیدار تا ئەو ساتەش هەر نادیارە. ئەو ژنە بەستەزمانە بووبوو بە کەنیزەک لەبەر دەستی ئەو بیابانییە دڕندەیە.

من بەلامەوە سەیر بوو کە مامۆستا زولکیفل باسی ژنە چیاییەکە دەکات بە رابردوو باسی دەکرد، بۆیە پرسیم مامۆستای بەڕێز بۆ بە رابردوو باسی ئەو ژنە دەکەی؟ ئەی نازانی ئەو ژنە کێبوو؟ خۆ نازداری کچی مام دارۆ هەر لە دوای شەوی مارەبڕینی خۆی دەشارێتەوە و ون دەبێ و کەسیش نازانێ بۆ کوێ دەچێ؟

مامۆستا زولکیفل کەمێک سەری دانا و گوتی:

– بەختەوەری بەڕێز راست دەکەی، نازدار خۆی دەشارێتەوە و دەچێتە لای حاجی خانمی شێردڵ، لەوێش ویستبووی خۆی بکوژێ. بەڵام گوڵچینی شێرەچیا پێی دەزانێ و دڵی دەداتەوە و پێی دەڵێ "خۆت مەکوژە کچی خۆم، ئەو بارودۆخە هەر وانابێ، تازە نایەڵین بکەویتەوە دەست باوکە بێچارە و ترسنۆکەکەت، نایەڵین کەس بزانێ تۆ لێرەیت، تا دەرفەتێک هەڵدەکەوێ و لێرەت لادەبەین. بەڵام بڵێین چی، دوای ئەوەی ئاگری پیرۆز ئەنفال دەکەن، نازداریش ئاشکرا دەبێت و دەکەوێتە دەست عەبوود، کەس نەیدەزانی کەوتۆتە دەست ئەو، تا دوای چەند هەفتەیەک لە شار لە هەندێ برادەران زانیمانەوە کە نازداری کچی مام دارۆ کراوە بە کەنیزەک و لەدەستی عەبەی سەلجوقی بیابانە. بەڵام زۆری نەبرد زانیمانەوە کە ئێوارەیەک نازدار لەسەر بانی ماڵی عەبوود خۆی تێهەڵدەداتە خوارەوە، لە بڵندایی سێ تەبەقە بەزەیی بە جەستەی خۆیدا نایەتەوە و خۆی لەو کەنیزەکییە رزگار دەکات. من ئەو رۆژە لە بازاڕ بووم کە پیر نیعمەتوڵڵام بینی، گوتی "مامۆستا زولکیفل تازە ژنێک لە بڵندی سێ قات خۆی فڕێ داوە و دەیانگوت خەڵکی ئاگری پیرۆز بووە، کەنیزەکی عەبوودی بیابان بووە". دوای ئەو قسەیە بە پەلە بەرەو ئەو شوێنە چووم، کە گەیشتمە ئەوێ پۆلیس هێشتا هەر لەوێ بوون و جەنازەکەیان

بردبوو. ئەو خەڵکانەی بینیبوویان دەیانگوت "ژنێکی رۆح قایم بوو، هێشتا گیانی نەدابوو کە کەوتبووە خوارەوە، دوای ئەوە پێنج خولەک زیاتر بە ئاگا بوو، ئەوەتا لەوێ بەپەنجەی خۆی لەسەر قیرەکەی نووسیووە:

(چیاییەکان، من کچی ئەنفالکراوی ئێوە بووم، لە جەستەی مندا ئێوەش رۆژانە هەتک دەکران، خۆم کوشت تا چیتر نەمرم).

ئەو چیرۆکەی مامۆستا زولکیفل جارێکی تر منی هەژاندەوە، جارێکی تر شێوەنی ئاگری پیرۆزی نوێ کردەوە، زانیم گوڵچینی شێرەچیا زانیبووی نازدار لە کوێیە کە هەواڵی ونبوونی ئەوی پێراگەیاندم، بەڵام هێندە ئازا و بەجەرگ دەبێ دەیشارێتەوە. تەنانەت ئامادە نابێ لای منیش، ئەو رۆڵەیەی کە لە خۆی زیاتر متمانەی پێ هەبوو، لە خۆی زیاتر خۆشی دەویست، بیدرکێنێ. بەڵام ئیتر ئەنفال ئەو هەڵمەتە جەرگبڕە بوو هەزاران نهێنی چیاییەکانی خستنە سەر تاقی رێگا و هەموو حورمەتی دەڤەرەکەشیان بەرەو بیابان بەڕێکرد و پاوانێکی نەما. بەڵێ هیچ پاوانێک نەما.

لە بیرمە جارێکیان نازداری شەهید پێی گوتم:

– بەختەوەر نموونەی دایکت ئەستەمە بوونیان هەبێ، ئەستەمە ئافرەتێک لەسەر زەوی هەبێ لە خۆڕاگری و دڵسۆزی و دانایی و عیشقی ئەو. ئەو پڕە لە خۆشەویستی ئەبەدی. ئێوە نموونەی ئەو نین، تۆش هەرگیز نابیتە ئەو، بێجگە لە زێندینی باوکت کە هەندێک ئاکاری گوڵچینی شێرە چیای تێدابوون.

هەر جارێک دەگەڕامەوە شار چیرۆکێکی عەبەی سەلجوقی بیابانم دەبیست. عەبە نموونەیەکی بچووککراوەی درندەیی سیخورە بیابانییەکان بوو لە وڵاتی چیاییەکاندا. جارێکیان دوای ئەو رووداوە بە جلی سەربازی بووم بە مۆڵەت دابەزیبوومەوە شار، راستەوخۆ لە بازاڕی شار رووبەڕووم دەهات، کە منی بینی زۆر بەگەرمی بەرەو پیرم هات و گوتی:

باوەڕ بکە بەختەوەر من توو لەبیر نەکردییە، من دڵ خۆشە کە توو دەبینم. هەر ئیشت هەبێ وەرە من یارمەتی توو دەدەم.

بەڵام لەو ساتە کتوپڕەدا زمانم لاڵ بوو نەمتوانی شتێک بڵێم، سەرم لەقاند و خۆم بۆ رانەگیرا بێ قسە کردن سەرم دەرێگا کرد و بەجێمهێشت. لەوەش



زیاتر نەدەکرا، دوایی ئاوڕم لێدایەوە، ئەویش زۆر بە غەزەب ئاوڕی لە من دابووەوە، بەڵام من گوێم پێنەدا و لە ناو ئاپۆڕەی خەڵک ونبووم و ئەویشم لەبەر چاو ونبوو. ئەوساتانەم دەهاتە بەرچاو کە یارمەتی سوپای ئەنفالی دەدا بۆ سەرگرتنی هەڵمەتە دڕندەکەیان، بیرم لەوە دەکردەوە چۆن پیلی ژن و منالی گرتووە و راپێچی ناو زیلە شڕوپڕەکانی سوپای کردوون، چۆن هیوای بەو خەڵکە داوە و پێی گوتوون:

– نەترسە دایە نەترسە، هیچ لە ئێوە نایە، ئێوە دەچن شوێنی خۆش، ناکەن زەرەر. ئەو دیمەنانەم دەهاتە بەرچاو کە "دەگەڕێتەوە ماڵ چۆن بە شەق و پێلاق ژنە چیاییەکەی ئازار دەدا و لەزەتی لە ئازاردانی وەردەگرت. دەڕۆیشتم و لەبەر خۆمدا دەمگوت:

– خۆزگە نەدەگەڕامەوە ئەم شارە، شێوەی عەبوود لە هەموو شتێکدا دەبینم، خۆزگە لە سەربازگە نەگبەتەکەدا ئۆقرەم دەگرت و تەسلیمی غەریبی خۆم دەبووم. ئاخ نائاگایی چۆن پشتی ئێمەت شکاندووە.

لە سەربازگەشدا کە ئێواران دەستمان لە مەشقکردن هەڵدەگرت تەماشای گزنگی رۆژم دەکرد، چۆن کەزییەکانی خۆی بەسەر شان و ملی بیاباندا بەردەدانەوە. چۆن خۆی دەخەملاند و ئاگری پەنجا پلەی گەرمی خۆی هەڵدەکێشایەوە و بۆ چەند دەمژمێرێکی ئەو شەوە کەشوهەوا فێنک دەبوویەوە. لەو ساتانەدا بیابان رەنگێکی زیوینی دەهێنا و دەبرد. تیشکەکان لە نێوەندی درزی تراویلکەکاندا مەلەوانییان دەکرد و هێندەی تر فێڵی لە چاو دەکرد. هەندێ جار لەخۆم دەکەوتمە گومان و دەمگوت دەبێ ئەوە دەریا نەبێ و لە ناکاو پەلامارمان نەدا و نەمانخنکێنێ. شەپۆلەکانی کۆتاییان نەدەهات. تا تیشکی رۆژ ئارەزووی مانەوەی دەبوو، تراویلکەش مەندتر و قووڵتر و ترسناکتر دەهاتە بەر چاو. لەو ساتە فێڵبازانەدا دایکی خۆم دەبینی چۆن نقومی تراویلکەکان دەبوو، دەهاتەوە دەرەوە، دەستی بەرز دەکردەوە و هاواری رزگاربوونی دەکرد. چەندین جار بەو شێوەیە بڵند دەبوویەوە و نقوم دەبوویەوە. تا دوایی ئەویش لەگەڵ هەزارانی دی، لەگەڵ قەتارەی ئەنفالکراوان لەبەر چاوم دووردەکەوتنەوە. لەگەڵ تیشکی رۆژ رەنگیان زەرد و پرشنگدار

دەینواند تا هێدی هێدی تارماییەکانیان لەگەڵ تارمایی بارستاییە ئەندازەییە دوور و درێژەکانی قوم و خۆڵی بیابان تێکەڵ دەبوویەوە. هەموو ئێوارەیەک ئەوان خۆپیشاندانێکی پڕ لە شکۆیان ساز دەکرد و بە ریز دەوەستان و بە بێ دەنگی بۆ بنارەکانی باوەشی رۆژ هەنگاویان دەنا. دواتر دڵنیا بووم ئەوە حەقیقەتە، ئەوان هەموو رۆژێ بە شێوەیەکی بەردەوام هەوڵی بەجێهێشتنی بیابان دەدەن، تا دەچنەوە باوەشی رۆژ، لێ بۆ بەیانی تراویلکە دەیانهێنێتەوە و رۆژیش توانای نییە تا هەتایە لای خۆی بیانهێڵێتەوە. ئەمە هەوڵی راکردنە لە بیابان، هەوڵی راکردنە بەرەو خۆر، لێ قووڵایی بیابان لەوەدا نییە مرۆڤ بتوانێ لێی رزگار بێ. قووڵایی بیابان لەوەدا نییە کۆتایی پێ بێ. هەموو رۆژێ بەو جۆرە لە ژواندا دەبووم لەگەڵ تارمایی دایک و کەس و کار و خەڵکی شارۆچکەکەم، لەگەڵ هەموو چیانشینەکان. هەموو جارێکیش پێم رادەگەیاندن ئێوە وا تێنەگەن ئێمە ماوین، ئێمەش ئەنفال نەکراوین، ئێوە بە جەستەوە ئەنفالن، بەڵام ئێمە تەنها رۆحمان ئەنفال کراوە، جەستەشمان بووە بە ئامێرێک و بۆخۆیان بەکاری دێنن. هەموو جارێ خۆزگەم دەخواست لەگەڵیان بووبامایە، نەوەک ژیانی ژێردەستی بەسەر بەرم و بە پێچەوانەی ویست و حەزەکانم بجوڵێمەوە. لە ناو هەموو ئەو ئاپۆڕە گەورەیەی ریزبوون و هەڵکشان بەرەو خۆر، دارۆم دەبینی چۆن لێوەکانی کون کون بووبوون هێندەی لە پەشیمانی بیانگەزێتەوە. دەمبینی چۆن نەفرەت لە بیابان دەکات و دەستی درێژ دەکرد بۆ کچەکەی، ئەویش دەستی بۆ درێژدەکرد بەڵام خێرا گێژەلوکەیەکی بیابان دەهات و هەریەکەی بۆ لایەک راپێچ دەکردنەوە. ئەوەی هەموو ئێوارەیەک بەرامبەر ئەو دیمەنانە نەوەستابا نەیدەزانی ئەو بیابانە چەند قەڵەباڵغە، رۆحی ئەو ئەنفالکراوانە چەند سەخڵەت بوو بۆ ئەو کچە چیاییانەی کە عەبوود و دەیانی وەکو عەبوود هەوڵی بە کەنیزەککردنیان دەدان، بۆیە کە بەبەردەم دارۆدا تێپەڕ دەبوون بێ ئەوەی سڵاوی لێبکەن سەرکۆنەیان دەکرد و دەرسێکی سەربەرزییان پێدەگوت، ئەوانەی رۆژێک سڵاویان لە بیابانییەکان کردبێ دەناسرانەوە و سەرکۆنە دەکران. بۆیە منیش دڵم دەکەوتە لێدان و لەخۆم دەپرسییەوە داخۆ لەو بیابانە چ دەکەم! لێ هەر



زوو نەهری رۆحسووکم دەهاتە بەرچاو و پێی دەگوتم: "نەکەی بیر لە سەرشێتی بکەیتەوە، تۆ پرۆژەیەکی گەورە و پیرۆزی بۆ داهاتووی چیانشینەکان. تۆش شایەدی فڕینی رۆحی ئەنفالکراوەکانی. تۆ لە شوێنی خۆت نەجوڵێی، هەموو رۆژێ ئامادەی تقوسی ئەو رۆحانە بە کە بەرەو خۆر دەڕۆن. هەموو رۆژێ ئامادەی ئەو بیابانە بە با دایکت چاوی بە دیدارت گەش بنەوە".

کە بەیانیان هەڵدەستام تەماشای یەکە یەکەی ریزی ئەو سەربازانەم دەکرد، نەمدەزانی پرۆسەی دوای ئەنفال چییە و ئەوانە بۆ چی ئەمادە دەکرێن. ئەوانە زۆربەیان سەربازی تازە بوون و ترس و بیم لە دەم و چاویان دەچۆڕایەوە. کە دەهاتنەوە هۆڵەکان، نەفرەتیان لەو رۆژانەیان دەکرد کە تیایدا لە دایک بوون. ماندووبوونیان ورەی پێبەردەدان و نادیاری چارەنووسیان یەکە یەکەی جومگەکانیانی هەڵدەوەشاندەوە. تیایاندا هەبوو خاوەن شەهادە بوون، بەڵام هێندەی لەو شوێنە بمابانەوە هێندە نەخوێندەوار تر دەبوون، هێندە بێ کەڕامەتییان پێدەکرا و لە مرۆڤ بوون دەشۆران. ئەو ساتە دەمزانی ئەو سەربازانەی شاڵاوی ئەنفالیان ئەنجامدا لە مرۆڤ بوون شۆرێنرا بوون. ئەوان ئەو لەشکرە بوون هێندە زەلیل کراون، گەڕاندنەوەی رێزی خۆیان لە زەلیل کردن و لە لەباربردنی چیانشینەکان دەدی. ئەو سەربازانەش وایان لێهاتبوو ئەوەی من هەموو ئێوارەیەک هەستم پێدەکرد ئەوان هەستیان پێنەدەکرد. چاوەڕێکردنی من بۆ بینینی ئەو رۆحانە بوو کە لەسەر دۆزەخی بیاباندا دەفڕین و دەیانەویست بەرەو خۆر بڕۆن بەڵکو لەوێ بتوانن بەرەو چیاکان بگەڕێنەوە، بەڵام ئەو سەربازانە گوێیان لەو رۆحانە نەدەبوو، نەشیان دەویست گوێیان لێبێ. ئەوان مانای ژیانیان نەدەزانی، نەشیان دەزانی شێوازی تر هەیە بۆ ژیان، بێجگە لەو شێوازەی کە کار لەسەر بە کۆیلەکردنی ئەوان دەکا.

ئەو ئێوارەیەی کە بۆ دواجار لەگەڵ دینۆ دەنگ گەورە گەڕاینەوە، هێشتا هەستم بە غافڵی ئەو خەڵکە دەکرد، ئەوەی زۆرم بەلاوە سەیر بوو دوای دوو ساڵ کەسێک نییە سەر و سۆراغێک لەو ئەنفالکراوانە هەڵکات. ترس خۆی

کوتابووه هەموو کون و کەلەبەرەکانی ئەو شارە. کە زانیم نەهری رۆحسووک لە زیندان ئازاد بووە، لە خۆم دەپرسی دەبێ دیداری مام دارۆش لەگەڵ ئەو ئازاد بووبێ؟ لە خۆم دەپرسی، دەبێ دایکم و ئەو هەزاران خەڵکە بێ سەر و شوێنەی لە یەکیک لە زیندانە قووڵ و بێ بنەکانی بیاباندا نەدیتبێ؟ پرسیاری سەیر سەیر لە هەموو گیانم هەڵدەوەران. تامەزرۆی بینینی ئەو دەم و چاوە بووم کە زیاتر لە دووساڵە لە قووڵایی زیندانەکانی بیاباندا ژیان بەسەر دەبات. جیاوازی ئەو لەگەڵ من لەوەدا بوو، هەموو چەند مانگێک جارێک دەمتوانی بێمەوە ئەو شارەی کە باوەشی دووەمی کۆمەڵێک لە یادگارییەکانمە، ئەو شارەی کە هەموو سەر لە بەیانییەک چاوەڕێی رێگام دەکرد، بەڵکو نازدار بە لەنجەولارەوە بێتە خوارەوە و بەرەو ئاراستەی خوێندنگا تەشریفی ببا، منیش لە دوورەوە ئەو بایانەم ماچ دەکرد کە بەسەر رووخسار و دیمەنە گەش و پڕ لە ئومێدەکانی ئەودا تێپەڕ دەبوون بەرەو لای منی کلۆڵ دەهاتن.

دایکیشم وەکو نەریتی هەمیشەیی خۆی، هەموو ئێوارانێک بەر لەوەی بخەوم دەهات، رۆحی دەهات، ماچی دەکردم، لە باوەشی عیشقی ئەودا خەو دەیبردمەوە. هەموو شەوەکان دەهات جاجمەکەی پێدادەدام، منیش لەگەرمان لامدەدا، لێ ئەو ئۆقرەی نەدەگرت و پێیدادەدامەوە، تا بەیانی ئەو بەزمەی پێدادانەوە و لەسەرخۆ لابردن بەردەوام دەبوو. هەموو بەیانییەک دەهات بانگی دەکردم، دەیگوت: کوڕم باپیرەت دەیگوت:

– بەیانیان زوو هەڵسن رزق و رۆزی دابەش دەکرێ، ئێوەش زوو بڕۆن فریای بکەون.

ئەو رۆژانەی بە مۆڵەت دەگەڕامەوە وازی لێنەدەهێنام، هەمیشە لەگەڵم دادەبوو، لێ لە سەربازگە نزیکم نەدەکەوتەوە، نەیدەویست چارەی ئەو سەربازانە ببینێت، نەیدەویست دڕندەیەک پیلی بگرێ و فڕێی بداتە ناو زرێپۆش و لە منی دوور بخاتەوە. نەیدەویست بێڕێزی لەگەڵدا بکرێ. پێی دەگوتم کوڕم لێم مەگرە، ئەوێ بۆمن نابێ، من حورمەم بۆ من نابێ بێمە ناو ئەو هەموو شینە زەلامانەی کە منیان لە چیاکان دابڕاند، لە دایانیان دابڕاندم،



بۆ من جوان نییە بێمە ناو ئۆردووی داگیرکەر، تۆ ناچاری خۆ من هەنووکە ناچار نیم.

کە نەهری هات زۆر گۆڕابوو، درێژ بووبوو، رەنگە سپی و ناسکەکەی بەرەو ئەسمەرییەکی رەش هەڵگەڕاو دەچووەوە و لاواز و باریک بووبوو. هێندە یەکتریمان گووشی هەردووکمان هاوارمان لێ هەڵسا. هەموو بێهێزی ئەو دووساڵەمان لە بیر چووەوە و لەگەڵ بینینی یەکتر وامدەزانی رۆژێکی تازە هەڵاتووە. بەیانییەکی زوو بوو، تازە دایکم بەجێی هێشتبووم کە ئەو هات. دینۆی دەنگ گەورەش کە هاواری کرد، "نەهری هات"، دەسبەجێ لە ناوجێگام بەرزبوومەوە. وامدەزانی خەونە. لەگەڵ بینینی ئەو هەستم کرد رۆحی دایکم بە ئاسوودەیی تەماشامان دەکات و زەردەخەنەی دێنە سەر لێو، رۆحی شاد بوو بەو دیدارە و وەکو بڵێی هێندەی جاران دڵی بە منەوە نامێنێ. نەهری لە کاتی شاڵاوی ئەنفالدا خوشکێکی لە شارۆچکەکەی ئێمە لەگەڵ مێردی و منداڵێکی چاوگەشدا ئەنفال کران. ئەو کەسەی خۆشیشی دەویست وەبەر ئەو شاڵاوە کەوتبوو. ئەو زۆری بیستبوو لەسەر شاڵاوەکانی ئەنفال بەڵام هیچی لەسەر شاڵاوی ئاگری پیرۆز نەدەزانی. ئەو نەیدەزانی چیاکانی ئاگری پیرۆز چۆڵەوار ماونەتەوە و بولبوولێک لەوێ نەماوە شایەدی دڕندەیی سەربازە پۆستاڵ رەشەکان بن. ئەو نەیدەزانی ئەو هەموو قافڵە سەربازییانەی بیابان خوشکی و خۆشەویستی و دایکی من و چیانشینەکانی وەخۆ هەڵگرتبوون، ئەو هەمیشە گوێی لە نووزانەوەی منداڵە لە دایک نەبووەکان دەبوو بەڵام نەیزانیبوو ئەوان هەر لە ناو خوێنی زەیستانی دایکیان دابوون، کە دایکەکانیان زیندە بەچاڵ کرابوون. ئەو خەڵکێکی بە جل و بەرگی چیایی بینیبوون، چۆن هەموو رۆژێ لیستێک لە گلەیی و سکاڵا ئامادە دەکەن بۆ ئەوەی بیبەن بۆ ئاسمان و هەر لەوێش سوژدەی ئەبەدی بۆ یەزدان ببەن. لێ دەرگای چوونە دەرەوەی بیابانیانی لەسەر دادەخران و نەیاندەتوانی بستێک دوور بکەونەوە. ئەو هەموو چالاکییە نائاساییەکانی ئەو خەڵکە چیاییانەی بینیبوو، لێ نەیزانیبوو بۆ وا دەکەن و بۆ هاتوونەتە ئەوێ. ئەو دەمانە خوشکەکەی خۆی بینیبوو، بەڵام نەیناسیبووەوە. رۆژانە خۆشەویستەکەی

سەردانی کردبوو، لێ نەیزانیبوو لە کوێوە رادێت و هەنووکەش نەیدەزانی بۆ پێی نەگوتبوو ئەو وا لە ئاوەدانی تازە و لە قووڵایی دەریا ژیانێکی تر لە جۆرێکی تر بەسەر دەبا. کە بۆنم دەکرد بۆنی خۆڵی دەریای لێدەهات. تا ئەوساتانەش سەری سوڕمابوو. دەیگوت:

– زیندانییەکی بیابانی، قورئانی لابوو منیش چەند جارێک تەماشام کردووە و هەندێکیم لێ خوێندۆتەوە لێ نەمدەزانی وشەی ئەنفال ئەوە دەگەیەنێ. نەمدەزانی بیابانییەکان هێندە ئازان بەو شێوەیە کەرامەتمان بشکێنن.

بەڵام ئەو گۆڕا بوو، لەگەڵ زانینی ئەو دەنگ و باسەش زۆر خۆی ئاڵۆز نەکرد و دەیگوت:

– ئەو رەفتارە بە ئاسانی ئاوا تێپەڕ نابێ، ئەو کەرامەتە ئاوا بە رژاوی نامێنێتەوە. خودای ئێمە بێ ئاگا نییە لەو هەموو رووداوانە.

منیش سەیرم لێدەهات، ئەوە نەهرییە باسی خودا و رەفتار و بە ئاگایی خودا دەکات. دەیگوت:

– خەپەی برا، خوشکم و خۆشەویستەکەم و دایکی بەڕێزیشت لە رۆحی ئێمە و هەزارانی ئەو نیشتمانە بە زیندوویی دەمێننەوە، رۆحیان بەسەر چیاکاندا دەفڕێت و لە باوەشە سەوزەکانیدا پشوو دەدەن، خەریکی لێپێچانەوەی زوڵم و زۆرییەکانی بیابانییەکانن، خەفەت مەخۆ، تۆڵەی ئەوان ئەگەر ئێمەش نەیسەنینەوە، هێزێکی تر هەیە، توڕەیە لە رەفتارەکانی داگیرکەر، تووڕەیە لە نابوودی عەبوودەکان، ئەو تۆڵە وەردەگرێتەوە.

زۆر دانم بە خۆدا گرت، بۆ ئەوەی بزانم چی رووی داوە. نەهری باسی حیکمەتی دەکرد، باسی لە پاکی و عیشقی خودا دەکرد، باسی لە دوورکەوتنەوە لە خراپەکاری دەکرد. بەڵام من لە پڕ قسەم پێدەبڕی و پێم دەگوت:

– بۆ ئێمە خراپەکار بووین کە ئەنفال کراین؟ ئێمە زوڵممان لەکەس کردبوو؟ مافی کەسمان خواردبوو؟

ئەو دەیگوت:



– خەپەی برا سەرسام مەبە، بەڵێ زوڵممان لە خۆمان دەکرد، خۆمان بێ ئاگا بووین، خۆمان نەدەناسی، تا هەنووکەش هەروایە. ئەوەی بێ ئاگا بێ بە بێ ئاگاییش دەمرێ، خەڵکی بێ ئاگا ناتوانێ هاواریش بکات، خەڵکی بێئاگا ناتوانێ تەعبیر لە ماهییەتی خۆیشی بکات. خەڵکی بێئاگا عەولاغاکان بەرهەمدێنێ. کەس هەیە لەو سەرزەوییە خۆی خۆی بخواتەوە، ئاژەڵێک هەیە وەپێش نێچیروانە مرۆڤە دڕندەکان بکەوێ و هاوڕەگەزەکانی خۆی راو بکات بێجگە لە کەو. کەویش بێئاگایە بۆیە دەیکا، کەو هۆشی هەبوایە لە عەولاغاکانی خۆمان نەدەچوو، کەو لێی ناگیرێ، بەڵام ئێمەی بێ ئاگا لێمان دەگیرێ. دەبێ بەئاگابێینەوە. دەبێ چۆک بۆ داخوازییە شوومەکانی خۆمان دانەدەین، چۆک بۆ حەزە چڵێسەکان، بۆ دیوی تری ئاژەڵیمان، ئەو دیوەی خۆخۆری و خۆ بەگەورە زانین و خەڵک بە هیچ، ئەو دیوەی پڕاوپڕیەتی لە جەهل، نقوم بووە لە جەهل، ئەو دیوەی ئاکاری ئەهریمەنین و لە مرۆڤبوون دابڕاوە. پێم دەگوت:

– ئەهریمەن کێیە؟ مەگەر پیاوێکی نامۆی وەکو عەبەی پاشۆڵشڕ نییە؟

دەیگوت:

نەخێر ئەو نیشانەی هەبوونی ئەهریمەنە، کەی ئەهریمەنی راستەقینەمان لە ناو برد، نیشانەکانیشی بە ئاسانی لە ناو دەچن. ئەهریمەنی راستەقینە ها لە ناو سینگمانەوە. دەبێ ئەو ئەهریمەنە بکوژین، دەبێ چیتر جڵەو بۆ ئەو ئەهریمەنە شل نەکەین. منیش لەنێوان نامۆیی ئەو قسانەی نەهری و تامەزرۆیی نەبینینی حەپەساو بووبووم. بۆ ئەوەی چیتر گوێم لەو ئامۆژگارییانەی نەبێ، قسەکانم پێ بڕی و سەروسۆراغی دیدارم لێ پرسی. ئەویش کە گوێی لە پرسیارەکەم بوو. سەری بەردایەوە و گوتی:

– ئەو لە مێژە لە سێدارە دراوە. ئەو لە لایەن عەبەی سەلجوقەوە زۆر شتی تری بۆ دروست کرابوو. ئەوم دەیانجار بینیوە لە شەقەی باڵەکانی داوە و شانبەشانی فریشتەکان چووە بۆ حوزووری پیرەکانمان، بۆ حوزووری ئەو پێغەمبەرانەش کە بەیەکەوە گفتوگۆیان لەگەڵ خودا کردووە، سکاڵای خۆیان گەیاندۆتە خودا، ئەو زۆر مەزڵومە، من زۆر دڵخۆش بووم کە چووم بۆ لای و

بەیەکەوە ڕێگای بەختەوەریمان دۆزییەوە. ئەو بڕواداریکی مەزن بوو، ڕۆحێکی مەزنیشی هەبوو، ئامادە نەبوو ناوی ڕەفیقێکیشی بخاتە سەر خوانی ئەو سیخوڕانە. ئەو لە ژێر ئەشکەنجەدا هاواری نەدەکرد، فرمێسکەکانی بە نهێنی دەباراندن و دەیگوت: هاوارکردن بۆ بڕواداران نابێ، ئێمە بۆ ئازادی وڵاتەکەمان لێرەین، هەر بۆ چاندنی تووی ئازادیش دەبێ خوێنمان بڕژێ، ئەگینا بەرناگرێ. ئەو بەقەد تەمەن بچکۆلەییەکەیشی کەڵە پیاو بوو، من سەرم لە گەورەیی ئەو گەنجە سوڕ مابوو. ئەو چیایەک بوو بە هیچ شێوازێکی ئەشکەنجە نەدەڕووخا، هیچ بەڵێن و سۆزێکی جەلادەکان کاری تێنەدەکرد. ئەو بۆ ئازادی چیانشینەکان گیانی خۆی بەخت کرد.

ئەو کە زانی خوشکەکەی بە زۆر بەمێرد دراوەتە بیابانییەک دەیگوت:

– ڕۆحسووکی برام غەریب نییە. کە چیاکان ژێر دەست دەبن، چیاییەکانیش بێ حورمەت دەبن. دڵنیابە کەڕامەتمان نەک هەر بریندار دەکەن، بەڵکو بێ کەڕامەتمان دێڵنەوە. ڕۆحسووکی برام ئەوە خوشکی من نییە لە باوەشی بیابانییەکە، ئەوە ڕۆحی بیابانە هاتۆتە ئێرە، بە ناوی برایەتی و مرۆڤایەتی، لێ براکان نابێ دڕندە بن. ئەوەی برا بێ بە میوانی دێت، بۆ سەرداریی نایەت. ئەوەی برا بێ دیاری پێ دەبێ، نەک هەرچی خانوخوێ هەیبێت بێت بیبات. ئەوەی برا بێت چاوەڕێی ڕێنوێنی و ئامۆژگاری لە خانەخوێ دەکات، نەک ڕاوبۆچوونەکانی بە داری زۆر بسەپێنێ. ئەوەی بە ناوی برایەتی هات و دەسکە گوڵێکی لا بوو لە دەرگای دا بەر لەوەی بێتە ژوور و هۆی هاتنەکەیشی دیار کرد و بۆ چەندیش دەمێنێتەوە ئەو ساتە چیاییەکانیش لەسەریانە ڕێزی میوانداریی لێ بنێن و ئامۆژگاری بکەن و بە ڕێزەوەش بەڕێی بکەن. ئەوانەش کە دێن، دڕندە و لەسەر شێوەی مرۆڤ، قامچییان پێیە و لە نیوەی شەودا دەرگاکانمان دەشکێنن و کەڕامەتمان زامدار دەکەن. ئەوانە دوژمنن، ڕۆحسووکەکەم ئەوانە دوژمنن. خۆت دەزانی من چەند ڕقم لە بەکارهێنانی وشەی دوژمنە، من حەز ناکەم مرۆڤەکان دوژمنی یەک بن. بەڵام کە دوژمن دێ دەبێ پێی بڵێین دوژمن. کە دوژمن دێ دەیەوێ ژنەکانمان بکات بە کەنیزەک و پیاوەکانیشمان بە کۆیلە، ئەوان دوژمنی



ڕاستەقینەن، دەبێ ئێمەش خۆمان بدۆزینەوە، نابێ دەستەمۆ دابنیشین و چاوەڕێی مەرگ بین. دەبێ زۆر بە وردی بەخۆماندا بچینەوە. ڕەخنە لەخۆمان بگرین و خۆمان چاک بکەین. بەڕەنگاربوونەوەی ئەوان هەر بەچەک نابێ. تا بەتەنیا پشت بە چەک ببەستین، هەر بەتەنیاش دەمێنینەوە. دڵنیابە هەر بەتەنیا دەمێنینەوە. کە خۆمان ناسی ئەوسا دەتوانین لەگەڵیاندا بجەنگین و سەریش بکەوین. سەرکەوتنی سەربازیش نا، چونکە چیاییەکان هەمیشە لە ڕووبەڕووبوونەوەی سەربازیدا سەرکەوتوو بوون، بەڵام لە ئاکامیشدا هەر نشوستیان خواردووە، بەڵکو سەرکەوتنی ڕۆحی پاک بەسەر ڕۆحە ناپاکەکان، سەرکەوتنی ویستی خێر بەسەر ویستی شەڕدا. ئەوساتە هەر دژی داگیرکەر نابین، بەڵکو دژی هەموو ئەو ویستە خۆسەپێنەر و گڵاوانەش دەبین کە نایانەوێ کەس وەکو ئەوان یان لەوان باشتر بژیەت.

خەپەی برا دیداری مام دارۆ هێندەی لە گرتووخانە هەستی بۆ خۆشەویستی چیاکان دەکرد لەدەرەوە وا نەبوو. هەموو شەوێ چەند سەعاتێک دەچووە حوزووری چیاکان، لە زیکر و فیکریان غافڵ نەدەبوو. دەیگوت:

– ڕۆحسووکی برا، هێندەی دە چیاکان دەفکرم، پاکییان لێ دەچۆڕێتەوە، چیا نییە لەسەر زەوی هێندەی چیاکانی ئێمە ئازار درابن و خوێنیان لەسەر ڕژابێ. چیاکانی ئێمە پیرۆزن، چونکە ڕووبارێک خوێنی پیرۆزیان بەسەردا ڕژاوە، چونکە باوەشی پڕ لە ئارامی کەشتییەکەی نوح بوون، ئاخر بێ هۆ نییە لەو هەموو سەر زەوییە کەشتییەکەی نوح لەسەر بەرزترین لوتکەی ئەو نیشتمانە شاخاوییەدا بنیشێتەوە. ئاخر ئەی ئەوەش مانای ئەوە نییە کە دووەم تێهەڵچوونەوەی مرۆڤایەتی لە دەڤەری چیاکانی ئێمە بووە. ئەوەی کە خەمی لێ دەخۆم کلۆڵی چیانشینەکانە، لەوەتی چاوچنۆکەکان چاویان لە چیاکانی ئێمە بڕیوە، ئێمەش بەرگری لە خۆ دەکەین و خۆمان دەدەینە پەنا چیاکان. چەندین نەتەوە تواونەتەوە و بەرگەی زوڵم و زۆری هێرشبەرانیان نەگرتووە. بەڵام ئێمە چیامان بوون، ئەی ئەوە نییە گەورەیی چیاکان بەسەر ئێمەوە. ئێمە ماوین ڕۆحسووکی برا، بەڵام مانێکی بێ گیان، پڕ جەهل، بۆیە نەمانتوانی

چیتر بەرگری لە خۆ بکەین و وەکو قاپێکی خواردنمان لێهات و مۆرانە دەمیان تێناین، لە هەموو لایەکەوە هاتوون دەمیان تێناوین. بەوە دەزانم ئێمەی چیایی جەستەکانمان پاراستووە، بەڵام رۆحمان هەرەسی هێناوە، کە رۆحیش هەرەسی هێنا ئاسانە بکرێین بە کۆیلە و بە کەنیزەک.

خەپەی برا ئەگەر رووبارەکانی چیا وشک بووبنەتەوە، چاوەکانی دیدار وشک نەدەبوونەوە. دیدار هەمیشە شینی بوو بو چیانشینەکان. بۆیە زۆری بۆ دەگوتم، پەیامەکانی لای من بەجێ دەهێشتن. هەمیشە دەیگوت:

– چیانشینەکان زیندووی راستەقینە نین، بۆیە کەس گوێی لێیان نابێ. ئێمە لەگەڵ ئەوەی کە چیای بەرز و سەرکەشمان هەن، رووباری درێژی شیرین و بە پیتمان هەن و سەرچاوەیان لە دەڤەری چیاوە سەردەگرێ، بەڵام کەس پێمان نازانێ، کەس گوێی لە تکا و نزاکانمان نابێ. خێری چیاکانمان بۆ بیابانییەکان و رۆمی و نامۆکانە. ئەوە پرسیارە بۆ کەس هەستمان پێناکات، کەس نامان بینێت؟ راستییەکەش هەروایە ئەوەی نەبێت نابینرێت. دەبێ خۆمان نەبین بۆیە هەستمان پێناکەن و نامان بینن؟ ئەوە نییە هەوڵ و کۆششمان بۆ ئەوەیە ببینرێین؟ بۆ کەس نامان بینێت؟ ئێمە باڵامان بەقەد باڵای چیاکانە، درێژی بەژنمان بەقەد درێژی رووبارە بێ کۆتاییەکانە، پان و بەرینیمان بەقەد پانی ئەو زێیانەیە کە سەر و بنیان دیار نییە، ئەی بۆ دەستی رەشی بیابان دێت و لەبەر چاوی دونیا ئەنفالمان دەکەن و لە گرتووخانەکاندا قایممان دەکەن؟ ئەگەر کەس ئاگادار نییە بۆ بۆخۆمان ئاگادار نین، هەست بە گەورەیی ئەو کارەساتە ناکەین. هەست بە گەورەیی رژانی کەرامەتمان ناکەین. ئەمەش، رۆحسووکی برا، خەفەتێکە، تەماشای چیاکان بکە چۆن باوەشیان لەیەکتر گرتووە و یەکتریان قایم کردووە، ئەی ئێمەی چیایی بۆ وانین، بۆ چیاییەکان پێش لەشکری رەشی بیابان دەکەون و سەنگەری یاخیبووەکانمان پیشانی هێرشبەران دەدەن؟ ئاخر رۆحسووکی برا ئەوە پرسیارێکە، ئێمە هێندەی چیاکانمان تێدا نییە. بۆیە چیاکانمان بریندارن، بریندار. من شەو و رۆژ گوێم لە ئاهوناڵەیانە، نارەحەتن کە ئازاد نین، نارەحەتن کە بێگانە دێت و گڵاویان دەکات.



خەپەی برا، دیدار زۆری لا بوو زۆر. ئەو خۆی خوای دۆزیبووەوە، نوێژەکانی لە هی مەلا عەبدولباری نەدەچوو، ئەو بە زمانی چیا نوێژی دەکرد، گەورەترین هیوای ئەوە بوو جارێکی تر ئازاد بێت و تا توانای هەیە باوەش لە چیاکان بگرێتەوە و بیانگوشێ، بۆنیان بکا، رایانمۆسێ، بیانلێسێتەوە، بتاوێتەوە ناخیان و لەرێی ئەوان و رەگ و ریشەکانیان بەرەو ژیانی ئەبەدی بڕواتەوە. ئەو دەیگوت:

– رۆحسووکی برام، دە هێندەش تێهەڵبدرێم چیاکانم لە بیر ناباتەوە.

رۆحسووک ئەو قسانەی دەگێڕانەوە و لە ناخیشیەوە دەکولا، هێندە بە ئازار بوو خۆی بۆ رانەدەگیرا. بەڵام درێژەی بە قسەکانی دەدا.

– کە ئەمرۆژە چیاییەکی تریان هێنایە ژوورمان و هێشتا حوکمی لەسێدارەدرانی نەدرابوو. ئەو چیاییە خەڵکی دەشتاییەکانی دامێنی چیاکان بوو، بە هۆشمەندی خودادا بانگیان دەکرد، لەسەر تۆمەتی مەزهەبی گیرابوو دواتر حوکمی لە سێدارەدانی درا. ئەو سەرەتا زۆر تێکەڵی چیاکان و خەم و خەفەتی چیاییەکان نەبوو. لە دەڤەرەکەی خۆیدا دەرنەچووبوو، بەر لە شاڵاوی ئەنفالەکانیش بە چەند ساڵێک گیرابوو چاوی بە دونیای دەرەوە نەکەوتبووەوە، بۆیە تا درەنگیش گوێی لەو شاڵاوانە نەبووبوو. درندەیی جەلادەکانی بۆ ئێمە دەگێڕایەوە، بەڵام ئەمەی زۆر بە لاوە سەیر نەبوو بەقەد ئەوەی لە وەڵامی بیکەن بە خاتری خوا، پێیان گوتبوو:

– خوا مۆڵەتی وەرگرتووە.

بۆیە دیدار لێی هاتە قسە و پێیگوت:

هاوڕێ چیانشینەکەم، ئەگەر چی هێشتا یەکترمان نەناسیوە و یەکەم جارە بە یەکتر ئاشنا دەبین، بەڵام ئەوە بزانە خوا ها لەوێیە، لەناو سینەی خۆتدایە. لە ناخی خۆتدا بە دوایدا بگەڕێ دەیدۆزیتەوە. بۆیەشە ئەو جەلادە گوێ لە ناڵینەکەت ناگرێ و خوای تۆ ناناسێ، چونکە خودا بەشێکە لە خۆت، لە ناخی خۆت دایە. تا خۆشت نەناسی نایدۆزیتەوە. تۆ قۆناغی باشت بڕیون بۆ دۆزینەوەی، تا تەنانەت بوونت لێرە، لە گرتووخانەیەکی بیابان، بەڵگەیەکە کە تۆ بەرەو خودا هەنگاوت ناوە، بۆیە لێرەوە سەر لە خۆت نەشێوێنی.

چیاکانمان خەڵکی بەئاگایان دەوێ، ئەو خەڵکانەی کە خۆیان دۆزیوەتەوە و خۆیان دەناسن. هاوڕێی ئازیزم خودا بت نییە لە شوێنێک دانرابێ و تۆش هاواری لێ بکەیت، خوا لە ناخی هەمووومان دایە و ئێمە بە بوونی ئەو زیندووین، بەڵام ئەوانەی کە خۆیان ناناسن، ئەویش ناناسن، بۆیە وێڵن، وێڵی ویستە ئاڵۆزەکان، وێڵی خۆشییە کاتییە تایبەت و ئێش و ئازار و ناڵینەکانی چیاکانیشی لە بیر دەچێ. خەڵکی ئاوا مخابنە چیایی بن، خەڵکێکیشمان هەن وا دەزانن خودا ئیشی بەوانە، وادەزانن خودا تۆقێنەرە تا لێی بترسن، چونکە خۆیان زۆر بچووکن وادەزانن خوداش دادەبەزێتە ئاستی ئەوان و ئیشوکاری نییە چاودێریکردنی ئەوان نەبێ. خودا وانییە خودا ئەقڵی بە ئێمە بەخشیوە، بۆ ئەوەی لەگەڵ خۆی و لەگەڵ چیاکانیشدا تێکەڵ بین، جوانی چیاکان بە جوانی ئەوە، جوانی ئێمە بە ناسینی ئەوە، جوانی ئێمەش بە جوانی چیاکان. ئەمە هاوکێشەیەکی ئەبەدییە، ئێمە بێی چیا ناشیرینین، چیاکانیش بێی ئەو جوان نین، ئێمەش جوانیمان لە چیاکان وەردەگرین و فەلسەفەی مانەوەی چیاکانیش بەسەربەرزی و دوور لە پۆستاڵی بیابانییەکان لە ناسینی خوداوەیە، بەڵام ناسینێکی زۆر تایبەت، لە ناسینی خەڵکی تر ناچێ، پەیوەندی ئێمە لەگەڵ ئەو، پەیوەندی ئێمەیە لەگەڵ چیاکان، کەی توانیمان چیاکان بدەینە دەست بیابانییەکان، ئەوکاتەش پەیوەندیمان لەگەڵ خودا هەڵدەوەشێتەوە، ئەو کاتە خودا نەفرەتمان لێدەکا، ناسینی ئێمە بۆ خودا تەنها خۆشەویستیمانە بۆ چیاکان، ئەگەر عیشقی چیاییبوونمان لەدەست دا ئەوکاتەش خودا چیتر ڕێزی بۆ ئێمە نابێ، خودا چیتر عاشقی ئێمە نابێ، ئاخر خوداش عاشقی دروستکراوەکانی خۆی دەبێ هەروەکو هونەرمەندێک عاشقی هەر تابلۆیەک لە تابلۆیەکانییەتی. ئاخر چۆن دەزانین مرۆڤ داهێنەرە ئەگەر داهێنانی نەکردبێ، بە هەمان پێوەریش دانایی و زانایی و بەهرەمەندی یەزدان بە جوانی و ئەفسوناوی سروشتە، بۆیە چۆن هونەرمەندێک قەبوڵ ناکا تابلۆیەکانی دەستیان بەسەردا بگیرێ لەلایەن کەسێکی بیانی، خوداش ئاوا قەبووڵ ناکا چیاکان بدەینە دەست بیانییەکان، یا هەر بێگانەیەکی تر، ئەوەش وا بکا چیتر خوداناس نییە.



ئەو پێناسەی تایبەتی خۆی هەبوو بۆ خودا، بە پێناسەی کەسی تر رازی نەبوو. ئەو لە هەموو رامان و لێوردبوونەوەیەکدا دەیویست خودا وەک بوونێک و وەک هێزێکیش ببێتە وزەیەک بۆ خۆ رزگارکردن لە هەموو شتە نامۆیەکان. بۆ خۆ رزگارکردن لە هەموو جۆرە ترسێک کە بوونی هەیە یا دروست کراوە بۆمان. بۆیە پێی وابوو خودا چەند وزە بە مرۆڤ دەبەخشێ هێندەش کەساسی پێ دەبەخشێ، ئەوانەی بە شێوەیەکی دروست دەیناسن، وزەیان پێ دەبەخشێت و کەسی ئازاد و وڵاتپارێزن، ئەوانەش کە کەساسن و بە هەڵە لێی حاڵی بوون، بە هەڵە ناسیویانە و وەکو بتێک رەفتاری لەگەڵدا دەکەن، بەنجیان دەکات و خۆ پەرست و دڕدۆنگیان دەکات. بۆیە خودای ئێمە رووناکییە و رێگای ئازادیمان بۆ رووناک دەکاتەوە، ئەو خودایەش کە داگیرکەر پێمان دەناسێنێت بێجگە لە وەهمێک شتێکی تر نییە، وەهمیش مرۆڤ کەساس دەکات و سەری لێ دەشێوێنت و بەرەو کێڵگە تاریکەکەی داگیرکەرمان دەبات، بۆ ئەوەی تا هەتایە لە سایە و سەرپەرشتی ئەودا بمێنینەوە و لە خزمەتی ئەودا بین. بەکورتی ئەو پێی وابوو دەبێ خودا بەقەد کاڵا و باڵای چیا و چیاییەکان بناسێنرێ، نەک بە پێی پێناسەی هاتووە نامۆیەکان. لە هەموو شتێکیش گرنگتر باڵانس و پاکی خۆتان لەدەست نەدەن، ئازادیخوازان لە هەموو سات و کاتێکدا پاکییان لێدەچۆڕێتەوە و هەرواش دەمێننەوە.

خەپەی برا کاکە دیدار تەواو تێکەڵی ئەو فەلسەفەیە بووبوو کە تایبەت بوو بە خۆی، بە سۆزێکی بێ سنوور دەدوا، ئا لەو قسانەدابوو کە هاتن پێیان گوت:

– هێی چیا نەگریسەکان، خۆتان ئامادەکەن، بەیانی دەچنە پێش دادگا، بەیانی مافی لەداردانتان بەسەردا دەسەپێنرێ، بەیانی بڕیاری قوڕقوشم لە قوڕگکردنتان پێ رادەگەیەنن، دڵنیام بەیانی بڕیاری رەشبوونەوەتان لەسەر ئەو زەوییە پێڕادەگەیەنن، ئێمەش لە نەگریسی و ئاژاوە و نابووتی ئێوە ئاسوودە دەبین.

که بردراین بەرلەوەی من ببەن بۆ دادگا گێڕدرامەوە ژووری بەندیخانە، دادگاییکردنی من و خوداداد دواخرا بۆ کاتێکی تر. که گەڕاینەوە وامانزانی دیداری مام دارۆشیان هێناوەتەوە، ئەو تا درەنگێک نەهێنرایەوە. که هاتەوە زۆر دڵخۆش و گەش دیاربوو، ئێمەش تامەزرۆ بووین بزانین چی بەسەر هاتووە. که هێنایانە ژوورەوە دەرگایان دانەخست، یەکێک لە جەللادەکان لە دەرگا وەستا و پێی گوت:

– خێرا.

دوایی پێی گوت، دەی دە خولەک مۆڵەتت دەدەم، شتەکانت کۆ بکەوە. ئیتر دەرگای داخست و ڕۆیشت.

ئیتر هەموومان لێمان پرسی ها دیداری ئازیز چی روویدا. ئەو هەردوو دەستی لێکدان لە شێوەی چەپڵە لێدان و خۆ هەڵاوێشتنێکی کرد و گوتی:

– تی لی لی، هەڵواسین.

که ئەو قسەیەی کرد و زەردەخەنەشی لێدەبارین، هەموومان وشک بووینەوە، باوەشمان لێگرت و توند گوشیمان. هۆشمەندی خوداداد دەستی کرد بە گریان. پاشان دیدار گوتی:

– ئەوە چیتانە، دەڵێی دەگرین. دەبێ ئێوە دڵتان خۆش بێ که بەرەو ژیانی ئەبەدی دەڕۆین. دڵتان خۆش بێ، خەمی منتان نەبێ، ئومێدم وایە ئێوە سڵاوی من بۆ مام دارۆ و گوڵاڵەی خێزانی و نازداری کچەکەی ببەنەوە. بە هاوڕێکانیشمان بڵێن: "دیدار ناوی ئێوەی لەسەر دڵی خۆی نووسیوە، هەرگیز کەسێکیانم لەبیر ناچێتەوە". بە چیاکانیش بڵێن: "لەوان بووم و دەبەر ئەوانیش دەمرم" بە هاوولاتییانی ئاگری پیرۆزیش بڵێن: "خەفەتم هەر ئەوەندەیە لە بینینیان تێر نەبووم" سڵاوم بۆ هەموان.

هۆشمەندی خوداداد رووی تێکرد و گوتی:

– تۆ ئەستەمە مرۆڤێکی ئاسایی بیت، تۆ شتێکی تریت. ئەگەر چیاییەکان هەموو ئاوا بن، من لە چیاییەتی خۆم دەکەومە گومان. نەخێر هاوڕێی هاوچیاییم تۆ ئاسایی نیت، من وەکو تۆ ناتوانم، من لە قسەکانت حاڵی نیم. دەکرێ لەبەر ئەوە بێ که من خزمەتی چیاکانم نەکردووە.



دیدار سەری نارەزایی بۆ ئەو قسەیەی لەقاند، بەڵام خوداداد هەر بەردەوام بوو:

– تۆ وادەزانی من لەبەر ئاوەدانی چیاکان لێرەم، وادەزانی ڕۆژێک شەتڵێکم بە چیاکان بەخشیوە، وا دەزانی جارێک لە جاران تۆز و غوباری بۆمب و ناپاڵمەکانم لەسەر شان و ملیان داماڵیوە، وا دەزانی ڕۆژێک باوەشی عیشقم بە چیاییەکدا کردووە، وا دەزانی ڕۆژێک کاروانچێتیم بۆ بەندەن و دۆڵ و باسک و گەروەکان کردووە، وا دەزانی جارێک عیشقی چیاکان منی بردۆتە سەر لوتکەیەک و بەرزاییەک، نەخێر ئەمانە هیچیان نەبووە و رووی نەداوە، راستە چیاییم بەڵام بۆ ئەوە نەگیراوم، هەروەها بەهەڵەش منیان نەگرتووە، من بە تەواوەتی لە دونیایەکی تر بووم، من قوتابی وشەکانی زمانی بیابان بووم، لە پێناو سەروەری و ماناکانی ئەو وشانەدا تێکۆشاوم. چەند کەسانێکی زۆر زووی بیابان پێشەنگ و نموونەی ئێمە بوون، تەنها دیرۆک و سەروەرییەکانی ئەوان دەزانم و نە دەمژمێرێک و نە هیچ دانیشتنێکیشمان بۆ خۆ ماندوو کردن بە چیاکان و پێشەنگی چیاکان تەرخان کردووە. نە من و نە هاوکارە چیاییەکانیشم شتێک لەسەر دیرۆکی خۆمان دەزانین. گوناهە پێمان بڵێن چیایی، گوناهە پێمان بڵێن مرۆڤ، چونکە شتێک لەسەر مرۆڤبوونی خۆمان نازانین، بەڵام هەموو شتێک لەسەر مرۆڤبوونی خەڵک دەزانین، لێرەشدا، لە تووە واتێدەگەم که ئەمەش گەورەترین گوناه و گومڕاییە بەرامبەر تایبەتمەندیی خۆمان و نیشتمانی چیاکانیش.

هەموومان واماندەزانی لە هەموو کەسێک زیاتر خۆمان دەناسین و لە هەموو کەس باشتر خۆمان دۆزیوەتەوە، بەڵام لە راستیدا وانەبوو، هەرگیز بەو شێوە خۆم نەناسیوە، هەرگیز بەوشێوە هەستم بە بوونی چیاکان نەدەکرد. من چیانشینم بەڵام نەمزانیوە چیاکان قسە دەکەن و هەست بە بوونی ئێمە دەکەن. بۆیە هەنگاوی یەکەمی خۆناسینێکی ترم لێرە دەست پێدەکات. ئێستا بەو هێندە وشانەت و ئەو کاتەی که لێرەم لە گرتووخانە دەزانم تەنها چیاییبوون بەسە بۆ کەوتنە ژێر رق و قینی بیابانییەکان، پێشان وامدەزانی خۆ دوورەپەرێز گرتن لە رق و نەفرەتی بیابانییەکان رزگارمان

دەکات، دینداری و فێربوونی زمانی ئەوان لە گرتووخانە دوورمان دەخاتەوە، هەروەکو لە دۆزەخیش رزگارمان دەبێ، بەڵام دواتر کە هاتمە ئێرە لە شتەکان حاڵی بووم، لێرە زانیم دژە چیاییەکان هەموو شتێکن تەنها مرۆڤ نین. خواپەرستیشیان جورێکی ترە، لە هی ئێمە جیایە. ئەوان لەزەت لە ئەشکەنجەدانی چیاییەکان وەردەگرن. ئەگەر رۆژێک ئەو گرتووخانە بیابانییانە چۆل بن نازانم ئەوان لەزەت لە چی وەردەگرن! بەڵێ هاوڕێی چیاییم، تۆ نیازپاکیت و وادەزانی هەموو خەڵک وەکو خۆت رەنجیان داوە؟ بەڵام ئەوەتا بەرامبەر یاسای بیابانییەکان هەموومان یەکسانین، چونکە تەنها چیایین، هەموو شتەکان وادەڵێن، ئێستا تەواو دڵنیام "ئێمە بۆ لێرەین". بۆ ئەوە ناڵێم کە من حەقی ئەشکەنجەدانم نییە، بە پێچەوانەوە، تۆ گوناهە ئەشکەنجە بدرێی، من نازانم تاوانی تو چییە، بەڵام لەگەڵ تەمەنی بچووکیشت لە باڵا بەرزی تۆڕا دەزانم تۆ چیاییەکی عاشق بووی، تۆ بۆ سەرفرازیی چیاکان تێکۆشاوی. منیش هیچ. بۆیە تۆ پێویستە بمێنی. رێم بدە با جلەکانمان بگۆڕینەوە و خۆم بخەمە سەر شێوەی تۆ بەڵکو من ببەن و تۆش بمێنیتەوە. بەڵام دیدار ئەو بیرۆکەیەی زۆر بە توندی رەتکردەوە، ئامادە نەبوو گوێشی لێبگرێ.

خەپەی برا ئەو هاوڕێ چیاییەمان زۆر بە ئازار بوو، زۆر خراپیان ئەشکەنجە دابوو، بیرکردنەوەشی لە هی ئێمە زۆر جیاواز بوو، هەر لەسەر ئەو بیرکردنەوە تایبەتییەشی گیرابوو، خۆی بە سەربازی خوا دادەنا، بۆیە بەلایەوە سەیر بوو کە دیدار باسی خوا دەکات و لەویش ناچێ. ئەو واپێدەچوو زۆر پەشیمان بێ کە بۆ ماوەیەکی درێژ فێڵی لێکراوە، لە زیکر و فیکری چیاکان غافڵ بووە، لەگەڵ ئەوەشدا دیدار رووی تێکردەوە و گوتی:

– من ئەمڕۆ دەگەمە کاروان، کاروانی رزگاریخوازانی چیا. دڵخۆشم بە ناسینی تۆ، چونکە لێرە بەولاوە تۆ خۆت دۆزییەوە، تۆ ئەو رێگایە دەگری کە ئێمە و هەزاران چیایی بەر لە ئێمە گرتوویانە. ئەوان دیدارێک دەکوژن، بەڵام هەزاران چیایی تر ژوان لەگەڵ چیاکان دەبەستن و دیداری تر دێنە جێگایان و بەمجۆرە کاروانەکە درێژە پێدەدەن.



– خەپەی برا، دیداری مامە رەزا هێندە ورەبەرز بوو، بۆ زیاتر لە دوو ساڵ لە زینداندا بووین، ورەبەرزی وەکو ئەوم نەبینیوە. ئەو لە گرتووخانەدا فێری ئەو فەلسەفە تایبەتە بوو بە خۆی، لە چیا فێری ئەو خواپەرستییە تازەیە بوو. من پێشتر وام دەزانی خوا شتێکی ترە، جیاوازە لە خۆمان، وام دەزانی ئەگەر خوا هەشبێت، لەزەت لە ئازاردانمان وەردەگرێت. بەڵام وانییە، ئەو خودایەی دیدار باسی دەکرد شتێکی تر بوو، لە خودی خۆمان جیاواز نەبوو، ئەو عیشقێکی ئەبەدی بوو، لەگەڵ عیشقی چیاکان جیاوازی نەبوو. بۆیە کە ئەو خوایەم ناسی عیشقم بۆ چیاکان زیاتر بوو، تامەزرۆی ئەو ساتە بووم بگەڕێمەوە و باوەشیان بەبەردا بکەم. بەداخەوە خەپەی برام، ئێستاش نازانم چی روویدا، دوای ئەو هەموو کاتە درێژە ئەویان برد بۆ دادگا و حوکمی خنکانیان بەسەردا سەپاند، ئێمەشیان گێڕایەوە و بەناو دادگایی کردنەکەیان دواخست، ئیتر هەر ئەو دواخستنە بوو، دوای ماوەیەکی کەم نە دادگامان بینی و نە هیچ، لە دەرفەتێکی سەیردا ئازاد کراین. رۆژێک، تەنها رۆژێک بەر لە ئازادکرانی ئێمە ئەو بردرا بۆ رەمی کردن، خۆ تۆمەتی هەردووکمان یەکبوو، بەڵام ئەو رۆیشت و ئێمەش لە زەحمەتی ئەو ژیانە بێنرخەدا ماینەوە. بۆیە رووم تێکرد و پێم گوت:

– دیدەی برا تۆ چووزانی ئەو هاوڕێ چیاییە دەتوانێ رێگای ئێمە بگرێ، مەگەر ئەویش هەمان تۆمەتی لەسەر نییە؟ زۆر بە دڵخۆشییەوە گوتی:

– نەخێر رۆحسووکی برا، ئێوە درێژە بەو کاروانە دەدەن. دڵم وادەڵێ، هەستەکانم وادەڵێن، ئێوە دەڕۆنەوە. بەڵام کە رۆیشتن چیرۆکی عیشقی من بۆ چیاکان بگێڕنەوە. لە جیاتی من داوای لێبووردن لە چیاکان بکەن، ئەگەر چی منیش هەر دێمەوە، رۆحەکەم دێتەوە ئەوێ، بۆیە کە چوونە سەردانی چیاکان سڵاو لە منیش بکەن، چونکە منیش هەر لەوێ دەبم، گوێم لە ئێوەش دەبێ، ئەو کاتە جیاوازی من و ئێوە ئەوە دەبێ، من هەر لەوێ، لەسەر لوتکەکان لە فڕیندا دەبم، بەڵام ئێوە ناتوانن بفڕن، تەنها دەتوانن باوەشیان پێدابکەن.

ئا لەوێدا هاوڕێی چیاییمان، هاتەوە قسەکردن و گوتی:

– ئەگەر چی زۆر لەو قسانە تێناگەم، بەر لە گیرانیشم گوێم لەو جۆرە قسانە بووبایە بە گومڕام دەژماردن، بەڵام ئێستا بە شێوەیەکی زۆر سەیر لەسەر دڵم دەنیشن. ئەو عیشقەی ئێوە باسی دەکەن تەنانەت لە نێوان دوو مرۆڤیشدا نییە، بەڵکو عیشقێکی ئەبەدی چەند لایەنەیە، عیشقی نێوان مرۆڤ و خودا و چیاکانە، عیشقێکی سێکوچکەی زیندووە، بە لەسێدارەدان کۆتایی نایە. هاوڕێی چیاییم، تەمەننا دەکەم من لەجێی تۆ بۆ بەردەم سێدارە ببەن و تۆش ئەو عیشقە بۆ چیاییەکان بە دیاری ببەیت. بە داخەوە زۆرێک لە چیاییەکان ئەو عیشقەی تۆیان نەبیستووە. بۆیە تۆ پێویستە بمێنی، ئەو پەیامە ببەیتەوە، چیاکان ئاوەدان بکەیتەوە.

لێتان ناشارمەوە منیش زۆر شت حاڵی نەدەبووم. روحسووک شتێکی زۆر جیاواز بوو لەگەڵ رۆژانی بەر لە گیرانی. هێندەی رۆحسووک بوو هێندەش زیاتر باسی لە رۆح دەکرد، ئەو پێدەچوو قوتابییەکی دڵسۆزی دیدار بێ. چونکە قسەی نەدەکردن بێ ئەوەی ناوی دیداری لەگەڵدا نەبێ. کەسایەتی دیدار لای کەسمان ناسراو نەبوو، بێجگە لە ئەندامی لایەنگری رێکخراوەکەمان، تازە پەیوەندی پێمانەوە کردبوو، حەزی لە خوێندنەوەی پەیامی چیاییە یاخیبووەکان دەکرد. کوڕێکی چالاک بوو، هێندە دەیخوێندەوە بەقەد خوێندنەوەی هەمووومان. بێجگە لەوەش کوڕێکی ئێجگار شەرمن بوو. کە گیراش کەسمان باوەڕمان نەدەکرد، چونکە هێندە ناسراو نەبوو تا گومانیشی لێ بکرێ. دەمزانی دەخوێنێتەوە، بەڵام نەمدەزانی چ دەخوێنێتەوە. کە لێشمان دەپرسی، دەیگوت:

– بۆخۆم گاگۆڵە دەکەم. هەرچی بکەوێتە بەردەستم درێخی لێناکەم. هەموو نووسینەکان دواوەیان هەیە، گرنگە دواوەی نووسینەکان بخوێنینەوە، گرنگە لەگەڵ رۆحی نووسەرەکان تێکەڵ بین، تا زیاتر بیانناسین، دەبێ بزانین هەر نووسەرێک چیرۆکێکە، هەر چیرۆکێکیش ئاوێتەی رۆحێکە و کۆمەڵێک رووداوی هەمەجۆری پڕ سەیر و سەمەرەی لەدواوەن.

ئەو ساتە ئێمە سەرقاڵی سیاسەت و خوێندن بووین، بەڵام ئێستا دەزانم ئەو خەریکی شتی تریش بووە. ئێستا دەزانم بێدەنگی ئەو بێ هۆ نەبووە.



ویستوویەتی زۆر قسە نەکا تا نەزانێ چ دەڵێ، قسە ناکا تا قسەی گەورە نەکا. بەلامەوە سەیر بوو کە گرتووخانە رۆحسووکی ورەبەرزتر و توند و تۆڵ تر کردووە. تازە زانیم ئێمە دوو ساڵە یاری دەکەین و ئەوانیش رەنج دەدەن. ئێمە ئارەقەمان دەڕشت و ئەوانیش خوێن. ئێمە ئارەقەمان دەڕشت بۆ ئەوەی بیابانییەکان رازی بکەین، ئەوانیش خوێنیان دەڕشت بۆ ئەوەی چیاکانیان لێ رازی بن. ئاخر ئەمە جیاوازی نێوان مردن و ژیانە، کە ئەو قسانەم پێ دەگوت، دەیگوت:

– نا هاوڕێی ئازیزم، راستە ئێوە ئارەقەتان دەڕشت، بەڵام بە مەبەستی دوارۆژێکی گەش تر. ئێوە رۆحتان ئاوێتەی عەشقی چیاکان بوو، جەستەشتان بۆ ئەو عیشقە ئارەقەی دەڕشت.

لەگەڵ رۆحسووکی برام زۆرمان گوت، ئەگەر چی لە فەلسەفە تازەکەی زۆر تێنەدەگەیشتم، بەڵام لەوەش دڵنیا بووم کە ئەو خودایەی ئەو قسەی لێدەکات جیاوازە لەگەڵ خودای توندڕەوەکانی دەڤەری ئێمە، تەنانەت ئەو خودایە جیاوازە لەگەڵ خودای مەلای قولئەعوزیش، بەڵام نزیک دەبێتەوە لە خودای مەلا رەسوولی بالابەرز، بەڵکو هەمان عیشق و هەمان خودا و هەمان فەلسەفە بوو. لەگەڵ قسەکردن و بیرەوەرییەکانماندا زۆر گریاین، زۆرجارانیش خۆشی یەکتر بینینەوە دەبوو بە زەردەخەنە و لەگەڵ ئەسرینەکانمان تێکەڵ دەبوو. داوام لێکرد بچین هۆشەنگی خودادادیش بناسین کە لەگەڵیاندابووە، بەڵام ئەویش نەیدەزانی لە کوێ گیرساوەتەوە. ئەدرەسی خۆی پێدابوو، بەڵام ئەویان بێ ئەدرەس بووە. بۆیە دەبوایە چاوەڕێ بکەین تا خۆی پەیوەندی بە ئێمەوە دەکات.

## بەشی نۆیەم

دوای مانگێک ئاگادارکرامەوە کە دەبێ بگەڕێمەوە سەربازگەی مەشقکردن، پاشان نەهری روحسووکیشیان بانگ کردبوو و پێیان گوتبوو دەبێ بچێتەوە سەربازی. بەڵام نەماندەزانی مەبەست لەو گەڕانەوەیە چییە، خۆ من مەشقی داواکراوم تەواو کردبوو. هەر دوای چەند ڕۆژێکیش زانیم کە ڕۆحسووکیش دەبێتەوە بە هاوڕێم لە هەمان سەربازگە. بۆیە دوای مانگێک گەڕاینەوە سەربازگەی مەشقکردن، دوای مانگێک پشوودان لە پڕێکا خۆمان بینییەوە لە ناو ئەو جەنگەڵستانەی کە پێیان دەگوت: سەربازگە. ئێرە لە ڕاستیدا مۆڵگایەک بوو بۆ هەموو ئەو کەسانەی کە دەیانەوێت ئامێربن. دەیانەوێت لە ئادەمییەتی خۆیان بشۆرێن. بە کورتی یان ئاژەڵ بیت یان هەوڵی بە ئاژەڵبوونت بدرێت. بیستوومە لە وڵاتانی دونیا سەربازگە ئەو شوێنەیە کە مرۆڤ دروست دەکات. کارگەی مرۆڤی کامڵی پێ دەڵێن. لێرە سەربازگە کۆیلە بەرهەم دێنێ. ئەو هاوڕێیانەی لەگەڵم دابوون ترسم لە دەموچاوی هەموویان دەخوێندەوە. دڵەڕاوکێ لە داهاتوویەکی نادیار هەموویانی داحەپەساندبوو. لەبەر گرەگرِی مەکینەی پاسەکەدا گوێمان لە هەناسەی هیچێک لەو سەربازانە نەدەبوو.  دینۆ دەنگ گەورە لە تەنیشتمەوە دانیشتبوو. لەگەڵ ئەوەش کە ناودار بوو بە دەنگە زۆر گەورەکەی، لە مەکتەبیش هەر وایان پێ دەگوت. هەرگیز ئاوا بێدەنگم نەبینیبوو. وردە ئارەقەیەک سەر دەموچاوی داگرتبوو. جار نا جار سەری بەسەر خۆی دادەگرت و هەندێ جاریش تەماشای دەرەوەی دەکرد. چ دەرەوەیەک لە بیابان و گیاحوشتر شتێکی ترمان نەدەبینی. گەرمایەک بوو بەرد و خۆڵی ئەو بیابانەی بە نرکە و ناڵە خستبوو. ڕەنگ و ڕووی ئەو گیا حوشترانەشی سیس کردبوو. خۆزگەی بە ئێمە دەخواست کە لە ناو ئۆتۆمبێلین و لەبەر سێبەر دانیشتووین. ئەی دەبێ ئەو چیاییانە چی بکەن کە ڕۆژێک ئەو بیابانەیان نەبینیوە. ئەو گەرمایە ئەو گیاحوشترە کێوییە وا داماو بکات و پاڕانەوەی بێت لە دەست گەرما دەبێ ئێمەی کوێستانی چۆن نەتاوێنێتەوە!



نەهری ڕۆحسووک لە پێشەوە دانیشتبوو، هێشتا ڕەنگی دوو ساڵی زیندانی بیابانی بەر نەدابوو، هێندە نەیان هێشت تام و چێژ لە ئازادی بکات کە ناوی بانگ کرا بۆ سەربازی و بە ڕێکەوت کەوتینەوە گەڵ یەک، بەیەکەوە چووینەوە بۆ هەمان ئەو سەربازگەی کە پێشتر من مەشقم لێ دەکرد. نەهری بۆ ماوەیەکی زۆر درێژ بوو چاوی لە شوفێرەکە بڕی بوو. دەتگوت یەکەم جارە بیابان ببینێت. برادەرانی پێیان دەگوت ڕۆحسووک چونکە دۆستی هەموو خەڵک بوو، هەرگیز لەبیرم نایەت کەسێک، خوێندکارێک، مامۆستایەک یا برادەرێکی لە خۆی زویر کردبێت. هەمیشە ڕووی خۆش بوو. پوڵێکی لا بوایە یا بە کتێبی دەدا یا کارێکی بە سوودی پێ ڕادەپەڕاند، یا ئەگەر بیزانیبوایە یا هەستی بکردبایە، یەکێک لە برادەرانی پێویستی بە شتێکە بێ بیرکردنەوە دەستی یارمەتی بۆ درێژ دەکرد. باوکی دەوڵەمەند و هەبوو بوو بەڵام ئەوە کاری لەسەر گەورەیی ئەو ڕۆحسووکە نەکردبوو. کوڕێکی تا سەر ئێسقان سوودبەخش و بێ فیز و سادە بوو. پارەیەکی زۆری بە کتێب دەدا، باوکیشی بەردەوام هانی دەدا و بەو ڕێڕەوەی ڕۆحسووک دڵخۆش بوو. دەیگوت:

– باوکم کە ئێواران دەگەڕێتەوە ماڵ، پێمدەڵێ: دەی نەهری ئەمڕۆ چیت کڕیوە؟

دەمزانی باوکی پیاوێکی زانا و دونیا دیتە بوو. زانیاری زۆری هەبوو لەسەر زۆربەی کێشەزیندووەکانی دونیا. بۆیە نەهری دەیگوت:

– زۆربەی جاران لەسەر دوا کتێب دەبێتە گفتوگۆ و سەرەتا وادەزانم ئەو زانیاری نییە، بەڵام دوایی من بێدەنگ دەبم و لەبەرامبەر ئەو دۆش دادەمێنم.

ئێمە بەوە بە هەڵەدا دەچووین چونکە ئەفسەری پۆلیس بوو. ئەفسەری پۆلیس کەم وابوو لەگەڵ دونیای ڕۆشنبیری و زانستدا ئاشنایەتی و دۆستایەتی هەبێ. پۆلیس لە وڵاتی ئێمە واتە قوزوڵقورت. دایکان منداڵەکانیان بە پۆلیس دەترسێنن بەڵام ئەو بەرلەوەی ببێتە ئەفسەر بە نمرەی بەرز چووبووە کۆلێژی یاسا و تەواوی کردبوو، پاشان ڕێکەوت دەیباتە کۆلێژی پۆلیسی و دواییش دەبێتە ئەفسەرێکی پۆلیسی مەزن. ئەو لای خەڵک خۆی دەرنەدەخست، تەنها ئێمە قەبارەی عیشقی ئەومان بۆ چیاکان دەزانی. زۆرجار نەهری باسی دەکرد،

قسەی لەو ساتانە دەکرد کە کاری شۆڕشگێڕی دەکات، ئەو هەوڵانەی کە چیاییەکان لەدەست بیابانییەکان رزگار دەکات. دەیگوت:

– کە یەکێک کەسێکی بەدیل گیرابێ و بێتەلای بۆ ئازادکردنی، دوای زانینی ناو و زانیارییەکان، ئەگەر نەیناسێ، پێی دەڵێ، خاڵۆ تۆ بەهەڵەداچووی، من هیچم بۆ کوڕی تۆ بۆناکرێ، برۆ بەڵکو لە زەوییەکی تر چارەسەرێک بۆ گیراوەکەت بدۆزیتەوە!

بەڵام کە کابرا دەڕۆیشت، ئیتر ئەو دەکەوتە هەوڵ و کۆشش بۆ ئازادکردنی، ئەوەی لە دەستی هاتبا دریغی بۆ نەدەکرد. هەموو جارێک شتی بۆ نەدەکرا، ئەو هەندێ ئەفسەری گەورەی بیابانی دەناسین، لەڕێی ئەوان هەوڵ و کۆششەکانی خۆی دەخستنە گەڕ. ئەو کارەشی زۆر کارێکی ژیرانە و ئاگایانە بوو. جارێکیان سیخوڕێکی سەر بە ئاژانسی هەواڵگری بیابانییەکان دەچێتە لای و بە درۆ پێی دەڵێ: – کوڕێکم سەر بە ڕێکخستنێکی چیاییەکان بووە و ئێستا گیراوە و دەبێ چارەم بۆ بکەی.

ئەویش دوای ئەوەی زانیارییەکانی لێ وەردەگرێ، پێی دەڵێ:

– کاکی خۆم من پیاوێکی هێندە کاریگەر نیم شتی ئاوام بۆ بکرێ، پاشان کوڕەکەت بۆ بۆخۆی ناخوێنێ و خزمەتی وڵاتەکەی بکات، باشتر نییە لەو کارە نا یاساییانە؟

ئیتر کابرا دەڕوات، کە باوکم دوایی پشکنینی خۆی دەکات، بۆی دەردەکەوێ ئەو کەسە گیراوە هەر بوونیشی نییە و دەزانێتەوە کە ئەو کەسە خۆی بە کاری سیخوڕی ئەو داوایەی کردووە. بۆیە زۆرجاران کە گیراوەکان بەردەبوون کەسوکاری و کەس نەیدەزانی ئەو هەوڵی ئازادکردنی داوە.

لە زانکۆش نەهریی ڕۆحسووک شتێکی تر بوو، برادەری نەبوون لە من و مامۆستایەک بەدەر. لەگەڵ خەزاڵی شێربەگی هاوپۆلیشی دڵیان بەیەکەوە بوو. کچەکەش وەکو خۆی زیرەک و بلیمەت بوو، بەڵام لە را و بۆچوونیاندا هاوڕا و تەبا نەبوون. ئەو تێبینییانەی کە نەهری ڕۆحسووک و خەزاڵی شێربەگ لە پۆل دەیان نووسین بەبەر نەدەکەوتن بۆیە زۆربەی برادەران تێبینییەکانی ئەوانیان دەبرد و کۆپییان دەکرد. هەندێ جار تێبینییەکانی نەهرییان ون دەکردن و



بۆخۆی پەکی دەکەوت. ئەویش گوێی پێ نەدەدا و هەوڵی دەدا وەریان بگرێتەوە. ئەوەندە ئاسان و بێ گیروگرفت بوو دار و دیواریش خۆشیان دەویست. لەبەر زیرەکی لە زانکۆ ناودار بووبوو، سیخوڕەکان بەردەوام رقیان لێ دەبووەوە و یەقەیان دەگرت بۆ ئەوەی بچێ لەگەڵیاندا کار بکات. بەڵام ئەو دەرەقەتیان دەهات، هەموو جارێ بە بڕوبیانویەک خۆی رزگار دەکرد.

ئاوڕێکی لە من دایەوە و زەردەخەنەیەکی هاتە سەرلێو. دەتگوت گاڵتەی بەو سیستەم و بەو ژیانەش دێت کە ئاوا ملکەچی ئەو سیستەمە بووە، لەوانەشبوو هەستی کردبێ کە بیر لە ماجەرای ژیانی ئەو دەکەمەوە، ئەی ناڵێن ڕۆحەکان ئاگایان لە یەکتری هەیە بێئەوەی بە جەستە لەیەک نزیک بن. ئەو سەربازانەی تر شێوەی زۆربەیان لە بیابانیی دەچوو. کەسیانم نەدەناسی. ئەو کوڕەی لای چەپیشم کە لە تەنیشت پەنجەرەکەوە دانیشتبوو زۆر بێزار دیار بوو. پەنجەرەکە جامەکەی شکا بوو. ئەو هەوایەی دەهاتە ژوورەوە تا بڵێی گەرم بوو، دەتگوت هەناسەی دۆزەخە. دوا جار بێدەنگی شکاند و لەبەر خۆیدا بە زمانی چیاییەکان دەیگوت: سەگ باوک نە دەبوو جامێک بۆ ئێرە بکڕێتەوە. کە وای گوت زۆر دڵم خۆش بوو. پێم گوت برادەر وەرە شوێنی من زۆرمان نەماوە بگەین و نەختێکیش با من ئەزیەتی ئەو گەرمایە بچێژم. زۆر هەوڵم لەگەڵیدا نەهات. زۆر بێزار دیار بوو، دەیگوت: خۆزگە لە شوێنێک ئۆتۆمبێلەکە دەوەستا ئەوجا دەمزانی چی دەکەم. هەندێ دڵم دایەوە، باسی ئارامگرتنم بۆ کرد، پێکەنینی پێ دەهات. گوتی: باوکم ناوی ناوم ئارامدین، هەمیشە باسی ئارامگرتنی بۆ دەکردم. پێم دەگوت:

– بابە گیان منت ناو ناوە ئارامدین، ئومێدت وابوو ئارامی دینەکەت بم، بەڵام ئەو ئارامگرتنەی تۆ باسی دەکەی ئەوە پەیامی لایەنێکی نادیارە، تۆ بەهەڵە لێی حاڵی بووی. ئارامگرتن لەسەر شکۆمەندی و گەورەیی دەبێ، نەک لەسەر ریسوابوون و ژێردەستەیی. کە ئەو قسانەی کرد، پرسیم بە ڕێزتان خەڵکی چ باژێڕێکن؟ گوتی:

– قوربان باژێڕەکەم ئەنفال کراوە، ئێستا هیچ ناوێکی نییە، چونکە بوونی نییە، قەت زانیوتە ناو لە بۆشاییدا هەبێ؟ ناو دەرەنجامی بوونێکە، کە ئەو بوونە

نەما ناوەکەش نامێنێ. دەی ناشزانم شوێنی تازەی دانیشتنی دایک و باوکم کوێیە، بۆیە ناوی ئەوێش نازانم، منیش دەبینی بەدوای چی کەتووم! گرنگ ئەوەیە خەڵکی دامێنی چیاکانم.

لەگەڵ قسەکانی داڕزامەوە و قوڕگم تەژی گریان بوو، زانیم ئەویش زۆرپڕە و هاودەردمە. بۆیە بە شێوەیەکی کاتی وازم لە دواندنی هێنا. بینیم زۆرێک لەو سەربازانە پرخەی خەویانە. ئۆتۆمبیلەکەش بێ کۆڵدان بە خێراییەکی نائاسایی دەڕۆیشت. خەڵکی چیا دەڵێن: "شەیتان پەلەی کرد چاوی خۆی کوێر کرد". بەڵام ئەو شوفێرە بەو خێراییەش دەڕوا و لەگەڵ ئەو تەپ و تۆزەش چاویشی کوێر نابێ، نازانم پەلەی چییەتی و دەیەوێ بە کوێ بگات؟ جگەرەشی بە جگەرە پێ دەکردەوە. ماوەی ئەو ڕێگا دوور و درێژە نەمبینی جگەرەکەی بکوژێتەوە. نەهریی ڕۆحسووکــی باش سەخڵەت کرد بوو. بەڵام لێی دابووە بێدەنگی و زۆر بە سەیرەوە تەماشای دەکرد. هەر لەو داڵغانەدا بووم ئەو کوڕەی لکە ای دەرگای ماشێنەکەوە دانیشتبوو دوای ئەوەی خەوی لێکەوتبوو، لە سوڕانەوەیەکی ئۆتۆمبیلەکەدا بەسەر سەردا وەرگەرایە ناو قووڵایی دەرگاکە، زۆربەی ئەوانەی بە ئاگا بوون و بینییان دایانە قاقای پێکەنین. ئەوانەی لە تەنیشتی بوون بە خێرایی بەرزیان کردەوە. دیاربوو ئازاری بە ملی گەیشتبوو. هەرهێندە هاتەوە سەر خۆی بەربووە شوفێرەکە بەجوێن و قسەی سووک. بەڵام شوفێرەکە هیچ نقەی لێوە نەهات. کاتێک بەرز بووەوە و گوتی: بوەستە سەرئاوم هەیە. یەکەم جار شوفێرەکە نەوەستا، دواتر چاودێرەکە سەرێکی بۆ لەقاند و شوفێرەکە ناچار دایە دیوی ڕێگا و وەستا. ئەو پیاوە دابەزی و بە دوای ئەویشا ئارامدین بەسەر ملی ئەوەی پێشەوەمان وەک سوسکە پازی دا و دابەزی. هەر بۆڵە بۆڵیشی بوو. بەر لەوەی دەرگاکە دابخات، گوتی:

– هەڤاڵان با ئارامگرتنەکە بۆخۆتان بێ ئەگەر وا ئەزانن رزقێکی هێندە نایابە. مردن هەر مردنە لە بیابان بێت یا لە بەرەکانی شەڕێکی عەبەسی داگیرکەران.

دەرگاکەی بە توندی داخست و بە خێرایی دایە بەر ڕێگا، بۆ کەمێک بە فێڵی میزکردن ڕووی لەو ناو دارخورما و دار و دەوەنەی ئەوێ کرد، پێشی ئەو تا



چاو دەیبینی دارخورما و دواتریش بیابانێکی هەزار بە هەزار دیار بوو. بۆیە لە پڕێکا خۆی بۆ ئەو دیوی دار و دەوەنەکە هەڵدا و کەوتە راکردن، کوڕەکەی تریش بە دوای ئەودا خۆی هەڵدا، پاسەوانەکەش بە دوای ئەواندا خۆی هەڵدا و بانگیشی دەکردن، میلی تفەنگی لێهێنانەوە بەڵام ئارامدین کەوتە ناو دارخورمایەکان و لەبەر چاومان ون بوو، هەرچی کوڕەکەی ترە هەر کە گوێی لە میلی تفەنگ بوو خۆی دا بەزەویدا و پاسەوانەکە بە ئاسانی بە پیل بەستی هێنایەوە ناو ئۆتۆمبێلەکە و لەشوێنی خۆی داینیشاندەوە. ئینجا دووبارە بەرەو لێواری دارخورماکان رۆیشت و دەستی دەدایە پشتی چاوی تەماشای دووری دەکرد، بەڵکو تارماییەکی ئارامدین ببینێ، بەڵام کە نائومێدبوو لەوەی کە تازە نایدۆزێتەوە، گەڕایەوە و هەندێ هەڕەشە و گوڕەشەی لە هەمووومان کرد، گوتیشی بە چاوی خۆتان چارەنووسی رەشی ئەو چیاییە خائینە دەبینن، چارەنووسی هەموو خائینێک رووڕەشی و مردنە. ئۆتۆمبیلەکە وردە وردە کەوتەوە رۆیشتن. پەیتا پەیتا ئەو جوامێرەمان لەبەر چاو ون بوو. ئەم دابەزینە دروست کردنی کەلێنێکی گەورە بوو لە زیهنییەتی مندا. ئەوم بە جوامێر بینی، کە لەبەر مردنێکی بێ مانا رادەکات. خۆشمانم بە ترسنۆک بینی کە بەرەو مردنێکی زۆرەملێ دەچین. مردن لەگەڵ مردن جیاوازی هەیە. هەروەکو ژیانێکیش لەگەڵ ژیانێکی تر جیاوازی هەیە. باپیرەم دەیگوت:

– خەڵکی دڵسۆزم بینی لەبەر دەمی سێدارەدا دەمردن. خەڵکی خۆفرۆشیشم بینی لە هەمان شوێندا مردن، کردارەکە جیاوازی نییە، بەڵام دەرئەنجامەکە جیاوازی هەیە. هەروەکو هۆیەکانیش جیاوازن.

ئەوەشم دەزانی ئەوەی ئارامدین کردی کارێکی راست نەبوو. چونکە ئەو بیابانە لە شێوەی نەهەنگ دەهاتە بەر چاو. ئەگەر بە وردی بۆ ماوەیەکی درێژ سەرنجت بدابوایە تراویلکەکانی زۆر شتت لێ دەخوێندەوە. ئەو تراویلکانە لە شێوەی وەهم وابوون. هێندە سوودەی نەبوو تەنانەت تینوێتی گیاوشترەکانیش بشکێنێ. کەچی شەپۆلەکانی کۆتاییان نەدەهات. دەترسام ئارامدین بەرگەی ئەو شەپۆلانە نەگرێ. یا فریوی نزیکی بخوات و بە دوای وەهمەکانیدا وێڵ بێ. چۆن دەریا، گیان بەرەو مەرگ غلۆر دەکاتەوە هی تراویلکەی بیابان بە ئازارتر ئەو

کاره ئەنجام دەدات. دەریا لە ماوەی چەند دەمژمێرێکدا کۆتایی بە هەموو چیرۆکە درێژەکان دێنێ. بەڵام تراویلکەی بیابان چیرۆکی تر دەخولقێنێ. ئەو زانیارییانە هی باپیرەم بوون. ئەو دەیگوت:

– مردنی بیابان لە خۆیدا چیرۆکێکی درێژە.

چیرۆکی خدر ناودۆڵیشم هەرگیز لە بیر ناچێ. دوای رزگاربوونی لە گەردەلوولی مردن و زیندەبەچاڵکردنی هاورێکانی، چۆن ملی بیابان دەگرێ و وێڵی تراویلکە پڕ لە وەهمەکان دەبێ. ئەو دەیزانی ئەو تراویلکانە وەهمن، چونکە خێرا دەرسی جوگرافیای دێتەوە بیر و دەزانێ لە بیابان تراویلکە هەن، لە وەهم بەو لاوە شتێکی تر نین، دەبێ وریا بێ فریوی تراویلکەکان نەخوات. بۆیە دوای چەند شەو و چەند رۆژێک لە تینووەتی و برسییەتیدا، خواردنی گژوگیا و ئازارێکی زۆر دەتوانێ ئاوەدانییەک بدۆزێتەوە. بەرەو پیری ئاوەدانییەکە دەچێت. دواتر خۆی بە ماڵێک دا دەکات و بە ناو و نیشانی جیاواز خۆی دەناسێنێ. دواتر یارمەتی دەدەن بۆ گەڕانەوە بەرەو زێد و جارێکی تر دروست بوونەوەی هیواکان. ئەو زیندانییەکی سیاسی دەبێ، بێ دادگاییکردن هەوڵی زیندەبەچاڵکردنیان دەدەن، لە نێوان پۆلێکی چاوگەش لە هەڤاڵەکانی ئەو هیچ گوللەیەکی بەرناکەوێ و رزگاری دەبێ. ئەوانی تریش بێ دەنگ و کڕوکپ زیندە بەچاڵ دەکرێن. بەڵام تا ئەمڕۆش دەنگیان لە بیابان بەرزدەبێتەوە. کێ دەڵێ ئارامدین هەنگاو بەسەر گۆڕەکانیاندا نانێت. کێ دەڵێ گوێی لە دەنگیان نابێت. ئەو بیابانە هەموو شتێکی لێ دەوەشێتەوە، کێ دەڵێ هێشتاش نابێ بە مەزارگای سەدان و هەزارانی وەکو ئارامدین. خدر پاڵەوان ماوەیەکی باش باسی تاژی و سەگە وێڵەکانی بیابانی بۆمان دەکرد. ئەو لەو بڕوایەدا بوو قورتار بوون لەو سەگانە سەیر و دەرئاسایە. لەوەش دەرئاساتر چۆنییەتی ژیانیانە، چۆن خواردن و خۆراکیان پەیدا دەکەن. مەگەر گۆشتی ئێمەمانان، یا نزیک بکەونەوە لەو ئاوەدانییانەی کە جارناجار لە سوچێکی بیاباندا بەدەر دەکەون. بۆ ساتێکی کەمیش تارماییەکانی ئارامدین لەبەر چاوم ون نەدەبوون. خۆزگە بۆ ئەو هێندە ساتانە نەم دەناسی. لەو ساتە بێدەنگانەدا دینۆم بینی وردە وردە فرمێسکی دەباراندن. دینۆ رووی کردە من و گوتی:



– دەزانی ئێمە ترسنۆکین؟ ئێمە چارەکێکی ئازایەتی ئارامدینی هاوڕێمان تێدا نییە. لە جیاتی ئەوەی بیابان جەستەمان بخوات باشتر بوو بیکەین بە دیاری بۆ چیاکان، لەوێ رۆژهەڵات و رۆژئاوا دەناسین، باکوور و باشوور بە ئاسانی دەدۆزینەوە. گورگە کێوییەکانی چیا گۆشتمان بخۆن باشترە لەو سەگە دڕندانەی کە نامان ناسن. هەرهیچ نەبێ ئێسقانەکانمان دەدۆزرێنەوە لەلایەن کەسوکارمان. ئەوان دەمان دۆزنەوە. بەڵام لێرە بەر لەوەی سەگ کەڵبەکانی لە خوێنمان بگەوزێنێ، ترس دەمان تۆقێنێ. تراویلکە فێڵمان لێ دەکات. خەپە گیان ئەو قسانە هەر بە دەم خۆشن. خۆ دەبینی چەند لە مێژێکە ئەو شۆفێرە ئۆتۆمبێلەکە بە چ خێراییەکی سەرشێتانە لێدەخوڕێ. سەرەتا و کۆتایی ئەو رێگایە دیار نییە. باشە خۆ هەر وا دابنێ ئۆتۆمبیلەکەمان پەکی کەوت و ئیتر نەڕۆیشت تا هاوارمان بە گوێچکەی مرۆڤەکانی دی رادەگا شەومان بەسەر دادێت و رەوەتاژی دەگاتە سەر رۆحمان. تۆ هەر بیر لە دەمی گلاوی ئەو تاژییانە بکەوە، درێژایی دەمیان بست و نیوێک دەبێت، وەکو گۆزەی کون وایە کە لیکیان لەدەم دێتە خوارەوە. ئای خەپەی برا دەبێ چیبکەی کە یەکێک لەو تاژییانە دەبینی کاتێ کەڵبەکانی لە پێستم رووەدەکات، دڵنیام هیچت بۆناکرێ. چونکە سەرەی تۆش لە دوای سەرەی منەوە دێت. دەزانی گۆشتی ئێمە کوێستانییە زۆر بەتامترە لە گۆشتی ئەو بیابانییانە. گۆشتیان لەبەر گەرما چڕ دەبێتەوە. بەڵام گۆشتی چیاییەکان هەمیشە هەر تازە و سارد و بەلەزەتە. ئەمە راستیە خەپەی برا. بەر لەوەی ئەو هاوڕێیانە هیچیان بەسەر بێ ئێمە ئێسقانەکانیشمان ورد و هەراش کراون. رەنگ بێ بەشی داڵەکانیش لە گۆشتی ئێمە نەدەن.

لەو قسەوباسانەدا بووین ئۆتۆمبیلەکە لە رێگای سەرەکی لای دا، رووی لە کویرکە رێگایەک کرد کە هەر خۆڵ بوو. دینۆ گوتی:

– خەپەگیان بۆ سەر زەوی هەموو کاول بووە و براوەتەوە بۆ مەشق کردن تا بمان هێننە ئێرە؟

منیش بە زەردەخەنە و بە بێتاقەتییەکی زۆرەوە رووم تێکرد و گوتم:

– دینۆ گیان لێرە ناتوانین را بکەین، ئێرە کوتایی دونیایە. لێرە چۆن تۆ هیچ شتێک و مرۆڤەکانیش ناناسی، هیچ شتێک و ئەوانیش ئاوا تۆ ناناسن. تۆ لێرە وەکو کۆیلەیەکی ئاڵقە لە گوێ وایت، بۆ هەر لایەک بڕۆیت دەتناسنەوە. ئێمە لە رەنگ و رووومان دیارە چیایین، چیایی. بۆ بەسەر کەوتنی لوتکە شاخ و خۆ سمین لە دار و دەوەن و هەڵگەڕان بە ئەسپیندارەکان و مازو چنین ئازاین، بەڵام بۆ راکردنێکی ئەبەدی پرۆڤەمان نەکردووە. باوەڕناکەم باپیرەکانیشمان بە خەیاڵیاندا هاتبێ کە رۆژێک دەکەوینە بیابان و ژیانێکی عەبەسییانە دەگوزەرێنین. باپیرەم زۆربەی خوێندنی خۆی لە باکووری دەڤەری چیاکان تەواو کردبوو، بۆ ماوەیەکیش لە رۆژهەڵات، مۆڵەتی مەلایەتیشی هەر لەوێ لە مزگەوتی گەورەی یەکێک لە باژێرە گەورەکانی ئەودیو وەرگرتبوو. کە شۆڕشگێڕانی چیا تێکرای رۆژهەڵاتی دابڕاو ئازاد دەکەن و لە بەرنامەیاندا دەبێ بەشەکەی تری دەڤەری چیاش ئازاد بکەن و بەیەکەوە گرێیان بدەنەوە، ملی رێگا دەگرێتەوە و دەیەوێ لە خۆشی و ناخۆشییەکانی چیاییەکاندا بەشدار بێ، بەڵام بەرلەوەی بتوانێ سنوورە دەستکردەکان ببڕێ دەستگیری دەکەن، نامەیەکی گرنگی لێ دەگرن، دەڵێن نامەکە هی ئەفسەرێکی چیایی ئەو کات دەبێ، ئامادەیی خۆی دەردەبڕێ بۆ پشتیوانیکردنی رابەرانی شۆڕش. بەڵام نە نامەکە دەگات و نە باپیرەشم دەتوانێت بەشداری ئەو خۆشییە بکات، چونکە بۆ زیاتر لەچەند ساڵێک ناچاری دەکەن لە گرتووخانە پاڵ بداتەوە کە بۆ جارێکی تریش دوژمن دەتوانێ ئەو بەشەی چیاکان داگیربکاتەوە و بیخاتەوە ژێر رکێفی خۆی، ئەو هەر لە گرتووخانەدا دەبێ. هەموو جارێ دەیگوت:

– کوڕم ئەگەر بخوێنیت هەرگیز ون نابیت، نەخوێندەواری کوێرییە، وەکو وێڵێکی نەشارەزای بیابان وایە، ناتوانێت بە دوای مەبەستەکانی خۆیدا بڕوات.

ئەو هەرگیز بە ناهەشی هەنگاوەکانی نەدەبڕین. نازانم بۆ هێندە بە ژیان و ناوهێنانی بیابان ناڕەحەت دەبوو. هەمیشە بیابانی تێکەڵ بە مەسەلەکان یا ئامۆژگارییەکان یا چیرۆکەکانی دەکرد، بەڵام زۆرجارانیش ئەوەی وەبیر من دەهێنایەوە و دەیگوت:



– لە بیرت نەچێ کوڕم جیاوازی بکەی لە نێوان بیابانییەک و بیبانییەکی تردا. ئەوانیش وەکو هەموو میللەتانی دونیا، وەکو چیاییەکان خەڵکی باشیان تێدایە. ئەوانیش زۆریان بە رەفتاری سەرانی شەڕخواز و داگیرکەری خۆیان رازی نین، بەڵام هیچیان لەدەست نایەت، ئەگەر لە دەستیشیان بێت ناوێرن. کوڕم لە بیرت نەچێت ئێمەش خەڵکێکمان هەیە لە بیابانییە شەڕخوازەکان رووچڕتر و ناپیاوتر و دوژمنترە، ئەو بە زمانی چیاییەکانیش دەئاخڤێ و فێڵیشمان لێدەکات و دەشمان فرۆشێت، بۆیە نابێ گشتگیر بین، ئێمە کە ناوی بیابان دێنین باسی سەختی و ناڕەحەتی بیابان دەکەین، بەڵام کە باسی بیابانییەکان دەکەین دەبێ لە بیرمان نەچێ هەموویان وەکو یەک نین.

پێم دەگوت باپیرە باشە تۆ هێندە باسی بیابان و بیابانییەکان بۆ ئێمە دەکەیت، تۆ قەت بیابانت بینیوە، دەیگوت:

– نەخێر بەڵام زۆرم لەسەر خوێندۆتەوە، زۆریشم لەسەر بیستووە، قەت رۆژێکیش لەگەڵ بیابانییەک گفتوگۆم نەکردووە، لەبەر ئەوەی کەسی دۆستم لێ نەبینیون، ئەوەی هاتووە بۆ دەڤەری ئێمە هەر چەکدار بوون و بە مەبەستی داگیرکردن هاتوون، بە مەبەستی لێدان و قات و قڕی ئێمە هاتوون، بۆیە هەرگیز قسەم لەگەڵیان نەکردووە. دەشبێ چیاییەکان وابن، نابێ قسە لەگەڵ داگیرکەر بکردرێت، نابێ مامەڵە و ئاڵوگۆڕیان لەگەڵدا بکرێت، نابێ لەگەڵیان پێ بکەنیت و وا بزانن تۆ نەرمیت لەگەڵیان، دەبێ بزانن ئەوان داگیرکەرن، کە ناچاریش دەبیت قسەیان لەگەڵ بکەیت نابێت بە زمانی ئەوان قسە بکەین بۆ ئەوەی تێ بگەن کە ئێمە لەوان نین و ئەوانیش لە ئێمە نین و لەیەکتر حاڵی نابین. کوڕم ئاواتی ئەوە مەخوازە هەرگیز بکەویتە بیابان، ئەوەی وێڵی بیابان بێت و رزگاری بێت وەک لەدایکبوونێک وایە.

تۆز و غوباری ئەو رێگایە سینەی هەموومانی تەژی ئەو تۆز و غوبارە کردبوو و هەموومانی بەرەو خنکان دەبرد، هەرچی تۆزی رێگاکە بوو لە جامە شکاوەکە دەهاتە ژوورەوە. بە شوفێرەکەمان گوت، گوێی پێنەدا. دینۆ چەند جارێک نەڕاندی، پێی گوت: هەرهیچ نەبێ نەختێ ئێواش برۆ. بەڵام شوفێر هەر گوێی پێ نەدا، چونکە لە زمانەکەشمان حاڵی نەدەبوو. نەهری رۆحسووک

هێندەی بخوێنێتەوە و لە زیندانیش هێندەی گفتوگۆیان لەگەڵدا بکات زمانی بیابان باش فێر بووبوو. ئەویش نقەی نەدەکرد. ئەو هەر بۆخۆی بە حەوسەڵە بوو، زۆر درەنگ کۆنترۆڵی خۆی لەدەست دەدا. تووڕەیی زۆر پێوە دیار بوو، بە دەسماڵێک دەم و لوتی خۆی داپۆشی بوون، چاوەکانیشی لەسەر شوفێرەکە لا نەدەدا. بیابانییەک لە پێش ئێمە هەڵی دایە:

– بابە ئاوا بڕوا ئێمە دەخنکێین، تۆ دەڵێی ئاژەڵت بار کردووە، دەبێ هێندێک چاویشت لە ئێمە بێ.

بەڵام شوفێر هەر نقەی نەدەکرد، چاودێری دڕندەش کاری بەسەر هیچێک لەو بگرە و بێنانەوە نەبوو، لە هەموانی دەڕوانی و هەموومانی کۆنترۆڵ کردبوو، دەتگوت بۆ باپیرەی دەکات. دوایی یەکێکی تر هەڵی دایە:

– زۆرمان نەماوە، هێندێکی تر ئارامتان هەبێ دەگەین.

لەو سات و کاتانەدا بۆن و بەرامی بیابان، گەردی وشکەگیا و وردەتۆز گەرووی ئێمەی وشک هەڵێنابوو. بیرم لەو ساتانەی بیابان دەکردەوە کە ڕەشەبا هەڵدەکات. ئەو دیمەنانەم دەهاتنە پێش چاو کە ئارامدین دەکەوتە ناو شەپۆلەکانی ڕەشەبا، وەک لوتکە چیایەک ڕەق و توند بەرەو ڕووی ڕەشەبا ڕادەوەستا. پشتی تێنەدەکرد. قاچێکی بۆ پێشەوە و یەکێکیش بۆ دواوە. لورەی گورگ و سەگ و تاژیش تێکەڵ دەبوون. بەرەو ڕۆژئاوابوون بوو لە هەر چوار لایشی تا چاو دەیبینی هەر بیابان بوو. بەڵام نەشێوابوو ورە بەرز بوو. دینۆش دەینەڕاند و بە پرتە و بۆڵە ئەو ناوەی بێ حەوسەڵە کردبوو. بیابان ئاوایە مرۆڤ بێ حەوسەڵە دەکات. دەڵێی سەر تا پا دەجولێ، بەو تۆز و خۆڵەی ڕاوی دەنایین. لە وزەی زۆرانی ناو پاسەکەی دابەزاندبوو. ئەی باشە دەبێ ئەنفالکراوەکانمان چۆن لەو بیابانەدا ژیانیان بەسەر بردبێ؟ دەبێ ئەو چیرۆکانەی ئەوان فێری دەبن بەچەند کتێب بتوانرێ بنووسرێنەوە؟ ئەگەر چی چیرۆکەکان جیاواز نابن، هی گەورە و منداڵ تێکەڵ دەبن، منداڵەکان ناچاردەبن گوێ بۆ چیرۆکی گەورەکانیش شل بکەن، گەورەکانیش ناچار دەبن گوێ بۆ هی منداڵان شل بکەن. ئەو تایبەتمەندییانەی لە ژیانی چیاییەکاندا هەیە لێرە وندەبن، هەموویان گوێ بۆ یەکتر شل دەکەن، هەموویان دەرس لە چیرۆکی یەکتر



وەردەگرن. لێرە ژنان باسی تایبەتییەکانی خۆیان دەکەن لە بەردەم پیاوەکاندا، هەروەکو پیاوەکانیش سەربردەی عیشقەکانیان دەگێڕنەوە لەبەردەم ژنەکاندا. کەس کاری بەسەر کەسەوە نابێ، لە ناو ئازاری گرتووخانەدا و لە ژێر ئالۆزییە خنکێنەرە مەزنەکانی گەرمای هاوینی بیابان و لەبەردەم قامچی و ڕووەڕەشەکانی جەلادەکاندا بێ باکانە پاڵیان دەدایەوە و چیرۆکی یەکتریان دەگێڕانەوە، باسی بەسەریەکدا ڕماندنی زێد و ئاوەدانییەکانی خۆیان دەکەن. کە لە پاسەکە دابەزین، کەسمان یەکتریمان نەدەناسییەوە، دەتگوت هەموومان لە قەبر دەرچووین. ئەو عەریفەی ئێمەی بانگ کرد لیستی ناوەکانیشی لەدەست بوو. سێ چوار جار ئێمەی سەرلەنوێ دەژماردەوە. ژمارەکان کەمی دەکرد، هەمدیسان بە ڕیزە دەستی لەسەر مل دادەناین و یەک یەک دەیژماردینەوە. بۆ ماوەیەک ئێمەی بەجێهێشت و ڕۆیشت. ئەو شوێنە زۆر خەمناک و دوورە دەست دیار بوو. ڕووبەرێکی زۆری بە تەلدڕ پەرژین کرابوو. زۆرێک لە خانووەکان بە قوڕ دروستکرابوون. تاکوتیک دارخورما لەو دەڤەرە سامناکەدا ڕوا بوون، سێبەریان نەبوو، چونکە لە گەرمان ڕووت بووبوونەوە، چورچ هەڵگەڕابوون، هەرچی سەوزاییە لەسەر ڕووی ئەو دار خۆرمایانەدا نەدەبینرا. جارێکی تر عەریفەکە ئێمەی دەژماردەوە و ناوەکانی دەخوێندنەوە و دەڕۆیشتەوە. عەریفێکی تر دەهات و فەرمانی پێ دەکردین خۆمان ڕووت بکەینەوە، لەسەر پشت لەسەر پانایی ئەو گۆڕەپانەی ئەوێدا درێژ بین و نقەمان لێوە نەیەت، ئێمە نەمان دەزانێ چ لەو سەربازگەیەدا ڕوودەدا، نەمان دەزانی چارەنووسی ئێمە بەکوێ دەگات.

## بەشی دەیەم

لە ناو هەموومان‌دا بانگی نەهری رۆحسووکیان کرد. چونکە زمانی ئەوانی دەزانی، زانیم سزای ئارامدین ئێمە دەیخۆین. هەر هیچ نەبێ لەو ساتەدا دڵم ئەوەی پێدەگوتم. لەبەر هیچ نا، بێجگە لەوەی کە لەگەڵ ئێمە ئاخافت بێ ئەوەی ئەوان لێی حاڵی بن. زەینم بۆ هەموو شتێک دەچوو، زۆر بە هۆشەوە بیرم دەکردەوە بەڵام وەکو جەستەیەکی بێ گیان توانای بچووکترین جوڵەم نەبوو. ئێمە هەموومان لە سریەیەکی تێکەڵاو لە سەربازە نوێیەکان و هەندێ سەربازی تریش کە پێشتر لەوێبوون لەبەر تیشکی هەڵپرووزێنەری نیوەڕۆ، لە پانتاییەکی تۆزاوی رووت و بێ پەنا رووت کرابووینەوە، عەریفێک بە زمانی بیابان گەف و هەڕەشەی بەسەر گوێچکە بە نازەکانماندا دەڕێشت. کە نەهری رۆحسووکیان هێنایەوە لەسەر قەلەوێرەکەی تەنیشت من فڕێیاندا، نەمتوانی بڵێم ئەوە چی روویداوە. ماندووبوون وزەی هەموو جومگەکانی لەشی وشک کردبۆوە. بینیم چۆن بەری چاوەکانی رەش‌وشین هەڵگەڕابوو. بە تیلە چاوێکی رووی کردە من و هیچ قسەیەکی نەکرد. ئەو رۆحسووکە بە درێژایی ژیانی تەنها لەگەڵ کاغەز و قەڵەم ژیانی بەسەر بردووە. خوێندن و خوێندنەوە لە هەموو شتێکی دابڕیبوو بێجگە لە چالاکییەکانی ناو رێکخستن. شەو و نیوەشەو بانگمان بکردایە بۆ چالاکییەک هەرگیز لاموجیمی نەدەکرد. جارێکیان بە دوایدا دەگەڕام لە کتێبخانەی زانکۆ دۆزیمەوە، لەگەڵ خەزاڵی شێربەگدا قسەیان دەکرد، منیش بە تەنیشتیاندا تێپەڕ بووم، ئەو هەستی کرد کە کارێکم پێیەتی. یەکسەر هات بۆ لام و پێم گوت:

"دیداری مام دارۆ گیراوە"

بێ ئەوەی روخسەت لەو خۆشەویستەی وەربگرێ یەکسەر بڵند بوو رۆیشت. منیش بانگم کرد وەڵامی نەداوە، بە راکردنێکی هێمنانە لە زانکۆ دەرچوو لەبەر چاوم ونبوو. من دامنابوو پێی بڵێم ئەو شەوە نەچێتەوە ماڵ نەبادا ناوی لەگەڵ ئەو لیستە دابێ کە لەدەست دیدار گرتوویانە. نەهری دەچێت باوکی هەڵدەپێچێت بچێت دیدار ئازاد بکات. باوکی قەدری نەهریی زۆر لە لابوو. ئەو لەگەڵ خەڵکی دیکەشدا هەر وابوو، تا



بڵێی زیرەک و میللەت پەروەر و ئازا بوو، دۆستی هەژاران بوو. یەکێک لەو سیخوڕانەی کە لە شارۆچکەی ئێمە دەسەڵاتێکی رەهای هەبوو لەگەڵ ئەو خوێندبووی. لەگەڵ ئەوەش ئەو ئەفسەرە سیخورە بە باوکی نەهری دەڵێ:

– ئەگەر هێندە تەنگاوی بۆ ئەو هەڵگەڕاوانە بڕۆ کوڕەکەی خۆت بێنە شوێنی دیدار ئێمە ئازادی دەکەین.

ئەویش بە نائومێدی لە بنکەی هەواڵگری داگیرکەران دێتە ماڵەوە و بە نەهری دەڵێ:

– لە شوێنی ئەو تۆیان دەوێ، ئەگینا ئازادی ناکەن، دەشزانم ئەمە داوایەکی بێجێیە لە هەنجەت گرتن بەدەر هیچی تری لە پشتەوە نییە، هەروەکو دڵنیاشم تۆش بچیت دەتگرن و ئەویش ئازاد ناکەن.

نەهری بێ بیرکردنەوە لە دوارۆژ و لەو ئازاردانە چاوەڕێ کراوەی کە هەر کەسێ بکەوتبایە ئەو بنکەیە بێ ئێش و ئازاری رەها قورتاری نەدەبوو، ئەگەر بە مەرگی تەواو نەبووبایە. دەچێت بۆ بنکەی هەواڵگری و خۆی دەخاتە شوێنی دیدار. پێی رادەگەیەنن دوای لێکۆڵینەوەکان هەردووکتان ئازاد دەکەین، هەرچەند لەگەڵیان دەکەوێتە دەمدەمانێ و پێیان دەڵێ:

– چیتان لێمان دەوێ؟

بە نەهری دەڵێن:

– تۆ خۆت رازی دەبی ئاوا بە هەوەنتە یەکێک بکەوێتە بەر دەستمان ئازادی بکەین؟

ئەویش بە شێوەیەکی ئاسایی دەڵێ:

– ئەگەر بێ تاوان بێ، بەڵێ، بۆ نا.

بەڵام ئەوان دەیانزانی کێیان دەسکەوتووە. بۆیە پێی دەڵێن:

– دەباشە لە لێکۆڵینەوەکان وادەردەکەوێ کە لە دیدار ترسناکتر بۆ سەر ئاسایشی وڵاتی ئێمە، تۆی، هەردووکتان ئاگاتان لە یەکتر هەیە و ئەگەر بە پێی خۆشت نەهاتبای ئەوا بە شەق بۆ ئێرە رامان دەکێشای.

نەهری رۆحسووک دوو ساڵی رێک ئێش و ئازاری بەندیخانەی چێشت، باوکی هیچ کوێیەک نەما سەری پێدا نەکا بۆ ئازاد کردنی. بەڵام نەهری بەو کارەی گیانی دەیان ئەندامی رێکخستنی کڕییەوە، زنجیرەی رێکخستنەکان لەو و لە دیدار دەپچڕێ،

ڕۆحەکانیان ئاوێتە دەبن و بەڵێن بە یەکتری دەدەن کە هیچ ناوێک نەدرکێنن و ژیانی کەسیش نەخەنە مەترسییەوە، خۆ ئەگەر وانەبوایە ژیانی من و دینۆ و فەقێ ئامانج و زۆرێکی تری ئاگری پیرۆز دەکەوتە مەترسی. ئەو ڕۆژەی کە لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی هەواڵگری دەردەچن و دوایی دەیانبەن بۆ گرتووخانە، دەکەونە یەک ژوور، هەردووکیان وادەزانن کە بەڕاستی یەکتریان بینیوە و ئەو بەڵێنەیان بەیەکتر داوە.

ئەوان نەبوان دەبوایە هەموومان وەبەر شەپۆلی نەگبەتی داگیرکەر بکەوین و دەستی ڕەشی ڕۆحی هەموومان هەڵبگلۆفێنێ، یان دەبوایە بەلای کەمەوە دەست لە خوێندن و ژیانی سڤیلی هەڵگرین و ملی دایان بگرین و ببین بە پێشمەرگە. ئەوەی کە لە یادم ناچێ و بۆ من جێی سەرسوڕمان بوو ئەو خۆڕاگرییە بێ وێنەیە بوو، ئەو ڕۆحە بوو کە ماندووبوونی نەدەزانی، ڕۆحێک بوو دەگمەن بوو لەناو چیاییەکان. زۆر جار بەرلەوەی ئاگری پیرۆز ئەنفال بکرێ داوایان لێدەکردم هەندێ کتێبی پیری چیادادیان بۆ پەیدا بکەم و بۆیان ببەم. هەر بۆیە دوای بەربوونی ڕۆحسووکیش هەموو هاوڕێیان و دۆستان لەگەڵی دەکەونە گفتوگۆ. چەندێک لەوانە کەوتبوونە ژێر کاریگەری لێکدانەوە ورد و درشتەکانی ئەو. ئەو پێی وابوو چیانشینەکان بەدبەختن کە بە تێکڕا پیری چیادادیان نەکردۆتە سەرچاوەی سروش و عیشق و پێڕەوەکانی خۆیان. ئەو دەیگوت:

– خەپە گیان ئەو قالبەی چیانشینەکانی چەسپکردووە هەر ئاوا بەئاسانی بە ئێمە ناشکێندرێ، کاریگەری ئەو سەدان ساڵەش بە ئاسانی لە وزە و خورتییەکانی بەتاڵ ناکرێتەوە، نە دەشتوانین ناچاریان بکەین بۆ بازدان بۆ فەلسەفەیەکی تری جیاواز لەوەی کە ئەمڕۆ باوەڕیان پێ هێناوە. ئەو شتانە لە کتوپڕ نابن، بە چاو تروکانێک چارەسەریان نابێ. نە ئایین و نە هیچ بیر و باوەڕێکیش بە شەو و ڕۆژێک لە دایک دەبن. ئەوەی کە گرنگ بوو، دەبوایە تا ئەمڕۆ بکرابایە فەلسەفەی دینداری چیاییەکان لە هی داگیرکەرانی دەڤەری چیا، جیا بکرابایەوە، سیماتە پیرۆزەکانی چیاییەکان بە دووڕیانێکی تردا بشکێنرابانەوە، دووربان لەو پیرۆزییانەی کە داگیرکەرانی نیشتمانی ئێمە باوەڕیان پێ هێناوە. ئەو ساتانەی کە پێغەمبەرایەتی تیادا لە دایک بووە و خۆیان وەکو پێغەمبەر ڕاگەیاندووە، ساتی دەگمەنن لە مێژوودا، چرکە ساتێکن کەسانێکی تیادا لە دایکبوون و توانیویانە بە ئەرکی چاکسازانەی خۆیان هەڵسن، توانیویانە لەو



بەستەڵەکەی کە لە زەمەنی ئەواندا پتەو بووە بیشکێنن و لێی لادەن و بە کۆمەڵێک ئامراز خەڵکەکە وا لێبکەن باوەڕیان پێ بێنن. پێمان خۆش بێ یان ناخۆش، ئەوان پاڵەوانی چرکە ساتەکانی خۆیان بوون. ئەوان بوێرانە لە داب و نەریتی زەمەنی خۆیاندا لایان داوە و شتی تازەیان هێناوە. بەڵام پیاوانێکی وەکو پیری چیاداد جیاوازن، بیرکردنەوەی ئەوانیش هیچی کەمتر نەبووە لە بیرکردنەوەی پیاوانی زوو، لە هی پێغەمبەران. بەڵام خۆت دەزانی ئەمڕۆ کەسێک ناتوانێ چرکەساتێک دروست بکاتەوە و شتێکی نوێ بەرهەمبێنێتەوە، بێجگە لە چاکسازی. بۆیە دەبینین زۆر کەس هەوڵی چاکسازی دەدا، دەیانەوێ درز لە بیر و بۆچوونە بەنجبووەکانی خەڵک بکەنەوە، لە دەرەوەی مێژوو دەریان بێنێ و بیانکەنەوە بە کەرەستەیەک بۆ دروستکردنی مێژوویەکی تر، ڕۆحیان ئەکتیف بکاتەوە. پیری چیاداد پیاوێکی دڵسۆز بووە، ویستوویەتی ئەو شتە بکات، بەڵام ئەو شەڕەی بۆ دژایەتیکردنی ئەو کراوە شەڕێک بووە لە دژی ڕۆحی چیاییەکان، لە کەسی ئەودا ڕۆحی ئێمەیان خستۆتەوە پەراوێز و رووخسارەکانیشمان توانراونەتەوە. ئەگینا ئەو ویستوویەتی تایبەتمەندییەک لە رووی فیکری بۆ چیاییەکان دروست بکات. پێش ئەویش پیاوی ترمان هەبوون ئەو هەوڵەیان داوە، بەڵام داخەکەم ئەقڵی زۆرینە هێندە سڕبردی بووە، کۆششی هیچ کامێکیان سەری نەگرتووە.

ئەو لەگەڵ ئەو بۆچوونە دابوو کە جارێکی دی کۆمەڵگا دەبێ سەرلەنوێ خۆی داڕێژێتەوە. بەڕای ئەو کۆمەڵگا دەتەپێت، کۆمەڵێک هۆکار هەن بۆ تەپاندنی، کولتوور و ڕۆشنبیری گەلانی دی، چونکە ئەو کولتوورە ڕۆحی گەلانی تری تێکهەڵە. شەڕی داسەپاو و وێرانکاری، لە هەمووشیان ترسناکتر نەخوێندەوارییە. ئەوەی کە لای ئێمە جێگای مەترسییە، تۆزی بەستەڵەک و داب و نەریتی گێڕە و نقومی شەپۆڵەکانی خۆی کردووە و پێویستە گەورە و گچکەی کۆمەڵگا بە پڕۆسەیەکی دڵ شوتنەوە و مێشک پاک کردنەوەدا بڕۆن، ئەوەش کە لە ئاکامدا نایەوێ بەو پڕۆسەیەدا تێپەڕ ببێ پێویستە دەرفەتی بدەین و نقومی خۆشەویستی بکەین، بە هەموان یارمەتی بدەین لە ڕەفتارە بەدەکان دووری بخەینەوە. لە هەموو حاڵەتەکان نابێ کۆمەڵگا لێیان بێئاگابێ. ئەوان ئەگەر وازیان لێ بهێنرێ هەناسەیان بە گوناهبار دەمێنێتەوە، چونکە ئەوان لە نێوان پەنجەکانی ئەهریمەندا دەبن. ئەو، "ئێمەی بە قوتابی پیری چیاداد دادەنا و دەیگوت:

– ئێوە نیمچە پەروەردەی وتەکانی ئەون، چونکە پەروەردەی وتەکانی گوڵچینی شێرەچیان. ئێوە ئەو شتەتان نەدەزانی، هەروەکو بەخۆشتان نازانن کە ئێوە هەڵگری پەیامێکن و بێ ئاگاش.

ڕۆحسووک ئێمەی زۆر خۆشدەویست، بەڕای ئەو ئێمە دەبوایە بچینە سووڕێکی سەخت، سووڕی خۆ هەڵوەشاندنەوە، بۆ ئەوەی بتوانین لە قالبە کۆنەکان ڕزگارمان بێ و نەک بگەڕێینەوە ناو کۆمەڵگا، بەڵکو بە ڕای ئەو دەبوایە زەمەنێک لە پێش کۆمەڵگاوە بین، تا بتوانین ئەمڕۆیان بۆ ڕۆشن بکەینەوە، ئەو نموونەی بە چاوساغی کاروان دەهێنایەوە، دەیگوت:

– چاو ساغ هەندێک جاران سەدان مەتر لە پێش کاروانەکەیدا دەڕوات، بۆ ئەوەی نەبادا مەترسییەک لەسەر ڕێگا هەبێ و دوایی نەتوانن مشوری بخۆن. شۆڕشگێڕیش دەبێ سەدان هەزار چرکە لە پێش هاووڵاتییانی خۆی بێ، بۆ ئەوەی بەر لە ڕووداوە نەگبەتەکان بگرێت. بۆ ئەوەی گەلەکەی بەرەو هەڵدێر نەچێت، بۆ ئەوەی ون نەبن.

ئەو زۆر جاران باسی پاک بوونەوەی ڕۆحی دەکرد، بە پرۆسەی پاکبوونەوەدا تێپەڕ ببین، پرۆسەی پاک بوونەوە بە لای ئەو پرۆسەیەکی چارەنووسساز بوو، پێویستی بە گرتنەبەری هەموو جۆرە ئامرازێکە بۆ سەرگرتنی، بەڵام خاڵی هەرە پۆزەتیفی ئەو تێکەڵ نەکردنی هەڤاڵینی بوو لەگەڵ جیاوازی بیروڕا. یەکێک لە کارە هەرە بەرچاوەکانی لەو قۆناغەیدا ململانێی بوو لەگەڵ مەلای قولئەعوز. ئەو دەیزانی ئەوان جیاوازن، ئەمە لە خۆیدا کێشەی ئەو نەبوو، ئەو ڕەخنەی لە ڕەفتارەکانی مەلا عەبدولباری قولئەعوز دەگرت، پێی دەگوت:

– ئەگەر بیرکردنەوەت ڕاست بوایە ئاوا سەراوبن بیرت نەدەکردەوە، بە هەناسەکانی داگیرکەر خۆت گەرم نەدەکردەوە.

دینداری نەهری جیاواز بوو لە هی دیندارە باش و خراپەکانی ئێمە. بەو دیندارییەی لە جاران میهرەبان تر بووبوو. بۆیە لەگەڵ ئەو مەلایە دەکەوتە دامێنی کۆمەڵێک جیاوازی بێ کۆتا. بەلای نەهریەوە ئەو مەلایە ڕق دەچێنێ، پێی وابوو ئەوانەی خەڵک، ئەم و ئەو بێ هۆ و بە هۆ گومڕا دەکەن، کەسی نەخۆشن، چونکە ئەو مەلای قولئەعوزە بەبۆنە و بێبۆنە هەندێک لە چیاییەکانی دەناردن بۆ بەهەشت و هەندێکیش بۆ دۆزەخ. دەیانگوت ئەو لە ژێر کاریگەری ڕاستەوخۆی هەندێک لەو کتێبانەدایە کە



داگیرکەر ڕەواجیان پێدەدا. بۆیە بەلامانەوە سەیر نەبوو ئەگەر دووبەرەکی و ناڕەحەتی لەو دەڤەرەدا دروست بکات. بەڵام نەهری ڕازی نەدەبوو ئەزیەتی بدرێت و دەیگوت ئەویش نەخۆشە، دەبێ لەگەڵ نەخۆشان هەمیشە میهرەبان بین. لە ماجەڕای ئەو هاوڕۆحییەدا لەگەڵ نەهری و بێتاقەتی و غافڵبوونم لەو بانگکردنەی و دەرەنجامەکەی، دینۆ هاتە سەر سەرم و قیڕاندی. زانیم بیرەوەرییەکانم بەرەو دووڕیانێکی نادیاریان بردووم. کە ئاوڕم دایەوە نەهری لەسەر جێگاکەی نەمابوو شوێنەواری جانتا و شتومەکەکانیشی نەبوو. دینۆ بە چاوی پڕ لە گریانەوە لەسەر لێوێکی قەڵەوێرەکەی نەهری دانیشتبوو و لە پڕ گوتی:

– یەکە یەکە کۆتاییمان پێ دێنن.

پاشان هەناسەکەی قوت دایەوە، گوتی:

– ئەو داک حیزانە دەیانەوێ بەیانی بەرەو بەرەکانی شەڕ بمانگوازنەوە.

من زانیم دینۆ زۆر پەشۆکاوە. زانیم نەهرییان بەیەکجاری بردووە. لەو باوەڕەشدا بووم کە دینۆ شتێکی زیاد لە من زیاتر نازانێ، بۆیە بڕیارم دا قسە نەکەم، دەبوایە بیر لە داهاتووی خۆمان بکەمەوە. دوو ڕێگامان لە پێش بوو یان مردن لە بەرەکانی جەنگ، یان مردن لە بیابان. یەکێک لەوی تر تاڵتر. ئێمە ئیتر ناتوانین بۆ کەسێک یا بۆ شتێک بمرین. ئێمە پرۆژەی مردنێکی عەبەسین. لەهەموو حاڵەتەکاندا دەبێ بمرین. ئەمە ئیرادەی زۆرانێکە کە ویستوویانە بمرن. بەڵام نەیانزانیوە بۆ دەبێ بمرن. بەس نییە نەهری ڕۆحسووک شتێکی ئەنجام داوە بۆیە مانەوەی لە ناو ئێمە بۆگەنیکردنی ئەو مردنەیە کە چاوەڕێمان دەکات. ئەو مردنەی کە بیابانییەکان بۆ ئێمەیان دەوێت. ئەو دەیەویست مانایەک بە بەر مردندا بکات، مانایەک ڕەگوڕیشەی لە چیاوە هەڵقوڵا بێت. مانایەک بێ تەنها بۆ چیا بگەڕێتەوە. تەنها چیا بناسێت، هیچ دەڤەرێکی تر وەخۆی هەڵنەگرێت. ئەو مانایەی چیا بە مردنی دەبەخشی درێژ دەبێتەوە بۆ هەمان ئەو مانایانەی کە ڕەگ و ڕیشەی داربەڕووەکان بە خۆڵی چیاکانی دەدات. یا درێژە پێدەری ئەو مانایانەیە کە ئەشکەوتێک بە ژیانی ئاژەڵێکی دەدات. سروشتی چیا وایە هەر ئاوی لێ دەچۆڕێتەوە. هەمووشمان دەزانین، ئاو سەرچاوەی ژیانە. ئەو مانایانەی ئاو بە ژیانی دەبەخشێت نەهری ڕۆحسووکیش دەیەوێت بە مردنی ببەخشێت. زۆر جار دەیگوت:

– ئەو چیایانەی وشک بوون ئاویان لێ ناچۆڕێتەوە، دەبێ بە خوێن تەڕ بکرێنەوە، دەبێ بێ ماناییەکەیان بە خوێن ماندار بکرێتەوە، چیا و وشکایی وەکو بیابان و تەڕایی وان. هەردووکیشیان دوو حاڵەتی ناوازە و ڕێزپەڕن. جیاوازی نەهری لەگەڵ ئێمە یەکشت بوو، ئێستا دەزانم ئەو شتەش زۆر گرنگ بوو، ئەویش هەمیشە بە دوای ماناداگەڕان. دەیگوت:

– ژیان دەبێ مانای هەبێ، ژیانی بێ مانا وەکو چیای بێ ئاو وایە.

ئەو دەگەڕا، هێندەی دەخوێندەوە ئێمە لە جیاتی ئەو لە خۆمان و لەویش بێزار و وەڕەس دەبووین. جارێکیان خەزاڵی شێربەگ پێی گوتم:

– دەزانی کاکە بەختەوەر نەهری وزە و ورە و خۆشەویستی خۆی لە چیا وەردەگرێ.

وا پێ دەچوو خەزاڵیشی فێری خۆشەویستی چیاکان کردبێ، ئێمەش چیاکانمان لە ڕۆحی خۆمان خۆشتر دەویست و ئامادەبووین بۆیان بمرین، بەڵام ئەو مانایەکی تری بە بەر ئەو خۆشەویستییەدا دەکرد، ئەو پێی وابوو خۆشەویستی نابێ لە کاریگەری بەتاڵ بێتەوە، هەروەکو گوڕانیش دوور لە شوێنەوارەکانی تەنها توێکڵ دەبێت. لای ئەو مەرجی ئەڤینی هەرکەسێک، ئەڤینییە بۆ چیا. ئەوەی چیای لە ڕۆحی خۆی خۆشەویست تر نەبوایە بە چیایی دانەدەنا. دەیگوت باشترە ئەو جۆرە کەسانە لە بیابان بمرن.

دەیگوت:

– چیایی نابێ شەتڵەکانی چیا بۆ بیابان ببەن، چونکە بێ ئاو دەخنکێن، ئەوەش گوڵێک بخنکێنی دەبێ بخنکێنرێتەوە، لەبەر دوو هۆ، یەکەمیان: بووە بە هۆی خنکان و دەربەدەرکردنی گوڵێک. دووەمیان: بووە بە هۆی ناشیرین کردنی چیا.

پاشان دەیگوت:

– هەروەکو ناشبێ گیاحوشترێک لە چیا بڕوێنرێت، چونکە دەبێتە هۆی خێرایی سیسبوون و زەردبوونی. هەر زوو لەبەر ئاو سیس دەبێت، حوشترالوک ڕووەکێکی دێمییە نابێ ئاو بدرێ، ئەوەی بێ بە هۆی دەربەدەرکردنی ئەو ڕووەکە دەبێ سزابدرێ، یەکەمجار چونکە بووە بە هۆی خنکانی گیاحوشترەکە و دەربەدەرکردنی لە زێدی خۆی. دووەمجاریش، خواردنی ئاژەڵی بیابانە، ئەوانیش مافی ژیانیان هەیە. بەڵام



گرفت لەوەدایە زۆرێک لە بیابانییەکان ئەو ڕاستییە تێناگەن یا نازانن، ئەوان نازانن گیای بیابان ناتوانێ لە چیا بژیێ، هەروەکو گوڵی چیاش ناتوانێ لە بیابان بژیێ.

ناچار بووم بەراورد لە نێوان ئەو دوو جۆرە دەڤەرەدا بکەم. بۆ چیا سروشتێکی تایبەت بۆ جێنشینانی خۆی دروست دەکات. هەروەکو بیابانیش سروشتێکی تری تەواو جیاواز بۆ جێنشینانی خۆی؟ خۆ ئەو چیاییەی کە جیاوازییەکان نەبینێ پێویستی بە فێربوونی ماناکان هەیە. ئەوەش کە تێکەڵیان دەکات حەقی خۆیەتی لە چیا دەربکرێ و بنێردرێتە بیابان تا فێری ماناکانی ژیانی بیابان دەبێ. ئەوە نین ئێمە خۆمان سزای خۆمان داوە، هاتووین لێرە فێری مانای شتەکان ببین. ئەوەی بۆ ماوەیەک لە بیابان نەژییەت نازانێ ژیان لە چیا چی دەگەیەنێ.

لە پڕێک، لەگەڵ سەرهەڵێنانمدا بە ڕێژنە کۆمەڵە قامچییەک بەر سەر و گوێلاکم کەوتن. کە تەماشام کرد کەس لەو هۆڵە زەبەلاحە نەمابوو. وا پێدەچێ دینۆ بە دەنگی گەورەیشی نەیتوانیبوو رامپەڕێنێت. جەستەم هێندە داهێزراو بوو شەکەتی ئاوای بە خۆوە نەبینیبوو. ویستم بەرز بمەوە یەکسەر کەوتم. لەگەڵ قامچی و شەق و پێلەقە هەوڵی خۆجوڵان و بەرزبوونەوەم دا، بەڵام بێ سوود بوو. ئیتر کەوتمە سەر پشت. لەگەڵ ئەو لەقەی کە لە سینەمی قایم کرد، وامزانی جەرگی دەرهێنام. هەرگیز زەبری هێندە کوشندەم نەخواردووە. دوای ئەو لەقەیە نازانم چیقەومابوو. کە چاوم کردنەوە لە شوێنێکی سەیر بووم، ژوورێک بوو جیاواز بوو لە شوێنی لێی بووین، ژوورێک بوو بەو ژوورانەی سەربازگە نەدەچوو. وا پێ دەچوو لە نەخۆشخانەیەکی دوور لە سەربازگەکە بم، بەڵام وەکو گیراوێک. ئەو ساتە زانیم لەگەڵ قامچی و لەقە و شەقی سەربازەکان زیاتر لە چەند قامچییەکم بە بەر دەم و چاو و مل و سینگ و هەموو گیانم کەوتوون. لەوە زیاتر هەستم بە نارەحەتییەکی زۆری جەستەم دەکرد، هەستم بە داهێزرانێکی بێ سنوور دەکرد، ژانە سەرێکی بە هێزیش چاوەکانی تاریک دەکردم. کە ویستم لەسەر پشتم خۆم بخەمە سەر تەنیشت هەستم بە ئازارێکی بێ سنووری سینگم کرد، لەو ساتانەدا، پەرستارێک بەرەولامەوە هات و بە زمانی بیابان داوای هێمنی لێکردم، گوتی:

– خۆت ئازارمەدە، زۆر خۆت مەجوڵێنە، تۆ دوو پەراسووی سینگت شکاون، تا ماوەیەکی باش دەبێ لێرە بمێنیتەوە.

## بەشی یانزەهەم

ئەو ژوورەی کە منی تێدا چارەسەر دەکرام، چەند سەربازێکی نەخۆشی تریشی تێدا بوون. قاوشێکی درێژ و بەرین بوو. لە هەردوو دیویدا تەختەی ئاسن لە نزیک یەکتر دانرابوون و هەموویان خەڵکیان لەسەر راکشابوو، هەندێکیشیان دەستێکیان لە دیوێکی قەڵەوێرەکە سندمکرابوو. دوکتۆرێک لەوسەر هەوڵی چارەسەر کردنی کەسێکی دەدا، بەڵام ئەو کەسە وەکو منداڵ هاواری دەکرد و ئەو قاوشەی وروژاندبوو. پەرستارێکیش زۆر بە هێمنی هاوکاری ئەو دوکتۆرەی دەکرد. لە دەروازەی ژوورەکەدا وێنەیەکی گەورە هەڵواسرابوو، کتومت هەمان ئەو وێنەیە بوو کە لە دەروازەی هەوران هەڵواسرابوو، بەڵام ئەمەیان نەختێک بچووکتر بوو. بە زمانی بیابانیش لە ژێرەوەی وێنەکە نووسرابوو: "بە گیان بە خوێن، بالاگێڕی تۆین ئەی سەرۆک". لە ژێر وێنەکەشدا سەربازێک بە چەکەوە وەستابوو، لەوەوە زانیم کە ئەو نەخۆشخانەیە نەخۆشخانەیەکی ئاسایی نییە، وەکو بەندیخانەیەک وایە، بۆیە زانیم کە دەبێ منیش دیل بم، یا تاوانبار بم و کە چاکبوومەوە رووبەڕووی دادگای سەربازی ببمەوە. وێنەیەکی بچووکتریش لە کۆتایی قاوشەکەدا هەڵواسرابوو، هەمان ئەو کەسە بە جلوبەرگی دوکتۆرێک قسەی لەگەڵ نەخۆشێکدا دەکردن و لەگەڵی پێدەکەنی. لە دیوی دەرەوەی پەنجەرەکەی پشت سەری منیش دا لە دارخورما بەدەر شتێکی تر نەدەبینرا. کە تەماشای دارخورمایەکانم دەکرد سەرتاپا خەمبار و کەساسم دەهاتنە بەرچاو. هەموو رەنگ و رووێکیان دەیگوت ئەو دارخورمایانە بە ناچاری دێمێنراون. هەستم دەکرد قسەم لەگەڵ دەکەن، هەرچەند لێیان ورد دەبوومەوە ئەو هەستەم بە گووڕتر دەبوو، بەڵام دڵی خۆیان بۆ نەدەکردمەوە چونکە زانیم لە زمانم حاڵی نابن و لە رەنگورووشمدا بە خەڵکی ئەو دەڤەرە ناچم. حەقیشیان بوو، چونکە نە من شتێکم دەربارەی ناوی دارخورماکان دەزانی، نە ئەوانیش دەربارەی من. ئەوە نییە من وا



دەزانم هەموویان هەر پێیان دەڵێن دارخورما، بەڵام ئەوان کۆمەڵێک ناوی هەمە جۆریان هەن، هەروەکو ئێمەی چیایی، هەرمێکانمان، گوێزەکانمان، داربەڕووەکانمان، دارەبەنەکانمان، تەنانەت گوێنییەکانی کوێستانیش ناوی هەمە جۆریان هەن. ئەوانیش بەم شێوەیە، دەمویست بزانم، چ جارانیش ئەو دەرفەتەم نەبووە، تا ئەو ئێوارەیەی کە پەرستارەکە هات بۆلام، بینی زۆر بە قووڵی سەرنجی دارخورمایەکان دەدەم. گوتی:

– لە وڵاتی ئێوە شتی ئاوا سەیر نییە ها؟

قسەکەیم زۆر لا سەیر بوو، یەکسەر منی خستە پرسیار کردن، چۆن ئەو زانی من خەڵکی ئەو دەڤەرە نیم؟ پاشان چۆن بە خەڵکی وڵاتێکی تر دەمژمێرێ؟ بۆیە پرسیم تۆ کێیت؟ گوتی:

– برادەر منیش چیاییم، وا مەزانە ئەوەی لە بیابان کار دەکات کوڕی بیابانە. ئەو دارخورمایانە چۆن تۆ بە نامۆ دەزانن منیش هەروا، ئەوە زیاتر لە شانزە ساڵە دەمەوێ ئەو دارخورمایانە رام بکەم، کەویان بکەم، بێهودەیە و دەستەمۆ نابن، تا ئەو چرکە ساتەش هەر بە بێگانەم دەزانن. ئەوان ئەوەی بە ئارەزووی خۆی نەهاتبێ بۆ ئێرە هەر بۆنی بێگانەی لێ دەکەن. ئەو بە شێوە زاراڤای ئارامدین قسەی دەکرد. بەڵام شتێکی لە ئارامدین جیاواز بوو، ئەو یەک پارچە ئارامی و دانبەخۆداگرتن بوو. ئەو هێندە لەسەر خۆ بوو لە کاتی رۆیشتنیدا پەلکە خورماکانی نەدەجوڵاندن، موڕەشی لێنەدەکردن چونکە دەیزانی ئێرە لەوانەیە تا زەمەنێکی درێژتریش مەنزڵگا و شوێنی حەوانەوەی ئەو بێ. ئەو یەکێک بوو کە زیاتر لە هەموو پەرستارەکانی تر دەبینرا، دەیگوت:

– ژیان لێرە زۆر داخراوە، تۆ تەنانەت دەبێ ئاگات لە هەموو ئەو وشانەش بێت کە لە دەمت دەردەچن، مرۆڤ لێرە لە چەند لایەکەوە گەمارۆ دراوە، لە رووی ئاساییشەوە دەبێ وریا بیت، قسە لەسەر بیابان نەکەیت، گیاحوشترەکان هەرچەند هەموویان ژەهرداریش نەبن نابێ هەراسانیان بکەیت و بەسەریاندا هەنگاو بنێیت، لە هەنگاونانەکانیشت نابێ پانیان بکەیتەوە. هەروا نابێ مرۆڤ وەک خۆی بێت، دەبێ هەمیشە ئەکتەر بێت،

رۆڵی هەمەجۆر بنوێنێت، هەر چەندە من گەنجم بەڵام هەمیشە دەبێ وەکو ریشسپییەک، یاخود وەکو دایکم هەموو جارێ پێی دەگوتم "سەرەمێردانی" رەفتار بکەم، دەبێ ئاگات لە چاوەکانت بێت، بەرامبەر پیاوەکان بە ئەدەب بجولێیتەوە، لە ئاکامدا ئێمە هەر بێگانەین، چونکە چیایین، خەڵکی چیا بە قەد گوڵ و گژوگیای بەهاران ناسکن، خەڵکی بیابانیش هەمان سروشتی دارخورما و گیاکانی بیابانیان هەڵگرتووە، تەماشای رەنگیان، جل و بەرگیان، پێڵاویان، تۆڕی کۆمەڵایەتییان، هەموو شتێک لێرە سروشتی بیابان وەردەگرێت، برادەر تۆش ئەگەر ١٦ دانە ساڵ لێرە بژیت هەمان گاریگەرییت دەکەوێتە سەر، مەگەر شەو و رۆژ وشەی چیا بکەی بە وێردی سەر زمانت، هەموو ئێواران و بەیانییان نەوەد و نۆ جار هاواری چیاکان بکەیت، حەز و ئارەزووەکانت بگەڕێنیتەوە بۆ ئەوێ، بەقەد بەرزی چیاکان بەرز بژی و دانەبەزیتە قووڵاییەکانی بیابان، ئەگینا ون دەبیت برادەر ون دەبیت، ئەوە شانزە ساڵە من ململانێمە لەگەڵ ئەو بیابانە، لەگەڵ ئەوەش تا ئێستا ناتوانم هەزار مەترێک دوور بکەومەوە، کەچی ئەوان وا نین، بیابانییەکان بە هەزاران مەتر دەچنە قووڵایی ئەو بیابانەوە، کەچی بێ گیروگرفت دەگەڕێنەوە. بیابان زەرر بە خۆیان ناگەیەنێت، ئەوەی بۆنی نامۆیی لێ نەیەت هیچی لێ ناکات، ئێمەی چیایی وا نین، چونکە چیاکان هەموو شتێکیان جیاوازە، هیچیان لەیەک ناچێت، هەرگیز دوو لوتکە چیا شێوەی یەکتر نادەن، دوو دۆڵ رەنگیان جیاوازە، هەندێ جار هەر لەسەر لوتکە چیا دوو رەنگ تا چوار رەنگی جیاواز دەبینیت، شێوەی نەخشاندنی جیاواز دەبینیت، دۆڵ و شێوەکان لەیەک ناکەن، هەندێک شاخ تەخت و هەندێک گڕ و هەندێک سپی و ساف و هەندێکی تر رەش و بۆر و هیتر بە رەنگی تر دەرازێنەوە، ئەو نەخشانەش ئاوا بە ئاسانی ریز نەکراون، هەندێک لوتکە چیا بەفر دەیانگرێتەوە هەندێکیان نایانگرێتەوە. هەندێکیان کونەبان و هەندێکیشیان ئارام. بەڵام ئێرە هەمووی لەیەک دەچێ، هەروەکو خەڵکەکەیشی هەموو لەیەک دەچن، را و بۆچوونیشیان بەرامبەر چیانشینەکان یەک شتە، مەگەر شێوازی دەربرینی بگۆڕێت، زوورگەکانیشیان هەموو لەیەک دەچن، بێجگە لە



هەندێک زوورگ نەبێت کە تەواو رمڵین و ئەگەر تەواو شارەزا نەبی بەسەریان تێپەڕی و نامۆش بیت ئەوا ناهێڵن دەرباز بیت، هەر زۆر بە ئاسانی لفت دەکەن، هەڵتدەمژن، بەڵێ برادەر ئیتر هەر رۆدەچیت و وەکو ئەوە وایە بە سەدان کەس لە ژێرەوە راتکێشن، خۆشت نازانی ئەو هێزە چییە کە بەرەو قووڵایی دڵی بیابان راتدەکێشێت.

ئەو قسانەی ئەو پەرستارە هانی دام کە زانیاری لەسەر بزانم، بۆیە کەوتمە پرسیارکردن. ئەو دەیگوت:

– برادەر وەڵام دانەوەت ئاسانە، بەڵام تاراوگە فێرت دەکات زۆر خۆش باوەڕ نەبیت، تۆ پێم بڵێ خەڵکی کام باژێریت و بۆچی کەوتوویتە ئەو نەخۆشخانەیە؟

من چیرۆکی خۆمانم بۆ گێڕایەوە، چۆن پەرتەوازە بووین، چیمان بەسەر هات. ئەو دەیگوت:

– شتێکی سەیر نییە، رۆژانە چیایی دێن بۆ ئێرە، هەر یەکەیان هۆیەکی جیاواز هێناونی بۆ ئێرە، ئەوەی کە وای کردووە ئەو بیابانە هەمیشە بە نامۆ بمانبینێت هەمیشە باسکردنییەتی بە دیدی چیاییەک، هەر ئەو گێڕانەوەیەش هۆیەکی سەرەکی بوو کە چیا لەبیر نەکەم، چونکە من هەر سبەینە و ئێواران ناوی چیا ناهێنم من هەموو سات و کاتەکان ئەو ناوە ئەفسووناوییەم لەسەر زارە، لە جیاتی نەوەد و نۆ جار سبەینان و هێندەش ئێواران، سەدان جار ناویان دێنم، تەنانەت لێرە پێم دەڵێن " چیایی" چونکە هێمنی چیاکان و سەختی گەیشتن بە لوتکەکانی لە مندا دەدۆزنەوە، هەمیشە پێم دەڵێن "تۆ نەک هەر کوڕی چیای، بەڵکو تۆ نوێنەری چیاکانی بۆ چیاییە پەراگەندەکانی بیابان، کەس نییە لێرە بە زمانی چیا بدوێ، بە زمانی بولبوولەکانی بخوێنێ، لاسایی بای شەماڵی هەڵکردووی چیاکان بکاتەوە. هەر ئەو بارودۆخەش وای کردووە هەندێک لە چیاییەکان متمانەم پێ نەکەن. ئەوان وا هەست دەکەن من بوومەتە کوڕی بیابان، ئیتر بیابان بۆنی چیای لێ شۆراندووم، تەنها بۆنی ئەو تۆزەم لێ دێ کە هیچ شتێک، هیچ کاتێک لێی دەرباز نابێت، خەڵکی بیابان بێی ئەو تۆزە ژیان بە دۆزەخ

دەزانن، ئەو تۆزە شەماڵی بیابانە، هەر چەند رۆژێک، جارێک هەڵنەکات داماو دەبن، گەرما دەیانخنکێنێت.

گفتوگۆی جەمالی پەرستار هەناسەیەکی تازەی پێ دەبەخشیم، ئەو راست دەکات، بیابانییەکانیش راست دەکەن ئەو نوێنەری چیایە بۆ چیاییەکان، ئەوە نییە لێرە تەعبیر لە خۆی دەکات هەروەکو لە منیش، دەشبێ خدر بێ، ئەو خدرەی لە چیاکان دە هاواری هەموو ئەو چیاییانە دەچێ کە دەکەونە تەنگانە، خەڵکی دەڤەرەکەی ئێمە هەمیشە دەیان چیرۆکیان لەسەر خدر هەیە، ئەو پیاوەی هەموو ساتێک لە هەموو شوێنێک ئامادەیە، بێ بەرامبەر یارمەتی لێقەوماوان دەدا، هەرگیز مەرجیان لەسەر دانانێت، ئەو پیاوە سروشتێکی چیایی هەیە، زۆر جاران لە شێوەی پیاوی بەفر، بە جلی سپی، بە گۆچانی سپی، بە رەنگێکی شێوە سپی، بە قژی سپی دەردەکەوێ، هەندێک جاریش بە سواری ئەسپێکی سپی. هێزی ئەویش وەکو هەموو هێزێک نییە، رەهایە، بێسنوورە. هەرکێ لێی بقەومێ ئەو بەدەستی پیرۆزی، بە ئاسانی، بێ ماندووبوون دەهانای دەچێت. هەرکەسێک باری لێبکەوێت ئەو بە چاو تروکانێک بۆی راست دەکاتەوە. باپیرەم هەمیشە چیرۆکەکانی خۆی لەگەڵ خدری زیندە دەگێڕانەوە. باسی دەکرد چۆن جارێکیان لە قەدپاڵی چیایەک رێی لێ دەگۆڕێت و ئەسپەکەی بە باری کتێبەوە لێ دەکەوێتە ناو بەفر، هەرچەند دەکات بۆی دەرنایەت، پاشان پیاوێک بە جلی سپی و بە سواری ئەسپێکی سپی، لە یەکێک لەو کەلێنە شاخانەی ئەوێ پەیدا دەبێت، پیاوێکی زۆر هێمن دەبێ بە زەردەخەنەیەکەوە پێی دەڵێ دەتوانم یارمەتیت بدەم، ئەویش خۆشحاڵی پێدەڵێ و زۆر بە ئاسانی ئەسپەکە هەڵدەستێتەوە و دەکەوێتەوە سەر رێگا، دەیگوت، تا من هەندێ بارەکەم راست کردەوە و بەفرم لە سەر و کاپێلی ئەسپ داماڵی، ئاوڕم دایەوە، نە کەسێک و نە تارماییەکیش لەو دەوروپشتەم نەمابوو، تەنانەت شوێنەواریشی، جێی پێیەکانی، زۆر هاوارم کرد هۆ مام خدر تکات لێدەکەم وەرەوە، بۆ کوێ چووی دەمەوێ سوپاست بکەم، بەڵام بێ سوود بوو، هەر رۆیشت و نەمبینییەوە. تەنانەت دەڵێن ئەگەر زوو بزانی ئەوە خدری زیندەیە



و دەستی بگری و داوای مراز و داخوازییەکانتی لێ بکەی، ئەو بێ چەندوچوون هەموویانت بۆ بە ئەنجام دەگەیەنێت، بۆ ناسینەوەشی دەڵێن ئەو دەستی نەرمە ئێسقانی تیا نییە، ئیتر کە زانیت دەستی نەرمە و بێ ئێسقانە، ئەو ساتە دڵنیابە و داواکارییەکانتی پێ رابگەیەنە. کە ئەمەم گێڕایەوە زۆر دڵی خۆش بوو، گوتی:

– بەسەرهاتێکی بە تام و چێژ بوو، لەگەڵ ساتەکانی ئەو دیمەنە جوانانەدا خۆش ژیام، ئای چەند خۆش بوو، قەدپاڵی چیا، بەفر، ئەسپ، کتێب، خدری زیندە و دارودەوەنی ئەو دەڤەرە. پێم گوت:

– برادەر تۆ هەبێ و نەبێ خدری زنیدەیت. زۆر پێکەنی، گوتی:

– تۆ یەکەم کەس نیت وا دەڵێیت، زۆر چیایی ئەمەیان پێ گوتووم، تەنانەت ئەو جلوبەرگە سپییەیان لەسەر کردووم بە بەڵگە، دواتریش هەر بڕوایان نەکردووە، رۆیشتوون هەر وایان زانیوە من ئەو خدرەم کە لە چیاکان دەردەکەوێت، بێ ئەوەی دەستم نەرم و بێ ئێسقان بن و بێ ئەوەش بتوانم هیچ داواکارییەکیان جێبەجێ بکەم.  هەرچەندە نەمزانیوە بیابان شتی وای لێ بێ، بیابان هەموو شتێکی زیندوو دەکوژێ، هەر هیچ نەبێ لە تینووەتی، یا لەبەر تۆز، خدر تەنها ئەو کاتانە دەردەکەوێت کە شێوەی ئەو بارودۆخەن کە تۆ گێڕاتەوە، خدر تەنها لە زەمەنی بەفر و چڕ بوونی تەم و مژ، لە باوەشی چیا حاسێکاندا و لە کاتی  تەنگانەدا دەردەکەوێت، خدر چیاییە و لەوێش نەبێ ناتوانێ خۆی حەشار بدات، چونکە هەر لەوێش دەتوانێ بژیەت. خدر و بەفر هاوڕێ و هاوکارن. نە خدر بێی بەفر و نە بەفر بێی خدر دەبێت.

جەمال پەرستار یەکێکە لەو پێشمەرگانەی دوای ئەوەی شۆڕش هەرەس دێنێ،  پەنا بۆ چیاکانی ئەودیو دەبات، بۆ رۆژهەڵاتی چیاکان، بۆ ماوەیەک لەوێ دەمێنێتەوە، دوایی بە شوێن سەروسۆراغی دایک و باوک و کەس و کاریدا دەگەڕێتەوە بۆ چیاکانی باشوور. هەر بۆیە ناچار دەبێ خۆی بداتە دەست چەکدارە بیابانییەکان، لەگەڵ ئەوەش کە بڕیاری لێبووردن دەبێ بۆ هەموو ئەوانەی یاخی بوون، بەڵام دوای چەند رۆژێک راگوێزی دەکەن بۆ

بیابان، لەویَ دوای ماوەیەک داوای کارکردن دەکات، سەرەتا رازی نابن، پاشان لەو شوێنەی لێی دەبیَ، دووبارە دەیگوێزنەوە بۆ ئەو نەخۆشخانە سەربازییە دوور لە ئاوەدانییە، ئەوە بۆ شانزە ساڵ دەچیَ لەو نەخۆشخانەیە کار دەکات، بە رەبەنی دەژیەت، زۆر دەرفەتی بۆ هەڵدەکەون بۆ ئەوەی لە بیابان هاوسەرێتی لەگەڵ دۆتێکی بیابانی ساز بکات رازی نابیَ، نایەویَ تێکەڵی بیابان بیَ، نایەویَ منداڵەکانی دابەش بن لە نێوان چیا و بیابان، یا بۆی هەیە هەر خو و خدەی ئەوان هەڵبگرن و زمانی ئەوان قسە بکەن. دەیگوت:

– کوڕانی ئەو بیابانە تا هەنووکەش بۆ سووتاندنی چیاکان دەچنە دەڤەری ئێمە، من لە زەمانی پێشمەرگایەتیمدا، لە ژێر قەدپاڵی یەکێک لە چیاکاندا، ئەو قەدپاڵەی مەنزڵگای پشوودان و سەنگەری دواوەی ژیانمان بوو، بە دەیان شەو و رۆژ لەگەڵ هاوڕێیانمان باسی سەردەمی منداڵی و ئیشقەکانمان دەکرد، دەیان یادگاریم لەویَ هەن، بۆیە کە زانیم ئیتر دەبیَ ئەو شوێنە چۆڵ بکەین، چەند داربەڕوویەکم چاندن، لەگەڵ چەند شەتڵێکی دار ئەسپیندار و دار گوێز، لەویَ بەو شەتڵە ناسکانە نووسیبووم (ژیان بۆ چیاکان). بەڵام لە شاڵاوی تالانکاری و وێرانکاری و بگروبکوژی قات و قڕی ئەنفالدا ئەو قەدپاڵەیان هەموو سووتاندبوو، جارێکیان دوای شاڵاوەکان بە قاچاغی خۆم گەیاندە ئەویَ، ئەو دەڤەرە هەمووی رەنگی دۆزەخی دەدا، هەمووی بریتی بوو لە یەک پارچە خەڵوز، کە دارە سووتاوەکان چاویان بە من کەوت هەموویان دەستیان کرد بە گریان. "لەو دەمانەدا قوڕگی پڕبوو لە گریان و بە دەستەسڕێکی چاوەکانی سڕییەوە و بەردەوام بوو:

– بەردەکانیش ئەگەر چی بەرگەی ئەو دۆزەخەیان گرتبوو نەسووتابوون، بەڵام ئەوانیش رەش هەڵگەڕابوون و لەگەڵ دارەکان دەستیان کرد بە ئەسرین هەڵڕشتن، ئەوپەنایانەی کە لە ترسی سەرمای زستان دروستمان کردبوون، هەموویان تێکدرابوون، هەر بەردێکی بەرەو لایەک فڕێ بوو، ئەو دیمەنانە زۆر کەساس بوون، بۆ ماوەی مانگ و نیوێک لەویَ مامەوە، هەر کە دەبووە باران بە خۆڵ بەردەکانم دەشووشت،



شەپۆلی تەنی و رەشایی ئەو سووتانە خوێنی دەکرد، خوێنێکی رەش، هەموو ئەو دەڤەرە لە شوێنەواری ئەو تەنیاوە دەچۆڕایەوە، دار و بەرد شاگەشکە بووبوون لەگەڵ سەردانی من، ئەوان وایان دەزانی سەرەتایەکی تازەیە بۆ دەرکردنی بێگانە، ئەوانەی کە لە هیچ سات و کاتێکدا رێزی چیاکانیان لا نەبوو، ئەوان ئەگەر بیانتوانیبایە هەموو ئەو چیایانەیان هەپرون بە هەپرون دەکردن و ناوچە شاخاوییەکانیشیان دەکردە بیابان، ئەو کات دەیانتوانی چیاییەکانیش بەرەو بیابان راگوێزن. برادەر تەنها خۆم دەزانم ئەو بەرد و دارانە چ شینێکیان بۆ چیاییەکانی راگوێزراو دەگێڕا. هەموو دارێک، هەموو بەردێک چیرۆکێکی لا بوو، بەڵام لە هەموو خۆشتر ئەو داربەڕوانەی من چاندبووم، تازە چەقەڵەیان کردبووەوە، منیش شوورەی جوانم بۆ کردن بۆ ئەوەی ئەو چەقەڵانە لە ژێر پێی رێبواراندا نەشکێنەوە. هەموو بەیانییان تا لەویَ بووم ئەو دار و بەردانەم دەشوت، هەر یەک دڵۆپە باران بباریبایە من دەستم بە کارەکانم دەکرد، تا تەواو بیَ تاقەت بووم لەویَ مامەوە، هەموو ئەو دارانەی ژیانیان لەبەر مابوو هەڵمدانەوە و خاوێنم کردنەوە، قەدە وشک و سووتاوەکانم برین و شوێنە بریوەکانیشم هەندێک قوڕ تێهەڵدەسووت و بە پەڕۆیەکی تەڕ دەمپێچانەوە، رستەی (ژیان بۆ چیاکان)م دووبارە مانادار کردەوە، دوای ئەوەی دڵنیابووم کە ئیتر ئاڕاستەی سروشتی خۆیان وەردەگرن بەجێم هێشتن، گەڕامەوە بۆ ئێرە. ئێستاش هەر بە یادی ئەویَ دەژیم. نازانم داربەڕووەکانم چیان لێهاتۆتەوە. ئومێدەوارم گەورە بووبن، ئێستا باڵایان بەقەد باڵای من بڵند بووە. ئەگەر ئاژەڵ پەلاماری نەدابن ئێستا لە توانای دەمی ئاژەڵ تێپەڕیوون. ئێستا دەتوانین لە هاوینان لە ژێریان پشوو بدەین، ئاخ چەند تامەزرۆم برادەر چەند تامەزرۆم جارێکی تریش بچمەوە ئەویَ و باوەشێک بە باڵای ئەو دار بەڕوانەدا بکەمەوە.

تا جەمالی پەرستار ئەو سەربردەیەی خۆی تەواو کرد من خەوم هات، ئەو زانی ماندوو بووم، بۆیە منی بە جێهێشت، رۆیشتەوە سەر کارەکانی

خۆی، دەمدیت کە خزمەتی ئەو خەڵکەی دەکرد بە بێ جیاوازی. هەر جارەی بهاتبایە لام  پێی دەگوتم:

– برادەر کارکردن پیرۆزە، ڕەنگ و دەنگ ناناسێ، دەبێ بە یەکسانی خزمەتی هەموو کەسێک بکەین، ئەوەی دێ بۆ ئێرە لێی قەوماوە، خەڵکی خراپیش بن ئیشی من لێرە یارمەتی دانی ئەوانە، ئێرە دادگا نییە، خراپکاران دەبێ ڕۆژێک لە ڕۆژان بدرێنە دادگا، لەوێ لە دادگا چارەنووسیان دیاری بکرێت، بڕیار بدرێت کێ تاوانبارە و کێ بێ تاوان، ئاواتم ئەوە بوو هاوسەرێکم هەبێت و منداڵێکی جوانیشمان ببێت ناوی بنێم (چیاداد)، بیکەم بە دادوەر. بەڵێ تەنها بە دادوەرێک کە کاری دادگایی کردنی تاوانبارانی جەنگ بێ. ئەو جەنگەی کە یەخەی چیاکانی گرتووە، لە لایەک ڕۆمییە داگیرکەرەکان وەکو کابووسێکی ئەبەدی وان لەسەر سینە نەرم و ناسکەکەی باکووری چیاکان، ڕەنگ و دەنگیان بڕیوین. لە باشووری چیاکانیش سەربازە ڕەشەکانی شاڵاوی ئەنفال، ئەوانەی کە زۆر بێ ویژدانانە دەیانەویست چیاکان بڕووخێنن، کە زانییان بۆیان ناڕووخێن، دار و دەوەنەکانییان سووتاندن، رووتیان کردنەوە، بۆ ماوەیەکی باش چیاکان لە دۆزەخی بیابانییەکاندا دەژیان، چیاییەکانیش بەشێکی زۆریان، زۆربەی گوندنشینەکان بەرەو بیابان گوێزرانەوە، من لێرە شاهیدی هەموو ئەو قافڵە پڕ لە قوربانییانەم کە بە نزیک ئێمەدا دەیان بردن، ئەو ڕۆژانە لە بیر ناکرێن، ئەو دارخورمایانەش ئەگەر خۆیان نەگۆڕن هەموو شاهیدن. بیابانەکانی هەموو دونیا شاهیدن، دەنگی نوزانەوەی هەموو ئەو کۆرپانەی کە هێشتا لە دایک نەبووبوون و زیندەبەچاڵکران هەموو بیابانەکانی هێناوەتە هەژان. شەوان تا هەنووکەش گوێم لە ناڵەی ئەو منداڵانە دەبێت، دیمەنەکانیان زۆر جوان دێنە بەر چاو. بە ریز دەوەستن، سەرتاپا جلی سپییان لەبەرە، پرچیان زیوی و زێڕی دەدرەوشێتەوە، کوڵمەکانییان سوور و ئاڵن، گۆشتن و سپی و سافن، ژێر چەناگەیان بە دەرەوەیە، باڵایان لە دوو بست و نیو تا سێ بست تێپەڕ نابێت، هەموو جەستەیان لە ژێر جلە سپییەکاندا دەدرەوشێتەوە، بەڵام گیان و بەرییان بە پارچەیەک داپۆشراوە.



بە دەنگێکی ناسک زیکر دەکەن. ئەو منداڵانەش کە زیندەبەچاڵ کراون و بە چاوی خۆیان بڵدۆزەرەکانیان بینیوون لە دوای منداڵە کۆرپەلەکان ریزیان بەستووە، ئەوانیش جلەکانیان سپین، بەڵام باڵا بەرز ترن و قژیان زیاترە. بێجگە لەوە هیچ جیاوازییەکی تریان لەگەڵ کۆرپەلەکان نییە. پاشان ڕێزی مێرمنداڵەکان و ئینجا بە تەمەنەکان.

شەوان کە زیکر دەست پێدەکات لە دەنگی شرخەی هەنگ دەکات. بە یەک ڕیتم ناوی چیا لە هەموو ئەو بیابانە بەرز دەبێتەوە، خەوی هەموو بیابانییەکان دەزڕێت، ئاهوو ناڵەی چیاییە زیندەبەچاڵکراوەکان، ئەو ڕۆحە تووڕەبووە نەسرەوتەیە بێ پشوودان دەگەڕێت، هەموو ئەو چیاییانە بەسەر دەکاتەوە کە لە یاد و زیکر و فیکری ئەواندا دەژین. دەگەڕێن و روحە شەڕاوییەکان ڕاو دەنێن. هەموو شەوێک جارێک دەچنە ئاسمان و تکا و نزایان بۆ بەردەم خوا بەرزدەکەنەوە. ئەوان لەو داوایەیان ماندوو نابن. لە سۆز و بەخشندەیی خواش ماندوو نابن. ئەوان ئەمڕۆ دانیشتوانی هەمیشەیی بیابانن، ئەو بیابانەی کە پێشتر ئاوەدانی تیادا نەبوو، بیابانییەکانیش ئەوێیان بۆ ئاوەدان نەکرابووەوە، ئێستا چیاییەکان ئاوەدانیان کردۆتەوە، شاری گەورەیان دروست کردووە، هەر شارەو هەزاران دانیشتوانی تێدا نیشتەجێ بوون، بەڵام شێوەی ژیان و بژێویان جیاوازە لەگەڵ هی مرۆڤە زیندووەکان. نوێژکردنی ئەوان جیاوازە لەگەڵ نوێژی مسوڵمانەکان، ئەوان لەوەتی بوون بە بیابانشین دەستنوێژ ناگرن، بەڕیزەش ناوەستن، کە ئاگر هەڵدەکرێ وەکو هێمایەک بۆ سات و کاتی  نوێژ کردن، لەگەڵ بینینی یەکەم بڵێسەی، هەرکەس لە شوێنی خۆی دەوەستێ، ڕوو لە ئاسمان دەکەن، هاوار دەکەن، هێندە بە توندی هاوار دەکەن تا دەموچاویان سوور هەڵدەگەڕێ، یەکێک لە مەرجی قەبووڵبوونی نوێژەکانیان ئەوەیە دەبێ لەبەر توندی و بەرزی هاوار دەموچاویان سوور هەڵبگەڕێ، لە جیاتی دوعاکردنی دوای نوێژ دەبێ لەیەک ساتا توانای گریان و پێکەنینیان هەبێ، بۆیە دوای هاوارکردن بە دەنگی بەرزەوە دەگرین، شین و ڕۆڕۆ دەکەن، تەنها یەک وشە دووبارە دەکەنەوە، ئەویش چیاڕۆ، چیاڕۆ. خەڵکی ئەو دەڤەرە هەموویان گوێیان لەو نوێژی بە

کۆمەڵە دەبێ، ئەو نوێژەش وەکو نوێژی هیچ کەسێک نییە لەسەر زەوی، نوێژی ئەوان بەردەوامی هەیە، کۆتایی نایەت تا نەگەڕێنەوە چیاکان، تا لەوێ شاری تازەیان بۆ بینا نەکرێ، تا هەموو ئەوانەش کە چیاکانیان ئاگر دەدا دادگایی نەکرێن. ئەوان شەوێک تووڕە دەبن و ویستیان بێن، بەناو ئەو ئاوەدانییە وەربن، بەڵام دواتر ڕێی ئاوەدانییان نەدۆزییەوە، بە هەرچوار لای بیاباندا دەگەڕان، کە بیابانییەکان چراکانیان کوژاندەوە ئەوان ڕێیان ون دەکرد، تا هەنووکەش هەر جارێک هەست بکەن ئەو خەڵکە هاتووەی تازە بیانەوێ بەرەو سەر ماڵ و حاڵیان بێن چراکانیان دەکوژێننەوە، چونکە بیابانییەکان ئەوە باش دەزانن چ گوناهێکی گەورە دژی ئەو بیابانشینە نوێیانە ئەنجام دراوە. ئەوان زیاتر ناتوانن بێن، چاودێر دانراوە، لە هەموو کونجەکانی بیابان چاودێر هەیە، لەترسی ئەو دانیشتوانە تازانە. ئەوەی جەمالی پەرستار دەیگێڕێتەوە خەڵکی چیا ئاگاداری نین، تا هەنووکەش هەر غافڵن، ئەو بە منی دەگوت:

– بەختەوەی بەڕێز کە چوویتەوە پێیان بڵێ، بە تایبەتی ئەوانەی دایکیان، باوکیان، یا منداڵیان، یا ئاشقێکیان، یا هەر کەس و کارێکیان ون کردووە، پێیان بڵێ ئەوان لەوێن، لە بیابان، لەوەتی هاتوونەتە بیابان نوێژ دەکەن، نوێژی تایبەت بە خۆیان، پێیان بڵێ ڕۆحی ئەوان چیتر توانای چاوەڕوانییان نەماوە، ماندوو بوون هێندەی هەموو شەو بچن بۆ ئاسمان بۆ بەر عەرشی یەزدانی مەزن، ماندوو بوون هێندەی نوێژ بکەن، چاوەڕێی ئەوان دەکەن، با بێن بیانبەنەوە، با بە کۆمەڵ بێن، دەیانەوێ بێنەوە، لە بناری چیاکان نەبێ ئەو ڕۆحانە ساکین نابن، ئاسوودە نابن. تا کەی چاوەڕێ بکەن، لێرە کەس گوێیان لێناگرێ.

هەر چەند جەمال ئەو قسانەی دەگێڕانەوە منیش دەگریام، ئاخر ئەوە تراژیدیایە، کەس گوێ لەو ڕۆحە دوورخراوانە ناگرێت، سەیرم لەو قەدەرە دەهات کە منی بەو نەخۆشخانە دوور ئاوەدانییە داخست، ئەو شەوانەی کە لێرە مامەوە خۆم تەرخان کردبوو بۆ گوێگرتن لە ڕۆحی قوربانییانی ئەنفال، لە ڕۆحی دایکم. بە ئاسانی گوێمان لە دەنگی نوێژیان دەبوو، جەمال فێری



کردم چۆن گوێیان لێڕاگرم، فێری کردم چۆن هەناسەم بگرم تا ئەوان لە نوێژکردن تەواو دەبن، زۆر توانای خۆڕاگرتنم نەبوو، چەند جار ئەو پەرستارە بەستەزمانەم بە ئاگا دەهێنایەوە، چونکە دەترسام، دەترسام لە هەمووومان تووڕە بن، لە منیش تووڕە بن چونکە لەوەتی ڕۆیشتوون بەدوایاندا نەهاتووین، سەروسۆراغێکمان لێ هەڵنەکردوون، ئەوان هاواردەکەن و کەسیش گوێ لە هاواریان ناگرێت، ئەو هاوارەیان گوێچکەی بیابانی کاس کردوون، ئیتر گوێیان لە هیچ نابێت، کەڕ بوون، چیاکانیش گوێچکەیان ماندوو بوون، ماندووبوون لەسەر هەڵبڕین، لەدرێژبوونەوە، ئاسمانیش خەوتووە، وەڵامی نییە. زۆر جار جەمال دەیگوت، برادەر:

– پێشان چیاکان زۆر هەستیار بوون، بە کەمترین دەنگ هەراسان دەبوون، ئێستا بۆ ماندووبوون لە گوێگرتن، تێناگەم. تۆ بچیتەوە دەبێ بچیتە بنار ئەو چیایەی کە بەڕووەکانم لێ چاندوون، پێیان بڵێ، ئەو هاوارانەیان پێ رابگەیەنن.

## بەشی دوانزەهەم

درەنگی شەو بوو، نەمدەزانی دەمژمێر چەندە، هەرهێندەم دەزانی درەنگ بوو، من هەر نەخەوتبووم. زۆر کەم دەمتوانی بخەوم، زۆر جاران لەبەر دەنگی ئەو زرێپۆش و ماشێنە سەربازییانەی کە دەچوون و دەهاتن دەنگی قوربانییانی بیابانەکانم باش گوێ لێ نەدەبوو، بە رۆژ و شەو ئەو رێگایە ئاسوودە نەدەبوو، سەربازانی رەشی ئەنفال دوای ئەوەی کەتنی خۆیان کرد و وڵاتی رۆژیان ئەنفال کرد، هەموو هێز و توانای خۆیان لە دەڤەری خوارووی رۆژهەڵاتی بیابان کۆکردبووەوە، بیابانەکەی ئەودیو، لەوێ دەیانویست مێژووی باپیرانیان دووبارە بکەنەوە، ماڵ و حەڵاڵی بیابانەکەی ئەودیویان مەبەست بوو، بۆ ماوەیەک وازیان لە چیاکان هێنابوو، چونکە هیچی پێوەنەمابوو، هەموویان سووتاندبوو، باوەشێکی ئەو چیایانە نەمابوو تاڵانی نەکەن و چۆڵ و هۆڵی نەکەن، وێرانی نەکەن، ئاگری نەدەن، خەڵکی راگوێز نەکەن بۆ بیابان، ئیتر ئیشیان لەوێ تەواو بووبوو، بۆیە لەوەتی من لێرەم ئەو تانک و زرێپۆش و تۆپهاوێژانە هەر دێن و دەڕۆن، دەنگیان گوێی کاس دەکردین، خۆ دینۆ دەنگگەورەش دەبێ بۆ ئەوێ بردرابێ، ئەی نەهریی رۆحسووک دەبێ لە کوێ بێ! ئارامدینیش هەروەها، لەو دەمانەی کە جەمالی پەرستار بە پەلە هات من یادی ئەوانم دەکرد، ئەو وایزانی خەوتووم، منی جوڵاند، من یەکسەر بەتانییەکەم لەسەر خۆم فڕێدا، گوتی:

– برادەر واچاکە هەستی، خۆت بگۆڕیت، ئامادەبیت باشە، نەبادا دووچاری رۆیشتن بین، خۆ شوکر ئێستا باشتر بوویت و پەراسووەکانیشت یەکیان گرتۆتەوە. گوتم:

– بۆ، چی روویداوە؟ گوتی:

– ئەو لەشکرەی بەرەو بیابانی ئەودیو چووبوو، بە لێشاو دێنەوە، ئەو لەشکرەی توانی چیاکان وێران بکات، نەیتوانی بیابانی ئەودیو تا هەتایە داگیر



بکات، ئەی ئەوە نییە فڕۆکە بۆمبارانی هەموو شوێنێکی بیابان دەکات، لە دەرەوە قیامەت هەستاوە، رژێمی بیابان کۆنترۆڵی هەموو شتێکی لەدەست داوە، تەنانەت هەموو ئەو سەربازانەی ئێرەش ئازاد بوون و رۆیشتن. هەر ماشێنێکمان دەسکەوت، هەوڵدەدەین برۆین، هەوڵدەدەین بەرەو چیاکان بچینەوە، ئیتر لێرە بەولاوە منیش چیتر ناتوانم چاوەڕێ بکەم، دەبێ خۆمان بگەیەنینەوە چیا، دەبێ بچمەوە هەواری یادگارییەکانم، بۆ لای ئەو داربەڕوانەی کە چاندبووم، هاواری ئەو رۆحانەش ببەمەوە بە کەس و کاریان بگەیەنم، من سەرم کاس بووە لە دەنگی ئەوان، بۆ خۆم ئەو هاوارە نەبەم دڵم ئاو ناخواتەوە.

کە هەستم راگرت ئەو خەستەخانەیە هەمووی شێوا بوو، زۆریان دەرچووبوون و کەمێکیان مابوون چاوەڕێیان دەکرد، لەدەرەوە بە پێچەوانەی چەند رۆژی رابردوو بە هەزاران ماشێن و پیادە دەرێدابوون بەرەو باکووری رۆژئاوا دەگەڕانەوە، کۆمەڵێک دیمەنی سەیر و سەرسووڕهێنەر بوون، زۆرێک لەو سوپایە راپەڕێنەری شاڵاوی ئەنفال بوو، ئێستا بە شێوەیەکی راستەقینە لێیان قەوماوە، لەگەڵ جەمال تەماشای ئەو دیمەنە سامناکانەمان دەکرد و ئەو دەیگوت:

– برادەر ئەمشەو یەکێکە لەو شەوانەی کە رۆحی قوربانییەکانی تێدا شاد دەبێ، ئەو سوپایەی ئەوانی بۆ ئێرە، بۆ ئەو بیابانە دوورەدەستە هێناوە ئێستا بەزیوە، کەل و کۆم بووە، هەزارانی لێ بەجێماوە.

زۆرکەم سەربازمان دەبینین شوێنێکیان زامدار نەبووبێ، هەندێکیان چیرۆکی پڕ لە تراژیدیایان دەگێڕایەوە، باسیان لە کوژرانی هەزاران سەرباز دەکرد. من دڵخۆش و سەرسام بووم، هاوارم دەکرد رۆحە پیرۆزەکان، شاد بن، ئەمشەو چیتر نوێژ مەکەن، ئەمشەو ئاسوودە بن، ئەو سوپایەی ئێوەی بۆ ئێرە هێنا، ئەو سوپایەی ئێوەی لە بەر باوەشی چیا هەڵگرت، وا کلکی لەناو گەڵی ناوەتەوە و بەزیوە، بەهەزارانی لێ بەجێماوە، ئەوە رۆژی ئێوەیە، من چیاییم گوێم لێتانە چونکە لە زمانتان حاڵیم، دەزانم چەند لە مێژە هاوار دەکەن، دە ئاسوودە بن، ئەوە ئەو سوپا دڕندەیە وا لەتوپەت بووە. ئیتر ناتوانێت جارێکی تر چیاکان

داگیربکاتەوە، ئیتر چیرۆکی ئەو سوپا چیاسووتێنەرە کۆتایی پێهات. لەمەودوا رۆژی دۆزینەوە و ناساندنی ئێوەیە بە دونیا، رۆژی گەیاندنی دەنگی بێ نازی ئێوەیە بە چیاکان، پێیان دەڵێم "لەگەڵ ئەنفالچییەکان یەک زمانی تێگەیشتن هەیە ئەویش دادگایی کردنیانە، بە سزادانیان گۆڕە بە کۆمەڵەکان ئاسوودە دەبن. ئاشتەوایی لەگەڵ ئەنفالچییەکان خیانەتە، دەستی ئاشتبوونەوەیان بۆ درێژ نەکەن، دەستیان بە خوێنی گوڵە سوورەکانی چیاکانە، دەبێ ئەو تاوانە بە هەوەنتە تێپەڕ نەبێ. لەو دەمانەدا دەنگی بۆمبی تەیارە و تانک تێکەڵ دەبوون، خرمەی زنجیر و ناڵەی بریندار و تەپەی پێی بەزیوان تا دەهات زیاتر دەبوو، تا دەهات بریندارەکان زیاتر روویان لە نەخۆشخانە دەکرد. ئەم رۆژە رۆژی هەڵسانەوە بوو، رۆژی ئەوانەی کە ئەنفالیان ئەنجام داوە، رۆژێک کە ئەنفالیان دێنێتەوە بیر و دایاندەڕژێنێتەوە. لەو سات و کاتانەدا حەزم بە بینینی ئارامدین دەکرد، دڵم بۆ دینۆ دەکەوتە لێدان و بۆ من نموونەیەک بوو بۆ هەزارانی وەکو ئەو کە بەداری زۆرەملێ کەوتوونەتە ئەو بیابانە و بوون بە بەشێک لەو سوپایەی کە توڕەبوون و رقی گۆڕە بە کۆمەڵەکانی ئەنفالیان بەسەردا دەباری. لەو دەمانەدا گوێم لە هاوارەکانی رۆحی (شێرۆ تاقانە) دەبوو. نازانم بۆ شێرۆ، بۆ ئاوا لە پڕ خۆی دەکووتایە ناو یادەوەرییەکانم و حەزم بە بینینی دەکرد. شێرۆ یەکێک بوو لەو قوتابیانەی کە زۆر زەیرەک بوو، بەڵام زۆر بێلایەن و دوورە پەرێز بوو، هەموو جاری دەیگوت:

– خۆ هەموومان هەر نابێ ببین بە پێشمەرگە، نابێ هەندێکیشمان بخوێنین و ببین بە پیاوی دوارۆژ، ئەی کێ لە داهاتوودا دەرس بە منداڵەکانمان بڵێ؟. ئەو یەک دوو رستەیە هەمیشە قسەی ئەو بوون بۆ بەرگری کردن لە دوورە پەرێزی خۆی، دەیشی گوت:

– منیش کە کارێک نەتوانم نابێ خۆمی تێهەڵبقورتێنم، من بەرگەی دوو شەلاق ناگرم، بە کوردی توانای دان بە خۆداگرتنم نییە، یەک بۆکسم لێ بدەن هەموو نهێنییەکانم لێ دەردێنن، بۆیە بڕیارم داوە نهێنی هەڵنەگرم، من پیاوی نهێنی هەڵگرتن نیم، هەر کارە و پیاوی خۆی دەوێ، هەروەکو رێگا بە خۆشم نادەم خیانەت لە وڵات و میللەتی خۆشم بکەم.



ئەو لاوە زۆر راستگۆ بوو بە راشکاوی قسەی دەکرد، شەرمی بەوە نەبوو راستییەکانی خۆی بخاتەڕوو، فشە فشی نەدەزانی، هەمیشە هەر لە قەبارەی خۆیدا دەمایەوە و باری لە خۆی گرانتر هەڵنەدەگرت، ئێمەش زۆر رێزمان لەو راشکاوییەی ئەو دەنا، هەر لەبەر ئەو راشکاوییەشی لای هەموان خۆشەویست بوو. ئەو گەورەترین گرفتی لە چیرۆکی خۆشەویستییەکەی دابوو، لەگەڵ کچێکی هاوپۆلی خۆی بەڵێنی هاوسەرێتییان بەیەک دابوو. دوای ئەوەی دەچێتە داخوازی، باوکی پێی دەڵێ:

کوڕی خۆم من نکوڵیم لەو داخوازییەت نییە، بەڵام بەڵێنم داوەتە برایەکەی کە خوشکی بە شوو نەدەم تا رەزانەمەندی ئەوی لەگەڵدا نەبێت.

ئەو بەستەزمانە نەیدەزانی رووداوی گەورە چاوەڕێی دەکەن، کە باوکی خۆشەویستەکەی ئەو قسەی پێدەڵێ، نازانێ برای خۆشەویستەکەی پێشمەرگەیە، یەکێک لەو رێبوارانەی کۆستی وڵاتەکەیان گرتۆتە شان و بە دوای ئازادیدا وێڵە. یەکێک بوو لەوانەی کە دەیانویست چیاکان تا هەتایە بەسەرکەشی بمێننەوە. بەڵام خۆشەویستی وا لە شێرۆ تاقانە دەکات بیر نەکاتەوە، بڕیاری رۆیشتن بدات بەرەو چیاکان، بە شوێن ئەو پێشمەرگەیەدا بچێت کە کلیلی گەیشتن بە خۆشەویستەکەی لای ئەوە، دەڕوات و هەموو بیرەوەرییەکانی لە دوای خۆی بەجێدێڵێت، بە خۆشەویستەکەی دەڵێ:

– ئازیزەکەم دڵنیام دەگەڕێمەوە، چونکە من پەیامی خۆشەویستیم پێیە، دڵنیاشم برایەکەشت خۆشحاڵ دەبێ چونکە ئەویش پەیامی ئازادی هەڵگرتووە، گوێت لێیە، نە ئازادی بێ خۆشەویستی نە خۆشەویستیش بەبێ ئازادی بە ئامانج ناگەن. هەڵگرانی پەیامی ئازادی درێژەپێدەری چیرۆکی خۆشەویستین، ئەگەر وا نەبێ ئەوان ئازادیخواز نین، پێیان ناگوترێت پێشمەرگە. ئەگەر برایەکەی تۆش وا بیر بکاتەوە لەمەودوا پێیان ناڵێم ئازادیخواز.

ئەو بەو هێندە وشانەش ماڵئاوایی لە خۆشەویستەکەی کردبوو. بەڵام ئەو سوپایەی کە ئێستا وەبەر شەپۆلی نەفرەتی گۆڕە بێ ناوونیشانەکانی بیابان کەوتووە، لەگەڵ گرووپێک لە جاشەکان، لە پەنا شاخێکدا لە سات و کاتی

گەڕانەوەیدا دەبێتە نێچیر و قوربانی داستانێکی گەورەی خۆشەویستی. سەرەتا دەیەوێ رازییان بکات ئیزنی بدەن، پێیان دەڵێ:

– من شوانم، من کەسێکم تەنها شوانەتی دەزانم، من هەڵگری خۆشەویستیم بۆ هەموو مرۆڤەکان، من رقم لەکەس نابێتەوە، تکاتان لێدەکەم گۆرانییەکەم پێ مەپچڕێنن. بەڵام کە دەیپشکنن، چەند نامەیەکی پێدەبێ، هی چەند ئازادیخوازێک، هەر یەکێکیش لەو نامانە چیرۆکێکی گەورەی خۆشەویستییان تێدا باس کراوە. پێیان دەڵێت:

– بابە ئەو نامانە هەموویان نامەی خۆشەویستین، هەموویان باس لە خۆشەویستی مرۆڤ دەکەن بۆ مرۆڤ، من نامەی رق و دژ بە مرۆڤ هەڵناگرم، دەبیانخوێننەوە، ئەگەر هیچیان تێدا بوو زەڕی بۆ ئێوە هەبێ بمبەن، دڵنیابن هەناسەی خۆشەویستان زەر بە کەس ناگەیەنێ، من پەیامبەری خۆشەویستیم. هەرچەندی ئەو زۆر دەڵێ کەمی گوێلێدەگرن، دەیبەن و بە یاخیبوو دەیدەنە دەست دەزگا سەرکوتکەرەکانی داگیرکەر و دوایی بڕیاری هەڵواسینی بەسەردا دەدەن.

لەو بیرەوەرییە تاڵ و تفتانەدا شەپۆلم دەدا کە جەمال هات و بانگی کردم، گوتی:

– با بڕۆین.

من نەمپرسی چۆن و بۆ کوێ، کە لە نەخۆشخانەکە دەرچووین، ئەو هەموو هەزاران خەڵکەم بینین، هەر یەک بە شێوازێکی رۆیشتن هەنگاوی دەهاوشێت، هەندێکی بریندار و هەندێکیش ساغ، هەندێکی روو زەرد و سەروملی بە تۆز و خۆڵ، هەندێکی تریش داماو و کەساس، هەش بوو دەگریا و هەنگاوی هەڵدەگرتن، هەموو جۆرە سەربازێکمان دەبینی، ئەفسەر و سەربازی ئاسایی شانبەشانی یەک بە ملشۆڕی هەنگاویان دەنا. لەو ساتانەدا زانیم دەبێ بە پێ بڕۆین، ئەگەر ماشێنیش هەبوایە دەرفەتی هاژۆتنمان لەسەر رێگا کەم دەبوو. ئێمەش کەوتینە ناو ئەو کاروانە تێکشکاوە، من ئازاری سینگم هەر مابوو، بەڵام زۆر باشتر بوو لە رۆژانی سەرەتا، لەگەڵ ترسانم لەوەی بەرگەی رێگایەکی درێژ بگرم، دەترسام لەوەی بتوانین بە بێ زیان لەو بیابانە رزگارمان بێ. لەو



رێگایە کەس گفتوگۆی لەگەڵ کەس نەدەکرد، کەس بەری وەکەس نەبوو، دوای تێپەڕبوونی چەند دەمژمێرێک، جەمال گوتی:

– برادەر با لە شوێنێک پشوو بدەین، تۆ نەخۆشی، پێویستت بە پشوودانە.

دەمزانی پێویستم بە پشوودانە بەڵام بیرم بۆ پشوودان نەدەچوو. بەرەبەیانییەکی کەساس و داماو بوو، هێشتا گەرما دەستی پێنەکردبوو، بەڵام فڕۆکەی زەبەلاح لە ئاسمان دەیاننەڕاند. کە لەبەر دەمی ئێمە بە بۆمبێکی زەوی هەژێنەر قەپاڵی مەرگی لە ماشێنێکی ئەفسەریی گرت، ترسێکی زۆرم لێ نیشت، هەرگیز هێندە لە مردن نەترساوم، کە لاشەی هەر چوار ئەفسەرەکەم بینین هەریەکەیان بەرەو کونجێکی ئەو بیابانە دەفڕین، بە شێوە فڕینێکی جیاواز، کە لە ژوورەوە بەرەو سەر زەوی دەگەڕانەوە زۆر جێگای سەرسووڕمان بوو، وەختە بڵێم دەنگی بەزەوی کەوتنیان لە دەنگی خودی بۆمباکە گەورەتر بوو، هەریەکێکیان بەسەر لایەکی لاشە زەبەلاحەکەی دادەکەوت، زەلامی کەڵەگەت و چوارشانە و بێ رەزا بوون، هەرچواریان وەکو بڵێی بەر لەوەی بکەونە سەر زەوی گیانیان دەرچووبوو، نقەمان لەکەسیان نەبیست. لەگەڵ ئەوەش کە ئەو دەوروبەرە هەناری سەرڕاهێنراو ئاسا مۆڵگەی دەدا لە مرۆڤە بێ ئیرادەکان، ئەوانەی کە نە بە ویستی خۆیان روویان لەو بیابانەی ئەوبەر کردبوو، نە بە ویستی خۆشیان ئاوا هەڕەسیان هێناوە. لەو دەمانەدا دوو سەربازی شەکەت و ماندوو بەرەو لای ئێمە هاتن، یەکێکیان لەسەر شانی ئەوی تریان بە شەلین دەڕۆیشت، جەمال لە پڕ هەڵسا و بە پیریانەوە چوو، بریندارەکەی گرتە سەر شانی خۆی و هێنانی لەو پەنا گردۆڵکەیەی کە ئێمە لێی دانیشتبووین، دانیشتن، لەگەڵ دانیشتن یەکسەر خۆیان خستە سەر پشت و بێ نقە بۆ ماوەیەک ئاوا مانەوە.

جەمالی پەرستارم بینی دەگریا، دەموچاوی هێندە سوور و مۆر هەڵگەڕا بوون وەکو یەکێک وابوو کە لە شەوێکی ساردی زستانا لە یەکێک لە دۆڵە سەختەکانی چیاکاندا بە درێژایی شەو شەڕی لەگەڵ سەرمادا کردبێ، کە رووم تێکرد و هۆکاری ئەو بارەم لێپرسی، گوتی:

– برادەر ئەوە شانزە ساڵە بەرگری لە بوونی خۆم دەکەم، زۆر جار بیابانم بینیوە ئاوا خوێنی لێ ببارێ بەڵام هەر خوێنی خەڵکی چیا نشیین بووە لێرە باریوە، ئێستاش خەڵکی چیانشین زۆر دەبینم لەو شەڕە عەبەسەدا خوێنی خۆی دەڕێژێ. نازانم چیاییەکان بۆ هێندە کلۆڵن؟ کە ئەو قسانەی دەکرد تەماشای ئەو دوو سەربازە شەکەتانەشی دەکرد، هەروەکو بڵێی زانیبێتی کە ئەوانیش چیایین، دەگریا و دەیگوت:

– لەو شانزە ساڵەدا بە قەد قورسایی هەموو چیاکان خەڵکی چیانشینم لە باوەش گرتووە، تۆ نازانی چەندیانم بینیوە کە دواتر گۆڕ و دوا هەوارگەیان بووە بە بیابان و جارێکی تر چاویان بە چیا نەکەوتۆتەوە. هەر بستێکی ئەو بیابانە هەڵدەیتەوە رۆحی چیانشینێکی لە ژێر دایە. دەزانی جارێکیان ئەفسەرێکی بیابانی بریندارى ترسنۆکیان هێنا بۆ لای ئێمە.

بە سەرسووڕمانەوە قسەم پێ بڕی و گوتم:

– مەبەستت لە ترسنۆک چییە؟

گوتی:

– ترسنۆک ئەو کەسانە بوون کە لە شەڕ رایان دەکرد یا خۆیان دەدزییەوە. پاشان دەیاندایە دادگای سەربازی. ئەوە ئەگەر لە بەرەکانی شەڕدا نەکوژرابایە. چونکە زۆر جار هەر لە دواوە بە گوللەیەک دەکوژرا. هەندێک جاریش دەیاندانە دادگای سەربازی و دادگاش بڕیارێکی گونجاوی لەسەر دەدان. ئەو ئەفسەرەش بە ترسنۆکی تاوانبار کرابوو، بەڵام خۆی وا پیشان نەدەدا. بە هەر حاڵ، زۆر جار لای دادەنیشتم و قسەی بۆ دەکردم، ئەو نەیدەزانی من چیاییم، کە باسی چالاکییەکانی جەنگی دەکرد زۆر بە شێوەیەکی سەیر باسی دەکردن، پێشتر پێی گوتبووم کە بەشێکی زۆری ئەوانەی لە یەکێک لە هێزەکاندا لەگەڵیدا بووبوون چیانشین بوون، بەڵام لەو چالاکییانەی کە سەرکەوتنیان تیادا بەسەر هێنابوو دەیگوت: "بیابانییەکان ئازان، ئەوان لەشەڕدا پاشگەز نابنەوە، چاونەترسن" پاشان دەیگوت: "شەهیدەکانی بیابان چاکەیان لەسەرمان زۆرە. جارێکیشیان چیرۆکێکی تری بۆ گێڕامەوە: "چیاییەکمان لەگەڵدا بوو، خائین بوو، رای کرد بۆ



ناو دوژمن، بەڵام بەرلەوەی بگاتە دیوی سەنگەرەکانی دوژمن لە دواوە سەربازێکی بیابان لێیدا و وەک سەگ تۆپاندی."

تەماشا برادەر نیوەی هێزەکەی چیایی بوون بەڵام لە چیرۆکی سەرکەوتنەکانا دەیگوت بیابانییەکان ناترسن، چاکەیان زۆرە لەسەرمان، شەهیدی گەورەمان داوە. ناوی ئەفسەرێکی هێنا، من دەمناسی، لەو شەڕە کوژرا بوو، دەیگوت بیابانییەکی پاڵەوان بوو، بەڵام کە دەهاتە سەر باسی ئەوانەی لە دۆزەخی شەڕ رایانکردبوو دەیگوت ئەو خائینێکی چیایی بوو، چۆن وا نەبم برادەر، لەو دەمانەدا کە ئەو قسانەی دەگێڕانەوە، کە ناوی چیاییەکەی بە خائین هێنا، خۆم بۆ رانەگیرا، پێم گوت:

– چیاییەکان ئەگەر خیانەتیش بکەن لە ئێوە فێری خیانەت بوون، من لێرەم لە خەستەخانە، دەزانم چەند سەربازتان لە دواوە لێیان دەدرێ، خۆم دەزانم ئێوە چەند گڵاون، کە وام گوت، منی گرت و رایوەشاندم، لەگەڵ راوەشاندنا من بەرەو دواوە خۆم راپچکوراند، ئەو هەر منی بەر نەدا، هاواری دەکرد، بەڵام هاوار و قسەکانی نارۆشن بوون، ئەوەی لێی حاڵی دەبووم وشەی خائین بوو، لەگەڵ ئەو بگرەوبەردەیەش کەوتە سەر زەوی، لە هۆش خۆی چوو، هەر ئەو لە هۆشچوونە بوو ئیتر نەهاتەوە هۆش، زۆریان بردم و هێنام، دەیانەویست تاوانی مردنی بە ملی من دابڕن، بەڵام دواتر بەڵگەیان نەبوو، بێجگە لەوەش نەخۆشێکی تەنیشت تەختەکەی ئەو شایەتمانی بۆ بێتاوانی مندا، من پێم گوتن:

– لە بەڕێوەبردنی کارەکانمدا پەلاماری داوم، عەقڵی تەواو نەبوو، شایەدەکەش هەروای گوت، ئیتر هەر ئەو قسەیە سەری گرت.

لەو دەمانەدا سەربازە بریندارەکە چاوی هەڵهێنان، بە زمانی چیاییەکان گوتی:

– تینوومە.

دەبەیەکی سپی پلاستیکی پڕ لە ئاومان لەگەڵ خۆ هێنابوو، هێشتا دەممان لێنەدابوو. ئاومان دایە، دوای دەمێک خۆجوولاندن و ناڵەناڵێک، بەئاگاهاتەوە و هێندێک ئارام بووەوە. سەرنجێکی هەردووکمانی دا و بە ئەسپایی گوتی:

– ناوم زێرەڤانە، ئەوەش شەمدین.

ئینجا بۆ دەمێک بێ دەنگ بوو و پاشان سەری بەرز کردەوە و گوتی:

– لە جل و بەرگ و شێوەتان را دیارە کە ئێوە سەرباز نین، لە شەڕ نەبوون، وانییە؟

جەمال گوتی:

– برادەر نەخێر ئێمەش لە شەڕ بووین، بەڵام لە شەڕێکی جیاواز لەو شەڕەی تۆ، ئەوە نییە ئێمەش دەمانەوێ بەرەو هەوار، بەرەو چیاکان بڕۆینەوە؟ ئێوەش هەر بۆ ئەوێ ناڕۆن؟ گوتی:

– ڕاستە، ئێمەش هەر بۆ ئەوێ دەڕۆین.

دوای ئەوەی ئەو سەربازە بێدەنگ بوو، هەموو شتێک بێ دەنگ دەبوو، بێدەنگی باڵی بەسەر هەمووماندا کێشا، مەگەر جارناجارێک زەڕەی زریپۆشێک، یا گڕەی فڕۆکەیەک درزی بە بێدەنگییەکانی ئێمە بدابایە، جەمالی پەرستار زیاتر لە هەموان چووبووە ژێر باری بێدەنگییەکی ترسناک، کە سەرنجی کوریشکەکانی نێوچاوانیم دەدا شەڕیان بوو، لە داڵغەیەکی سەیر و قووڵدا شەپۆلیان دەدا. تا دەشهات ڕۆژ گەرمتر دەبوو، قەڵەباڵغی و هێزی بەزیوی ئەنفالچییەکان تا دەهات زیادی دەکرد و بەرەو ڕۆژئاوا هەنگاوی دەنا. بڕیارماندا بڕۆین، بۆ ئەوەی لەو بیابانە لێمان نەبێت بە شەو. ماوەی زیاتر لە دە دەمژمێرمان لە پێش بوو بۆ ئەوەی بگەینە ئاوەدانییەک. لەو سات و کاتانەدا جەمال بە شێوەیەکی زۆر کتوپڕ بڵند بوو و گوتی:

– برادەر من رای خۆم گۆڕی، من دەمەوێ بگەڕێمەوە، ڕۆحی بریندارانی پەڕاگەندە بانگم دەکەن، دەیان برینداری چیایی لەو ڕێگایەدا بێ چارەن، من خۆپەرست نیم، دەبێ بگەڕێمەوە، تۆ ئیتر بە تەنیا نیت و هاوڕێی ڕێگای باشت بۆ پەیدا بوون، هەروەها دەبێ هاواری قوربانییانی ئەنفال تۆ ببەیتەوە، من لێرە چاوەڕێتان دەکەم.

لەگەڵ ئەو قسانەی زیاتر ئۆقرەی نەگرت، پێی هەڵێنا و ڕۆیشت، ماوەی ئەوەی نەدا قسەی لەگەڵ بکەین. چەند هەنگاوێک ڕۆیشت و دوایی گەڕایەوە، زۆر بە توندی باوەشی کردە من و منی زۆر بە توندی گوشی، نێوچاوانی ماچ کردم و گوتی:



– پەیامی قوربانییەکانت لە بیر نەچێ، لە بیریشت نەچێ سەرێک لە داربەڕووەکانی من بدەی، لە جیاتی من گەڵاکانیان ماچ بکە.

تەماشای کردم و ماڵئاوایی لە زێرەڤان و شەمدینی هەڤاڵەکەیشی کرد و ڕۆیشت، وردە وردە کەوتە ناو حەشاماتی سەربازەکان، ئەو بە پێچەوانەی ئەوان ئەو شەپۆلە بەشەرییەی دەبڕی تا لەبەر چاوماندا وەن بوو.

بە گەڕانەوەی جەمالی پەرستار نائومێدییەکی زۆر رووی تێکردم، نائومێدی و بۆنی خوێن و هەستکردن و بیستنی ناڵەی ئەنفالەکان بەرچاویان لێڵ دەکردم و نەمدەزانی لەو ساتەدا بۆ دەژیم. ئەوە کێیە هەموو خۆشییەکی ئەو ژیانەمان بەتاڵ دەکاتەوە لە هەموو جۆرە مانایەک؟ بۆ دەبێ ئەو هەرێمەی ناوەڕاستی دونیا ئاوا سەرگەردان بێ؟ بۆ دەبێ چارەنووسی ئێمەی چیایی بە بیابانەوە یا بە چەند کەسێکی ئەو بیابانەوە گرێ بدرێ؟ بە را و بۆچوون و گیروگرفتەکانی ئەوان و مێژووی خوێناویی ئەوان گری بدرێ؟ ڕۆحی چیا تۆ لە کوێی؟ بۆ توانای لەسەر پێ وەستانت نییە؟ بۆ توانای وەدەرنانی بیابانییەکانت نییە؟ بۆ دەبێ مردوو و زیندوومان لەو بیابانەدا گۆڕەوشار بکرێن؟ بۆ، بۆ؟ لەگەڵ گرژبوونی دەموچاوم و سوورهەڵگەڕانم، زێرەڤان دەستێکی نایە سەر شانم و گوتی:

– هەڤاڵ، خۆت سەخڵەت مەکە. ئەوەی تۆ دەیڵێی مێژوویێکی دوور و درێژە و باب و باپیرانی دووریشمان ئەو نرخەیان داوە. چیایی بوون هەویەی ئێمە نەبووە تا پشتی یەک بگرین و دووچاری هەموو ئەو بەدبەختییە نەبین. ئێمە نرخی گەورەمان داوە تا وەکو خۆمان بمێنینەوە، ئێمە تەنها بە ڕواڵەت ماوین، ئەگینا چیمان لە خەڵکی تر دەچێ؟ کوا مێژوومان چی بەسەرهات؟ کوا کتێبخانەی شالیار و موغەکان و شوێنەواری پەرستگاکانمان چییان لێهات؟ عەقلێک هەیە بڵێ چیاییەکان خاوەنی خوایەک نەبوون و خوایەکیان نەپەرەستووە؟ لەوانەیە بڵێن چیاییەکان هەر کۆچەر و ڕەوەند بوون، بۆیە گرنگیمان بە نووسین و خوێندەواری نەداوە، ئایا ئەو قسەیە لە فەرهەنگی مەعریفەدا جێی دەبێتەوە؟ دەی ئەکوان ئەو نووسینانەی چیاییەکان کە بەر لە هاتنی بیابانییەکان نووسیویانە؟ کتێبخانەی عاریفە چیاییەکان ئەگەر

نەسووتێنرابن و نەفەوتێنرابن ئەی چییان لێ بەسەرهات؟ دەکەواتە ئەگەر وایە و چیاییەکان هیچیان نەبووە، بیابانییەکان راست دەکەن، هەرێمی چیاش بەشێکە لە بیابان. بەڵام هەموو شتێکمان دەڵێ نەخێر وانییە. ئەو ئەنفالانەی تۆ ناوت هێنان هەموویان دەڵێن وا نییە. خوێنی ئازیز و خۆشەویستانمان لە قووڵایی بیابان لەگەڵ خۆڵ و بەردی بیابان تێکەڵ بووە، گرنگ نەبوو مسوڵمان بین، یا ئێزیدی، یا کریستیان. گرنگ نەبوو راستڕەو بین یا چەپڕەو، گرنگ نەبوو خەڵکی ئەوبەری زێ بین یا هی ئەم بەر، گرنگ ئەوەیە هەموومان چیایین. بۆیە بیابان بەرامبەر چیاییەکان درێژە بە پرۆسە پاکتاوییە رەگەزەکانی خۆی دەدا، درێژە بە ئەنفالکردن دەدا. زەمەن دەڕوا هاوڕێ، وەکو بروسکە تێدەپەڕێ، ئێمەش ئەگەر لەگەڵی نەڕۆین ون دەبین، بەجێدەمێنین، مێژوو بەزەیی پێماندا نایەتەوە، دەبین بە کارتێکراو و وردە وردە دەتاوێینەوە. پێویستە دیاربین هاوڕێ، گرنگ نییە چۆن دیار دەبین، توندڕەو یا میانەڕەو، گرنگ ئەوەیە ئامانجمان یەک بن، ئەویش سەروەری چیاکان بێ، چیتر پێشێل نەکرێن، دانیشتوانی پەڕاگەندە نەکرێن و دەستەمۆ نەکرێن. گرنگ ئەوەیە خۆمان بە چیایی بزانین و بیکەین بە خاڵی هاوبەشی سەروەریمان. چیایی بوون، هاوڕێ چیایی بوون.

زێرەڤان لەگەڵ ئەو قسانەیدا لە پرمەی گریانی دا و هەستایە سەر پێ، گوتی:

– هاوڕێ با چیتر لێرە نەسەکنین، با بجوڵێین.

منیش هەڵسام و جانتایەکەم نایە شانم، کە تەماشای ئەو دەڤەرەم دەکرد، تەنها بۆنی مردنی لێدەهات، بەپەلە دەستی زێرەڤانم گرت و کەوتینە رێگا، کەوتینەوە ناو ریزی هەموو ئەو هەزاران سەربازەی کە هەموو گیانیان پڕ لە ئومێد بوو و خوازیار بوون هەرچی زووە بگەنەوە بە ماڵ و حاڵی خۆیان. دەمزانی بە رۆیشتن ئەستەمە بگەینەوە زێدی خۆمان، تاکە هیوایەک کە لە دڵمدا بوو بینینی ئارامدین بوو، یا دینۆ یا رۆحسووک، سەربازێک نەبوو سەرنجی نەدەم و لەسەر تا پێ لێیان وردنەبمەوە. سەربازێک نەبوو بۆ ساتێک دیمەنی ئەو سێ شۆڕە پیاوەیان تێدا نەبینم، ئەوانم تەنها بەجل و بەرگی سەربازی



دەهاتنە بەر چاو. دەتگوت بەدرێژایی ژیانم ئەوانەم هەر بە جلوبەرگی سەربازی بینیوە، هەموو پاڵەوانەکانی خەونەکانیشم هەر بەو جلوبەرگانە دەبینین، ئەوانم دەدی لە قووڵایی بیابان لە پێشەوەی ئەنفالەکان دەڕۆن و بارودۆخی نوێی بیابانیان بۆ باس دەکەن. هەندێک جار رۆحسووکم دەبینی ئەڵقەی زیکری بەستووە و پرچێکی درێژی یەک مەتری بەسەر جلوبەرگە سەربازییەکەیدا هاتۆتە خوارێ، سەری بادەدا و هاوار دەکا و دەڵێ:

– مەدەد یا رۆحی ژێر بیابان. مەدەد یا چاوی پڕ گریان. مەدەد یا پیری چیاداد.

لەو ئاوێتەبوونە رۆحییەدا بووم لەگەڵ هاوشاری و برادەرە نزیکەکانم، لەگەڵ رۆحی ئەنفالەکان، کە ئۆتۆمبیلێک هۆڕنی لێدا و لە تەنیشتمان وەستا، ئەفسەرێکی ئەستێرەداری جلوبەرگ خاوێن بە زەردەخەنەیەکەوە بە زمانی بیابانییەکان هەڵیدایە و گوتی:

– وەرن لەگەڵمان سوار بن.

دوای راڕاییەک، رووم لە زێرەڤان کرد و گوتم "باشترە سوار بین". هەردووکمان بەسەر کەوتین، بەڵام، کە ئاوڕمان لە شەمدین دایەوە، دیار نەمابوو، ئێمە لەگەڵ گفتوگۆی خۆمان و زیاتر خزانە ناو قووڵایی خەمەکان لەو بێئاگا بووین. زێرەڤان چەند مەترێک بەرەو دواوە گەڕایەوە، هەر هاواریشی دەکرد، بەڵام بێهودەبوو. کە هاتەوە لای جێبەکە بە دەموچاوێکی نائومێدەوە گوتی:

– ئێوە برۆن. منیش گوتم:

– نا ئەگەر تۆ نەیەیت منیش ناڕۆم، دوایی ئەفسەرەکە گوتی:

– وەرن سواربن، بەماشێن دەگەڕێینەوە.

زێرەڤان بە دەنگێکی بەرز چەند جارێکی دیکەش بانگی کرد:

– شەمدین؟

بێ هوودە بوو، وا دیار بوو هەر زوو لێمان دابڕابوو، دابڕانی ئەو زۆر کاری لە زێرەڤان کرد و زۆر خەفەتبار بوو. ئەو رۆژە نموونەی ئەو رۆژانە

بوو کە کەس ناتوانێ ئاگای لەکەس بێ، بەڵام کەمترخەمی ئێمەشی تێدا بوو، لەوانەیە هی خۆیشی.

ئۆتۆمبێلەکە جیبێکی سەربازی بچووک بوو، ئەو ئەفسەرە گەورەی تێدا بوو لەگەڵ سەربازێکی پاسەوان. کە دانیشتین، ئەفسەرەکە گوتی:

– ئێمە زۆر چاومان لە ئێوە گێڕا، ئەوە وەسیەتی جەمال بوو، ئەو بەر لە چەند رۆژێک قاچی منی تیمار کردووە، ئا لەو گۆڕەپانەی ئەولا دەیان سەرباز دەورەیان لێداوە، رۆڵێکی زۆر کاریگەر دەگێڕێ، بەتایبەتیش بۆ ئەوانەی کە برینەکانیان گرانە، یا خوێنیان زۆر لەبەر دەڕوا، ئەو پاڵەوانە هەرگیز لە مرۆڤدۆستانەی خۆی ماندوو نابێ. بەڵام ئەو گوتیشی، ئێوە سێ کەسن، بەڵام بەداخەوە واپێدەچێ ئەومان ونکردبێت.

– زێرەڤان بەو قسەیەش زیاتر پەشۆکا. هەردووکمان ویژدانمان ئازاری دەداین.

هێشتا زێڕەڤان قسەکەی تەواو نەکردبوو، کە ئەفسەرەکە هێدی هێدی بەرەو دواوە گەڕایەوە. گەیشتینەوە راستی هەمان ئەو شوێنەی کە پشوومان لێی دابوو، بەڵام بێ هوودە بوو. لەو دەمانەدا زۆر سەرباز جوێنیان دەدا، سەخڵەت بوون بە تۆزی تایەی ماشێنەکە. تەیارەش لە ئاسماندا دەیاننەڕاند، زۆر جار ئۆتۆمبێلی تر دەهاتن و هۆڕنێکیان لێ دەدا. لەو دەمانەدا جیبێکی تر هات، لە تەنیشت ئێمەوە وەستا، بە زمانی بیابان چاک و خۆشییان لە یەکتر کرد. کە زانییان هیچ کێشەیەکی ئەوتۆمان نییە پێویستمان بەوان بێ، ئەوان بە خێرایی دەرچوون. ئینجا ئەفسەرەکە هەڵی دایە و گوتی:

– برایان پێم وابێ بێ هوودەیە، لە ناو ئەو حەشاماتە ئەستەمە کەسێک بدۆزرێتەوە. بە هەر حاڵ بە رای من بڕۆین باشترە.

چاوەڕێی وەڵامی ئێمەی نەکرد، بە ئێواشی ملی رێگای گرت و گوتی:

– ئێوە چۆن ئەو جەماله دەناسن؟

بە خێرایی گوتم:

– ئەویش چیاییە قوربان.

دوای نەختێک بێدەنگی گوتی:



– باوکی منیش لە بنەچەگەدا چیایی بووە. من خۆم بە بیابانی نازانم، ئەگەر چی هەر لە بیابانیش لە دایک بووم و زمانی چیاییەکانیش نازانم. مخابن بۆ چیاییەکان وایان بەسەر بێ.

ئەو ئەفسەرە ناوی زیائوننور بوو. باسی لە چیاییبوونی خۆی دەکرد. بەڵام نەیدەزانی کەی و چۆن کەوتوونەتە بیابان. دەیگوت:

– هەندێک دەڵێن لە زەمانی دەسەڵاتی چیاییەکان ئێمە کەوتووینەتە بیابان، دەڵێن باپیرانی ئێمە سەربازی پادشایەکی چیایی بوون. هەندێکیش دەڵێن: لە سەرەتای سەدەی نۆزدهەم باپیرانمان راگوێزراون بۆ بیابان. راوبۆچوونی تریش هەن. بەڵام هەرکامێکیان راست بێ، هەر یەک دەرەنجانی لێکەوتۆتەوە، ئەویش بە بیابانی بوونی ئێمەیە. لە راستیدا ئێمە هەناسەیەکی چیایی بوونیشمان پێوە نەماوە. دڵمان لەگەڵ خورپانی دڵی چیاکان لێنادا، لەگەڵ ناڵەناڵی ئەوان بە ئاگا نایەینەوە. کە پۆستاڵەکان پێ لە گەروو و بەندەکان گیر دەکەن بەمەبەستی پێداهەڵگەڕانیان گوێمان لە ئازاریان نابێ. دێتە بیرم کە هەندێ خێزانی چیاییان بۆ دەڤەری ئێمە هێنان، بەر لەوەی بگەن پێیان دەگوتین:

– لەو رۆژانە هەندێک چیایی دێن، بڕۆن تەماشایان بکەن، پێستیان لە پێستی مرۆڤ ناچێ، چاویان گەورەن و لوتیان بستێک درێژە، قۆچیان هەیە، بەڵام هەندێک جار لە ژێر جامانەکەیان دەیشارنەوە، دەبێ جوان دیققەتی لێبدەن ئەگینا نایبینن، قاچەکانیان درێژن و ملیان کورتە. باش دێتە بیرم بەر لەوەی ئەوان بگەن، باوکم دەیگوت "ئەو قسانە درۆن، ئەمە پڕوپاگەندەی بیابانییە دڵڕەشەکانە. چیاییەکان پێست جوان و باڵا بەرزن، ئەوانیش مرۆڤن وەکو هەموو مرۆڤێک" کە هاتن بینیمانن، بە راستی قسەی باوکم بوو، هەر لەو ساتەوە و لەوەتی باوکم گوتوویەتی ئێمەش چیایین هەست و نەستی من جۆرێکی ترە، هەست دەکەم کە رەگ و ریشەکانم لەوێن، لەبنار ئەو چیایانەن کە هێشتا نەم بینیون. حەز بە بینینیان دەکەم، حەز دەکەم رۆژێک بێم و باوەشیان پێدا بکەم، بۆنی باپیرەکانم بکەم، تێر تێر رایانموسم. لەوێ حەز بە گریان دەکەم، گریانێک رووبار هەڵسێنێ، بیابان نقومی هەناسە ساردەکانم بکات. من لەو رۆژەوە بیابانی نیم، هەروەکو لە چیایی بوونیش تۆرێنراوم،

نازانم چیایی بوون تامی چییە، ناتوانم لە مێشکما گەلاڵەی بکەم، وێنایەکی تایبەت دروست بکەم. دەزانم بیابانی بوون چۆنە و چییە؟ کە خۆشەویستی بۆ شوێنێک لەدەست دەدەی لەبەر چاوت ناشیرین و قێزەوون دەبێ. خۆ کەس سەربەخۆ رقی لە شتێک نابێتەوە، تا رەفتار و ئاکارەکانی نەبینی و لەگەڵیا نەژیەیت. برادەر من دەزانم هەست کردن بە نامۆیی چەند ناخۆشە. من دەزانم کە هاوڕەگەزەکانت زیندەبەچاڵ دەکرێن و تۆش توانای هیچت نابێ چ دەردێکی کوشندەیە، ئێستاش بە گاڵتە پێکردن و ناشیرین کردن پێم دەڵێن تۆ چیایی! سەرەتا هەر نەم دەزانی ئێمە لە بنەڕەتدا چیایین، تا جارێکیان لە سەربازگە لەگەڵ هاوڕێیەکم بە دەمەقاڵ هاتین و دووسێ بۆکسم لە سەر و ملی ئاڵاندن، ئەگەرچی ئەو زۆر لە من بە باڵا تر و بە هێز تر بوو، بەڵام هەر زوو لێی هاتمە دەست و دەم و لیچم بە خوێندا هێنان. پاشان ئەو فەرماندەیەی کە هەردووکمانی بە خێزانەوە دەناسی و هاوشاری ئێمە بوو، بەرەو لای ئێمە هات، کە هاوڕێکەی منی بینی خوێنی لە لووتی فیچقە دەکات، رووی لە من کرد و گوتی "دیارە رەگی چیاییت هەر ماون" ئەو قسەیەم زۆر بە لاوە سەیر بوو. "رەگی چیایی!" یەکەم جار بوو گوێم لەو رستەیە بێت، باوکیشم هەرگیز پێی نەگوتبووم، کەسێکی تریش بەر لەو پێی نەگوتبووم، بۆیە هەر کە بە مۆڵەت گەیشتمەوە ماڵ رووم لە باوکم کرد "بابە بۆ فلان کەس پێی گوتم رەگی چیایی لە مندا هەن؟" ئەویش گوتی "دونیایەکی سەیرە کوڕم، نە بە بیری من و نە هی باپیرەت و نە هی باپیرە گەورەشتە کە ئێمە لە دەڤەری چیاکان هەڵقەناوین، تەماشا بکە تا هەنووکەش هەر پێمان دەڵێن چیایی!" هەر لەو ساتەوە منیش بە باوکم گوت، وەی سەد جار، ئیتر هەر لەو رۆژەوە رەگی بیابانی بوونم مردن، لە هەموو سات و کاتەکانی ژیانمدا خۆم بە نامۆ دەزانم، لە هەموو ئەو خزمەتانەشم پەشیمانم کە بۆ بیابانییەکانم کردوون. دڵنیاشم ئەوانیش هەر بە چیاییم دەزانن و منەتیشیان بە هیچێکی من نییە، ئەگەر بە خائینیشمان نەزانن.

ئەو لەو قسانەیدا رۆچوو بوو، بەلامەوە سەیر بوو پیاوێکی ئاوا لەدایکبووی بیابان ئەو هەست و سۆزە تایبەتییەی هەبێ. راستە کە مرۆڤ دەتوانێ ئیینی یا ئایینزای یا بیروڕاکانی بگۆڕێ، بەڵام گۆڕینی رەگەز نەک هەر ئەستەمە بەڵکو



هەر ناکرێ، ئەنجام نادرێ. ئەو هەر بەوەی کە لە باوکی گوێ لێبووە کە ئەوان چیایین، ئیتر حەز و خەون و خەمەکانی گۆڕاون. هەست و ویست و داخوازییەکانی بە دووڕییانێکی تردا کەوتوون. ئۆتۆمبێلەکەی زۆر خێرا دەهاژۆت، جارناجاریش فڕۆکە هێرشهێنەرەکان بەسەر سەرماندا دەسوڕانەوە، لە هەردوو دیوی ئۆتۆبانەکان پارچە ئۆتۆمبێل و تانکی شکاو و لاشەی مرۆڤمان دەبینین بەسەر یەکدا کەوتبوون. رێبوارەکان لە لێواری شەقامەکەدا زۆر بە قورسی هەنگاویان دەهاوێشت، بە ئاسانی هەستمان بە قورسایی هەنگاوەکانیان دەکرد. لە دوورەوەش تەنها سەربازی راکردوومان دەبینین. بیابان تەنها بۆنی خوێنی لێدەهات. ئەو رۆژانە مردن شەپۆلی دەدا، سەربازەکانی دەناسینەوە، بە دوویان دەکەوت. باپیرەم دەیگوت:

– کە مردن روو لە شوێنێک دەکات، ئێوە مەچن بۆ ئەو شوێنە، ئەگەر بۆشتان کرا دەرچن، باشترە دەربچن. مردن هەمیشە ناحەزە، بۆیە دوژمن هەمیشە بە مردن سزای دوژمنەکەی دەدا.

لە پڕێکا زیائوننور گوتی:

– برادەران، ئێستا دەتوانم بڵێم لە ناوچە ترسناکەکان دوورکەوتینەوە، راستە فڕۆکەکان دەنگیان دێ، بەڵام پێناچێ ئێرە بۆردوومان بکەن، ئێستا زیاتر لە هەموو ساتێک لە ژیان نزیک بووینەوە، چەندیش لە ژیان نزیک بینەوە هەست دەکەم زیاتر لە چیاکان نزیک دەبینەوە. بەڵێنم داوە ئەمجارە رزگارم بێ سەردانی چیاکان دەکەم، سەردانی زێدی باپیرانم دەکەم. ئەگەر بۆم بگونجێ و دەرفەتم بدرێ، دێم لەوێ دەژیم، دەمەوێ وەکو باوکم نەبم، منداڵەکانم بە شیری چیا فرچک بگرن، بە هەنگوێنی کونە شاخ و درزە دارە کێوییەکان تێر بخۆن، بە هەڵگەڕان و داگەڕانی چیاکان فێری وەرزش بن، دەمەوێ لە حوزووری چیاکان هاوسەرێتی لەگەڵ خۆشەویستەکەمدا رابگەیەنم، لەژێر سێبەری چیاکان کەیف و سەیرانەکەمان ئەنجام بدەین، دەمەوێ ببمە کاڵایەک بکرێمە بەر باڵای چیا بەرزەکان، برادەر ئەو سات، تەنها ئەو سات هەست دەکەم نامرم.

تا دەهاتیش لە ئاوەدانییەکان نزیک دەکەوتینەوە، خانووی بە قوڕ و بە چیخ و هەندێ جار کەلاوەشمان لە هەردوو دیوی ڕێگا بەرچاو دەکەوتن. خورماکان ریزەیان بەستبوو، تا دوور، تا چاو دەیبینی تارمایی دارخورمایەکانیش دەبینران. خەڵکمان دەبینین، منداڵ، ژن، هەیانبوو پێخواس و هەشیان بوو بە پارچە لاستیکێکی پان و دولاقەیەک، پارچە لاستیقەکەیان بە پێوە گرێدابوو. هەندێکییان بە جامانەیەکی سوور و هەندێکیشییان بە جامانەیەکی سپییات سەرییان داپۆشیبوو، پاشان بە پەتکێکی رەشی دووجا جامانەکەیان لە پانایی سەر بەستبووەوە. نەمدەزانی چۆن ئەو چامانەیە وەستێنراوە، بەڵام دامێنی جامانەکە بەسەر ئەو چاکەتەدا دەهاتە خوارەوە کە لەسەر کراسێکی درێژ لەبەریان دەکرد. هەستم دەکرد تۆز بەسەر هەموو گیانیانەوە هەیە. لە هەردوولای ێگاکە کابینەی بە پارچە حەسیر بە شەتوپەتی دروستکرابوون. زۆربەیان هەندێک بسکوێت و ساردی و یاری منداڵانەی وەکو ئۆتۆمبیلی پلاستیک و شەقشەقە و شتی لەو جۆرەیان دانابوو. بەڵام بێجگە لە سەرباز کەسم نەدەبینی شت بکڕێ. هەموو شوێنێک سەربازی لێبوو، لەژێر هەر دار خورمایەک هەندێک سەرباز بە ریز یا بە بازنەیی دانیشتبوون.

کە ئەو ریزە فرۆشیارانەمان بڕین و گەییشتینە ناو ئاوەدانی، لە پڕ ئاڵای هەمە جۆرمان دەبینین، ئاڵای رەش و سوور و سپی و هی تریش، بەسەر سەری خەڵکێکی بیابانییەوە دەشەکانەوە، تا لێیان نزیک دەبووینەوە دەنگیان زیاتر دەبوو، تا باشتر دەم و چاومان دەبینین رق و تووڕەبوونیان زیادی دەکرد. تا دەهات شەپۆلی مرۆڤەکان زیاتر پەنگی دەخواردەوە. وێنەی سەیر و سەمەرەیان هەڵدابوون، ئاڵاکانیان تازە بوون، پێشتر نەمبینیبوون. زۆریان چەکدار و هەندێکیشیان دار و تەور و ئاسنی هەمەجۆریان پێبوو. پەلاماری هەموو شتێکیان دەدا. دەتگوت ئەو بیابانییانەن کە ساڵەهایە لە گرتووخانەدا بوون و لە ژیانیاندا مرۆڤی تریان نەبینیون. زیائوننور بە بینینیان زۆر پەشۆکا، دەتگوت دەیانناسێ، چەند نزیک دەبووینەوە، دەیگوت:

– وام زانی لە مردن دوورکەوتینەوە، بەڵام ئێستا لە جۆرە مردنێکی تر نزیک کەوتینەوە. مردنی ئەولا کت و پڕ بوو، لە ناکاو یەخەی سەربازانی دەگرت و لە



چاو تروکانێکدا بێدەنگیان دەکردن، بەڵام مردنی ئێرە جیاوازە برادەران، بە پێچەوانەی هی ئەولایە، هەر چرکەیەکی بە ساڵێک دەبێ. ئەوانە سەربازی وەهمن، ساڵەهایە بێدەنگ کراون، زنجیرەکانییان لێ زەوت کراون، فرمێسکی چەندین سەدەیان پەنگی خواردۆتەوە، ئەگەر ئەو فرمێسکانە برژێن بیابان نقوم دەکات. تووڕەبوونی ئەوانە هی ساتێک و رۆژێک نییە، ترسناکە برادەران.

زێرەڤانیش دەیگوت:

– هەڤاڵ ئێمە ناڵێین چیانشینین ئەگەر تەشقەڵەمان پێبکەن. پێم وابێ واباشترە.

زیائوننور لە وەڵامی زێرەڤاندا دەیگوت:

– نا برادەر نا، ئەوان مەبەستیان چیا نشینەکان نییە، ئەوان دژی سەربازانی یەزیدن، سەدان ساڵ بەر لە ئێستا یەزید خوێنی ئەوانی حەڵاڵ کردبوو، نەک چیاییەکان، سەربازانی یەزید سەری پێشەوای ئەوانی بڕی. هەر لەو بیابانە، سەریان بڕی بێ ئەوەی دڵۆپە ئاوێکی بدەنێ. یەزید بیابانییەکی درندە و دڵ بەرد بوو، نەیارەکانی خۆی دەسووتاند، سەری لێدەکردنەوە، منداڵەکانیشی رزگار نەدەکرد. یەزید هێمای مردنە بۆ ئەوان، یەزید لای ئەوان نەفرەت لێکراوە، چونکە پێیان وایە هەمیشە پەتایەکی ئەبەدی بووە بۆ پێشەوای رۆحی ئەو خەڵکانە.

زیائوننور پەیتا پەیتا لە خێرایی ئۆتۆمبێلەکەی کەمدەکردەوە. شەپۆلی ئەو خەڵکە وردە وردە زیادی دەکرد. چەند دەچووینە قووڵایی ئاوەدانی هێندەش ئاپۆرەی خەڵک تەشەنەی دەسەند. یاسا و رێساکانی ئەو رێگایە سەیر دەهاتنە بەر چاو. کە هاتین ترس لە چۆلەوانیدا حاکم بوو، ئێستا ترس لە ئاوەدانیدا حاکمە. کە هاتین نەهری رۆحسووک دەیگوت:

– تەماشا خەپەی برا، دەموچاوی ئەو بیابانییانە تەنها تۆزی لەسەر نیشتووە، دەڵێی توانای مێش لە خۆ دەرکردنیان نییە، دەم و چاویان مۆنن، بە مۆنی لێمان دەڕوانن. خەپەی برا ئێرە زۆر ترسناکە، من دەزانم، رۆژانی گرتووخانەم دێنەوە یاد. ئەو رۆژانەی هەموو شتێک مورەی لێمان دەکرد، بیابان داوای جەرگی ئێمەی دەکرد، ئێستاش نازانم چۆن لە مردنی ئەو

رۆژگارە رزگارم بوو، دەترسم مردنێکی تر و لە شێوە و جۆرێکی تر ئەمجارە یەخەمان بگرێ، دەم و چاوی ئەو خەڵکە هەر وا دەڵێت، تەنها مردنی لێدەبارێ.

ئێمە نهێنییەکانمان نەدەزانین. نەماندەزانی بیابانیش جۆری هەیە، رقەکانیشیان لەیەکتر جیاوازن، هەروەکو خەونەکانیشیان جیاوازن، هەناسەکانیشیان تێکەڵ نابن، مەزهەب رۆحی گۆڕیون. بەڵام لە قسەکانی زیائونوریش زۆر حاڵی نەدەبووم. ئەو باسی زنجیری زەوتکراو دەکا، باسی فرمێسکی پەنگ خواردوو دەکا، باسی بێدەنگی ئەو حەشاماتە گڕگرتووە دەکا. باپیرەم دیگوت:

– رقی خەڵک کە ئازاد دەبێ سنوور ناناسێ، هێزێک نییە بتوانێ جڵەوی بگرێتەوە. ئۆتۆمبێلەکەمان زیاتر ئێواش دەبووەوە، زیائوننور زۆر بێئارام بوو. دەنگی راپەڕیوانیش وەک گوللە خۆی دەکوتایە گوێمان، تاوناتاوێک تەقەیان بەرەو ئاسمان دەکرد، پۆلێکیشمان لە ناوەندی ئەو ئاپۆرە دەبینین بە زنجیری ئەلقەدار لە خۆیان دەدا، زێرەڤان دەیگوت:

– بەڕێز زیائوننور ئەوە چ جۆرە رقێکە لە خۆی بداتەوە، من هیچی لێحاڵی نیم. ئەوانە چین؟ تۆ دەڵێی ئەوانە سەربازی وەهمن، بەدوای یەزیددا دەگەڕێن، من هیچ لە تۆش حاڵی نیم.

زیائوننور دەیەویست ئۆتۆمبێلەکەی خێرا تر بکات، هەندێ جار بە زیکزاک دەیهاژۆت، دەیەویست خێرا بڕوات و خۆیشی لە زنجیر بەدەستەکان دوور بگرێ، چاوەکانی لە پێشەوە بڕیبوون و دەیگوت:

– برادەر ئەوانە هەر بەدوای یەزیددا ناگەڕێن، بەدوای سەربازەکانیشیدا دەگەڕێن، بەدوای بیابانییەکانی تردا دەگەڕێن، ئەوانەی سەربازی یەزیدن. ئەوانەی بەنداوێکی گەورەیان لە فرمێسکی ئەوانە دروست کردووە، دیواری بەنداوەکەش هەر بە لاشەی ئەوان دروستکراوە. ئەوە رقێکی کۆنە و ئێستا شەپۆڵ دەدا، دەزانم ئێوە زۆری لێتێناگەن. ئەوانە بیرکردنەوە نازانن، رقەکەیان تازە سنوور نازانێ، دڵنیام کاریگەری گەورەی بەدواوە دەبن. خوێنێکی زۆری تریش بە رێوەیە، دەبێ بڕژێ بۆ دامرکانی رۆحە تینووەکان.



هەتا دەهات ئاڵۆزی تەشەنەی دەسەند. پۆلی یاخیبووەکان زیاتر دەبوون، ئالای هەر پۆلێک رەنگێک و وێنەکانیشیان جیاواز بوون. لە جیاتی ترس رق دەباری، لە جیاتی زەردەخەنە فرمێسک شەپۆلیان دەدا، لە پڕ کۆمەڵێک بەرەورووی ئێمە هاتن، لە چاوەکانیانرا دیار بوو کە ئێمەیان مەبەستە، ئۆتۆمبێلەکەی ئێمەیان دایە بەر تەور و ئاسن، داوای دەرگا کردنەوە و دابەزینیان لێدەکردین، جۆرەها جنێویان دەدا، پرسیاریان دەکرد و چاوەڕێی وەڵامیان نەدەکرد. ئێمە دەرگاکانمان کردنەوە و دەستمان بەرز کردنەوە، من هیچم بۆ نەدەگوترا، نەمدەزانی بە چ زمانێک لەگەڵیان بئاخڤم، نەمدەزانی ئامانج لەو هەرایە چییە، ئەوانە کێن و لە کوێ هاتوون، گوێم لێبوو زیائوننور دەیگوت:

– بۆ خاتری خودا، ئێمە تاوانمان نییە، مەمانکوژن، تکا دەکەم ئازارمان مەدەن، بۆ خاتری خودا.

یەکێک لەولاوە هەڵی دەدایە و ئەوانی تری هاندەدا لێمان بدەن. ئیتر لە هەموو لایەک تێمان هەڵدەدرا. لە تاوی خۆم هاوارم کرد: کوڕە بابە با بزانین بۆ لێمان دەدەن، ئێوە کێن؟ بێ سوود بوو. زیائوننورم بینی چۆن لە ژێر پێ کەوتبوو، چۆن لێیدەدرا، پاسەوانەکەیشی بە هەمان شت، بینیم کە خوێن لەبەر لووتی دەڕۆیشت، لەو لایە یەکێک هەڵی دایە:

– بوەستن، بوەستن، ئەو پیاوە خۆی بریندارە، ئەوانە بیابانی نین. بوەستن.

لەو ساتانەدا زێرەڤانم بینی لەدەستی دوو بیابانیدا چەمابووەوە و خوێنی لە هەموو گیانی دەچۆڕایەوە. منیش ئازارێکی زۆرم لە پشتمدا هەبوو، چونکە هەر دابەزیم لە ئۆتۆمبێلەکەمان بە قۆنداغی تفەنگ لە پشتیان دام، یەکسەر کەوتمە سەر زەوی، کۆمەڵێک سەرە ئاسن و شاپم بەبەر گیان کەوتبوو. چۆن سەگەڵێک بەردەبنە گیانی باڵندەیەک، ئەوانیش ئاوا بەربوونە گیانی ئێمە، بێجگە لە زیائوننور من و زێرەڤان نەماندەزانی کێشەکە چییە، بۆ لێمان دەدەن. ئێمەیان پیل بەست کرد و بەرەو قووڵایی دارخورمایەکان پاڵیان نان، ئەو یەکەی لە پێش ئێمە دەڕۆیشت گوتی:

– پێم بڵێن ئێوە چین؟

– منیش گوتم بابە ئێمە چیایین، ئێمە بە زۆری هێنراوین بۆ ئێرە، ئێمە ئێوە ناناسین، چیتان لێمان دەوێ.

بە هانە هان و ماندووبوونەوە تەماشایەکی کردم و تفەنگەکەی هێنایە خوارەوە و گوتی:

– ئەگەر وابێ مەترسن ناتان کوژین، ئێمە کارمان بەسەر ئێوەدا نییە، ئێمە بەدوای یەزیدییەکاندا دەگەڕێین، دەزانم ئەو ئەفسەرە و پاسەوانەکەی کوڕی یەزیدن، خوێنخۆری ئێمەن.

– زێرەڤان تەماشای منی دەکرد و ڕەنگی لەبەر نەمابوو، خوێن لەسەر سمێڵە فش و پانەکانی پەنگی خواردبوو، بە ناچاری گوتم:

– بابەکەم شوفێرەکەمان یەزیدی نییە، ئەویش چیاییە و دوژمنی ئێوە نییە، تکا دەکەم ئێمە دەیناسین.

– ئەو چەکدارە ڕووی تێکردم و گوتی:

– ئەگەر قسە بکەی ئێوەش هەر لێرە دەکوژین، من زاراوەکەیان دەناسم، ئەوان کوڕی یەزیدن و ئەفسەری یەزیدیشن، ئەوان تەواو دەبێ بکوژرێن، هەرچی بەردەستمان کەوتبێ وەک سەگ تۆپاندوومان.

لە هەر چوار لا ئاوڕم دەدایەوە زیائوننورم نەدەبینی، کە ئێمەیان هێنا، وامزانی بەدوامانەوەیە، ئەویان بەرەو لایەکی تر پاڵدابوو. هاوارم لێهەڵسا، بە رقێکی زۆرەوە هاوارم کرد:

– کوڕە بابە ئەویش چیاییە، تکایە بیهێننەوە، مەیکوژن، ئەو بێتاوانە.

ئەو چەکدارە، لە یەکێکی خوڕی و گوتی:

– ئەبو حسێن، بڕۆن ئەویش بێنن، با نەیکوژن تا قسەی لەگەڵدا دەکەین.

هەموو گیانم پڕ لە ئازار بوو، بەڵام لە خەمی زیائوننور هەموو شتێکم لە بیر چووەوە، لە دڵی خۆمدا دەمگوت: "دەی ئەبو حسێن، بە قوربانت بم، خێراکە، ئەنفالکراومان کەم نییە، با زیائوننوریش نەچێتە ئەو ریزە، ئەو عاشقێکی چیاییە و بەڵێنتان دەدەمێ بیابان بۆ ئێوە بەجێ دێڵێ. ئێمەیان لە چادرێک نزیک کردەوە، پیاوێکی باڵا بەرزی لێهاتە دەرەوە، تەماشایەکی ئێمەی کرد و بەسەر هێمایەکی بۆ چەکدارەکان کرد، ئیتر ئێمەیان خستە ناو چادرەکە و دوو کەسی



تریش بە پیلبەستی لە بنەبانی چادرەکە لەیەکتر بەسترابوونەوە. چادرەکە تازە هەڵدرابوو ژێرەوەی هەر خۆڵ بوو، چەکدار لە هەموو لایەک هەڵدەقوڵان، تەقە لە هەموو لایەک دەنگی دەهات. دووکەڵ لە هەمولایەک بەرز دەبوویەوە.

لە پڕ گوێم لێبوو، چەکدارەکەی لەگەڵ ئێمە گوتی:

– ها ئەبوو حسێن، چیتان لەو ئەفسەرە کرد؟

ئەویش گوتی:

ببوورە گەورەم، ئەو چیایی نەبوو، ئەوانە راست ناکەن، ئەو ئەفسەرێکی گەورەی یەزید بوو، دەشێ تاوانبارێکی گەورەش بووبێ. بەڵام بەر لەوەی من بگەم بە سزای خۆی گەیەنرابوو.

کە گوێم لەو قسەیە بوو هەموو گیانم داڕزا، بۆ دەبێ قەدەر هێندە بێویژدان بێ، زیائوننورێک لە ناو ئاگروئاسن رزگاری بووە، پەروەردەی بیابانە و چیای نەبینیون، لێرە هاوبیابانییەکانی دەیکوژن. ڕووداوەکان زۆر بە خێرایی تێک دەپەڕین. زێرەڤانم بینی خوێن و فرمێسکی لەسەر سمێڵەکان تێکەڵ بووبوون، زۆر شلەژاو بوو. بە هێمنی گوتی:

– ئەوانە بزانن من ئێزدیم دەمکوژن!

نەمتوانی وەڵامی زێرەڤان بدەمەوە، کوشتنی زیائوننور پشتی شکاندم. لەو ڕێگا دوور و درێژەدا تەنها ئازارەکانی خۆی بۆ باس دەکردم. بیابان چیاییەکی تریشی هەڵلوشی، چیاییەکی جیاواز لە هەموو چیاییەکان، چیاییەک هەرگیز چیای نەبینیون، بەڵام بە عیشقی ئەوانەوە سەری نایەوە، زیائوننوریش بوو بە ئارامدینێکی تر، بە ئاسانی لەبەر چاوم ون بوو. ئەو وایدەزانی ئیتر تەواو لە مردن رزگاری بوو، بەڵام نەیدەزانی مردن بۆسەی بۆ داناوەتەوە. دەیگوت:

– مانگێک بەر لە هەنووکە لەگەڵ کچە مامی خۆم مارەبڕاوین. ئەو ناوی زینەیە. بەیەکەوە بڕیارمان داوە ناوی منداڵەکان لەو ناوانە بکات کە لە چیا هەیانە. یان ناوی چیاکانیان لێدەنێین، برادەرێکی چیایی زینە دوو ناوی کچانە و کوڕانەی بۆ دۆزیوینەتەوە. ئەگەر یەکەم منداڵمان کچ بوو ناوی دەنێین "سازگار" ئەگەر کوڕیش بوو ناوی دەنێین "رزگار" هەڵبەت ناوی خۆشم دەکەمە بەختەوەر. ئێمە بڕیارمان داوە ڕەوڕەوەی ژیانی خۆمان بگۆڕین. ئیتر چیدی

ئێمە بیابانی نین، ئەگەر لەوێ لە شارەکەی خۆشمان بمێنینەوە، خۆمان بە خەڵکی ئەوێ نازانین، دەڵێین ئێمە چیایین و لێرە دەژین. وەکو ئاوارە دەژین. دەزگیرانەکەم هەمان راوبۆچوونی منی هەیە. بەر لەوەی مارەبڕین ئەنجام بدەین پێم گوت، رازی دڵی خۆم بۆ باس کردبوو. ئەویش خۆشحاڵ بوو. باوکی ئەو کە دەکاتە مامەم بەدەستی سەردارانی ئەو بیابانە لەسێدارە درا. باوکی ئەو تازە ببووە فڕۆکەوان، داوایان لێکردبوو بچێت بۆمب ببارێنێتە سەر نەیارەکانمان، سەر ئەو وڵاتەی کە شەڕی لەگەڵ بیاباندا دەکرد، شەڕێکی نەگبەت بوو، ئەو هەرگیز قەناعەتی بەو شەڕە نەبوو، بۆیە پلەکانیان لێسەندەوە و خستیانە بەندیخانە، دوایی ناردیان بۆ دادگای سەربازی و لەوێ بە تۆمەتی خیانەت و سەرپێچی یاسا سەربازییەکان کوشتیان. زینە دەیگوت: "باوکم زۆرجار پێی دەگوتین ئێمە لە رەچەڵەکەوە چیایین" ئەویش لە دایکی گوێی لێ بوو بوو. هەموویان هەر وادەڵێن. بەڵام کولتوور و زمانمان گۆڕاوە بۆیە ئەستەمە ئاوا بە ئاسانی بگەڕێینەوە، ئەستەمە لە بارودۆخێکی ئاوا بتوانین بەرەو چیاکان بڕۆینەوە، چونکە داگیرکەرە بیابانییەکان ناهێڵن، ئەگەر بزانن ئێمە لەبەر چیایی بوون گەڕاوینەتەوە هەموومان دەفەوتێنن.

بەڵام تازە ئەویش رۆیشت، قوڕبەسەر زینەخان! بۆ دەبێ ئەو کاروانە هێندە پڕ لە ئازار بێ؟ بەڵام وەڵامم نەبوو.

لە پشتەوەی چادرەکە شتێکمان نەدەبینی، بەڵام غەڵبە غەڵبێکی زۆر بەردەوام دەهات. جار ناجار یەکێک دەیگوت:

– بەزەییتان پێدا نەیەنەوە، هەر یەزیدییەکتان بینی باتری نەکەن. ئەوە رۆژی خۆتانە برایان، رۆژی تۆڵە سەندنەوەیە، ئینجا یەکێک سەڵەواتکێی لێدەدا و ئەوانی تریش بەیەکەوە و بە دەنگێکی بەرز دووبارەیان دەکردەوە.

بە شێوەیەکی پچڕ پچڕیش دەنگی تەقە هەر دەهات، هەستم دەکرد رۆژیش بەرەو ئاوا بوون دەچێ، هەروەکو چارەنووسی ئێمەش بەرەو نادیار دەڕۆییشت.



## بەشی سێزدەم

لەگەڵ رۆژ ئاوابووندا هێمنی و کش و ماتی زیاتر دەبوو، بێدەنگییەکی مەترسیدار باڵی خۆی بەسەر ئەو دەڤەرەدا دەکێشا. بە هەمان قەبارەش ترس و لەرز دڵی ئێمەی دەتۆقاند و سەرسووڕمان گەمارۆی دەداین لە ئاست ئەو گرووپ و ئەو چەکدارە سەرشێتانەی کە لە هەمو شتێک بسڵەمیبانەوە لە کوشتن و لێدان نەدەسڵەمینەوە. زێرەڤان، لە لەرزین و گریان نەدەکەوت، دەیگوت:

– پسمام لەوەتی هەم هێندەی ئەو جارە نەترساوم، ئاخر وا پێدەچێ هیچ یاسایەک لێرە بوونی نەبێ. قەتیش نائومێد نەبووم و دڵنیاییم لەدەست نەداوە، بەڵام ئەمجارەیان تەواو رووخاوم. ئەوانەش بیابانین و بای شەماڵی گەروو و بەندەن و دەشت و پێدەشتەکانی دەڤەری چیاکانییان هەڵنەمژیوە. هەر باشبوو شەمدین بەجێما، بەو ئومێدەی بکەوێتە گەر ئاپۆرەی سەربازان و نەگیرێت. دڵنیام ئەو دەردەچێت. ئەو بێتاقەت بوو ئەگینا کوڕێکی قسەخۆش بوو، گاڵتەوگەپی زۆر دەکرد. ئەو بڕوای بە هیچ ئایینێک نەبوو. کە پرسیاریشت لێبکردبا دەیگوت بڕوام بەخۆم هەیە. باوکیم دەناسی جارێک هەر لەسەر ئەو قسەیە زۆر خراپ دایڕسایە لێی بدات، ئەو تاقانەی دایک و بابیشی بوو، بەڵام بە بێ باوەڕبوونی سەخڵەت بوون. کوڕێکی تابڵێی لاڕێ و بزۆز بوو، هەرگیز ئەمەی نەدەشاردەوە. بۆیەش کەسیان رازی نەبوو بیکەن بە زاوای خۆیان و کچی خۆیانی پێبدەن.

لەو ساتانەی زێرەڤان دەئاخڤی هەر لەو ساتانەشدا نەهری رۆحسووک لە دەرگای بیرەوەرییەکانی منی دەدا و لەبەر چاوم ئامادە دەبوو. دەنگێک لە ناخمدا هاواری دەکرد بێ ئەوەی بزانم چ دەنگێکە، هی خۆمە یا دەنگی یەکێکی ترە تێکەڵی رۆحی من بووە، ئەو دەنگە هاواری دەکرد: نەهری، لە هەر کوێیەک بی حاڵت لە حاڵی ئێمە خۆشتر نییە، لە هەر کوێیەک بی لە بیابان بەدوور نیت، بەدوور نیت لە زەبر و ستەمی گورز بەدەستەکان. بۆ جارێکی تر نەهری

دەیبردمەوە زەمەنی زانکۆ و چیرۆکە پڕ لە ئامۆژگارییەکان و پڕ لە گۆڕانکارییەکانی بۆ دەگێڕامەوە. ئەو هەموو جارێ دەیگوت:

– خەپەی برا ئەقڵێکم هەیە پێم وانییە زۆر کەس ئەقڵی وا بزۆز و ناڕەحەتی هەبێ. هەرگیز لە کەنارێک ئۆقرە ناگرێ. تا هەنووکەش لە پشکنین و گەڕان نەوەستاوە، تۆ هەنووکە وا تێدەگەی من بە دووڕیانێکی تردا کەوتووم، دڵنیابە ئێرەش بێجگە لە وێستگەیەک شتێکی تر نییە. وێستگەیەک بۆ تاقیکردنەوە و قووڵبوونەوە، وێستگەیەک بۆ پشوودانێکی فیکری و گۆڕەوشارکردنی. وێستگەیەک بۆ زیاتر ناسینی رۆح و عیشقی خودایی، دواتر نازانم داخۆ ئەو عیشقە دەبێتە مەعشوق و دەمکاتە هاودەردی حەللاج و لەتەک ئەودا بەرەو هەمان چارەنووسم نابا. کێ دەزانێ زەمەنێکی تر دانایەت و نابێتەوە بە (شێخی سەنعان) و لە عیشقی خودا بەرەو عیشقی مرۆڤێک نارِوات و دوا مەنزڵی باوەشی ئەو عیشقە نابێ. خەپەی برا، ئای کە سەیرم دێ لەوانەی سەوداسەری مرۆڤەکان دەبن و خوداش لە بیر دەکەن. لە عیشقی دروستکراوێکدا دەبن بە پەروانە و لە کاروانی عیشقی یەزداندا بێبەش دەبن. گرەنتی نادەم بەخۆم کە منیش وام لێنایەت بەڵام ئەمە سەرسووڕمانی ئەو چرکە ساتەمە کە خۆم بە بوونەوەرێکی پیرۆزی ئازادی بە توانای پڕ هیممەت دەزانم، کە یەزدان دەبینم وەکو ئاوی ژیان بەناو شادەمارەکانی رۆحمدا گوزەر دەکات و ژیانم پێدەبەخشێ، کە دەمەوێ لەبەرامبەریدا بچەمێمەوە، بەر لە چەمانەوەم دەگرێ و پێم دەڵێ، راستبەوە من مرۆڤی چەماوەم خۆشناوێ. کە جارناجار ونیدەکەم، بەدوایدا دەگەڕێم، لەدواوە یەخەم دەگرێ و بەسەر دەممدا دەخا، لێم هاوار دەکا و دەڵێ: "بۆ سەرسام و سەرلێشێواو ماویتەوە، بەدوای کێدا دەگەڕێی، بەدوای من؟ ئەی من پێم نەگوتی لەدەرەوەی خۆتدا بەدوای مندا مەگەڕێ! من لە ناوەوەی خۆتم، ساتێک و چاوتروکانێکیش لە تۆ جیانابمەوە" لەوێوە راست دەبمەوە و بە ئاگا دێمەوە، دەزانم ئەو یەزدانە فێرم دەکا وێڵ نەبم، دڵنیام دەکات کە هەمیشە لە ناخی مندایە و لێم جیانابێتەوە. فێرم دەکات هەرگیز نەپاڕێمەوە، هەرگیز نەترسم، هەرگیز نەشڵەژێم، هەرگیز دەستەوەستان نەبم و لە جموجۆڵ نەکەوم. بە کورتی، ئەو خودایەی من جیاوازە لە خوداکانی ئێوە،



لەو خودایانەی تەنها پەیامی ترسیان پێیە، تەنها لە کڕنوش و ملپێکەچکردندا ئاسوودە دەبن، ئەو خودایانەی کە خولیای خۆ دەبن و دروستکراوەکانیان پشتگوێ دەخەن، یان لە پێناو خۆیاندا قڕیان دەکەن. خودای من بەقەد ئەوەی من ئاشقی ئەوم ئەویش بە هەمان قەدەر ئاشقی منە و لێم جیا نابێتەوە، خوداکانی ئێوە خۆیان بە گەورە دەزانن و خۆپەرستن و حەز دەکەن تا هەتایە کۆیلەکانیان دەستەوئەژنۆ ریز ببەستن و ناویان بێنن و بیانپەرستن. خودای من ئەوەندە بەرچاو فرەوانە، لە هەموو چرکەساتەکانا فێری ئازادیم دەکات، هەرگیز بە کۆیلە و بەندە ناوم نابات، چونکە ئەو لە ناخی مندایە، خوداکانی ئێوە هەر لەسەرەتاوە بڕیاری کۆیلەبوونی بەندەکانی خۆیان داوە و لەدەرەوەی خۆشیاندا وێڵیان دەکەن و جاری واهەیە تاقێکیان لێ نادۆزنەوە. من خودای ئاوا ناناسم و نەمزانیوە بوونی هەبێت، خودای من لەمن جیا نابێتەوە و عیشقیشی دەریایەکە کەس لە مەلەوانی تێر نابێ. کە سواری شەپۆڵە سەرشێتە بەهارییەکانی عیشقی یەزدان دەبم، هەست دەکەم دەتاوێمەوە ناو دڵۆپە ئاوەکان و هێندە ئاوێتەی ئەو ئاوە دەریاییە دەبم تا لە سنوورەکانی فەنابوونیش تێپەڕدەبم، کە دەمەوێ لەوێ تەماشای یەزدان بکەم، هەموو بوونەکان لەودا و ئەویش لە بوونەکاندا ون دەکەم. ونبوونێک حەقیقەتی ئامادەبوونە و ئامادەبوونێک لە ونبووندا نوێ دەبێتەوە. خەپە گیان خودای من پێویستی بە کڵێسا و دێر و مزگەوت و ئاتەشگا و تاتەبەرد نییە بۆ بەرامبەر وەستانی، خودای من ئەو شێوە پەیوەندییەش رەت دەکاتەوە، هەموو پەیوەندییەک رەت دەکاتەوە کە پەیوەستن بە شتومەکەکان، پەیوەستن بە جێگا و شوێنەکان، ئەو پەیوەندییانەی کە لە زەمان و زەمینەکاندا بەرجەستە دەبن، وێرانیان دەکات و هەلابەهەلایان دەکات، ئەو مرۆڤانەش کە عیشقن لە بوونی ئەودا و بوونێکی تازە بەرهەمدێننەوە هەرگیز ماوەیان نادا پەیوەندی لەگەڵ زەمەن و زەمینەکاندا گرێ بدەن. پەیوەندی من لەگەڵ یەزداندا نە وابەستەی زەمەن و زەمینەکانە و نە لە دەرەوەی عیشقیشدایە، خۆی عیشقە. پەیوەندییەکی ئەبەدییە بەقەد ئەبەدی عیشق، بەقەد ئەبەدی بوون. بەقەد ئەبەدی یەزدان، بەقەد ئەبەدی رۆحی من. ئەوەی وا دەزانێ گەیشتووە بە یەزدان و بە ناسینی ئیتر هەر هێندەی ماوە

بچێ بۆ کڵێسا یان دێر یان مزگەوت یان هەر شوێنێکی تایبەت بیپەرستێ، ئەوە کەسێکی واهیمە، ئەگەر نەڵێم سەرلێشێواوە. چونکە خودا بەر لەوەی بناسرێ تەنها عیشقە و دەبێ خولیای بێت، بەدوایدا وێڵ بێت، ئەگەر لەناو خۆتدا هەست بە بوونی نەکەیت دەبێ بەدوایدا بگەڕێیت تا دەیهێنیتە ناو خۆت، یا خۆت لەگەڵ ئەودا تێکەڵ دەبیتەوە، ئەو ساتەش لە حەقیقەت تێپەڕ دەکەیت، حەقیقەت دەبێ بەدوای تۆدا بگەڕێ و جڵەوی زۆر ڕۆیشتنت بگرێتەوە، دەبێ سنوورت بۆ دابنێت. ئەو ساتەش ئەوە تۆ نیت وێڵیت، ئەوە تۆ نیت سنوورەکانت پێشێل کردوون، ئەوە تەنها عیشقە ئاوێتەی زاتەکان بووە و زاتەکانیش لە ناو شەپۆلەکانیدا مەلەوانی دەکەن. ئەو ساتانەن کە یەزدان پێویستی بە بەندە گێلەکان نامێنێ، ئەوانەی کە یەزدان بە دیکتاتۆرێک یا دڵڕەقێک دەزانن، بە ناچاری دەچنە سەر دوگورد و دەیپەرستن، وا دەزانن ئەوان بۆ پەرستن وەدیهێنراون. نازانن خودا پێویستی بە عاشقە، نەک بە بوونەوەری زەلیل و ملکەچ و خوێنسارد و داواکەر. هەموو ساتەکانیان بە پاڕانەوە بەسەر دەبەن، خوداش دەرۆزەکەر و سواڵکەری ناوێن.

دوای هەناسە هەڵکێشانێک و چاو هەڵهێنانێک، چاوەکانی دادەنانەوە سەر یەک و بەردەوام دەبوو:

باوانم، ئەگەر ترس لە دڵی ئەو جۆرە کەسانە دەربێنی، ترس لە خودایەکی ئاوا، ترس لە دۆزەخ و سووتان و خوێزاو خواردنەوە و داڕزانی ڕۆح و هەناو و هەموو شادەمارەکانی، ترس لە قەبر و مار و دووپشکە ملپانەکان، ترس لە هەموو دەربەندە نەناسراو و نادیارەکان، ترس لە ڕۆژی زیندووبوونەوە و ڕاوەستانی لە گۆڕەپانی مەحشەر و دووری ڕۆژ بە تەنها یەک بست لەسەری مرۆڤە رووت و قووتەکان و نقومبوونیان لە ئارەقێک کە هەموو گیانەکان دادەرزێنێ، ئەگەر خەڵک لەو هەموو ترسانە دابماڵێ، باوەڕ ناکەم کەسێک بدۆزیتەوە ناوی خودا بێنێ، کەسێک بدۆزیتەوە ملکەچ بکات بۆ ئەو خودایەی کە بەلای ئەوان بێجگە لە تۆقاندن و ترساندن و فەرمانکردن بەسەر مرۆڤەکاندا شتێکی تر نییە. ئەو ساتە تەنها عاشقەکان دەبینیتەوە لە خەڵوەتدان، لەگەڵ ئەودا لە دەستلەملانێیەکی ئەبەدیدان.



دستڕێژییەکی وابەستە بە هاواری چەند کەسێک، ئەو خەڵوەتەی ڕۆحسووک و یەزدانی ڕۆحسووکی لێتێکدام. ئەو خەوەش کە زێرەڤانی بۆ خۆ بردبووەوە زڕاو، زێرەڤانی ڕاپەڕاند. بەڵام ئەو دوو کەسانەی کە دەست و پێ بەستراو بوون و لە دووری ئێمە لە پەنایەکی چادرەکەدا بەسەریەکدا کەوتبوون، هەر بێدەنگ بوون و نە ئەو دەستڕێژە و نە هی پێشووش هەراسانی نەدەکردن.

زێرەڤان دەیگوت:

- خەپە گیان، لە خەوێکی خۆشدابووم و لە بنار چیای دایاندا تۆم بینی، من بەرەو خوارەوە دەچووم و تۆش بەرەو سەرەوە ملی ڕێگات گرتبوو، من بەرەو غلۆربوونەوەیەکی ترسناک، داوەشان بەرەو قووڵایی سەما جڵەوی لێ سەندبووم و لەنگەری شەپۆلی داوەرانم بۆ نەدەگیرایەوە، تۆش بەرەو بڵندایی دەفڕیت، جامانەیەکی ڕەشی نوێت لەسەر بوو، لەبەرخۆتدا نمەنم و گمەگمێکت لێوەدەهات، هەر کە هەستت بە بوونی من کرد، ئەو دارەی لەدەستت بوو بەرزت کردەوە و گوتت هێی کابرا کێیت خۆت بناسێنە؟ منیش بەر لە ماوەیەکی کەمبوو هاتبووم، مۆڵەتی پێشمەرگەکانم پێبوو، بە مۆڵەتی ئەوان لە سنووری دەسەڵاتی ئەواندا ملی غلۆربوونەوەم گرتبوو، ئەوان پێیان گوتم:

- ئەگەر هەر چیاییەکت بینی تێی خوڕیت تۆ کێی بڵێ: چیا. نهێنییەکەش، ئەنفال.

ئیتر تۆ دارەکەت هێنایە خوارەوە و بەرەو لای من هاتی، گوتت:

- چیایی بەڕێز بۆ کوێ دەڕۆی؟ بگەڕێوە، چونکە شتێک بە پێوە نەماوە تا بۆی بچی، ڕۆحێک بە زیندوویی نەماوە تا لێی بپێچیەوە، دۆستێک لەو دەڤەرانەدا نادۆزیتەوە تا دڵنەواییت پێ ببەخشێ. چیاییەک نەماوە نەزمی ئەنفالی بەگوێدا نەچرپێندرابێ. بگەڕێوە شەپۆڵەکانی بیابان هێشتاش هێور نەبوونەتەوە، ئالای ئەنفالیش هێشتا دەشەکێتەوە. بگەڕێوە ئەگینا چریکەی ئەنفالکراوان کەللە سەرت دەبەن و هاتوهاواریان ڕات دەپێچێ بەرەو هەمان بیابانی مەرگ، بگەڕێوە تا تۆش لە هەناسە و ئاوازە شوومەکانی ئەنفالدا جێنەگریت.

کە ئەو قسانەی تەواو کردن، هەنگاوێک لەو نزیک بوومەوە و پێم گوت:

– چیا گیان، چیت بۆ بڵێم. هەردووکمان ڕێبوار بووین و چارەنووسی هەردووکیشمان نادیارە. ئێش و ئازاری خۆمان نرکە و ناڵەی ئەنفالەکانی لە بیر بردووینەتەوە، لەوانەیە تەنها چەند مەترێک لەوان دوور بین، لەوانەشە هەر چەند بستێک، کێ دەزانێ، ئەوان ڕۆحێکی برینداری نادیارن، نقومی دەریای بیابان کراون، کێ دەزانێ لە کوێ گورزی مەرگیان لێ وەشێنراوە؟ کێ دەزانێ بە چ جۆرە غازێک خنکێنراون؟ کێ دەزانێ داخۆ لە کاتی قڕکردنیاندا چاوی پەپولەکانیان بەستۆتەوە یان هەر ئاوا دایانە و باوانەیان لەبەر چاوی ئەواندا، یا ئەوان لەبەر چاوی دایانە و باوانەکاندا بەمەرگ سپاردوون؟ هەموو شتێک جێگای گومانە تەنها یەک شت نەبێ، یەک شت حەقیقەتە، ئەویش ئەنفالکردنی چیاییەکانە، نەگەڕانەوەیانە بۆ زێدی باپیرانیان، بۆ زێدی دەموچاو شێواوەکان، نابیناکان، پەککەوتە بێنازەکان، بێدەست و بێ قاچ و دینەکان. هەموو شتێک بۆی هەیە گومان بێ تەنها ئەنفال نەبێ، هەموو شتێک جێگای گفتوگۆیە تەنها ئەنفال نەبێ، هەموو برینێک بۆی هەیە سارێژ بێتەوە تەنها برینەکانی ئەنفالکراوان نەبێ، ئەو برینانەی تا هەتایە خوێنیان لێ دەچۆڕێتەوە، تا هەتایە چاوەڕێی مانای ئەنفال دەکەن. تا هەتایە ئەو وشەیە بەدوایانەوە دەبێت و ئازاریان دەدات. هەموو شتێک بۆی هەیە کۆتایی پێ بێ، تەنها ئەو سەدان هەزار چیرۆکە نەبێ کە تا هەنووکەش حیکایەتخوانەکانی سەرسام کردووە و نە دیرۆکی سەرەتای دەستپێکردنی دەزانن و نە کۆتاییشی. زێرەڤان گیان ئیدی ئیزرائیل لای چیاییەکان ئەنفالە، یەک ئیزرائیل هەیە ئەویش ئەنفال، یەک ئیزرائیل ڕۆح دەکێشێ ئەویش ئەنفال، یەک ئیزرائیل بە چیاکان دەزانێ ئەویش ئەنفال، یەک ئیزرائیل توانای دوورینەوەی سەدان هەزار ڕۆحی هەیە ئەویش ئەنفال، یەک ئیزڕائیل بۆ تفەرکی دەکرێ بە سەمفۆنیای مەرگ، ئەویش تەنها و تەنها ئەنفالە. ئەنفال هەناسەی ڕەشی بیابانە و گوڵە زەرد و سەوز و سوورەکانی چیاکان هەڵدەکروزێنێ، زەندەقی خونچە بەهارییەکان لە دواوەی ئیڤا نەگبەتییەکان دەنژنێ و لە نزیکترین پانتایی بیاباندا لەسەر ڕێی حاجییەکان سەراوبن هەڵدەواسرێن، بۆ ئەوەی لەبەر چاوی نەفرەتی بیابان ون نەبن و ڕەجمکردنیان لە بیر خواپەرستەکانی بیابان نەچێتەوە.



ئەمجارەیان دەنگی ئارپێچی و دۆشکە بێدەنگی ئەو دەڤەرەی هەڵپاچی. تا دەهات ئەو دەنگە نەگبەتییە نزیک دەکەوتەوە، هاشە و ڕەمبەی بۆمبەکان لەگەڵ بێدەنگی قووڵایی ئەو بیابانە بێ کۆتاییەدا تێکەڵ دەبوو، ترسێکی ئەبەدی دروست دەکرد، بۆ جارێکی دی دەنگی ئەنفالکراوانم دەهاتەوە گوێ، ئەمجارە ئەوان بۆ ئێمە دەگریان، ئەوان بەدەستە نورانییەکانیان هێمایان بۆ ئێمە دەکرد بۆ ئەوەی لەو دۆزەخە پڕ لە بێ سەروبەرییەدا خۆمان ڕزگارکەین. لەگەڵ یەکەم ڕمبەی نزیک چادرەکەی ئێمە هەڵسامە سەر پێ و بەرەو دەرگای چادرەکە چووم، هەر لە هەمان ساتدا پاسەوانەکە چادرەکەی هەڵدایەوە و گوتی:

– زێرەڤان، کامتان زێرەڤانە؟

من یەکسەر چوومە پێش و گوتم، ببوورە بۆ؟ من زێرەڤانم.

زێرەڤان لە دوای منەوە بوو، گوتی:

– نەخێر من زێرەڤانم.

پاشان بە لایەتە چکۆڵەکەی ناو دەستی تەماشای هەویەیەکی کرد، دوایی لایەتەکەی دایە ڕووی زێرەڤان و گوتی:

وەرە کوڕی سەگ، وەرە پێشم کەوە. شێخەکەم تۆی دەوێ.

لەو دەمانەدا نە زەوی قوتی دەدام و نە ئاسمانیش هەڵیدەکێشام. هەرچەند کردمانە ململانێ و دەنگە دەنگ، بەڵام بیابان هەمووی هەڵدەمشت و کەس گوێی لێنەدەبووین، چەکی لێسوارکردین و هەڕەشەی تەقەی لێکردین. هێشتا هەر لەدەرگای چادرەکە بووین، کە دەنگی تەقە زۆر نزیکتر دەبووەوە. دوو کەسی چەکداری تر لەدواوەی پاسەوانی نەگبەت زێرەڤانیان ڕاکێشا و لەگەڵ شەپۆڵەکانی تاریکیدا تێکەڵ بوون، منیش هەر هێندەم پێمابوو لەبەر پاسەوانەکە بپاڕێمەوە، داوای لێبکەم کە منیش لەگەڵ ئەو ببەن و با منیش لەگەڵ ئەو بکوژن. بە تەوسەوە دەیگوت:

– تۆ چیایی نیت مەگەر؟ ئێمە چیاییەکان ناکوژین بێجگە لەوانەی کە یەزیدین. بێجگە لەوانەی کە دەستیان بە خوێنی حسێن سوورە. قسەی زیاتریش بکەی خەڵتانی خوێنت دەکەم.

تا دەهات تەقەکان نزیک دەبوونەوە و شەڕەکە گەرمتر دەبوو، کۆمەڵێک چەکدار دڕیان بە تاریکی لای ئێمەدا و پاسەوانە نەگبەتییەکەی ئێمەشیان لەگەڵ خۆیان راپێچ کرد.

لەو چۆلەوارە نارەحەت و ئەو بیابانە بێ هاوار و بانگەدا ئێمەیان بەجێهێشت. لەگەڵ هاواری ئەو دوو کەسە دەست و پێ بەستراوەی ژوورەوەش بەپەلە چوومەوە ژووری چادرەکە و دەست و پێی ئەوانیشم کردەوە. یەکێکیان دەیگوت:

– ئەو کوڕی قەحپانە بۆ کوێ رۆیشتن؟

بێ ئەوەی قسە لەگەڵ کەسیان بکەم، بەرەو دەرەوە رۆیشتمەوە و ملی تاریکیم گرت، نەمدەزانی بەرەو کوێ دەڕۆم. لە هەموو لایەک دەنگە دەنگ بەرز دەبووەوە، دەنگی گوللە دڕی بە هەموو ئاڕاستەیەکی تاریکی دەدا. شەپۆلی گوللە و دەنگە دەنگ و تاریکی و هاوارهاوار و هەڵێ هات، ئاوێزانی یەکتر دەبوون. دەڕۆیشتم بێ ئەوەی ئاڕاستەی رۆیشتنی خۆم بزانم، لەگەڵ رۆیشتنمدا گریان قوڕگی گرتبووم بۆ زێرەڤان و وەکو شێتێک بانگم دەکرد زێرەڤان لەکوێی؟ جارناجاریش بەسەر دەمدا دەکەوتم تا لە دواجار بەسەر دەمدا کەوتمە ناو چاڵێکی زۆر قوڵ، نێوچاوانم بەسەر شتێکی زۆر رەقدا کەوت خوێنی پێدا هاتە خوارەوە، کە دەستم لە شوێنەکە کوتا، تفەنگێکم کەوتە دەست، تفەنگێک کە هێدەکەکەیم دەرهێنا زۆر قورس دیار بوو، دەستم لێ کوتا پڕی فیشەک بوو، یەکسەر دامنایەوە سەر تفەنگەکە و بۆ ماوەیەک خۆم مات کرد، تۆزێک دڵنەواییم هاتەوە بەر، لەگەڵ ئەو تفەنگە زیاتر هەستم بە ئارامی کرد، خوێنیش بە گوڕ بە نێوچاوانمدا دەچۆڕایەوە تا هاتەوە ناو چاوێکم، بە دڵێکی ئارامگرەوە چاوەکەی خۆم دەسڕییەوە، ساتێک لە خوێن و ساتێکیش لە فرمێسک باراندن بۆ زێرەڤان. لە دڵی خۆمدا دەمگوت:

نەدەبوو پێنج دەقەی تر زووتر هاتبان پاسەوانی نەگبەتتان راپێچابایە، ئێمەش هەردووکمان بەیەکەوە رزگارمان دەبوو. لەگەڵ لوورەی تولە سەگ و توورگەکان، ترسێکم نیشتە ناو دڵ، جێگای خۆم خۆش کرد و پاڵمدایەوە و خۆم لە بۆسە نا، چەند جارێک لەگەڵ کەمترین دەنگ و بچووکترین



خشپەخشپێک چەند گوللـەیەکم بەدەوروبەری خۆمەوە دەنان. وردە وردە دەنگی تەقە دوور دەکەوتەوە، غەڵبەغەڵبیش کەمتر دەبووەوە، ترس و ئارامیش بەیەکەوە و بە نۆرە خۆیان پیشان دەدامەوە. هەندێک جار ئەنفالکراوەکان دەورەیان دەدام و دڵنەواییان دەدامێ، دەمزانی لێرەن، هەستم پێ دەکردن، ناڵەناڵی نەخۆشەکانییانم گوێ لێدەبوو، ئارامدینیشم دەدی و دەستی نەهری و زێرەڤانی دەگرت، بەرەو ئاسمان رایدەکێشان. بە پێکەنینەوە ئاوڕیان لێدەدامەوە و چاوەڕوانی منیان نەدەکرد. دایکی خۆم دەبینی بەرەو پیرم دەهات و نەیدەبینیم، منیش دەنگم گیرابوو، هەرچەند هاوارم لێدەکرد گوێی لێم نەدەبوو، کەس گوێی لێم نەدەبوو، هەموو منیان دەبینی، بەڵام نەیاندەتوانی نزیکم بکەونەوە، منیش نەمدەتوانی بجوڵێم، ئەژنۆم بەدوامەوە نەدەهات. کە دەکەویتە ناو تاریکی تابلۆی زۆر جوانت دەکەونە بەر چاو، هەرگیز ئاوا لەگەڵ تاریکی رووبەڕوو نەبووبووبوومەوە، هەمیشە لە تاریکی ترساوم، هەرکوێیەک تاریک بوایە خۆشم نەدەویست، بێجگە لە چیاکان، چیاکان خۆیان ئارامی بوون، پەنا بوون و لە هەموو سەرچاوەیەکی ترس دەیانپاراستین. کە تەماشای رووە پانەکانی تاریکیم دەکرد زۆر بە شێوەیەکی سەیر خۆی دەکووتایە چاوەکانم و بە ناچاری دەبوایە چاوەکانم توند بچووقاندبان، خۆ هەر چەند چاوەکانم بکردبانەوە بێجگە لە تاریکی شتێکی ترم لەبەر خۆمدا نەدەبینی بێجگە لە تارمایی مەزن مەزن. لە چیاکان هەرچەند تاریکیش بێ، جارناجار رووناکییەک، لەمپایەک، لایەتێک دڕ بە تاریکییەکە دەدات و ئاڕاستەیەکت بۆ دەردەکەوێ، بەڵام لێرە، لەو بیابانە بێ ئەمانەدا تا چاو هێزی هەیە تاریکی دەبینرێ، شتێک نەبوو ئەو شەپۆڵە گەورانەی تاریکی رابگرێت و کۆتاییەک بۆ ئەو دەریا بێبنە دابنێ. لەناو هەزاران گەمارۆی بێ هەویەدا، هەزاران داڵغە و بیرکردنەوەی نامۆدا، بۆرژان دەبارییە سەرچاوەکانم و هەستم دەکرد هەموو گیانم خەوی دەوێ، چاوم بەرگرییان بکردایە لە بەری پێیەکانمەوە حەزی خەو هێرشیان بۆ دەهێنام و دەمارەکانیان خاودەکردمەوە، خۆشم نازانم چۆن و کەی ئاگاییم رۆیشت و لە دونیای تاریکی و گەمارۆکاندا بۆ ماوەیەک نەزانراو رزگاری کردم. خەوتبووم، بەڵام خەوێکی هێندە قووڵ، بەقەد قووڵایی هەموو پرسە

بێچارەسەرەکانی چیاکان و چیانشینەکانیش، کە بەئاگا هاتمەوە ئەمجارەیان وام دەزانی تەنها تیشکی ڕۆژ گەمارۆی داووم، نەمدەزانی ڕووداوی گەورە تر و چاوەڕێنەکراو چاوەڕێم دەکەن.

ڕۆژ گەرم دەبوو، بۆ جارێکی تریش تەقە و نائارامی لە دوورەوە گەرمتر دەبوو. هێدی هێدی هەستم دەکرد ئەو تەقە و ڕەقەیە لە منیش نزیک دەبێتەوە. بێجگە لە توندبوونی گەرما، برسییەتی و تێنووەتیش تینی بۆ دەهێنام. بیرم لە بەجێهێشتنی شوێنەکەم دەکردەوە، بەڵام لە هەمان کاتیشدا کە تەماشای دەورووبەرم دەکرد نەمدەزانی بەرەو چ ئاراستەیەک هەنگاو بنێم، خۆم دەبینی لە چاڵێکدا گیرم خواردووە، بێجگە لەو چاڵە تاچاو دەیبڕێ بیابانە، تاچاو دەیبڕێ خەیاڵە و تازە تراویلکەی سەر لە بەیانیان و هەڵمی گەرمای هاوینە. لە دواوەشم زوورگێکە و دیوی تری نابینم، دەنگی تەقەش هەر لەو دیوەوە تا دەهات نزیک دەبووەوە. دوایی بڕیارمدا بەرەو ئەو زورگە بڕۆم و بزانم لەو دیو چ دەنگ و باسە و ئاراستەی ئەو تەقە و ڕەمپەیە لە کوێوەیە. خۆ هەر دەبوا لەو شوێنە دەربچووبام، چونکە هێرشی برسیبوونیش بەشێک بوو لەو گەمارۆیەی کە وا پێدەچوو کۆتایی پێ نەیەت. کە بەسەر زورگەکە کەوتم، بینیم گوللەیەکی زۆر بەرەو لای زورگەکە دێ، لە خوارەوە هەندێ دارخورما و دیواری بە دار و دەوەنی دەستکرد بۆتە سەنگەری چەند چەکدارێک کە زۆر بە دەست و برد وەڵامی سەرچاوەی تەقەی تریان دەدایەوە. دەستڕێژی تەقەکان هێندە بەگوڕ بەرەو زورگەکە دەهات بە هیچ جۆرێک ماوەی ئەوەم نەدەبوو ئاودیو بم و بەرەو لای چەکدارەکان بڕۆم. بە ناچاری لەوێ خۆم مەڵاسدا و چاوەڕێی دەرەنجامی ئەو پێکدادانە بووم. گەیشتبوومە ئەو قەناعەتەی کە مردن دوا دەرەنجامم دەبێت، لەوە دڵنیا بووم، بەڵام شێوازی ئەو مردنە چۆن دەبێت ئەوەم نەدەزانی، یەکەم گوللە بەر کوێم دەکەوێت ئەوەشم نەدەزانی. دوای ماوەیەکی درێژ لە شەڕ و پێکدادان ڕەزای قورسی دوو کۆپتەر بوو بە بارێکی قورسی ئەو ساتانەی کە چەکدارەکان بەرەو سوپای بیابان دەڕۆیشتن و دەچوونە پێشەوە. کۆپتەرەکان لەگەڵ یەکەم دەرکەوتنیاندا دەستڕێژییەکی زۆر توندیان لە دارخوورمایەکان کرد، من شوێنم زۆر ترسناک و دیار بوو، زۆر



بەئاسانی دەبووم بە ئامانجی گوللە کوێرەکانی ئەو کۆپتەرانە. ئاخر کوا بۆ ئەشکەوتێک بۆ خۆ پەنادان، لەو ساتە پڕ لە نەهاتانەدا دەزانی نرخی یەک لوتکە چیا چەندە و چەند چارەنووسسازە، وردە وردە بەرەو دواوە، بەرەو تاکە چاڵەکەی پێشوم خۆم خزاند، تا کۆپتەرەکان گەڕانەوە من خۆم گەیاندەوە چاڵەکە. هەرچی دەیکات لەو گۆڕەپانی جەنگەدا گەرما دەیکات، بۆنی باڕووت لەگەڵ بۆنی مردن تێکەڵ دەبوو، بیابان لەو ڕۆژەدا باوەشی خۆی بۆ لاشەی تازە دەکردەوە، پانتاییەکە هەرگیز تێربوون نازانێ، ئامادە بوو لە ساتێکدا ئێسک و پروسکی هەزاران هەڵلووشێ، گمە و نەڕەی کۆپتەرەکان ڕەنگدانەوەی ڕاستەقینەی بێدەنگی بیابان بوو. درێژایی ئەو چاڵە دەیگوت ئێرە چاڵێکی سروشتی نییە، ئێرە دەمی بلدۆزەرەکانە و بەمەبەستی تایبەت لێدراون. بیرم لەوە کردەوە کە لەناو چاڵەکەدا بڕۆم و لە شوێنێک نەوەستم، ئەگینا زوو یا درەنگ بەسەرمدا دەدەن و چارەنووسم ڕەش دەبێ، کۆپتەرەکانیش تا دەهات بوێرتر دەبوون، نزیکتر دەبوونەوە لە زەوی، دەنگی تەقەش کزتر دەبوو، ئا لەو دەمانەدا چەند چەکدارێک بەسەر زورگەکەدا پازیاندا و خۆیان گەیاندە ئەو چاڵە درێژەی کە تێیدا بووم، کە منیان بینی سەرسام بوون، یەکێک میلی تفەنگەکەی لێ هێنامەوە و داوای خۆناساندنی لێکردم، بەخێرایی پێمگوت:

– چیایی.

ئا لەو ساتەدا یەک دەستڕێژی شەستتیر دەم و لێواری چاڵەکەی هەڵماڵی. هەموومان خۆمان نەوی کرد و سەر و چاومان پڕ بوو لە تۆز و خۆڵ، ئیتر هەستم کرد کە بۆ یەکەم جار بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ دەکەومە بەرەی شەڕ و بە خۆشی بێ یان بە ترشی دەبێ دەست بکەمەوە، چەکدارەکان شەش کەس بوون، دەموچاوی هەموویان بۆ من نامۆ بوو، هەر زوو بیری زێرەڤانم کرد، بەڵام کەسیانم نەناسی. هێندەی لە زەمەن تووڕە بووم هێندەش لەوان، هێندەی لەو سەربازانەی بەرامبەر رقئەستوور بووم هێندەش لەوان، ئەوان لەگەڵ یەکەم خۆهەڵدانیان بۆ ناو چاڵەکە هاواری حوسەینیان کرد، بەڵام لەبەر چاوی من بەقەد یەزید کرێت و ناشیرین و بەد دیار بوون، مەگەر ئەوان بکوژی زیائونور و مولازم زێرەڤان نین؟ لەگەڵ ئەوەش کە ترسی مردنمان لەسەر بوو زۆر بە

خەفەتەوە تەماشایانم دەکرد، لەگەڵ خۆداکوتان لە تۆز و خۆڵی گوللەکانی کۆپتەرەکە، یەکێکیان هاتە قسە و گوتی:

– برادەر شەڕی ئێمە هی مان و نەمانە، تۆش هیچ چارێکت نییە بێجگە لە بەرگری لەخۆکردن، ئەوان لە هەموو حاڵەتەکاندا دەمانکوژن، تا فیشەکمان کۆتاییان پێدێ دەبێ بەرگری لە خۆمان بکەین، ئەو ساتەش هەرکەسە و شێوازی کۆتایی هێنان بەخۆی، بەدەستی خۆی دیاری دەکات. کەس زۆری لەکەس ناکات، ئێمە دڵنیاین کە چیاییەکان لە بەرەی یەزیدییەکاندا نین.

لەو دەمانەدا دەستڕێژێکی تر دڕی بە بێدەنگی دەڤەرەکە دەدایەوە و دەنگی گوللە و بۆنی باڕووت و نەڕەی ماشێنی کۆپتەرەکان سامناکییەکی بێ مانا و تۆقێنەریان دروست دەکرد. لەو ساتە نارەحەتانەدا دەنگی نەهری ڕۆحسووکم دەهاتە گوێ و دەیگوت:

– باوەڕدارە درۆزنەکان لە سات و کاتی گەورە بوون و قەبەبوونی ترسدا، گەڕانەوەیان بۆ خودا گەورەتر دەبێ و لەسەرەوەی خۆیان بوونێک هەست پێدەکەن، هاواری لێ دەکەن بۆ ئەوەی دەهاواریان بێت، لەوێ خودایەکی ئاوا بوونی نییە، ئەگەر بوونیشی هەبێ دەهاواریان ناچێت، چونکە ئەوان ئاشق نین، ئەوان ترسنۆکن و خودا هەڤاڵی ترسنۆک ناگرێت، دە هاواری ترسنۆکانیش ناچێت.

باپیرەشم وەکو فریشتەیەک بە پەشتەماڵێکی سپی و سەروسیمایەکی سپی، دڕی بە دووکەڵەکە دەدا و بە دەنگێکی پڕ متمانەوە هاواری دەکرد و دەیگوت:

– کە شەڕ یەخەت پێدەگرێ، نابێ چۆکت بلەرزن، باشتر وایە بەرگری لەخۆت بکەیت، بەڵام کە زانیت شەڕکردن بێ ئاکامە و نابەرامبەرە و هیچ دەرەنجامی باشی لێناکەونەوە، باشترین ئازایەتی ڕاکردنە لە ئاگر و باڕووتی دوژمن.

دوای ماوەیەکی کەم ڕۆیشتن بە چەماوەیی و گەڕانی کۆپتەرەکان بە شێوەیەکی بەردەوام بەسەر دەڤەری چاڵەکەدا بۆ دوا دەستوەشاندن لە گرووپی ئێمە، نائومێد نەدەبوون و نەدەسرەوتن. زۆری نەبرد کە سوپای بیابان، ئەو سوپایەی کە دوێنێ شەڕی چیاییەکانی دەکرد ئەمڕۆ کەوتۆتە گیانی خەڵکی



خۆیشی و دەیەوێ تۆڵەی هەموو بەزینەکان لەو کۆمەڵە چەکدارە بکاتەوە، شەڕی نەسرەوتن تا سەرکەتن بە ئێمە کۆتایی پێ بێنێ، بە وەدەستهێنان و پەلدانی سەری ئێمە ڕزگاریان بێ لە تووڕەیی و نەفرەتی سەرۆکی ڕووخاویان. ڕووبەڕووی شەڕێکی دەستەو یەخەی زۆر ناهاوتا بووینەوە، بۆ یەکەم جارم بوو لوولەی چەکم بکەمە مرۆڤێک، بۆ یەکەم جارم بوو بە نیازی کوشتن پەلاپیتکەی تفەنگێک دابگرم، بۆ یەکەم جارم بوو بڕوا بە کوشتن بێنم چونکە تاکە زمانی ئەو دەڤەرەی بیابان و ئەو سات و کاتانەی بیابانیش بوو، لەو دەمانەدا باوکی خۆم دەبینی لە پەنا لوتکەی شاخێک شەڕی داگیرکەر دەکات، لوولەی تفەنگی دەسووڕاند و نەڕەی لێوە دەهات. دەیگوت:

– خەپە گیان دەڵێن کە دێوانە شارپناس شەڕی دەکرد جنێویشی دەدا، دەیگوت: بیانکوژن، دایک و خوشکیان ڕووت کەنەوە، چونکە ئەوان هاتوون دایک و خوشکی ئێمەش ڕووت بکەنەوە. داگیرکەر ئەمان و زەمانی نییە. بەڵام تۆ قەت فێر مەبە جنێو بدەیت، لە شەڕیشدا جنێو مەدە، لە شەڕیشدا دەسبەرداری ڕەوشتی چیاییەکان مەبە، چونکە ئێمە کەسمان نابینە دێوانە، مەنتیقی ئەو بۆ شەڕ، تێڕوانینی ئەو بۆ دوژمن، غیرەت و ئازایەتی ئەو لە ڕووبەڕووبوونەوەدا، هەموو ڕەفتارێکی ئەو لە شەڕدا جیاوازبوو، ئەو خۆی سوپایەک بوو تا هەتایەش لە شەڕی مان و نەماندا بەرگری لە چیاییەکان دەکات. ئەو ڕۆحی پیری چیاداد بوو. بەکورتی ئەوەی بۆ ئەو دەبوو بۆ ئێمە نابێت.

ئەوەی لە تەنیشت مندا تەقەی دەکرد، جار نا جار هەڵدەستایە سەر پێ و جنێوی دەدا، بیرم لە قسەی باوکم دەکردەوە و شەرمم لە جنێودان دەکردەوە، بەڵام کە ئەو پیاوەم دەبینی جنێو دەدا لە دوای جنێودان هەڵدەستایەوە سەر پێ، دەیگوت:

– ئەمڕۆ شەڕی نەوەکانی حوسەینە، لەگەڵ نەوەکانی یەزید. بیانکوژن، ئێمە شەهید و ئەوانیش گۆڕبەگۆڕ. بیانکوژن، بە دۆزەخی پڕ نەفرەتیان مشەررەد کەن. ئینجا بێدەنگ دەبووەوە و هێدەکی تفەنگەکەی دەگۆڕی، لەوەش سەیرتر ئەوە بوو بیرم لە خۆم دەکردەوە، کەوتوومەتە بەرەی ئەوانەی خۆیان بە

شوێنکەوتەی حوسەین دەزانن، هەر لەسەر ئەو بناغەیەش شەڕی دەسەڵاتدارە پاشۆڵشرەکانیان دەکەن. یەزید بەرەی شەڕ و شوومی سەدان ساڵ بەر لە ئەمڕۆ و حوسەینیش بەرەی هەق و شۆڕشگێڕی. بەڵام گرفتەکە لە هۆکارەکانی ئەم ململانێیە دایە، ئەوانە ئامۆزا بوون، شەڕی دەسەڵاتیان دەکرد، شەڕی شەرعییەت لای کامەیانە. بەلامەوە گرنگ بوو کە لە بەرەیەکدا شەڕ دەکەم دژی زوڵم و زۆردارین، لەوەش باشتر خۆیان بە شوێنکەوتەی پیاوێک دادەنێن کە بێجگە لە شۆڕشگێڕێک شتێکی تر نەبووە، بەڵام هۆکارەکانی شەڕکردن دووڕیانێکی تری هەیە، زۆر جیاوازە لەو دووڕیانە، ترسیش لەوە دایە هەر ئەو حوسەینە ڕۆژێکی تر بێتەوە سەر وڵاتی من و شەڕی هەق و ناهەقم لەگەڵدا بکاتەوە. کەمرۆڤ دەکەوێتە ئەو جۆرە هەڵوێستانە هەموو جۆرە بیرکردنەوەیەکی بە خەیاڵدا دێت. بۆیە لەو دەمانەدا هەتم دەکرد هەموو شتێک بۆ جەنگاوەر ڕەوایە بیکات یا بیڵێت، ئەمە لۆژیکی جەنگە. لۆژیکی جەنگ لۆژیکی نالۆژیکە. لۆژیکی جەنگ ڕەگی ئاژەڵی هەن. جەنگ هەرچەند بەرگریش بێت هەر جەنگە، هەمان لۆژیکی نالۆژیکە ئەویش سەندنەوەی ژیانە لە ژیان خۆی. بۆیە گوڵچینی شێرەچیا هەمیشە خۆی لەوشەی دوژمن دەپاراست و دەیگوت:

– ڕۆڵەم کە باوەڕت هێنا بەوەی کە بەرامبەرت دوژمنە دەبێت باوەڕیش بە لۆژیکی شەڕ بێنیت. لۆژیکی شەڕیش واتە کوشتن. کە کەوتیتە جەنگ نازانیت کێ دەکوژیت. ئەم یاسایە تەنها لەگەڵ داگیرکەردا دروستە. چونکە ئەو هاتۆتە سەرتۆ و یاخەی تۆی گرتووە و بەردەرگای تۆی گرتووە.

باڵابەرزیش زۆرجار دەیگوت:

– جەنگ شەڕی بێدەستەڵاتانە. ئەوەی بڕوای بەخۆی هەبێت پەنا بۆ جەنگ نابات. ئەوەی ڕەسەن بێت چەنگ ناکات، داگیرکەر هەمیشە نارەسەنە بۆیە پەنا بۆ هێز دەبات و بەهێز خۆی دەسەپێنێت. قسەی چیاییەکان یەکبوایە و بەیەکدەنگ چۆن خەڵک لەدژی گەلەگورک دەڵێت "هەڵێ هات" بەو هەڵێهاتە داگیرکەرم وەدەردەنا بێ ئەوەی یەک گوللە بتەقێنم. داخەکەم کە لەنێوخۆماندا ناکۆکین و داگیرکەریش دەوێدا زەفەرمان پێدەبات.



هەرای جەنگ زوو بڕ بە خەیاڵەکاندا دەدات و دەتهێنێتەوە، ئەمڕۆ ڕۆژێکی زۆر درێژ و قورسمان بەڕێکرد، تا تاریکی باڵی خۆی بەسەر ئەو دەڤەرەدا کێشا شەڕ بەردەوام بوو، کۆپتەرەکان زۆر هەوڵیاندا زەفەرمان پێ ببەن بێ سوود بوو، هێدی هێدی دۆزەخی شەڕ ڕووی لە کزی بوو، لەگەڵ ئاوابوونی ڕۆژ تووڕەبوونی مرۆڤەکانیش دادەمرکایەوە، لەو ساتانەدا لە یەک شت دڵنیا بووم، ئەویش گەمارۆدانی دەڤەری ئێمە بوو، گەمارۆدانی ئێمە بوو، داخرانی هەموو ئەو ڕێیانە بوو بۆ دەربازبوونی ئێمە. ئەوانیش دڵنیا بوون کە ئێمە دەربازبوونمان نییە، بۆیە زۆر پەلەیان نەبوو لە هێرش هێنان، دەنگی کۆپتەرەکان دوایی دەهات و تەقەی تفەنگەکانیش بۆ ماوەیەک ئاسوودە دەبوون.

تاریکی باڵی خۆی دادەکوتایە سەر بیابان، ئێمە هەناسەیەکی تری پشوودانمان هەڵدەمشت. لورەی سەگ و ڕێوی و تاژییەکان لە دوورەوە دەنگیان بەرز دەبووەوە، سامناکییەکی جەرگبڕ گەمارۆی دەڤەرەکەی دەدا، چەکدارەکان لە شوێنی خۆیان و لەسەر پشت بۆ ماوەیەک خەو بردنییەوە. خەیاڵ و هزری دایکم و باوکم و نەهری و نازدار و چیاکان و هەموو شتەکان، هەموو دۆست و برادەرانیش بۆ جارێکی تر ڕاپێچی لای خۆیان دەکردمەوە، دەبێ ڕووداوەکانی ئەمڕۆی دەڤەری چیا بەرەو کوێ سەربگرن، دەبێ هەر لە ژێر گەمارۆی سوپای ڕەشی بیابان دابێ؟ لە ساتێکدا هەزاران بیر و هزری هەمەجۆر پەراگەندەیان دەکردم. دەم نا دەم ئەو تاقە چەکدارەی کە نەخەوتبوو، ئەرکی پاسەوانی پێ سپێردرا بوو تەماشایەکی دەکردم و ڕووی وەردەگێڕایەوە، وەکو ئەوە وا بوو کە تەنها لە ترسی من نەخەوتبێ. دیدەتیژ و ترسناکەکانی ئەو دڕیان بە خەیاڵەکانی من دەدا و بە بیری دەهێنامەوە کە من لە بەرەی شەڕم، منیش لەگەڵ کۆمەڵێک چەکداری نەناسراو، لەگەڵ کۆمەڵێک بیابانی بوومە بە هاوسەنگەر و هاوچارەنووس، بەڵام نە ناوم دەزانن و نە ناویان، نە من لێیان دڵنیام و نە ئەوانیش لە من، ئەوەش کە ئێمەی کۆکردۆتەوە دوژمنی هاوبەشمانە، ئانزا ئەوانی دابەش کردووە و بیابانیش لە هەردووکیان تووڕە.

لەو دەمانەدا یادەوەری خۆشەوی زۆر بەهێز خۆی دەئاخنییە دونیای بیر و هزرەکانم، خۆشەوی لەگەڵ ئەوەش کە بیروبۆچوونێکی نامۆ بە چیاکانی هەڵگرتبوو بەڵام کوڕێکی  زیرەک و چالاک بوو شەو و رۆژ بە لەبەرکردنی قورئان خەریک دەبوو، دەیانگوت هەمووی لەبەر بوو، زۆر شتی تریشی لەبەر بوو، توانایەکی زۆر گەورەی هەبوو بۆ لەبەرکردن. شەوان لە مزگەوتی ئاگری پیرۆز منالانی فێری قورئان دەکرد، فێری زمانی بیابانیشی دەکردن، ئەو بە ئەرکێکی پیرۆزی دەزانی، وای بیر دەکردەوە، پێی وابوو ئەوەی نەیزانێ فێری دینی خۆیشی نابێ، ئەو پێی وابوو خەڵکی ئاگری پیرۆز لە پای هیچ نوێژ دەکەن، ناوی خوا دێنن، چونکە ئەو زمانەی نوێژی پێدەکەن لێی حاڵی نابن، ئەو نوێژەکانی بە خوویەکی بۆماوە دادەنا. جارێکیشیان بە باوکی خۆی گوتبوو:

– پیرەسەگ پێم ناڵێی ئەو نوێژانە بۆ دەکەی؟ خۆ تۆ لە وشەیەکیش حاڵی نابی، بێجگە لەوەی چەند جارە وشەکانت بۆ راست بکەمەوە بەگوێم ناکەی! خۆت ماندوو ناکەی!

مام وەسمانیش پێی دەڵێ:

قەیدیناکا کوڕم لێت قەبووڵ دەکەم. من پیرەسەگ نیم. پێموابێ ئایینەکەشمان وەها فێرت ناکا بەباوکت بڵێی! رۆڵە تۆ فریودراوی، رۆژێک هەردەبێ بێیتەوە هۆش خۆت و پەشیمان بیتەوە، بەڵام ئەوەندەی من بینیومە، پەشیمانی هەمیشە درەنگ دێت، کاتێک هەست بە پەشیمانی دەکەی کە کارلەکار ترازابێت.

کە ئاگری پیرۆز دەکەوێتە بەر شاڵاوی ئەنفال و دەبیسێت کە ئەنفالچییەکان وا بەرەو شارۆچکە هەنگاو دەنێن، ئەو لە ماڵ دەبێت، هێشتا نەگەڕاوەتەوە بۆ زانکۆ، سەیری لێ دێت، لەگەڵ باوکی دەکەوێتە گفتوگۆ، باوەڕ ناکا، ئەو دەنگۆیە بە پروپاگەندە دەزانێت، بە باوکی دەڵێت:

– بابە دەڵێن سوپا دەیەوێ ئاگری پیرۆز ئەنفال بکات؟ ئەمە راستە؟

باوکیشی بە پەرۆشەوە دەڵێ:



کوڕم نەک هەر راستە، ئەوە لە هەموو لایەکەوە گەمارۆمان لەسەرە، بۆ تۆ لە گوێی گادا خەوتبوویت؟ ئەی ئەوەنییە چەند رۆژە چیای دایان لە ژێر بۆردوومانێکی سەخت دایە؟ ئەوە نییە کەس ناتوانێ بڕوات بۆ شار یا بێتەوە؟

ئەو پێی وادەبێ ئەوە حاڵەتێکی رۆتینییە، بەردەوام ئەو بەزمەی هەر بینیوە. ئیتر دڵنیا دەبێ ئاگری پیرۆز گەمارۆدراوە و بۆی ناکرێ بگەڕێتەوە خوێندن و چەند شارۆچکە و لادێی زۆری دیکەش لە دووکەڵی ژەهراوی خنکێنراون، راستەوخۆ دەچێتە لای مامۆستاکەی و دەبێتە دەمەقاڵێیان. ئەو بە راشکاوی پێی دەڵێ: باشە چۆن دەبێ ئەنفال لەدژی ئێمە بکرێ؟ مامۆستاکەشی پێی دەڵێت:

خۆشەوی گیان، خودا زاڵمان بەیەکدی لەناودەبا! بێگوناهەکانیش لەسەر نییەتی خۆیان دەژێینەوە.

مامۆستاکەی کەسێک بوو لە پێتەختی بیابانییەکان خوێندنی تەواو کردبوو. زمانی چیاییەکانی باش نەدەزانی بەڵام بۆخۆی چیایی بوو، خەڵکی پێدەشتی چیاکان بوو. خێزانی بیابانی بوو و وەکو خۆی مامۆستا بوو. تا درەنگ هەر لەوێ گەورە بووبوو. بیرکردنەوەکانی زۆر توندڕەوانە و نامۆیانە بوون بە حاڵ و بارودۆخی چیاییەکان. کەسێک بوو هەموو گیانی جێی گومان بوو. زۆرجار لەناو خەڵک باسی دەکرا. زۆرێک لە خوێندکارەکانمان لێی رازی نەبوون، بەڵام هەندێکیشی خستبوونەتە ناو داوی خۆی و وەکو ئەو بیریان دەکردەوە و ڕەفتاریان دەکرد، یەکێکیش لەو کەسانە خۆشەوی بوو.

خۆشەوی پێیگوتبوو:

– ئێستا لەباوکم تێدەگەم. ئێستا لەمامۆستا مەلا رەسووڵی باڵابەرز تێدەگەم. باوکم راستی دەکرد، کاتێک بەئاگا دێیتەوە کار لەکار ترازاوە. ئەو مەنتیقەی تۆ قسەی پێدەکەیت مەنتیقی ئەو کەسانەیە کە توانای گۆڕینیان نییە. تەنها مشەخۆری کۆمەڵگان. دەیانەوێ هەموو شتێکیان بەئامادەکراوی بێتەبەردەست. هەرگیز بڕوام بەوە نییە ئەو خەڵکە رەش و رووتەی ئاگری پیرۆز زاڵم بێ، مەگەر تەنها زاڵمی وەکو ئێمەیان لەناودا بن، یا زاڵمی وەکو عەولاغا. تۆ کەسێکی بێ هەست و نەستی. هێندە ئاسانە بێگوناهێک لەو نێوەندەدا بکوژرێت؟

ئێستا گوومانم لە هەموو هەڵوێست و وشەکانت هەیە، بەداخەوە کە زۆر درەنگ تۆم دۆزییەوە، چونکە خۆم ون بووم.

دەڵێن، هەر لەو ساتەوە خۆشەوی دەگەڕێتەوە ماڵەوە و تفەنگەگەکەی باوکی لە ژێر ئەو تاشە بەردە دەردێنێ کە لە دیوی ژوورەوەی دەرگا بۆ جوانی لەگەڵ کاشی قایم کرابوو. رەختە لە خۆی دەبەستێ و دەڵێت:

– بابە من وا بەرەو شەڕی ئەنفالچییەکان دەڕۆم، تا گولـلـەم لا بمێنێ شەڕیان لەگەڵ دەکەم، ئاگری پیرۆز قابیلی ئەنفالکردن نییە، وا تێمەگەن من ئاگری پیرۆزم خۆش ناوێت، دڵنیابە تا بۆم بکرێت رێ بەکەس نادەم بێت دەستەمۆمان بکات. ئاگری پیرۆز قابیلی زەلیلکردن نییە، ئەوانەی دەیانەوێ ئەنفالی بکەن خۆیان زەلیلن.

وەسمانی مجێور سەری لەو قسانەی کوڕەکەی سوورمابوو، لەبەر خۆیدا دەیگوت، "ئاخر کە هەندێک جۆرە قسەی سەسوورهێنەری دەکرد دەمگوت نابێ ئەوە کوڕی من بێت، ئێستا راستییەکەی بەدەرکەوت، ئێستا سەلماندی کە کوڕی منە، ئێستا بشمرم دڵم خۆشە، دەڵێم کوڕێکم بوو.

خۆشەوی بە تێڕامانەوە گوێی لە منەمنی باوکی گرتبوو. گوتی:

– ئەوە چی دەڵێی بابە؟

– هیچ کوڕە ئازیزەکەم، ئەی چۆن ئەو برادەرانەت لێت رازی دەبن، مەگەر بێی ئەوان دەتوانی رووبەڕووی داگیرکەران ببیتەوە؟

– بابە ئەمڕۆ رۆژی تاقیکردنەوەیە بۆ هەمووومان، ئەوەی بەرگری لە زێدی خۆی نەکات، بێ باوەڕ و بێ ویژدانە.

باوکی ئەو هەڵوێستەی خۆشەوی بۆ هەرس نەدەکرا، بە لایەوە سەیر بوو، دووبارە پێی گوت:

– کوڕم بۆ ئێستا؟ ئەو گۆڕانە کتوپڕە چییە؟ تۆ ئارامت لەبەر من هەڵگرتبوو، کەس نەماوە پەنای بۆ نەبەم بۆ ئەوەی ئامۆژگاریت بکات. لە مێژە پێت دەڵێم کوڕم هەموو ئەوانەی بەرەو ئەو دیدوبۆچوونە رێزپەڕانە هەڵدەنێن بازرگانن، سەربازی وەهمن، مخابنە گەنجێکی زانکۆی رۆشنبیری وەک تۆ بەدوای وەهمدا بکەون.



– بابە گیان پێم گوتی ئەمڕۆ رۆژی تاقیکردنەوەیە، ئەگەرچیش نکوڵی لە پاشگەزبوونەوە ناکەم لە زۆرێک لە هەڵوێستەکانم. ئێستا دەزانم نەهری رۆحسووک راستی دەکرد، ئێمە نابێ ببینە رەهەندی بیابانییەکان لە دامێنی ئەو چیا سەرکەشانەدا. ژن و منداڵی ئەو ئاوەدانییە بۆ دەبێ ئەنفال بکرێن؟ بابە من تێدەگەم ئەنفال بۆ چییە و لە دژی کێ بەکار هاتووە، ئێمە قابیلی ئەوە نین. ئەوە پرۆسەی هەتککردن و تاواندنەوەی ئێمەیە، دەزانی هەتککردن مانای چی دەگەیەنێت؟ ئێمە دەبێ ببین بە کۆیلە و بە موڵکی بیابانییەکان، ئەوان مادام ئەو حوکمەیان بەسەر ئێمە دابڕی واتە خوشکە تاقانەکەشم دەکەن بە کەنیزەک، بابە ئێوەش ئەو زوڵمە قەبووڵ بکەن من قەبووڵی ناکەم، من کەرامەتی ئاگری پیرۆز دەکڕمەوە. هیچ کەسێک لەسەر ئەو زەوییە لە دایکی خۆی نەبووە من بکات بە غەنیمەت، خوشکیشم بە کەنیزەک.

دەڵێن خۆشەوی ئەو قسانەی دەکرد و مام ئۆمەریش بەو تەمەنەی هۆڕ هۆڕ دەگریا، دڵی بەوە خۆش بوو کە کوڕەکەی لەدوا ساتدا بە ئاگا هاتۆتەوە، بەڵام دەشترسا کە جارێکی تر خۆشەوی بە چاوی خۆی نەبینێتەوە، نەیدەزانی شاڵاوی ئەنفال هەموویان رادەماڵێ و ئەو تابلۆ جوانەی سروشتی ئاگری پیرۆزیش دەکەوێتە رووبار و بەرەو خەرەندی هەزار بە هەزار دەکشێت و نقوم دەبێت.

کە خۆشەوی رەختە لە خۆ دەبەستێت و چەکە کۆنەکەی باوکی هەڵدەگرێت، خەڵکی خەریکی خۆ پێچانەوە دەبن. هەموویان لە راگواستن دڵنیابوون، بەڵام نەیان دەزانی چارەنووسێکی رەشتر بەدوایانەوەیە. بۆیە هەر لە دوای دەرچوونی خۆشەوی مام وەسمان جەرگی دەکولێت، بەڵێن دەدات ئاگری پیرۆز بەجێ نەهێڵێت. داسێکی تیژی دار بڕینی هەبوو، دەستی دایە و بەدوای خۆشەویدا دەرچوو، هێندە بێ حەوسەڵە و بێ هێز دەهاتە بەرچاو دەستی دەلەرزین و خەڵک وای هەست دەکرد زۆر نابات داسەکەی لە دەست بەردەبێتەوە. قاچەکانی بەدوایدا نەدەڕۆیشتن. لایەکی جامانەکەی هاتبووە سەر لاچاوی و تەنانەت سەریشی دەجوڵا و بەخۆیەوە نەدەوەستا. چەند کەسێک بینییان و پێیان گوت:

مام وەسمان بۆ کوێ، بۆ وا پەشۆکاویت؟

بێ ئەوەی وەڵامی پرسیاری ئەوان بداتەوە، دەیگوت:

– من دەمزانی کوڕەکەی من شێرە، لە پشت باوکی خۆیەتی. ئەو بۆ ئاگری پیرۆز و منیش بۆ ئەو دەمرم. منیش بڕیارم داوە ئاگری پیرۆز بکەم بە دوا مەنزڵی ژیانی ئەبەدیم.

خەڵک لە قسەکانی حاڵی نەدەبوو. دەنگی تەقەش لە هەموو لایەکەوە دەهات. وردە وردە بەرهو ناوەندی ئاگری پیرۆز شۆڕ بووەوە، لە پردی شاهان نزیک کەوتەوە، هەرچوار لا بە سەرباز دەورە درابوو. وا دیار بوو کە رۆژهەڵاتی ئاگری پیرۆز ژەهرباران کرابێت و دووکەڵی لێ بەرز دەبێتەوە. دامێنی دایان و ئەو گەروبەنانەی دەوروبەری ئاگری پیرۆز هەموویان ژەهرباران کرابوون، لایەکەی دیکەشی کەوتۆتە ژێر نوکی بڵدۆزەرە بێ ویژدانەکان، لەو ساتانەدا کۆمەڵێک ژن و منداڵ بەرەو لای پردی شاهان دەهاتن و بێجگە لە چەند بوخچەیەکی بچووک و گرێ و پرچکی جۆراوجۆر هیچی تریان پێنەبوو. دەستی منداڵەکانیان گرتبوو، دیدەنی کەوتە سەر یەکێک لەو منداڵانەی لە دەستی دایکی دابوو، قژی بەسەر ملیدا هاتبووە خوارەوە و جلێکی چیاییانەی لەبەر کرابوو، بە دەستی راستەشی مەمەی لە دەم دابوو، بەڵام ماوە ماوە دەنوزایەوە و دەبەر خورینگەوە دەچوو و بەرچیچکەش سینەی بەر نەدەدا. تا گەیشتنە راستی ئەو، مام وەسمان چاوی لێ وەرنەبڕی، ئەویش چاوی لە مام وەسمان وەرنەبڕی، بەر لەوەی لەیەکتر تێپەڕن زەردەخەنەیەکیان گۆڕییەوە. ئیتر مام وەسمان ویستی لە پردەکە بپەڕێتەوە، بەڵام سەربازێک نەیهێشت و رێی لێ گرت.

بێجگە لە سەربازەکان خەڵکێکی زۆریش وەستابوون، چاوەڕێی قەدەری خۆیان دەکرد. کە مام وەسمان زانی ناهێڵن بڕوات، بەرەو دیوی شەقامە سەرەکییەکە گەڕایەوە و کەسێک نقەی لێوە نەدەهات. کەسیش نەیدەزانی مەبەستی مام وەسمان چییە و بۆ وا بێ ئارامە. لەو دەمانەدا بوو بە هات و هاوار، چریکەی ژن و غەڵبە غەڵبەکی زۆر لە دوای ئەو پیکابەوە دەهات کە بەرەو رووی مام وەسمان و خەڵکی تر دەهاتە خوارەوە. لەگەڵ لاشەی خۆشەوی چریکەی ژنان گوێچکەی ئاسمانی دەتەزاند. کە مام وەسمان



جەستەی ناسک و جوانی خۆشەوی بینێ، دەستی کرد بە تلولو لێدان، بە خۆشییەکی زۆرەوە رووی لە خەڵک کرد:

– دەمزانی کوڕی من حەڵاڵزادەیە، تەماشای کەن چەند سەربڵندە، ئەو لەو ساتانەدا شاهیدە لەسەر دڕندەیی بیابانییەکان، ئەو شاهیدە لەسەر نەمری رۆحی بەرەنگاربوونەوەی ئاگری پیرۆز، لەسەر درێژەدان بە کولتووری پیرۆزی دێوانە. خۆشەوی رۆحی پاک بوو، بۆیە هەر کە بیستی بیابانییەکان بەرەو ئاگری پیرۆز هاتن بۆ خاپوورکردنی، بۆ ئەنفالکردنی، گوتی: "بابە قورئان دەڵێ: ئەگەر پادشاکان روو لە هەر گوندێک بکەن هەتکی دەکەن، خەڵکی سەربەرزیشی زەلیل و چاوشۆڕ دەکەن. ئەوانە پادشاش نین، خوێڕییەکانی بیابانن، پاشەرۆکی پیس و نەگریسی بیابانن، ئەوانە نەک هەر ئاوەدانییەکەمان وێران دەکەن، بەڵکو ئێمەش دەکەن بە کۆیلە، کچەکانیشمان دەکەن بە کەنیزەک، ئەوە رەوشتی ئەوانە".

تا مام وەسمان قسەکانی تەواو دەکات، پیکابەکە جارێکی دی دەسوڕێتەوە. سەربازێکیش لەسەر پیکابەکە بانگ دەکات و دەڵێ:

– ئەوە نموونەی خیانەت و خۆفرۆشییە و هەر کەسێک رێ بە خۆی بدات خیانەت بکات بەو دەردەی دەبەین.

بەڵام مام وەسمان کە گوێی لەو قسانە بوو و هێشتا خۆشەویش هەر بەدوای پیکابەکەوەیە، تاوی لەبەر هەڵدەگیرێ و بە داسەکەی پەلامەری ئەو ئەفسەرە دەدات کە لە پێشەوەی پیکابەکە دانیشتووە. لە هەموو لایەک چەکی لێ سوار دەکەن و دەیگرن، یەکەم سەرباز کە دەیگاتە سەر، بە قونداغێک لە سەری دەدات و یەکسەر دەیخاتە سەر زەوی، پاشان بە چەند سەربازێک هەر یەکێک دەستێک و قاچێکی دەگرن و بەرزی دەکەنەوە و فڕێی دەدەنە ناو پیکابەکە.

لەو دەمانەدا هەموویانم دەبینین، رۆحیان بەرەو ئاسمان هەڵدەکشایەوە، لەوێ بۆ پڕۆتەستۆی بێدەنگی دونیا دەچوون. خۆشەوی لە پێشەوەی هەموویان دەوەستا و داوای بووردنی لە فەقێ ئامانج دەکرد.

شەو هێندە تاریک بوو بێجگە لە دەسرێژی ناوبەناوی گوللەکان هیچ چاوێک دڕی بەو تاریکییە نەدەدا. تەنها چاوی سەگ و تاژییەکان نەبێ کە لە دوورەوە دەبریقانەوە.

* * *

لەو دەمانەی کە لە حوزووری ڕۆحی ئەنفالکراواندا دەژیام، گفتوگۆم لەگەڵ ڕۆحی خۆشەوی و مام وەسمانی مجێوردا دەکرد، هەستم دەکرد کە چاوم قورسن و خەویان دەوێ، وردە وردە کۆنترۆڵی چاوەکانم لەدەست دەدا، بۆنی باڕووت و بۆنێکی قورسی تریش کە نەم دەزانی چییە بە تەواوەتی گێژیان کردبووم و پەنجەکانیشم توانای جوڵەیان نەدەما، لەگەڵ دەنگی تەقە و گرمەی هەموو ئەو بۆمبانەی کە دەم نا دەم لە دەوروبەرمان گرمەیان دەهات گوێچکەکانیشم کاس بووبوون، لە ژیانمدا هێندە ماندووبوون و برسی بوونم بەخۆوە نەبینیبوو، لە ژیانیشمدا هێندە بێ منەت و بێ باک نەبووم. هەستم دەکرد ژیان پێویستی بە منە نەک من بەو، ژیان یاخەی من بەرنادا ئەگینا من لە مێژ بوو، چەند ڕۆژ لەمەو بەر، بەڵکو چەند ساڵ لەمەو بەر من یەخەی ژیانم بەردابوو، هەر لەو ڕۆژەی کە ئەنفال کراین هەستم بە بێجەدوایی ژیان دەکرد، کە هەر ئەوەش مەبەستی داگیرکەران بوو، هەر ئەوەش بوو کە بیابانییەکان دەیانەویست بەدەستی بێنن، دەیانزانی بە پرۆسەی ئەنفال ناتوانن هەموو چیاییەکان قڕ بکەن، بەڵام پێیان وابوو ئەگەر بەشێکی قڕ بکەن بەشەکەی تریشی بێ ئیرادە و بچووک دەکەنەوە و لە حەزی ئازادی و لە هیواکانمان دامان دەبڕن، لە هەڵپە و کۆششەکانی ژیان دوورمان دەخەنەوە، ئەو ساتانەش هەڵبەت ساتی پچڕپچڕ و دابڕاو نین لە ڕۆژانی ئەوسا، هەر لەو ڕۆژەی پێی بیابانییەکان کەوتۆتە دەڤەری چیا ئەوان هەوڵی پاکتاوی ڕەگەزی چیانشینەکان دەدەن، بەڵام هەر سەردەمە و بە شێوازێک هەوڵیان داوە، هەوڵەکانیان هەر لە زووەوە، دەیان و سەدان ساڵ لەمەوبەر درێژەیان هەبووە، من وای دەبینم سەپاندنی کولتوور، بیروباوەڕ، زمان یا هەر شتێکی دی جۆرێک بووە و دەبێ



لە ڕەشکردنەوە، لە درێژەدان بە ئێش و ئازارەکانی نەتەوەیەک بە دەستی نەتەوەیەکی دی.

باپیرەم دەیگوت:

– هیچ نەتەوەیەک بە خۆشی خۆی بیروباوەڕی نەتەوەیەکی دی هەڵناگرێ. هیچ کەسێکیش بە خێر بیروباوەڕی خۆی بۆ ئەوانی دی ناگوازێتەوە. مەگەر ئەو بیروباوەڕە، بێ سوپا و ڕاوەشاندنی شمشێر و چاوسوورکردنەوە ڕۆیشتبێ، ئەوە قسە و باسێکی دیکەیە. ئەگینا هەر میللەتێک لە هەر زەمان و زەمینێکدا بووبێ، لەژێر هەر جۆرە پاڵەپەستۆ و کاریگەرییەکدا بووبێ، شتەکانی خۆی هەرچەندەش بێ نرخ بووبن ناچاری گۆڕینی بووبێت، بە دادوەری و چاکەی نازانم. هیچ میللەتێکیش شتەکانی خۆی هەرچەند بێ نرخیش بووبن لە هی ئەوانی دیکەی پێ باشتربوون، بۆیە هەرگیز ئەو لۆژیکە قەبووڵ ناکەم بڵێن میللەتێک بە ئارەزووی خۆی وازی لە بیروباوەڕی خۆی هێناوە.

ئەو بەردەوام دەبوو و دەیگوت: لە سات و کاتەکانی ئەمڕۆشدا کە نەتەوەیەک داگیر دەکرێت، چەند خەتای داگیرکەری تێدایە هێندەش خەتای داگیرکراو. بۆیە نابێ کەموکوڕی و خەوشەکانی خۆمان لە بیر بچێت بۆ ئەوەی دووچاری لە خۆبایی بوون نەبین. دوو جۆر لەخۆباییبوون هەن. یەکێکیان لەخۆبایی بوونی ژێر دەستییە. لە خۆبایی بوونێکی داڕزێنەرە. ئەویش ئامادە نەبوونە بە داننان بە نەخۆشی. ئێمەی چیایی ئەگەر باشیش بین بەڵام نەخۆشیشین. بەڵگەی نەخۆشییەکەشمان ئەوەیە کە توانراوە داگیر بکرێین، ئێستاش ئەو توانایە هەر بەردەوامە. هەنووکەش داگیرکەران بە ئاسانی دێنە ناومان و ئێمەش قەبووڵیان دەکەین، ناوی ئەوان لە مناڵەکانی خۆمان دەنێین، بە زمانی ئەوان دەئاخڤین، بۆن و هەناسەی ئەوان هەڵدەگرین، تا ئەو ئاستەی چەکی ئەوانیش دەکەینە شان و دژی بەشێکی خۆمان ڕەفتار دەکەین، لە بەرژەوەندی ئەواندا تێدەکۆشین، بەدەستی خۆمان ماڵ و حاڵی خۆمان وێران دەکەین. ئەگەر ئەمە نەخۆشی نەبێ ئەی چی پێدەڵێن؟ لە خۆباییبوونی دووەمیش هی نەتەوە سەردەستەکانە. ئەوان بە شانازییەوە ڕەگەزی خۆیان بە ڕەگەزی پاک و بێگەرد دەدەنە قەڵەم. بە ڕاوبۆچوونی خۆیان بێجگە لەوان

کەسی دی توانای دامەزراندنی شارستانییەت و ژیاری نییە، بگرە بێجگە لەوان کەسی دی مافی ژیانی نییە، ئەو ژیانەش کە دەیبەخشن لە چاکە و باشەی خۆیانە، بۆیە دەبێ ژێردەستەکانیش سوپاسگوزار و منەتبار بن بۆ ئەو چاکانەی داگیرکەر. دوو هاوکێشەی تەواو جیاوازن، تەواو زاڵمانەن. کوڕی خۆم هیچ دینێک و مەزهەبێک، هیچ فەلسەفەیەک و بیروباوەڕێک و یاسایەک، بڕوبیانوو نین بۆ ئەوەی نەتەوەیەک لە ژێر چەپۆکی نەتەوەیەکی دیدا بژیەت. کەس لەکەس کەمتر نییە، هەموو مرۆڤەکان یەکسانن، هزر و بۆچوونەکانی مرۆڤایەتیش هەر بۆ ئەو دەرەنجامە خەباتیان کردووە.

ئەو بەزینەی لە ناخی منیشدا ڕۆژبەڕۆژ دەیەوێ جێی خۆی بکاتەوە و فرچک بگرێ و گەورە ببێ خۆڕسک نییە، لە بەتاڵەوە نەهاتووە، ڕۆحێکی برینداری درێژبووەوەی نەپساوەیە لە باپیرانی ڕۆح برینداری سەدان ساڵ لەمەو بەر تا ئەمڕۆ. لێم باوەڕ بکەن من نیم وادەڵێم، ئەو ساتانەن کە تیایدا دەژیم و هەراسانم دەکەن، ئەو گوللانە وادەڵێن کە بەدرێژایی ئەو چەند ڕۆژانە بەسەر سەرمدا دەفڕن و ویزەیان دێت، ئەو ڕۆحە بریندارەیە کە لە ناخی هەمووماندا گینگڵ دەدا و لە هیچ سات و کاتێکدا ئارام ناگرێت، ڕۆحێکە لە ناو خۆیشیدا هەر ئاوارەیە، لە باوەشی چیاکانیشدا هەر نامۆیە، ئەوە کاری ڕۆژێک و دوو ڕۆژی بیابانییەکان نییە، بەڵام چییکەم کەس گوێی لە نزاکانم نابێ، ئاخر جیاوازی منێکی گەمارۆدراوی ڕۆح برینداری ناو خەندەکێکی قووڵ لە بیابانێکی دوورەدەست و بێ هاوار و بانگ چییە لەگەڵ یەکێکی دی، کە لە خەندەکێکی تردا لە شوێنێکی تری هەمان ئەو بیابانەدا لە جیاتی شەڕ لەگەڵ ئەو سەربازە ئەنفالچییانەدا بکەن، دەچنە بەردەم بارەگای خودا و نوێژ دەکەن، تکا و نزا دەکەن، دەپاڕێنەوە، نەک بۆ چوونە بەهەشت، نەک بۆ ئەو دونیا پڕ لە بێ مانایەی کە پیاوانی وەکو قولئەعوز باسی دەکەن و لەوەش دڵنیان کە ئەوان لە پێشەوە دەڕۆن، جیاوازی من چییە لەگەڵ ئەوانە؟ ئەوان پەیوەندییان لەگەڵ خودایە منیش لەگەڵ ئەو سەربازانەی کە خۆیان بەسەربازی ئەو دادەنێن، خۆیان بە بەرگریکاری دڵسۆزی ئەو دەزانن، بە پارێزەری ئەو ماڵە دەزانن کە بە هی ئەوی دەزانن و خێروبێریشی بۆ خۆیان دەگەڕێتەوە. ئای کە سەیرە،



هەندێک چیایی سەر هەڵدەگرن و دەچنە ماڵی خوا، کە دەشگەڕێنەوە بەدەستی سەربازانی ئەو ئەنفال دەکرێن. ئاخر ئەو زەمزەمەی لە بیابانیان خواردبۆوە هێشتا لە گەدەیاندا وشک نەبووبوو کە ڕاپێچی دڵی بیابان کران. دڵی بیابانیش زەمزەمەکەی لێسەندنەوە و ڕەوانەی ئەوێی کردەوە، بۆ ئەوەی بەشی هەندێ چیانشینی تریش بکات. مەلا ڕەسووڵی باڵابەرز هەموو جاری پێی دەگوتم کوڕی خۆم ئەوانە خۆیان بە سەربازی خوا دادەنێن، بەڵام خوا بێلایەنە تا سات و کاتی ژیانەوە، لەوێ چیتر بێلایەن نابێ. منیش بیرم زۆر لەو قسەی باڵابەرزی پاک و ڕەوشت بەرز دەکردەوە، تا ئەنفال نەکرا ئازارم بەو قسەی ئەو نەچێشت. هەرگیز ڕازی نەدەبوو گفتوگۆ لەگەڵ خوادا بکەم، ڕازی نەدەبوو ڕووی خۆم لە بارەگای ئەو بکەم و پێی بڵێم ئاخر خوای مەزن ئەوەی تۆ هەتە ئارامگرتن نییە، بێ لایەنییەکی ئەبەدییە، ئەوەش لە تۆ و گەورەیی تۆ ناوەشێتەوە. دادوەری تۆ چۆن بۆ بیابانییەکانە دەبێ ئاوا بۆ چیاییەکانیش بێ، بۆ ئەوان مافی قڕکردنی ئێمەیان هەبێ؟ بۆ ئەوان مافی ئەوەشیان هەبێ کە ناز بە بەندایەتی تۆوە بکەن. لە ناکاو زۆر تووڕە دەبووم دەموچاوم سوور هەڵدەگەڕا و لە ڕەسووڵی باڵابەرزیش قیت دەبوومەوە و دەمگوت، خوایە دە یەک جاریش پشتیوانی چیاییەکان بە، دە لە بوونتا یەک جار لایەندار بە، ئەمجارەیان لە بێلایەنی و بێدەنگییەکەت وەرە دەرەوە. جارێکیان باڵابەرز بە گۆچانە کورت و سواوەکەی تا بەردەرگای حوجرەکەی فەقێیان ڕاوی نام، لەو دەمانەدا فەقێ ئامانج بەدەرکەوت و خۆم گرتە پەنای ئەو، باڵابەرز گوتی:

– فەقێ ئامانج ئەو گەوجەم بۆ بگرە با هەندێک ئاقڵی بکەم. لە پێستی خۆی چۆتە دەرەوە، هەرچەند ئارامبەخش بم ئەو زیاتر پێی لێ هەڵدەبڕێ و سنووری خۆی دەبەزێنێ. لەو دەمانەدا بە تووڕەیی قسەی بە ڕووی مندا دەکردن و لیفکەکانی کراسەکەشی هەڵدەوێنجینەوە و تەماشایەکی لیفکەکانی دەکرد و تەماشایەکی منیشی دەکردەوە، بە ماندووبوونێکی دەروونی و جەستەیی زۆر دەیگوت:

– فەقێ ئامانج خەپە چەند ئاقڵە هێندەش کەرە، باشتر وایە ئاقڵی بکەین.

فەقێ ئامانجیش دەیگوت:

– مامۆستاگیان تۆ خۆت هیلاک مەکە بە تەمای منی لێگەڕێ، من چارەسەری دەکەم. من باشتر دەزانم بە زمانی ئەو بئاخڤم، ئاخر زمانی چیاییەکان گۆڕانی تێکەوتووە، تۆ نەتبیستووە مامۆستای بەڕێز؟

مامۆستای باڵا بەرزیش دەیگوت:

– دەزانی فەقێ ئامانج هەندێک جار لە وشەکانی تۆش حاڵی نابم، بە زمانێک قسە دەکەی، زوو رازیم دەکەی و دواتریش هیچ ناگۆڕێ، ئاخر ئەو کەرە هەر جاری یەکەمی نییە ناماقوڵی دەکات، من ها لە حوزوور خوام، دەیبینم، رووبەڕوو بە راشکاوی پێی وتم من ئاگاداری ئەو قاتوقڕییەم، بەڵام چاوەڕێیان دەکەم تا دێنە بەر دەستم و دادگاییان دەکەم، ئینجا بە مافی رەوای خۆیان دەگەن.

لەو دەمانەدا هەستم دەکرد نەستی من و مەلای باڵابەرز بەیەکەوە لە گفتوگۆیەکی نەبڕاوەدان، مامۆستای باڵابەرز هێشتاش ورەی بە خودا هەر بەرزە و، کچە ١٨ ساڵانەکەی کە لەبەر چاوی ئەو دابڕێنرا و بەرەو نادیاریان برد کاری تێنەکردووە، ئەوە نەستی من بوو پێیوابوو کە نەستی مامۆستای باڵابەرز تا هەنووکەش لە جیاتی خودا دەدوێ و پاکانەی بۆ دەکات، دەمزانی ئەویش پێی وایە نەستی منی بێ دەسەڵات نەستێکی هەڵگەڕاوەی یاخی بووە و بە بیابانییەکان ناوێرێ و پڕ دەداتە خوا. خوایەک کە لە بنەڕەتەوە بێ لایەنە و ئارامدەگرێ تا رۆحی هەموو مرۆڤەکان بە ریزە دەوەستن و نەفرەت لەوانە دەکات کە ئەنفالیان دەکرد و نەفرەتیشی لەوانە دەکرد کە دەیانبینی و دەسەڵاتیشیان هەبوو قسەشیان نەدەکرد. لەو ساتانەدا وام هەست دەکرد جەستەم پەیتا پەیتا دەتاوێتەوە و روو دەچێتە ناو دڵی بیابان، دەچێتە حوزووری رۆحی پاکی مەلای باڵابەرز.

ئەو رۆچوونەم لە رۆحی باڵابەرزدا بۆ ماوەیەکی خۆش دەیبردمە باوەشی خەوێکی قورس، خەوێک لەگەڵ بەهێزترین دەنگی بۆمبا بە ئاگا نەیەتەوە، رۆچوونێک و شەکەتییەک تا فرێیان نەدامە دواوەی ناو ئیڤایەکی سەربازی بە ئاگا نەیەمەوە. کە چاوم کردنەوە تا چاوم دەیبڕی سەربازی بیابانم دەبینین، ئەوانەی کە دەڵێن ئێمە لەشکری خوداین. بە هەرچوار لای خۆمدا چاوم گێڕان



کەسی ترم نەبینی، بێجگە لە یەکێک کە بە تەنها قابیلی پیل بەستن و لە سێدارەدانە ئەو یەکەش تەنها من بووم، بە قەد پانایی ئیڤایەکە لەسەر پشت کەوتبووم، لە دونیایەکی تردا، دونیایەکی تەواو جیاواز لەو هێندە کاژێرانەی بەر لە ئێستا تیایاندا دەژیام. جیاوازییەک بەقەد جیاوازی نێوان ئازادی و ژێردەستی، بەقەد جیاوازی سەربازێک کە خۆی بە خەباتگێرێک لە پێناو ئازادی و سەربەستی دادەنێ و سەربازێکیش کە خۆی بە سەربازی خوا دادەنێ. سەربازێک کە عیشقی ئازادییە و ئازادی هێنیشە بۆ هەموو ئەوانەی حەز لە ئازادی دەکەن، لەگەڵ ئەو سەربازەی کە گێژی ئایدیۆلۆژیایە و هەموو وێنایەکانیش لەو دیدگا تەسکەی ئایدیۆلۆژیادا دەبینێت. جیاوازییەکان گەورەن بەقەد جیاوازی نێوان بیابان و چیاکان، بەقەد جیاوازی نێوان جەلاد و قوربانییەکانی، بەقەد جیاوازی نێوان ئەنفالکراوێک و بکەرێکی بیابانی ئەنفالچیدا.

ئیڤایەکە بە خێراییەکی زۆر دەڕۆیشت و سەربازێکیش لە ژووری سەری منەوە لەسەر تەختەیەکی لکاو بە دیواری ئیڤایەکەدا دانیشتبوو، تفەنگەکەیشی خستبووە نێوان هەردوو قاچی خۆی، خۆم نەدەجوڵاند، بەڵام چاوم لەو بوو کە کەوتبووە داڵغەیەکی قووڵی دونیای بێ مانای خۆی، بیرم لەوە دەکردەوە داخۆ ئەویش وەکو زۆرێک لەوانەی کە خۆیان بە سەربازی خوا دادەنێن وڕ و گێژە، بەنجکراوە، تەفرەدراوە، یان مرۆڤێکی بێدەسەڵات و بێ ئیرەدایە و جیاوازی من و ئەو ئەوەیە کە ئەو بۆخۆی چۆتە ژێر نیری بەندایەتی هێزێکی غەشیمی چەواشەکار و سەرکوتکەر و خودسەر، هێزێک کە تەنها خۆی دەبینێت و تەختکردنی چیاکان بە ئەرکێکی نەتەوەیی و ئایینی و مێژوویی دەزانێ. منێکیش کە بە زۆر کراوم بە دیل و تاوانم تەنها ئەوەندەیە کە بەدوای خۆم و دایکمدا دەگەڕێم و بەدوایی چیاکانیشدا، ئەو چیایانەی کە لە رەگوڕیشە دەرهێنران. ئاوێتەی رۆحی سەدان هەزار ئەنفالکراو بووم و بەدوای ئەدرەسی راستەقینەیاندا دەگەڕێم.

ئەو کڵاوسوورە چاودێرە وڕ و گێژە، بڵند بوو بە پۆستاڵەکەی منی جوڵاند، بەسەر لوولەی تفەنگەکەی هەوڵی وەرگێڕانی لا رووەمەتێکی منی دەدا و لەو دەمانەشدا دەیگوت:

– هەر لەوێ دوا گوللەت لە ورگی خۆت بتەقاندبایە باشتر نەبوو لەوەی بە دیل بگیرێیت و رەزیلت بکەن؟ مادام توانای شەڕت بوو، دەبێ توانای خۆ رزگارکردنیشت ببوایە، یان خۆ کوشتن. من بوایەم هەر وام دەکرد.

توانای خۆ بێدەنگکردنم نەما، رووم تێ کرد و گوتم:

– وا پێدەچێ سەربازێکی بێ ئیرادە بیت، بە زۆری خرابیتە ژێر نیری چەکێکی خوێناوی مرۆڤکوژ.

لەگەڵ وەقسەهاتنمدا نەختێک بەرەو دواوە گەڕایەوە و چەکەکەی لەدەستی چەپەی بۆ دەستی راستە گواستەوە و بێدەنگ بوو. من چاوم لەو بڕی بوو ئەویش لە من. پیاوێکی کورتەڵەی رەشتاڵەی سمێڵ فش بوو، گوتی:

– وا پێدەچێ قسەشت زل بن، تۆ لە بیابانی ناچیت، من بێ ئیرادە نیم، بەڵام بێ چارەم. وەکو ئێوە چیانشین بوایەم، بولبول ئاسا لەسەر لوتکە چیاکان دەفڕیم و ملم بۆ خوا نەبێ بۆ کەس کەچ نەدەکرد.

ئەو جارە خۆم بەتەواوی سوڕاند و توانیم دابنیشم و رووم تێکرد و گوتم:

– کەس هێندەی ئێمەی چیایی عیشقی ئازادیی نییە. کەسیش هێندەی ئێمە عیشقی فڕین نییە لەسەر لوتکە سەربەرزەکان، لە هەموو سات و کاتەکانیشدا ملمان تەنها بۆ خوا کەچ کردووە، بەڵام ئێوە دەتانەوێ ملمان تەنها بۆ ئێوە کەچ بکەین چونکە ئێوە خۆتان بە خەلیفەی خودا دەزانن لەسەر زەوی، واشدەزانن دونیا هەر ئەو پانتاییەیە کە ئێوەی تیادا دەژین، خوداش پێویستی بە خەلیفەیەکە ئەو پانتاییەی کە پێی دەڵێن بیابان بۆی بەڕێوە ببەن، هەڵبەت بێجگە لە خۆشتان هیچ کەسێکتان قەبووڵ نییە بە خەلیفە ئەگەر خوداش بینێرێ، ئاخر پێم ناڵێی بۆ وازمان لێناهێنن، ئێوە لە وێرانکردن زیاتر چیترتان بۆ چیاییەکان و چیاکان هێناوە. ئەوەش بزانە لەوەتی ئێمە هەین دۆستی خوداین، لەوەتی هەیشین دەیپەرستین، لەوەتی ئەویش هەیە ئاوڕی لە ئێمە نەداوەتەوە. مەلا رەسووڵی باڵابەرزیش دەیگوت:

– کوڕم ئەو لە قیامەت ئاوڕمان لێ دەداتەوە، ئەوەی لە خوا غافڵە باتڵە.

گوتی:

– مەلا رەسووڵ کێیە؟



گوتم ئەو پیاوێکی ئازادە، بەڵام لە جیاتی ئەوەی رۆحی لەسەر لوتکەی چیاکانا بفڕێ، لە بیاباندا گیری خواردووە و بەدوای تاقانە کچەکەیدا دەگەڕێ. ئەو خوا پەرستێکی راستەقینە بوو، ئەو یەکێک بوو لەو عاشقانەی کە لەمێژە خوای دۆزیبووەوە، لەمێژیش بوو خوای بە چیاییەکان دەناساند، بەڵام ئێوە ئەنفالتان کرد، کچە تاقانەکەیشی بێسەر و شوێنە، هەڵبەت بە کەنیزەک بردووتانە، ئەو خەمی خۆی نەبوو، خەمی کچەکەی بوو، ئەو خودای هەبوو، بەڵام کچەکەی تەنها ئەوی هەبوو. ئەویش بردرا، کچەکەشی بردرا، ئەویان بۆ بیابان و بۆ باوەشی عەرعەر، ئەمیشیان بۆ باوەشی تاهەتایەی کۆیلەیی.

ئەو جگەرەیەکی دەرهێنا و رووی وەرگێڕا، وەکو ئەوە وابوو کە نەیەوێ زیاتر گوێی لەمن بێ، خۆی نەوی کرد و جگەرەکەی داگیرساند. زۆر بە سەرسامی رووی تێکردم و بەرەو پێشەوەی ئیڤایەکە رۆیشت. بڕیاریدا زیاتر گوێی لەمن نەبێ، لەقەلەقی ئیڤایەکەش لەگەڵ هەر هەڵپەرین و دابەزینێکدا زیاد و کەمی دەکرد. دەمزانی ئیتر بەرەو چارەنووسێکی نادیار دەڕۆم، دەمزانی ئیتر جەستەی شەکەتم لەدەستی دڕندە بیابانییەکانە، ئیتر خۆم لەدەست خۆمدا نیم، لەدەست خەڵکی بێگانەدام.

## بەشی چواردەهەم

لەو ڕۆژەوەی نەهری ڕۆحسووک گەیەنراوەتە گرتووخانە، ڕۆژووی لە قسەکردن گرتووە، لەگەڵ داگیرکەران و جەللادەکانی قسە ناکا، وەڵامیان ناداتەوە. تا ئەو چرکە ساتەی من فڕێدرامە ئەو ژوورەی کە نەهری تیابوو، ئەو لە خەڵوەتی ڕەوحانییەتێکی بێوێنەدا بوو، ڕەوحانییەتێک کە پێشتر کەس نەیبیستبوو، ڕەوحانییەتێک تێڕوانینی بۆ خودا جیاوازبوو لە هەموو ئەو تێڕوانینانەی کە ئایین و ئایینزایەکان قسەیان لێدەکرت. یەکێک لەوانەی کە لە ژوورەکەیدا لەگەڵیدا بوو، دەیگوت:

– لەوەتی ئەو کەڵەپیاوە هاتۆتە ناومان ئێمە خۆمان لە بیرکردووە. ئەو پیاوە ڕۆژانە فێرمان دەکات چۆن خۆڕاگر بین. ئەو وێنایەی ئەو بۆ خۆشەویستی لە نێوان مرۆڤەکاندا هەیەتی هەموو ئەو کەسانەی کە لەگەڵمان دان سەرسامی کردوون، مسوڵمانمان لەگەڵن، ئێزیدی، کریستیان، کاکەیی، مەندایی، کۆمۆنیست، بێدین، هەموویان دەڵێن ئەو پیاوە پێغەمبەری خۆشەویستییە. نوێنەری پیری چیادادە.

دوای کۆمەڵێک زنجیرە لێکۆڵینەوە و لێدان و ئەشکەنجەدانێکی زۆر، باکم بە هیچ نەمابوو بۆیە چۆن خراپ بوو بۆ خۆم ئاوا قسەکانم کرد، ئەوان هەرچییان بویستبایە دەمگوت بەڵێ، هیچ دڵم نەشکاندن، بە ئاشکرا پێمگوتن کە تیمارکرام و لە ڕێگا ئەو چەکدارانەم بینین پاڵمدایە ئەوان و ویستم شەڕی مان و نەمان بکەم، شەڕی مان و نەمان لە تۆڵەی دایکم و خەڵکی شارۆچکەکەم، بە ئومێد بووم زووتر بمگەیەننە پەتی سێدارە، هەرواش بوو. بۆیە هەر زوو درامە دادگا و زۆر بە ئاسانی سزای لەسێدارەدانم بەسەردا سەپێنرا.

کە فڕێدرامە ژوورەکەی ئەوان، هەموو ئەوانەی لەو ژوورەدا چاوەڕێی مەرگیان دەکرد هەموویان بە یەکەوە ڕوویان لەمن کرد، یەکێکیان باریکەیەکی درێژی قژ درێژ بوو، دەموچاوێکی ڕەشتاڵەی ڕوو بە پێکەنینی هەبوو و ناوی جوانڕۆی بیژەن، بەڵام هەر لە دەموچاوی دەیان نهێنی دەخوێندرانەوە، هەر



ئاقڵێک ببیینیبایە دەیزانی ئەوە کەسێکی ئاسایی نییە، ئەو پیاوە یەکسەر بەرەو ڕووی من هات و پیلی منی گرت، ویستی لە شوێنی خۆی دام بنیشێنێ، داوای بووردنم لێکرد و پێشم گوت ببوورە لەگەڵ لێدان ناتوانم دابنیشم. ئا لەو قسانەدا بووم کە چاوم بە دەوروبەری خۆمدا گێڕان، ڕووەکانی دیکەی ناو زیندانەکەم خوێندنەوە، یەکە یەکە تەماشەیانم کرد، ئەوانیش یەکە یەکە خۆیان دەناساند. لوقمانی یارانگەورەهەر، گاڤان ڕۆژدەم، قەدەمخێری پیرۆزی، شەڤگەڕ بێڕێ، کاردۆخی یەزدانشێر، مەمەند مەزن، بابۆ ڕۆژدێر، میردادی قوبادشێر، کەمالیاری ئەکبەر، مەرقەس نانەوا. لە دوای هەموویانەوە نەهری ڕۆحسووک، کە گوێم لە ناوی نەهری بوو، وامزانی شتێک ڕوویدا، لەسەر تەنیشتم بەرز بوومەوە، بە سەرسووڕمانەوە گوتم:

– کێ! نەهری ڕۆحسووک؟ منیش بەختەوەری هەوران.

کەسێکم بینی یەکە یەکەی ئێسکەکانی لەژێر پێستی دیار دەکران، ئەو خۆی کەسێکی باریک و ڕێکپۆش بوو، ئێرە تەواو باریکتری کردبوو، کە منیش گوتم بەختەوەری هەوران، ئەویش لە شوێنی خۆی ڕاست بووەوە، نە من چاوەکانم باوەڕییان دەکرد، نە ئەویش. سەرەتا بۆ چەند ساتێک لێم وردبووەوە، پاشان پەلاماری دام، ئیتر لەگەڵ پەلاماری ئەو نەمزانی چ ڕوویدا، مێژوو وەستا و ژیان تام و چێژێکی تری وەرگرت. هەموو شوێنێکی یەکترمان ماچ دەکرد. پێڵاوی یەکتریمان ماچ دەکرد. بۆ ماوەیەکی درێژ یەکتریمان بۆن دەکرد. هەردووکمان جلی پرتەقالیمان لەبەردابوو. هەردووکمان چاوەڕێی نۆبەتی مەرگمان دەکرد، مەرگێک کە بیابان بەجێ دێڵێت و ئەدرەسی ئەنفالەکانیش هەر لە ژێر گڵدا دەمێنێتەوە. لە بەرامبەر یەکتریدا دادەنیشتین و چاومان دەبڕییە چاوی یەکتر، فرمێسکەکانیش بە ئێواشی سەر ڕوومەتە سوورهەڵگەڕاوەکانی هەردووکمانی دەبڕی و هەموو ڕابردووی دونیای چیاکان وەکو فلیمێک بە مێشکی ئەودا ڕێی دەکرد و بە مێشکی مندا تێپەڕ دەبوو. هەردووکمان دەمانزانی بارودۆخێکی تایبەت ئێمەی گەیاندۆتەوە بە دونیای دەربەدەری و لەوێش چاوەڕێی مەرگ دەکەین.

ئەو رۆژە نە من و نە رۆحسووکیش زادەی درکاندنی شتێکمان نەبوو بۆ یەکتر. هیچ دەنگوباسێکی دوای لە یەکتری دابڕانیشمان لەسەر یەکتری نەدەزانی. لەو رۆژەی نەهری رۆحسووکیان برد تا ئەو ساتە وەقتەی کە لە گرتووخانە یەکترمان بینییەوە. ئەو یەکتر بینینەوە رۆژێکە لە بیرناکرێ، تقوسێکی تایبەتی هەبوو، مانایەکی ئەبەدی لە دوای خۆی بە جێهێشت. مانایەک بەقەد ئەبەدییەتییەکەی ئەندێشەدار و ئازارچێژیشە. ئەو یەکتر بینینەوە لە دوای رۆیشتنی هەردووکمان بوو بەرەو مەرگ، لە دوای رووخانێکی نەفسی و شۆکێکی کۆمەڵایەتی گەورە بۆ هەموو دانیشتوانی چیا. ئەنفالەکان بە زیندوویی بردران بۆ بیابان، ئەوان بە ناچاری، بە پیلبەستراوی، هەرچی ئێمە بووین ناچاربوونمان لە دەروازەیەکی ترەوە سەری دەگرت، دەروازەی بەرژەوەندی دەڤەری چیا، دەروازەی شۆک لە دوای ئەنفال، دەروازەی بەزینی دەروونی کە کەسێک تا ئەو چرکە ساتەش نایەوێ دانی پیادا بنێت.  تەقسی تەماشاکردنی یەکتری و چاو لە چاوی یەکتری بڕین تا نیوەی شەویش هەر درێژەی دەبوو، تاو نا تاوێکیش باوەشمان بە یەکتریدا دەکرد و یەکتریمان رادەوەشاند، ئەو راوەشاندنە هەر لە خۆ پاککردنەوە دەچوو لە تەپوتۆزی نامۆبوون، تەپوتۆزی بیابان، تەپوتۆزی ماوەیەکی زۆر دابڕان.

دوای نیوەی شەو دوای ئەوەی هەردووکمان لە بێتاقەتی و لەسەر پشت بێدەنگیمان لێکرد و بۆ دەمانێک تەماشای دیوارە برش و بۆرەکانی ژوورەکەمانم دەکرد. دیوارەکان لە تابلۆی راستەقینە دەچوون، تابلۆیەک سەدان و هەزاران کەس بەشداری نەخشاندنی کردبێت. لە دیواری لای راستم لەسەرەوە و بە رێنووسێکی جوان و بە شێوەیەکی بازنەیی ئەندازەیی بە زمانی چیاییەکان نووسرابوو "کەم بژی ئازاد بژی – چیاییەک" لە خوارەوەشی بە هێڵکارییەکی نارێک لە شێوەی مار نووسرابوو "بۆ ئەوەی بە ئازادی بژیم ئێرەم هەڵبژارد، ئێرەش سەرەتای ئازاد کردنی رۆحە لە ئێش و ئازارەکانی جەستە، ئەو جەستەیەی وریای نەبین دەمانباتەوە ژێر نیری کۆیلایەتی حەزە بچووکەکان، ئەو حەزانەی دەبنە رێگر لە بەردەم ئازادییەکی راستەقینە – نووسەرەکەشی: بەرهەڵستکارێکی خوا". لەو لاشییەوە لەسەر وێنەی شووشەی



لەمپایەک بە زمانی بیابانییەکان نووسرابوو "لە پێناو بە ئاکام گەیاندنی بیر و باوەڕم، ئامادەم دە جاری تریش بێمەوە ئێرە و لە سێدارە بدرێمەوە، ئای کە شادم چونکە توانیم لە پێناو رێبازەکەم دوژمنەکانم ریسوا بکەم، چونکە نەیانتوانی بەقەد یەک تاڵە مووش ئیرادەم تێک بشکێنن – سەربازێکی حوسەین" رووم وەرگێڕایە لای چەپم و بە دێڕێکی رەشی گەورە و بە زمانی چیاییەکان نووسرابوو "ئێمەیان لە ژوورێکی بێ پەنجەرە دیل کردووە، چەند گێلن نازانن چاوەکانمان پەنجەرەن بۆ دیتنی هەموو شتەکانی ئەو دیو – خوێندکارێکی شوعاعەکان" لە خوارەوەشی بە خەتێکی رەشی ورد لە سەر چەند گەڵایەکی لاو لاو بە شێوەیەکی ستوونی نووسرابوو "نیشتمانی کەس وەکو نیشتمانی من نییە، چونکە عیشقی کەسیش بۆ نیشتمانەکەی وەکو عیشقی من نییە، عیشقی منیش ئەو عیشقەیە نە بۆیان دەستەمۆ دەبێت و نە لە سێدارەش دەدرێت. ئای کە داگیرکەر گێلە! – عاشقێکی دیوەخانی حوزوورە ئەبەدییەکان" لە تەنیشتیشی لە لێواری بازنەیەک بە شێوەی تیشکەکانی رۆژ بە خەتێکی سوور نووسرابوو "سوڵح نەکەن تا دوا سەربازی هوبەل، وڵاتی رۆژ بەجێ دێڵێ، ئینجا بەقەد ژمارەی ئەنفال کراوەکانمان گوڵیان بۆ ببەن، تا تێبگەن هێشتاش ئێمە لەوان باشترین- یەکێک لە دوازدە سوارەکان" لە سەرەوەی سەرەوەش نووسرابوو "چونکە ئەوان ئەنفالیان لە جێی برایەتی نووسی منیش هەرگیز رەشی ناکەمەوە – یەکێک لە هاوڕێیانی دوازدە سوارە" لەگەڵ ئەو نووسینە زۆر دامام، زۆر بیرم لەم نووسینە و لە هی پێشوو تریش کردەوە، ناوی نووسەری تێکستی یەکەم، نووسرابوو "یەکێک لە دوازدە سوارەکان" بەڵام ناوی نووسەری تێکستی دووەم نووسرابوو "یەکێک لە هاوڕێیانی دوازدە سوارە" بەڵام مێژووی نووسینی یەکەم چواردە رۆژ لە پێش نووسینی دووەمەوە بوو. بە قووڵی بیرم لە جیاوازییەکان دەکردەوە، بیرم لە دوازدە سوارە دەکردەوە، پرسیارم لە خۆم دەکرد، داخۆ دوازدە سوارە کێن؟ بۆ ئەوان بە گوڵ وەڵام دەدەنەوە؟ ئەو زمانە لە هەموو زمانەکان جیاوازترە. فەلسەفەیەکی تایبەتە و بەمن نامۆ نەبوو. لەو بیرکردنەوەیەدا خەو بۆ ساتێک بۆخۆی فڕاندبووم، بەڵام لەگەڵ زەنگێک کە گوێیەکانی کاس دەکردن بە ئاگا هاتمەوە، ئەو هاوڕێیانە هەموویان لەبەر

شەکەتی هەیانبوو خۆی نەدەجولاند، هەشبوو لە تەنیشتێکەوە خۆی دەخستە سەر تەنیشتێکی دی، بەڵام ڕۆحسووک جارێکی دی بڵند بوو و تەماشایەکی منی کرد و تەماشایەکی یەکە یەکەی هەموو هاوڕێیانی کرد، بە زەردەخەنەیەکەوە دووبارە تەماشایەکی هەموانی کردەوە. ئینجا دووبارە پاڵی دایەوە. ڕۆحسووکم هێندە بێ خەم و ئاسوودە هاتە بەرچاو، تا ئەو ئاستەی جێگای سەرسووڕمان بوو. لەو دەمانەدا زۆر هەستم بە برسییەتی دەکرد، تەنانەت لە برسان چۆکەکانی خۆم توند بە سکمەوە گرساندبوون، چونکە چەند ڕۆژ بوو هیچم نەخواردبوو، ئەو ڕۆژەش هیچ خواردنێکییان بۆ نەهێنایین، چۆن منیان فڕێدایە زیندان هەر ئاوا ماینەوە بێ لێپێچانەوە. منیش دووبارە بێهۆش کەوتمەوە، ئاگام لە هەموو شتێک بڕابوو، تا بۆ جارێکی دی لەگەڵ خرمەی کرانەوەی دەرگا بە هۆش هاتمەوە، بینیم نەهری خۆی گۆڕیوە و چاوەڕێی شتێک دەکات. کە سەرم بڵند کرد بە گورجی بڵند بووم، ڕووم لە نەهری کرد و زەردەخەنەیەکی پان و بەرین لەسەر ڕووی نەهریدا خۆی دەڕازاندەوە. بەر لەوەی بیابانییەکە ملی بگرێ باوەشی کردە من و توند منی گووشی، ئاخێکی قووڵ و دووروودرێژی هەڵکێشا. بۆ یەکەم جار کەوتە قسە و لە ژێر گوێی مندا چرپاندی و گوتی:

– خەپەی برا لەوە خۆشتر و بە تام تر نەبوو کە یەکتریمان بینییەوە. لە ژیانم هێندە لەزەتم لە ژیان نەبینیوە. بە خێربێیتەوە. دڵم روونە تۆ لێرە دەردەچی، بەڵام ئەوە جەلادەکان چاوەڕێی برات دەکەن بۆ لە سێدارەدانی. من دەڕۆم و نهێنییەکانی منیش هەموویان ها لەوێن لای ئارامدین، لە هۆڵێکی گەورەی قاوشەکەی بەرامبەرمان. کە گوێم لە ناوی ئارامدین بوو، شاگەشکە بووم، قسەم بە ڕۆحسووک بڕی. ڕووم لە هەموو ئامادەبوان کرد:

– ئارامدین؟

ڕۆحسووک ڕووی تێکردم و گوتی:

– بەڵێ ئارامدین، ئەلێرە بینیمەوە. ڕۆژی دووەم لە کاتی گەڕانەوەی لەسەر ڕێگای سەرەکی دەست بۆ ئۆتۆمبێلێک بەرز دەکاتەوە، بەڵام لە بەدبەختی ئەو، شوفێرەکە بیابانییەکی سیخوڕ دەبێ، یەکسەر بۆ ئاسایشی بەشی تاوانە



گەورەکانی دەبات، ئیتر بۆ دواجار گوێچکەیەکی دەبڕن و زیندانی ١٠ ساڵیشی بەسەردا دەدەن.

ئەو هەواڵە تاساندمی. ئارامدینی گوڵ، ئارامدینێک دەتگوت بووکە هێندە رند و جوان دەبینرا. نەمدەتوانی ئارامدینێک بێ گوێچکە بخەمە ناو خەیاڵدانی خۆمەوە. هەروەکو نەشمدەتوانی وەحشییەتێک بەقەد وەحشییەتی ئەو سیستمە بیابانییە وێنا بکەم. خودا مرۆڤی جوان دروست دەکات، ئەو بیابانییە دڕوندانەش ناشیرینی دەکەنەوە.

– هەموو لێیان لە هاواردام. نەخێر ئارامدین تاجی سەربەرزی لەسەر نراوە، تا هەتایە نیشانەیەک هەڵدەگرێ، ئەویش نیشانەی دژایەتیکردنی ئەو ڕژێمە بۆگەنە داگیرکەرەی بیابانە.

بە خەفەتێکی زۆرەوە ڕووم لە نەهری ڕۆحسووک کردەوە و پێمگوت "بمبوورە، لە قسەکانت بەردەوام بە، ئەگەر مەرگ ڕێمان پێبدات ئەویش دەبینینەوە، مادام بیابان لفی نەکردووە، ئەوا زیندانەکەی ئەوان بۆ زەمەنێک بۆخۆی گلی داوەتەوە، گرنگ ئەوەیە دەنگوباسیم زانی، دەنگوباسی بەخێر، ڕۆحی شاد".

نەهری ڕۆحسووک بەردەوام بوو لە قسەکانی و گوتی:

– کاتمان زۆر نییە، وەکو گوتم جەللادەکان دەمبەن، زۆرم نەماوە ئەوان بڕیاری خۆیان داوە، کۆتایی بە ژیانم دێنن، نهێنییەکانیشم ها لەوێن، لای ئارامدین، ئەو ئارامدینەی تەنها بۆ چەند سەعاتێک ناسیمان، هەموو چیرۆکەکەم ها لەدەستی ئەو، چیرۆکی چیاییەکی سەرشێت، چیاییەکی بێ دەرەتان، چیاییەکی تاواوە لە خۆشەویستی چیاکان و چیاییەکاندا، هەر لەو پێناوەشدا دەمرێ. ئەوە چەند ساڵیشە تەنها خەریکی ئەوەم کە خوا ڕازی بکەم بۆ ئەوەی ئێمەی چیاییشی خۆش بوێ، چیرۆکی ئەو هەوڵەشم ها لە دووتوێی ئەو لاپەڕانەی کە لای ئارامدینن. من دەڕۆم و سڵاو لە ئەنفالکراوەکانیش بکە ئەگەر بە دیداری باڵای بەرزیان شاد بوویتەوە، ئەگەر پێشیان شاد نەبوویتەوە ئەوە من وا بە پیری ئەوانەوە دەڕۆم و سڵاوی تۆیان پێدەگەیەنم، بە تایبەتیش بە گوڵچینی شێرە چیا. ئەو گوڵچینەی تا هەنووکەش وشەی ڕۆڵەی لە بناگوێمدا

دەزرنگێتەوە. ئێستا من دەڕۆم و تۆش لە خزمەتی چیا سووتاوەکان بەجێدێڵم. تاکە داواکاری منیش ئەوەیە چیاکان لانکی راستەقینەی ئێمە بوون، ئێمەیان لەوێ وەدەرنا، وایان دەزانی چیاکان چۆڵ دەمێننەوە و بە ئاسانی دەتوانن بۆ تاهەتایە داگیری بکەن، ئێمەی چیایی کلۆڵین، بەڵام چیاکان نا، ئێمە ساویلکە و گەوجین بەڵام چیاکان مەند و سەربەرزن، ئێمە نەمانتوانیوە هەموو جارێک دێوانە ئاسا بەرگری لە چیاکان بکەین بەڵام چیاکان هەمیشە لانە و حەشارگە و پشت و پەنای ئێمە بوون. ئێمە نەمانتوانی وەکو پیری چیاداد ئارامی ببەخشینە چیاکان، بەڵام چیاکان ئارامبەخش بوون. زۆر میللەت بە درێژایی مێژوو لەگەڵ هێرشی داگیرکەراندا لە بەین چوون، زمانیان، کەلتوور و مۆسیقایان ون بووە، بەڵام هی ئێمە ئەگەر بە شێواویش بێ هەر ماوەتەوە، ئەوەش خۆی لە خۆیدا موعجیزە بووە، بەڵێ خەپەی هەوران مانەوەمان موعجیزەیە، بەڵام ئەوە هونەری چیاییەکان نییە، ئەمە هونەری چیاکانە، چیاکانی ئێمە جیاوازن لەگەڵ چیاکانی خەڵک و میللەتانی دی، ئەشکەوتەکانی ئێمە تەنها بۆ چیاییەکان رۆشنن، هەرگیز رۆژێک بۆ بێگانە نەبوونەتە مەنزڵگایەکی ئاسوودە، بەڵام بۆ ئێمەی چیایی شتێکی دی بوون. خەپەی برا تۆ لێرە دەردەچیت و شاهیدحاڵی کۆمەڵێ نهێنی و یادەوەری تفت و تاڵ و خۆشیشی. سڵاوی ئەبەدیم بۆ چیاکان و چیاییەکانیش.

بۆ دواجار ماڵئاوایی لێکردم، چۆن باوەڕم نەدەکرد کە جارێکی دی رۆحسووکی برا دەبینمەوە ئاواش باوەڕم نەدەکرد هەر ئاوا لە دیدارێکی ئاوا نامۆ و پڕ لە پرسیار و حەز و خۆزگەدا لەبەر چاوم ون دەبێ.

دیمەنی دەرچوونی نەهری دیمەنێکی پڕ شکۆی سامناک بوو. هەموو ئەوانەی لەم ژوورەدا ئەویان ناسی بوو سەریان لێ سووڕمابوو، هەموویان دەیانزانی مەرگی ئەو واتە مەرگی دونیایەک لە نهێنی، مەرگی ئەو واتە نوێبوونەوەی کارەساتێک کە هەرگیز لاپەڕەکانی کۆن نابن و بە مەرگی هەر چیاییەک نوێ دەبێتەوە. دەیانگوت "هەست و نەست و رۆحمان دەڵێ ئەگەر بکرابا چاو لە ئەنفالیش بپۆشین و باسی سوڵح بکەین، ئیتر بە مەرگی ئەو لاوە کەسوکار ئەنفالکراوە ئەو ئومێدەش دەچێتە ژێر گڵ و سوڵح بە مانای ئەوەی



ئێمە جارێکی دی چیاکانمان بە بیابانی ئەوانەوە گرێ بدەینەوە ئەوە حیزییە، حیزی، ئەگەر هیچ نەگەیەنێ گەندەڵی و رزیوی عەقڵی ئێمە دەگەیەنێت. لەگەڵ ئەو قسەیەشدا تەماشای ئەو نووسینەم دەکرد کە نووسرابوو "ئەوان لە جێی برایەتی ئەنفالیان نووسی، ئێمەش قەت رەشی ناکەینەوە".

رۆحسووک بەر لەوەی دوا هەنگاوی بهاوێژێ ئاوڕێکی لێدامەوە و دەستێکی خستە سەر ملی ئەو کوڕە گەنجەی کە لە نزیک ئێمەوە وەستابوو، لە چوونە ژوورمدا بە پیری منەوە هات، ئەو کوڕە گەنجە رەشتاڵە باڵا بەرزە چیاییە، لەناو گەورەیی ماناکانی ئەو دیمەنانەندا دەکولا، چەند فرمێسکێکی لەسەر روو قەتیس مابوون، رۆحسووک رووی تێکردم و گوتی:

– خەپە گیان چاوێکیشت لە جوانڕۆی رۆحسووک بێ، ئەگەرچی تا ئەو چرکە ساتە پێم نەگوتووە رۆحسووک بەڵام ئێستا دوای من ئەو ناوی من هەڵدەگرێت ئەگەر بۆخۆی بە پەسندی بزانێت. لە ئێستاوە هەر بە جوانڕۆی رۆحسووک بانگی بکەن. بێجگە لەوەی کە خۆڕاگر و عاشقی چیاکانە، زۆر جوامێرانەش یارمەتی داوم، هەموویان یارمەتییان داوم، بەڵام هی ئەو بێ وێنە بووە، ئەگەر تۆ نەهاتبای ئەوم وەسیەت دەکرد لاپەڕەکانم بباتەوە، لاپەڕەکانم رۆحی پیری چیادادن، هەناسەی بێدەرەتانی بەندەیەکی عاشقن، جوانڕۆی رۆحسووک هەموو نهێنییەکانی منی گوێ لێبووە، لە هەموو دەرسە رۆحییەکانیشماندا ئامادە و چالاک بووە. ئەو شۆرەتەش زیاتر لەو دەوەشێتەوە تا من. ئومێد دەکەم قەبووڵی بکات. پاشان داوات لێدەکەم ئاگات لە قەدەمخێری پیرۆزی بێت. ئەو تاکە کەسی گرووپی دوانزەیە کە لەدوای من دەمێنێتەوە، ئەو دەزانێ گرووپی دوانزە چی بوو چۆن دامەزرا. دوای ئەوەی جوانڕۆ زانی تاوانی ئێمە گرووپی دوانزەیە، ناوی لێناوین دوانزە سوارە. بەڵام ئێستا ئێوە دەبن بە دوانزە سوارە و بناغەی لە دایک بوونێکی تازە دەبن بۆ چیاکان. ئێوە لەشکری داگیرکەر ناشکێنن، بەڵام دوای ئەوەی ئێمە لەشکری ترسمان شکاند، ئێوەش لەشکری ئەو دیو شەپۆڵی رەشەباکان شپرزە دەکەن و پاشەکشێی پێ دەکەن، ئێوە دوانزە سوارەی مژدەبەر دەبن بۆ ئاگری پیرۆز، بۆ سەرەتایەکی نوێ لە ئاگری پیرۆز.

ئەو بەڕێزانەش هەندێکیان دەگریان و هەندێکیش بە ئاوازێکی هێمنانە ئەو وشانەیان دەگوتەوە، واپێدەچوو هەر وشەکانی نەهری بن:

"پیری چیاداد فێری کردین
بەرز بفڕین
بەرز بفڕین

ڕۆحی ئێمە
ڕۆحی تۆیە
لە ڕۆحی تۆش ژیان وەردەگرین

تۆ نامری
تا چیا بژین

تا چیا بژین
ئێمەش دەژین
تا چیا بژین بەرز دەفڕین
بەرز دەفڕین

لە کۆچی تۆ ژین دروست دەکەین
لە ژینی تۆ
ژینێکی نوێ
بۆ سپێدەی داهاتوومان خورتتر دەکەین

ئەو وشانەیان دەگوتنەوە، بەڵام بەدەنگێکی ئارام و بە عەشقێکی پڕ هیممەت.



ئیتر نەهری ڕاکێشرا بەرەو سێدارە و دوا دیمەنی لە بەر دەم دەرگا زەردەخەنەیەکی پڕ هیوا بوو، زەردەخەنەیەک بوو ماڵئاواییان لێدەباری. هەر لەگەڵ لەبەرچاو ونبوونی نەهری جوانڕۆی ڕۆحسووک لە پڕمەی گریانی دا.

برادەرانیش لە دوای یەک بێ پسانەوە و بە قورگێکی پڕ لە گریان ئەو هێندە وشانەیان دەگوتنەوە:

"ڕۆحی ئێمە
ڕۆحی تۆیە
لە ڕۆحی تۆش ژیان وەردەگرین"

تا بۆ دوا جار وشەکان لەگەڵ گریان تێکەڵ دەبوون و کۆتاییان پێدەهات.

منیش دەستم لە سەر پشتی جوانڕۆ دانا و هەوڵمدا بڵندی بکەم و دڵی بدەمەوە، گوتی:

- نەهری ڕۆحسووک زۆری هەوڵدا خوا ڕازی بکا چیاکانی خۆش بوێن، ئیتر ئاوڕێکیش لە ئێمە بداتەوە، بەڵام هەر نائومێدیشم دەبینی.

تا جارێکیان پێی گوتم:

- بۆچوونی خوا ئاوایە، کەی ئێمە چیاکانمان خۆشویستن ئەویش ئەوانی خۆش دەوێت، خۆشەویستی ئەو بۆ چیاکان مەرجدارە بە خۆشەویستی ئێمە بۆ چیاکان.

لەوەتی خۆم ناسیووە لەو ڕۆژە تاریکترم نەبینیبوو، ئەو ساتانەی کە ئەنفال دەکراین من هیوا بڕ نەبووم، دونیاشم ئاوا تەنگ نەدەبینی، ئەمڕۆ هەموو ئەو میوانانەی مەرگ روویان لەمن کردووە و دڵی هەمووشیان پڕە لە حەز و خۆزگە و هیوای گەورە. ئەگەر ئەوان قسەی نەهری ڕۆحسووکیان زووتر بزانیبوایە کە لەوانەیە دەربچن دەیانکرد بە هەڵپەرکێ. بەڵام ئێوارەیەکی درەنگ پێم ڕاگەیاندن، ڕزگاربوونی ئێمە لە مەرگی ئامادەی بیابانییەکان بەدوور نییە، ئەمە یەکێکە لەدوا قسەکانی ڕۆحسووک. هەموویان تەماشای یەکترییان کرد،

ژمارەمان سێزدە کەس بووین، کە نەهری ڕۆحسووک دەرچوو دوازدەمان ماینەوە.

جوانڕۆ هەر داماو بوو، هەرچەند دەیکرد کۆنترۆڵی خۆی پێنەدەکرا، تا لە ناکاو زۆر سەرشێتانە، هێستیرییانە بەرەو دەرگای زیندان چوو، شیشەکانی گرتن و ڕایتەکاندن، بە دەنگێکی زۆر بەرز، دەنگێک دەبوایە زەندەقی هەموو فریشتەکانی ئاسمانی ببردبایە، بەڵام واپێنەدەچوو، چونکە ئەوان لەو دیمەنانە ڕاهاتوون. ئەو دەنگە گوێچکەی من و هەموو ئامادەبوانی کاس کرد، دانیشتووی هەموو ژوورەکانی تر ڕاچڵەکیبوون، هەموو ئەو هێزەی کە بۆ چاودێری زیندان تەرخان کرابوو کەوتبووە حاڵەتی ئامادە باشی. هەر لەگەڵ چریکە عەرش هەژێنەکەی ناوی نەهریشی برد، لەو ڕۆژەدا بوو تێکڕای خەڵکی دەڤەری بیابان گوێیان لە ناوی نەهری بووبوو، بە هەزاران کەس لە یەکتریان پرسی بوو، نەهری چییە و کێیە؟ تەنانەت ئەفسەری زیندان جارێکیان تەنها بۆ ناسینی زیاتری ڕۆحسووک گفتوگۆی لەگەڵ جوانڕۆی ڕۆحسووک کردبوو. ئەو ئەفسەرە بە جوانڕۆی گوتبوو:

– نەهری لە مێژە دەناسم، چونکە یەکەم جاری نەبوو بێتە بەردەستی ئێمە، بەڵام هەرگیز مرۆڤی ئاوا بە هیممەت و باوەڕ بەخۆم نەبینیوە. باوەڕی ئەو پیاوە بە چیاکان بە قەد هێز و دامەزراوی چیاکان پتەو بوو. لەوەتی بە بیرم دێ لەو مرۆڤەم بە ڕێزتز و بە بەهاتر نەبینیوە، تا ئەو چرکە ساتەش ناوی مرۆڤێکی لەکەدار نەکردووە. چونکە قسەی لەگەڵ نەدەکردین، جارێک بە هێما داوای پارچە کاغەزێکی کرد منیش پارچە کاغەزێکم دایە دەستی و ئەویش نووسیبووی: من گیراوی ئاسایی نیم، من دیلم، دیلی دەستی ئێوەی بیابانی، من ڕۆژێک ئێوەم بە هاووڵاتی خۆم قەبووڵ نەکردووە، خۆشم ڕۆژێک بە هاووڵاتی ئێوە قەبووڵ نەکردووە، ئیتر ئەوەندە بەسە بۆ ئەوەی لای ئێوە تاوانبار بم، ئەوەندەشتان بەسە کە بزانن ئێوە ئەگەر دەسەڵاتیشتان بەسەر جەستەی مندا هەبێ ئەوا هیچ دەسەڵاتێکتان بەسەر ڕۆحی مندا نییە. ئینجا نووسیبووی:

– من بە دیل گیراوم و هێنراوم بۆ بیابان. نە یەکەم کەسیشم و نە دوا کەسیش دەبم. من لە شەڕ نەگیراوم، مەخابن چەکیشم پێنەبووە، لە شوێنێکدا بۆ



جاری دووەم بە دیل گیراومەتەوە کە لە بەرژەوەندی ئێوەدا بە زۆری خزێنرابوومە ناو ئەو سوپایەی کە دەستی بە خوێنی دایکم و باوکم و تێکڕای کەس و کار و هاووڵاتییەکانیشم سوورە، چەکی ڕاستەقینەشم ئیرادەی خۆمە، ئیرادەی ئازادی، ئیرادەی چیاکان، ئیرادەی سەدان هەزار ئەنفالکراو. من لە سێدارە دەدەن، بەڵام ئیرادەی من چەکی ئازادی لەدەستە و ها لە سەری چیاکاندا گۆرانی سەربەستی دەڵێتەوە. ئێوە نازانن من پەیامی برایەتیم پێیە بۆ ئێوە، من پردی یەکتر ناسینی بیابان و چیاکانم، بەڵام بەو مەرجەی دەست لە قاتوقڕی چیاییەکان هەڵبگرن و تاوانبارەکانیش بدرێنە دادگا. بەڵام بە لە سێدارەدانی من ئەو پردەش دەڕووخێت و ئێوەش ڕووڕەش دەبن.

جوانڕۆ دەیگوت:

– خەفەتی ڕۆحسووک ساویلکەیی و خۆشباوەڕی چیاییەکان بوو. ئەو چەکدارە چیاییانەش بوون کە نە نرخی ئازادی دەزانن و نە نرخی خوێنی ئەو کەسانەش دەزانن کە لە پێناو ئازادی تێدەکۆشن و ئەوانیش دەیانەوێ خوێنیان بڕێژن. بەڵام لە هەمووش سەیرتر ئەو لەگەڵ کوشتنیان دانەبوو، ئەو جارێک پێیگوتم:

– ڕۆحسووکی برا کوشتن چارەسەر نییە، بە کوشتنیش کەس کۆتایی نایەت. ئەوەی تاوانیش ئەنجام بدا دەبێ دادگایی بکرێت. ئەوانە دابڕاوی مێگەلن. مێگەلیش پەڕاگەندە و بڵاو بووە. ئەمانە ئەو ڕاستییە دەخەنەڕوو کە ئێمە نەخۆشین. ئەو ڕاستییە دووپات دەکاتەوە کە بە داخەوە چیاییەکان بڕوایان بە خۆیان نییە، نەک هەر ئەوە، بەڵکو هەر خۆیان ناناسن. تا چیاییەکان بڕوا بە سەربەرزی چیاکان نەهێننەوە سەربەرز نابنەوە. تا ئابڕووی تکاومان لە شاڵاوی ئەنفالەکاندا نەگێڕینەوە هەر ئاوا بە پەرت و بڵاوی دەمێنینەوە.

کە خۆشم لە ژێر ئەشکەنجەدا بووم چەند جار ناوی نەهری ڕۆحسووکیان هێنا. داوای زیاتر زانیارییان لەسەر ئەو لێدەکردم، دەشمزانی ئامانج ئەو نییە، ئامانج زیاتر تێوەگلاندنی منە، منیش بە ڕاشکاوی هەمان ئەو قسەیەم پێ گوتن کە ڕۆحسووک پێی گوتبوون:

"ئەگەر مەبەستتانە من تاوانبار بکەن خۆ گەورەترین تاوان بە لای ئێوە ئەوەیە کە من چیاییم. ئێ باشیش دەزانن من لەگەڵ نەهری خەڵکی ئاگری پیرۆزین، چیرۆکی ئاگری پیرۆزیش باش دەزانن. لەگەڵ نەهریش لە یەک خوێندنگا بووین و ئەگەر یەک شێوەی بیرکردنەوەشمان نەبووبێ. یەک ئامانجمان هەبوو، ئەویش ئازادی بۆ چیاکان. ئیتر چیتان لێم دەوێ".

ئەفسەری لێکۆڵەر پێی گوتم:

– حیزداک دان بە تاوانەکەتدا نەنێی دەمت دەبڕم.

کە پێی گوتم حیزداک خۆم بۆ رانەگیرا، لە ژیانمدا نە جوێنم داوە و نە جوێنیشم بەکەس داوەتەوە، بەڵام ئەم جارەیان جوێنم بەو دایەوە، پێم گوت:

– خۆت حیزداکی، دایکی من شێرەژنی چیا بوو، هەموو چیاکانیش شایەدی بۆ دەدەن. ئێوە حیزداکن کە رۆڵەی ئاوا زۆڵ و بێ ویژدانی بەرهەم هێناون. ئێوە شێرەژنی چیاتان ئەنفال کردووە و بردووتانە بۆ بیابان و زیندەبەچاڵتان کردووە، هێشتاش وازی لێ نەهێنن هەی حیز داکینە؟

هەڵبەت ئەو جوێن دانەوە و قسانەم زۆر لەسەر وەستان، بەڵام هەستم بە سەربەرزی دەکرد. هەموو ئەو مانگانەی لەژێر ئەشکەنجەدا بووم، سێ شتم بۆ روون بوونەوە، یەکەمیان خوێنرێژی و بێویژدانی ئەو جەللادە بیابانییانە، دووەمیشیان: تینووی ژن و لە هەمان کاتیشدا نرخ بۆ دانەنانیان. ئەمەشیان لە قسەکانییان زۆر بە ئاسانی بەدەردەکەوێ، زۆر جاران پێیان دەگوتم:

– بەڵێن بێ سەرت ببڕین، خوێنت فڕ بکەین.

کە جوێنیشیان پێدەدام پێیان دەگوتم تۆ لە ژن کەمتری. لە هەمان کاتیشدا ژنیان دەستاو دەست دەکرد و لە شەروال پیسی تێر نەدەبوون، ئەو شتەشیان چەند جار لەپێش ئێمە لەگەڵ یەکتر باس دەکرد.

سێیەمیشیان: ئەوانە هەموو شتێک بن خواناس نین، نە خوای خۆیان دەناسن، نە ئەو خوایەش کە رۆحسووک باسی دەکرد. ئەو دەیگوت:

– خوا نابێ درندە بێ، نابێ ترسێنەریش بێ، لە ئەقڵی منیشدا جێی ئەوە نابێتەوە کە خوا، هەر خوایەک بێت، مرۆڤ، هەموو جۆرە مرۆڤێک، بە دوژمنی خۆی دابنێ. ئەوە گەمژەییە بڵێین خوا دژی بێ باوەڕانە، یا لەگەڵ بڕوادارانە،



خوا دژی کەس نییە، خوا خۆشەویستییە، خوا لەگەڵ هەموو بەهاکانە، خوا لەگەڵ هەموو جوانییەکانە. ناکرێ ئێمە دوژمنی شتێک بین و ئەویش دوژمنی ئێمە بێ. ئەگەر بڕیارە خودا دەوڵەمەند بێ، پێویست ناکات دوژمنایەتی هەژاران بکات، چونکە دەوڵەمەندی ئەو بە هی مرۆڤ بەراورد ناکرێ، ناکرێ بەراوردی بکەین لەگەڵ سەرمایەدارێک، لەویش ناوەشێتەوە خۆی دابەزێنێتە ئاستی ئەو هەژارییەی هەژاران و باسی دوژمنایەتییان لەگەڵدا بکات. ئەو خودایەی کە خودی مرۆڤیش هەر هی ئەو بێ، لەژێر دەسەڵاتی ئەودا بێ، چۆن خۆی دێنێتە ئەو ئاستەی دوژمنایەتی بێهێزێکی هەژار بکات با بێباوەڕیش بێت. ئەی ئەگەر بێمنەت بێ، چی پێویستی بە مرۆڤەکانە داوایان لێبکات تقوسی تایبەتی بۆ ئەنجام بدەن، خۆ ئەو هەر بێ منەتە، ئەی ئەگەر خۆشەویستی بێ، دەکرێ ئەو سیفەتەی لەگەڵ سیفەتی رق و دوژمنایەتی و تۆڵە و چی و چی کۆببێتەوە؟ سەیرم لەو خودایە دێت کە خۆشەویستی بێت و رقداریش، بە سۆزیش بێت و تۆڵەسێنەریش، ئای ئەو ئەقڵانەی بڕوایان بە هاوکێشەی ئاوا سادە هەیە گەمژە و بێ ئاگان، بەداخەوە بۆ ئەو مرۆڤانەی کە خودا دێننە سەر شێوەی خۆیان، ئینجا تاوانیشی بە ناوەوە ئەنجام دەدەن و لە ژێر ناوی ئەویشدا درۆ دەکەن بە سیستم و خۆشیان دەکەن بە پاک، پاکێکی بێ تاوان و تا گوێچکەش روو چوو لە تاوان.

* * *

ئەو رۆژە بۆ ئێوارە پێیان گوتین ئێوە لە سێدارە نادرێن، ئێوە لە جیاتی لە سێدارە دان دەبنە گرتووی تاهەتایە. لەگەڵ ئەو هەواڵە جوانرۆ چەند بێ تاقەت بوو هێندەش زیاتر، دەیگوت:

– ئومێدم دەخواست هەر ئەمڕۆ بچمە ڕێی نەهری رۆحسووک، بۆ دەبێ وابێ، نەدەکرا ئەویش چەند کاتژمێرێکی تر لە سێدارە نەدرێ و لەگەڵمان بمێنێتەوە. ئەی نەدەکرا ئەو بڕیارە دوای دوو رۆژی دی بێت و منیش بەدوای ئەودا شەرەفی لە سێدارەدان وەربگرم؟

کۆمەڵێک پرسیاری هەمە جۆری دەوروووژاندن. دەوروبەری خۆی گێرە دەکرد، لە هیچ پانتاییەکدا ئارامی نەدەگرت. دەیگوت:

– چ هێزێکی سەر زەوی هەیە ویژدانی من دروست بکاتەوە. ویژدانم بریندار کراوە و گەورەترین ناکۆکیشم لەگەڵ نەهری رۆحسووک گیانی لێبووردەیی بوو. ئاخر لێبووردن لە کێ؟ لەوانەی کە بۆ خۆیان ئەو گیانەیان لە سێدارەدا. من بڕوام بە لێبووردەیی نییە، من پێشمەرگە بووم و بە چەکیشەوە بە شانازییەوە تا دوا گوللەم بیابانییە هێرش هێنەرەکانم کوشتوون، تا دوا گوللە هەوڵم داوە هەڵیان پاچم، من هەوڵی کوشتنی ئەوانم لە بیابان یا لە بەر دەرگای ماڵی خۆیان نەداوە، هێرشم نەکردۆتە سەر ماڵ و موڵکی ئەوان هیچ کەسێکی دیکەش، هەرگیز ئەوەشم نەدەکرد و هەرگیزیش ئەوە ناکەم، بەڵام هەرگیزیش ئامادە نیم لێیان خۆش بم، ئەوان ئامادە نین بێ گیروگرفت چیاکان بە جێ بێڵن، بەڵکو ئێستاش هەر بەردەوامن لە سیاسەتی سووتاندنی زەوی و بە بیابانکردنی. ئەوان لە دوا ساتدا بۆ خۆیان نەهری دەکوژن، ئەو نەهرییەی کەوا دوا پەیامی لێبووردەیی و بەخشین بوو، ئەو نەهرییەی لە دووتوێی ئامۆژگارییە بەرزەکانی زانا چیاییەکاندا هەنگاوی دەنا و وەکو ئەوانیش بیری دەکردەوە، ئەو باسی لە رەفتاری میهرەبانی هەموو تاکەکانی دەڤەری چیا دەکرد. بەڵام بۆ دوا جار ئەوان، بیابانییەکان هەر نەهری رۆحسووکیان نەکوشت، گیانی لێبووردەییان کوشت، بەخشینی ئەویشیان لە سێدارەدا، ئەوان سەفیری خۆشەویستییان کوشت. بەداخەوە بەختەوەری بەڕێز من شایەنی ئەو ناوە نیم کە ئەو پێی بەخشیم، من رۆحسووک نیم، بەڵکو نامەوێ رۆحسووک بم، من رق ئەستوورم، من بە چاوی خۆم بینیم کە دەڤەری چیا چۆن ئاگر دەدەن، بە چاوی خۆم بینیم چۆن ئەتکمان دەکەن، ئەو ویستی ئەو شۆڕەتە بخاتە ملی من بۆ ئەوەی خۆشەویستی بکەم بە دیاری بۆ هەموو مرۆڤەکان، بەڵام مخابن ئەو ئەگەر بێ ئاگاش نەبووبێ لەوەی کە هەموو کەسێک خاوەنی ئەوە نییە خۆشەویستی خۆمانی پێ ببەخشین، بەڵام دەیویست بەرەو دونیای خۆشەویستی رایانکێشێت، خۆ هێندەی ئەو ئەشکەنجە دراوە



من دەیەکی ئەویش ئەشکەنجەم نەبینیوە، ئەوەندەی ئەو ئیهانە کراوە من بە هیچ جۆرێک هێندەی ئەو ئیهانە نەکراوم، ئەگەر لە دەرەنجامدا ئیهانەکردنی ئەویش هی هەمووومان بوو، بەڵام ئەو سەری زەمان و ژێری زەمانی ئەوەبوو دەیگوت:

– دەبێ ئێمە ئەوان فێری خۆشەویستی بکەین، ئێمە خوا بەوان بناسێنین، سەردەمی خودای ئەوان بەسەرچوو، ئەمڕۆ دونیای ناسینی خودای ئێمەیە خودای خۆشەویستی، ئەو خودایەی خەریکی مەکرکردن نییە، تەنها خەریکی بەخشینە، بەخشینی هەموو مرۆڤەکان، هەموو ئەوانەی کە مرۆڤ ناکوژن، مرۆڤ ئازار نادەن، مرۆڤ لە یەکتر دانابڕن، مرۆڤ لە زێد و شوێنی لەدایکبوونیان بە بێ ویستی خۆیان دوور ناخەنەوە، مرۆڤیش ناکەن بە دوژمنی مرۆڤەکان، خودای ئەم سەردەمە، خودایەک نییە خێڵەکی بێت، دژی هەندێک بێت و هاوپەیمانی هەندێکیان بێت و لە خزمەتی هەندێکیشیاندا بێت. هەموو فریشتە و دەسەڵاتیشی تەرخان بکات بۆ جاسووسی کردن لەسەر هەندێکیان و نووسینی تاوانەکانیان تا لە دونیادا لە ناویان ببات یا لە دونیایەکی دیکەدا چاوەڕێیان بکات تا تۆڵەیان لێ بکاتەوە، عەقڵی ئەو کەسانە هێندە گچکە بووە خوداشیان هێندەی ئەقڵی شێواوی خۆیان گچکە کردۆتەوە.

بەڵام خەپەی برا ئەو قسانە بۆ ئەو کەسانەی کە لە تاواندا رۆچوون پارەیەکی سووتاو ناکات، ئەوان خودایان بۆ ئەوە دروستکردووە تا تاوانی بەناوەوە بکەن، ئەوان نەک هەر ئاگری پیرۆز، هەموو دەڤەرە سەربەرزەکانی چیایان سووتاندن، بە سەدان هەزاریان زیندە بە چاڵ کردن، ئینجا گیانێکی وەکو رۆحسووکیش دەکوژن و لە سێدارەی تا هەتایەی دەدەن، ئەوان رۆحی لێبووردەییان کوشت، بۆ خۆیان کوشتیان، من رق ئەستوورم، ناتوانم رۆحسووک بم خەپەی بەڕێز تازە سەردەمی رۆحسووکی نییە، ئەگەر چی من دیلم، هیچم بەدەست نییە تا بیکەم بەڵام ئەگەر بەدەستیشم بێ ناتوانم بیر لە تاوانی ئەوانە نەکەمەوە، ئەوان بۆ خۆیان وایان هەڵبژاردووە رۆحسووکێک بکوژن و رقئەستوورێکیش لە

کوشتن ببەخشن، ئەمە مەنتیقی بیابانییەکانە، خۆیان هەڵیانبژاردووە. ئەگەر هەر ناچاریشم بکەن و بە ڕۆحسووک بانگم بکەن، ئەوا تەنها ڕۆحسووکێکی بێ ناوەڕۆک دەبم. مەگەر لێرە بەو لاوە هەموو شتەکان بێ ناوەڕۆک نابن؟ مەگەر زەمەن زەمەنی ڕواڵەت و داپلۆسینی ماناکان نییە؟ بۆیە پرسێک نییە ئەگەر منیش لە ناوەوە ڕۆحسووک و لە دەرەوەش ڕقئەستووربم. ڕۆحسووکی براش ئەوەی بەسەردا سەپاندم، دەزانم تازە ڕزگاربوونم لەو شۆڕەتە نییە. ئیتر هەمووتان ئەوە بزانن، نەهری ڕۆحسووک وەکو کەس سەرکەوت، بەڵام وەکو فیکر و دیدوبۆچوون نسکۆی برد.

تا جوانڕۆی ڕۆحسووک تێر قسەی کردن هەر گوێم لێ ڕاگرت، پێشم وابوو ناحەق نییە و ناکرێ و نابێ تاوانباران ببەخشرێن، بەڵام ناشکرێ و ناشبێ تاهەتایە لە چوارچێوەی ڕقدا بژین، دیلی ڕق بین، دەبێ جارێکی تر خۆشەویستی لە دەڤەرەکەمان بچێنینەوە، ئەمەش هەمووی لە ناوەڕۆکدا نەک تەنها بە ڕواڵەت. تا ماندوو بوو قسەی کردن و ئێمەش هەموومان دەورمان دابوو و هەوڵمان دەدا دڵی بدەینەوە. لە هەمان کاتیش سەرقاڵی ئەو تێکستانە بووم کە لەسەر دیوارەکەدا نووسرابوون، ئەو دوازدە سوارەیە هەر پرسیار بوو و نەگەیشتبوومە وەڵامەکەی، بۆیە کردم بە دەرفەت و بە جوانڕۆی ڕۆحسووکم گوت:

– دەی ڕۆحسووکی ئازیز حیکمەتی ئەو دوازدە سوارەم پێ بڵێ ئەگەر دەزانیت، ها لەو تێکستەدا نووسراوە یەکێک لە دوازدە سوارەکان و مێژووەکەشی دوور نییە و تۆش هەر لێرە بوویت. کێ نووسیویەتی و کێن دوازدە سوارەکان؟

لەگەڵ ئەو قسەیەم جوانڕۆ سەری بڵند کرد و بە دەنگێکی تێکەڵ بە گریان فەرمووی:

ئەوە بەڵگەی قسەکانی منە بەختەوەری بەڕێز، ئەو دەقەی پێشوو قسەی بەڕێز نەهری ڕۆحسووکە، ئەو یەکێک بوو لە دوازدە سوارەی ئەو ژوورە، یەکێک بوو لەو دوازدە چیاییەی بیابانییەکان بە یەکەوە هێنایانن بۆ ئێرە و یەک تاوانیان درابووە پاڵ، ئەویش تاوانی پێکهێنانی گرووپی ژمارە ١٢. کە



ئەوانیان هێنان من لێرە بووم. بەداخەوە هەمووشییان لە سێدارە دران، تەنها قەدەمخێری پیرۆزی نەبێ تا ئێستا نەبراوە و ئومێدمان وایە لەگەڵ ئێمە ڕۆژێک بێ ئازاد بکرێت و یەکێک دەبێت لە گەواهیدەرانی گرووپی ژمارە ١٢. تێکستی دووەمیش هی منە و دوای ئەو نووسیومە. دەستیشی بۆ قەدەمخێر درێژ کرد و فەرمووی:

– ئەوەش قەدەمخێری پیرۆزی.

ڕووم تێکرد و سەرێکم بۆ نەوی کرد، بە زەردەخەنەیەکەوە پێم گوت:

– کەواتە تۆ هاوڕێی نەهری شەهید بووی لە پرۆسەیەکی گەورەدا و ئێمەش تا ئێستا هیچمان لەسەر نەزانیوە. بەو ئومێدەی لە نزیکترین دەرفەتدا زانیارییەکانمان بۆ ئاشکرا بکەی.

## بەشی پانزەهەم

هەموومان بەرێزە گوێمان بۆ یەکدی قۆرخ کردبوو. هەموومان تامەزرۆی سەربردەی یەکدی بووین. ئەمە یەکێک لەو چارەسەرانە بوو کە بەرگری دڵتەنگی و خەموخەفەتی پێ بکەین. دونیای گرتووخانە دونیایەکی لێڵە. لە گرتووخانەدا هیوا و نائومێدی دەستلەملان دەبن. لێرەدا هەموو شتەکان بێ ناوەرۆک و بێمانا دەبینرێن. دونیا هێندە بچووک دەبینرێت تا ئەو ئاستەی ناتوانی دیمەنە گەورەکان، هیوا مەزنەکان، رووداوە قەبەکان، بگێڕیتەوە ناو خەیاڵدان. کە لە ژێر ئەشکەنجەدا دەبووم، توانای هەموو راڤەکردنێکم لەدەست دەدا، نەک لەبەر ئەوەی ئەشکەنجە دەدرام و ئازارم دەچێشت، بەڵکو لەبەر ئەوەی نەمدەزانی بۆ ئازارم دەدەن. ئەوەش کە دەمزانی قابیلی ئەو هەموو دامودەزگا دابڵۆسێنەرە نەبوو، قابیلی ئەوە نەبوو ئەو هەموو رقە کەڵەکەی سەریەک بکەن. ئەوانە خواردن و خۆراکیان تەنها و تەنها رق بوو، ژیانیان بە رق لە قالب درابوو، بیرم لەوە دەکردەوە داخۆ دەکرێ رۆژێک لە رۆژان لەگەڵ ئەوانەدا لەسەر یەک خوان گفتوگۆ بکرێت، دەکرێ لەگەڵ ئەوانەدا باس لە تەبایی و بەیەکەوە ژیان و خۆشەویستی و رێز بکرێت، نەخێر، ئەوان هەرگیز بەهای ئەو تێرمانە نازانن، ئەوانە فرچکیان بە ستەمکاری گرتووە، هەر بە ستەمکاریش دەمرن.

لەسەر دەرگای بیرۆی ئەفسەری بەرێوەبەری بەندیخانە نووسرابوو:

"هەموومان منداڵی سەرۆکین"

لە تەنیشت دەرگاکەشدا نووسرابوو "سەرۆک هەموومانە، با ئێمەش هەموومان سەرۆک بین". لەو لایەشیەوە نووسرابوو "سەرۆک پێویستییەکی مێژوویی بوو، ئەو لەیەک کاتدا هەم رزگارکەرە و هەم بەخشندەش".

باپیرەشم دەیگوت:

– ژیانی چیا مرۆڤ فێر دەکات تاکڕەو نەبێ، چیاییەکان هەمیشە حەزیان لە هاوڕێی باش و میوانی باشە، هەمیشە سوپاسگوزاری هەموو ئەو کەسانەن کە



یارمەتییان دەدەن. ئاخر بۆ سەر کەوتنی هەر شاخێک پێویستیت بە دەستێکە بۆ راکێشان! بەڵام بیابان ئەوەی پێویست نییە، بۆیەش هەموو ئەو چیاییانەی تاکڕەون، یا لە بیابان ژیاون یا دەرسیان لەوان وەرگرتووە، فرچکییان بە خوو و خدەی ئەوانەوە گرتووە. هەر تاکێکتان بینی ستەمکاربوو، گوومانی چیاییبوونی لێ بکەن.

جارێکیان بردمییان بۆ لێکۆڵینەوە. هەرکە منیان بردە ژووری ئەفسەری لێکۆڵەر زانیم پلانێکی نەگریسیان ئامادە کردووە بۆ رووخاندنی من. ژنێک وا پێدەچوو زۆر لە من بەتەمەن تر نەبێ، لەوێ لەسەر قەنەفەیەک دانیشتبوو و قاچی خستبووە سەر قاچی. جگەرەیەکی بە دەمەوە بوو، لەگەڵ ئەفسەرەکە جگەرەیان دەکێشا و ئەو ژوورەیان پڕ کردبوو لە دووکەڵ. ئەفسەرەکە وتی:

– هۆی دەتوانی لەوێ لەسەر ئەو قەنەفەیە دابنیشی.

بە دەستی هێمای بۆ ئەو قەنەفەیە کرد کە لە بەرامبەر ئافرەتەکە بوو. منیش تەماشایەکی قەنەفەکەم کرد و تەماشایەکی ئافرەتەکەشم کرد، پاشان بە هێمنی لەسەر لێوارێکی قەنەفەکە دانیشتم. دەستەکانم لە دواوە بەسترابوون، تەماشای ئەوانم نەکرد، لەو مێزە ورد دەبوومەوە کە لەوێ دانرابوو و دۆلکە ئاوێکیشی لەسەر دانرابوو. ژنەکە هەر بەردەوام بوو لە قسەکانی و بە ئەفسەرەکەی گوت:

– ئەم برادەرە پێدەچێ گەنجێکی شەرمن بێت، سەریشی بەرز ناکاتەوە!

منیش لەگەڵ ئەو قسەیە سەرم بەرزکردەوە و تەماشایەکم کرد، بە زەردەخەنەیەکەوە پێی گوتم:

– ناوت چی بوو؟ ببوورە لەبیرم چوو.

منیش رووم لەولا کرد، بۆ چەند چرکەیەک هەر وەڵامم نەدایەوە، پاشان لە دڵی خۆمدا گوتم با وەڵامی بدەمەوە، پێویست بەوە ناکات، بۆیە رووم تێکرد و گوتم:

– بەختەوەری هەوران.

بۆ ساتێک هەموویان کپ بوون، منیش رووم لە تەنیشتی لای دەرگا کردبوو.

لە پڕ ئەفسەرەکە بڵند بوو و چووە دەرە، پاشان یەکێک هاتە ژوورەوە، دەستەکانی کردمەوە. کە دەستەکانم کرانەوە، بۆ ساتێک شوێنی زنجیرەکەم

داماڵی، وەکو پێشان دانیشتمەوە و هیچ قسەیەکم نەکرد. پیاوەکەش چووە دەرەوە. پاشان ئەو ژنە گوتی:

– ئۆ کەی بەختەوەر ناوت زۆر خۆشە. من لێرەم بۆ ئەوەی یارمەتیت بدەم. حەز دەکەم کە قسەت لەگەڵ دەکەم تەماشای من بکەی، پێم وابێ لە داب و نەریتی ئێوەش هەر ئاوایە، مەگەر وا نییە؟

بە زەردەخەنەیەکی کورتدادڕەوە گوتم:

– بێ گوومان.

ژنەکە هەستایە سەر پێ و کەمێک چوو و هات، ئینجا هاتە تەنیشت من دانیشت. ئەو بۆنەی لە خۆی دابوو، بۆنێکی زۆر ناسک و خۆش بوو، پێشتر بۆنی ئاوام نەکردبوو، بەڵام هەمان ئەو بۆنە تێکەڵ بوو بە بۆنی جگەرە بۆیە ناخۆشی کردبوو، هەر کە لە تەنیشتم دانیشت، تەکانێکی تری دایە خۆی و رانی خۆی بە رانی منەوە نا. منیش رانی خۆم دوور خستەوە. ئینجا هەستایەوە سەر پێ و گوتی:

– بەختەوەر تۆ کەسێکی رۆشنبیریت. هیچ وڵاتێکت بینیوە بێ یاسا و بێ سەرۆک و بێ سوپا و بێ ئاڵا و بێ حکوومەت؟

تەماشایەکم کرد و پێم گوت:

– تۆ سەرەتا پێم بڵێ چیت گەرەکە؟ دەتەوێ بگەیتە چی؟

من هەر تەماشای پێش خۆم کردبوو، لە دوای پرسیاری من ئەو هەر بێ دەنگ بوو، تەنها رەقەی ئەو پاش پانییە رەقە بڵندە باریکەی ئەو پێڵاوەی دەهات کە لە پێیدا بوو. کە زانیم رەقەی پێڵاوەکە دووبارە لە من نزیک بوویەوە، سەرم بڵند کرد، لەگەڵ سەر بڵند کردنەکە هەر هێندەم زانی شەقێک بەبەر روومەتم کەوت، دەتگوت کۆتەکە ئاسنێکە لە رووم قایم کرا. بە راستی شەقەکە وەکو ئاسنێک کە بەربێتەوە قوولاییەکی زۆر قووڵ و ترینگەی بێت، ئاوا گوێم لە ترینگەی شەقەکە بوو. لەگەڵ شەقەکە بە لادا کەوتم و دەمودەست خۆم راست کردەوە، یەکەم جار نەمزانی ژنەکە خۆی بوو لێیدام، وام زانی لەو دەمانەدا پیاوێک هاتۆتە ژوورەوە و ئاوا کت و پڕ دایگرتم. تا من راست بوومەوە جارێکی تر ژنەکە دوور کەوتبووەوە لێم و پیاسەی دەکرد. زۆر سەیرم پێ



هات، مرۆڤ کە لە یەکێک بدات تۆزێک ئەپەشۆکێت، بەڵام ئەو زۆر ئاسایی بوو و هیچی پێوە دیار نەبوو. پاشان تەماشایەکی کردمەوە و گوتی:

– بەختەوەر دیارە تۆ کەسێک رێزت لێ بگرێ رێزی لێ ناگریت، ها؟

– گوتم نەخێر وانییە؟

گوتی:

– ئەی چۆن وانییە؟ ئەی پێم گوتیت "کە قسەت لەگەڵ دەکەم، حەز دەکەم تەماشای من بکەی" پاشان پرسیارم لێکردیت تۆ بە پرسیار وەڵامی من دەدەیتەوە، ئەی ئەوە بێ رێزی نییە بە ژنێکی زەعیفەی وەکو منی دەکەی، مەگەر تۆ پیاو نیت، نابێت رێزت هەبێت بۆ ژن؟ مەگەر پیاوان نابێت هەست و سۆز و خۆشەویستییان هەبێت بۆ ژن؟

زانیم ئەو ژنە مەبەستی گڵاوە، بەڵام نەمدزانی بە تەواوی چی دەوێ، لەو بیرکردنەوە دابووم، کە هاتەوە لە تەنیشت من دانیشتەوە، رانی لەگەڵ رانم جووت کرد و دەستی خستە سەر ملم، هەرچەند بەرەو دواوە چووم ئەو هەر بە دوای منەوە هات، ماوەم نەما زیاتر بچمە دواوە، لەگەڵ مێزەکە و کۆتایی قەنەفەکە چەسپ بووم، کە زانی ماوەم نەما، گوتی:

– سەخڵەت مەبە وای دابنێ کە خۆشەویستەکەت لە خۆشەویستی شەقێکی لێدایت! باوەڕم پێ بکە دەمەوێت لەو بارودۆخە سەختەی تێی کەوتوویت رزگارت بکەم و بچیتەوە ناو ماڵ و حاڵی خۆت. کێ دەڵێت ناشبینە برادەر و ژیانێکی زۆر خۆشیش چاوەڕێت ناکات!

بێ بیرکردنەوە پێم گوت:

– ماڵ و حاڵم نییە، هەمووتان وێران کرد، خۆشەویستیشم نییە، ئەویشتان ئەنفال کرد. ژیانی من و هەزارانی وەکو منتان هەپرون بە هەپرون کرد، بۆیە تکات لێ دەکەم من رێزم بۆ هەموو ئافرەتێک هەیە و پێم ناخۆشە تۆ بکرێیت بە ئامرازێکی بێ نرخ بۆ چەند ئامانجێکی نەگریس و گڵاو، بۆیە پێم خۆشە بزانم چیت لە من دەوێت؟ کەی بووە برادەرایەتی بەو شێوازە؟ کەی برادەرایەتی بووە لە نێوان کەسێکی ئیرادە زەوتکراو و کەسێکی ئیرادە زەوتکەر؟ تکات لێ دەکەم من گێل نیم و چیتر خۆت ماندوو مەکە.

ئەمجارەیان توورە نەبوو، هەوڵی دا دەستی زیاتر لە ملم بسورێنێتەوە، بۆیە دەستیم گرت و بەرەو دواوەم برد. دەستی زۆر ناسک هاتە بەر دەستم، یەکەم جار بوو دەستم بە دەستی ئافرەتێک بکەوێت. ئەم جارە دەستی کێشایەوە و دەستی چەپەی منی گرت، بە دەستی چەپەی خۆیشی چەناگەی منی گرت و بە شێوازێکی رەق و توند رووی منی بەرەو لای خۆی وەرگێڕا و گوتی:

– بەختەوەر تکات لێ دەکەم پێم گوتیت کە قسەت لەگەڵ دەکەم تاماشای من بکە.

هەستم بە ناڕەحەتییەکی زۆر کرد، دڵم بە خێراییەکی چاوەڕوان نەکراو لێی دەدا، وام دەزانی ئەو ژنە بە ئاسانی گوێی لێ دەبێ. لەگەڵ لێدانی دڵم جەستەم لەگەڵی دەجوڵا. هەستم بە ترسێکی گەورە دەکرد، هەستم دەکرد ئەو ژنە جێی عەبەی سەلجوقی گرتۆتەوە و دەیەوێت بە دەردی نازدارم ببات. بۆیە بڵند بووم، ماوەم نەدا زیاتر دەستم لێ بدات.

لەگەڵ بڵند بوونی من ئەویش بڵند بوو، پاکەتی جگەرەی لە گیرفانی دەرهێنا و جگەرەیەکی ئاڕاستەی من کرد، بەڵام وەرم نەگرت، ئەویش پاکەتەکەی دانایە سەر مێز و دیسان بە نەرمی دەستی بە هاتن و چوون کردەوە. کۆمەڵێک پرسیاری تری ئاڕاستە کردم، زۆر سوور بوو لەسەر ئەوەی من لە باکووری بیابان لەگەڵ کۆمەڵێک چەکداری بیابانی چیم کردووە؟ چۆن بەوان گەیشتووم؟ چەکم لە کوێ هێناوە؟ چەند سەربازی بیابانمان کوشتن. منیش هەموو راستییەکانم پێ گوتن، پێشتریش بە لێکۆڵەرەکانم گوتبوو. چیم بەسەر هاتبوو بە راستی بۆم گێڕابوونەوە. بەڵام باوەڕیان نەدەکرد. بۆیە لە دوا جاردا ژنەکە بۆ لام هات. بەرامبەر من وەستا، زۆر خۆی نزیک کردەوە، تا ئەو رادەی هەستم بەوە کرد کە هەموو جەستەی بەر جەستەی من کەوت، هەوڵم دا بچمە دواوە، بەڵام لە لایەک مێز و لە لایەکی تر قەنەفەکە رێگر بوون و ماوەی زیاتر چوونە دواوەم نەبوو. بە دوو پەنجەی چەناگەی گرتم و گوتی:

– گێل مەبە چیت دەوێ وەری بگرە. تۆ ئێستا کەسێکی ئازادیت، چیت دەوێ شەرم مەکە، ئێمە لێرە بەتەنیاین، من هەر هێندەم پێ گوتراوە ئەگەر یارمەتیمان



بدەیت و چیت لایە پێمان بڵێیت، ئازادت دەکەن، چیشت دەوێت شایەنتە چونکە بە کوڕتی دەبیتە هاوکارمان. تۆ هەرگیز زەرەر ناکەیت.

ئینجا چەناگەی توند گووشیم و رایکێشا و گوتی:

– دەبەنگ مەبە، سوێند بە خوا بۆ تۆمە، دوایی وەکو سەگ دەت تۆپێنن.

هیچ وەڵامم نەدایەوە، بۆ ماوەیەک بەو شێوە وەستا. تەماشای ناو چاوی منی دەکرد، دەستێکیشی وردە وردە بە سینەمی دا دەهێنا و بەرەو خوارەوەی دەبرد، منیش دەستم لەسەر هەردوو ملی بوون و بەرەو دواوە پاڵم دەنا. بەڵام بە دەستێکی ناو قەدی منی لە دواوە گرتبوو و چەند پاڵم دەنا خۆشم لەگەڵی دەڕۆیشتم، بە هێزی و چیری ئەو ژنە لە رادە بەدەر بوو، بێجگە لەوەی کە ئێمەش برسی و بێ هێز بووین. ئەو دەستی هەر دەبردە خوارەوە تا دەستەکانی لە ناو گەڵی من نزیک کردنەوە، بۆیە یەکسەر بە توندی پاڵم دا، بەڵام نەمتوانی لە خۆمی دوور بخەمەوە، لەگەڵ پاڵدان یەکسەر دەستی لەگەڵ و گوونی من گیر بوو و توند گرتی، گرتنێکی زۆر بە هێز، پاشان بەرەو لای سەرەوە رایکێشان، کە رایکێشان یەک بەخۆم لە چریکەم دا. هێندەی لەبەر ئێش و ئازار بوو هێندەش لەبەر ئەوە بوو کە دەمویست وازم لێ بێنێت و زیاتر نەکەومە داوی ئەو ژنە نەگریسە. لەگەڵ لە چریکە دانم، لە پڕ دەرگا کرایەوە، ئەفسەرەکە هاتە ژوورەوە و بینی کە ئەو ژنە خۆی بە منەوە گرساوندووە و دەستەکانیشم لەسەر شانی ئەون. ئەو ژنە یەکسەر دەستی کرد بە گریان. پاکەتەکەی لەسەر مێز هەڵگرت و چووە ئەو لاوە، ئەفسەرەکە گەیشتە لای من و خۆی توورە کردبوو و چاوی دەسوڕاندن و پێی گوتم:

– کوڕی سەگ، ئەو کەتنەشت کرد، ئەو ژنە بۆ یارمەتی دانت لێرەیە، تۆ دایک و خوشکت نییە، چۆن دەستی بۆ دەبەی؟

لەگەڵ ئەو قسەیەی شێت بووم، بە دەنگێکی بەرز پێم گوت:

– سوێند بە خوا ئەو هاتووە یەقەی منی گرتووە.

لەگەڵ ئەو سوێندەم، ئەفسەرەکە بەو قامچییەی لە دەستی بوو دای گرتم، نە جارێک و نە دوو جار دەیان جار قامچی خێواندە سەر و ملم. ژنەکەش لەوێ وەستابوو و بەمۆنی تەماشای دیمەنەکانی دەکرد و وەکو ئەوە وابوو چێژ لە

لێدانی من وەربگرێت. پشتاوپشت بەربوومەوە سەر قەنەفەکە، ئەو هەر وازی لە لێدانم نەهێنا، ئەمجارە لە تەنیشتم و قاچ و هەر شوێنێکم بکەوتبایە بەر قامچییەکەی ئەو دایدەگرت. دەیشیراند و دەیگوت:

– ئەوەی دەستڕێژی دەکاتە سەرناموسی بیابان هێشتا لەدایکی نەبووە. کوڕی سەگ دەبێت بەقوربانی یەک داوەمووی ئەو فریشتەیەت بکەم.

ئا لەو ساتانەدا، جوانرۆ جارێکی دیکە درزی بە خەیاڵەکانم دەدا و بە زۆری دەیهێنامەوە دونیای پڕلەئازاری خۆی. جوانرۆ بۆ جارێکی دی قیرەیەکی هێندە گەورەی لێ بەرز بووەوە، هەمووانی تاساند. ئاسنەکانی دەرگای زیندانی بە هەردوو دەست گرتنەوە و بە گریانێکی بە کوڵەوە "نابێ نابێ"ی دەگوتەوە، بە دوو کەس نەیاندەتوانی پەنجەکانی لە شیشەکان بکەنەوە، تا دوای خۆروچاندنەوەیەکی زۆر، وردە وردە داوەشایە سەر چۆکەکانی و لەسەر زەوییەکە پاڵ کەوت.

بە خێرایی پەلامارمدا و سەریم هێنایە سەر چۆکی خۆم و دەستم کرد بە دڵدانەوەی، کە پەنجەکانم بە قژی دادەهێنا و ئارەقەی سەر نێوچاوانیم سڕییەوە، هەستم کرد ئەو جوامێرە پێویستی بە سۆزە، جەلادەکان چەند پێویستیان بە رقە جوانڕۆش هێندە و زیاتریش پێویستی بە سۆزە. بەڵام لێرەدا کێ سۆزی بداتێ، هەموو تاکەکانی ئەو ژوورە پێویستیان بە سۆز بوو، کەس ناتوانێ سۆز بەکەس بدات، مەگەر یەکێک زۆر بە هیممەتتر و دان بەخۆداگرتربێت! هێندەی من لە چاوەکانی ئەو ورد دەبوومەوە، ئەو لە خەیاڵی خۆی هەر دانەدەبڕا، هێندەی من دەستم بە قژی دادەهێنا و لە ناو چاوەکانی ورد دەبوومەوە، ئەویش وردە وردە ئەسرینەکانی بەردەدانەوە. تا لە ناکاو بێدەنگی دەبڕی و دەیگوت:

– خەپەی برا بەدەست خۆم نییە رۆحسووکم لەبەر چاو ون نابێ. تارماییە رۆحسووکەکانی ئەو پیاوە شێتم دەکەن. هێندەی قسەکانی هیوام پێدەبەخشن هێندەش یادەوەرییەکانی دەمڕووخێنن. کە دایک و باوکم و زیاتر لە بیست کەس لە کەس و کارم لە ماوەی بیست و چوار دەمژمێردا ونبوون و تا ئەمڕۆش نەمبینینەوە، باوەڕت بێ هێندە بێتاقەتیان نەکردم. لەوێ هێزم لەو



خاک و خۆڵە وەردەگرت کە لەسەری دەوەستام، لەوێ داگیرکەرم بێهێز دەبینی و خۆشمانم بە سەربەرز. دەمزانی بۆ دەمانکوژن، بۆ ئەنفالمان دەکەن، بەڵام ئەمڕۆ جیاوازە، ئەمڕۆ پێویستمان بە رۆحسووک هەبوو، نەدەبوا رۆحسووک ببرێ بۆ بەردەم سێدارە، دەبوایە کە بانگی دەکرا من لە جیاتی ئەو ببردرابام، بمگوتبایە من رۆحسووکم. ئاخر کە چیاییەکان راپەڕین، لەگەڵیان دابووم. کە داروەدەستەی بیابانییەکانیان لە لوتکە بەرزەکانی چیا گلۆر دەکردنەوە هەموو زنجیرە چیاکان سەمایان دەکرد. رووبارێکت نەدەبینی نەبێ بە تاڤگە و بەسەر باغ و دارستانەکاندا نەبارێ و تێر ئاویان نەکا، درەختێکت نەدەبینی گەش نەبێتەوە و دووکەڵی دەیان ساڵە و باڕووت و تۆز و غوباری شەڕ و پێکدادانەکان لە خۆیان دانەکوتن، لە هەموو کون و کەلەبەرێکی ئەو دۆڵ و شاخ و گەر و بەندانەدا دەنگی مۆزیک و گۆرانی و تولولوی خەڵک دەهات. خەپە گیان دڵنیام تۆ لەوێ نەبووی، لە خۆشی ئەو رۆژی حەشرە بێبەش بووی، لەو دیمەنانە بێبەش بووی کە سەنگەری ئەنفالچییەکان یەکە یەکە بەسەر سەریاندا دەڕمان و دەستیان بەرز دەکردەوە و داوای بەزەییان دەکرد. پۆڵە یەک لە دوا یەکەکانی ئەو سوپا دڕندەیە ریزی دەگرت و زیللەت و سەرشۆڕییان لێ دەچۆڕایەوە، بەڵام چیاییەکان چۆن سەربڵند بوون هەروا بە سەربڵندی مانەوە، بیریان لە تۆڵە نەکردەوە، دالدەیان دان و دواتر هەروا پۆڵ بە پۆڵ گەڕانەوە بیابان، گەڕانەوە باوەشی ماڵ و منداڵەکانییان، بەڵام خەپە گیان ئەو ئەنفالکراوانەی کە بردران چاوشۆڕ و بێ ئومێد نەبوون لە ژیان، کە بردران بەقەد ژمارەی بێ سنووری خۆیان هیوایان بردن، بە قەد ئەو ژمارانە سۆز و خۆشەویستییان رنی و زیندەبەچاڵیان کرد، بەقەد ئەو ژمارانە پلان و بڕوابوون بە سبەی بە کۆتایی هێنران، بەقەد ئەو ژمارانە پرۆژەی دڵداری هەڵوەشێنرانەوە، ئۆخەی دایکی جەرگ بەسوێ و دانبەخۆداگرتنی باوکی سەربەرز دەخنکێنران، بە قەد ئەو ژمارانە خەم و خەفەتی هەمە جۆریان بەجێ دەهێشت و دەکران بە پرۆژەیەکی نەگریس بۆ ئەوەی زیندووەکانیش بە خەفەتی ئەنفالکراوەکان دابڕزێن و لە هەژمەتان بتاوێنەوە، لەشکری دزێوی بیابانییەکان دەیەویست بە قەد ژمارەی ئەو چرایانە تاریکی لە دوای خۆی بە

جێبێڵێ، بە قەد ژمارەی ئەو چرایانە گۆڕ هەڵبکەنن و کەسوکارەکان بە شێوازێکی تر بنێژن، بە برسی کردنی بە کۆمەڵ، بە کۆکردنەوەیان لە ئۆردوگای زۆرەملێ و کردنیان بە مرۆڤی بێ ئیرادە و بێ هیوا و بێ دوارۆژ. بە قەد ژمارەی ئەنفالکراوان پلانی گڵاویان هەبوو، کە ئەوانیشیان زیندەبەچاڵ کردن لە گۆڕە بەکۆمەڵەکان دەیانگوت ئەوان نێردران بۆ دۆزەخ، هەر لەو رۆژەدا کە سەرکردەی بیابانییەکان ئەم قسەی کرد، مەلایەکی چیایی گاورەحاسێی بچووک مەندیلەکەی فڕێ دابوو گوتبووی:

– دەی خاوەنی ئەو دۆزەخە، لەو بیابانییە پاشۆڵشڕە قەبووڵ مەکە، لە شوێنی خۆی بیتاوێنەوە، مەگەر خۆت خاوەنی بەهەشت و دۆزەخ نیت! دەبێ پیشانی بدەی کە دۆزەخ تەنها لەبەر دەستی تۆ دایە، کەسێکی تر توانای بەخشینی بەهەشت یا دۆزەخی نییە.

مەلای گاورەحاسێ کە کۆمەڵێک کەسوکاری ئەنفالکرابوون، لە چریکەی دابوو و گوتبووی:

– چەند لە وەهم دابووین، خوایان بە ئێمە فرۆشت تا بەنجمان بکەن. وەهمیان بە ئێمە فرۆشت تا بمانخەنە ناو ئیرادەی نەگریسی خۆیان.

دەڵێن هەر دەمودەست مەلای بەستەزمان گیانی دەرچووبوو.

جوانرۆ تەماشای دەوروبەری خۆی دەکرد و تەماشای هەموو ئەو هاوڕێیانەی دەکرد کە دەورەیان دابوو، هەر یەکێک بە شێوەیەک گوێی لە جوانرۆی رۆحسووک گرتبوو.

جۆانرۆ دوای ئەوەی هەموویانی بەسەر کردەوە، کەوتەوە قسەکانی و بەردەوامبوو:

– کە یەکەم جار گوێم لە وشەی ئەنفال بوو پەنام بۆ لای مەلایەکەی لادێیەکەمان برد، مەلای گاورەحاسێی گەورە، راستە و راست لێم پرسی مامۆستا بیابانییەکان ئەمجارەش هاتنەوە، شار و لادێکانمان وێران دەکەن و چیاییەکان دەبەن و بێسەروشوێنییان دەکەن، ئەمە هەمووی پیشەی کۆنینەی خۆیانە و لێیان دەوەشێتەوە، بەڵام ئەمجارە بە ناوێکی تر هاتوون، تۆ ئاگادار نیت؟



ئەو پیاوە زۆر بێگوناە و دڵپاک و بێ ئاگا بوو، پرسی:

– ئاگام لە پەلاماری نەوەکانی یەزیدە، بەڵام نازانم لە ژێر چ ناوێک و مەبەستت چییە لە ناو؟

پێم گوت: مامۆستا ئەمجارە لە ژێر دروشمی: "لێت دەپرسن ئەنفال چییە، بڵێ ئەنفال بۆ خوا و پەیامبەرەکەیەتی". مامۆستا حەز دەکەم بزانم ئەنفال چییە؟ چونکە لێرەدا وەڵام دیار نییە، بێجگە لەو بڕیارەی کە راستەوخۆ دیاری دەکرێ بۆ خوا و پەیامبەرەکەی. دەمەوێ بزانم ئەو شتە چییە بۆ خوا و پەیامبەرەکەی؟ ئەگەر ئەو شتە سەر و ماڵی ئێمە بێ، ئەو پەیامبەرە چۆن رازی دەبێ، ئەی پێویست نییە ئێوەی زانا چاوێک بەو یاسایەدا بخێشننەوە و بیر لە لادان و پەکخستنی بکەنەوە؟ ئەی پێویست نییە هەموو زانایانی بیابانیش بیر لەو یاسایە بکەنەوە؟ ئەی مەگەر ئەوان ئێمە بە برای خۆیان نازانن؟ ئەی مەگەر ئێوەش ئەوان بە برای خۆتان نازانن؟ مامۆستای دڵپاک بۆ ماوەیەک داما، من چاوم تێبڕی بوو، لە پڕ بینیم کە فرمێسکەکانی بەسەر رووەکانیدا هاتنە خوارەوە و لەسەر ریشە سپییە جوانەکەی لەنگەریان دەگرت. دەستەسڕەکەی دەرهێنا، بە چاوەکانی داهێنا، پاڵی دایە ئەو ئەستوونەی کە لە ناوەندی هەیوانەکەی بەرماڵیان بوو، گوتی: جوانرۆ دەستم بگرە، بمبەوە بۆ ژوورەکەی خۆم. دەستم گرت، بەسەرم خستەوە، لەسەر جێگاکەی پاڵ کەوت، دوو بالیفم خستنە ژێر سەری، گوتی: جوانرۆ ئاوێکم بۆ بێنە. ئاوێکم بۆ هێنا و لێم پرسی: ئەوە چییە مامۆستا بۆ ئاوا بێ توانا بووی و شڵەژای؟ چاوێکی تێ کردم و ئاخێکی قوڵی هەڵکێشا، گوتی:

– کوڕم ئێوە پاکن هێشتا زۆر شت نازانن، زۆر هەوڵمدا بزانم داخۆ چیاییەکان رۆژێک لە رۆژان بە درێژایی زیاتر لە سێ هەزار ساڵ، شەیتان، یا دار و بەرد، یا مانگ و رۆژ یا هەر بوونەوەرێکی سروشتیان پەرستبێ، هیچم نەدۆزییەوە، لە هیچ سەرچاوەیەکی مێژوویی دوور و نزیک شتێکی ئاوام بەرچاو نەکەوت. بێجگە لەوەی کە زۆربەی چیاییەکان بۆ زیاتر لە سێ هەزار ساڵ خوای وەدیهێنەریان ناسیوە، لە ژێر ناوی جیاوازەوە. واتە زیاتر لە سێ هەزار ساڵە چیاییەکان پەیوەندییان لەگەڵ ئاسماندا هەیە، زیاتر لە سێ هەزار

ساڵە چیاییەکان پێیان وایە کە خودا رووناکی زەوی و ئاسمانەکانە، رووناکی دڵ و دەروونەکانە، خودا ڕێگای خۆشەویستی و بەزەیی و برایەتی و یەکتر ناسینە. ئەمڕۆ، لە ژێر ئەم دروشمە کۆتایی بەم خواناسینە دەهێنرێ. لەگەڵ ئەو قسەیەی دڵی پڕی گریان بووەوە، چاوی لەسەر یەک دانان و زۆر بێشینگتر بوو. منیش دەستم خستە سەر نێوچاوانی و گوتم: مامۆستا باشە پێت نەگوتم ئەم دروشمە مانای چییە؟ گوتی:

– کوڕم ئەم دروشمە بۆ هەتککردنی ئێمەیە، گوێم لێبووە، زۆرێک لە بیابانییەکان پشتیوانی کۆتایی هێنان بە چیاییەکان دەکەن، ئێمەیان بە لاوە هەڵگەڕاوەیە، هەڵگەڕانەوە لە دەسەڵاتی بیابان، پیشاندانی چیاییەکان بە خوانەناس، کوتایی هێنان بە دیرۆکی سێ هەزار ساڵەی خواناسی لەو دەڤەرەدا. کوڕم ئێمە لێرە بەدواوە لە دیدی ئەواندا بێ باوەڕ و هەڵگەڕاوەین، بێ باوەڕ و هەڵگەڕاوەکانیش لە دیرۆکی ئەواندا بە کۆمەڵ کوژراون. کوڕم ئەوان دەیانەوێ کۆتایی بە چیاییەکان بێنن. ئیتر ئەوە تەنها لەسەر کات ماوە، پەیوەندی بە بڕوبیانۆوە نییە، ئەگەر بڕوبیانۆیان لەدەستیش نەبن خۆیان دروستی دەکەن، گرنگ ئەوەیە ئەوان سوورن لەسەر کۆتایی هێنان بۆ کاروانی سێ هەزار ساڵەی خواناسی لە دەڤەری سەربەرزی چیاکاندا. کەی دەگەنە ئێرە نازانم، بەڵام داخەکەم ئەوەیە، هەندێ لە چیاییە زۆڵەکانیش بەکار دەهێنرێن بۆ ئەو مەبەستە، ئەو چیاییانەی کە چاوساغی بۆ لەشکری داگیرکەر دەکەن، بەدەستی خۆیان هاوچیاییەکانی خۆیان لە ناو دەبەن. دوایی کە بیابانییەکان چیاکانیان داگیرکردن، بە تەواوی دەستیان بەسەردا گرت، ئەو چاوساغە عەقڵ کوێرە زۆڵانەش لەناو دەبەن. کوڕی خۆم لە بەیانییەوە دەبێ خۆمان بێ دەنگ نەکەین، دەبێ بجوڵێین، ئەگەر چی دەشزانم هیچ دەسەڵاتێکمان نییە بەرامبەر بە چەکی کۆکوژی بیابانییەکان، ئەوان هەرگیز مەردانە نایەنە شەڕ، هەمیشە پەنا دەبەنە بەر فێڵ و غەدر و ناحەقی، ئەوان بە چەکی کۆکوژ لەناومان دەبەن، بەئاگاداری خەڵکی کەڕ و کوێر و لاڵی دونیا.



من مامۆستام لەو بێشنگییە بەجێهێشت، دەبوایە بگەڕێمەوە بۆ خوێندنگا، زۆری نەبرد زانیمەوە کە لەشکری داگیرکەر گاورەحاسێ گەمارۆدەدات، پیرمامۆستاش هاواری بۆ پیری چیاداد دەبات و دەڵێ:

– پیری چیاداد رۆحت شادە و هێزیشە بۆ هەمووومان. دڵت نەترسێ، ئێمە چۆک نادەین، ناوی تۆ و متمانەی تۆش لەدەست نادەین.

دوای ئەوە هەموو گەنج و لاوانی لادێ، هی هەردوو گاورە حاسێی گەورە و بچووک، ئەوانەی پەسندی راوبۆچوونی ئەویان کردبوو، کۆیان دەکاتەوە، چەند چەکێک لەژێر گڵ دێننە دەرەوە و سەر بانەکانیان دەکەن بە سەنگەر. دەڵێ: ئەوەی لێرەش نەکوژرێ، هەتک دەکرێ، ئەنفال دەکرێ، جا بۆ ئەوەی ئەنفال نەکرێین دەبێ بە شەڕەف بمرین، بەرگری لە سێ هەزار ساڵ خواپەرستی چیاییەکان بکەین، ئەوانەی دێن هەم داگیرکەر و هەمیش تالآنچی، هەم دڕندە و هەمیش سەربازانی یەزید. تا دەتوانن، تا گیانتان بەرز دەفڕێ و لە تەمەنی چیاکان درێژ دەکات، هێرش هێنەران بکوژن. بە ناوی خودا و بە پیرۆزی چیاکان لێیان بدەن، ئەوان نوێنەری تاریکی و ئێمەش نوێنەری رووناکی، ئەمڕۆ شەڕی نێوان هێزی تاریکی و هێزی رووناکییە. دەیانگێڕاوە لەگەڵ ئەو قسانە هەموو خەڵکی لادێ، بە نێر و مێ، بە توانا و بێ توانا هەوڵی دابوو سەنگەر بگرێ، بەڵام داخەکەم بیابانییەکان زۆر لەوە ترسنۆکتر بوون هێرش بەرن، زۆر لەوە نامرۆڤتر بوون تا بەزەییان بە ئاژەڵەکانیشدا بێتەوە، بیابانییەکان هێرشی زەمینی نابەن، لە پشت گەروو و بەندەکانا چاوەڕێی قڕبوونی چیاییەکان دەکەن، ژەهربارانیان دەکەن، لەو دەڤەرەدا، بێشەرمانە و دڕندانە و نامەردانە، کۆتایی بە هەموو جۆرە ژیانێک دێنن، هەر لە رووەک تا ئاژەڵ و تا مرۆڤەکان، چیرۆکی ژیان لەو ئاوەدانییەدا بە بنبەست دەگات. دەگێڕنەوە: کە دەچن بۆ ناو ئاواییەکە، منداڵیش لە سەنگەردا بووە و لە شوێنی خۆی گیانی لەدەست دابووە، چەکەکانیان سادە بوون، لە چەند چەکێکی سادە تێپەڕی نەکردبوو، ئەوانی تریش قوترەدار و بێڵ و تەور و داسیان لەدەستدابووە، بەڵام ئیرادەیان چیاییانە بووە، کەسیان سەنگەری خۆی بەجێ نەهێشتبوو، مەبەستیان بوو شەڕی کۆڵان بە کۆڵانیان لەگەڵ بکەن، هەموویان لەوێ، باوکم و دایکم و برا و خوشکەکانم

و تەنانەت برا دوو مانگییەکەشم، تەنانەت خۆشەویستەکەشم، مامۆستای رابەری ئاواییش، منداڵەکانیشی و هەموو خانەوادەکانی ئاوایی، تەنانەت شێتەکان و سواڵکەرەکانیش، بە سەدان سەر مەڕ و بزن و ئاژەڵی هەمەجۆر، ئاسکەکانی رەز و باغەکانی پشت ئاواییش، ئەوانەی کە بۆ ئاوخواردنەوە رۆژانە دادەبەزینە سەر چەمەکانی رووبار و لەوێش بە ئارامی بەرە و بنار شاخ و دارستانە نزیکەکان هەڵدەگەڕانەوە، مامۆستای ئاوایی خەڵکی قەدەغە کردبوو لە دەستدرێژکردن بۆ ئەو ئاسک و بزنە کێوییانە. دەیانگێڕایەوە: لە یەک گۆمە ئاوی رووبار دەیەها کەو و کۆتر و بولبولی هەمەجۆریان بینیبوو، لەگەڵ تەوژمی ئاوەکە لە ناوەندی گۆمەکەدا سەریان خستبووە سەر سینەی یەکتر و شەپۆلی ئاوەکە دەیسووڕاندنەوە، ئەو کەسەی کە بینیبوونی دەیگوت:

– باڵدارەکان باوەشیان بە یەکتریدا کردبوو. ئەوان تا هەتایە شاهیدی ئەوەن کە بەدەستی بیابانییە دڕندەکان کوژراون. ئەوان تا هەتایە شاهیدی قات و قڕی 'گاورە حاسێ'ن.

ئا لەو قسانەیدا سەری بەسەر خۆیدا گرتەوە و گوتی:

– بیابانییەکان زەمەنێکە ئازادییان بردووین، ئێمەش زەمەنێکە بەدوای گەڕانەوەیدا دەگەڕێین و بە کێشەی نێوان دوو برامان دەزانی. بەڵام ئەمجارە نا، ئەمجارە هەتکییان کردین، برا برا هەتک ناکا. لەمەودواش هەموو ئەوانەی خۆیان بە برا دەزانن، دەبێ بڵێن، حاشا ئەوە ئێمە نین، ئەوە زۆڵەکانی ئێمەن، ئێمە دەستمان ناچێتە خوێنی براکانمان، ئێمە داوای بووردن دەکەین، ئێمەش هاوخەم و هاوسەنگەری ئێوەین تا گەڕاندنەوەی ئازادی و گەڕاندنەوەی ئیعتیباریش. گەڕاندنەوەی ئیعتیبار نەبێ برایەتیش بوونی نابێ.

ئیتر جوانڕۆ بێ دەنگ بوو، لەسەر چۆکی من خەو بردییەوە. هەموومان گوێمان بۆ شل کردبوو، دەبوایە وا بکەین، دەبوایە گووڕ و کەفی دڵی بریندار و تاساوی هەڵڕێژێ. دەبوایە ئێمەش وا بکەین، هەموو ئەوانەی لەگەڵ ئێمە لە چاوەڕوانی سێدارە هەناسەی ساردیان هەڵدەکێشا. دەمژمێرەکان درێژ دەبوون، شەو کۆتایی نەدەهات. رووداوە تاڵەکانیش بۆ تەنها ساتێکیش یادەوەری ئێمەی بەجێ نەدەهێشت. ئێمە لە خۆمان خۆش ببووین، هێندەی کەس و کاری بێ



سەر و شوێنمان دەیانتاساندین، هێندەی دیمەنە ترسناکە خوێناوییەکان خەوی دەزڕاندین، هیچ شتێکی تر شوێنی ئەو برین و ئازارانەی نەدەگرتەوە. هەستەکانی جوانڕۆ لە هەستەکانی ئێمە زیندووتر بوون، ئەو دیمەنەکانی بۆ دانەدەپۆشران، رووداوەکانی بۆ لە بیر نەدەکران.

کە هاتمەوە هۆش بە پێچەوانەوە سەری من، لەسەر چۆکی جوانڕۆ بوو. دوای ئەوەی لەگەڵ لێدان دەبوورێمەوە، فڕێم دەدەنەوە ژوورەکە و وازم لێدێنن. کە بەئاگا هاتمەوە جوانڕۆ و هەموو هەڤاڵان دەوریان دابووم و چاوەڕێی بەئاگاهاتنەوەی منیان دەکرد.

## بەشی شانزەهەم

کە هێنرامە ئێرە، جەللادە بیابانییەکان باوەڕیان نەدەکرد کە ئیتر مەرگی ئەوان لە مشتی ئیزرائیل دایە و چاوەڕێی سات و کاتی خۆی دەکات. ئەوان لە دەرەوەی مێژوو دەژیان. ئەوان وەکو سەگێکی زامدار دوا هەڵپەیان بوو، کەف و رقی خۆیان لە ئێمە دەردەکرد. لە زمانی ئەوانم دەزانی کە دەسەڵاتی ئەوان لە چیاکان کۆتایی پێهاتووە. ئیتر هزرەکانم بەرەو بەهارێکی تازە گووزەریان دەکرد. ئەو داربەڕوانەی کە (جەمالی پەرستار) چاندوونی دەبێ لە ئاوی ئەو نۆبەهارە بێ بەش نەبووبن. ئێستا هەموو نەمامەکان چاوەڕێی گەڕانەوەی جەمالی پەرستار دەکەن، جەمالیش چاوەڕێی هەڵسانەوەی ئەنفالەکان دەکات. ئەو دەیگوت:

– تا سەرهەڵدانی گۆڕەکان بە چاوی خۆم نەبینم ناگەڕێمەوە. خەپە گیان تۆ سەر لە داربەڕووەکان بدە، سڵاوی خۆڕاگری منیان پێ رابگەیەنە، پێیان بڵێ من بە ئیرادەی خۆم لەو بیابانە گیرم نەخواردووە، منیش ئەنفال کراوم، ئەنفالکراوەکانمان رۆحیان ئەنفال کراوە منیش ئەوانم ئەنفال کراوە، من پابەندی گەڕاندنەوەی ئەوانم، ئەوان شارەزای کون و کەلەبەرەکانی بیابان نین، من شارەزام من لە مێژە لێرەم، هەموو رێیەکانی دەناسم. ئەوانەش کە وێڵ و پەڕاگەندە بوون پێویستیان بە منە. زۆر کەس لەو کاروانەدا وێڵ دەبوو، لەسەر چەمچی ئیڤایەکان دەکەوتنە خوارەوە و دەکەوتنە دەست قەدەر، هەندێکیان بیابان لفی دەکردن و تا هەتایە بێ سەروشوێن دەبوون، هەندێکیشیان لە ئاوەدانییە وشک و گەرمەکانی بیابانەوە چاوەڕێی من دەکەن، بە دوایاندا بچم و بیانهێنمەوە دەڤەری چیا.

جەمالی پەرستار لە ئەزموونی سەرناسیدا بووبوو بە حەکیم. هەر لەیەک دیدار چیاییەکانی دەناسینەوە، هەر لەیەکەم بینیندا دڵی بۆ لێدەدان و هەزاران بیرۆکەی بۆ دەهات. دەیگوت:



– ئەو سەربازانەش کە رێیان بێرەدا دەکەوێ ئەوانیش بە خۆیان نازانن، ئەگینا ئەوانیش ئەنفالن، برادەر ئەنفال شێوەی زۆرن، ئەنفال وەکو ئەسفەنج وایە هەموو رەنگێک وەخۆ هەڵدەگرێ. ئەوانەش کە پێیان وایە شەڕەکانی سەدان ساڵیش بەر لە ئێستا بەشێک نەبوون لە پرۆسەی دوور و درێژی ئەنفال دید و تێڕوانین و هزرەکانیان ئەنفال کراون، بۆیە کارەساتەکانی ئەمڕۆش نابینن، ئەو هەموو رۆحانە نابینن کە رۆژانە بەسەر سەریاندا پۆل پۆل تێدەپەڕن و بەرهو دادگای یەزدان دەڕۆن. هەموو رۆژێ بەیانییان دەچن سکاڵای خۆیان تۆمار دەکەن و ئێوارەش دەگەڕێنەوە. ئەنفالکراوەکانی کۆن و نوێ لە ئەدرەسەکانیان یەکتر دەناسنەوە. هەموویان بۆنی چیایان لێ دێ، ئەگینا جلوبەرگەکانییان گۆڕاوە، کۆنەکان بەرگی رووناکییان پۆشیوە، بەڵگەنامەی رووناکییان پێیە، بەڵام ئەدرەسەکەیان هەمان ئەدرەسی چیانشینە تازەکانە، هەرچەند جلوبەرگی تازەکانیش هەر سپییە، هەموو شتێکیان سپیە، ئەو پەڕۆکەی هەڵیشیان داوە ئەویش سپییە، تەنها هی هەندێکیان نەبێ خوێناوی بووە، سوور بووە، لە خوێن نقوم بووە، ئەو خوێنەش یا هی سەنگەرەکانە یا هی سات و کاتی ئەنفال کردنییانە، ئەوانەش کە جلوبەرگیان هەر سپییە، نەگۆڕاوە، ئەوان دەیان کاتژمێر لە ژێر خۆڵ و تۆزی بیابان ئەوزینگیان داوە، ئەوان تا دوا هەناسەیان خوێنیان لە ناو جەستەیان کوڵاوە و رێگایەکیان نەبووە بۆ ئەوەی بەرەو پارچە سپییە هەڵدراوەکان بچن. بە هەر حاڵ هەموویان لەبەر بارەگای دادگای پەروەردیگاردا یەکتر دەناسنەوە، ئەو جوانەی لەوێ سەرقاڵی سکاڵان، بێ جلوبەرگن، ئەوان نقومی بیابان نەبوون، ئەوان نقومی فرنە نەحسەکانی نازییەکانن، ئەوانی ئێمە نقومی خەندەکە بێ ویژدانەکانی شۆفێنییەکانن. ئەوانی ئێمە هەندێ جار لەگەڵ هێرۆشیماییەکان تێکەڵ دەبن، چونکە ئەوانیش پەڕۆی سپییان پێیە، بەڵام ئەدرەسەکەی ئەوان بێ کەموکوڕییە، ئەدرەسی جووەکانیش تەواوە، تەنها ئەدرەسی قوربانییانی ئێمە تەواو نییە، بێجگە لە ناوی چیا نیشانەیەکی تریان نییە. ئەوان تەنها چیایین، ژمارەی خانوو و گەڕەکی قەڵەباڵغیان نییە، تا سەریان لێ بشێوێ. زۆر خەڵکی تریش لەوێن، بەڵام تەنها ئەنفالکراوان بێ پارێزەر و بێ سەرپەرشتن. هەموو قوربانییەک

پارەێزەری خۆی هەیە، قوربانییەکانی ئێمە بۆ خۆیان لە سەرە وەستاون و مشووری داواکانی خۆیان دەخۆن. تەنانەت دادوەرەکانیش بە زمانی چیاییەکان قسە ناکەن، ئەوان جیا لە هەموو خەڵکانی تر پۆل پۆل دەوەستن و قەڵەباڵغی ناگرنەوە، قەڵاپەستانێ ناکەن، چونکە ئەوان هەر لە رۆژی ژێر گڵ بوونیان بێ قەڵاپەستە زیندەبەچاڵ کراون. ئەوان زۆرن، وەکو جووەکان زۆرن، جووەکانیش زۆرن، بەڵام ئەوانی ئێمە بێنازن، کەسیان نییە پشتیوانییان لێ بکات، بەدەستی خۆیان داواکارییەکانییان هەڵدەگرن و لەبەردەم ئەو رۆژە قرچێنەرانەدا دەوەستن و ماندوو نابن. مناڵەکانیشیان لە ئامێزە و لێیان بێزار نابن. ئەوان هەموو هەر لەو رۆژەی کە ئەنفالکران سێبەرەکانییان لێ سەنرایەوە، هەموویان خاوەنی سێبەری خۆیان بوون، بەڵام نەیانتوانی لەگەڵ خۆیان بیبەن، ئێستاش هەر بێ سێبەرن، شوێنەکەیان وایە، شوێنەکەیان بیابانە بیابان، دەبێ هەر لەوێش بوەستن، دەبێ لە شوێنی شەهیدبوونیان بوەستن، دەبێ فریشتەکان شوێنی تاوانەکە ببینن و بە راپۆرت بۆ پەروەردگار بەرزی بکەنەوە، کەسیش نازانێ کەی ئەو کارە روودەدات، بۆیە کەسیش نازانێ تاکەی من لێرە دەبم. تا ئەوان راپۆرتەکەیان بەرز نەکرێتەوە هەر لێرە دەبم، نابێ ئێرە بەجێ بێڵم، دەمەوێ برینەکانیان دووبارە تیمار بکەمەوە، من پەرستارم، تەنها من بەکەڵکیان دێم، من ناڕۆم، بەڵێنم داوە نەڕۆم. بۆیە نابێ بیر لە سەردانی داربەڕووەکانیش بکەمەوە، ئەوان بەهاریان هەیە، بارانیان بۆ دەچێ، چیایان هەن فێنکییان پێ دەبەخشن، پێشمەرگەیان هەن سمکۆڵیان دەکەن، بەڵام رۆحی ئەنفالەکان لەو بیابانە وێڵن، کەسیان نییە، کەسیش وەکو من گەڕیدە و شارەزا نییە، من ئەوە (١٦) ساڵە لێرە دەگەڕێم و شارەزای بیابان دەبم، جۆری دڕکەکان دەناسم و بە پێی جۆرەکانیان لە شوێنی خۆیان لە مێشکمدا جێگیریان دەکەم، ئێستا دەزانم کامەیان راستەوخۆ مرۆڤ دەکوژێ و کامەشیان دوای ژانەسک و ئێش و ئازارێکی زۆر. ئەو سەربازانەش دەسنیشان دەکەم کە لە چیا دەگەڕێنەوە و بۆنی فرمێسکیان لێدێ، فرمێسکی دارودرەختەکان، ئەو دارودرەختانەی کە قەدەکانیان رووت دەکرێنەوە و توێکڵەکانیان بەرەو بیابان دەهێنرێن. هەرچەند زەمەنیان بەسەردا بڕوات دەیانناسمەوە، ئەوان لەبەر چاوم ون نابن، ئەوان



هەستیش بەوە ناکەن. من هەست بە هەموو شتێک دەکەم، هەست بە درەختەکانیشم دەکەم، هەموو شەوێ نەختێک بۆیان دەگریم، بەڵام زیاتر بۆ چۆڵەوارەکان، ئەو چۆڵەوارانەی تا دوێنێ شمشاڵی تێدا لێدەدرا، بولبوولەکان تیایدا دەیانخوێند، لە هەموو بنمیچ و تاشەبەردێکدا گوێت لە قاقەبۆی کەوەکان دەبوو، هەموو ئێوارانێک بانگی مزگەوت و زەنگی دێرەکان تێکەڵ بەیەکتر دەبوو، تەنها رووگەی رۆیشتنیان لە یەکتری جیا دەکردنەوە. بەڵام کە بردران بەیەکەوە نێژران، چونکە بەلای جەللادەکانەوە گرنگ نەبوو روو لەکێ دەکەن، گرنگ ئەوەبوو هەموویان چیایی بوون، بەیەک زمان و بەیەک شێوە دەفکرین و بە یەک ئاوازیش دەگریان، دەستیشیان بۆیەک خودا بەرز دەکردەوە. کەس هێندەی من شەپۆلی رقی بیابانییەکان نابینێ کە بەرەو چیاکان بەڕێ دەکەوێت و دەیانەوێ داگیری بکەن، ئەوانەی دەچن گێژ دەکرێن بە باسی بەهەشتی چیاکان، بە باغە هەڵواسراوەکان، بە ئاوە سازگارەکان، بە سێبەرە پان و پۆڕە بێ کۆتاییەکان، ئاخر تەنها خۆم هەست بە ئازاری ژیان لە بیابان دەکەم، چونکە من ئەنفالکراوێکی پەڕاگەندەم و هێشتا نەبردراومەتە ژێر خۆڵی گەرمی بیابان، ئەو خۆڵەی کە تەنها یەک تام دەدات، ئەویش تەنها تامی سوێری خوێنی رژاوی ئەنفالەکانە. ئەوەی تامی ئەو خۆڵە بکات لە هەر سوچ و کون و کەلەبەرێکی ئەو بیابانە پان و بۆڕە بێت، هەستی پێ دەکات. لە هەر کوێیەک دەست بخەیتە ژێر گڵ وردە ئێسقان سەر دەردەکەن. لە هەر کوێیەک بتەوێت کڕنوش بۆ خوا ببەیت خوێن لەوێ دەڕوات. داوای شوێنێکی بێ ئێسقانت لێ دەکات، داوای دەرچوونت لە بیابان لێدەکات.

کە شەوان باسی ئارامدینم بۆ دەکرد دەیگوت: شێوازی ناڕازی بوون زۆرن، بەڵام دەرەنجامەکان هەر یەکن. گەڕان بەدوای ئازادیدا زۆر رێگای هەن بەڵام نەهێشتنی ئازادی یەک شێوەیە، هەر چۆنێک بمرین گرنگ نییە، گرنگ ئەوەیە دەمرین و لە بیاباندا هەناسەمان دەبڕن. ئاخ چەند میوانی نا بەدڵ و چەندیش هەناسە ساردین. داخۆ ئارامدینیش لە چ سوچێکی گرداری ئەو بیابانە نیشتبێتەوە، دڵنیام هەر لەوێ ماوەتەوە، ئەوەی شارەزا نەبێ خنکانی مسۆگەرە.

لە حوزووری جەمالی پەرستاردا هیچ چیاییەک بێ تاقەت نەدەبوو، ئەزموونی ١٦ ساڵ کەم نییە بۆ ئەوەی باسی لێوە بکات، زمانیشی هەر پاراو و بێ گرێ بوو، ئەو شەوان بە زمانی چیاکان دەکەوتە سوژدە و رێزمانی دەگوتەوە، دەیگوت، ئەگەر وا نەبێ زمانەکەشم ئەنفال دەبێ، سوژدەکانم هەر بە زمانی چیا دەبەم، پاڕانەوەی هەست و نەستەکانم هەر بە زمانی چیا بەرز دەبنەوە، خەونەکانیشم هەر بەو زمانەن، ئەوانەی بەو زمانە ناگرین زوو نامۆ دەبن، ئەوانەی لە شەرمان فرمێسکەکانیان دەخۆنەوە زوو ون دەبن، گەورەترین مەترسی لەسەر چیاییەکان دەمەتەقێکدنیانە لە دادگاکان بە زمانی بیابانییەکان، لێرە هەموو کەسێک دەبێ بەو زمانە سکاڵا بکات، بۆیە هەر زوو سکاڵاکەشیان دووریانی تر وەردەگرن، هەندێ جار سکاڵاکە دەبێتەوە سەرەخۆرە، بەسەر خۆیاندا دەشکێتەوە، لە جیاتی خاوەن ماف و داواکار دەبنەوە بە گومانلێکراو.

ئەو شەوانەی جەمالی پەرستار نۆبەتی ئێشکگرتنی لە نەخۆشخانە نەدەبوو، دەڕۆیشت، دەچووە دەرەوە، نەمدەزانی بۆکوێ دەچێ. جارێکیان لێم پرسی: بەو نیوەشەوانە بۆ کوێ دەڕۆی؟ گوتی:

– دەڕۆم دەرس دەخوێنم. هەموو شەوێک قوربانییەکانمان لەو بیابانە هەڵدەستنەوە و بەڕیزە دەوەستن. هەر یەکەو شێوەی ئەنفال بوونی خۆی و کەسوکاری دەگێڕێتەوە، هەر شەوەو سەربردەیەک، تا ئێستا زیاتر لە هەزار شێوە ئەنفالبوونم گوێ لێگرتووە. ئەوانەش کە گوێ دەگرن و توانای نووسینیان هەیە دەبێ هەمووی بنووسنەوە، هەموویان دەبێ راپۆرتی خۆیان ئامادە بکەن. نووسینەکان شێوە و کلێشەی تایبەتیان هەیە، نابێ کەس لە داڕشتنی نووسیندا هەڵە بکات، ناشبێ هی کەس وەکو هی ئەوانی دی بێ، چونکە هیچ سەربردەیەکیش وەکو هی تر نییە، نابێ شێوەی داڕشتنەکە بێ وێنە بێ، بەلانی کەم دەبێ نووسینەکە چەند وێنەیەکی تیابێت، هەر وێنەیەک بێ دەبێت، شێوەی بۆمبە ژەهراوییەکان، رەنگ و شێوەی دووکەڵە بە ئاسماندا هەڵچووەکان، وێنەی سەرباز و چلکاوخۆرە بێچاورووەکان، وێنەی چەکەکانیان، وێنەی تانکەکان، وێنەی فڕۆکەکانی میگ و سیخۆ و باجەری بۆمبهاوێژ و ئەو فڕۆکە



سەمتیانەش کە لەبەردەم ئەشکەوتەکاندا دەوەستان و چیاییەکانی ئاگر دەدا. گرنگ نییە چ جۆرە وێنەیەک بێ، گرنگ ئەوەیە وێنەی بیابانییەکی هێرش هێنەر بێ، لەهەر شوێنێکیش جاشەکان ناویان بێ، دەبێ وێنەی ئەوانیش بکرێ، بەڵام دەبێ لە ژێری ژێرەوەی بنووسرێ "رووڕەش".

ئازیزان کە ئەوەی بۆ گێڕامەوە گوتم ئەگەر بێتوو جەمالی پەرستار شیعر بنووسێ شاعیرێکی تراژیدی بلیمەتی لێ دەردەچێ، چونکە دەتوانی خەیاڵ دروست بکات، هەر بۆیەشە جارێکیان دوای ئەوەی وەکو خۆی دەیگوت لە "دەرس" گەڕایەوە، پێم گوت. باسی بلیمەتی ئەوم کرد لە دروستکردنی خەیاڵ و لە گێڕانەوەی خەیاڵە دروستکراوەکان. بۆ ماوەیەک داما، دوایی تەماشایەکی کردم و رۆیشت. دڵم زۆر ئازاری خوارد، وامزانی توڕە بوو، دڵنیابووم کە بە قسەکەی من نیگەران بوو، قسەیەکی زۆر هەڵەم کرد، کە بە گومان باسی سەربردەی سووتانی جووەکان بکەی، ئیتر دەکەویتە ژێر تانە و تەشەرەی گەورە، دەبێ رۆژێک بێت داوای بووردنیان لێ بکەیت، ئەگینا باشت بەسەر نایەت، بەڕای ئەوان ئەوەی گوومان لەو پاکتاوی رەگەزییە بکات، وەکو ئەنجامدانی خودی تاوانەکە وایە، ئەو قسەیەی منیش جۆرێک بوو لە تاوانبارکردنی پەرستار بە ناڕاستی ئەو دەرس و کۆبوونەوەی کە باسی لێدەکات. ئومێدم دەکرد لێم زویر نەبێت، بەر لەوەی بگەڕێتەوە بڕیارمدا داوای بووردنی لێبکەم. جارێکیان برادەرێکی خۆشەوی وەسمانی مجێور لەسەر بانی مزگەوتی گەورەی ئاگری پیرۆز گوتبووی:

– ئەوەی لە هەواری دینداران رووی داوە لە ژەهر باراندن و خاپوورکردن تووڕەبوونی خودایە لەو بەندانەی کە سەرپێچییان کردووە.

ئەو کاتە دینۆی دەنگ گەورە لەوێ دەبێت، ئەم بابا بیابانییە هەوادارە لە دواوەڕا دەگرێت و بە پەلەسواندەکانی سەر بانی مزگەوتدا شۆڕی دەکاتەوە، تا هەموو ریش سپی و پیاوماقوڵانی ئاگری پیرۆز تکا و هجایان لێنەکردبوو بەرزی نەکردبۆوە، خۆ ئەگەر تێیفڕێیدابوایە دەڕۆیشت، مزگەوتی گەورەی ئاگری پیرۆز لەسەر لێواری رووباری سەمادا بوو و دەیبردەوە بۆ دۆڵی گڵاوان، ئەو شوێنە هەزار بە هەزار بوو، ئەوەی لەوێ بکەوتایە کەس نینۆکیشی

نەدەدۆزینەوە، بێجگە لەوەش کە دەچووە ریزی گڵاوان. دەڵێن مەلا رەسووڵی باڵابەرز گوتبووی: تەنها چەکێکی بیابانی ماوە بیبەستێت و سەرمان ببڕێت، ئا ئەو خوایەیە ئێمە لێی دەترسین، راست دەکات ئەو خوایەی ئەوان جێگای ترس و لەرز و تۆقاندن و لێسڵەمینەوەیە. بەڵام ئەوەی دینداریش دەیکات بێتەنگییە، دەبێ بێنمان فراوان بێت.

لەو ساتانەدا جەمالی پەرستار بە فەردەیەکی گەورەی قەبەی قوڕس بەدەرکەوت، فەردەکەی لای من فڕێدایە سەر زەوی، گوتی:

دەتوانی تەماشای ئەو فەردەیە بکەی، هەر لە ژمارە یەکەوە سەربردەکان نووسراونەتەوە، ناوی خاوەنەکانیشیان تێدایە، وێنەکانیشی تێدان، شوێنی گێڕانەوە و دیرۆکی گێڕانەوەشی تۆمار کراوە.

بە گرژی و دەموچاوێکی سوور هەڵگەڕاو دەستی بۆ فەردەکە درێژکرد، گوتی:

بیکەوە، تەماشای کە، بۆت دەردەکەوێ کە من رووداو دروست ناکەم، کوڕی خەیاڵیش نیم. بیابانییەکانیش هەر ئەوەندەم پێدەڵێن. کەس باوەڕ ناکات تا چاوت ئەو بیابانە دەبڕێ لاشەی ئەنفالکراوانی تێدایە، کەسیش باوەڕ ناکات کە ئەوان لاشەیان لە ژێر ئەو خۆڵە سووتاوە دایە، بەڵام رۆحیان بە دەیان جۆرە چالاکی لە نەسرەوتن دایە. بیانخوێنەوە، ئەوەی لەو فەردەیە دایە، هەمووی رووداوی راستەقینەی چیاییەکانە، درامای ئەنفالکردنیانە برادەر، ئەو رۆحەی هەست بە ئازارەکانیان دەکات و لە زمانیان حاڵی دەبێت و بە ئومێدی گەڕاندنەوەی تەرمە پیرۆزەکانییانە بۆ دەڤەری چیاکان، دەتوانێت پەیوەندییان لەگەڵدا ببەستێت، دەتوانێت نەسرەوتنی رۆحەکانیان ببینێت و بزانێت چەند ماندوون. تۆ بۆ سەربازی هاتوویتە ئەو بیابانە برادەر بۆیە گلەییت لێ ناکرێت، ئێش و ئازاری ئەو رۆحانە تۆیان نەهێناوەتە ئێرە. بیانکەرەوە، هەر لە ژمارە یەکەوە، تا ماندوو دەبێت، سەدوئەوەندە هەزارەی تێپەڕاندووە، هێشتاش سەدو ئەوەندە هەزارە ماوەتەوە. هەمووم ریزبەند کردوون، ناویان، پاشان ناوی ئەو ئاوەدانییەی لێی ژیاون، کاتژمێری راپێچانیان، کاتژمێری لەیەکجیاکردنەوەیان و کاتژمێری زیندەبەچاڵکردنیشیان، لەگەڵ یادەوەرییەکانیشیان و ژمارەی



ئەنفالەکەش، هەموو تایبەتمەندییەکیان تێدا تۆمار کراوە، پاشان بە هەناسەکانیان سەرمۆر کراون. تا رۆژی دادگایکردن ناکرێنەوە.

لەو دەمانەدا زۆر شەرمم لەخۆم کردەوە، لەگەڵ ئەوەی کە منیش بە دوای دایکمدا وێڵم، هەستم بە نارەحەتییەکی زۆر کرد، چونکە هەموو کەس ئەو قسەیەی بکردبایە نەدەبوا من بیکەم. بۆیە رووم تێ کرد و بە چاوی پڕ فرمێسک و دڵێکی پەست و نقومبوو لە گریان داوای بێدەنگیم لێ کرد، داوام لێکرد بەزەیی پێمدا بێتەوە، من مەبەستم بەو ئاقارەدا نەچووە، برادەر بە هەڵە لێم تێمەگە، گوڵچینی شێرەچیاشیان لەگەڵ دایە، گوڵچینی شێرەچیا دایکی منە، منیش وەکو تۆ وێڵم، وێڵی یەک هەواڵ، یەک سەر و سۆراغ، یەک هەناسەی چیاییەک لە بیابانێکی لماوی و گەرم و بێ سیما و بێ هاوار و بانگدا، وێڵی دایک.

لەو دەمانەدا دەرگا کرایەوە و سەربازێک فەردەیەکی فڕێدایە ژوورەوە، داوای کرد کە جلە پرتەقاڵییەکانمان دابکەنین، ئەو جلانە بکەینە بەر، ئێوە ئازاد دەکرێن. لەگەڵ ئەو قسەیە نەهری رۆحسووک لەبەر چاوم زۆر گەورەتر دەبوو، بۆچوونەکەی لە بۆشاییەوە نەهاتبوو، هزرەکانی هێندە تیژ و بە ئاگا بوون خوێندنەوەی رووداوەکانی رواڵەتییانە بەسەردا تێپەڕ نەدەبوو.

دیلەکان، بێجگە لە جوانڕۆ، بڵندبوون و کردیان بە هەڵپەڕکێ.

دەستیان کرد بە گوتنەوەی:

رۆحی ئێمە

رۆحی تۆیە

لە رۆحی تۆش ژیان وەردەگرین

جلە پرتەقاڵییەکانییان داکەند و سەرچۆپییان پێ دەگێڕا. ئەو وشانەی دەیانکردن بە هەڵبەست بۆنی ژیانیان لێدەهات، هەستمان دەکرد جارێکی دی لەگەڵ چیاکان دەست لەملان دەبنەوە. ئەو روانەی تا چەند ساتێک بەر لە ئێستا گوێیان لە من گرتبوو، مردنیان لێ دەچۆڕایەوە، ئێستا ژیانیان لێ دەچۆڕێتەوە، ئێستا هیوا و ئومێدەکان وەکو کانیاوەکانی بەهار دەزێنەوە و بە هەر چوارلایاندا ئاو فیچقە دەکات، یەکێکیان بەرەو لای من هات و باوەشی پێدا

کردم، کوڕە هەڵسە خەپەگیان تۆ خێر و پیرۆزی بووی بۆ ئێمە، هاتنی تۆ والاکردنی دەرگا پۆلاییینەکەی نائومێدی بوو، هەڵسە ئیتر هەمووومان بەیەکەوە هەوڵ دەدەین بەدوای گوڵچینی شێرەچیادا بڕۆین، بەڵێن بێ تا نەیدۆزینەوە نەسرەوین، هەڵسە. یەکێکی تر رووی لە جوانڕۆ دەکرد و بەرزی دەکردەوە، رووی تێدەکرد، پێی دەگوت: جوانڕۆ گیان، هەمووومان بەشدارین لە خەم و خەفەتەکانی تۆ، لەوانەیە هەستی ئێمە هێندەی هەستی تۆ ناسک و جوان نەبێ، بەڵام ژیان بێ هیوا نابێ، گرنگ ئەوەیە نەهری رۆحسووک بەشێک دەبێ لە زیهن و هزرەکانی داهاتووومان، ئەو داهاتووەی کە نەهری بە خوێنی خۆی بۆ هەمووومانی دروست کردووە. ئەویش عیسای ئێمەیە، لە جیاتی ئێمە خۆی بەخت کرد، ئەو شتێکی دی بوو، ئەو لە جیاتی ئێمە رۆیشت، رۆیشتنی ئەو رێکەوت و رووداوێکی لاپەڕگە نەبوو، ئەو بە ویست و ئیرادەی ئازادی خۆی ئەو شەهیدبوونەی هەڵبژارد بۆ ئەوەی ئێمە رزگار بکات، بۆ ئەوەی بگەڕێینەوە ناو کەس و دۆست و منداڵەکانمان، ئەوم لە خەو دیت، خۆی کردبوو بە پەیژە بۆ ئەوەی ئێمە لە قووڵاییەکی زۆر قووڵ بێینە دەرەوە، قووڵاییەک بوو ناتوانم وەسفی بکەم، کە ئێمەی هەموو بەڕێ کرد، دەستمان بۆ درێژ کرد بێتە دەرەوە، گوتی: ئێوە بڕۆن، من لێرە دەمێنمەوە، تا ئێوە بە سەلامەتی دەگەنەوە چیاکان من لێرە دەبم، تا لەگەڵ دایک و باوک و دۆست و هاوڕێ و جگەرگۆشەکانتان کۆ دەبنەوە، نوێژ دەکەم، نوێژی سوپاسکردن، نوێژی گەیشتنەوەتان بە چیاکان. بڕۆن ئێوە چیتر تەماشای رابردوو مەکەن، من تازە رابردووی ئێوەم، من لە پێناو ئێوە لێرە دەمێنمەوە.

کەسمان فیڵمان پێ لە فرمێسکەکان نەدەکرا، کەسمان نەیدەتوانی ئومێدەکان وەدەر بنێ، کەسیشمان نەهرمان لە بەر چاو ون نەدەبوو، نەهری کەلێنێکی گەورەی لای هەمووومان بەجێهێشت، نەهری هەمیشە رۆحی ئازادی و سەربەرزی چیاکانە، هەرواش دەمێنێتەوە. لەم ساتانەدا بۆ جارێکی تر ژیان مانادار دەبووەوە، تا چەند ساتێک بەر لە ئێستا گاڵتەم بە ژیان دەهات، بەڵام لەگەڵ ئەو دەنگۆیەدا جارێکی دی رۆحمان کەوتەوە جوڵە، نەستی مرۆڤ ئەو پانتاییەیە کە ناتوانین دەستی بەسەردا بگرین و لەگەڵ هەستەکانمان رامی



بکەین، نەستەکانمان بە ئارەزووی خۆیان بەرەو ئەو شوێنەمان دەبەن کە هەڵوەشانەوەی ویستەکانمان دەست پێدەکەن، ئەو شوێنەی کە ویستەکان دەستبەرداری نەستەکانمان دەبن، هەستەکانیشمان گڕ دەیانگرێ.

یەکێکی تر هەڵیدایە و گوتی:

– خۆت دەزانی جوانڕۆگیان لەو دونیایەدا کەسێکم نەماوە، رۆحسووکمان ناسی ئەویش چوو، مادام چیاکانمان ماون، دەتوانین بە هەمووومان ئاوەدانیان بکەینەوە، بەڵی ئاوەدانیان دەکەینەوە و بەونیازەش دەڕۆینەوە، دارودرەختەکانیان بۆ دەڕوێنینەوە، وردە بەردی بەرۆکی چیاکان کۆدەکەینەوە بۆ ئەوەی بیانکەین بە شوورەی جوانی و بەرۆکەکانیش بە سەوزایی دەڕازێنینەوە، دەتوانین گوێ لە ئاوازی تازە بەهارێکی چیاکانمان بگرینەوە، ئێمە بەهێزین بە رۆحی ئەنفالەکان و رۆحی رۆحسووک و سەدان و هەزاران پاڵەوانی خۆبەختکەری بێ ناز. هەڵسە، دەبێ بزە بگێڕیتەوە سەر رووە جوانەکەت و تەنها بە بەردەوامبوونی ژیان دەتوانیت تۆڵەی باوک و دایکە ئەنفالکراوەکانمان بکەینەوە. هەڵسە چیتر دامەمێنە، ئێمە ئیدی دوانزە سوارەین بۆی هەیە بتوانین پەیامێکی تازە لەگەڵ خۆمان ببەینەوە بۆ چیا جوانەکەمان.

جوانڕۆ لەگەڵ ئەو قسانەدا بڵند بوو، رووی لە هەمووومان کرد، یەکە یەکە لە هەمووومان ورد بووەوە، دووبارە بە خروکێکی زۆرەوە لە پڕمەی گریانی دایەوە، دانەوییەوە سەر چۆکەکانی و بۆ چەند ساتێک بێدەنگ دەبوو هەمووومانی دەتاساندەوە، پاشان بڵند بووەوە و بە دوو چاوی بە ئەسرینەوە گوتی:

– لە کانگای دڵمەوە ئومێد دەکەم قسەکانتان، گفتەکانتان، بە ئاکام بگەن، لێیان پاشگەز نەبنەوە. دوای راپەڕین چیاییەکانم بینین چۆن بەرەو کۆشک و سەنگەرەکانی بیابانییەکان دەڕۆیشتن و لە گوللە چەپەڵەکانیان نەدەسڵەمینەوە، سەربازە بیابانییەکان لە بەردەم مزگەوت و دێر و ئاتەشگا و کڵێسا و کۆڵان و سەربانەکانی ماڵان ریزیان دەبەست و داوای سۆز و لێبووردنی چیاییەکانیان دەکرد، ئەوانەشم بینی کە هەناسەی بۆگەنیان رێی پێنەدەدان باوەڕ بە هێزی راپەڕیو بکەن و چەکەکانیان سەراوبن بکەن و لە سەنگەری داگیرکارانەیان بێنە

دەرەوە، هەموویانم بینی چۆن لاشەیان بۆگەن بووبوون و لەسەر یەکتر نژرابوون، تا دوایی بەدەستی خەڵک نێژران بۆ ئەوەی بۆگەنیان، چیاکان هەراسان نەکات. دەستەی لاوانم دەبینی کە ریزیان دەبەست و بلێسەی ئاگرییان گوڵباران دەکرد و سروودی پیرۆزی چیاکانییان دەگۆتەوە، دەمبینین کە جوانەکانیان سەرچۆپییان دەبەست و گۆرانییان بەسەر ئازادیدا هەڵدەگوت، سەربازگە و مۆڵگای سوپای داڕزاومان بینین چۆن بێ هێز و زەلیل بوون و تۆپ و تانکەکانیان بەقەد سەرەڕمێکیش ترس و سامی لە دڵی خەڵکدا نەمابوو، گرتووخانە و دیوە رەش و سوور و بۆرەکانمان بینین کە پڕبوون لە کەلوپەلی ئەشکەنجە و ئازاردانی چیاییەکان، زۆر شوێنمان بینین کە ساڵەهایە لێمان قەدەغە کرابوون و نەماندەتوانی بە نزیکیشیاندا تێپەڕ ببین، پیرەمێردەکانمان دەبینین چۆن گەش بووبوونەوە و سەربردە تاڵ و تفتەکانیان بۆ نەوەکانیان دەگێڕانەوە، پیرەژنەکان سەرلەنوێ بسکەکانیان بەردەدانەوە و سەرچۆپییان دەگرت، دیلە ئازاد بووەکانمان دەبینین چۆن پڕ بە دڵیان بانگیان دەکرد " ئیتر ئازادییە و رۆژە رەشەکانی ژێر دەستی بیابانییە داگیرکەرەکان بەسەر چوون"، وەسفکردنی ئەو رۆژانە بۆ هەموو کەسێک ئەستەمە، شاعیرانت دەبینین چۆن قەڵەم و دەفتەرەکانیان خستۆتە گیرفان و زمانیان لە خۆشی ئەو رۆژە لە گۆ دەوەستا، پەنجەکانییان بۆ نەدەجوڵان، چیرۆکنووسەکان ئیتر توانای نووسینەوەی چیرۆک نووسینیان نەمابوو چونکە لە یەک ساتدا هەزاران چیرۆکی پاڵەوانییەتی ئازاد کردنی شار و شارەدێ و لادێ و گوندەکان دەگێڕدرانەوە، کەسێک نەبوو بەشداری لە چەند چیرۆکێکی زیندوودا نەکردبێ و بۆ دەیان و سەدانیشی نەگێڕابێتەوە، بە چاوی خۆم پیرەژنێکم بینی تەورێکی لە سەرشانی دانابوو بەرەو یەکێک لە مۆڵگا سەرکوتکەرەکانی بیابانییەکان دەچوو، کۆمەڵێک لاو و منداڵی تەمەن جیاوازی بەدوای خۆیەوە دابوون و دەیگوت:

– ئەمڕۆ مێژوو دەنووسرێتەوە، ئەمڕۆ ئەنفالەکان بەدوای کەسوکارە ونبووەکانییاندا دەگەڕێن و سەرهەڵدانی قەڵای دمدمیان بۆ دەگێڕنەوە، ئەمڕۆ شوکر خوا ئێمەی بە بیرهاتۆتەوە و بە سوپاسەوە رووی لە دەڤەری ئێمە کردۆتەوە.



لەو ساتانەدا دەوەستا و دەیگوت:

– ئێوە نازانن خودا چەند بە لایەوە سەیرە و ئەو هەموو تاوان و رووداوە تاڵانە لێرە، لە قەدپاڵ و پەنا چیاکاندا روویانداوە و ئاگاشی لێنەبووە، ئەمڕۆ خودا سەرسامە و سەیری لە بێویژدانی بیابانییە بێویژدانەکان دێت، ئێستاش پێی سەیرە ئەو مرۆڤانەی کە خۆی دروستی کردوون و ئەو هەموو خوێنڕێژییەشیان لە دەست بێت، باوەڕی نەدەکرد نیشتمانی ئاوا لە هەر چوارگۆی زەوی هەبێ هێندە تەژی ئازار و خوێن و دابەشبوون بێت، باوەڕی نەدەکرد شەوی هێندە درێژی دروستکردبن، مرۆڤی هێندە درندەی وەبەرهێنابن، دونیای هێندە بێ ویژدان و کوێری رازاندبێتەوە، باوەڕی نەدەکرد ئەو نیشتمانە جوانە ئاوا خاپوور و وێران کرابێت، باوەڕی نەدەکرد، میللەتێک ئاوا بە بێویژدانی میللەتێکی تر وێڵی چاڵ و خەندەکە گەرم و تاریک و درێژ و بێناو و بانگەکانی بیابان بکات، ئەمڕۆ ئەو رۆژەیە کە خودا هاتۆتەوە وڵاتی ئێمە و تەماشای ئازادیخوازان دەکات، زەردەخەنەی بەختەوەری دەیگرت و سەرسام بووبوو لەو پاڵەوانانەی کە گیانیان لەسەر پانایی دەستیان داناوە و بەرهو ئازادی دەڕۆن، باوەڕی نەدەکرد مرۆڤی هێندە تینوو و خولیای ئازادی لەسەر زەوی دروست بووبێت، باوەڕی نەدەکرد پیرەژن جاحێڵ ببنەوە و تامەزرۆی ساتێک ئازادی لە دەست خۆیان نەدەن.

هەموو ئەو دیمەنانەم بە چاوی خۆم بینین، ئۆتۆمبێلی هەمەجۆرم دەبینین پڕبوون لە پێشمەرگە و بەرەو بەرەکان دەڕۆیشتن، بەتەنیشت سەربازەکانا تێدەپەڕین و کەسیان کاریان بەسەر ئەویتریانەوە نەبوو، ئاخر چ کارمان بەسەر خەڵکی ترەوە هەیە ئەگەر گەمارۆمان نەدەن، نەمانکوژن، ئەوان هاتبوون ئێمە بکوژن، ئێمە نەچووبووینە سەر ماڵ و حاڵی ئەوان، ئەگەر ئێمەش بۆ جارێکیش ئەو مەبەستەمان بوایە لەوانەبوو گۆڕستانی بە کۆمەڵ لە وڵاتەکەی ئێمەشدا بدۆزرابانەوە، ئەوانەش کە هەر هی خۆمانن، لە وڵاتی ئێمە تەنها گۆڕستانی سەربازەکانیان هەن، گۆڕستانی کۆن و نوێ، گۆڕستانی سەدان ساڵ کۆن تا نوێترین گۆڕستان، تا هەنووکەش لە قەدپاڵی چیاکان گۆڕستانەکانییان شاهیدن کە هەمیشە هاتوون بۆ داگیرکردنمان بۆ کوشتنمان، بۆ بەدیل بردنی گەنج و

لاوەکانمان بۆ بە کۆیلە کردنیان، فرۆشتنیان لە بازاڕی کۆیلەکانا، بۆ کەنیزەک کردنی کچ و ژنەکانمان و هەتک کردنیان، بۆیە چیاییەکان دەرفەتیان نەبووە بێنە دەشت و پێدەشتەکان و خەریکی کۆشک و تەلار بن، دەڤەری ئێمە وابووە، سەرەڕێی لەشکرە دڕندەکان بووە، چیاییەکان هەر بۆیان کراوە چەک لە خۆ ببەستن و پەنا بۆ چیاکان ببەن بۆ ئەوەی بەرگری لە مانەوەی خۆیان بکەن، بەرگری لە کەڕامەتی خۆیان بکەن، بەرگری لە چیاکان بکەن بۆ ئەوەی داگیر نەکرێن و بە پۆستاڵە نامۆیەکان گڵاو نەکرێن.

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دوای تێکشکانی بیابانییەکان، لەشکری ڕەشی ئەو دیوی ڕەشەباکان کە پێشتر نەماندیبوو، هەستمان پێ نەدەکرد، وەخۆ کەوت و ئاڵۆزی دروستکرەدوە. لەشکری نەفس نزم و نەدیتەکان ئازادییان لێمان کرد بە قوزەڵقورت. هەرچی هەمان بوو، لە داگیرکەرەوە بۆمان بە جێمابوو، نە بۆیان بردرابوو، نەبۆشیان چەپرەک کرابوو، وەکو خۆی بە باشی بەجێهێڵرابوو، هەندێ لە بازرگانە گەندەڵ و پاشۆڵشڕەکان، ئەوانەی کە بۆی هەیە هەواداری بیابانییەکان بووبن، یان هی هەرداگیرکەرێکی دی، یا هەر چڵێس و بێ سفەتێک، هەموویان برد، ئازیزان فرۆشتیان، هەموو ئامێر و تانک و زرێپۆش و خزمەتگوزارییەکان هەڵوەشێنران بردران، فرۆشران.

لەو ساتانەدا بیرم لەو تانکە دەکردەوە کە دێوانە شارڕناس بردبووی لە دەروازەی ئاگری پیرۆز دایناوبوو، شاهید بوو لەسەر پاڵەوانییەتی چیاییەکان، هەرچی بەوێدا هاتبا سەرسام دەبوو، بۆ چەند ساتێک بەرامبەر ئەو تانکە دەوەستا، باپیرەم دەیگوت:

– کە دێوانە شارڕناس ئەو تانکەی بە دەستی بیابانییەکان خۆیان بۆ ئەوێ برد، گوتبووی "ئەو تانکە لەسەر ئەو گردە و ئەو دووڕییانەدا زۆر مانا دەگەیەنێ، پیشانی داگیرکەران دەدەین کە ئێمە هەرگیز داگیر ناکرێین، ئەگەر چی توانیویانە ئەقڵی هەندێکمان بێ تانک و تۆپ داگیربکەن. لە مێژە وایان کردووە، لە مێژە ئەقڵیان داگیرکردووین، بەڵام چونکە هەر بەوە نەوەستان، زۆرمان بە ئاگا هاتینەوە، بۆیە جەختی لەسەر ئەوەش دەکردەوە کە ئەو تانکە هێمایەکە بۆ بە ئاگا هاتنەوەی هەموو ئەوانەش کە تا ئەمڕۆ ئەقڵیان هەر بە



داگیرکراوی ماوەتەوە، هەمیشە هێمایەکە بۆ هەموو ئەوانەی وادەزانن بە تانک و تۆپ چیاییەکان دەستەمۆ دەبن، ئەوەش مەحاڵە، تا منالێکمان مابێ چیاییەکان دەستەمۆ نابن، ئیرادەی ئێمە لەو ئاسنە نەفرەتیانە بە هێز ترە.

من لە داڵغەی خۆمدا بووم کە جوانڕۆی ڕۆحسووک وتەکانی کۆتایی پێهێنابوو، تا پەنجەکانی بە دواوەی سەرمدا نەهێنا بە ئاگا نەهاتمەوە، بە زەحمەت لەوە حاڵی بووم کە گوتی "برادەر بۆ کوێ ڕۆیشتی؟" کە تەماشام کردن هەموویان ئامادە بوون بۆ ڕۆیشتن، تەنها من مابووم خۆم بگۆڕم، هەمووجارێ دینۆ دەنگ گەورە پێی دەگوتم "تۆ هەمیشە لە خۆگۆڕیندا لە دواوەی" ڕاستیشی دەکرد، هەر ئەو لە دوابوونەش بوو وای کرد لە خێوەتگای بیاباندا لە خەو بمێنم و بەربنە گیانم تا پەراسوویان شکاندم، زۆر جاری دیکەش وام لێقەماوە، بەڵام هیچ جارێک بێ هۆکار نەبووە، هەرگیز ڕۆحم دابڕاو نەبووە لە ڕووداوەکان، هەرگیزیش لە ڕووداوە ڕاستەقینەکاندا دوانەکەوتووم، بۆیەش نەهری ڕۆحسووک هەردەم شاهیدی بۆ دەدام، دەیگوت:

– بەختەوەر مەگەر تەنها لەو شتانەی کە پەیوەندی بە خۆیەوە هەبێ ئەگینا هەمیشە بەر لە هەموومان ئامادەیە، بەرلەهەمووومان بە بەڵێ بە پیر نەڕەی چیاکانەوە دەچێ، لە ڕێکخستنەکاندا زێدەتر لە هەمووومان مشووری هاووڵاتییانی دەخوارد و هەرگیز سیاسەت و زانست و بارودۆخی کۆمەڵایەتی خەڵکی لە یەکتر جیا نەدەکردنەوە. بۆیەش هەمیشە جەختی لەسەر ئەوە دەکرد و دەیگوت:

– عاشقانی ئازادی هەر بە چەک شەڕ ناکەن، ئەوان بەر لە عەرد و بەرد ئەقڵ بە ئاگا دێننەوە، دڵەکان نەرم دەکەنەوە، ئەگەر دڵەکان بۆ ئازادی لێنەدەن، عەشقی ئازادی نەبن، هەرگیز ناتوانن شەڕی داگیرکەر بکەن.

## بەشی حەڤدەهەم

کە دەرچووین، خۆم بۆ نەگیرا تا ئارامدینم بینییەوە، ئارامدین ئەو ئارامدینە نەبوو کە لە ڕێگای مەرگدا بینی بووم. ئارامدین گەنجێکی هێندە شۆخ و شەنگ بوو دڵمان نەدەهات تەماشای بکەین. کە لە ماشێنەکە دەرچوو و پەڕاگەندە بوو، هەموومان ڕووناکیمان دەبینی بەسەر سەریەوە بە شەرمەزاری بەدوایەوە بوو. ئارامدین تەنها ئێسک و پێستی مابوون، لەگەڵ لێدان و ئەزیەتدان بچووک بووبووەوە، ڕەش هەڵگەڕابوو. بێجگە لەوەش بێدەنگ و هێمن و کڕوکپم هاتە بەرچاو. کە منی بینی باوەشی پێدا کردم و دەستی کرد بەگریان و گوتی:

– دەزانی هاوڕێ دوای من دایک و باوک و کەسوکار و هەموو هاوڕێکانیشم ئەنفال کراون. دەزانی هاوچیایی بەڕێز من تاقانەیەکی ناشیرینی بێ سوودی بێ کەسوکاری زیادەم لەو ژیانەدا. دەزانی هاوچیایی بەڕێز منیان لە ناخەوە بەزاندووە، لە ناخەوە هەتیویان کردووم. لەناخەوە ئینتیما و ڕۆحی چیایی بوونیشیان لێسەندوومەتەوە. دەزانی بەختەوەر گیان من بە زیادەوە ماوم، پێویستی نەدەکرد بمێنم. چەندین سەربازی بیابانی ڕەشی چڵمنی ناڕەسەن سوارم بوون و هەتکیان کردووم. لەسەر سک و هەردوو قاچ و هەردوو دەستیان لە پانایی ژوورێک و لەسەر تەختەیەک بەستمەوە، ئینجا بەنۆبەت، خوێن و کێم و گڵاوی خۆیان لە ناو سکم دەکرد. ئەوە بۆ جارێک نا، بۆ چەند جارێک بەشێوەیەکی سیستماتیک تا لە ناخەوە هەڕەسیان پێهێنام و تا هەتایە منیان بەزاند، لە ناخەوە منیان تاواندەوە. دەزانی بەر لەوەی وام لێبکەن چەند جار بوتڵییان لە دواوە دام. ئیتر من ئەو ئارامدینە نیم کە لەناو ماشێنەکەدا بینیت. من گیانێکی بێ ڕۆحی مردووم، خۆمیان هەتک کردووە، لەدوای خۆمیش هەرکێم هەبوو بردراوە، تەنانەت خوشکە دە مانگییەکەشم ئەنفال کراوە، باوکە پڕ هیممەت و بەسۆزەکەشم، دایکە نەخوێندەوارە خواپەرستەکەشم، هەموو خوشک و برا بەسۆزەکانیشم، هەموو هاوڕێ سەنگینەکانیشم،



هاوشارییەکانیشم، ئیتر کەسیان نابینمەوە. نازانم چ ڕووی داوە، ئەو خەڵکەی ئێمە بۆ ئاوا قات و قڕ کراون! دەزانی مانەوەم ئیتر گوناهە و مردنم باشترە. دەزانی کەسێکم نەماوە سەردانم بکات و ناوم بێنێت؟

توند منی گرتبوو، منی توند دەگووشی. هۆڕ هۆڕ دەگریا، پاشان گوتی:

– بڕوا بکەی یان نا، لە پێناو ئەو هێندە لاپەڕانەی نەهری ڕۆحسووک ماوم، تا دەیاندەمە دەستێکی ئەمین. بەر لەوەی سزای لە سێدارەدانی بەسەردا بدەن پێی گوتم، ئارامدینی ئازیز ئەو نووسینانە ڕۆحی چیاکانن، لەدووتوێی ئەو لاپەڕانەدا گوزارش لە خۆیان دەکەن، تکات لێدەکەم بییان پارێزە با ون نەبن، با ڕۆحی چیاییەکی وێڵ، دایک و باوک ئەنفالکراو، با بەیەکجاری نەمرێ، ئەو لاپەڕانە نیشانەی سەربردە پڕ کارەساتەکانی ئەو ڕۆحەن.

زەرفێکی خاکی چەوری پیس و پۆخنی دایە دەستم، ئینجا هەردوو دەستەکانی گرتم، من دەگریام و ئەویش دەگریا، هەموو برادەرانیش دەوریان گرتبووین، گیراوێکی زۆر لە تەماشاکردنی دیمەنی خەمناک و سامناکی ئێمە تێر نەدەبوو. ئەو دیمەنە دەرەنجامی دڕندەیی مرۆڤ بوو، مرۆڤ دژ بە مرۆڤ. بەداخەوە کەس ئەو هاوکێشەیە تێناگا. ئینجا دوای بێدەنگبوونێکی پڕ لە تاسان گوتی:

– هاوڕێیانی جەرگ سۆز خواتان لەگەڵ، لە بیرم مەکەن، تا سەر ئێسقان عاشقی چیاکان بووم، نەک من عاشق بم، بەڵکو خودی جەستەم پارچەیەک بوو لە عەشق ، یەک پارچە ئەشق، یەک پارچە خولیا، ئەوانیش ئەوەیان دەزانی بۆیە ویستیان ریسوام بکەن، بە زیندوویی بمکوژن. ماڵئاوا هەموو ئازیزان، ماڵتان ئاوا، تکایە لە بیرم مەکەن.

بێجگە لەوەی من و هەموو برادەران بە خووڕ و بە خروک و بە دڵێکی کوڵاو دەگریاین. لەگەڵ کۆتایی هێنانی بە قسەکان هەستم بە ساردی پەنجە نەرمەکانی دەکرد، وردە وردە شل دەبوون. وردە وردە دەستەکانی منی بەرەڵڵا دەکردن، زۆر بە سستی ئارامدین بەرەو داوەشین دەچوو، هەر هێندەم بۆ کرا توند باوەشی پێدا بکەم و بیگرم، هەرچەند بانگم کرد سوودی نەبوو، ئارامدین بوو بە جەستەیەکی بێ ڕۆح، ئارامدینم بۆ دوا جار بینی و ماڵئاواییشی لێکردم.

ئاخر رۆحی منیش بەرد نییە، چ رۆحێک هەیە هێندەی رۆحی ئێمەی چیایی قایم بێ، چ رۆحێک هەیە سۆزی کۆچی خۆی دیاری بکات؟ چ رۆحێک هەیە لەسەر زەوی هێندە بە ئازار و بە خەفەت سەربنێتەوە؟ لەو چرکە ساتانەدا ئەقڵ بە هەموو بەشەکانییەوە توانای دەرککردنی هیچی نامێنێ، ئا لەو چرکە ساتەدا لە شەو و رۆژێکدا دوو ئازیز و دوو برا و دوو برادەر و دوو هاوچیایی و دوو جوانەمەرگم لە دەستدان. جوانرۆ دەستێکی دانایە سەر شانم و گوتی:

– بۆ ئارامدین ئاوا باشتر بوو، ئێمە چیرۆکی ئەو دەزانین، جەللادەکان رۆحی پاکی ئارامدینیان بریندار کردبوو، بەڵێ بەسەختی برینداریان کردبوو، ئیتر بەردەوامبوون لە ژیانێک بە رۆحێکی بریندار، بە ویژدانێکی پڕ ئێش و ئازار، بە هەستێکی هەڵگلۆفێنرا و بۆگەکراو چ سوودێکی دەبێ. ئازیزم ئارامدینیان بە زیندوویی کوشتبوو، تازە ئاسوودە بوو، با رۆحی شاد بێ، ئارامگای پڕ لە ئاسوودەیی و بەختەوەری بێ. ئێستا ئەرکی ئێمەیە بەرەو زێدی خۆی بیبەینەوە.

ئەمجارەیان جوانرۆی رۆحسووک لە من ئارامگرتر و دانبەخۆداگرتر بوو، هەرچەند دەمکرد خۆم بۆ نەدەگیرا. گریانم نەهات بۆ نەهری، چونکە ئەو بە سەربەرزی و بە شکۆوە لە سێدارە درا، دوا هەناسەکانی خۆی لە دوو توێی چەند لاپەڕەیەکدا تۆمارکردوون، بەڵام ئارامدین بەو شێوە دڕندەییە نامرۆڤانە و بێویژدانانە ئازاربدرێ و هەتک بکرێ ئەمەیان بە مانای وشە کارەساتە، هەرگیز لە خەیاڵم دەرناچێ، کۆچی ئەو رقێکە هەرگیزاو هەرگیز دانامرکێتەوە.

ئێمە زۆر دواکەوتین، زۆرێک لەو بیابانییانەی گیرابوون کەسوکاریان لەوێ بوون لە چاوەڕێی گیراوە ئازاد کراوەکانیاندا بوون. بەڵام ئێمەی چیایی ئازادبوونیشمان هەر بێ مانا بوو، کەسێک نەبوو چاوەڕێمان بکات، هەموویان ئەنفالکرابوون. دوای چەند کاتژمێرێک پێیان راگەیاندین ئێوە هیچی ئارامدین نین، جەنازەکەی نادەینە دەست ئێوە، تا کەس و کاری خۆی نەیەن و نەیبەنەوە. جەنازەکەی لە شوێنی تایبەت بە جەنازەکان دەپارێزرێ. ئێوە بڕۆن و زیاتر نە مافی مانەوە و نە مافی قسەکردنتان هەیە. هەرچەند پێمانگوتن ئەو کەسی نەماوە هەر بێسوود بوو.



بۆیە ناچاربووین بڕۆین، ناچارکراین لە گرتووخانەکە دەرچین، ناچارکراین ئازیزێکی ترمان لە قووڵایی گرتووخانەیەک، لەگەڵ لاشەی پیرۆزی رۆحسووک بەجێبێڵین. رۆیشتێنێکی بێ ناز، کۆچێکی پڕ لە ئازار. رۆحت شاد بێ ئارامدینی شێر.

لە سەرگەرمی ئەو گفتوگۆیانەدا بیابانییەکی گیراو هاتە پێشمان و پێی گوتین:

– لە مێژە تەماشای ئەو سەبردەیە دەکەم کە ئێوەی تێ کەوتوون. برا، ئەگەر چی منیش رۆحم، ویژدانم، کەرامەتم بە دەستی هاو نەتەوەییەکانم بریندار کراوە و کەس و کارییان کوشتووم و هەرچی بۆیان کراوە لە دژی بنەماڵەکەم درێغیان نەکردووە، لەگەڵ ئەوەش هەست بە شەرمەزاری دەکەم کە ئەو هەموو کارەساتە بەسەر ئێوەی چیایی هێنراوە، هەست بە شەرمەزاری دەکەم چونکە بەناوی بیابان دەکرێت، بە ناوی منیش، بە ناوی خانەوادەکەشم، بە ناوی خێڵ و نەتەوەکەشم. من ئاگام لە هەموو شتەکانە، لەگەڵ ئارامدین گفتوگۆم زۆر کردووە، باسی نەهری رۆحسووکی زۆر بۆ کردووم، نازانم ئەو ئێستا لە کوێیە، ئازاد کراوە یان نا، کە ئومێد دەکەم ئازاد کرابێت، بەڵام ئەوەی بەلامەوە گرنگە و دەمەوێ بیڵێم، دڵنیاکردنەوەتانە، ئێمەی بیابانی، هەزارانمان رۆحیان و سۆزیان لەگەڵ ئێوەیە، پشتیوانی لە ئێش و ئازارەکانتان دەکەن. تکاتان لێ دەکەم وەکو یەک هەژمارمان مەکەن، بە یەک چاو تەماشامان مەکەن، ئێمە چەند لەو بیابانییە خوێڕییانە بەرین، هێندەش لە رەفتارەکانییان، هێندەش لە داگیرکردنی وڵاتی ئێوە و تێکدان و خاپوورکردنی ژیانی ئێوە. ئەو دڕندانە لەسەر پرسە مەزهەبییەکان بەچاوی بێگانە تەماشامان دەکەن. گومانیان لە دڵسۆزی ئێمە هەیە. بەڵام ئێمەش خۆمان نەداوەتە دەست ئیرادەی ئەو تاوانبارانە.

زانیم ئەو گیراوە لە ناخەوە گفتوگۆ دەکات، رقی ئەوان لەو دەستەڵاتەی بیابان هەموو سنوورەکانی بەزاندوون، دەستی ئەو رقە گەیشتە زیائوننور و زێرەڤان و دەیان چیایی تر. داخۆ شەپۆڵی ئەو رقە چەند دەڤەر و ناوەندی تر وەژێر خۆی بگرێت و وێرانی بکات! کەسمان ئەوە نازانین، ئەوەی لەبەرچاومان

روونە تەنها رق لەو بیابانە جڵەو بەدەستە و بچووکترین دەرفەت هەموویان دەکەونە ناو یەک و تۆڵە لە یەکتر دەسەننەوە. ئەوەش کە گرنگە لێرە لە گرتووخانە فێر بووین کە بە یەک چاو تەماشای هەموو بیابانییەکان نەکەین، هەموویان وەکو یەک نین، هەموویان دوژمنی چیاکان نین، ئەوانیش لەوە تێگەیشتوون کە ئێمە لەوان جیاین، پێویستە هاوکار بین و دوژمن نەبین، بەڵام هەرگیز ئەوەم لە بیر نەدەکرد پێیان بڵێم "ئێمە هاوکاری راستەقینە دەبین، بەڵام کەی وڵاتی ئێمەتان بەجێهێشت، کەی سوپا و دار و دەستەکانتان گەڕانەوە بنکە و بارەگاکانی خۆیان لە بیابان ئەو کاتە ئێمە لە ئێوە زیاتر دەستی دۆستایەتی درێژ دەکەین.

زۆرێک لە بیابانییە ئازادکراوەکان دەهاتن پاکانەیان لە خۆیان و هاوبیر و هاوکارەکانیان دەکرد، قسە و گفتوگۆمان لەگەڵ زۆرێک لەوان دەکرد. زۆریان ناو و ناونیشانی خۆیان دایە ئێمە، زۆر بە گەرمی داوایان دەکرد سەریان لێبدەین. یەکێک لەوانە ناوی ئەبولحەسەن ئەلکەوثەر بوو سوور بوو لەسەر ئەوەی ناونیشانی ئێمە بزانێت، ئەگەر چی سەرەتا پێم گوت:

– سوپای بیابان هیچ ناونیشانێکی بۆ ئێمە نەهێشتۆتەوە. بە دڵنیاییەوە پێت دەڵێم، بستێک لە دەڤەری چیاکان نەماوە بیکەم بە ناونیشانی خۆم، چونکە هەمووی وێران کراوە. بەڵام ئەگەر هاتیت پرسیاری ئاگری پیرۆز بکە، ئەگەر ئاوەدانی تیابوو بە هیچ شوێنێکی تری ناگۆڕمەوە لەو دونیایە، ئەگەر هەر وێرانیش بوو ئەوە بزانە ئێمەش هەر وێران و بێ ناونیشان ماوینەتەوە، ئەو ساتە ئەنفالکراوەکان لە کوێ بن ئێمەش لەوێ دەبین.

ئەبولحەسەن بەڵێنی پێدام لە دەرفەتێکی نزیکدا سەردانمان بکات. ئەو ئارامدینی زۆر باش دەناسی، زۆر باسی دەکرد، تەنانەت دایک و باوک و کەس و کاری ئارامدینیشی دەناسین، زۆر بە پەرۆش بوو بۆ هەموویان. بەڵام سەبارەت بە خۆی هەمیشە ئەوەی دووپات دەکردەوە کە ئەوانیش دیلی کۆمەڵێکی خێڵەکی دواکەوتووی تاریکپەرستی دژە مرۆڤن. بۆیە پێی وابوو دەبێت بە هەموومان دژی ئەو دژە مرۆڤانە خەبات بکەین.



تا بەڕێ کەوتین ئەو رۆژەمان لێرە هەر لە گرتووخانە تەواو کرد، بوو بە ئێوارەیەکی درەنگ، زەوی تاریک بووبوو. چونکە شەوی رابردوو چاوەڕێی فڕین بووین، هەندێکیش چاوەڕێی شادبوونەوە بوون بە کەسوکار و بە جێ ژوانەکان، کەسمان نەخەوتبووین، چونکە کۆچی ئارامدینیش کۆستێکی گەورە بوو و هەموومانی تاساندبوو، بۆیە زۆربەیان لە ناو پاسەکەدا خەوتبوون. شەوی رابردوو هەر یەکێک بە شێوازێک ئاهەنگی دەگێڕا. هەمان بوو تەنها بە دروستکردنی غەڵبەغەڵب، بە هاوارکردن، بەسەربادان و قاچ لە زەوی قایم کردن، بەدەستی یەکتر گرتن و هەڵپەڕکێی چیاییەکان، کەسیان ئاگای لە خۆ نەبوو، هەموویان مەست بوون بە بۆنی ئازادی، بە بۆن و بەرامەی کەزییە ئەفسوونییەکانی ئەوێ، ئەوێی نیشتمان، ئەوێی دایک. هەمان بوو بە رشتنی فرمێسکی بەختەوەری، ئەو فرمێسکانەی کە تێکەڵ بوون بە هیوا و بە ترس. بە هیوا بۆ ژیانێکی ئازاد و دوور لە چارەی جەلاد و ئەو دڵڕەقانەی کە مانای سۆز و بەزەییان بە خەیاڵیشدا نەدەهات. ترسیش لەو رۆژە نادیارانە بوو کە تەمەنی درێژی ناو گرتووخانە دروستی کردبوو، لەو ساتانە بوو کە بۆی هەبوو دەیان پرسی چاوەڕێ نەکراو وەخۆ هەڵبگرن، ترس بوو لە دەرچوونی بەندیخانەیەک بۆ بەندیخانەیەکی جیاواز، بەندیخانەی چاوەڕێکراوە کتوپڕییەکان، بەندیخانەی شتە نادیارەکان. دەمانزانی چونکە هەستمان دەکرد، ئەو ئازادبوونە دەرچوونە بەرەو بەندیخانەیەکی جیاواز، بەڵام چ جۆرە بەندیخانەیەک، ئەوە لای کەسمان ئاشکرا نەبوو، یەکەم نیشانەشی کۆچی ئارامدینی جوانەمەرگ بوو.

بۆ منیش گوڵچینی شێرەچیا هیوا بوو، ئەو ترسەش بوو کە نەمدەویست باوەڕی پێ بکەم. نەمدەویست باوەڕ بەوە بێنم کە گوڵچینی شێرەچیا ئەنفال کرابێ، یا خوانەخواستە جارێکی تر نەیبینمەوە، زەندەقم لەو چرکە ساتە چووبوو کە یەکێک بیەوێ بڕوام پێ بێنێ کە ئەو ئێتر نابینرێتەوە، یا ئێتر ناگەڕێتەوە. کە بیرم لەو ساتانە دەکردەوە بەر چاوم تاریک دەبوون و دڵم هەڵدەچوو و بۆنی مردنم دەکرد. هیچ هێزێکیش نییە لەسەر زەوی قەناعەتم پێبێنێ و بڵێ ئێتر چش، ئێتر تەواو، گوڵچین ئەنفال کرا. نامەوێ بیر لەو ساتە بکەمەوە، نامەوێ ئەو کەسەش ببینم کە ئەویان بینیبێ کە سواری ئیڤایەکی

سەربازی کرابێت و بە ژێر دەستی بردرابێ، هەموو گیانم دەیگوت، نا گوڵچینی شێرەچیا وا لە خەڵوەتی دایاندایە، چاوەڕێی من دەکات، چاوەڕێی ئەو ساتانە دەکات کە هەموومان بچینەوە ئاگری پیرۆز و دەست بە ژیان بکەینەوە. نەمدەویست باوەڕ بەوە بێنم کە ئیتر ژیان دوای ئەنفال درێژەی دەبێ. درێژەی ژیانی کوڕێک دوای ئەنفالکردنی دایکی بۆچییە؟ نازانم، ئەو کەسانەی پێیان وابێ دایکیان ئەنفال کراوە، چۆن دەژین! بۆیە ئەوەی بیگوتبا دایکت لەوێیە، لە گۆڕە مۆدێڕنەکانی بیابانە، لە حوزووری دایاندا مۆڵەتی خواستووە و ئیتر گەڕانەوەی بۆ نییە، بەسەریدا دەمقیژاند و لێوەکانی خۆم لە خەفەتان هەلا بەهەلا دەکردن هێندەی بیانکرۆژم، پەنجەکانم خوێنیان لێ دەچۆڕایەوە هێندەی بیانتەقێنم، چاوەکانم سوور هەڵدەگەڕان و ئەوەی لەوێ بوایە بەپەلە دەڕۆیشت، لە دەرەنجامێکی نادیار ترسی لێ دەنیشت و دەڕۆیشت.

ئەو راستییانە راستەوخۆ هەستیان پێناکرێ. راستەوخۆ دوای دەرچوون لە زیندان هیچ راستییەک راستی نین جگە لە وەهم. هەر چەند پاسەکە لە چیاکان نزیک دەکەوتەوە، وەڵامەکانیش پەرتوبڵاوەیان لێ دەکرد، زیاتر ئازارەکان سەریان هەڵدەدا. زیاتر لە راستی نزیک دەکەوتینەوە، بەڵام نەک ئەو راستییەی کە ئێمە دەمانویست، بەڵکو ئەو راستییەی کە هەبوو، راستییەک نەبوو لە خەیاڵداندا، راستییەک بوو لەسەر زەوی. راستییەک بوو مردنی دێوانە شاڕناسی رادەگەیاند. راستییەک بوو ئیتر دەنگ و باسی خاتوونە پیرۆزمان بۆ ناهێنێ، راستییەک بوو ئیتر چاوسوورکردنەوە و رقی پیرۆزی ئارامدین نەماوە سەرسەختی بکات و ملکەچی ئیرادەی داگیرکەر نەبێ. راستییەک بوو سەوزایی سەرجەم دەڤەری چیاکانی رەش هەڵدەگێڕا و لە بۆنی سووتان و خەڵوز و دووکەڵ ئیتر بۆنێکی ترم بەدی نەدەکرد، بۆنێکی تر لەو دەڤەرەدا خۆی ئاراییشت نەدەدا، ئەگەر بۆنێکی تر هەبوایە تەنها بۆنی مردن بوو، بۆنی کەلاکە تا هەنووکە زیندووەکانی ئەنفالچییەکانە، بۆنێکە تا ئێستا ئەلتەرناتیفی نییە، ئەو بۆنەی کە رەنگەکەی کەسک و سوور بوو مردنیشی وەخۆ هەڵدەگرت. بۆیە هەموو جارێ بە دایکم دەگوت:



– ئاخر دایە خۆ ئەوەی کەسک و سوور بوو نیشانە نییە بۆ بەهار و بۆ گوڵەکانی. نیشانە نییە بۆ مژدەیەکی تر. دەکرێ هێمای مردن بێ، هەڵمەتی بیابانییەکان بێ بۆ هەڵتەکاندنی چیاکان و بە بیابانکردنی هەموو دەڤەری چیا. پێم دەگوت:

– دەبڕۆ لە دایان بپرسە، دڵنیابە دەزانێ، هەموو رۆژێک چاوەڕێی هەڵمەتی راگواستن دەکات، خۆی ئامادە کردووە بۆ ئەوەی رووبەڕووبێتەوە لەگەڵ بیابان، بۆ ئەوەی تا هەتایە یەکماڵەی بکەنەوە، بۆ ئەوەی چیتر خۆی بەرزتر لە بیابان نەبینێ، ئاخر هەرگیز بیابان ئەوە قەبووڵ ناکات بەهەشت لە دەڤەری چیا بێ و نەشتوانن بۆی بێن، ئەوە هەرگیز قەبووڵ ناکەن چیاکان لە بیابان بەرزتر و شکۆدارتر بن، هەرگیز قەبووڵ ناکەن بیابان بۆنی تۆز و هەناسەی تەنگی سەرابی لێ بێ، چیاکانیش بۆنی هەڵاڵە و نێرگز، ئاخر ئەو هاوکێشەیە لە دیدی ئەوان لا سەنگە، دەبێ راست بکرێتەوە، دەبێ دایان سەری پانکرێتەوە و رێگا سەخت و کویرکەکانی ئاگری پیرۆزیش ئیتر واڵا ببن بۆ تانک و زرێپۆشە دڵڕەقەکانی بیابان.

ئا لەو داڵغانەمدا هاتە بیرم کە دەستنووسی وەسیەتنامەکەی نەهری رۆحسووک لای منە. وەکو شێت پەلاماری جانتاکەم دا، لاپەڕەکانم دەرهێنان. یەکەم لاپەڕە سپی بوو، بەڵام لە لاپەڕەی دووەم نووسیبووی وریابە ئەو دەستنووسە لاپەڕەی سپی تێدا نییە. سەرم سووڕما لەو تێبینییە، دوایی بەرەو لاپەڕەی سێیەم رۆیشتم. نووسینەکە لە وەسیەت نەدەچوو، ئامۆژگاری نەبوو، نازانم چی بوو، گرنگ ئەوەیە نووسین بوو. لە یەکەم سەردێڕدا نووسیبووی:

"کۆچێک بۆ گەڕانەوە، گەڕانەوەیەک لە پێناو ماناکاندا، ئەو مانایانەی مەبەست لە ژیان بەدەستەوە دەدەن، ژیانێکی راستەقینە نەک وەهم".

نەختێک بیرم لەو دەستەواژانە کردەوە، ئاخێکی قووڵم هەڵڕشت، بەزەییم بە خۆمدا دەهاتەوە، هەندێک جار رقم لە خۆم دەبووەوە. بۆ دەبێ هێندە کاڵفام بم، بە خێرایی لە مەبەستەکانی شەهید حاڵی نەبم. هەموو جاری جەمالی پەرستار بەوە دڵی دەدامەوە، دەیگوت:

– خەپە گیان خەفەت بەوە مەخۆ، ئاخر بە ئاسانی لە حیکمەت حاڵی بوون حیکمەتبوونی خۆی لەدەست دەدا. هەموو کەسێک بە ئاسانی لە حیکمەت حاڵی نابێ، بۆیە هەموو کەسێکیش ناتوانی حەکیمانە بجوڵێتەوە.

باپیرەشم دەیگوت:

– حەکیمەکان لە رووی جەستەییەوە کەسی ئاسایین، لە رووی قەبارەی مێشکەوە یا هەر کاراییەکی دی بۆ حەکیم بوون، جیاوازییان لەگەڵ کەسە ئاساییەکاندا نییە. جیاوازی لە تێکۆشانە، لە شەونخونی و کۆڵنەدانیان دایە، حەکیمەکان هەوڵیان داوە لە ماناکانی ژیان حاڵی بن، حاڵی بوونیشیان بووە بە ئەزموون بۆ ئێمە، ئەزموونەکەش لە رێی نووسین بۆ ئێمە گوازراوەتەوە.

پاشان سەرنجمدا رۆحسووکی شەهید نووسیبووی:

"داگیرکەر نەیهێشت تام لە ژیان بکەم، ئەوەشم زۆر بەلاوە گرنگ نەبوو، بەقەد ئەوەی منیش بتوانم ژیان لەوان تاڵ بکەم. لەگەڵ ئەوەش کە داگیرکەر لە هەموو رووەکانی هێز و دەسەڵات لە ئێمەی چیایی بە تواناترە، بەڵام هەمیشە لەو کێشەیەدا ئایین و ئەخلاق و سۆزی ئێمەی قۆستۆتەوە، بۆ خۆشی هەموو شتێکی هەبووبێ ئایین و ئەخلاق و سۆزی نەبووە، هەر ئێمەش بە نەبوونی ئەو شتانە تاوانبار کراوین".

"ئەوانەی سەدان ساڵ لەمەوبەر پێیان وابوو رووناکییان بۆ هێناوین، دونیای ئێمەیان تاریک کرد، ئەمڕۆش هەر پێیان وایە دەبێ لە سایەی رووناکی ئەواندا بژین، لە وەهمدا دەژین. حوکم لەسەر مێژوو نادەم، باپیرانمان بە خۆشی یا بە ترشی رووناکی بێگانەیان قەبووڵ بووبێ، ئەوە کێشەی خۆیان بووە، بەڵام ئەمڕۆ تێگەیشتنەکان گۆڕاون، رووناکی ئەوان ئەمڕۆ بۆ من ئەنفالە، رەشەبای ژەهرە، لەبەینچوونی چیاییەکانە، بەکۆمەڵکوژیمانە، راگواستن و زەلیل بوونمانە. رووناکی ئەوان بۆمن بێجگە لە وەهم شتێکی تر نییە، ئەوانەش کە پێیان وانییە، لە وەهمدا دەژین. ئاخر هاوکێشەیەکی زاڵمانەیە بێگانە پێی وابێ من پێویستیم بە رووناکی ئەو هەیە بێ ئەوەی من داوای لێ بکەم، دوێنێش هەر وابووە، ئەوان بەرژەوەندییان وابووە خەڵکی تر شوێنکەوتەی ئەوان، ئەمەش تەنها لە رێگای ئایینەکان کراوە. ئەوان وا تێدەگەن ئەمڕۆش دەبێ ئەو سەردەستییە بۆ



خۆیان بمێنێ، ئەوەی لەسەر ئایینی ئەوان بێ دەبێ لە ژێر دەسەڵات و کاریگەری ئەوانیشدا بێ. ئای کە گەوجن ئەو چیاییانەی کە وەکو بێگانە بیر دەکەنەوە. ئای کە گەوجن ئەوانەی پێیان وایە ئەمڕۆش هەر بەشێکە لە دوێنێ و زوڵم و قەهری سەردەستان پەیوەندی بە دوێنێ و بە بیر و هزری دوێنێیانەوە نییە. ئای کە گەوجن ئەوانەی مافی ئامۆژگاری خەڵک لە خۆیاندا گل دەدەنەوە و ئەوەش هاوبیر نەبێ بە بۆچوونی ئەوان گلاو و ناتەواوە. ئەمانە هەموویان هاوکێشەی زاڵمن. ئەم بیرۆکانەش زەمینەی درێژبوونەوەی تاریکە شەو خۆش دەکات و سپێدەی چیاکانیش هەمیشە دوا دەخات".

"بڕواهێنان بە داگیرکردنی گەلان، زەمینەسازکردنە بۆ ئەنفالکردنیان. ئەنفالکردن لە نییەتەوە دەست پێدەکات، بە لێسەندنەوەی ئازادی و زمان و کەلتووری تایبەت بە گەلان دەست پێدەکات، بە راگواستن و پەرتکردن و زاڵبوون بەسەریاندا تێپەڕ دەبێ، بە سەپاندنی ئایین و کەلتوور و بیر و هزرەکانی خۆیاندا درێژدەبێتەوە، تا دەگاتە لوتکە، تا دەگاتە زیندەبەچاڵکردنی گەورە و گچکە، خنکاندنیان بە ژەهر، پاکتاوکردنی رەگەزیان".

"بۆ دەبێ چیاییەکان بە یەکسانی و دادپەروەری وەکو ئەوان نەژین، بۆ ئەگەر زۆر بۆ بەرژەوەندییەکانی بێگانە هات وەکو سەگی هار خۆیان دەخۆنەوە. ئاخر چ هاوکێشەیەکی زاڵمانەیە، بیابانییەک بڕوای بە چارەنووسی من نەبێ، چونکە پێی وایە چارەنووسی ئەو دەکەوێتە مەترسی، چونکە چیتر ناتوانێ چیاکان بدۆشێ".

"ئەگەر وا تێبگەین ئێمە تازە ئەنفال کراوین، گێژییە. پرۆسەی ئەنفالکردن سەدان ساڵە لە بڕەودایە. بۆ وادەزانن خەو زڕاندنیش بە زوڵم ئەنفالکردن نییە؟ لەشکرکێشی بۆ سەر هەر دەڤەرێک بە مەبەستی داگیرکردنی و لێسەندنەوەی ئازادی دانیشتوانی ئەو وڵاتە ئەنفالکردن نییە؟".

"بەڵام هەموو ئەو شتانەش مانای ئەوە ناگەیەنێ کە چیاییەکان بێگوناهن. ئێمەی چیایی بێگوناه نین، کەسایەتی ئێمە شێوێنراوە، یا شێواوە، بە هەر هۆیەک بێ ئێمە جەستەیەکی نەخۆشین، بۆیە ئەنفال دەکرێین. لەوەش نەخۆشتر ئامادە نین دان بە نەخۆشی خۆماندا بنێین. بۆیە وا تێدەگەین ئێمە بێگوناهین،

ئەوەی وا تێبگا لە وەهم دەژی، بە دڵنیاییەوە نەخۆشی لە ئێسقانەکانمانی داوین، چیاکانیشمان سەرگەردان کردوون، تا دان بەنەخۆشی خۆماندا نەنێین بە ئاگا نایەینەوە، تا بڕوا بە دەرمان نەهێنین بەردەوام ئەنفال دەکرێین. دەرمانیش دەبێ خۆماڵی بێ، دەبێ هێنراو نەبێ، دەبێ بڕوا بە خۆمان بێنین. دەبێ بڕوا بێنین کە چیاییەکان لە چیاییەکان حەرامن، خوێنیان، ماڵیان، کەرامەتیان".

"چیاییەکان لە چیاییەکان حەرامن، خوێنیان، ماڵیان، کەرامەتیان".

چەند جارێک ئەو دەستەواژەیەم گوتەوە، تا لەو ساتەدا جوانرۆی ڕۆحسووک دەستی نایە سەر شانم و گوتی:

– هاوڕێ گیان، لە مێژە بەڕێگاوەین، بەرەو بەیان دەچین و زۆریشمان نەماوە بگەین و ئارامدین و ڕۆحسووکیشمان بە جێهێشتن. ئەمە تاوانە خەپەی برا، ئارامدین بەزگیدا و ڕۆحسووکیش شەهید کرا. ئیتر نە ئارامدین چیاکان دەبینێتەوە و نە ڕۆحسووکیش عاشقەکەی، ئیتر ئێمەش ئەوان نابینینەوە. من سەرسامم نازانم چ وەڵامێکی چیاکان بدەمەوە، کە لێم بپرسن بۆ تۆ هاتیتەوە ئەوان نەهاتنەوە؟ چ وەڵامێک بدەمەوە هەڤاڵ.

– ئازیزم ڕۆحسووک تۆیت؟ ئەو حەکیمی ئێمە بوو. ئەو وەکو جەستە لە ناومان نەماوە، بەڵام حیکمەتەکانی لێرەن، ئازیزم لە دووتوێی ئەو هێندە لاپەڕانەن. منیش لەمەودوا دەبم بە ئارامدین، بەڵێ دەبم بە ئارامدین، لەمێژیش بوو ئارامدین لە ناخی مندا دەژیا، ئەوانەی ویستیان ئارامدین هەتک بکەن لە ڕاستیدا هەموومانیان هەتک کردووە. بۆیە هەر دەبێ ببم بەو بۆ ئەوەی هەندێ لە ئازارەکانی ئارامدین کەمکەمەوە. ئیتر خۆم بەخت کردووە بۆ دۆزینەوەی گوڵچینی شێرەچیا. هەر بەردەوام دەبم، بەڵام چیتر بەختەوەر نییە بەردەوام دەبێ، ئیتر ئارامدینە. ڕۆحی ئارامدین، ڕەفتاری ئارامدین. ئیتر ناوی ئەو هەڵدەگرم، گرنگ نییە بەختەوەرێک بوونی هەبێ، چونکە تا هەنووکەش ئەو بوونە بە هیچ کوێیەک نەگەیشتووە، هیچ سەروەرییەکی بۆ چیاکان تۆمار نەکردووە، تا هەنووکەش نەیتوانیوە سەروسۆراغێک لە گوڵچینی شێرەچیا هەڵکا، نەیتوانی کارێک بۆ نازداری مام دارۆ بکات و لە دەستی نەگریسی عەبود ڕزگاری بکات، بۆیە رایدەگەیەنم لێرەوە بەختەوەر دەمرێ، ژیانی بەختەوەر



لێرەوە کۆتایی پێدێ، ئیتر ئەوەش کە بەو ناوە بانگم بکات وەڵامی نادەمەوە، چونکە ئیتر من بەختەوەر نیم، ئیتر من ئارامدینم. ئارامدین نەمردووە، هەروەکو ڕۆحسووکیش نەمردووە.

جوانرۆ بە ئاخێکی قووڵەوە هەڵیدایە و گوتی:

– بەداخەوە خەپەی برا ئەمەش وەهمێکی ترە. ئێمە هەرگیز نابین بەوان. ئەوان ڕۆیشتن بەڵام سەروەرییان بۆ ئێمە بەجێهێشتووە، گرنگ نییە ناوی ئەوان هەڵبگرین یان نا، گرنگ ئەوەیە کۆڵ نەدەین، گرنگ ئەوەیە بڕوا بە گۆڕان بێنین، گۆڕانی ئەقڵ، گۆڕانی ڕەفتار، گۆڕانی شێوازەکانی خەبات. دڵنیام بگەینەوە دەڤەری خۆمان زۆر هاوکێشەی ناو مێشکمان دەگۆڕێن، چونکە واقیعەکە گۆڕاوە، لەوێ ئێستا گەڕەلاوژێ دەسەڵاتدارە، گەڕەلاوژێ لە ئەقڵ بەر لە واقیع. تا گەڕەلاوژێی ئەقڵیش نەگۆڕین هی واقیعیش ناگۆڕدرێ.

گوێم لێت بوو کە نووسینەکەی نەهری ڕۆحسووکت دەخوێندەوە، گوێم لە دوا ڕستە بوو، کە دەتخوێندەوە:

"چیاییەکان لە چیاییەکان حەرامن، خوێنیان، ماڵیان، کەرامەتیان".

بەڵام چیاییەکان ئێستا لەو حەرامەدا مەلەوانی دەکەن، لە پێناو حەرامەکاندا لە حەرامەکان مەلەوانی دەکەن، یا باشتر بڵێم لە پێناو وەهمەکاندا لە حەرامەکاندا مەلەوانی دەکەن.

دەمزانی جوانرۆی ڕۆحسووک ڕاست دەکات. ئەوانبوون بە هەڵگرتنی ناو نییە، بە هەڵگرتنی ڕەفتاری ئەوانە. نەهری ڕۆحسووک نەخۆشییەکانی دەناسین، لەسەر چیاییەکانیشە ئیتر هەوڵدەن چیتر بە نەخۆشی نەمێننەوە. ئەگینا ئەنفال درێژەی دەبێ، زنجیرەی شەوە تاریکەکانیش درێژەیان دەبێ.

دەمزانی پەیتا پەیتا لە دەڤەرەکەمان نزیک دەکەوینەوە، هەر چەندیش نزیک دەکەوتینەوە دڵم زیاتر دەکەوتە لێدان، دڵی عاشقێک بۆ جێژوانی مەعشوقەکەی، ترسی عاشقێک بۆ نەدیتنەوەی مەعشوقەکەی. لە ناو ئەو پاسە ئەستەم بوو بە ئاسانی گوێمان لە قسەی یەکتر بێ، دەبوایە هاوارمان بکردبایە، چونکە هەموویان دڵخۆش بوون و چەپڵەیان لێدەدا، گۆرانی هەمەجۆریان دەچری. ئاخر ئەوە ئەستەم بوو باوەڕ بکرێ، لە زیندانی داگیرکەر، لە ژووری هەڵواسین بۆ

پانتاییە ئازادییەکان، بۆ گەڕانەوە بۆ باوەشی چیاکان. ئەگەر من هێشتاش هەر پێم وابوو بۆ گەڕانەوە بەرەو نادیار، بۆ گەڕانەوە بۆ باوەشی چیا بریندارەکان. بۆ دیدەنی ئەو دارە بەرزانەی کە چێژیان لە ئازادی نەبینیوە، چونکە چیاییەکان ڕوویان لە درەختەکان و لە داربەڕووەکان دابڕیوە و سەرقاڵی ناڕەوایین، سەرقاڵی بڕینەوەی درەختەکانن. سەرقاڵی فرۆشتنی داهاتە گشتییەکانن بۆ گیرفانی تایبەتی خۆیان.

بە دەنگێکی بڵند بە جوانڕۆم دەگوت: تۆ هەموو ئەو قسانەت بۆ نەهری ڕۆحسووک کردبوون، بۆیە نووسینەکانی پڕ لە ئێش و ئازارن. ئەوەنییە دەڵێ:

"چیاییەکان لە چیاییەکان حەرامن، خوێنیان، ماڵیان، کەرامەتیان".

ئەو پێی وابوو عەولاغا حاڵەتێکی ڕێزپەڕە لە ئاگری پیرۆز، چونکە لە ئاگری پیرۆز دیاردەی عەولاغا قێزەون بوو، خەڵکی قێزیان لێدەکردەوە، بۆیە هێندەی لە کاریگەری ئایدیۆلۆژیاکان دەترسا هێندە لە دیاردەی عەولاغا نەدەترسا. بەڵام دواتر ئەو دیاردەیە سنووری ئاساییەکانی بڕین، بۆتە نەخۆشییەکی درمی کوشندە، بووە بە پەتا. بووە بە دیاردەیەکی تایبەت بە چیاییەکان، لە کوێ باسی چیاییەکان بکرێت باسی خۆفرۆشی و ناتەبایی و دووبەرەکیش دەکرێت. ئەگەر ئەم دیاردەی خۆفرۆشتنە بە داگیرکەر ڕاڤەکردنی هەبێت، ئەی خۆخۆری چیاییەکان لەسەر ماڵ و موڵک و دەسەڵات چۆن ڕاڤە بکەین؟ ئەوان لە لایەک خۆیان بە چیایی و بەرگریکاری چیایی دەزانن لە لایەکی تریش لەگەڵ چیاییەکانی دی، ئەوانەی کە وەکو ئەوان بیرناکەنەوە دەکەونە شەڕ و یەکتر دەکوژن. جوانڕۆی ڕۆحسووک هەرکێ دوژمنی وەکو ئێمەی هەبێ دەبێ خوێنی یەکتر بە پیرۆز بزانێ، دەبێ پشتی یەکتر بگرن و نەتەوەکەیان نائومێد نەکەن.

جارێکی دی دەگەڕامەوە سەر نووسینەکانی نەهری ڕۆحسووک، ئەو نووسیبووی:

"من هەست بە شەرمەزاری دەکەم، بۆ دەبێ ئەنفال بکرێین، ئەی ئەوە لێسەندنەوەی کەرامەت نییە؟ ئەی دوای ئەنفال کردن تا ئەمڕۆ ئەو کەرامەتەمان دراوەتەوە؟ نەخێر، نەدراوەتەوە و نە دەشماندرێتەوە، ئەگەر بە دەستی خۆمان وەرینەگرینەوە. ئەوەش کە جێی داخە ئەمڕۆ چیاییەکان مێژوو دروست ناکەن،



چونکە بۆ گەڕاندنەوەی ئەو کەرامەتە کۆشش ناکەن، ئەمڕۆ لەو چرکە ساتانەدا لە ژێر کاریگەری کولتووری داگیرکەران داین، لە ژێر کاریگەری بەنجی خۆپەرستی و تاکڕەویدا داهاتووی دەڤەرەکەمان نابینین".

"ئەوانەی دەیانەوێ مێژوو دروست بکەن، دەبێ وەکو وڵاتپارێز دەربکەون، دەبێ لەکاروانی خۆئازادکردندا بەشداربن. ئەو کاروانەش دەبێ کاروانێکی چەکدار بێ، بە مەعریفە، بە ئارامگرتن و سووربوون لەسەر بەدەستهێنانی ئازادی".

"زۆر جار ئاخافتنم لەگەڵ خودا ئەنجامدەدا. ئەویش ڕازی بوو گوێم لێ بگرێ. هەموو هەستەکانیشم پێیان دەگوتم خودا ڕازییە گوێت لێبگرێ، نەک هەر ئەوەندە، بەڵکو ڕازییە گوێ لە هەموو کەسێک بگرێ بێجگە لەوانەی خۆیان ناناسن. ئەو دەیگوت: ئەوەی خۆی نەناسێ منیش ناناسێ، خۆ ناسین خوا ناسینە. ئەوەش کە خۆی ناسی ئیتر پێویستی بەمن نامێنێ".

لێرەدا بیرم لەو هاوکێشەیە دەکردەوە، بیرم لەوە دەکردەوە کێ بڕیار دەدا کە کەسێک بە پلەی خۆناسین گەیشتووە؟ دەبێ من بە پلەی خۆناسین گەیشتبم؟ ئەم پرسیارە زۆر بە توندی لە دەرگای زەین و هۆشمی دەدا. ئایا خۆناسین ئەوەیە خۆلەبیرکەین و لە پێناو ئەوانیدیدا کۆشش بکەین، یان بە پێچەوانەوە؟ ئاخر مرۆڤ خۆیشی گرنگە، ئەگەر خۆم پێویستییەکانی خۆم تەواو نەکەم چۆن دەتوانم دە فریای ئەوانی دیدا بچم. ئاخر ئەوە ئەقڵە پێم دەڵێ ئەگەر پارەیەکم نەبێ ناتوانم هیچ بدەم بە کەس، واقیعیش هەر وا دەڵێ. دەکەواتە کە یەکێک خۆی نەناسێ چۆن دەتوانێ خودا بناسێ، مەگەر خودا ناسین هەر خۆ ناسین نییە؟ ئەگەر یەکێک خۆی نەناسێ ناتوانێ خودا بێنێتە ناو خۆی، ناشتوانێ ڕۆحی پاک بکاتەوە و هەڵکشێ بەرەو لای خودا، هەڵکشێ بەرەو شوێنە بەرزەکان، تا لەوێوە شتە نزمەکان ببینێ. هاوکێشەکان ئاشکران. ئەوانەی دەیانەوێ خوا ناسین بەسەر ئەوانی دیدا بسەپێنن لە ڕاستیدا ئەوان هێشتا خۆیان نەناسیوە. ئەوەی خۆی بناسێ ڕۆحی ناسک دەبێ، شەرم لە هەموو بوونەوەرێک دەکا. خوا لە هەموو بوونەوەرێکدا دەبینێ. ئاخر کە یەکێک خوا لە هەموو بوونەوەرێکدا ببینێ چۆن دەتوانێ خوا ئەزیەت بدا، چۆن دەتوانێ

زیان بەو بوونەوەرانە بگەیەنێ. چۆن دەتوانێ خواناسی بەسەر خوا خۆی بسەپێنێ. تا ئەو ساتە ئەو کەسە تەنها کاری پاککردنەوەی ڕۆحی خۆی دەبێ، ئەو پاککردنەوەیەش بە سەپاندنی خواناسی بەسەر ئەوانی دیدا نابێ، بەڵکو بە خزمەتکردنیان و بە میهرەبانی دەبێ".

لەوەش گرنگتر، ئەوەی خۆی بناسێ ئیتر پێویستی بەخوا نامێنێ. ئەمەیان قورس بوو بۆ من، نەمدەتوانی لێی حاڵی بم، تا دوایی جوانرۆی ڕۆحسووک وتی:

– بەڕێزم ئەمە مانای کەماڵی ئەقڵی ئێمەیە، واتە ئیتر تۆ دەقەکان بەڕێوە دەبەی نەک بە پێچەوانەوە.

گوێم لە قسەکانی ڕۆحسووک بوو، بەڵام بێ ئەوەی قسە لەسەر وەڵامەکەی ئەو بکەم لە پەڕەگرافێکی دیکەدا بۆ یەکەمجار چاوم بە شتێکی سەیر کەوت، نەهری ڕۆحسووک نووسیبووی:

"تۆڵەی ئەنفالکراوەکان بە لەباربردنی ڕۆحی ئەنفالچییەکان ناکرێتەوە. تۆڵەی ئەوان بە هەڵواسینی لاشەی تاوانباری ئەنفالچییەکان تەواو نابێ. بەر لەو ڕەفتارانە دەبێ بەخۆماندا بچینەوە، خۆمان بناسین، ڕۆحی خۆمان پاک بکەینەوە لە ڕق و لە زیللەت. بەڵێ لە هەردووکیان، ڕق و زیللەت".

"ئەو ڕۆحانەی زەلیلن ڕقەکانیان ناتوانن تۆڵە بکەنەوە، لەوانەیە بتوانن تاوانباران هەڵبواسن، داگیرکەران شار بەدەر بکەن، بەڵام ناتوانن خۆیان لە زیللەت داماڵن، بۆیە دوایی هەمان ڕەفتاری داگیرکەران دەکەنەوە، بە شوێن پێی ئەواندا دەڕۆنەوە. تەنها کەسانێک ڕەفتاری داگیرکەران هەڵناگرن کە ئازاد بن، ئازادبووەکانیش ئەو کەسانەن کە خۆیان ناسیووە، ئەوەش کە خۆی ناسیووە، خوایشی ناسیووە، ئەوەش کە خوا بناسێ دەزانێ هەمان هاوکێشە لەگەڵ کەسانی تردا دووبارە دەبێتەوە، بۆیە ئەگەر ڕێز و مافی کەسانی دی پێشێل بکات واتە ڕێز و مافی خودای پێشێل کردووە. ئەو کەسەی بتوانێ خۆی لە زیللەتدا ڕاماڵێ ئەوان بێگوومان پەیامبەری ئازادین، پەیامبەری گەڕاندنەوەی مافەکانن بۆ بێ بەشەکان. پەیامبەری گێڕاندنەوەی ئازادین بۆ ئازادی لێ سەنراوەکان. گرنک نییە هەموو خەڵکی بڕوا بە خوا بێنن، بەڵام گرنگە بڕوا بە



ئازادی و ماف و یەکسانی هەموو خەڵک بێنن، ئەوان بێگوومان خوا پەرستی تەواون چونکە ئەوان خۆیان ناسیووە".

"ئەوەی شۆڕشگێڕ بێ دەبێ خۆی ناسیبێ، تا بزانێ بۆ کێ و بۆ چی شۆڕش دەکات، هەر یەکێک تفەنگی لەدەست بوو مانای وانییە شۆڕشگێڕ بێ، چونکە ڕێگرەکانیش تفەنگیان لەدەستە، ئەوەی کە ئەو دوانە لە یەکتر جیا دەکاتەوە ئەوەیە شۆڕشگێڕەکان بۆ گێڕانەوەی مافەکانی خەڵک تێدەکۆشن، ڕێگرەکانیش بۆ سەندنی مافەکانی خەڵک تێدەکۆشن. ئەم هاوکێشەیە دەبێ بەردەوامی بێ. لەوانەیە یەکێک ئەمڕۆ شۆڕشگێڕ بێ و بەیانی ببێ بە ڕێگر چونکە لە شۆڕشگێڕییەکەی لادەدا، شەرعییەتی شۆڕشگێڕی دەکاتە بیانوویەک بۆ زەوتکردنی مافی خەڵک. لەوانەشە ڕێگر هەبن هەموو ئەو مافانەی ڕۆژێک لە ڕۆژان زەوتیان کردبێ لە چرکە ساتێکدا خۆیان بناسن و پەشیمان ببنەوە و مافەکان بۆ خاوەنەکانیان بگێڕنەوە، بەڵام ئەو کەسانە دوایی ون دەبن، شەرمی ڕۆژانی ڕێگری دەیانگرێ و بۆ خۆیان دەچنە بەردەم دادگا. ئەوانەش کە وایان زانیوە شۆڕشگێڕن و بۆ مافی خەڵک تێکۆشاون و دوایی لەو ڕێبازە لادەدەن بە پێچەوانەی ڕێگرە پەشیمان بووەکان بێ شەرمی دەیانگرێ و دەبن بە دێو، لە جەستەی دێوەکاندا خۆیان ئاشنا دەکەن. ئەوان پێشتر خۆیان نەناسیبووە، پێشتریش شۆڕشگێڕ نەبوون، بۆیە بە چەتەیی سەر دەنێنەوە. ئەوەی کە پێغەمبەرانیش لە خەڵکی سادە جیا دەکاتەوە هەر ئەو شتەیە، ئەوان کە دەمرن گیرفانیان بەتاڵە، بەڵام زەلیل نین، ئەوان شۆڕشگێڕی ڕاستەقینەن، خودا لە جەستەی ئەواندا خۆی مانیفێست دەکات. بەڵام پێغەمبەرە درۆزنەکان وا نین، ئەوان هەر لە ڕەفتار کردنیاندا خەڵک دەزانێ کە چەتەن، پێغەمبەر نین، ئەوان دەیانەوێ خۆیان بکەن بە خودا و خەڵکیش کڕنوشیان بۆ ببات، ئەوان وا دەزانن خودا داوای کڕنوشبردن لە خەڵک دەکات، ئەوان وا دەزانن خودا خەڵک لە کڕنوشبردندا بۆ خۆی زەلیلیان دەکات. ئەوان چەتەن، بێ دەماغن و خۆیان نەناسیوە. خودا کەس زەلیل ناکات، خودا برادەری زەلیلیشی گەرەک نییە. ئەوەی لە ئاست خودادا خۆی پێ زەلیلە، ئەو کەسە خودای نەناسیوە، ئەوانەش چەتەن، دەیانەوێ خەڵک چەواشە بکەن. ئەوانەی زەلیل نین، خۆیان ناسیوە،

میهرەبانن، ئەوان تێکەڵی خودا دەبن، ئەوان پێغەمبەرەکانن، ئەوان پەیامی چاکبوونیان بۆ خۆ هەڵگرتووە، بۆیە خەڵکیش چاویان لێ دەکات و هەوڵ دەدەن شوێنی رەفتارەکانی ئەوان بکەون. بە کورتی ئەوانەی دوێنێ خۆیان لە بەرگی شۆڕشگێڕدا ناساندووە، ئەمڕۆش کەس نایان بینێت و لە کۆشکەکانیاندا هەست بە ئازاری خەڵک ناکەن، ئەوان لە پێشەوە زەلیل بوون و شۆڕشگێر نەبوون، ئەوان پێغەمبەری درۆزن بوون، ئەوان تا هەنووکەش هەر زەلیل و هەر چەتەن، بۆیە چاوەڕێی تۆڵەی ئەنفالکراوەکان لە چەتەکان مەکەن، چونکە چەتە تۆڵە لە چەتە ناکاتەوە".

هەموو ئەو هاوکێشانە هزر و خەونەکانی منی تێکەڵ دەکرد، ئەو هزرانە لەسەر تا پێ بیرکردنەوەی منیان سەراوبن دەکرد. ئەو هزرانە نەخۆشی ئەو کەسانەی بۆ دەردەخستم کە دوێنێ بە خۆیان دەگوت شۆڕشگێڕ و ئەمڕۆش راوی یەکتر دەکەن، ئەمڕۆ هەر خۆیان چیاکان بێڕێز دەکەن. ئەو چیایانەی دوێنێ لە داگیرکەریان پاک دەکردەوە ئەمڕۆ لە یەکتری پاک دەکەنەوە، دیارە ئەوان پێغەمبەری درۆزن بوون، شۆڕشگێڕی درۆزن بوون، دیارە ئەوان چەتە بوون.

هەستم کرد کە لە چیاکان نزیک کەوتینەوە، بەڵام هەست بە گەرمی باوەشیان ناکەم، هەستم کرد تووڕەن، لە هەموو چیاییەکان تووڕەن، هەر لوتکە چیایەکم دەبینی رووم لێ وەردەگێڕێت، هەر بەرزاییەکم دەبینی چارشێوی دادەنا و سەری دادەنواند، هەر زورگێکم دەبینی بە یەکجاری پان دەبوویەوە و دەتاوایەوە. لە حیکمەتی ئەو بارودۆخە حاڵی نەدەبووم. جەمالی پەرستار دەیگوت:

– دەبێ زۆر وریا بین چیاکان تووڕە نەکەین، ئەوان سەرکەشن، سەربەرزن، کەی ئێمەی چیایی بچووک بووینەوە ئەوانیش هەست بە شەرمەزاری دەکەن. بۆیە تووڕەبوونیان لە تووڕەبوونی دایک ترسناکترە، تووڕەبوونیان مانای تووڕەکردنی خودایە.

* * *



بەر لەوەی لە خاڵی پشکنینی چیاییەکان نزیک بکەوینەوە، ئەو کەسەی لەگەڵ شوفێرەکەدا بوو، میکرۆفۆنێکی دەست دایە و دوو جار پفی لێ کرد، دوایی بە هەلاو هەلاوێک دەستی بە قسە کردن کرد.

– بەڕێزان، ئێمە زۆرمان نەماوە بگەینە خاڵی پشکنینی چیاییەکان. دەزانم هەتانە ساڵەهایە شارەزای ئەو بارودۆخە نەبووە. پێویستە بە هێمنی رەفتار بکەن و سەخڵەت نەبن بەو رەفتارانەی لەگەڵتاندا دەیکەن، چونکە ئەوان تەنها فەرمانەکان جێ بەجێ دەکەن.

جوانڕۆی رۆحسووک دەیگوت:

– هاوڕێی ئازیز دەزانم لەو قسانە تێناگەی. لەوانەیە ئێمەش تا ئاستێک دڵ ناسک و زێدە لە پێویست سۆزدار بین. ئێمە بەشداری ئەو گۆڕانکارییانە نەبووین کە لە ماوەی ئەو چەند ساڵەدا هاتوونەتە پێش. لەوانەیە زۆربەی گەلانی دونیا بەو قۆناغە کرێت و قڕێژانەشدا تێپەڕ بووبن. بۆیە دەبێ واقیعییانە بیر بکەینەوە. لە دەرەنجامدا هەموومان مرۆڤین و لە هەڵەکانمان فێر دەبین. ئێمەی چیایی کلۆڵین و درەنگ بە ئاگا دێینەوە، کە بە ئاگاش هاتینەوە درەنگ هەوڵی خۆ راست کردنەوە دەدەین. من لە تۆ زیاتر بارودۆخە نوێیەکە دەناسم. دەبێت دان بەخۆداگر بین و زوو هەڵنەچین.

هیچ لەو شتانە تێنەدەگەیشتم. پرسیارم لەخۆم دەکرد و دەمگوت "دەبێ ئەو بەڕێزانە زەمینە بۆچی خۆش بکەن؟" دەبێت ئەوەی ساڵەهایە ئێمە بڕوامان پێ هێناوە و تێیدا ژیاوین وەهم بووبێت؟ دەبێت نەرم و نیانی چیاکان هەر لە بەر چاوی ئێمە وابووبێت و لە راستیدا چیاکان لە ئێمە دڵ رەقتر و بێ سۆزتر بن؟ ئاخر جوانی چیاکانمان بە چاوی خۆمان دەبینی و لە ناو رۆحی ئێمەی چیاییدا دەبوونە گڵپە و رۆژە سەختەکانی ئێمەیان دەکردنە رۆژی شایی گێڕان و ئەشکەوتەکانیشیان دەبوونە چاڵی مەرگی تا هەتایەی داگیرکەران.

لەو دەمانەدا عەولاغای کوڕم دەهاتە بیر و بە جوانڕۆم گوت:

– وەرە پێم بڵێ تۆ چ دەربارەی جاشەکان دەزانیت و کەسانی وەکو عەولاغا چییان لێهاتووە؟

– هاوڕێ گیان، دوای سەرهەڵدان، زۆرێک لە پێشمەرگەکان دانیشتن و چونەوە ماڵی خۆیان. بۆیە ئەو کۆنە خۆفرۆشانە شوێنی ئەوانییان گرتەوە. ئەوە دەرەنجامێکی سروشتی بوو، ئێستاش هەر ئەو کۆنە خۆفرۆشانەن شەڕی یەکتر دەکەن. ئێستاش داگیرکەر بە شێوازێکی تر شەڕی ناشیرین کردن و داڕزاندنی چیاکان دەکات. ئەو کاتەی کە لە هەوران دەرچووم، عەولاغا چەکی بەسەر خەڵکدا دابەش دەکرد، عەولاغا ئێستاش هەر وەکو پێشان دەستەڵاتدارە و هەمان شەڕی پێشان بە شێوازێکی تر دەکات. ئێستا ئاگری شەڕی بەرەیەک لە دژی بەرەیەکی دی خۆشتر و بەگوڕتر دەکات. جارێکیان کۆمەڵێک شۆڕشگێڕی دێرینی بۆ سەر ئێوارە سفرەیەکی خواردن و خواردنەوە بانگ کردبوو و بەر لە نان خواردن گوتبووی:

– زۆرمان شەڕی یەکدی کرد. زۆریشمان لە یەکدی کوشتن، بەڵام دەرکەوت هەموومان پێشمەرگەین، ئێمەش بە شێوازێکی دی پێشمەرگە بووین، بەڵام ئێوە قەبووڵتان نەبوو. ئێمە زۆر کەسمان داڵدە دەدا، زۆر کەسمان لە سێدارە رزگار کرد، زۆرجار ئاگاداری ئێوەمان دەکردەوە لە هێرشی دەوڵەت. چاکەکانی ئێمەش بەسەر ئێوەدا زۆر بوون، بۆیە نابێت چیتر بەچاوی ناشیرین تەماشای ئێمە بکەن! ئێمەش تەواوکەری ئێوە بووین. مامۆستا مەلا عەبدولباری ناوشاریش خوا لێی رازی بێت هەموو جارێک پێی دەگوتم "کوڕم ئێوەش بە شێوازێکی تر لە سەنگەردان. ئەوەی بە ئێوە دەکرێ بە یاخی بوون ئەنجام نادرێ، ئێوە لەناو ئاگردان و بە کردەوە ئاگاتان لەو خەڵکە رەش و رووتەیە کە لە ئێوە بەدەر کەسی نییە" ئەمە قسەی مامۆستا عەبدولباری بوو، زۆرم هەوڵدا رزگاری بکەم فریای نەکەوتم، تا لە دەرچوونێک هاتینەوە ئەو بردرابوو. رۆژێکی رەش بوو، ئەو رۆژە زۆر گریام، بەڵام چارمان نەبوو، دەبوایە ئارامگر و دابنەخۆداگر بین.

یەکێک لە پێشمەرگەکان هەڵدەستێت و پێی دەڵێت:

– ئەوە کەی خۆفرۆشی بووە بە بەرخودان و شۆڕشگێڕی. ئەگەر ئێمەشت بۆ ئەو پاکانە بێ بناغەیە هێناوە، ئەوا دەقەبەرم کردیەوە، هەرگیز



نەبووە خۆفرۆشی و بەرخودان لە یەک تای تەرازوودا یەکسان بن، دەست لە شەڕی قرێژی خۆت هەڵگرە و لە ماڵی خۆت دابنیشە ئەوسا ئێمەش پێت باوەڕ دەکەین.

بۆیە هەر ئەو پێشمەرگانە بۆ رۆژی دووەم هەزار کەسێکیان کۆکردبووەوە و خۆپیشاندانێکیان لەبەردەم سەرۆکی شار ساز کردبوو. داوای دەسبەجێی راگرتنی شەڕیان کردبوو، داوای چەک کردنی جاش و خۆفرۆشانییان کردبوو، داوایان کردبوو دەست بەجێ پۆزش بۆ چیاکان بێننەوە و دیلەکانی یەکتر ئازاد بکەن.

دوای دوو رۆژ هەمان ئەو کەسەی بەڕووی عەولاغادا هەڵپەزیبووەوە چووبوونە سەر ماڵی و بێ سەر و شوێن کرابوو. بۆیە دەڵێم بەشێکی زۆر لەو دەسەڵاتە نەگۆڕاوە، بێجگە لە زمان و جلوبەرگیان، ئەوان هەمان پلانی داگیرکەر بەڕێوە دەبەن. هەمان هەناسەی داگیرکەریان لێدێت. هەمان رەفتاری پێشان دووبارە دەکەنەوە. ئەوەی بەر چەند ساڵێک لە ئاگری پیرۆزدا دەگوزەرا ئێستاش بە یەکێک لە شێوازەکان لە هەوراندا دەگوزەرێ، بەڵام بە گوڕ و تین و بڕوبیانۆی جیاواز.

هێندەم باسی بارودۆخی نوێ بۆ کرابوو، کە لە خاڵی پشکنین نزیک بووینەوە لە خۆمەوە هەستم بە ترس دەکرد. دەبێت بەرهەمی ماندووبوونی ئێمە رفێنرابێت، یا ئەوە ئەو بەرهەمەیە کە ئێمە بۆی تێدەکۆشاین! پرسیارێک بوو بە دوای وەڵامدا دەگەڕا. ئەو فەلسەفەی ئێمە بیرمان پێ دەکردەوە و خەڵکمان لەسەری جۆش دەدا، بناغە پووچ و زبڵ و خۆڵ بوو یا نەمانتوانیوە بیگەیەنین، پرسیارێک بوو ماوەی وەڵام دانەوەی نەدەدرا.

کە گەیشتینە خاڵی پشکنینی چیاییەکان، رۆژ بە تاقی ئاسمانەوە بوو، پێشتر لە زەمەنی داگیرکەردا ئەو خاڵە رازاوە و جوان بوو. ئەوان بۆ خۆیان ئێرەیان رازاندبووەوە، وێنەیەکی گەورەی سەرۆکی خۆیانی لێ هەڵواسیبوو، ئەمڕۆ یەک پەڕۆی گەورە هەڵواسراوە و لێی نووسراوە "لە بیرت نەچێت، میوان بیت یان نیشتەجێ، ئێمە زمانی درێژ دەبڕین" ئەم

دروشمە بەڵگەی رووتبوونەوە و داماڵینە لە هەموو بنەمایەک و دوورکەوتنەوەیە لە رۆحی چیاییەکان و لە وەفاداری بۆ چیاکان. کەی ئێمە وابووین؟ کەی بەرامبەر مرۆڤ هێندە بێ ئەدەب بووین. مەگەر دەڤەری چیا ناوەندی هەمەچەشنی و هەمەڕەنگی و جیاوازی نەبووە؟ ئەمە بەڵگەیەک بوو کە چیاییەکان دەسەڵاتی راستەقینەیان لە دەستدا نییە، یا دڵ و دەروونی چیاییەکانیش لەگەڵ وێران بوونی ئاوەدانییەکان وێران بوون و چاکبوونەوەیان ئەستەمە.

کە پاسەکەمان وەستا لە پڕ چەکدارێک بەسەر کەوت. ئەو بە زمانی چیاییەکان هاتە گۆ، بەڵام شێواز و رەفتاری لە هی شۆڕشگێڕان نەدەچوو، هەستم بە گەرمی وشەکانی نەدەکرد. چەکێکی پێ بوو و ریشێکی بۆزی ناشیرینی بەردابووەوە و سەری لوتی بە سێ خاڵی رەش نیشان کرابوو، جلێکی سەربازی ناجووری لەبەردابوو و لەسەر قۆنداغی چەکەکەی نووسیبوو: "زمانی گوللە تەنها زمانی وەڵامە". قۆنداغەکەی خستە سەر لێواری ئەو کوشنەی کە لەبەر دەم دەرگای ماشێنەکە بوو، بۆ چەند ساتێک دەم بە فیتەوە تەماشای هەموانی کرد و پاشان گوتی:

– تکایە ناسنامەکانتان!

لەگەڵ بیستنی ئەو دوو وشەیەی ئەو چەکدارە داحەپەسام، نەشێ بەمن بڵێ ناسنامەت، ئاخر من ناسنامەم لا نییە. ناسنامەی من لە گیرفاندا هەڵناگیرێ، ناسنامەی من چیاکانن، چیاکان من هەڵدەگرن، نەک بە پێچەوانەوە. من بێدەنگ بووم، چاوەڕێی شتێکی ترم دەکرد، چاوەڕێی شیرینی دابەشکردنم دەکرد. ئاخر ئێمە وێڵی بیابان بووین، بەدوای گوڵچینی شێرەچیادا دەگەڕام. ئەو ناسنامەمانە. بەڵام ئەوە تەنها هزری ناو کتێبەکانە، ئەوە تەنها خەونی دێوانە شارناس و شوانەی پاڵەوان و خاتوونە پیرۆز و پەروانە و زێندینی شێرەچیا و مەلا رەسووڵی باڵا بەرز و وەسمانی مجێور و فەقێ ئامانج و نەهری رۆحسووک و خۆشەوی و زێرەڤان و زیائونور و ئارامدینە. ئەوە تەنها ئەو راستییانەن کە نەهری



رۆحسووک باسی لێوە دەکردن، ئەو ساتە راستەقینەیەن کە هەویەکان دەبن بە بەفر و لەسەر بەردی رەقی نەفامی چەتەکان دەتوێتەوە.

یەکێک لەو لاوە هەڵی دایە و گوتی:

– بەڕێز ئێمە دیل بووین و شوکر هاتینەوە باوەشی وڵاتەکەمان. ئێمە ئازادبووین و هەرچی ناسنامەشە لامان نییە. ئێمە ساڵەهایە لە بەندیخانەی داگیرکەر بووین، ناسنامەی ئێمە خۆڕاگری ئێمەیە لە بەرامبەر بێ ئەخلاقی و کەللەپووتی داگیرکەر و جەلادەکان. بەڕێزم ئێمە خانوخۆی میوانین و پێویست بە ناسنامە ناکا.

بەڵام ئەو کەسە کەللەی پووت بوو، جەستەیەکی لووتبەرز بوو بۆ ناوەڕۆکێکی زەلیل. ئەو کەسە هەڵگری رەفتاری سەردەستەکان بوو، هەموو رەفتارەکانی لە بیابانییە دڵڕەشەکان دەچوو. بۆنێکی کرێتی لێ دەهات، بە لالووتی و گوێنەدان بە قسەی ئەو دیلە، گوتی:

– زۆرمان گوێ لەو قسانە بووە، ئەوە گرنگ نییە. ئەوەی گرنگە پێمان بڵێن، ئێوە سەر بە کێن؟ لەوە دەچێ ئێوە سەر بە خۆفرۆشە پاشۆڵپیسەکان بن. زمانتان دەبڕینەوە ها زمانتان درێژ بکەن؟

لەگەڵ ئەو قسانەی ئەویشدا چەند ماشێنێکی پڕ لە چەکدار بە لای ماشێنەکەی ئێمەدا زۆر بە توندی تێپەڕ دەبوون. ئەو دەڤەرەیان لە تۆز و غوبار نقوم دەکرد. لەو لاشەوە غەڵبەغەڵب زیادی دەکرد، چەند چەکدارێکی تر سەردەکەوتنە سەر پاسەکەی ئێمە.

– هەموویان دابەزێنە، دەڵێن ئەو خۆفرۆشانە زۆر بەڕێگاوەن بەرەو ئێرە دێن.

زۆر بە ناشیرینی ئێمەیان دابەزاند، یەکە یەکە پیلی دەگرتین بەرەو دەرەوەی دەرگای پاس پاڵی دەداین. لەوێش ریزیان دەکردین و یەکە یەکە رەوانەی ژوورێکی دوور لە خاڵی پشکنینیان دەکردین.

لێرە هەموو شتێک ئاڵۆز دەهاتە بەرچاو، گەڕەلاوژێ بە تاکە دەستەڵاتداری ئەو دەڤەرە دەبینرا، ئەو چەکدارانەش نەوە و دەرەنجامی ئەو گەڕەلاوژێیە بوون. هێشتا پرسیارێکیان تەواو نەدەکرد، پرسیارێکی

تریان دەکرد. هێشتا وەڵامێکیان بە تەواوی گوێ لێ نەدەبوو، داوای وەڵامێکی تریان دەکرد. هێشتا قسەیان تەواو نەدەکرد یەکێک بانگی دەکرد و قسەیان دەبڕی و یەکێکی تر دەهات سەر لەنوێ پرسیارەکانی دووبارە دەکردنەوە. کە چەکدارێک ناسنامەیەکی وەردەگرت و درۆیشت و دەگەڕایەوە داوای ناسنامەی دەکردەوە، کە پێی دەگوترا بابە ئەی ئەوە نەبوو ئێستا لە دەستت بوو، دەستی بە جنێو دەکرد و دەیگوت "تۆمەتمان بۆ هەڵدەبەستی". هەندێک لەو چەکدارانە لەو چەتانە دەچوون کە لە ترسی گرتن رایان کردبێت و پێڵاوێکییان لێ بەجێمابێت، یا پارچەیەکی شەلوار یا پاڵتۆکەیان لە تێل درێک یا پەرژینێک یا هەژگەڵێکەوە حاسێ بووبێ. هەر یەکێک بە رەنگی تیپێکی جیاواز هێدەکی زیادەی لە هێدەکی چەکەکەی بەستبوو. هەندێکییان پێڵاویان وەکو قاپقاپە بەسەر پەنجەوە کردبوو.

کە بەرەو ئەو ژوورە چووم هەستم بە نائومێدییەکی بێ سنوور دەکرد، ئەوەی دەمبینی باوەڕم نەدەکرد، دەروازەی ئەو شارەی کە تا ساڵانێکی زۆر جێژوانی عاشق و دڵسۆزانی چیانشینەکان بووە ئێستا بۆنی غەریبی لێ دێ، تۆز دەروازەی شاری گرتووە و پەڵە هەورەکانی رۆژئاوای شار رەنگی سووریان وەرگرتووە و رۆژیش کزبووە و گەرمای جارانی نەماوە. ئەو دەمانە قسەکەی مامی دینۆم دەهاتەوە یاد کە چۆن پێشوازییان لە رۆحسووکی برام کردبوو. چۆن ئاهەنگێکی گەورەیان بۆ ساز کردبوو، لەگەڵ دەیان دۆست و برادەری ئازیزی ئەو لێرە لە دەروازەی شار و وەکو پاڵەوان پێشوازییان لێکردبوو. ئەو رۆژە ئەو گوتبووی:

– ئازیزان ئەو هاتنەی ئێوە و ئەو پێشوازییە گەرمە هەموو برینەکانی ساڕێژ کردم. هاتنی ئێوە بەڵگەی دڵسۆزی و پەرۆشیتانە. بەڵگەی ئازایەتی و چاونەترسی و لەخۆبووردەییتانە. بەڵگەی گەورەیی و بەڕێزیتانە. بەڵگەی وەفا و هیممەتی پڕ شکۆتانە بۆ چیا و چیاییەکان.

بەڵام ئەوەی من لەو چرکە ساتەدا دەمبینی گەڕانەوەی زەمەن بوو بۆ ناشیرینترین و دواکەوتووترین سەردەمەکانی، گەڕانەوەی مرۆڤەکان بوو بۆ حاڵەتی غەریزە و بەربەرییەت. ئەوانە ناکرێ چیایی بن، ناکرێ ئەوانە



هەڵگری خەون و حەزی چیاییەکان بن. ناکرێ ئەوانە کەس و کاری سوپای ئەنفالکراوەکان بن، ناکرێ ئەوانە پێشمەرگە بن. ناکرێ ئەوانە چیایی بن. لەو ساتانەدا چۆن باوەڕم نەدەکرد کە گوڵچینی شێرەچیا هەر لە خەڵوەتی دایاندایە و راپێچی دۆزەخی بیابانییەکان نەکراوە، ئاواش باوەڕم نەدەکرد من لە دەروازەی ئەو شارە بم کە لێرە تەنها داگیرکەران هەستیان بە ترس دەکرد، تەنها ئەوان نامۆ بوون و خەڵک رقی لێیان دەبووەوە. لەو ساتەدا یەکێک لە وتەکانی نەهریم دەهاتەوە بیر کە نووسیبووی:

– ئەوەی شۆڕشگێڕ بێ دەبێ خۆی ناسیبێ، تا بزانێ بۆ کێ و بۆ چی شۆڕش دەکات، هەر یەکێک تفەنگی لەدەست بوو مانای وانییە شۆڕشگێڕ بێت، چونکە رێگرەکانیش تفەنگیان لەدەستە، ئەوەی کە ئەو دوانە لە یەکتر جیا دەکاتەوە ئەوەیە شۆڕشگێڕەکان بۆ گێڕانەوەی مافەکانی خەڵک تێدەکۆشن، رێگرەکانیش بۆ سەندنی مافەکانی خەڵک تێدەکۆشن.

ئەو فەرموودەیەی نەهری رۆحسووک وەسفی ئەو چرکە ساتەی ئێمەی دەکرد. ئەوانە بە راستی چەتە بوون. بە بیانووی شەرعییەتی شۆڕگێڕییەوە کەرامەتی چیاییەکان پێشێل دەکەن. ئەوەی داگیرکەر تا دوێنێ نەیدەتوانێ بە کەسمان بکات، ئەمڕۆ ئەو چەکدارانە بە ئێمەی دەکەن. ئەوان ئەوەی لەگەڵ خۆیان نەبێ و ناسنامەی خۆیانی پێنەبێ بە خۆفرۆشی لە قەڵەم دەدەن، دڵنیام ئەوانی تریش هەروا بیردەکەنەوە. ئەوانە بیریان و ئەقڵیان لە پانتیایی پێڵاوەکەیان بچووک تر و تەسک ترە. ئا لەو ساتانەدا یەکێک پیلی گرتم و لێی خوڕیمەوە:

– راست راوەستە کاتی داڵغەلێدان نییە!

من دەستەکانم بەرزکردنەوە بۆ پشکنینی گیرفان و ناوقەد و قاچ و سەرتاپای لەشم. هەرچەند تەماشای رەفتار و هەڵسوکەوتی ئەوانەم دەکرد بە چیاییەکان نەدەچوون. ئاخر لە ماوەیەکی کورتدا چی وای لەو کەسانە کردووە هێندە دڵڕەش و بێڕێز بن بەرامبەر هاوشاری و هاوچیایی و هاوچارەنووسەکانییان؟ دەبێ ئەوانەش هەمان ئەو کەسانە بن کە

هاوڕێ و هاوخەباتی زێندین و خاتونە پیرۆز بن؟ ئا لێرەدا یادەوەری باوکم زۆر بە توندی خۆی بە دەلاقەی هزر و هۆشمدا دەدا، دەتگوت لە ژیانمدا یەکەمجارە بیر لەوە بکەمەوە کە باوکم هەیە، باوکم ئەنفال نەکراوە، دەبێ باوکم لەکوێ بێ؟ دەبێ خوێنی بەسەر بەردەکانی دایاندا نەڕژابێ؟ دەبێ بۆ گوڵچینی شێرەچیا وەزگی نەدابێ؟ ئەگەر باوکم مابێ بۆ سەروسۆراغێکی لە من هەڵنەکردووە؟ دەبێ ئەویش مابێت و ئاوا لە ماوەیەکی کورتدا رەفتاری گۆڕابێت و لە شۆڕشگێڕێکەوە بووبێ بە چەتەیەکی داخ لەدڵ؟ دوایی هەر بەخۆم دەمگوت، جا کێ دەڵێ ئەوانە شۆڕگێڕ بوون، کێ دەڵێ ئەوانە مناڵ و تاڵی دوێنێی  مەست و سەرخۆش و فاشیلی خوێندنگاکانی کوچە و کۆڵانەکانی شار نین؟ ئێستا بە چەکی دەستیانەوە بوون بە دڕندە و رۆڵی دوێنێی داگیرکەران دەبینن! لەو ساتانەدا هیچ هزرێک و هیچ ختوکەیەک نەبوو بە زیهنمدا تێپەڕ نەبێت و وێستگەیەک لە مێشکمدا دروست نەکات.

کە لە پڕ لاپەڕەکانی نووسینی نەهری رۆحسووکی راوەشاندن و دای بە زەویدا، چاوەکانم تاریک بوون. بێ ئەوەی خۆم بۆ کۆنترۆڵ بکرێ لە کاردانەوەیەکی زۆر خێرا و توند، بەڕەنگاری ئەو چەکدارە بوومەوە و زۆر بەهێز پاڵمدا، لەگەڵ پاڵدانەکەی من بەسەر تەنیشتیدا کەوت و زۆر بە خێرایی هەڵسایەوە و بەرەو رووم هات، بێ سڵەمینەوە شەقێکی تێهەڵدام. زۆر نامرۆڤانە بەسەریدا قیراندم و جوێنی بە گوڵچینی شێرەچیادا، رۆژێک لە رۆژان بیریشم لەوە نەکردبۆوە چیاییەک پێم بڵێ "حیزدایک". یەکسەر بە تەواوی داوەشام، ئەو هەڵوێستەم تەنها لە داگیرکەر رەچاو دەکرد، هەر ئەوانیش دوێنێ لە گرتووخانەی خۆیان جوێنیان بە دایکم داوە، من لەگەڵ جوێنی ئەو هەناسەم گیرا و قسەم بۆ نەکرا. هاوڕێیانمان هەموویان ئەوانەی هێشتا هەر لە ژوورەوە لە سڕەکەدا وەستابوون هاتنە پێشەوە و دەنگییان بەرز کردەوە، جوانڕۆی رۆحسووک لە دوای منەوە وەستابوو، یەکسەر دەستی گرت و بەسەریدا هاواری کرد، بە دەنگێکی زۆر بەرز و نێرانە گوتی:



– هەی ناپیاو دایکی ئەو ئەنفالکراوە، دایکی ئەو گوڵچینی شێرە چیایە، هەی زەلیلی کوڕی زەلیل، تۆ پەروەردە نەکراوی، حاشا تۆ چیایی نیت.

کە جوانڕۆ ئەمەی وت و هاوڕێیان کۆبوونەوە و خەڵک لەگەڵ دەنگە دەنگ دارژانە ئەو ژوورە، یەکێک لە بەرپرسەکانی ئەو خاڵەی پشکنینە گوێی لە قسەی جوانڕۆی رۆحسووک بوو، ئەو چەکدارە دەستی بۆ دەمانچەکەی سەر نێکی برد و بەر لەوەی رای کێشێ، بەرپرسەکە هاواری لێکرد و پێی گوت:

– کوڕی حیز، دەمانچەکەت دانێ. تۆ بۆ لەوێی؟

ئەو پیاوە یەکسەر رووی لەمن کرد و باوەشی کردە من، ئەو پیاوە هەورازی ئامۆزای دینۆ دەنگ گەورە بوو، یەکێک بوو لەو کەسانەی کە لەگەڵ ئێمە لە رێکخستندا کاری دەکرد. دوایی رووی لە شاخ کرد و چووە ریزی پێشمەرگە، لێرە بەرگێکی سەربازی لەبەردابوو دەمانچەیەکی لە نێکی قایم کردبوو. زۆر بە گەرمی منی گووشی، بەڵام من هیچ هەستێکم بۆی نەچوو، توانای هیچ قسەیەکیشم نەبوو، تەنها ئەوەندە نەبێ چاوم پڕبوون لە گریان و بێ هێزی هەموو گیانی داگرتم. هەرگیز بیرم لەو دیمەنە نەکردبووەوە، هەرگیز بە خەیاڵمدا نەهاتبوو رۆژێکبێ چیاییەک جنێو بە گوڵچینی شێرەچیا بدات. جنێوێک لە چرکەساتی گەڕانەوەمدا بۆ باوەشی چیاکان، لە چرکەساتی ئازادبوونم و لە چەرخی دوای سەرهەڵداندا. نە ئەقڵم و نە ویژدانم باوەڕی بەو دیمەنانە نەدەکرد. ئەو رووی تێکردم و هەردوو دەستی لە هەردوو لای شانەکانمدا و گوتی:

– دەی لە منی قەبووڵ بکە . من داوای بووردنت لێ دەکەم. بەڵێن بێ توندترین سزای بدەم.

هەر دەست بەجێ چەکی کرد و بە دوو کەس رایان پێچا بەرەو دەرەوە. لەو ساتەشدا جوانڕۆی رۆحسووک لەگەڵ هەندێک لە هاوڕێیان لاپەڕە بێڕێزکراوەکانی نەهری رۆحسووکیان کۆدەکردنەوە. هەورازیش پەلاماری لاپەڕەکان و کەلوپەلەکانی تریدا و لەگەڵ رۆحسووک کۆیان دەکردنەوە، ئا لەو دەمانەدا یەکیک بانگی کرد:

– نەقیب هەوراز، وەرە لە تەلەفۆن تۆیان دەوێ.

نەقیب هەوراز رووی لە من کرد و، چاوی بڕینە چاوەکانم، بە زەردەخەنەیەکەوە گوتی:

– کەس هەستی تۆ نەناسێ من دەیناسم، دەبوایە ئا لەو خاڵەی پشکنینە ئاهەنگی رزگاربوونتان بگێڕدرابوایە، بەڵام ئەو شەڕە نەفرەتییە خۆکوژییە یەقەی هەموومانی گرتووە. کەش و هەوای ئێرەی تەواو ئاڵۆز کردووە. بمبەخشە دەبێ ئێستا بەجێتان بێڵم، بەڵام دەبێ بچیتەوە ماڵی ئێمە، من ئێوارە لەبەر خاتری تۆ و لە خۆشی تۆ دەگەڕێمەوە ماڵ.

من بە هیچ شێوەیەک زمانم نەدەگەڕا، زمانم لە گۆ وەستابوو، هەناسەم زۆر تەنگ و ناڕەحەت بوو، دەمگوت لەو ساتەدا بەردەبمەوە و دەخنکێم. ئەو هیچی لە من گوێ لێنەبوو، ئەو لە قەبەیی برینداربوونی من حاڵی بووبوو، ئاخر ناکرێ جنێو بە گوڵچینی شێرەچیا بدرێ، ئەو سیمبوڵی دایکی هەموو چیاییەکانە. هەوراز جارێکی تر منی گرتەوە ئامێز بێ ئەوەی هیچ جوڵەیەکی کاردانەوە لە من هەست پێبکات. بێ راوەستان و بە خەمباری و بێ ئاوڕدانەوە بەرەو دەرەوە بەڕێ کەوت و رۆیشت. جوانڕۆ دەستی راستەی منی خستە سەر شانی و جانتاکەشی خستە شانەکەی تری، بابۆ رۆژدێریش کەسێکی بە هێز بوو پەلاماری دەستی چەپەی دام و چووە ژێر باڵم، بە هەردووکییان منیان پاڵ نا بەرەو دەرەوە، من وەکو بولبوولێکی باڵ شکاو وابووم. تەکانم دایە خۆم و لەگەڵ جوانڕۆ و بابۆ رۆژدێر بەرەو دەرەوە بەڕێکەوتین. نەقیب هەوراز ئەفسەرێکی تری ئاگادار کردبوو کە ئێمە بە ماشێنی خۆی ببات، لە دەرەوەی ژوورەکە و لەسەر شەقام چاوەڕێی ئێمەی دەکرد، بەدەست هێماشی بۆ ئێمە کرد و داوای لێکردین بچین سواری ماشێنە مۆدێل نوێیەکەی ئەو بین. بەڵام کەسمان رووومان تێنەکرد. ئەو ئەفسەرە چەند زۆری گوت ئێمە کەم گوێمان لێگرت. ئێمە نەدەبوا هاوڕێکانمان بەجێ بێڵین. ئێمە هەموومان هاو چارەنووس بووین، هەموومان کەس و کارمان ئەنفال کرابوون، بە هەر دوانزەمان زیاتر لە ٧٠ کەسمان ئەنفال کرابوون. هەموانمان بێ رێ و



شوێن بووین، کەسمان نەبوو. بە یەکەوە بوونمان لە خۆیەوە هێزێک بوو بۆ ئارامگرتن و کرانەوە و چارەسەرکردنی کارەکانمان.

بەرەو لای پاسەکە بەڕێ کەوتین، ئەو هەموو بگرە و بێنەیە زیاتر لە دوو کاتژمێری خایاند، ناوی هەموانییان نووسیبوو، کۆمەڵێک زانیارییان لێ داوا دەکردین، پاشان کە زانیارییەکانییان وەردەگرت، پەنجە مۆرێکیشی لەسەر نووسراوەکە پێ دەکردین. بێ رێزییەکی زۆریان بەو خەڵکە دەکرد، بەڵام وا پێدەچوو خەڵک راهاتبێت، کەسێک دەموچاوی گرژ نەدەبوو، کەسێک ناڕازیبوونی دەرنەدەبڕی. بۆیە زۆر بە نائومێدییەکی گەورەوە سواری پاس بوومەوە، لەو ساتانەدا خروکم هەڵسا بوو، لە مێژ بوو نەگریابووم، لە مێژ بوو هێندە هەستم بە نامۆیی نەکردبوو. هەستم دەکرد لە ناخەوە بریندار کراوم، لە ناخەوە لێدراوم و لە رۆژی ئەنفالکردنی شێرەچیا هێندە بێ تاقەت نەبووم. ئەمە شۆک بوو بۆ من، بە مانای وشە شۆک بوو.

## بەشی هەژدەمەم

کە پاسەکە لە گەراژەکەدا وەستا، من لەحاڵەتێکی دەروونی زۆر نارەحەتدا بووم. هەرچی ئینتیما هەبوو بۆ هەموو شتێک لە دڵ و دەروونی مندا لەبەر هەرەشەی خەفەبوون و نەماندا بوون. ئینتیما بۆ شتێک کە پێی دەڵێن زێد یا نیشتمان، ئینتیما بۆ ئەو دونیایەش کە تیایدا دەژیام. بەڵکو هەموو شتە جوانەکان لە ناخی مندا خەفە کرابوون و لەبەر دەم هەرەشەی کوژانەوەدا بوون، تاقە شتێک کە لە ناخی مندا بە زیندوویی مابووەوە و بە هیچ نرخێک ئامادە نەبووم دەست بەرداری بم، تەنها گوڵچینی شێرە چیا بوو، هەر ئەویش بوو دەبووەوە سەرچاوەی سروش و نەیدەهێشت ئەو ئینتیمایە بکوژێتەوە، بێجگە لەوەی کە داگیرکەران ئەرکی خۆیان بەجێ هێنابوو و لە هەوڵی بەردەوامدا بوون بۆ کاری زیاتر و قەڵاچۆ کردنی زیاتر، شۆڕشگێڕە بەدرۆکانی دوێنێش لەو تاوانە بێ بەش نەبوون و بەردەوام بوون لەسەر خۆ گێل کردن و بە هیچ زانینی خواست و حەزەکانی چیاییەکان، ئەوان سەنگەری خۆ بەدەستەوەدانییان هەر لە ناخی مندا لێنەدابوو. هەوڵی کوشتنی هەستە جوانەکان هەر لە ناخی مندا نەدەدرا. بەڵکو ئەوەی لە دەم و چاوی ئەو خەڵکەش دەخوێندرایەوە تەنها هێمای ئەوەی دەبەخشی، لەوانەیە جیاوازی من و ئەوان تەنها لە عیشقی ئاگری پیرۆزدا بێت، من تا هەنووکەش بە جوانی و ئەفسوونی ئاگری پیرۆز و دایان و سەمای هەمیشە زیندوودا نوێ دەبوومەوە و بە عیشقی ئەوان دڵم دادەخورپا، بەڵام زۆرێک لەو خەڵکانەی دەمانبینین پێ نەدەچوو ئەو پەیوەندییەیان لەگەڵ زێد و ئەو سروودانەش مابێت کە پێشان جۆشییان دەداین و ژیانییان پێ دەبەخشین.

هەر ئەو عیشقەش بوو هانی دەدام بەر لە هەموو شتێک سەرێک بە ئاگری پیرۆزدا بگرم، بۆ ئەوەی دوایین دیمەنەکانی ببینمەوە. دەمزانی دیمەنەکان وەکو خۆیان نەماون، من ئەو دیمەنە جوانانەم بە وێرانی نەدیتبوون، هەرگیز بە وێرانیش نەدەهاتنە بەر چاوم، هەرچەند باوەڕم نەدەکرد دیمەنەکان وەکو



خۆیان مابن، بەڵام نەمدەویست بڕوا بەو چیرۆکە بێنم، ئەوە زیاتر لە پێنج ساڵە دوورکەوتوومەتەوە و منیش خەونییان پێوە دەبینم. بەڵام ئەوەی لێرە هەستم پێ کرد، سووتانی ئاگری پیرۆز بوو بۆ هەموویان و کەسیش بۆ ئاگری پیرۆز ئامادە نەبوو هەندێک ئارەق بڕێژێ.

هێندەم باسی ئاگری پیرۆز بۆ ئەو هاوڕێیانە کردبوو، هەموویان مەراق بوون ئەگەر بۆ چەند ساتێکیش بێ ئەو شارۆچکە پڕ شکۆیە ببینن. بەڵێنم پێدابوون هەموو کۆڵانەکانییان پێ بکەم، بیانبەمە سەر بانی مزگەوتی دایان و شوێنی دانیشتنی مەلای باڵا بەرز و فەقێ ئامانجیان پیشان بدەم، بیانبەم بۆ دێر و پەرستگاکان و بە شوێنەوارە ئایینیە کۆنەکانی ئەو پەرستاگایانەیان ئاشنا بکەم. شوێنی کەلانێی منداڵان و ئالی بابەی فەقێکانیان بۆ دەسنیشان بکەم و شوێنی دامەی پیرەمێردەکانیان بۆ بەدەر بێخمەوە. بەڵێنم پێدابوون بیانبەمەوە شوێنی لە خۆڵ گەوزاندنی ورچە رەشەی دایان و شوێنی خەڵوەتەکانی گوڵچینی شێرەچیا. مەبەستم بوو بیانبەم بۆ خانووی بەسەر یەکدا رمێنراوی شوانە و شوێنی شەرەکانی زێندینی هەوران و هەڤاڵانی. هەندێکییان مەراقیان بوو دۆڵی گڵاوان ببینن و سەر و سۆراغێک لە رووباری سەما هەڵبکەن. کەسیان دەبابەی دەروازەی ئاگری پیرۆزی لەبیر نەدەچوو و تامەزرۆی ئەوە بوون لەژێر ئەو دەبابەیەدا چەند وێنەیەکی رازاوە بگرن. لەگەڵ جوانرۆی رۆحسووک بەڵێنمان دابوو گووندی کوپە شکاو، بانی ماڵان، پیر ناڵە، پیر وەتمان، پیر هوورە و پیری هەرمان بەسەر بکەینەوە. بەڵێنمان دابوو گرووپی ١٢ بکەین بە ناوەڕۆکی ژیانەوەیەکی تازە و مەبەستەکانی رۆحسووک بە ئاکام بگەیەنین. قەدەمخێری پیرۆزیش ئامادەیی خۆی راگەیاندبوو و بڕیاری دابوو هەموو داخوازییەکانی نەهریمان بۆ روون بکاتەوە.

ئاخر نەهری لە یەکێک لە دەقەکانی زۆر بە جوانی نووسیبووی:

"دەزانم ئاگری پیرۆز کەوتۆتە نێوان بەرداشە بێ سفەتەکانی چیاییە سپڵەکان، ئەوانەی شەو و رۆژ خەریکی ئەوەن ئەوەی بیابانییەکان بۆیان ئەنجام نەدرا ئەوان ئەنجامی بدەن. بەڵام ئەوانەی کە بەر لەو سپڵەیی و بێ سیفەتییە دەگرن تەنها چیاییەکان خۆیانن، منیش تەواو باوەڕم بەوە هەیە کە

شتی جوان لە چیاییەکاندا زۆرە و تا هەتایەش ئەو شتە جوانانە نامرن، ئەوانەش کە لە گرتووخانەی داگیرکەردان هێشتا دووکەڵی فیتنەیان هەڵنەمشتووە و پشت ئەستوورم بەوان کە پارێزگاری لە ئاگری پیرۆز بکەن و بەدوای وەهمە کۆن و نوێکاندا وێڵ نەبن."

بە هەر دوازدەمان چیسێکی دەستیمان پێ نەبوو، جل و بەرگەکانمان لە هی ئەو شێتانە دەچوو کە لە شەقامەکانی هەوراندا بێ ناز و بێ کەس دەسوڕانەوە، تەنانەت لەو سەرما سەختەش نەیاندەپاراستین. وەکو کەسانێکی نامۆ بەو شار و بەو دەڤەرە لە پەنا دیواری گەراژەکە وەستاین و چاوەڕێی تەکسییەکمان دەکرد بێت و بمانبات بۆ ئاگری پیرۆز. زۆر وەستاین تەکسیمان دەست نەکەوت، هەر یەکێ ئێمەی بدیبوایە مورەی لێ دەکردین و پێی لە بەنزین دەنا و بۆی دەردەچوو. تەنانەت یەکێک دوای وەستانی، تەماشایەکی جلەکانی منی کرد و هەندێک لێم ورد بووەوە و گوتی:

– برادەر ئێوە خەڵکی ئێرەن؟ ئێوە چیتان داوە لەو شارە؟ ئێوە کێن؟ ئەی نازانن ئاگری پیرۆز کوژاوەتەوە و شوێنەواری ئاگردانەکەشی لە قوڕ و لیتە خنکێندراوە؟ ئەی نازانن رووباری سەما بەهار و بەهار نەبێ روو بەو دەڤەرەدا ناکات و دارستانەکەشی رووت و رەجاڵ بووە و ئیتر تاقە کەدە دارێک نەماوە بولبولێکی لێ ببێ بە میوان و بۆ ساتێک بۆ غەریبی خۆی بخوێنێت. ئێوە هەر لە برادەرانی ئەشکەوت دەچن، ئەوانەی کە بۆ دەیان ساڵ خەوتبوون و پاشان بە پارەی کۆن، پارەی زۆر کۆن چووبوونەوە شارەکە و کەسییان پارەکەیان نەناسیبووەوە. ئێوە نازانن ئاگری پیرۆز تەنانەت ناو هێنانیشی تاوانە و بەرەی شەڕی نەگبەتی چیاییەکانە؟ ئێوە کێن؟ هەر ئێستا خۆتان نەناسێنن بە گرتنتان دەدەم. تا ئێمە زمانمان کردەوە و ویستمان هەندێ قسەی بۆ بکەین شوفێرەکە پێی لە بەنزین گیر کرد و بۆی دەرچوو. هەر لەوێ دڵنیا بووم کە ئەو شوفێرە کێشەمان بۆ دروست دەکات، بۆیە بە هەڤاڵانم گوت:

– با لێرە بڕۆین. زوو دەرچین بۆ ئاگری پیرۆز، ئەگینا کێشەمان بۆ دروست دەکەن!



ئەو ئێوارەیە زۆر سارد بوو، لە سەرمان چۆکم دەلەرزین. سەرتاپای ئەو لوتکە شاخانەی چوارلای هەوران سپی بووبوون و بەفریان لێ کەوتبوو. تەنانەت کەش و هەوایەکە بۆنی بەفری لێ دەهات. ئەگەر ئەو ئێوارەیە ئاوا لەو گەراژە بمابایەنەوە بۆی هەبوو رەق ببینەوە. بارودۆخیش زۆر لەبار و هێمن نەبوو. وا پێدەچوو ئەو شەڕە نەگبەتییەی نێوان چیاییەکان خۆیان تەواو ژیانی خەڵکی پەک خستبێت و پێیەوە قەڵس بن. جیاوازی ئێستای هەوران و زەمەنی ناڵینی لە ژێر دەستی داگیرکەر زۆر جیاواز بوو. ئەو کات خەڵک پشتی یەکترییان دەگرت و بە یەکەوە لە دژی داگیرکەر تێدەکۆشان، ئەمڕۆ خەڵک لە یەکتر بە گوومانە و کەس چارەی کەسی ناوێ. ئێمە هێشتا لە دەرگای گەراژەکە دەرنەچووبووین، کە ماشێنێکی پڕ لە چەکدار لە پێش ئێمە وەستا و زیاتر لە پێنج چەکداری لێ هاتنە دەرەوە، ئێمە لە شوێنی خۆمان وەستاین. یەکێکییان پێ دەچوو بەرپرسی هەموویان بێت، بەرەو لای ئێمە هات و گوتی:

– بێ ئەزییەت فەرموون لەگەڵمان سەرکەون، تا ژووری بەرژەوەندی نەتەوەیی دەچین و هەندێک پرسیارتان لێ دەکەین!

ئا لێرەدا هەستم بە مەترسییەکی زۆر گەورە کرد. مەترسی ناوی بێ ناوەرۆک! مەترسی بەزینی ناوەڕۆک بەرامبەر رواڵەتەکان! بەزینی مانا بەرامبەر رەمز و دروشمەکان! ژووری بەرژەوەندی نەتەوەیی ناوێکی گەورەیە، ژوورێکی لەو شێوە لە پێتەختی بیابانییەکان زۆربەی دانیشتوانی چیاییەکانن، ئەو چیاییانەی بە مەترسی دادەنرێن لەسەر ئەمڕۆ و سبەی بیابان، نەک بۆ داگیرکردنی بیابان بەڵکو بۆ وەدەرنانییان لە دەڤەری چیاکان. باپیرەم دەیگوت:

– مەعریفەت سەنگی مەحەکی پێشکەوتنی گەلانە، ئەوانەی گرنگی بە مەعریفەت نادەن هەمیشە قرغن و بچووک و نادیارن، چونکە لە دەرکەوتن بەرامبەر بێگانە دەترسن. بۆیە هەوڵ دەدەن لە دژی یەکتر دەربکەون، بوونی خۆیان لەسەر یەکتر تاقی بکەنەوە، کە ئەو بوونەش بوونێکی لەرزۆک و راستەقینە نییە.

لە یەکێک لە دەقە کۆنەکانی چیادا هاتووە: "لە نیشتمانی چیاییەکاندا پرسیار لە وشەی برایەتی مەکەن، برایەتی لەسەر هەموو زمانێکە، بەڵام لەناو دڵەکاندا

بوونی نییە و ماناشی بۆ دیاری نەکراوە، برایەتی هەموو شتێکە تەنها برایەتی نەبێت، برایەتی هەموو شتێک وەخۆ دەگرێت تەنها برایەتی نەبێت، براکان لە نیشتمانی چیاییەکاندا هەموو شتێکن تەنها برا نین."

لە دەقێکی تردا نووسرابوو: "ئەمیرە چیاییەکان هێندە ئازابوون لە شەڕی یەکتر دوژمن زەندەقی چووبوو، دەیانگوت ئەگەر براکان لەگەڵ یەکتری ئاوا دڕندە بن، دەبێ لەگەڵ دوژمنەکانییان چۆن بن. کە ئەو شتە روویدا و لەگەڵ دوژمنەکانییان کەوتنە شەڕ، ناوبانگیان دەرکرد لە سۆز و میهرەبانی لەگەڵ دوژمنەکانییان."

ئەو خەڵکە ناحەقی نەبوو تووشی دڵەڕاوکێ ببێت، ئەوە نییە ئێمەش تووشی ئەو دڵەڕاوکێیە بووین. ئەوە نییە لە جیاتی قسەکانی پیری چیاداد ئەو دەقە کۆنانە دەخوێنینەوە کە باس لە دووبەرەکی چیاییەکان دەکەن. ئەوە نییە لە شاری هەوران دوور لە چاوی بیابانییەکان چیاییەکان لە چیاییەکان دەترسن؟ لە ژیانمدا بیری ڕۆژێکی ئاوام نەدەکردەوە، خەمی خۆشم نییە، خەمی ئەو کەسانەشم نییە کە قۆناغەکانی مێژوو تێ دەگەن و دەزانن پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بە کۆمەڵێک بارودۆخی جیاوازەوە گرێ دراون و لە گۆڕانێکی بەردەوام دان. خەمی ئەو کەسانەمە کە لەو جۆرە کێشانەوە تێ ناگەن، یان ئەوەتا دەڕووخێن و نەفرەت لە زێد و لە هەموو شتێکی نیشتمانەکەیان دەکەن و نامۆ دەبن، یاخود دەبنە سووتەمەنی ئیرادەی ئەو ئاغایانەی کە راستییەکان چەواشە دەکەن و لە بەرژەوندی چیاییەکاندا ناجوڵێنەوە. ڕێز بۆ هەموو ئەو خەباتە دانانێن کە چیاییەکان لە هەموو ئاستەکاندا پێی هەستاون.

من سەرەتا دژی ئەوەبووم لەگەڵیان بچین بۆ ئەو ژوورەی کە باسیان دەکرد. زۆریشم ناڕەزایی دەربڕی و تەنانەت گاڵتەم بە ژوورەکەشییان دەهات. بەڵام جوانڕۆ هاتە پێشەوە و داوای لێکردم ئاسانکاری بکەم و هەر من بە تەنیا نیم و ئەگەر کێشەکە گەورەتر بێت ژیانی هاوڕێیانمان دەکەوێتە مەترسی. بۆیە هەندێک لەگەڵ ماشێنی یەکەم و هەندێکیش لەگەڵ ماشێنی دووەم سوار بووین. ئێمەیان برد بۆ ژووری بەرژەوەندی نەتەوەیی.



زۆری نەبرد ئێمەیان بە ریزە دابەزاند لە بەردەم باڵاخانەیەک و یەکە یەکە هەر لەبەر دەرگا دەست و چاوییان بەستینەوە و بەرەو ژوورەوەیان بردین. ئێمەیان لە شوێنێک دانا و چاویشییان نەکردینەوە. تەنها گوێمان لە غەڵبە غەڵب دەبوو، دوای ماوەیەک هاوار هاواری کەسێکمان دەهاتە بەر گوێ. بۆیە هەر لە شوێنی خۆم یەکە یەکەی هاوڕێیانم بەسەر کردەوە. هێمنی و کپییەکی سەیر باڵی بەسەر من و هاوڕێیاندا کێشابوو. لە ژیانم هێندە هێمن و دەستەمۆ نەبووم. بۆ خۆشم نەمدەتوانی ئەو ساردی و سڕییەی خۆم ڕاڤە بکەم. لەگەڵ جوانڕۆ کەوتمە دەمەتەقێ و پێم گوت:

– جوانڕۆی بەڕێز لە سەنگەری بەرگریکردن لە چیاکان بۆ بەندیخانەی چیاییەکان. لە دیلی و ژێردەستی داگیرکەرەوە بۆ گرتووخانەی هاوچارەنووس و هاونیشتمانی و هاوخەباتیش. هاوکێشەیەکە تەواو پێچەوانەی ئەقڵ و ژیرییە. بۆی هەیە لە جیاتی ڕێزلێنان بە خائین و خۆفرۆشیشمان دەربێنن. ئایا خۆت ئامادە کردووە بۆ پێشهاتەکان؟

بۆ ماوەیەک جوانڕۆ وەڵامی نەبوو، دوای ئەوەی دوو جار قسەکانم بۆ دووبارە کردنەوە، ئینجا گوتی:

– بەڕێزم شتەکان ئاڵۆزن، منیش بۆم ڕاڤە ناکرێن. دونیایەک پرسیار وەستاون و چاوەڕێی وەڵام دەکەن. بەڵام وەڵامەکان فرێت و ترسنۆکن. ئەو چیاییانە چیتر هەڵگری مەشخەڵی ئازادی نین، ئەوان ئیتر خەریکی یەکترن و بۆی هەیە لە دژی یەکتر بەرەو باوەشی داگیرکەر بچنەوە. بەڵام ئەی ئیرادەی خەڵک؟ ئەی ئەو هەموو مانا جوانانەی کە خەڵک پێیانەوە دەژیا. ئەی چ وەڵامی گوڵچینی شێرە چیا و هەموو ئەو قوربانییانە بدەینەوە کە بەڵگەی زیندووەتی و جوانی سروشتی ئەو دەڤەرە بوون. دەبێ دان بەوەدا بنێین کە ئێمە نەخۆشین و تا ئەو نەخۆشییەش بنبڕ نەکەین بۆی هەیە خراپترمان بەسەر بێت، بۆی هەیە ببینە پەندی زەمانە و قەشمەرجاری داگیرکەرە بێ ویژدانەکانمان.

قەدەمخێری پیرۆزیی بۆ یەکەم جار هاتە قسە و گوتی:

– کە هاتم بۆ هەوران، باوکم پێی وتم "بڕۆ کوڕم حەزرەتی پیری چیاداد چاوی لێت بێت. بەڵام لە بیرت نەچێت هەندێک جار ئازادی، منداڵی شێواوی

دەبن، لە جیاتی وەکو مرۆڤ بژین، سەری دایکی خۆیان دەخۆنەوە. میرە چیاییەکانیش زۆربەیان هەروا بوون، بۆیە کە داگیرکەر هێرشی دەهێنا بەر لە داگیرکەر خەڵکەکە ماڵ و سامانی میرەکانییان تالان دەکرد، ئەمە پەندە بۆ ئێمە رۆڵە، دەبێ وریا بین شەڕ لەگەڵ ئەو دایکە نەکەین ئەگینا ریسوامان دەکات.

یەکێکی تر لە هاوڕێیانمان کە پێیان دەگوت مەرقەسی نانەوا، گوتی:

– دێتە بیرم نەهری جوانەمەرگ جارێکییان وتی "هەمان بوون گاڵتەیان بە وشک و بریشکی بیابان دەکرد، بە جوانی و رندی چیاکانییاندا هەڵدەگوت. بەڵام لە بیریان نەبوو هەر ئەو بیابانە وشک و بریشکەیە، جوانی و رندی چیاییەکانی دەست بەسەردا گرتووە، کەسانێکی چیاییش هەن بە شەو و رۆژ لە خزمەتی ئەو بیابانە وشک و بریشکەدا تێدەکۆشن. ئازیزان کێشەکان هەموویان پەیوەندییان بە کەسایەتی لەرزۆکی چیاییەکانەوە هەیە، ئاغاکانی دەڤەری ئێمە لە دژی یەکتر ملکەچی داگیرکەرییان قەبووڵە، بەڵام گەورەیی بەیەکەوەیان قەبووڵ نییە. ئاخر ئەو هاوکێشەیە بە هیچ زانایەک راڤە ناکرێت.

جوانرۆی رۆحسووک بەسەرلەقاندنەوە گوتی:

ـ ئەوەی دەیبینین دیوی دیکەی گەردەلوولە، دیوەکەی دیکەی رەش و ترسناکی رەشەباکانە.

لەو ساتانەدا بیرم لەو رۆژانە دەکردەوە کە لە گرتووخانەی داگیرکەراندا بە هەمان شێواز بۆ چەند کاتژمێرێکی درێژ بەو جۆرە لە تاریکییان دەهێشتینەوە. وا پێدەچوو ئەو شەوە درێژەش لەو تاریکستانەدا ببەینە سەر، لە کاتێکدا هەمووومان ددانمان لەسەرمان چەقەیان دەهات. گاڤان رۆژدەم یەکێک بوو لەو هاوڕێیانەی کە زۆر بێ ئارام بوو، بۆیە بۆ جاری دووەمیش پەلاماری دەرگای دا و بانگی دەکرد:

– هۆی چیاییە سپڵەکان، لە کوێن؟ ئێوە لێتان گۆڕاوە، ئێمە دوژمنمان نییە، ئێمە رەق بووینەوە، تکایە با بەس بێت.

ئینجا بە چەند لەقەیەک نەک هەر دەرگا ژوورەکەشی دەهەژاند، بەڵام کەسێک نەدەهات، کەسێک ئاوڕی لێ نەدەدایەوە. جارێکییان هێشتا هەر لە بەشی لێکۆڵینەوەدا بووم، هەموو لەشم لە ژێر ئەشکەنجە و لێدان بریندار



بووبوو، منیان فڕێدایە ژوورێک بە پیل بەستراوی، ئەو ژوورە پڕی ئاو بوو، بەڵام تێکەڵ بە ئاوی زێراب، یەک قورنەی بچووکی تێدا مابوو کە تەڕ نەبوو، بۆیە لەسەر ئەو بەشە وشکانییە دانیشتم و پێیەکانیشم لەناو ئاوە پیسەکەدا بوون، دوو رۆژ لەوێ منیان هێشتەوە، تەنها ئێواران یەک پارچە سەموونی کەرەکیفاوی بۆگەنی رەقییان بۆ هەڵدەدام، لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەر بە مانگیش لەوێ بیان هێشتبامەوە وام دەزانی بەهەشتە، تەنها لەبەر ئەوەی دوور بووم لە ئەشکەنجەی ئەو دڕندانە. لێرەش هەمان پێشێلکاری دەبینم، ئازادی چیاییەکان لێرەدا دەخنکێندرێت و بۆی هەیە ئیهانەش بکرێت. مەگەر ئەوان نەبوون جنێویان بە گوڵچینی شێرە چیا دا؟ مەگەر ئەوان نەبوون بۆ چەند کاتژمێرێکی درێژ لەو خاڵەی پشکنینە وەکو شێتیان لێ کردبووین. بۆی هەیە ئێمە نەیبینین بەڵام دڵنیام لەوەی لەو شوێنانەدا ئازادی بێ نرخترین و بێ داڵدەترین چەمکە، ئازادی لە دواوەی ملەوە سەری دەبڕدرێت، بەڵام ئەمجارەیان نەک بە ناوی داگیرکردن بەڵکو بەناوی برایەتی و چیاییەتی.

دوای لەقەکانی گاڤان رۆژدەم ، یەکێک دەرگای کردەوە و گوتی:

– ئەمجارەیان لە دەرگا بدەن هەمووتان هەڵدەواسین. پێمان بڵێن چیتان دەوێت تا بۆتان جێبەجێ بکەین.

میردادی قوبادشێر، زۆر کەم دوو بوو، کەم وابوو تێکهەڵی گفتوگۆ و هەڵسەنگاندنەکان و رەخنە و ناڕازیبوونەکان بێت، بەڵام ئەمجارەیان بەر لە هەموومان پەردەی بێدەنگی لادا و گوتی:

– کاکە ویستی چی و تەڕەماشی چی؟ خۆ ئێمە تاوانبار نین لەو سارنجخانەیەدا داتاناوین، بێ خواردن و بێ هیچ پێخەفێک. پێم ناڵێن تاکەی ئێمە بە چاو بەستراوی و پیل بەستراوی دەهێڵنەوە؟ دیارە ئێمە بە هەڵە هاتووینەتە ئەو نیشتمانە، ئەوە ئەو نیشتمانە نییە کە چەند ساڵێک بەر لە ئەمڕۆ بەجێمان هێشتووە و ئەمڕۆش لە جیاتی خۆشەویستی رق دەچێنن. ئەگەر کار وابڕوات، نێوان ئێمە و ئێوە باش نابێت.

بەلامەوە سەیر بوو ئەو کەسە خۆی توورە نەکرد، ئەمجارەیان هێمن تر گوتی:

– باشە کاکە، یەکێک لە نێو خۆتاندا دیاری بکەن بێت قسە لە جیاتی هەمووتان بکات.

هەموو هاوڕێیان ناوی منیان هێنا و داوایان لێکردم بچم. زۆرم بەلاوە قورس بوو لە جیاتی هەموویان قسە بکەم و بەرپرسیارییەتی هەموویان هەڵبگرم، بەڵام هەر زوو رازی بووم چونکە من تاکە کەسێک بووم کە زۆر خەڵکی هەورانم دەناسی و لە هەموویان شارەزاتر بووم، بۆیە بڵند بووم، ئەو کەسە هات پیلی گرتم و بەرەو دەرەوەی ژوورەکەی بردم، ئاگام لێ بوو یەکێکی تر لە دوای ئێمە ژوورەکەی داخستەوە.

لەو کاتەی یەکێک پیلی منی گرتبوو و بەرەو شوێنی مەبەستی دەبردم، دیمەنی ئەو چەکدارەم دەهاتە بەر چاو کە جنێوی بە گوڵچینی شێرەژن دا. ئەو دیمەنە تووشی نائومێدییەکی هەمیشەیی کردبووم. ئەو پیاوەی دەستی منی گرتبوو، نەرمە کۆخەیەکی لێ بوو و بۆنی جگەرەی لێ دەهات. پێم گوت:

– ناوت چییە؟

– سەرفراز

– پێم ناڵێی ئێمەتان بۆ گرتووە و بۆ کوێم دەبەی؟

ئەو بەسەری لێوەکانی منگە منگێکی لێوە هات و زۆری لێ حاڵی نەبووم. بۆیە چیتر نەمدواند. تەپەی پێیەکانی ئەو کەسە خۆی بەسەر دیمەنەکانی ئەو دەروازەیەدا دەسەپاند، هەندێک جاریش دەمزانی خەڵکێک بە تەنیشتماندا تێپەڕ دەبێت و هەندێکییان سڵاوێکیان لە هاوکارەکەیان دەکرد و هەندێکیشییان بە بێدەنگی تێپەڕ دەبوون. دوای ماوەیەک سەرفراز لە دەرگای دا، گوێم لێ بوو کە یەکێک لە ژوورەوە گوتی:

– وەرە ژوورەوە

کە دەرگاکەی پاڵدا چیرەی دەرگایەکە هات و پاشان دەرگای داخست. سەرفراز سڵاوی سەربازی لەو کەسە کرد و تەپەی پێی زۆر بە گەورەیی هاتە بەر گوێم. پاشان بەرپرسەکە بە سەرفرازی گوت:

– چاوەکانی بکەرەوە!



کە چاوەکانی کردمەوە بە رووناکی هەڵنەدەهاتن. بۆ ماوەیەک بە داخراوی هێشتمەوە و نەمدەتوانی هەڵیان بێنم، کە هەڵمهێنان چاوم بە وێنەیەکی گەورەی یەکێک لەو پیرانە کەوت کە دەیان ساڵە کۆچیان کردووە، یەکێک بوو لەو پیرانەی کە هەموو چیاییەک ریزی لێ دەگرت و بە زیندوویی باسی دەکرا، پیرێک بوو کاریگەری لە دیوانە شارناس کەمتر نەبوو. هێڵکارییەکی هێندە جوان بۆ ئەو وێنەیەی کرابوو لە تەماشاکردنی تێر نەدەبووم. لەو دەمانەدا هاتە بیرم کە جارێکییان مەلای باڵابەرز باسی کرد و قسەیەکی ئەوی گێڕایەوە کە گوتوویەتی:

– چووم بۆ شەڕ بۆ ئەوەی داگیرکەر بە ترسنۆکمان تێ نەگات، بۆ ئەوەی پێی بڵێین ئێمە قەڵسین بە بوونتان لە نیشتمانی چیاییەکاندا، بۆ ئەوەی نەوەکانمان بزانن کە باپیرانییان کۆڵیان نەداوە و بە بوونی داگیرکەر رازی نەبوون، ئەگینا دەمزانی چارەنووسمان باش نابێت، دەمزانی ئامادەباشیمان بۆ ئەو شەڕە تێدانییە. بەڵام هیچ رێگایەکی ترمان لەبەر دەمدا نەبوو بێجگە لە بەرگری کردن ئەگەر لەسەر چارەنووسی خۆم و هەزاران لاوی کچ و کوڕی نیشتمانەکەشمان بێت.

پاشان بینیم لە ژێری وێنەکەی پیر نووسراوە: "ئەگەر بێدەنگ بووم لەسەر نەبوونی دادوەری و یەکسانی ژێر گل خۆشترە بۆ من لە ژیانی ژێر دەستی"

کە چاوم سوڕاندن ئەو بەرپرسەم بینی وەستاوە، ریشێکی پڕی بەرداوەتەوە، زۆر بە وردی و بە حەپەساوی لە من ورد دەبێتەوە. هەردوو دەستی خستبوونە سەر مێزەکە و نقەی لێوە نەدەهات. کە تەماشام کرد وێنە و شێوەی وەستانیشی زۆر بە نامۆیی هاتە بەرچاوم. ئەو لە ناو چاوەکانی منی دەڕوانی، منیش بە وردی لەوم دەڕوانی، بۆ چەند ساتێک لە یەکتری ورد بووینەوە. هەر هێندەم زانی ئەو دەستی نا بە زەنگی سەر مێزەکە و چەند جارێک زۆر بە پەلە زەنگی لێدا، یەکێ دەرگای کردەوە و گوێم لە تەپەی پێی بوو و گوتی:

– بەڵێ گەورەم

ئەو پشتی راست کردەوە و بە سووڕان لە پشتی مێزەکەوە، هاواری کرد:

– گەورەی چی خێرا ئەو دەستانە بکەوە.

ئەو کەسە کە دەم و چاویم نەبینی بوو، بەڵام زانیم هەر ئەو سەرفرازەیە کە منی هێنایە ئێرە. هەر بە پەلە دەستەکانی کردمەوە. کە زیاتر لە دەم و چاوی ئەو بەرپرسە ورد بوومەوە، ئەو زۆر پەشۆکاو بوو، بە پەشۆکاوییەکی زۆرەوە بەرەو رووی من دەهات. کە لێم نزیک کەوتەوە، هەستم کرد کە چاوەکانی لە فرمێسک زاونەتەوە، هەردوو دەستی بڵند کردن و گوتی:

– خەپەی ئازیز تۆ؟ باوەڕ ناکەم تۆیت؟ ئاخر کەس نا تۆ؟

لە بەرامبەرم وەستا، لەوە زیاتر قسەی بۆ دەرنەدەبڕدران، بەڵام لێوەکانی هەر دەجوڵان، تەنها وشەی تۆم دەناسییەوە. کە زیاتر لێی ورد بوومەوە، ناسیمەوە. ئەوە هاوڕێی حاجی ساڵحە. سەر و ریشی ماش و برنج بوون. لەگەڵ ناسینەوەی دونیایەک رووداو و کارەسات لە شێوەی شریتێکی سینەمایی بەبەر چاوماندا تێپەڕ دەبوون. منیش زمانم شکا، هیچم بۆ نەگوترا. ئاخر هەر لەگەڵ ناسینەوەی ئەو، گوڵچینی شێرە چیا لەبەر چاوم ئامادە بوو و بە پەرداخێکی ئاوەوە لەبەر دەم هاوڕێ وەستا و پەرداخەکەی دەدایە دەستی و پێی دەگوت:

– رۆڵە دەدانیشن، ئاخر کەی بووە سیاسەت کردن بە پەلە پەل و بە پێوە؟

ئەو لە من نزیک دەبووەوە و لە بەری پێم تا تۆقی سەرم لێم ورد دەبووەوە. زەردەخەنە و فرمێسکی تێکەڵ دەبوون. کە پەلاماری دام بۆخۆشم باوەڕم نەدەکرد بەو هێز و گوڕ و گەرمییە باوەشم پێدا بکات. منیش زۆر بە توندی ئەوم گوشی، هەردووکمان تا هێزمان تێدا بوو یەکترمان گوشی. ئەو بە حاڵ دەنگی دەردەچوو و دەیگوت:

– باوەڕ ناکەم! نا نا باوەڕ ناکەم.

بۆ زیاتر لە دە خولەک ئێمە یەکتریمان گوشی، بەڵام لە پڕ هاوڕێیانم هاتنەوە بیر، بە دەست و چاوی بەستراوەوە هاتنە بەرچاوم. بۆیە بە هەردوو دەستەکانم ملی هاوڕێم گرتن و لە خۆم دوور خستەوە، تەماشای کردم و ویستی قسە بکات. بەڵام قسەم پێ بڕی و پێم گوت:



– هاوڕێیانم، بە دەست بەستراوی و چاو بەستراوی لەوێن، تکایە خێرا فریایان بکەوە.

ئەویش هەر خێرا تەماشای سەرفرازی کرد، کە لە دیار ئەو دیمەنانەی ئێمە داحەپەسا بوو، پێی گوت:

– دەی هەر خێرا، دەست و چاویان بکەوە و بیان هێنە بۆ ئێرە.

کە سەرفراز دەرچوو، ئەویش بە دوایدا رۆیشت بۆ دەرگا و بانگی یەکێکی کرد بە ناوی "شەهامەت". هێشتا ئەو دەرگای دانەخستبووەوە کە شەهامەت هاتە ژوورەوە و سڵاوێکی بۆ هاوڕێ کرد، ئەویش رووی تێکرد و پێی گوت:

– هەر ئێستا بە پەلە، بڕۆ دوانزە قات جل و بەرگی پاک و خاوێن بێنە ئێرە، پەلە بکەی ها، دوا نەکەوی.

ئەو شەهامەتە بەستەزمانە وا پێدەچوو حاڵی نەبێ، بۆیە لە جێی خۆی نەجوڵا، کە هاوڕێ ئاوڕی لێ دایەوە، چاوی لێ سوور کردنەوە، بێ ئەوەی ئەو هیچ قسەیەک بکات، پێی گوت:

– بڕۆ پەیدایان بکە، چۆنییان پەیدا دەکەی پەیدایان بکە، بێ جل و بەرگ نەگەڕێیەوە!

هەر لەو دەمانەشدا هاوڕێیانم هەموویان یەک لە دوای یەک هاتنە ژوورەوە، هاوڕێی حاجی ساڵح هەموویانی ماچ کرد، باوەشی لە هەموویان گرت، پاشان داوای لێ کردین دانیشین، دەستی منی گرت و لە تەنیشت خۆی لەسەر قەنەفێک داینیشاندم. ئینجا هەڵی دایە و گوتی:

– هەرگیز ئەوەی بە چاوی خۆم دەیبینم باوەڕ ناکەم! دەنگ و باسی زۆر سەقەتییان بە ئێمە گەیاندبوو، ئەمشەو بە نیاز بووم بڕۆم، ئەمشەو مۆڵەتم هەبوو، بەڵام برادەرێک بە زۆری منی هێشتەوە، گوتی دەبێ لە جیاتی من لێرە بیت، من دەبێ بڕۆم، کەواتە ئەمشەو خودا وای کردووە لە پێشوازی ئێوەدا بم. داوای بووردنتان لێ دەکەم.

کەسێک لە ئێمە وەڵامی نەدایەوە، بۆیە ئەویش بێ دەنگ بوو، پاشان جوانڕۆ رووی تێکرد و پێی گوت:

– ڕێکەوتی ئاوا خۆشترن لە شتی پلان بۆ دانراو، ئێمەش دڵمان خۆشە کە کەسێکی ناسیاوی وەک تۆ لێرەیە و ڕێزی ئێمە دەگرێ:

هاوڕێ هەڵی دایە و گوتی:

– ڕێز؟ ئەوە چی دەڵێی، ناسیاوی چی، ئێمە لەگەڵ بەختەوەر جمکین، هەزاران سەربردەمان هەیە، ئەو کوڕی دایکی منە و منیش کوڕی گوڵچینی شێرە چیا، ئێمە هەڤاڵی ڕۆژانی ڕەشین، هەموو دونیام تێگەیاندووە لە سەر و سۆراغی ئەو، لە ئاسمان بە دوایدا دەگەڕام و لە ژووری خۆم دەستم کەوت. دڵنیا بن دەبێت حەوت شەو و حەوت ڕۆژ هەر شایی و زەماوەند بێت بۆ گەڕانەوەی ئەو. ئەو خۆی دەزانێت من و ئەو بۆ یەکتر چی دەگەیەنین.

هاوڕێی حاجی ساڵح، قسەی لێ نەدەبڕان، بە ڕێژنە قسەی دەکردن، ئێمەش تۆزێک پشوومان هاتەوە بەر. زۆری نەبرد جل و بەرگیان هێنا، لەوێ پەنایەک هەبوو، هەر لەو پەنایەدا یەکە یەکە خۆیان دەگۆڕی. جلەکان هەر یەکەو ڕەنگێک و شێوازێک بوون. دیار بوو هی کۆمەڵێک خەڵک بوون کۆکرابوونەوە. داوای لە منیش کرد خۆم بگۆڕم، بەڵام ئامادە نەبووم جلم بگۆڕم تا ئاگری پیرۆز نەبینمەوە، هاوڕێ زۆر پاڕایەوە بەڵام من نە گوێم بە قسەی ئەو دا و نە بە قسەی جوانڕۆش. تەنها لەسەرمان پاڵتۆیەک لەوێ بە دیوارەوە هەڵواسرابوو، مۆڵەتم خواست بیخەمە سەر شانم. پاڵتۆیەکەم خستە سەر شانم، پاشان زانیم هەر هی هاوڕێ خۆی بوو.

لەو دەمانەدا دینۆم هاتەوە یاد، لێم پرسی:

– ئەی دەنگوباسی دینۆ؟ تۆزێک داما و پاشان گوتی:

– من بەنیازبووم لەتۆ بپرسم. بەداخەوە تا ئێستا هیچ دەنگوباسێکی نییە. تائێستا چاوەڕێی گەڕانەوەی دەکەین. بەڵام هەر زوو قسەی بڕی و لە ڕۆحسووک و دینداریی پێچایەوە، پێم ڕاگەیاند کە ئەوان هەر دووکییان ڕەمی کراون، هەر دوانییان خۆیان بە قوربانی چیاکان کرد. لەگەڵ زانینی ئەو هەواڵە زۆر پەشۆکا. تەنانەت ئیتر ئەو زەوق و خۆشییەی هەیبوو نەما. هەستایە سەر پێ و گوتی:

– بەداخەوە پاڵەوانمان هەن خوێنی خۆیان دەڕێژن و ئێمەش یاری دەکەین.



ئەو دیمەن و سەرگەرمییەی هاوڕێم باوەڕ نەدەکرد. باوەڕم نەدەکرد هاوڕێش چووبێتە بەرەیەکی شەڕ و ئەشکەنجەی نەیارەکانی بدات، باوەڕم نەدەکرد لەگەڵ نەقیب هەوراز بەشدار بن لەو تاوانانەی دەرهەق بە چیاییەکان دەکرێن. بۆیە لەوە دەترسام هاوڕێ لەبەر ئێمە ئاوا ڕەفتار بکات، ئەویش تووشی ئەو دووفاقییە بووبێت و تەنها بە دەم بڵێ ئێمە یاری دەکەین. ئاخر وا پێدەچێ لەو دەڤەرەدا هەموو شتەکان دوو ڕوویان بۆ دروست بووبن، هەموو کەسەکان دڵی خۆیان خۆش بکەن بەو بڕوبیانۆیانەی کە بۆخۆیان دروستی دەکەن. باپیرەم دەیگوت:

"لەوە مەترسیدار تر نییە، وابزانی ئیشی باش دەکەیت و واش نەبێت،"

لە زەمەنی ڕووبەڕووبوونەوەدا هاوڕێ کەسێکی بە جەرگ و کەم دوو و دڵسۆز بوو، ئەگەر چی زۆر جاران هاوڕا نەبووین، جیاوازییەکی گەورەمان کەوتە نێوان، لەسەر نازدار، ئەو بە شێوەیەک شتەکانی دەبینی و منیش بە شێوەیەکی دی. ئەو ڕاڤەی جیاوازی هەبوو بۆ سیاسەت، بۆیە زۆر جاران بە بێ ماڵئاوایی بەجێم دەهێشت. ئەو لە پڕ بوو بە پێشمەرگە، ئێمەش بە دەستی خۆمان خۆمان خستە باوەشی دڕکاوی و ناڕەسەنی دوژمن. ئەو زەمەن بمزانیبا وا دەبێت، دەرەنجامەکان بەو ئاراستەیە دەگەن ئەو خزمەتەشم نەدەکرد کە کار لەسەر کەرامەت و هەست و نەستمان بکات. ئەو سەربازییە بۆ بیابان هەڵەیەکی گەورە بوو، چونکە بەو شێوازە ئەنفالکراوەکان نەدۆزرانەوە، بەدوای وەهمدا دەگەڕاین، بیابانییەکان کارێکی وەهایان نەکردبوو تا بتوانرێت ئەنفالکراوێک بدۆزرێتەوە. دەرئەنجامەکەش ئەوە بوو کە بینیمان، بە فەتوایەکی سیاسی سەدان لاوی جوان و بێ گوناهمان لە شەڕە بێ ئەمانەکانی بیابان کوژران و گیران و لە سێدارە دران، ئەوەش بەڵگەیەک بوو کە سیاسییەکان هیچ ئەلتەرناتیفێکیان بۆ کەس پێ نەبوو، بێجگە لە ون بوون، بێجگە لە خۆ کوژی. چاکەی هاوڕێ لەو باڵاخانەیەدا لەگەڵ ئێمەی بێ کەس و کار، سارێژکردنێک بوو بۆ بەشێکی بچکۆڵە لە زامەکانمان، ئەو لە کاتێکدا دەهاواری ئێمە هات کە پێویستمان پێبوو، لە کاتێکدا دۆزیمانەوە کت و مت لەو خدرە دەچوو کە باپیرەم باسی دەکرد. کە گوتی:

– دەبێ ئێستا بچینە ماڵی ئێمە!

من لە داڵغە قووڵەکەی خۆمدا بە ئاگا هاتمەوە، بێ پێشەکی گوتم:

– نا، نابێت. ئێمە دەچینە ئاگری پیرۆز.

ئەویش رووی تێکردم و بە زەردەخەنەیەکەوە، گوتی:

– ئازیزم وا پێدەچێ لێرەش هەر هاوڕا نەبیت لەگەڵم. ئەمەیان سیاسەت نییە، من ئێستا باس لە سیاسەت ناکەم، باس لە کێشەیەکی واقیعی دەکەم. ئێستا شەوە، کەس بووە بەشەو بچێتە چۆلەوانی؟ لە لایەکی ترەوە پێ ناچێت زانیاری زۆرت هەبێت لەسەر ئاگری پیرۆز. بەداخەوە ئاگری پیرۆز ناوچەیەکی دابڕاوی بێ ژیانە، لە نێوان شەڕی براکاندا دەناڵێنێت. بۆیە پێم وانییە هیچێک لەو هاوڕێیانەشت هاوڕا بن لەگەڵت، چونکە کات شەوە، کەش و هەوا زۆر ساردە و ئاسایی نییە، وێڕای ئەوەی کە ئەم شوێنە قەدەغەکراوە و کەسێک ناتوانێت بچێتە ئەوێ، کە یەکسەر بە گوللە دایدەگرن.

قسەکانی راست بوون و نەشم دەویست بە بێ راوێژی هاورێیان بچمە ئەوێ، بەڵام میردادی قوبادشێر، هەڵی دایە و گوتی:

– نا بەڕێز وا مەڵێ، پیر بەختەوەر بمانباتە ناو ئاگریش لەگەڵی دەڕۆین، ئێمە متمانەمان بەو هەیە و تکایە بەو شێوازە قسە مەکە.

ئەم پیرە پێشگرە لەگەڵ ناوی من مۆسیقایەکی سەیر و دەگمەنی هەبوو، زۆرم هەوڵ دا پێم بڵێن ئارامدین بێ هودە بوو، من سەرکەوتنم بەدەست هێنا لە دابراندنی رۆحسووک بەسەر جوانرۆی بێژەن دا، بەڵام بۆ دابڕانی ئارامدین کەسێک نەبوو هێندە سووربێ بۆ ئەوەی ئەو ناوەم بەسەر داببرێت، بێجگە لەوەی کە جوانرۆ پێی وابوو، بارودۆخی ئارامدین تایبەت بوو و ناوهێنانی ئەو زیاتر تووشی داخوران و داڕزانمان دەکات، پێی وابوو نابێت ئێمە دوا هەست و نەستی ئارامدین هەڵبگرین، چونکە ئەو هێندە ئیهانە کرابوو لە ناخەوە بەزاندبوویان.

زیاتر لەوە لەسەر رۆیشتن بۆ ئاگری پیرۆز سوور نەبووم. قسەکانی هاوڕێ واقیعی بوون، بێجگە لەوەش کە ژیانی هەموو ئەو گرووپە لە ملی مندا بوو. هەمووومان بە دوو ئۆتۆمبیل بۆ ماڵی هاوڕێ بەڕێ کەوتین. ئێمەی بردەوە



هەمان خانووی جاران، ئەو خانووەی دەیان جار کۆبوونەوەمان لێ کردوون و نانمان لێ خواردووە و لێیشی خەوتووین. کە چووین بۆ ماڵی هاورێ ئینجا زانیمان کچی مامۆستا زولکیفل، کە دەکاتە دۆتمامی دینۆ دەنگ گەورە، هاوسەرگیری بەستووە و کچێکی چاوگەشی جوانیشیان هەیە. ناوی لێنابوو دایان. کە ئەو بارە نوێیەم بینی هاورێ لەبەر چاوم گەورە تر بوو، تا ئەو چرکە ساتەش نەمبینی هاورێ لە سووربوون لەسەر بیر و بۆچوونەکانی گۆڕانی بەسەر هاتبێت، بەڵام هەر بەلامەوە سەیر بوو کە بەو بارودۆخە ناوازە رێزپەڕە رازییە و دەستبەرداری نابێت. دوای گەیشتنی ئێمە زۆری نەبرد نەقیب هەورازیش لەگەڵ دوو هاورێی خۆی هاتن. بەر لەوەی دابنیشێت گوتی:

– شوێن نەماوە بەدواتاندا نەگەڕێم.

دوای گفتوگۆیەکی زۆر رووداوەکەی خاڵی پشکنینیشی بۆ هاورێ گێڕایەوە، باسی لەوە دەکرد کە گۆڕانکاری دروست کردووە لە سیستمی کۆنترۆڵ کردندا، ئەو کەسانەی کە نەخوێندەوار و نەشارەزان نابێت سەرپەرشتی پشکنین و کۆنترۆڵکردنی خەڵک بکەن. هاورێ بە گێڕانەوەی رووداوەکە زۆر کاریگەر بوو، رووی لە نەقیب هەوراز کرد:

– لە مێژە هاووڵاتییان گلەییان هەیە لەو خاڵەی پشکنینە. جارێکی تریش پێم گوتیت ئارامگرتن سنووری هەیە، زانیومەتەوە کە لە رقی ئیهانەکردنی چەکداری ئەو کۆنترۆڵە پاڵیان داوەتە بەرەکەی دی. بەداخەوە کە هەندێک رەفتاری وا روو دەدات داگیرکەر نەیدەکرد، داگیرکەر یاسایەکی هەبوو، ئەگەر دادوەریشی تێدا نەبێت باشترە لە نەبوونی یاسا. نەبوونی یاسا واتە گەڕەلاوژێ.

کەمالیاری ئەکبەر رۆڵی قسەکردنی قۆستەوە و رووی لە نەقیب هەوراز کرد و گوتی:

– بەراستی ئەگەر خۆت لەو ساتەدا فریای رووداوەکە نەکەوتبایت خراپ دەقەوما، یەک خولەکی تر کێشەکە بەردەوام بووبایە من چەکم بەدەست هێنابوو و کۆمەڵێک چەکداری ئەوێشم بەردابوونەوە، چونکە ئێمە هەموومان لە کەسی پیربەختەوەردا بریندار کراین. بۆیە کارەساتێکی گەورە دەقەوما لەوێ، کەسیش دەرەنجامەکانی نەدەزانین.

گفتوگۆ تا دەهات گەرمتر دەبوو، سفرەی خواردن داخرا و دەست بە نان خواردن کرا. لەو ساتانەدا بیرم لە رووچڕی و بە هێزی مرۆڤ دەکردەوە. دوای کاروانێکی پڕ لە چەرمەسەری و پڕ مەترسی و ئەشکەنجە بۆ دوا سات هاتینەوە ناو کەش و هەوایەکی تەواو جیاواز، بۆ زیاتر لە دوو ساڵە سفرەی خواردنم نەبینی بوو. کە دایانم بینی زۆربەی کاتەکانم لەگەڵ ئەو بەسەر بردن. دایان چاوەکانی زەرد و قژێکی ئاڵ و رەنگێکی سپی و زۆر جوانی هەبوو. زۆر کەم وابووە یاریم لەگەڵ منداڵان کردبێت، بەڵام کەمیش وابووە دەرفەتم بۆ هەڵسووڕابێت. داگیرکەر نەیهێشتووە چێژ لە ژیان بکەین، یا بیر لە ژیان بکەینەوە. بەڵام بەداخەوە وا پێدەچێت چیاییەکان وا راهێنرابن کە بە هەڵە لە ژیان و لە هەموو ماناکانی ژیان گەیشتبن. چەند ساڵێک لەمەو بەر جارێک لەگەڵ فەقێ ئامانج بە ژێر ئەشکەوتێکدا تێپەڕین. لە دیوی ژوورەوەی ئەشکەوتەکە بە خەتێکی سەوز و زەردی تێکەڵ نووسرابوو، "کە بەفر دەبارێت هەست بە ژیان دەکەم، کە دەمەوێت بە دوای رۆحدا بگەڕێم لە ژێر بەفردا دەتوانم شوێنەوارەکانی بدۆزمەوە. بەفر پرۆسەی بارینی ژیان و توانەوەیەتی لە ناو زەوی و روانینییەتی لە شێوەی ژیان و لە وەرزی بەهاراندا".

منیش کە بە بەردەم قوتابخانەی سەرەتایی دایاندا تێپەڕ دەبووم، زۆر جار دەنگی مامۆستا و منداڵەکانم گوێ لێ دەبوو، جارێکییان لەبەر دەم پەنجەرەی قوتابخانەکەدا گوێکانم قۆرخ کردن بۆ دەنگەکە و مامۆستا دەیگوت:

"ژیان لەخەو رابە، سەیرکە بەفر چیاکانی سپی کردووە".

منداڵەکانیش لە دوای مامۆستاکە بە دەنگێکی بەرز هەمان شتیان دەگوتەوە. ئینجا مامۆستاکە تەواوی دەکرد و دەیگوت:

"ئازادی پشتی کوڕە و حەزی ئێمەشی بۆ خۆ بردووە."

منداڵەکانیش بێ ئەوەی لەو وشانە حاڵی ببن بە یەک دەنگ و بەیەک تەکان لەدوای مامۆستاکە دەیانگۆتەوە. چەند نەقیب هەوراز و هاوڕێیان هانیان دام بەشداری گفتوگۆکان بکەم و چیتر لەگەڵ دایاندا خۆم خەریک نەکەم، بەڵام من یاری کردنم لەگەڵ دایان زۆر بەلاوە بە نرخ تر و خۆشتر بوو. تا دوایی هاوڕێ بانگی چیمەنخانی کرد و داوای لێکرد دایان بخەوێنێت. کە وای گوت رووم لە



هاوڕێ و هەوراز کرد و پێم راگەیاندن کە ئێمە بەیانی زوو دەڕۆین بۆ دایان. هەرچەند ئەوان کۆسپ و تەگەرەیان پێشان دەدا و بە ئەستەمیان دەزانی، بەڵام من هەر سوور بووم لەسەر گەیشتن بە ئاگری پیرۆز.

* * *

کە سەرم بە دەروازەی ئاگری پیرۆزدا گرت، گرم گرت، هەرچی مانای ژیانە نەدەبینرا، گوڵچینی شێرەچیام لە هیچ شوێنێک نەبینی، وامدەزانی تازە بە تازە ئەنفال کراون، ئاخر چ یاسایەک لەو دونیایەدا، چ ئایینێک، چ ویژدانێک رازییە من لە باوەشی ئەو دایکە نازدارەم بکات، مەگەر یاسای قەرەقۆشی ئەو دەستە ویژدان رەقە نارەسەنەی بیابان نەبێ. ئاخر چۆن دەبێ گوڵچینی شێرەچیا لەبەر باوەشی دایان هەڵبگیرێ و ئێمەش لەبەر باوەشی ئەو. ئەوانەی باسی ویژدان و ماف و برایەتی و رۆحانییەت دەکەن لە کوێن؟ هەرچەندە جوانڕۆ و کاروانێک لە پاڵەوانی خۆڕاگری شەڕی دژ بە داگیرکەر پاڵپشت و دڵنەواییم بوون لەو شارۆچکە خاپوورکراوەدا، بەڵام کەسێک نییە ئیتر سۆزی گوڵچینی شێرەچیام بۆ بگێڕێتەوە، کەسێک نییە لەسەر زەوی بتوانێ قەرەبووی ئەو قوربانییەم بۆ بکاتەوە. گێلن ئەوانەی وا تێبگەن ئیتر ویژدانی بیمارکراوی من تازە سارێژ دەبێتەوە، گێلن ئەوانەی ئیتر دەتوانن پێم بڵێن چیاکان و بیابان برای یەکن. کەی گوڵچینی شێرەچیا و دوا سیمبۆڵی پێکەوە ژیانیش نەهری رۆحسووکیان بۆ هێناینەوە ئەو کاتە باس لە بەیەکەوە ژیان دەکەین. کەی گیانیان بەبەر دەیان هەزار ئەنفالکراوی زەردەخەنە دزراوی نائومێدکراودا کردەوە ئەوکاتە، تەنها ئەو کاتە وەرن پێم بڵێن ئێمە براین.

کە ئاگری پیرۆزم بینی لە گۆڕستانێکی ترسناک دەچوو. هیچ شتێکم وەکو پێشان نەهاتەوە بەرچاو. هەموو شتەکان گۆڕانیان بەسەردا هاتبوو، خانووەکان بەسەریەکدا رمابوون هەندێکیان دیوارەکانیان مابوون و سەربانەکەیان نەمابوو، هەندێکیان شوێنەواری خانووی لێنەمابوو، هەندێکیان سەربانەکەیان لەناوەڕاستەوە رمابوو و گژوگیا داپۆشیبوو، پردی شاهان لە ناوەڕاستەوە

بەربووبووەوە و هیچ پیادەیەک نەیدەتوانی هاتووچۆی بەسەردا بکات نەخاسمە ئۆتۆمبێل. گۆڕی پیری چیاداد ببووە کەلاوە و تەنها شوێنەواری دار و دیوارەکانی مابوون، غەرەکەیان رووخاندبوو و سەرگۆڕەکەی گژوگیا و دارودەوەنی بەشێوەیەکی پەرت و بڵاو لەسەر شین بووبوو. ئەوەی لە هەمووی خەفەتبارتر بوو بڕینی هەموو ئەو دارە بەرز و رازاوانە بوو کە ئاگری پیرۆزیان وەکو بەهەشت دەناساند. ئەو لێرە پان و بۆڕەی قەدپاڵی چیای دایان و چیاکانی دەوروبەری قەڵاچۆ کرابوون و بە دەگمەن دارێکی ئەو دارستانەت بەر چاو نەدەکەوت. زەمەنی بەر لە ئەنفال خەڵکی دەڤەری چیاکان، میهرەبان، دڵسۆز بۆ یەکتر و بەسۆز بوون تەنانەت لەگەڵ دارستان و ئاژەڵەکانیشدا، دوای ئەنفال هەموو شتەکان گۆڕاون، کاریگەری راستەوخۆی لەسەر دەروونی چیاییەکان داناوە و ئەمەش دەرەنجامەکانییەتی. دوای شەش ساڵ نامۆبوون و قەبووڵکردنی زیللەت گەڕامەوە ئاگری پیرۆز. بەڵام ئەوە ئاگری پیرۆزی جاران نەبوو. جاران ئاگری پیرۆز هەمیشە لەسەر پێ بوو، هەمیشە ئامادەی گیانفیدایی و وەدەرنانی داگیرکەران بوو، هەرگیز زیللەتی قەبووڵ نەدەکرد. ئەوانەش کە دانوویان لەگەڵ ئیرادەی زۆربەی ئەو شارە نەدەکوڵا هەمیشە چاوشۆڕ و زەلیل بوون. چاوەڕێم دەکرد لە دوای راپەڕینی چیاییەکان ئەو دەڤەرە چیتر کەف و کوڵی شەڕ و ئاژاوە بەخۆیەوە نەبینێ، بەڵام بەداخەوە بیابانییەکان دەرچوون، بەڵام چیاییەکان لە خۆیان گۆڕیوە، ئەو لوتکە بەرزە سەرکەشانە ئارەقەی شەرمەزاری دەڕێژن لەدەست رەفتاری ناشایستە و ناجوامێرانەی هەندێک لەو چیاییانەی کە تا دوێنێ خۆیان بە شۆڕشگێڕ دەدایە قەڵەم. ئێمەی چیایی فێری دیمەنی رەنگاوڕەنگ بووین، چیاکان بەیەک رەنگ ناشیرین و ناوازە دەبن، هەرگیز چیاییەکم نەبینیوە یەک رەنگ بێ، یەک جۆر گوڵی تیا بێ، کە بەهاران سەرمان بە دایاندا دەکرد، دەیەها گوڵی هەمەجۆر نازیان بەسەر ئێمەدا دەکرد و خۆیان دەخەملاند، لەگەڵ هەر پشەبایەکی شەماڵ، دەکەوتنە سەما و پێشوازییان لە ئامادەبوونی چیاییەکان دەکرد. دەنگێک لە قووڵایی ئاسمانەوە بەسەر سەری ئێمەوە بانگی دەکرد، دەیگوت:



– ئەو گوڵانە کە چیاییەکان دەبینن، هەست بە بەختەوەری و دڵنەوایی و دڵنیایی دەکەن، هەموو جارێ زیاتر گەشە دەکەن و رەنگ و روویان گەشاوەتر دەبێ. بەڵام ئەمڕۆ نائومێدن، ئەوەتا شۆڕشگێڕەکانی دوێنێ رازی نین چیاییەکان رەنگاوڕەنگ بن، بۆیە هەر گرووپێک دەیەوێ گۆڕەپانەکە تەنها بۆ خۆی بێ، چیاکانیش تەنها بە رەنگی ئەو خۆیان بخەملێنن، ئەمەش پێچەوانەی سروشتە، پێچەوانەی دابونەریتی سەدەها ساڵەی ژیان و گوزەرانی چیانشینەکانە، پێچەوانەی حەز و خەونی دێوانە شارناسە، ئەو دێوانەیەی تا لە ژیاندا بوو، نەیهێشت بیابانییەکان دەڤەری ئێمە داگیر و گڵاو بکەن، ئێستاکەش دوای ئەوەی بیابانییەکان شوێنەواری گۆڕەکەیان رەش کردۆتەوە، کەسێک، چیاییەک گۆڕەکەی نۆژەن نەکردۆتەوە، پێچەوانەی ئامۆژگارییەکان و رێنوێنییەکانی پیری چیادادە. بەڵام حەیفێ تاکە شتێک کە هێمای بەرخودان و قوربانییەکانی ئاگری پیرۆز بوو ئەو زرێپۆشە بوو کە دێوانە بە شانوباڵی دوو بیابانی دیل هێنایە سەر بەرزترین لوتکەی دەروازەی ئاگری پیرۆز، بەڵام ئەو شۆڕشگێڕانەی خۆیان بە رێ و شوێن هەڵگری دێوانە دادەنا ئەو هێمایەشیان لێرە لابردووە و تالانیان کردووە. نەهری رۆحسووک راست دەکات کە بەراورد لە نێوان شۆڕشگێڕ و چەتە دەکات، ئەوانی یەکەم بۆ پاراستنی سامانی چیاییەکان تێدەکۆشن و دووەمەکانیش بۆ دزینی.

هەمووومان گوێمان لەو دەنگە دەبوو، ئەوەی بڵێ من گوێم لێ نەبووە راست ناکا، ئەوەی بڵێ ئەوە وەهمە راست ناکا، وەهم شتی واقیعی و شایستە نادرکێنێ، وەهم حەز بە سەربەرزی مرۆڤ ناکا، وەهم حەز دەکات هەمیشە دەست لە ئەژنۆ و چاو بەفرمێسک و مات و مەلول بمانبینێت، ئەو دەنگە دەنگی راستییە، دەنگی ویژدانی ئەنفالکراوەکان. لەبیرچوو کە سەدان کەس لە باوەشی دایان دابڕاون و خۆزگەی گەڕانەوە دەخوازن، خۆزگەی رزگاربوون لە دۆزەخی گۆڕە نەگبەتییەکانی بیابان، خۆزگەی بە مەبەست گەیشتنی دادوەری.

جوانڕۆ سەرسامی ئەو دەنگە بوو، دڵی تژی گریان بوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەش هەوڵی دەدا دڵی من بداتەوە، پێم گوت:

– ڕۆحسووکی برا تۆ چارەکی کێشەکانیشت بۆ ئێمە باس نەکردبوو، تۆ پێت نەگوتبووم ئاگری پیرۆز هەر چۆڵە و کەس ئامادە نییە بۆی بگەڕێتەوە، پێت نەگوتبووم زرێپۆشەکەی دێوانە شارناس لە دەروازەی ڕۆژئاوای ئاگری پیرۆز دابەزێنراوە و چەتەکان دزیویانە و فرۆشتوویانە، گۆڕەکەشی شاهیدی هەموو ئەو نەگبەتی و بێ ڕێزییەیە بە هەموو شتەکان. تۆ پێت نەگوتبووم رووباری سەما چیتر هاشەی نایەت و ببڕای ببڕای ئاوی پێدا دێتە خوارەوە. پێت نەگوتبووم ئەو هەزار بە هەزار دار و درەختەی لێڕی دایان تێیبەربوون و هەموویان بڕیوەتەوە، پێت نەگوتبووم هەموو ئەو درەختانەی بۆ یادی لە دایک بوونی هەموو تاکەکانی ئاگری پیرۆز ڕوێنرابوون و هەزاران یادگاری و خۆشی و زەردەخەنەیان وەخۆ هەڵگرتوون دەرهێنراون یا لە تێنووەتی وشک بوون، پێت نەگوتبووم چیتر بولبولەکانی ئەو باخ و بێستانانەی کە ئاگری پیرۆزیان لە باوەشگرتبوو ئیتر ناخوێنن و جریوەیان نابیستری. پێشت نەگوتبووم ئیتر گژوگیا لە دەڤەری چیا ناڕوێ، چونکە بیابانییە داگیرکەرەکان هەموویان بە گازی ژەهراوی خنکاندووە و هەرواش ماوەتەوە.

زۆرم لە دڵدا بوو هەڵیڕێژم. جوانرۆ و هەموو هاوڕێیانی تریشمان لە من کلۆڵتر و بێدەسەڵاتتر بوون. کۆستی ئەوان هیچیان لە کۆستی من بچووکتر نەبوو، ئیتر ئێمە کێین؟ ئێمە بەندەی شۆڕشگێڕەکانی دوێنێین، ئەوان خۆیان بە خاوەن شەرعییەتی شۆڕش دادەنێن و ئێمەش بە منەتبار و ترسنۆک. ئەوانی ڕۆژانی ڕەشی ئاگری پیرۆزیان لە بیرچوو کە دوژمن چ کارێکی بە دانیشتوانی دەکرد و ئەوانیش چەند خۆڕاگر و کۆڵنەدەر. تاقە کەسێکی ئاگری پیرۆز نەمابوو بەدەستی بیابانییە دڵڕەشەکان شەقێکی تێهەڵنەدرابێ و تفێکی پێدانەکرابێ، نەمانبوو شەهیدێکی نەدابێ و دووچاری ڕاوەدوونان نەبووبێ. بەڵام ئەو خوێن و ئارەقەیە هەمووی لەبیر کرا، ئەو خوێن و ئارەقەیە لە ژێر چادری ڕەنگی ئەم و دەنگی ئەویتریان دانەبوو، بۆیە لە بیریان کرد و ئاوڕیان لێنەدایەوە. بۆ دواجاریش ئاگری پیرۆز خۆی بە هەتیو دەبینێ، زۆربەی دانیشتوانی ئەنفال کراون، ئیتر کەس گوێی لە گوڵچینی شێرەچیا نابێتەوە تا دڵیان بداتەوە و ورەیان بەرز بکاتەوە، ئیتر باوەشی دایان هەر بە چۆڵی



دەمێنێتەوە و گوڵچینی شێرەچیا نەماوە خەڵوەتی لێ بکات و دایان هەر بە وشیاری بێڵێتەوە.

هەموو بستێکی ئاگری پیرۆزم دەپشکنی، هەموو بەرد و دارەکانم هەڵدەدانەوە و تەماشای ژێرەوەیانم دەکرد. دەچوومە ناو هەموو کەلاوە سەربڵندەکانی، سەرم بەسەر هەموو گۆڕەکاندا دەگرت و کێلەکانم دەخوێندنەوە. یادی هەموو ئەو شوێنانەم دەکردەوە کە پاڵەوانییەتێکی تێدا ئەنجام درابێ، یا شەهیدێکی تێدا کەوتبێ. چوومە ئەو شوێنەی کە پیرەژنی پەککەوتەی تێدا شەهید بووبوو، تەنها هەندێ ئێسکوپروسکی سپیپات بووەوە لەوێ مابوون. دەچوومە هەموو شوێنێک، هەموو ئەو شوێنانەی کە چیاییەکی تێدا ڕاگیرابێ، یا خۆفرۆشێکی جاشی لێ فەوتێنرابێ. سەرم بەسەر لێواری سەمادا دەگرت و زۆر بە کزی هاشەی دەهات، پیر و پشتکووڕ دیار بوو، چاوەڕێی بەهارێکی تری دەکرد بەڵکو بزێتەوە. سەرم بەسەر دۆڵی گڵاواندا دەگرت و سروشت و ڕەنگوڕووی خۆی تێک نەدابوو، وەکو جاران مۆڵگای هەزاران ئێسقانی نەناسراوی سوپای داگیرکەر بوو، ببوو بە قەبرستانێکی سەورواڵای گەورەی هێرش هێنەرەکان. تەماشای هەردوو بەری ئاگری پیرۆزم دەکرد لەبەر چاوم هێندە بچووک بووبووەوە، سەرسامی کردبووم. ئیدی هیچ شتێک لێرە ڕەنگی جارانی نەدەدا، هیچ شتێک ئاوازی جارانی نەمابوو، هیچ شتێک هیوای جارانی لێ نەدەچۆڕایەوە. ئیدی ئێرە دەڤەری ترس بوو، بەتەنیا مرۆڤ ترسی لێدەنیشت. خەونەکانی ئێمە ئیدی لێرە ناڕوێن، ئێرە چیتر سەرچاوەی ژیان و بەرخودان نییە، ئێمە ئاوا چاوەڕێی بەرهەمی خەبات و تێکۆشان نەبووین، ئێمە چاوەڕێی ئەوە نەبووین لوتکە بەرزەکانمان بکرێنەوە بە سەنگەر لە یەکترگرتن و ڕیسواکردنی دیرۆک و داهاتووی چیانشینەکان! ئەوانەی خۆ دەکوژن هەر سوورن لەسەر ئەوەی بە دونیا بڵێن ئێمە گەورە نەبووین، ئێمەی چیایی دونیا نەدیتەین، ئێمە ئێستاش هەر خێڵەکی و گەڕۆکین و بڕوامان بە پێشکەوتن نییە. ئێمە کورتە باڵای دەرچووی قوتابخانەی داگیرکەرین.

هەموو ئەو دیمەنە ترسناکانە دەیانبردمە لێواری لە بیربردنەوەی ئەنفالکراوەکان. دەزانم ئەوان ڕۆژانە پۆل پۆل دێنە تەماشای بەرهەمی شۆڕش و ماندووبوونی دەیان ساڵەیان و بە نائومێدی دەگەڕێنەوە قەبرە مۆدێرنەکانی بیابان. ئەوان پۆڵ پۆڵ کڕنوش بۆ نائومێدی دەبەن و سامی بێخاوەنی دەیانگرێ. ئەوان چاوەڕێ بوون هەرزوو سەروسۆراغێکیان لێ هەڵبکرێ و دڵنیایان بکەنەوە کە ئیتر زۆری نەماوە بە شکۆوە بیانبەنەوە باوەشی چیاکان و بە چەپکە شلێر و نێرگز و بەیبوون و گووڵەڕۆن لەسەر گۆڕەکانیان بروێنن. چاوەڕێی ئەوە بوون بکرێن بە مەزارگەی گەڕۆک و لێکۆڵەر و پێغەمبەرەکانی دونیا ئەوانەی کە دەیانەویست مشتێک لە خەرمانێکی ئەو چیا سەرکەشانە بزانن. چاوەڕێی ئەوەبوون ببن بە مێژووی شەرمەزاری بۆ بیابانییەکان و ئیتر ڕوویان نەیەتەوە پێ لەو هەرێمەدا بنێنەوە. ئەوان باوەڕیان نەدەکرد دوای ڕاپەڕین جنێویان پێ بدرێت و بێرێز بکرێن. ئەوە هەمووی بەرهەمی کاڵفامی و ئەو نەخۆشییەن کە هەموو جارێ نەهری ڕۆحسووک قسەی لێدەکرد.

لە لێوارێکی کاولی خانووەکەماندا دادەنیشتم و سەرنجم دەدا ئیدی چیدی مناڵەکان لەو سەرەڕێیانە شارکەوانێ ناکەن و سواری چیلەدارەکانیان نابن و تۆز لەڕێگا بەرز بکەنەوە. چیتر شوان و گاوان نابینین ئێواران شۆڕبنەوە ناو ئاگری پیرۆز و بۆرەی مانگا و بارەی بزن و مەڕ تێکەڵ ببن، چیدی سەربانی مزگەوت جیگای کۆبوونەوە و گاڵتە و گەپ و دەرس خوێندن و گفتوگۆ و سیاسەت نییە، چیدی مەلا رەسووڵی باڵابەرز میهرەبانی نانوێنێ و حیکمەت و ئامۆژگارییەکانی دابەش بکات. چیدی چیرۆکی دێوانە شارناس و شوانەی پاڵەوان ناگوترێنەوە. نەمدەزانی دەنگم بۆ کوێ هەڵێنم و پڕ بەدڵ هاواربکەم هۆی دونیا، هۆی دێوانە شارناس ئەنفالە ئەنفال، بومەلەرزەیە و شەپۆڵی چالاکییەکانیشی تا هەنووکە هەر بەردەوامن. کەس گوێی لە دەنگم نەدەبوو، کەسێکیش ئامادە نەبوو گوێ لە ئاخ و حەسرەتەکانم بگرێ. بەڵام دەنگێکی دی تێکەڵ بە سەمفۆنیایەکی تر بەرز دەبووە و دەیگوت:

– هۆ چیانشین، ئیتر ڕۆژی ئەوە بەسەر چوو گێلەکان بتوانن بژین. ئیتر ئەوە بەسەر چوو کارەکانتان بدەنە دەست قەدەر و خەڵکیش گیروگرفتەکانتان



بۆ چارەسەر بکات، ئیدی مۆدێلی بەرێوەچوونی دونیا گۆڕاوە، مانەوە بۆ ئەوانەیە کە بەهێزن، دۆستایەتی بەرژەوەندییە، بەداخەوە نرخی خۆتان و قوربانییەکانتان و ئێش و ئازارەکانیشتان نازانن، برۆ پێیان بڵێ، بە گەورەکان بڵێ، بە چەکدارە رق ئەستوورە کاڵفامەکانی شەڕی خۆکوژی بڵێ: ئێوە دەبەنگن، هێشتا قوربانییەکان جلە جوان و نرخە هەرزانە لادێییەکانیان نەڕزیون، لاشەی نازدارەکانتان هێشتا خوێنیان لێ دەچۆڕێتەوە، ئێوەش سەمای خۆکوشتن برەو پێدەدەن، کولتووری خێڵەکی درێژە پێدەدەن، گوێ لە کونەشاخەکان بگرن، گوێ لە کانیاوەکان بگرن، گوێ بۆ ئەشکەوتەکان شلکەن، گوێ بۆ بەردە بەسەریەکدا رماوەکان قۆرخ بکەن، چاوە تیژەکانتان لە تۆز و خۆڵی ڕێگاوبانەکان ببڕن، هەست بۆ دار و درەخت و تەڕاش و دەوەنە کوێستانییەکان رابگرن، ڕێگە بە بولبوولەکان بدەن بخوێنن و هەستیان لێڕاگرن، هەست بۆ بای شەماڵ راگرن، هەست بۆ جۆگەلە ئاوەکان راگرن، هەست بۆ پەرێزە وشک هەڵاتووەکان راگرن، دەست بە مێرگ و چیمەنە جوانەکانی بەرۆک و لاتە سەوزەکانی شاخەکاندا بێنن، هەست بۆ هەموو دیمەنەکانی ئەو دەڤەرە راگرن، بە چاوی خۆتان دەبینن، بە گوێی خۆتان دەبیسن، بە هەستی خۆتان هەستی پێدەکەن چ زوڵمێک لەو دەڤەرە ئەنجام دراوە. ئەوانەی خۆ دەکوژن دەبەنگن دەبەنگ، شایستەی ئەوە نین پێیان بڵێن چیایی، شایستەی ئەوە نین شەرعییەتی شۆڕش هەڵبگرن، شایستەی ئەوە نین ئەوان کەسوکاری قوربانییەکان بن و بەناوی ئەوانیشەوە بئاخڤن. دەبەنگ و گێلەکان ناکرێ بەزەییان پێ بکرێت، هیچ یاسایەکی ئاسمانی و زەمینیش گێل و دەبەنگەکان ناپارێزێت. گلەیی لە خۆتان، لە گەورەکانتان، لە شۆڕشگێڕەکانتان بکەن. گلەیی لە قەدەر مەکەن، گلەیی لە نەگبەتی خۆتان بکەن. ئیتر نوزانەوە دادی ئێوە نادا، گوڵچینی شێرەچیا سەفەری کردووە، ئەو هەرگیز نامرێت، دانیشتوانی ئەو شاخانە هەموویان لەسەفەرن، هیچیان نەمردوون. ئەوان ئەو ساتە دەمرن کە ئێوە خوێنی ئەوان بێرێز دەکەن، یەکتری سەردەبڕن. زەرد و سەوز و شین و سپیتان لێپەیدا دەبن و داو بۆ یەکتر دادەنێنەوە و چاڵ بۆ یەکتر لێدەدەن.

ھەموو ئەو پەیڤانە نەھری رۆحسووکیان دەھێنامەوە بیر، دەمزانی ئەو شەھیدێکە لە شێوازێکی تایبەت، لەو شەھیدانەیە کە بە قەد قورسایی ئەو چیایانە خەمی چیاییەکانی لە کۆڵە، بە قەد بارستایی زەوی خەفەتی ناشتووە بۆ دەرباز بوون لە زیللەت. بۆ ئاشتی و دادوەری لەسەر زەوی. لەو چرکە ساتانەدا خۆزگەم دەخواست ھاورێ و یاوەری ئەو بوام، ئیتر باوەڕم ھێنا کە گوڵچینی شێرەچیا لێرە نەماوە، چیتر لە خەڵوەتی دایاندا نابێت و کەسێکیش نییە چیرۆکی گوڵچین و ورچە درندەکەی چیای دایان بۆ میوان و رێبواران بگێڕێتەوە. ئێستا زانیم جەمالی پەرستار چ بریارێکی مەزنی داوە کە جارێ نەگەڕێتەوە، ئەو دونیایەکی لە خەون بۆخۆی پێکھێنابوو، دونیایەک ھەر چەند بچووکیش بوو بەڵام جوان بوو، ئامادە نەبوو دەستبەرداری ئەو دونیا بچکۆڵەیەی بێ، ئەو ھەموو رۆژێ دەچووە خەڵوەتی یەکە یەکەی ئەنفال کراوان و کۆڕی زیکر و نوێژی گەڕانەوەی بۆ چیاکان لەگەڵ دانیشتوانی گۆڕە بەکۆمەڵەکان دەبەست. تەنھا خەمی ئەو، ئەو ھێندە داربەڕووە بوون کە زەمەنێک لەمەوبەر ناشتبوونی، بەڵام نەک ھەر دار نەمامەکانی ئەو، بەڵکو ھەرچی لێرە بوو بڕدراوە و بردراوە، کەسێک سۆزی نە بە ئاسنەکان و نە بە دارەکانیش کردووە، لێرە کەس بەزەیی بە مرۆڤدا نایەتەوە ئەی چۆن بە دار و دەوەندا دێتەوە؟

جوانڕۆم دەبینی لە تەنیشت منەوە لەسەر پانایی بەردێک دانیشتبوو و ھەردوو دەستەکانی بەسەر ئەژنۆیدا بەردابوونەوە، قوتە دارێکی لەدەست بوو لەبەردەم خۆی یاری پێدەکرد. ئەوم لەخۆم بێکەستر بینی، ئەو کەسێکی نەماوە، ھەموویان ئەنفال کراون. منیش ھەروا، دایکم، گوڵچینی شێرەچیا ئەنفال کراوە، باوکیشم کەس نازانی وێڵی چ ھەردێک و لەکوێی ئەو دونیایەدا گیرساوەتەوە. قەدەمخێری پیرۆزیش لەسەر پێچکە چیمەنتۆیەکی پردی شاھان لە دوورەوە دیار بوو لەگەڵ ھەڤاڵێکی ترمان پشتییان دابووە یەک و مات و مەلول دانیشتبوون، ئەوانی دیش لە دوورەوە لەسەر کەلاوەی گۆڕی پیری چیاداد ھەر یەکەو لەسەر بەردێک یا بنە دارێک پاڵیان دابووە و سەرەتا چاوەڕێی بریارێکی



من و جوانڕۆیان دەکرد بۆ کۆتایی ھێنان بەو نارەحەتییەی کە ئێمە و رۆحی قوربانییەکانیشی تێدایە، ئەم دابەشبوونەشمان وێڵبوونی ئێمەی دەگەیاند، وێڵ بوونێک لە نێوان بێکەسی و بێ خاوەنی و نەداری ئێمە. کەسانێکی کەسوکار ئەنفالکراو، بێ جێوڕێ، بێ خاوەن و مشوورخۆر. نائومێد و خەفەتبار. لە دەرەنجامەکانی شەپۆڵە شێلگیرەکاندا گردەخۆین. ئیدی کەس کارەساتەکان نابینێت، بێجگە لە شەڕی خۆکوژی و حەیاچوون. شەڕێک لەپێناو وەھمی دەستەڵاتێکی لە بنەڕەتدا لەرزۆک و ناڕاستەقینە. ئەمەش بەڵگەی ئەقڵبچووکی شەڕکەرانە. لە گێژاوی ئەو چوون و نەچوونەدا تەماشایەکی دیکەی ھاوڕێیانم دەکرد و دەمبینین لەجموجۆڵدان. ئەوانەی لەسەر کەلاوەکەی پیری چیاداد دانیشتبوون لە دوورەوە دیار بوو کەوتنە جموجۆڵ و لە پڕ ھەر یەکەو لە شوێنی خۆی دەستی دایە بەردێک یا دارێک و دەستیان کرد بە کارکردن. بەلامەوە سەیر بوو، جموجۆڵێکی کتوپڕی نائاسایی ھەموویانی خستە جوڵە، لەو دەمانەدا قەدەمخێریشم بینی بەرەو لای ئەوان رۆیشت و لەگەڵ یەکێکیان کە بەردێکی بە سینگیەوە گرتبوو گفتوگۆی دەکرد، دوای دەمێک دەستەکانی لێ ھەڵکردن و ئەویش و ھاوڕێیەکەشی دەستیان کرد بە کارکردن. ئەم دەستپێشخەریی و بیرکردنەوەیە منی جوڵاند، لەپڕ تیشکێکی رووناکی پەڕاندە ناو دڵم، ئومێدێکی تازەی پێ بەخشیم.

رۆحسووکم دواند، زۆر نائومێدم دەبینی، پێمگوت:

– بە نیاز بووم پێت بڵێم  با بڕۆین، خۆ نابێ تا ھەتایە لەو وێرانەیەدا خۆمان مات بکەین، خۆ دەبێت چارەسەرێک لە خۆمان بکەین. ئێمە دوانزە کەسین، دوانزە رۆحی ئاوارە و بریندارین، کەسێک نییە بمانناسێت و بەو دەڤەرەشدا گوزەر بکات، ئێرە دەڤەری قەدەغە کراوە، قەدەغەکراو بە دەست و ئیرادەی براکان، برا دوژمنەکان، ئەو برایانەی نە خۆیان و نە دەڤەری خۆیان دەوێت، ئەوان خۆکوژ و ئێمەکوژ و چیاییکوژن. بەڵام تەماشاکە ئەو ھەڤاڵانەمان خەریکی شتێکی دیکەن، خەریکی دانان و دروستکردنەوەی ھیواکانن، خەریکی دروستکردنەوەی رابردوو و بیناکردنی داھاتوون لەسەر ئەو بناغەیەی کە لای ھەموان پیرۆزە.

ئەو سەری هەڵێنا و تەماشایەکی ئەوانی کرد، پاشان رووی لە من کرد و گوتی:

– منیش بە نیاز بووم پێت بڵێم، بۆ کوێ؟ بۆ کام ئاوەدانی؟ بۆ لای کام کەس و دۆست؟ بۆ کام وار و کام دەڤەر؟

من لە شوێنی خۆم بەرزبوومەوە و گوتم:

– رۆحسووکی برا وامەڵێ. ئێمە چیاکانمان هەن، تەماشایان بکە چەند رازاوەن، چیاییەکانیشمان هەن، تەماشایان بکە چەند بە دڵسۆزی کەوتوونەتە کارکردن، ئیتر ئەوانە بەر لە من و تۆش شانازی دانانی بەردی بناغەی دروستکردنەوەی ئاگری پیرۆزیان پێ برا. چیاییەکان کڵۆڵ نین، پیری خانانیش لە مێژە ئەمەی وتووە، بەڵام بێ خاوەنن. راستە هەندێکیان ئەنفال کراون، هەندێکیش کە تا دوێنێ بەرگرییان لەو چیایانە و لە چیاییەکانیش دەکرد ئەمڕۆ سەریان لێشێواوە و خەریکی خۆخۆرین، خەریکی خۆکوشتنن، خەریکن بە رێگای هەڵدێردا بەرەو هەڵدێر دەڕۆن، واپێدەچێ چاوساغیشیان خەڵکی وەکو عەولاغای کوڕ بن، ئەوانەی کە ئەمڕۆ لە پێشەوەی ئەوانەوەن، درێژە بەو شەڕە دەدەن. هەندێکیش لەو پێشمەرگانە کۆڵیان داوە و دانیشتوون، نەیانویستووە شەڕی خۆکوژی بکەن بەڵام نە هەوڵی دامرکاندنەوەی دەدەن و نە رێگایەکیش هەیە پێی بڵێین رێگای سێیەم تا بیگرنە بەر. هەندێکیشیان ئێمەین، ئێمەی قوربانی، ئێمەی ون، کەسێک نامانبینێت، کەسێک نییە هەست بە ئێش و ئازارمان بکات، دەبێ بۆ خۆمان دڵی خۆمان بدەینەوە، کەسێکیش گوێمان لێناگرێ. ئەوەی گوێی لێدەگیرێ دەنگی گوللەیە، تاکە زمانی ئەمڕۆی ئەو چیاییانە زمانی گوللەیە، تاکە رێگا و چارەسەریان یەکتر لەناو بردنە. بۆیە ئێمە نابێ دانیشین، نابێ دەست لە ئەژنۆ مات و مەلول کڕوکپ بین. چیاکان بانگمان دەکەن، ئەوان تا ئەمڕۆش پرسەیان نەشکاندووە، گوێت لێنییە لەوەتی ئێمە هاتینەوە ئێرە، دایان بانگمان دەکات. سەما پەیاممان بۆ دەنێرێت. ئەوان پێیان وایە کەسێک کە بتوانێت سەروسۆراغێک لە ئەنفالکراوان هەڵبکات کەسوکاری ئەوانە، ئێمەین. ئێمەی پاشماوەی ئەنفالەکان. ئێمەین کە هەست بە ئێش و ئازاریان دەکەین. ئێمەین کە گوێمان لە ناڵە و هاواریان دەبێت. ئێمەین کە



دەیانبینین. ئێمەین شاهیدی ئەو ساتانەین کە مردن دەبارێت. کە چیاکان پرسەیان دەبەست، کە چیاییەکان وەکو ئاژەڵ سواری ئیڤاکان دەکران و بەرەو دڵی رەشی بیابان دەبردران. بۆیە چیاکان بانگمان دەکەن، سەماش پەیام لەدوای پەیام دەنێرێت:

– ئێوەن ئومێدی ئەمڕۆ و بەیانی. هەموو کەسێک کۆڵ بدات ئێوە نابێ کۆڵ بدەن. کەی دەرفەتتان بوو بگەڕێنەوە بیابان. لەوێ بەدوای ئەنفالەکاندا بگەڕێن، بیاندۆزنەوە. تا نەیاندۆزنەوە نەیەنەوە. تەنها ئێوەن بە وزە و هێزی ئەوان دەتوانن ئەو خۆکوژییە راگرن. ئێوەن دەتوانن بە عیشقی ئەوانەوە چیاکان ئاوەدان بکەنەوە. ئەوان بکەن بە سروود و بەر لە رەشەباکان بگرن، ئەو رەشەبایانەی دیوی دواوەیان تا هەنووکەش کاولکاری وەخۆ هەڵگرتووە. دیوی دەرەوەیان دیارە و میوانێکی رەزاقورسی بەخێر نەهێنراوە، داگیرکەرە. بەڵام دیوی دواوەی ئەو شەڕە خۆکوژییانەن کە لە بناغەوە هەڵمان دەتەکێنێت. دیوی دواوەی ئەو رەزا قورسانەن کە بەخۆیان دەڵێن چیایی و لە خزمەتی داگیرکەردا تێدەکۆشن. بەر لە رەشەباکان بگرن، هێشتاش وا بەڕێوەن، ئەگەر ئازا نەبن ئەوەی ماویشە ئەنفال دەکرێت. ئەنفالی گەورەتر بەڕێوەیە، دەبێ دواوەی رەشەباکان بدۆزینەوە. بتوانین دەستنیشان بکەین، دواوەی رەشەباکان ترسناکترە لە دیوی دەرەوەیان.

نەهری رۆحسووکیش لە پەیامێکیدا دەڵێ:

– کە بینیتان خەڵک گێژە ئێوە وریای خۆتان بن گێژ نەبن. وریای خۆتان بن پڕوشکی گێژیتان وێنەپەڕێت. کە بینیتان خەڵک خۆی ونکردووە، حۆل بوون، لەجیاتی بەدوای خۆدا بگەڕێن وێڵ و سەرگەردانن، وریای خۆتان بن ئێوەش خۆ ون نەکەن. وریای خۆتان بن ئەوان کێشەتان بۆ دروست نەکەن. وریای خۆتان بن ئێوەش خۆ ون نەکەن.

جوانڕۆ هەڵیدایە و گوتی:

– باشە خەپەی برا بەلامەوە سەیرە قسە لەسەر باوکت ناکەیت، لێی ناپرسیتەوە، بەلاتەوە گرنگ نییە بیدۆزیتەوە؟ پێم ناڵێی ئەو نهێنییە چییە هێندەی وێڵی مردووەکانی هێندە بەدوای زیندووەکاندا ناگەڕێیت؟

– ڕۆحسووکی برا، بۆی هەیە ئەمەش نەخۆشی بێت ئەگەر بەو سادەییە بێت کە تۆ باسی دەکەیت. یەکەمجار لە ڕێگا پێمگوتی من ئیتر بەختەوەر نیم، لێرە بەولاوە ئارامدینم، ئارامدین بە گۆشت و ڕۆحەوە، بە هەست و نەستەوە. دووەمیشیان: خۆزگە بەو ساتە دەخوازم کە باوەشێک بە باوکمدا بکەمەوە، بەڵام هەموو شتەکان پێم دەڵێن باوکم لە یەکەم ڕۆژی ڕووبەڕووبوونەوەدا شەهید بووە، کە گوڵچینی شێرەچیاش بە دوایدا چوبوو، پیشانیان نەدابوو، هەر لەو کاتەوە زیاتر دڵنیابووم کە زێندینی هەوران نەماوە، ئەگینا دەبوایە ئەو بە دوای ئێمەدا بگەڕابایە، ئەگەر نا ئەو لە دوو حاڵەت بەدەر نییە؛ یا ئەوەتا بووە بە چەتە و لە یەکێک لەبەرەکانی شەڕی خۆکوژیدایە، کە بەهیچ ئەگەرێکیش باوەڕ ناکەم وابێت و بووبێت بە چەتە، ئەگەر بووبێتیش ئەوە پێویستم بە باوکێکی ئاوا نییە. یا ئەوەتا بەزیوە و لە پەنایەک خۆی حەشارداوە، ئیتر ئێمەش ناتوانین خۆمان پەنای پەنادراوان بدەین، تا ئەورۆژەی ئەو هەورە ڕەشە بەری ڕووناکی چیاکان بەردەدات و ئەویش دێتە دەرەوە، دێتە دەرەوە بۆ ئەوەی ئاگری پیرۆز بەیەکەوە دروست بکەینەوە، بەیەکەوە ئاوەدانی بکەینەوە.

پێویستە زیاتر خەریکی قسەکردن نەبین، دەبێ شەرم لەو هاوڕێیانەمان بکەین، ئەوان وا ئیش دەکەن، با ئێمەش بچین، بزانین ئەوان بەنیازی چین و سەرچاوەی ئەو بیرکردنەوە زێڕینە چییە و کێیە، با ئێمەش بچین ئیش بکەین و پلانێک بۆ داهاتووی ژیانی خۆمان دیاری بکەین، یا ئەوەتا بڕۆین، جارێکی تر بەدوای سەروسۆراغی ئەنفال کراوان بکەوین و گرووپی ١٢ هەڵوەشێنینەوە، کە ئەوەش بە دڵی هەڤاڵانی گرووپی ١٢ نابێت، بە دڵی نەهری ڕۆحسووک نابێت. یا ئەوەتا دەست بەکار بین و یەکەم بناغەی ئاگری پیرۆز لەمڕۆوە دەست پێ بکەینەوە.

لەگەڵ ئەو قسانەمدا جوانڕۆی ڕۆحسووک بڵند بوو، بە دەنگێکی بەرز و بە ورەوە گوتی:

– ئازیزم ڕێگای من و تۆ یەک ڕێگایە، چارەنووسمان یەک چارەنووسە، وا تێنەگەی منیش گوێم لە بانگی چیاکان نییە، وا تێنەگەی زاراوەی دایان حاڵی نابم، وا تێنەگەی زمانی سەما تێناگەم، وا تێنەگەی هەستەکانی تۆ ناناسم، ئێمە هەستمان و ڕۆحمان تێکەڵ بووە، چونکە چارەنووسمان تێکەڵ بووە، بۆیە بۆ هەموو هەنگاوێک



لە پشتت دەبم، ئاگری پیرۆز بینا دەکەینەوە و بەدوای قوربانییەکانیشماندا دەڕۆین، هەموو شتەکان دەکەین.

لەگەڵ دەنگی ئەو منیش بڵند بووم، دەستمان خستە دەستی یەک و ڕوومان لە دایان کرد، بەڵێنی تاهەتایەمان پێدا، بەڵێنمان پێدا تا ئاگری پیرۆز بینا نەکەینەوە بەجێی ناهێڵین، تا دەنگوباسی ئەنفالکراوەکانی بۆ نەهێنینەوە کۆڵ نادەین، گرووپی ١٢ یەکەم نەخشی خۆی لە دایان دادەڕێژێ. یەکەم هەنگاوی لێرەوە دەست پێدەکات. بە پێچەوانەی ڕەشەبا کۆششی خۆمان بڕەو پێ دەدەین. بەڵێنمان دایە دایان کە بچینە ئەو دیو شەپۆڵی ڕەشەباکان و پەیامی خۆمان بە هەموو چیاییەکان ڕابگەیەنین.

بەم شێوەیە بڕیارماندا بگەینە هەڤاڵانمان، بزانین بڕیاری ئەوان چییە و لەو جموجۆڵە مەبەستییان چییە! هەر لێیان نزیک کەوتینەوە، قەدەمخێری پیرۆز تەماشایەکی کردین و بە زەردەخەنەیەکی پڕ لە هیواوە گوتی:

– ئەمە بیرۆکەی شەڕەفچیای شەڕەفخێری کاردۆخییە. پەنجەشی بۆ شەڕەفچیا درێژ کرد و ئەویش تەماشایەکی ئێمەی کرد. ئەو دەڵێ "گەورەترین و پیرۆزترین ئەرک ئەو ئەرکەیە کە بە خۆمان بیکەین و پشت بە خۆمان ببەستین. ئەگەر چاوەڕێی شەپۆڵی ڕەشەباکان بکەین ئەوان تیرتر و توندتر دەبن. دیوی ناوەوەشیان شورەییە و دەبێت نەمێنێت. بۆیە دەبێ ژیان بەردەوام بێت و ڕووبەڕووی ڕەشەباکانیش ببینەوە، دەبێ ئاگری پیرۆز دروست بکەینەوە" ئەمە قسەکانی ئەوە، بە خۆشی دەتوانێت زیاتر قسەتان بۆ بکات. ڕاستیش دەکات. ئەوە خەون و ئارەزووی نەهری ڕۆحسووک بوو، ئەو حەزی لەو چرکە ساتە بوو کە ئاگری پیرۆز بینا بکەینەوە. ئێمە دەستمان پێ کردووە، ئەگەر ئێوەش پێتان باشە فەرموون، ئەگەر نا ئەوا ئێمە تازە لێرە دەمێنینەوە و ئاگری پیرۆز بە هیچ بستێکی سەر ئەو زەوییە ناگۆڕینەوە. هەر کەسێکی بیەوێت ڕێمان لێ بگرێت، بەرەنگاری دەبینەوە، هەر کێ بێت بەرەنگاری دەبینەوە. ئیتر لێرە دەمرین و لەپەنای ئەو پیرە مەزنە شایەتمانی بەژیان دێنینەوە. ئەگەر ئێوە دەتانەوێ بڕۆن، بەڵام زادەی ئەوەی نەکەن پێمان بڵێن ئێوەش وەرن، ئێمە تازە گەیشتینە ئێرە، ئێرەی زێد یا ئێرەی گۆڕ. ئیتر لێرە یا دەژین یا دەمرین. لێرەش بەدەر هیچ کوێیەکمان نییە بۆی بچین.

هەموو هاوڕێیان لەو ساتەدا وەستابوون و چاوەڕێی بڕیاری ئێمەیان دەکرد. هەموویان ڕوویان لە ئێمە بوو، هەندێکیان بەردیان لە دەست بوو، هەندێکیان لە دانیشتنەوە تەماشایان دەکردین. هەموویان سووربوونیان پێوە دیار بوو لەسەر ئیشەکەیان. منیش بە زەردەخەنەوە، ئەو زەردەخەنەیەی کە سالآنێکە کەس لەسەر ڕووی منی نەبینی بوو، ڕووم لە جوانڕۆ کرد و دەستم گرت، ڕووم لە هاوڕێیان کردەوە و پێم گوتن:

– ئێوە ژیانتان بەبەر ئێمەشدا کردەوە، ئێوەن ڕووبەڕووی ئەو دیوی شەپۆڵە شوومەکان دەبنەوە و نایەڵن پیلانە چەپەڵەکان سەر بکەون. ئێمە لەبەر دەستتان ئیش دەکەین. هەر بژی شەڕەفچیای شەرەفخێری کاردۆخی، هەر بژی گرووپی ١٢.

کە ئەو قسانەم تەواو کردن، هەموویان بە بڵندکردنی دەست و بازوویان، بە یەک دەنگ گوتیان:

– ژیان بۆ ئاگری پیرۆز، ژیان بۆ ئاگری پیرۆز، ژیان بۆ ئاگری پیرۆز.

ئەو کاتانە بەرەو نیوەڕۆ دەڕۆیشتین، دەبوایە یەک دوانێکمان خۆمان بگەیانبایەوە شار و لەوێ پێداویستییەکانی خەوتن و خواردنمان بۆ ئێوارە چارەسەر بکردبایە. ئەگەر زووش ئەو کارە نەکرابوایە بە درەنگی نەدەکرا، چونکە ئەو ناوچەیە وەکو ناوچەیەکی نێوان شەڕ وابوو، هیچێک لە هێزە شەڕکەرەکان بۆیان نەبوو بێنە ناو ئاگری پیرۆز، لە هەر ساتێکیشدا چاوەڕێی کێشە بووین بۆمان دروست بکرێت. ئەو لایەنەیان کە هاوڕێی حاجی ساڵح لەگەڵیان بوو ئاگاداری ئێمە بوون، بەڵام لایەنەکەی تر نەیاندەزانی. ئەگەر چی ئەوان دوورتر بوون و تەنها لەسەر لوتکە بەرزەکانی دایان بنکەیان هەبوو، بەڵام لەوەتی ئاگربەستیان ڕاگەیاندووە بۆ کەسیان نەبوو بێنە ناو ئاگری پیرۆز. سەیریش بوو کە لە بەیانییەوە کاریان بەسەر ئێمەوە نەبووە. ئەو نهێنییەشمان نەدەزانی، چونکە نەقیب هەوراز و هاوڕێش باسی ئەوەیان دەکرد کە ئاگری پیرۆز ناوچەیەکی قەدەغە کراوە لە هەردوو بەرەی شەڕ.

ئێمە خۆمان یەکلا کردەوە، بەڵێنمان بە یەکتری دا کە بە هەر نرخێک بێت کۆڵ نەدەین و ئاگری پیرۆز ئاوەدان بکەینەوە. هەر یەکێکمان لە شوێنی خۆی کەوتینە



ئیش کردن، ئێمە هەموومان بێ ئەوەی نقەمان لێوە بێت ئیشمان دەکرد. لوقمانی یارانگەوهەر کە تەمەنی لە نزیکەی چل سالآنێک دەبوو، وەستاییەکی جوانی دەزانی و بەردەکانی بە وشکی و بە شێوەیەکی جوان لەسەر یەک دادەنان. ئەو ئیشەکانی دابەش دەکرد و هەر یەکەو ئەرکێکی پێ دەسپاردین. لەو دەمانەدا هاتە بیرم کە لەناو کۆنە باخچەی ئێمە بێر و تەور و کەرەستەی تر هەبوو، هەمووجارێ گوڵچینی شێرەچیا کە ئیشی پێ تەواو دەکرد دەیخستنە ژێر یەکێک لەو گەورە بەردانەی کە لە ناوەندی باخچەکەدا وەکو نیشانەیەک چەقیبوو، مۆڵەتم وەرگرت و چووم، ڕێگایەکە دە دەقەیەک دەبوو تا دەگەیشتمە ئەوێ. بڕیارم دا بە تەنیا بچم، هەر زوو بەناو کەلاوەکاندا ڕۆیشتم و گەیشتمە ئەوێ، وەکو پێشبینیم دەکرد، تەورێک و پێمەڕەیەکم لەوێ دۆزینەوە، پووش و پەلاشێکی زۆریان لەسەر بوو، بەڵام بە ئاسانی هێنانمە دەرەوە. ئەمە سەرەتایەکی باش بوو بۆ ئاسانکردنی ئیشەکان. هەندێکیان بە پەلە ئاسن خۆڵیان ڕادەماڵی، هەندێکی تریان بە سینگەدارێک، هەرچەندە کارەکان بە سستی دەڕۆیشتن بەڵام لە دەرئەنجامدا کارمان دەکرد.

من لە دڵی خۆمدا بڕیارم دابوو بڕۆین، بەدوای ئەنفالکراواندا بگەڕێین، تا نەیاندۆزینەوە نەگەڕێینەوە، تا بە شوێنەوارەکانییان نەگەین هەر وێڵی دۆزینەوەیان بین، هەروەکو تا هەنووکەش هەر وێڵی هۆی ئەنفالکردنییانین، لە لایەکیدیکەوە بڕواشمان بەوە هێنابوو تا خۆمان نەدۆزینەوە ئەوانمان بۆ نادۆزرێتەوە، خۆشمان بۆ نادۆزرێتەوە تا خۆمان نەناسین. کەی خۆمان ناسی خۆمان دەدۆزینەوە، کەی خۆشمان دۆزییەوە ئەوانیش دەدۆزینەوە، تا ئەوانیش نەدۆزینەوە نازانین بۆ ئەنفالکراوین! بەڵام بڕواشم بەوە هێنا کە دانانی یەکەم بەردی بناغەی دروستکردنەوەی یەکەم خانووی پیرۆز لە ئاگری پیرۆز یەکەم هەنگاوی خۆ دۆزینەوە بێت. کە پێمەڕە و تەورەکەم دۆزینەوە پێم وابوو دووەم هەنگاویشمان هاوێشت، کە دەگەڕامەوە بەرەو لای هاوڕێیان زۆر دڵم خۆش بوو، دەمزانی کاروانەکەمان سەختە و ڕووبەڕووی کێشەی گەورە دەبینەوە، بەڵام ئەوەشم دەزانی کە خەریکی شتێکی گەورەین، پرۆژەکەمان گەورەیە و پیرۆزیشە.

لەو دەمانەشدا دەچوومەوە قووڵایی بیرکردنەوەکانم و دیدارەکانم لەگەڵ نەهری رۆحسووک و بیرم لەوە دەکردەوە ئەگەر ئەویشمان لەگەڵ بوایە، بەڵام دیسان لەبەردەمی رادەوەستامەوە و پێم دەگوت: "نەهری ئازیز باوەڕمان بەوە هێناوە کە خوا کاری بەسەر ئێمەوە نییە، کاری هەبوایە نەیدەهێڵا ئەنفال بکرێین، ئەو پەیوەندی بەو کێشانەوە نییە، ئەو بێلایەنە، بۆیە لەسەر ئێمەش پێویستە باوەڕ بە هیچ کەسێک نەکەین کە بەناوی ئەوەوە قسە دەکات، باوەڕمان بەوە هێناوە کە خوا بێلایەنە و کەس مافی ئەوەی نییە قسە بەناوی ئەوەوە بکات. باوەڕیشمان بەوە هێناوە کە ئێمەش چیتر کارمان بەسەر ئەوەوە نەبێ، تا خۆمان نەدۆزینەوە بەدوای ئەویشدا ناگەڕێین، تا گۆڕی پیری چیادادیش دروست نەکەینەوە بیر لە هیچ شتێک نەکەینەوە، کەی یەکەم خانوومان تەواو کرد ئەوا یەکەم هەنگاوی خۆدۆزینەوەشمان تەواو دەبێ، کەی ئەو هەنگاوەشمان تەواو کرد بەدوای ئەویشدا دەگەڕێین، بڕوامان بەوە هێناوە کەی خۆمان دۆزییەوە خوای راستەقینەش دەدۆزینەوە. خوای راستەقینەش نادۆزینەوە تا خۆمان نەبینە خاوەنی راستەقینەی چیاکان، کە ئاگری پیرۆزیشمان دروست کردەوە سەرەتای خاوەندارییەتی چیاکان بەدەست دێنینەوە. بەوانەش دەڵێین کە بەدوای خوادا دەگەڕێن؛ بگەڕێنەوە تا نەبنە خاوەنی راستەقینەی چیاکان ناتوانن خوا بدۆزنەوە، خوا لە هیچ شوێنێک لەو شوێنانە نییە کە ئێوە رووی تێدەکەن، خوا پێکەنینیشی بە هەموو ئەوانە دێ کە هاوچیاییەکانیان ئەنفالکراون و چیاکانیشیان داگیرکراون و بەدوای ئەویشدا دەگەڕێن، لەوە دڵنیابووین کە خوا هیچ کارێکی بەسەر ئەوانیشەوە نییە، هەروەکو چیاکانیش هیچ کارێکیان بەسەریانەوە نییە، بڕوامان بەوە هێناوە ئەوانەی بەدوای دۆزینەوەی چیاکاندا وێڵ نین و هەوڵی ئازادبوونیان نادەن ئەوانە بێ خوداشن، هەرگیز خودایان بۆ نادۆزرێتەوە، ماندوبوونیشیان لێ قەبووڵ ناکرێ چونکە نازانن بۆ کێ خۆ ماندوو دەکەن بێجگە لەوەهم".

پاشان بەر لەوەی بگەمەوە نزیک هاوڕێیان ئەو رووی تێدەکردم و پێی دەگوتم: "ئازیزم ئەوەی نیشتمانی نەبێ وەکو ئەو کەسە وایە کە خانووی نەبێ، ئەوەش خانووی هەبێ و لێی سەندرابێ، وازیشی لێهێنابێ بۆ داگیرکەری خانووەکەی، مرۆڤێکی بێ کەرامەتە. ئەوەش بێ کەرامەت بێ ناوەوەی زەوی بۆ باشترە لەسەر



زەوی". لەو دەمانەدا هێشتا بە تەواوی نەگەیشتبوومەوە لای هاوڕێیان کە گوللەیەک ویزەی هات و دایانیش دەنگی دەدایەوە، بەڵام هاوڕێیانم لەبەر چاو دیار بوون، کەسێکیان خۆیان لە ئیش نەکرد و هەر یەکەو سەرگەرمی کارەکانی خۆی بوو. تا گەیشتمەوە لای ئەوان دەنگی دوو گوللەی دیکەش ئارامی ئەو دەڤەرەیان دەشێواند، بەڵام هیچ کاریگەری لەسەر ئیشەکانمان نەبوو، منیش لەگەڵ ئەوان بەردەوام بووم لە دروستکردنەوەی مەزاری پیری چیاداد.

پاش دوو کاتژمێر ئیشی بەردەوام، لوقمانی یارانگەوهەر بانگی کردم، منیش هەر خێرا بە پیرییەوە چووم، ئەو لەسەر دیوارەکە بوو و منیش لە خوارەوە پێم گوت:

– بەڵێ وەستا لوقمان، فەرموو.

ئەو زەردەخەنەیەکی هاتە سەر لێوان و تەماشایەکی هەموو هاوڕێیانی تری کرد و گوتی:

– هاوڕێیان من رام وایە پیر بەختەوەر یەکێک لە ئێوە لەگەڵ خۆی ببات، ئەگەر قەدەمخێر لەگەڵ خۆی ببات بچێت چارەی پێخەف و خواردنمان بۆ بکات. ئێمە تازە بڕیار نییە بگەڕێینەوە هەوران، کەسمان هیچ شوێنێکمان نییە. هەموومان ئاگری پیرۆز وەکو یەکێک لە دەڤەرە پیرۆزەکانی چیا کۆمان دەکاتەوە. بۆیە دەبێ ئارامدینی بەڕێز ئەو چارەسەرەمان بۆ بکات. ئێوە دەڵێن چی؟

هەموویان رەزامەندییان دەربڕی. بۆیە وەستا لوقمان داوای لێکردم زیاتر نەوەستم و بگەڕێمەوە هەوران.

* * *

لەگەڵ قەدەمخێر ملی رێگامان گرت بەرەو شار. دڵ و دەروونمان پڕ بوون لە ئومێد و ورە و دان بەخۆدا گرتن. کە گەیشتینە دەروازەی ئاگری پیرۆز، لە خاڵی یەکەم بنکەی بەرەی شەڕ نزیک بووینەوە، تێیان خوڕین، لەو دەمانەشدا ئۆتۆمبیلێکی لاندکرۆز لەوێ وەستا بوو. کە نزیک بووینەوە یەکێک لەو کوشکە سەربازییەی سەر رێگا هاتە دەرەوە. پاشان یەکێکی دی هاتە دەرەوە، هەر زوو

نەقیب هەورازم ناسییەوە، پەیتا پەیتا بەرەو لای ئێمە هات. یەکێکی دیکەشی بەدواوە بوو، کە لێی وردبوومەوە مامۆستا زولکیفل بوو. مامۆستا زولکیفل پێشی نەقیب هەورازی گرت و بەر لەو زۆر بەگەرمی بەرەو لای من هات و گوتی:

– هەرگیز چاوم باوەڕ ناکەن. ئەوە تۆی خەپەگیان؟

دوای ئەوەی چاوێکی بە هەر چواردەوری ئاگری پیرۆزدا گێڕا، هەندێک لە دیمەنەکان وردبووەوە، گوتی:

– منیش لەدوای خاپووربوونییەوە ئەوە یەکەمجارە چاو بە ئاگری پیرزۆدا بخشێنمەوە. هیچ پاڵنەرێک نەبووە سەردانی ئێرە بکەم!

ئینجا نەقیب هەوراز تۆقەیەکی لەگەڵ هەردووکمان کرد و دەستێکی لە شانی مندا و گوتی:

– ناچێ هەر تووڕەبی خەپەگیان؟ ئەمەی ڕوویدا ئەخلاقی زەمەنی شەڕە، بەو حاڵەتە زۆر نیگەران مەبە. دەزانم هەست و ڕۆحت ناسک و ماندوون، کەسیش نییە ماندووبوونی تۆ و خێزانی ئێوەی لەبەرچاو نەبێ، بەڵام وەکو دوێنێ شەویش پێم ڕاگەیاندی، هیچ دەنگوباسێکمان نەبوو بە هاتنی ئێوە و سازکردنی ڕێوڕەسمی شایستە بۆ گەڕانەوەتان. بۆیە هاتووم دووبارە بە فەرمی داوای لێبووردنتان لێ بکەین. ڕێ و شوێنی شایستە بگرینە بەر بۆ هەر داواکارییەک کە پێویستتان دەبێ!

دەمێک دامام و بیرم لە قسەکانی دەکردەوە. بیرم لە بێشەرمی هەموو ئەوانەش دەکردەوە کە دەیانەوێ هەموو چیاییەک وەکو ئەوان بێت و بەشدار بێ لە گووناهە نەزۆکەکان. تەماشایەکی قەدەمخێرم کرد، بینیم سەری بەسەرخۆدا گرتبوو و واپێدەچوو لەوەڵامی من بترسێ. بەڵام من ڕووم لە نەقیب هەوراز کرد و پێم گوت:

– هەورازگیان پێشەکی ئەو ئەخلاقەی باسی دەکەیت، ئەوە فێڵ لەخۆ کردنە، ئێمە لەگەڵ داگیرکەران بە ئەخلاق بووین. لە گەرمەی شەڕدا بێئەخلاقیمان لەگەڵدا نەکردوون. تۆ باسی چ شەڕێک دەکەیت و باس لە چ ئەخلاقێک دەکەیت. تۆ باسی بێ ئەخلاقی زەمەنی شەڕی براکان دەکەیت، لە گەرمەی شەڕێکی خۆکوژ و بێئەخلاقدا. ئەگەر خودی شەڕەکە ئەخلاقی هەبوایە، بێئەخلاقیتان ئەنجام نەدەدا. شەڕی زوو چونکە شەڕێکی ئەخلاقی بوو و لە پێناو ئازادی و لە دژی داگیرکەران بوو، ئەخلاقی تێدابوو. دێوانە شارناس لە گەرمەی شەڕی داگیرکەراندا دیلی



دەگرتن و نەیدەکوشتن. هەرگیز کەسێکی لێ ئیهانە نەدەکردن. تۆ بەچ چاو و ڕوویێک باسی زەمەنی شەڕم بۆ دەکەی کام شەڕ و کام ئەخلاق. بۆیە تکات لێدەکەم جارێکی تر باسی ئەو جۆرە بابەتانە لەگەڵ ئێمەدا مەکە. ئیتر ئێوە سەربازی چیاکان نین. ئێوە دێون، لە جەستەی سەربازی چیاکاندا ژیاونەتەوە. مەترسی ئێوە لەسەر چیاکان زۆر زیاترە لە مەترسی عەولاغا و خۆفرۆشەکانی. ئەو لەبەرچاوی هەموو کەس ناشیرین بوو و دەیانزانی مرۆڤێکی بێ نرخی نۆکەری داگیرکەرە و پلانی ئەوان رادەپەڕێنێ. بەڵام ئێوە هێشتا بە ئاواز و دەهۆڵی شۆڕش و خەباتی چیا خەڵکی چیایی دەکوژن و شەڕێکی ماڵوێرانی بێئەخلاقی دەکەن. باسی چیم بۆ دەکەی؟ ئارامدین یەکێک بوو لەو شێرانەی کە ئامادە نەبوو پێناسەیەکی تر بێجگە لە پێناسەی چیاکان هەڵگرێ، بەڵام بیابانییەکان هەتکیان کرد و لەباوەشی من گیانی بەخشی. لە باوەشی ئێمە نەهری ڕۆحسووکیان بەرەو سێدارە ڕاکێشا، لەبەرچاوی من دەیان خەباتکاریان بێسەروشوێنکردوون. ئەو کارەساتە دڵڕەشانە هەموویان لەو ساتانەن کە ئێوەش هەموو ئەو سەربەرزی و شانازییە دەکوژن، بەرهەمی خوێنی ئەوان بەفیڕۆ دەدەن. هەر لە باوەشی ئێمەش بوو ئەو هەموو شار و شارۆچکانەشیان ئەنفالکردن. هێشتا خوێنیان هەر گەشە و ئێوەش شەڕی دەسکەوتە نەگریسەکان دەکەن، دەسکەوتە ماددییەکان. دڵنیام ئەوانەی ئەو شەڕە دەکەن نە بڕوایان بە دادوەری و یەکسانی هەیە، نە بڕواشیان بە ئازادی و خۆشگوزەرانی هاووڵاتییانی خۆیان هەیە. بۆیە ئەوانەی ئێوە قەبووڵ دەکەن چەواشەتان کردوون و لەخشتەتان بردوون.

مامۆستا زولکیفل هەڵیدایە و گوتی:

– خەپەگیان ئێمەش لەو نێوەندەدا سەرگەردان بووین. ئێش و ئازارەکانمان هەموو لەبیرچوونەتەوە لەبەر ئەو شەڕە کاولکارە. ماڵ نەماوە دوژمنایەتی تێ نەکەوێ. ئەوان هەموو شتێکیان دابەشکردووە. ئیدی قسە لەسەر جوانی و هەمەڕەنگی چیاکان نەماوە. هەموومان بەشێکین لەو نەگریسییە. ئەو جوانییەی پێشان لە ئاگری پیرۆزت دەبینی نەما. ئیدی کەس باسی شوانۆ و زێندینی هەوران ناکات. ئەوان چیایی ڕاستەقینە بوون بۆیەش نەدەبوا ئەو زەمەنە ببینن، ئەوان هەموو شتێکیان جیاوازبوو، بۆیەش بەسەربەرزی ڕۆیشتن.

که ئەو قسەی کرد، یەکسەر دانیشتمە سەر ئەو سەکۆیەی کە لە پشتی شەقامەکە دروست کرابوو، سەرم دانایە سەر دەستەکانم و گوتم:

– حاجی برایمی شێردڵ بۆ سەرلێشێواندن باسی شەهیدبوونی باوکمی نەکردبوو. ئەوە راستیبوو. گوڵچینی شێرەچیاش باوەڕی کردبوو کە هەر لە شاخە و شەڕی داگیرکەر دەکات. ئەو ئومێدەشی لەگەڵ خۆی برد کە رۆژێک بیدۆزێتەوە و بەیەکتر شاد بنەوە، راستیشی کرد. ئەویش رۆیشت و دڵنیام رۆحەکانیان بەیەکەوە لە بەرزەفڕیدان.

ئینجا سەرم بەرزکردەوە و رووم لە قەدەمخێر کرد و گوتم:

– ئێستا بۆم دەرکەوت کە زێندینی هەوران مەرد بوو، نەدەبوایە بمێنێ، ئەگەر بمابوایە و شەڕی خۆکوژی بدیبوایە دەبوایە خۆی بکوژێ، بەرلەوەی شەڕی خۆکوژی دەستپێبکات. چونکە دەیزانی ئەو چەند جێی شانازی ئێمەیە، سەرکردە راستەقینەکانیش دەبێت هەڵگری هەمان ئەخلاق بن. نەدەبوایە ئەو متمانەیەی کە چیاییەکان پێیان هەبوو لەدەستی بدات. ئەوە نییە ئێستا چیاییەکان هەموو متمانەیەکیان بەو سەرکردانە لەدەست داوە کە رابەرایەتی شەڕی خۆکوژی دەکەن. کێن ئەوانەی سەرپشک دەکرێن و بەو سەرکردانەش رازین، کەس سەرپشک نەکراوە، ئەوان دێون، خۆیان سەپاندووە و خەڵکیش چارەی نییە. ئێستا دەزانم بۆ ئاگری پیرۆز ئاوەدان نەکراوەتەوە. ئەگەر زێندینی هەوران بمابوایە دەبوایە ئێستا لێرە بوایە، بەڵام سەرم بەرزە بە شەهید بوونی، هەستامەوە سەر پێ و رووم لە نەقیب هەوراز کرد و پێم گوت:

– دەبینی کەڵە پیاوان هەموویان لە چ ڕێگایەکەوە رۆیشتن؟ دەزانی بە دەیان هەزار خەڵکی بێ گووناە زیندەبەچاڵ کران؟ دەزانی هەزاران کەسی ئەو شارە سەربەرزە ئێستا بێ ناونیشانن لە گۆڕە بە کۆمەڵەکان و ئێوەش شەڕی خۆکوژی دەکەن؟ تێناگەم ئەو بڕوبیانۆ بێ بناغانە چین دەیانهێننەوە؟

نەقیب هەوراز قسەی پێ بڕیم و دەستی دانایەوە سەر ملم و گوتی:

– بە هەر حاڵ بەختەوەری بەڕێز من بۆ ئەوە نەهاتووم، لەگەڵت بکەومە ناو گفتوگۆیەکی نەزۆک. من هاتووم داوای بووردنتان لێ بکەم. پێشت بڵێم کە ئێرە



شوێنێکی ترسناکە و مانەوەتان لێرە مەترسی دەبێ لەسەر ژیانتان. دەبینی ئێرە بەرەی شەڕە و ئەگەر ئاگربەست نەبوایە کەسێک نەیدەتوانی بێرەدا تێپەڕ ببێت.

قەدەمخێر لە جیاتی من رووی تێکرد و گوتی:

– بەڕێزم ئێمە بڕیارمان داوە لێرە بمێنینەوە، ئەگەر بە یارمەتی خۆت بمانگەینیتەوە هەوران بۆ ئەوەی پێخەف و خواردن لەگەڵ خۆمان بێنین، ئەگینا کێشەی مانەوە هەر بەدەست ئێمە نییە، ئێمە گرووپی دوانزەین، واتە دوانزە را و بۆچوونی جیاواز، بۆیە بەو ئاڕاستەیە خۆتان ماندوو مەکەن. ئێمە ئاگری پیرۆز ئاوەدان دەکەینەوە، چیش نەبووە با ببێت، چیش نەکراوە با بکرێت. ئازیز دوور بڕوانە، ئێمە بناغەی خۆ دۆزینەوە لێ دەدەین، پەیوەستی دەکەینەوە بە رابردووی خۆمان، بۆیە یەکەم هەنگاومان دروستکردنەوەی مەزارگەی پیری چیادادە، هەر ئەوێش دەکەینە یەکەم بنکەی گرووپی خۆمان، ئەو دوو بەرەیەش دەبێت لەوە تێبگەن، دەبێت بزانن ئەوەی دەیکەن بێ ئەخلاقییە، ئەگەر هەر سووریش بن لەسەر شەڕئەنگێزی خۆیان، ئارەزووی خۆیانە، ئێمە بینای دەکەینەوە و ئەوان با وێرانی بکەنەوە، بەڵام ئێمە لەژیاندا بین یا نەمێنین، بە نەوەکانمان دەڵێین، هەموومان هەر خەریکی کاول کردن و خۆ کوشتن نەبووین، هەندێک خەریکی خۆ کوشتن بوون، بەڵام ئێمە خەریکی دروستکردنەوە بووین. ئێمە بە دەستەڵات بە هێز و گەورە نین، بەڵام ئیرادەی چیاییەکان لە پشت ئێمەوەیە. بە هەردوو بەرە دەڵێین، فەرموون وەرن بمان کوژن. ئەو گرووپی دوانزە کەسە بەڵێنی مردنمان بەیەکتر داوە، یا ئاوەدانکردنەوە و دوابڕینی شەڕانگێزان لەو دەڤەرە، یا ئارامگەی ئێمەش تێکەڵ بە ئارامگەی پیری پیران دەبێت.

هەر لەو قسانەدا بووین ئۆتۆمبێلێکی تر هات و لە دووری ئەوێ لە پەنابەرزاییەکەوە وەستا و دوو کەسی لێ هاتنە دەر. هاوڕێی حاجی ساڵح لە پێشەوە دەڕۆیشت و چەکدارێکیش لە دوای ئەو دەڕۆیشت. بەرەو لای ئێمە هاتن، هاوڕێ نزیک کەوتەوە و چاک و خۆشی لەگەڵ هەموان کرد. باوەشێکیشی لە من گرت و گوتی:

– بەختەوەر گیان هیوادارم نەختێک هاتبنەوە سەر خۆ. من هاتووم بتانبەمەوە، بەڵام ئەی ئەکوان هاوڕێیانت؟

قەدەمخێر بەدەستی هێمای بۆ مەزارگەی پیری چیاداد کرد و پێی گوت:

– ها لەوێن!

– ئەویش لێیان ورد بووەوە! نەختێک چووە پێشەوە، گوتی:

– سەیرە ئەوە خەریکی چین؟

بەرەو لای ئێمە هاتەوە، دووبارە پرسیارەکەی کردەوە. پاشان نەقیب هەوراز لێی پرسی:

– سەیرە چۆن تەقەیان لێ نەکراوە؟ خۆ چەند جارە تەقەیان لە خەڵکی دەکرد ئەوانەی دەچوونە ناو ئاگری پیرۆز.

یەکێک لەوانەی لەو بنکەیە چاودێر بوون هەڵی دایە و گوتی:

– با تەقە کراوە بەڵام هەر بۆ ئاسمانییان کرد، وەکو ئاگادار کردنەوەیەک.

پاشان هاوڕێ گوتی:

من پەیوەندیم بە لیژنەی ناوبژیوان کرد و بەر لەوەی هاوڕێیان بگەنە ئێرە پێم گوتن:

– دوانزە هاوڕێی گرتووخانەی بیابانییەکان، کە هەندێکیان خەڵکی ئاگری پیرۆزن گەڕاونەتەوە و دەیانەوێ سەردانی ئاگری پیرۆز بکەن، دانە رۆژێک لەوێ دەمێننەوە، بۆیە تکایان لێدەکەین ئێمە نین و تەقە لەو هاوڕێیانە نەکەن. ئەوانیش گوتبوویان "باشە بەڵام کەسی ئەوان نزیک نەکەوێتەوە، منیش بەڵێنم پێ دان کە کەسی ئێمە نزیک ناکەوێتەوە" تەقەکردنیشیان لەوانەیە هی تەواو بوونی کاتەکە بووبێ. بەڵام دوای ئەوە نازانم بۆ بێ دەنگن و چۆنە تەقەیان نەکردووە؟

رووم لە هاوڕێ کرد و پێم گوت:

– سوپاسی ماندووبوونت دەکەین، ئێمە بڕیارمان داوە لەوێ بمێنینەوە، پێویستمان بە پێخەف و خواردنە، پێویستیش ناکات کێشەمان لێ بکەن. با ئەوان بمانکوژن، ئێوە خەمی ئێمەتان نەبێ، لەسەر ئێمەش خۆتان خراپ مەکەن. ئێوە دەزانن ئێمە لێرەین و ئەوانیش کەوابێ دەزانن. ئێمە بە هەر نرخێک بێ بڕیارمان داوە ئاگری پیرۆز ئاوەدان بکەینەوە، هەر لێرەش دەمێنینەوە. ئیتر ئێمە هیچ کوێیەکمان نییە، تەنها زێد و شوێنی حەوانەوەمان ئێرە دەبێت، ئێرە بناغەی ئێمەیە،



ئێوە هەردوولا بەرەیەکی نامۆ و خۆکوژیتان داناوە، ئێوەن نامۆ بەو دەڤەرە و بەو ئاو و هەوایەش کە خەڵکی ئاگری پیرۆز هەزاران ساڵە پێی ئاشنا بوون.

زۆر قسە کران، زۆر بڕوو بیانۆیان پیشان دان، باسی مەترسی گەورەیان دەکرد و ناوی ئەو کەسانەشییان دەهێنا کە یان ڕێبوار بوون یا ئەوەتا بە مەبەستێک بە دزی خۆیان گەیاندۆتە ئەو دەڤەرە، بۆیە هەر تارماییەک بە تایبەتی بەشەو بکەوتبێتە بەر چاوی دووربینی ئێمە یان هی ئەوان لێی دەدەن و باتری ناکەن. پاشان قەدەمخێر پێی گوتن:

– بەڕێزان پێمان گوتن، ئێمە بڕیاری خۆمان داوە، ئەگەر دەتوانن یارمەتیمان بدەن سوپاستان دەکەین، ئەگەر نا پێویستی بەو گفتوگۆیە ناکات، بەڕێز ئارامدین گوتی "ئەگەر بشکوژرێین ئێمە هەر لەوێین".

هاوڕێ سەرێکی بادا و گوتی:

– شانازی بە بوێری و دڵسۆزیتانەوە دەکەم. ئێوە بڕۆن بگەنەوە هاوڕێیانتان، دوای سێ کاتژمێری تر خواردن و پێخەف و هەموو پێداویستییەکانتان بۆ لێرە ئامادە دەکەم. هەموو هەوڵی خۆشم دەخەمە گەر کە کاریان بەسەر ئێوەوە نەبێت.

زۆر بە گەرمی سوپاسی هاوڕێم کرد و سوپاسی هاوڕێیانیشم پێ راگەیاند. هەموومان ماڵئاواییمان لە یەکتری کرد، ئەوان روویان وەرگێڕا بگەڕێنەوە هەوران و ئێمەش بەرەو ئاگری پیرۆز. نەقیب هەوراز لە پڕ بانگی کرد، منیش ئاوڕم لێ دایەوە و بە پیری ئێمەوە هاتەوە، کە گەیشتە من، دەستی بۆ نێکی برد و ویستی قایشی دەمانچەکەی بکاتەوە و بە دەم قسەکردنەوەش گوتی:

ئەوێ مەترسیدارە و با ئەو دەمانچەیەتان پێ بێت.

منیش دەستم گرت و نەمهێشت بیکاتەوە. هاوڕێ لە دوورەوە گوتی:

– هاوڕێ منیش پێم باشە لاتان بێت. دەستی مەگێڕەوە.

بەڵام قەدەمخێر لە جیاتی من هاتە وەڵام و گوتی:

– ئازیزم دڵنیا بە ئێمە دوژمنمان لەو دەڤەرەدا نییە، چونکە کەس بە دوژمنی خۆمان دانانێین، پێویستمان بە چەک نییە، چەکی ئێمە بۆ ئێوە و ئەوان پەیامی ئاشتییە.

ئیتر ئەوان رۆیشتن و ئێمەش گەڕاینەوە ناو ئاگری پیرۆز.

## بەشی نۆزدەهەم

چۆن پلانمان دانا بۆ ئاوەدانکردنەوە، بەردەوام بووین لەسەر راپەڕاندنی و سووربووین لەسەر تەبایی و ئارامگرتن لەسەر سەختی و ساردیی و سەرما و سۆڵی ئەو وەرزە. بە کەرەستەی ئاسایی و سەرەتایی بۆ ماوەی چەند رۆژێک مەزارگەی پیری چیادادمان نۆژەن کردەوە. لە هەمان کاتیشدا بوو بە پەناگەیەکی باش بۆ ئێمە بۆ ئەوەی لەو سەرما و سۆڵ و هەر مەترسییەکی تر بمانپارێزێت. هاوڕێی حاجی ساڵح دوای ئەوەی کۆمەڵێکی زۆر پێخەف و کەرەستەی هەمەجۆری بیناکردن و خوارەمەنی و خواردنەوەی بۆ هێناین، بە شێوەیەکی بەردەوامیش رۆڵێکی گەورە و کاریگەری دەگێڕا لە گەیاندنی خواردەمەنی و هەموو جۆرە کەلوپەلێکی پێویست. وێڕای ئەوەی لە رێگای دەستەی ناوبژیوان توانی هەردوو بەرەی شەڕ رازی بکات کە گرووپی دوانزە گرووپێکی بێ لایەنن و کاریان بەسەر هیچێک لە بەرەکانەوە نییە. هەر لەدوای مەزارگەی پیری چیادادەوە، پلانێکی ورد و رێکمان دانا، ئاگری پیرۆزمان دابەشکردە سەر ١٢ بازنە، دەستمان بە جێبەجێکردنی پاککردنەوەی بازنەی یەکەم کرد. کە بریتیبوو لە درووستکردنەوەی قوتابخانە و نۆژەنکردنەوەی پرۆژەی ئاوی سەرەکی ئاگری پیرۆز و دروستکرنەوەی خانووبەرە بۆ ئەو کەسانەی دەیانەوێت بێنەوە لە ئاگری پیرۆز بژین، یا خەڵکی ئاگری پیرۆز نین و دەیانەوێت لە ئاگری پیرۆز بژین. هەڵبەت هەموو دیوارەکانمان بە بەرد و خشت و قور جێبەجێ دەکردن و لە دەوروبەری رووباری سەما دار ئەسپینداریکی زۆر مابوو و تالانکاران دەستیان پێ رانەگەیشتبوو. پرۆتۆکۆلێکی دوازدە پەیامیمان نووسی و لە دەروازەی شاری پیرۆزەوە هەڵمانواسی: ئەو پرۆتۆکۆڵە لە دوانزە خاڵ پێک هاتبوو، هەر ئەندامێکی گرووپەکەمان خاڵێکی پێشنیار کردبوو. هیچێک لەم پەیامانە لە بۆشاییەوە نەهاتن، هەموویان زادەی ئەزموون و پێویستی ئەم رۆژەن و پلانی



رۆژەڤی تازە دانیشتوانی ئاگری پیرۆزن. ئەو پەیامانە لەخەیاڵەوە نەهاتوون، ئەگەرچی بێجگە لەو دوانزە رۆحە و ئارامگای شکۆداری پیری پیران شتێکی تر و رۆحێکی ترمان لەو دەڤەرەدا شک نەدەبرد، بەڵام ئەو پەیامانە بەڵگەی بڕوابەخۆبوون و سووڕبوون و رشتبوونی ئێمە بوو. ئەوانەش کە دواتر دەهاتنە دەڤەری ئێمە سەریان لەو سووڕبوون و رشتبوونەی ئێمە سووڕ دەما.

یەکەم پەیام من پێشنیازم کرد: ئاگری پیرۆز لەسەر بناغەی چەمکی هاووڵاتی بوون بەڕێوە دەبرێت. ئەوەی دانیشتووی ئاگری پیرۆز بێت پێویستە بێ لایەن بێت و چەک بۆ هیچ بەرەیەک نەکاتە شانی. هەر یەکێک بەشدار بووبێت لە شەڕی خۆکوژی بۆی نییە خۆی کاندید بکات بۆ هیچ پۆستێکی ئاگری پیرۆز.

دووەم پەیام خواستی جوانڕۆی رۆحسووک بوو: بۆ ماوەی یەک ساڵ گرووپی دوانزە کاروباری ئاگری پیرۆز بەڕێوە دەبەن. لە ماوەی ٦ مانگدا لیژنەیەکی راوێژکاریش لە هاووڵاتییانی ئاگری پیرۆز پێکدەهێنرێت لە رێگای هەڵبژاردنی راستەوخۆ. دوای دوو ساڵ هەڵبژاردن دەکرێت و شارەوانی بۆ ئاگری پیرۆز دادەنرێت.

سێیەم پەیام شەڕەفچیای شەڕەفخێر خستیە رۆژەوڤەوە، لەکاتی پەیامەکەیدا هەستایە سەرپێ و بە متمانەیەکی زۆرەوە گوتی: دەستەڵات لە ئاگری پیرۆز خاوەنی هیچ راگەیاندنێک نابێت بێجگە لە رێنوێنییەکانی بەڕێوەبردن. راگەیاندن ئازاد دەبێت. هیچ کەسێک و بوونێک بەدەر نابێت لە رەخنەگرتن.

پەیامی چوارەم لوقمانی یارانگەوهەر پێشکەشی کرد و داوای کرد: هەر سێ دەستەڵات سەربەخۆ بن. کێشەکان دەگەڕێنەوە بۆ دادگای باڵا.

پەیامی پێنجەم قەدەمخێری پیرۆزیی دایڕشت: هەموو هاووڵاتییانی ئاگری پیرۆز بەرامبەر قانون یەکسانن. هەموو هاووڵاتییانی ئاگری پیرۆز لە ماف و ئەرکەکان یەکسانن. یا قانون سەنگی مەحەکی هەموو کێشەکان دەبێت

پەیامی شەشەم گاڤان ڕۆژدەم پێشنیازی کرد: خوێندن تا هەژدە ساڵی بە زۆری دەبێت، خوێندن بە خۆڕایی دەبێت. هیچ کەسێک دەستەڵاتی لە مامۆستا بەرزتر نابێت. هەموو جۆرە لێدان و هەڕەشەکردن و ئیهانەکردنێکی خوێندکاران قەدەغە دەبێت.

شەڤگەڕ بێڕێ حەوتەم پەیامی خوێندەوە: ئاگری پیرۆز هەڵگری هیچ پەیامێکی ئایینی نابێت. پڕوپاگندە بۆ هیچ ئایینێک ناکرێت و هەموو خەڵکیش ئازادن لە ژیان، دوور لە ئایین یا لە هەڵبژاردنی ئایینی شایستە بە خۆیان. خەڵک ئازادن لە هەڵبژاردنی بیروباوەڕی خۆیان.

مەمەند مەزنیش پەیامی هەشتەمی خوێندەوە: ژیانی خێزان پارێزراو دەبێت لەسەر بنەماکانی هاوکاری و یەکسانی و دادوپەروەری. لێدانی منداڵ قەدەغە دەبێت. هاووڵاتییان لە هەژدە ساڵییەوە مافی خانووی تایبەتیان هەیە بۆیان دابین بکرێت.

بابۆ ڕۆژدێر نۆیەم پەیامی ڕاگەیاند: ژن و پیاو لە ئەرک و مافەکاندا یەکسانن و کەسیشیان شەڕەفی ئەوی تریان نییە، بەڵام هەردووکیان دوو بوونەوەری ڕێزدارن، کەرامەتی هەموان بە پێی یاسا پارێزراو دەبێت، کچ و کوڕیش ئازادن لە هاوسەرگیری لەگەڵ ئەو کەسەی بە خۆیان هەڵیدەبژێرن. هاوسەرگیریش لەگەڵ سەربازانی داگیرکەر، نێر یان مێ قەدەغە دەبێت.

میردادی قوبادشێر دەیەم پەیامی داڕشت: کەس بە بێ بڕیاری دادگا دەسگیر ناکرێت و ماڵی ناپشکنرێت. پۆلیس ئەرکی پاراستنی ئاسایش و تەناهی هاووڵاتییانە. ژیان و تایبەتییەکانی هەموو خەڵکیش پارێزراو دەبێت بە پێی یاسا، کەس ناخرێتە ژێر چاودێری و ڕاوەدونانەوە.

کەمالیاری ئەکبەر پەیامی یانزەهەمی ڕاگەیاند: بازاڕ ئازاد دەبێت. خەڵکی ئازادن لە ئیش و کاری خۆیان. دەرفەتی کاریش بەپێی هاووڵاتی بوون دەبێت. خزمەتگوزارییەکان بە یاسا ڕێک دەخرێن و هی هەموو هاووڵاتییانە بە یەکسانی. هەموو هاووڵاتییەکیش دەبێت باج بدات.



مەرقەس نانەوا پەیامی دوانزەهەمی خوێندەوە: هەر کەسێک بیەوێت ببێتە دانیشتووی ئاگری پیرۆز دەبێت لەم پڕۆتۆکۆڵە تێبگات و پێی ڕازی بێت. هەموو شار و شارۆچکەکانی دەڤەری چیا بۆیان هەیە بە پێی ئەو پڕۆتۆکۆڵە بەڕێوە برۆن.

ئێوارەیەکی درەنگ بوو کە پەیامەکانمان نووسینەوە، لەهەرچوار لای ئارامگای پیرۆزەوە هەڵمانواسین. هەموومان وەکو شیعر لەبەرکردن، کردمانن بە دەستووری ئەو دەڤەرە وێرانە. بەڵام هێندە بڕواداربووین بە داهاتوو داروبەردیشمان دەبینین چەند دڵخۆش بوون، هەموو بوونێکی ئەم شارە وێرانە متمانەی بەخۆی دروستکردەوە، ئەستێرەکانیش هەڵدەهاتن و نەیاندەویست ئیتر ئێرە بەجێبێڵن. هەرکێ بهاتبایە حەزی نەدەکرد بڕواتەوە.

گرووپی دوانزە، لە هەردوو بەرەی شەڕ دەنگی دایەوە، ورەی دەیان پێشمەرگەی کۆنی بەرکەناربووی بەرز دەکردەوە و ڕۆژانە دەیان کەس دەگەیشتنە ئاگری پیرۆز و بڕیاری مانەوەیان دەدا. چەکدارانی شەڕی خۆکوژی ساردبوونەوە لەسەر شەڕ کردن و زۆریان پەیوەندییان بە بەڕێوەبەرایەتی ئاگری پیرۆزەوە کرد و دوای دابین کردنی جێگا و ڕێگا، ماڵ و منداڵ و خێزانییان دەهێنا و دەستیان بە ژیانی ئاسایی خۆیان دەکرد.

ئاگری پیرۆز وەکو ناوچەیەکی داماڵراو لە چەک ڕاگەیەنرا، ئەمەش بەهەردوو بەرەی شەڕی خۆکوژی گوترا. بۆ کەس نەبوو چەک بێنێتە ئاگری پیرۆز. بەرامبەر بەرەکانی شەڕی خۆکوژان خاڵی پشکنین دانران بۆ دزە نەکردنی چەکداران. هەر یەکێک خاوەن خانوو بوایە بۆی هەبوو خانووەکەی خۆی ئاوەدان بکاتەوە. هەر یەکێک خانووی نەبوایە شوێنی تازەی بۆ تەرخان دەکرا. بۆدروستکردنی خانووش هەموو دانیشتوان زبارەیەکیان دەکرد و بەزووترین کات خانووێک بەجوانترین شێوە بینا دەکرا بەپێی ژمارەی ئەندامانی ئەو خێزانەی کە خانووی بۆ دروست دەکرا. زەوی و کەلاوەی خانووە خاوەندارەکان پارێزراو بوو.

کەلاوەی عەولاغا لەلایەن شارەوانی ئاگری پیرۆزەوە دەستی بەسەر داگیرا. باغ و زەوییەکانی بەهەمان شێوە دەستیان بەسەر داگیرا و کرانە خانووبەرە بۆ هاووڵاتییان. گەورەترین هەڵمەتی خاوێنکردنەوەی ئاگری پیرۆزمان دەست پێکرد، لەماوەی هەفتەیەکدا هەرچی خۆڵ و دار و بەرد و ناشیرینی بازنەی یەکەم هەبوو دوورمان خستەوە. پاشان وردە وردە و بە پشتیوانی دەیان هاووڵاتی تازەی ئاگری پیرۆز بازنەی دووەم و سێیەم و چوارەم و پێنجەمیشمان بەکۆتا هێنا، ئینجا دابەزینە ناو رووباری سەما و پاکمان کردەوە.

دوای یەک مانگ ئەبولحەسەن ئەلکەوثەر خۆی ناساند و هاتە ئاگری پیرۆز، ئەو رۆژە ژمارەیەک خێزان گەڕابوونەوە ئاگری پیرۆز و هەموو لایەک سەرقاڵی کارکردن بوون. گرووپی دوانزە نەبەردییەکی بێ وێنەیان دەنواند، شەومان لە رۆژ گرێ دەدانەوە و چەند کاتژمێرێکی زۆر کەم دەخەوتین. هەموو کون و کەلەبەرەکانی ئاگری پیرۆزم پیشانی ئەو میوانە دان، حەزی کرد هەندێک قسە بۆ گەڕاوەکان بکات، هەموویان لەبەر دەم پردی شاهاندا کۆبوونەوە، ئەبولحەسەن ئەلکەوثەریش لەسەر پێگەی تێکشکاوی شاهان وەستا و رووی لە هەموومان کرد و گوتی:

– لەو چرکە ساتەدا ئارەقەی شەرمەزاریم لێ دەرژێت. دان بەوەدا دەنێم کە هەموو ئەو دڕندەییە بە ناوی ئێمەی بیابانییەوە کراوە، دان بەوەدا دەنێم کە ئەو کارە کاری مرۆڤ نییە، تاوانێکی کت و پڕ و ئاسایی و بێ پلان نییە، دان بەوەدا دەنێم ئەوەی سوپای بیابان لە بەرامبەر ئێوەدا کردوویەتی کێوییەتی و دڕندەیی و بەربەرییەت دەگەیەنێت. من نوێنەری بیابان نیم، تەنها نوێنەری خۆمم، چونکە منیش یەکێک لە قوربانییەکانی ئەو سیستمەم کە لە بیابان بەڕێوە دەبرێت، بۆیە تا رۆژی زیندووبوونەوە شایەتمانی دێنم کە ئێوە ئێمە نین هەر وەکو ئێمەش ئێوە نین، ئێمە دوژمنکاریمان کردۆتە سەر ئێوە و ئێوەش بەرگریتان لە بوون و خواستی خۆتان و دادوەری کردووە، ئا لێرەدا لە جیاتی خۆم و خانەوادەکەم، داوای



بووردنتان لێ دەکەم و تکاتان لێ دەکەم بە دۆست و دراوسێی ئەبەدی خۆتان قەبووڵمان بکەن، من دەزانم شەڕێکی نەگریس و کاولکەر لەو دەڤەرە بەڕێوە دەچێت و ئەو شوێنەش دوای قوربانی دەستی بیابانییەکان بۆتەوە قوربانی دەستی ناوخۆش، ئەوەی ئێوە دەیکەن کار و رەفتاری ئەو کەسانەیە کە مێژووی سەروەری تۆمار دەکەن، ئێوە دژی ئیرادەی خۆ کوژین، ئێوە ئەو کەسەن کە پێویستە ناوتان وەکو ئەستێرە بنووسرێت. من خۆم بە ئێوە و بەشێک لە ئێوە تێدەگەم، بەڵێنتان پێدەدەم لە پێناو گەیاندنی دەنگی ئێوە بۆ بیابان تێبکۆشم و بە هەموومان بتوانین شوێنەواری برینەکان و کۆستەکان بسڕینەوە، ئازیزان حەقی خۆتانە منێک کە دوور و نزیک پەیوەندیم بەو کارە وەحشیگەرییەوە نەبووە، حەقی خۆتانە ئا لەو پردە فڕێم بدەنە خوارەوە، چونکە ئەوەی کراوە بە ناوی ئێمەوە کراوە و ئێمەش نقەمان لێوە نەهاتووە، بەڵام خۆتان دەزانن ئەوە چارەسەر نییە و دەبێت تاوانباران لەڕێی دادگاوە بگەنە سزای خۆیان، شوێنەواری تاوانەکان بسڕێتەوە و ژیانیش بە جوانترین شێوە بەڕێوە بچێت. بۆیە ئەوەی ئێوە دەیکەن جیاوازە لەگەڵ کاری خەڵکی تر، ئەوەی ئێوە دەیکەن روانینە بەرەو پێشەوە، بیناکردنی داهاتووە. هاوخەمی خۆتان پێ رادەگەیەنم و ئەوەشتان پێ دەڵێم، تا هەنووکەش سیستمی دوژمنداری لە دژی چیاکان بەڕێوە دەچێت و پێویستە هەموومان وریا بین، ئەوەش کە ئەو بەرەی شەڕ لە دەڤەری چیا دەیکەن پێش هەموو شتێک لە خزمەتی ئەو سیستمە دوژمندارییە داگیرکارییەی بیابان دایە. تکاتان لێدەکەم وریا بن و بەرژەوەندی خۆتان بزانن، بەڵام ئەوەش بزانن کە خەڵکێکی زۆر لە بیابان هەیە وەکو من بیر دەکاتەوە و حەز بە برایەتی و دۆستایەتی و هاوکاری ئێوە دەکات. بە هەموومان پێکەوە وەکو دوو دراوسێی ژیر لە پێناو پاککردنەوەی هەردوو وڵات لە شەڕانگێز و دژە مرۆڤان کار بکەین. بژی ئازادی، بژی دادوەری، بژی برایەتی گەلان.

لەگەڵ ئەو قسانە هەموان چەپڵەیان بۆ ئەبولحەسەن ئەلکەوثەر لێدا و دەستیان بە تلولو کرد. من ویستم بچمە پێش و هەندێک قسە بکەم، نەهری

رۆحسوک دەستی بڵند کرد و دەرفەتی خواست قسە بکات، بەڵام مەمەند مەزن لە نەهری رۆحسووک چووە پێشەوە و حەزی خۆی پێ راگەیاند بۆ قسە کردن، نەهریش بە خۆشحاڵییەوە کشایەوە دواوە و مەمەند چووە سەر دینگەی شاهان و فەرمووی:

– داوای بووردن لە هەردوو هاوڕێیانم دەکەم کە رێم نەدان ئەوان قسە بکەن، داوای بووردن لە هەمووتان دەکەم کە داوای قسەکردنم کرد. من تەنها دەمەوێ بڵێم، سوپاسی ئەبولحەسەن ئەلکەوثەر دەکەم بۆ ئەو هاوسەنگییەی قسەکانی و پێی دەڵێین، بەداخەوە بەشیکی شەڕی برایانیش دەرهاوێشتەی ئەو داگیرکردنەیە کە تا هەنووکە بەرێوە براوە. ئێمەش دەزانین بیابان خەڵکی باشی تێدا هەن و لەوەش بێ ئاگا نەبووین، بەڵام وەکو خۆی ئاماژەی پێدا لەوەش بێ ئاگا نین کە ئەوان لەکاتی تاڵان و دزینی ماڵ و موڵکمان بێ دەنگ بوون، لە کاتی ئەنفال کرانمان بێ دەنگ بوون. ئەوان کە دوعا لە بکوژانی حوسەین دەکەن دەڵێن نەفرەت لەو کەسەش کە گوێی لە کوژرانی حوسەین بووە و پێی رازی بووە، ئەگەر چی حوسەینی ئێمەش نەهری رۆحسووک لە زیندانەکانی ئەواندا و لەبەر چاوی ئێمەدا شەهید کرا، ئارامدین کە خۆی دەیناسی بە چ شێوازێکی دڕندانە مامەڵەی لەگەڵدا کرا، لەگەڵ ئەوەش پێی دەڵێین، رێزدار ئەبولحەسەن ئەلکەوثەر هاتنی تۆ هێزێکە بۆ برایەتی و دراوسێیەتیمان، داوای بووردنەوەت لای ئێمە قەبووڵە، بەڵام جەخت لەسەر ئەو قسەیەی بەڕێزتان دەکەمەوە کە ئێمە ئێوە نین و ئێوەش ئێمە نین، وڵاتی ئێوە وڵاتی ئێمە نییە، هەروەکو وڵاتی ئێمەش هی ئێوە نییە، بەڵام چونکە تۆ مەردانە و شێرانە لە کاتێکی ئاوا هەستیاردا هاتیتە سەردانمان ئێمە تۆ بە دۆستی چیاکان قەبووڵ دەکەین و هەر بژیت.

دیسان بووە چەپڵە لێدان. لەو دەمانەشدا کۆمەڵێک چەکدار کە بە بیست کەس مەزەندە دەکران لە دەروازەی رۆژهەڵاتەوە ئاڵایەکی سپییان پێ بوو و بەرەو لای ئێمە هاتن، هەموویان چەکیان پێبوو، بەلامانەوە سەیر بوو



مرۆڤ چەکی لە شان بێت و ئاڵای سپیش هەڵبدات، منیش بەرەو روویان چووم و بەخێرهاتنم لێ کردن و پێم گوتن:

– فەرموون ئێوە کێن و چیتان دەوێ؟

یەکێکییان هاتە پێشەوە و بەدەنگێکی بەرز گوتی:

– ئێمە فریومان خواردبوو شەڕی خۆ کوژیمان دەکرد، ئێمە پێشمەرگەی پێشووین، دەنگ و باسی ئێوەمان زانیوە و بڕیارمان داوە ببینە پشت و پەنای ئێوە و بەرگری لە ئاگری پیرۆز بکەین تا دوا دڵۆپەی خوێنمان.

کە ئاوڕم لەدانیشتوان دایەوە، ئاپۆڕەیەکی زۆرم بینی، باوەڕم نەدەکرد لەو ماوە کورتەدا هێندە خەڵک گەڕابنەوە ئێرە. هەموویان چاوەڕێی قسەی منیان دەکرد، زۆر بەجوانی وەستابوون و کەسێک نقەی لێوە نەدەهات، چەکدارەکانیش ئەو بارودۆخەیان بەلاوە سەیر بوو، دووبارە تەماشایەکی خەڵکم کردەوە و رووم لە هاوڕێیان کرد و لەوە حاڵی بوون کە چ وەڵامییان بدەینەوە، بۆیە جوانڕۆ پەنجەی بڵند کرد و سەرم بۆ لەقاند بێتە پێشەوە، لەناو ریزەکانی خەڵک هاتە دەرەوە و بەرەو لای ئێمە هات و لەسەر بەردێک وەستا و گوتی:

– ئازیزان بەخێر بێن. تکایە ئاڵایەکەتان بێننە خوارەوە، چەکەکانیشتان لەسەر زەوی دابنێن.

هەموویان بەپەلە ئاڵاکەیان هێنایە خوارەوە و چەکەکانییان لەسەر زەوی دانان، رەختەکانییان لە پشت کردەوە و دایان نانە سەر چەکەکانییان، ئینجا بە رێز وەستانەوە و جوانڕۆی رۆحسووک رووی لە خەڵک کرد و کەوتەوە گفتوگۆ:

– ئازیزان ئەو دیمەنەی دەیبینن، دیمەنێکی پڕ لە شانازی و سەروەرییە بۆ چیاییەکان، ئەو دیمەنە بە هەردوو بەرەی شەڕ دەڵێت، کەس ناتوانێت چیاییەکان بەشەڕ دەستەمۆ بکات، بەڵام چیاییەکان ملکەچ دەکەن بۆ بەیەکەوە ژیان و بیناکردنی داهاتووی چیاکان. ئەم ریزە مرۆڤە ئاڵای سپی هەڵگرە لە شەڕ رایان کردووە چونکە ئاشتی خوازن، ئەوان هاتوون بۆ لای

ئێمە لەبەر ئەوە نییە کە ئێمە بەهێزین بەڵام لەبەر ئەوەیە کە ئێمە سیمبۆڵی بەرخودان و ئومێدی ژیانێکی پڕ لە سەروەرین و سەربەخۆیی چیاکانمان دەوێت. ئەوەش پێویستە بگوترێت، ئێمە بۆ بەرگری کردن لە خۆمان پێویستمان بە چەک نییە و بەچەکیش کێشەکانمان چارەسەر ناکەین، ئەوە زیاتر لە دوو مانگە لێرەین، ئێرەی حەڕامکراو لە هزر و قانونی شەڕی خۆکوژاندا، بەڵام ئێمە بە پشتیوانی دۆستە هەقخوازەکان لە هەردوو لا، بە پشتیوانی ئەوانەی بە ناچاری هەر یەکەیان بە بەرەیەکدا کەوتووە، توانیومانە بمێنینەوە و بڕەو بە ئاوەدانکردنەوەی ئاگری پیرۆز بدەین.

بەڕێزان داوا لەو میوانانە دەکەین، یەک یەک بچنە پێش و چەکەکانییان تێ هەڵدەنە دۆڵی گڵاوان، ئینجا یەکە یەکە بچنە پێش پڕۆتۆکۆڵی ئاگری پیرۆز و بیخوێننەوە، پاشان بێنە پێشەوە و بەیەکەوە و بە دەنگێکی بەرز بڵێن "لەو پڕۆتۆکۆڵە تێگەییشتین و مل بۆ یاساکانی ئاگری پیرۆز کەچ دەکەین و سەربەرزین بە هاووڵاتیبوونی ئاگری پیرۆز، درود بۆ پیرەکانمان، درود بۆ دێوانە، درود بۆ نەهری و ئارامدین و زێرەڤان و زیائوننور. درود بۆ ئەنفالکراوان، درود بۆ پاڵەوانانی بیناکردنەوە و ئازادی و یەکسانی و دادوەری.

هەموو ئەو بەڕێزانە یەکە یەکە لوولەی چەکەکانییان دەگرت و فڕێیان دەدایە دۆڵی گڵاوان، پاشان دەگەڕانەوە و ڕێ و شوێنی هاتنە ریزی ئاگری پیرۆزیان جێبەجێ دەکرد.

گاڤان ڕۆژدەم کرایە مشوورخۆی کاروباری دادگای ئاگری پیرۆز، گاڤان کەسێکی شارەزا و لێهاتوو بوو و یاسای خوێندبوو، مەزارگەی پیری چیادادیشمان کردە بنکەی یاسا و لێ پێچینەوە. لە دیوی دەرەوەش بە گەورەیی لەسەر پارچە تەختەیەک قسەیەکی پیری چیاداد نووسرایەوە، "پیری چیاداد وتوویەتی: گڵاوترین ڕەفتار خۆفرۆشتنە بە داگیرکەر، ئەو چیاییەی بە وشەیەکیش پشتیوانی لە داگیرکەر بکات شاش بووە". پاشان لە ژوورەوەی مەزارگەکە لەسەر پارچە تەختەیەکی درێژ نووسرابوو:



"دادوەری ڕۆحی چیاکانە، قانونەکان بۆیە لەسەرەوەی مرۆڤن، چونکە پیرۆزی مرۆڤ دەپارێزن و دادوەری دەستەبەر دەکەن".

ئاگری پیرۆز وردەوردە قەڵەباڵغ دەبووەوە، هەردوو بەرەکانی شەڕ لەو دەڤەرەدا پاشەکشێیان کرد و لە چەند جێگاییێک گوترابوو، "بەڕاستی گرووپی دوانزە ئێمەیان شەرمەزار کرد، ئێمە بە شەڕێکی گڵاو خەریکین و ئەوانیش بە خۆ دروستکردنەوە" ئەو هەنگاوەی ئاگری پیرۆز و چیاییەکان لە ئاگری پیرۆز ئومێد و هیوایەکی تازەی بە چیاییەکان بەخشییەوە، متمانە بەخۆبوونیان بۆ گەڕاندرایەوە. گەورەترین هەڵمەتی ناشتنەوەی دار و درەختمان دەست پێکرد، قوتابخانەی سەرەکی شارمان خستەوە ئیش و ئەوەی توانای وانەوتنەوەی هەبوو گەیشتە ئەوێ، بێجگە لەوەی مامۆستا زولکیفل خۆبەخشانە دوو ڕۆژ دەهاتە ئاگری پیرۆز و وانەی دەگۆتەوە. پەیتا پەیتا خانوو دروست کرانەوە و ئەو خەڵکانەی مابوون دەستیان بە ژیانی ئاسایی خۆیان کردەوە. دووکەڵی زۆپاکان لەسەر بانان بەرز بوویەوە. بە شێوەیەکی کاتی پردی شاهانمان بۆ پیادەڕێ گەیاندەوە یەک و گڵکۆی دێوانە شارناسمان بەڕازاوەترین شێوە دروست کردەوە، لە بەرامبەر مەزارگەی پیری چیادادیش بە دەستە ڕەنگینەکانی میردادی قوبادشێر پەیکەرێکمان بۆ گوڵچینی شێرەچیا دروست کرد وەکو سیمبۆڵی ئەنفال کراوان، لە ژێرەوەش نووسیبووی: "بێجگە لە چیایی بوون تاوانێکی ترم نەبوو". دوو نووسینگەمان لە هەردوو دەروازەی ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات دانان بۆ ناونووسین و تۆمارکردنی ئەو خەڵکانەی دێنە ئاگری پیرۆز. قەدەمخێری پیرۆزی کرایە سەرۆکی شارەوانی ئاگری پیرۆز. ئەگەر چی توانایەکان زۆر کەمبوون و هیچ پارەوپولێکی ئەوتۆشمان لەبەردەستدا نەبوو، بەڵام وردە وردە کارەکان ڕێکدەخران و مشووری خەڵک دەخورا.

لەبیرەوەری شەش مانگ تێپەڕبوون بەسەر لەسێدارەدانی نەهری ڕۆحسووک کۆبوونەوەیەکی گەورەمان ساز کرد. بۆ زیندووکردنەوەی ڕۆحی ئەو شەست بنەداری هەمەجۆرمان سازکردن و لەبناری چیای دایاندا لەهەڵمەتێکی شکۆمەندانەدا رواندنمان. لەوێ بڕیاردرا هەموو

سالێک بکرێتە نەریتێک و لەو بنارەدا شەست دار بۆ رۆحی شەهیدان بروێنرێت. لەپەنا قوتابخانەی سەرەتاییدا کە لەبەرامبەریەوە پارکێکمان دروست کردبوو، سەکۆیێک رازێنزایەوە بۆ ئاهەنگ و وتارخوێندنەوەی هاووڵاتییان. لەو رۆژەدا هاورێی حاجی ساڵح گەیشتە ئاگری پیرۆز و داوای پەنابەری کرد. بڕیاریدا ئیتر نەگەڕێتەوە دونیای گڵاوی شەڕکەران. هاووڵاتییان ئەوپەڕی بەختەوەری خۆیان راگەیاند.

گرووپی دوانزە و کۆمەڵێک لاوی تازە هاتوو بۆ ئاگری پیرۆز بەدەم وتنەوەی ئەو سروودەی لە گرتووخانە بۆ نەهري رۆحسووک گوترا، بەڕیز وەستان و هەموویان پێکەوە هەمان سروودیان دەگۆتەوە:



پیری چیاداد فێرت کردین
بەرز بفڕین
بەرز بفڕین

رۆحی ئێمە
رۆحی تۆیە
لە رۆحی تۆش ژیان وەردەگرین

تۆ نامری
تا چیا بژین

تا چیا بژین
ئێمەش دەژین
تا چیا بژین بەرز دەفڕین
بەرز دەفڕین

لە کۆچی تۆ ژین دروست دەکەین
لە ژینی تۆ
ژینێکی نوێ
بۆ سپێدەی داهاتوومان خورتتر دەکەین